٢٠ / /

**کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد  لە شەقلاوە**

**١٩٥٩ و ١٩٦٠**

# کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد
# لە شەقڵاوە
# ١٩٥٩ و ١٩٦٠

سەرباز مەجید خۆشناو

ئەیلوولی ٢٠١٨

لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی کەلەپووری خۆشناوەتی

٢

ناوی کتێب: کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە

نووسینی: سەرباز مەجید خۆشناو

دیزاینی بەرگ:   خەلیل هیدایەت مام شێخ

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نۆرەی چاپ : دووەم    ٢٠١٨

چاپخانە:  ڕۆژهەڵات- هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان، ژمارەی سپاردنی (٥١٨)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

مۆڵەتی نێونەتەوەیی ISBN

978-605-81954-4-8

هەموو مافێکی پارێزراوە

WWW.khhi.org

پێشکەشە :

* بە دایکم و باوکم .. دوو مامۆستای گەورەی ژیانم.

* بە کوڕو کچەکانم و بە دایکی منداڵەکانم.

* بە هەموو مامۆستایانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنم

**سوپاس و پێزانین**

سوپاس و پێزانینی بێ پایانم بۆ ئەم کەس و لایەنانە، کە هەر یەکەیان بە شێوەیەك هاوکارییان کردووم:

- سەربەست مەجید خۆشناو، سەرۆکی ئینستیتیوتی بەرد و گەوهەرەکان و خاوەنی مۆزەخانەی بەرد و گەوهەر لە هەولێر.
- کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سەلاحەددین، بەتایبەتی خاتوو (درەخشان ڕەحمان) لە بەشی گۆڤار و ڕۆژنامەکان.
- مۆزەخانەی وەزارەتی پەروەردە لە پارێزگای هەولێر، بەتایبەتی مامۆستا (ئیسماعیل بەرزنجی) ی بەڕێوەبەری مۆزەخانە.
- بنکەی ژین، بەتایبەتی مامۆستا (ڕەفیق سالح).
- فۆتۆ ڕەفیق لە سلێمانی.
- مامۆستا محەمەد حەسەن چایەچی
- مامۆستا عبدوڵلا زەنگەنە.
- هەموو ئەو بەڕێزانەی لە چاوپێکەوتنەکانماندا، بە زانیاریی زیاتر کۆمەکیان کردین، بەتایبەتی ئەندامانی کۆنگرە.

ناوەرۆك

پێشەکی ............................................................ ١٣

پێشەکیی چاپی یەکەم.................................................... ١٥

گوتەیەکی پێویست....................................................... ١٩

بەرچاوڕوونی ............................................................ ٢٥

بەشی یەکەم: کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە ............... ٢٩

١-١ پرسی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی ............. ٢٩

١-٢ کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە.......................... ٤٨

١-٢-١ چۆنیەتیی بەستنی کۆنگرە: ............................................ ٤٨

١-٢-٢ ناوی ئەندامان و میوانانی کۆنگرەی یەکەم ............................. ٥٠

١-٢-٣ دواخستنی کۆنگرە..................................................... ٥٩

١-٢-٤ کۆڕی ئەدەبی ........................................................ ٧١

١-٢-٥ دانیشتنەکانی کۆنگرە ................................................. ٨٥

١-٢-٥-١ ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە................................................ ٨٥

١-٢-٥-١-١ دانیشتنی یەکەم.................................................. ٨٥

١-٢-٥-١-٢ دانیشتنی دووەم ................................................. ١٢٢

١-٢-٥-٢ دانیشتنەکانی ڕۆژی دووەم ........................................ ١٤٩

١-٢-٥-٢-١ دانیشتنی یەکەم ................................................. ١٤٩

١-٢-٥-٢-٢ دانیشتنی دووەم.................................................. ١٥١

١-٢-٦برِيار و ڕاسپاردەكانى كۆنگرە ........................................ ١٦٤
١-٢-٦-١ ڕاسپاردەكانى ليژنەى زمان و ئەدەبى كوردى: ..................... ١٦٤
١-٢-٦-١-١ زوبان: ........................................................ ١٦٤
١-٢-٦-١-٢ ئەدەب ....................................................... ١٦٥
١-٢-٦-٢ ڕاسپاردە و برِيارەكانى ليژنەى ميژوو ............................ ١٦٦
١-٢-٦-٣ ڕاسپاردەكانى ليژنەى وەرگيڕان و بلاوكردنەوەو دانان: .......... ١٦٨
١-٢-٦-٣-١ ليژنەى وەرگيڕان .............................................. ١٦٨
١-٢-٦-٣-٢ ليژنەى دانان .................................................. ١٦٩
١-٢-٦-٣-٣ ليژنەى بلاو كردنەوە .......................................... ١٧١
١-٢-٦-٤ برِيار و ڕاسپاردەكانى ليژنەى پرۆگرام ........................... ١٧٢
١-٢-٦-٤-١ قۆناغى سەرەتايى ............................................. ١٧٢
١-٢-٦-٤-٢ قۆناغى پاش سەرەتايى: ...................................... ١٧٤
١-٢-٦-٤-٣ قۆناغى دايەنگەو باخچەى ساوايان ............................ ١٧٤
١-٢-٦-٥ ڕاسپاردەكانى ليژنەى چارەسەركردنى نەخويندەوارى ............ ١٧٥
١-٢-٦-٥-١ دەستەى بەرزى چاركردنى نەخويندەوارى ....................... ١٧٥
١-٢-٦-٥-٢ سەرژمير ......................................................... ١٧٦
١-٢-٦-٥-٣ پارە بۆ پرۆژەى لەناوبردنى نەخويندەوارى ...................... ١٧٧
١-٢-٦-٥-٤ كتيب و پرۆگرام ............................................... ١٧٧
١-٢-٦-٥-٥ ناوەندەكانى لەناوبردنى نەخويندەوارى ......................... ١٧٨

**١-٢-٦-٥-٦ وەرز و خولی لەناوبردنی نەخوێندەواری** ........................ ١٧٩
**١-٢-٦-٦ لێژنەی بەڕێوەبردن** ........................................ ١٨١
**١-٢-٧ کۆتایی هێنان بە کۆنگرە** ........................................ ١٨٥
**١-٣ هەنگاوەکانی دوای کۆنگرە** ........................................ ١٨٩
**بەشی دووەم** ........................................................ ٢٢١
**٢-١ سەرەتا** ........................................................ ٢٢١
**٢-٢ ژمارە و ناوی ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرە** ........................ ٢٢٣
**٢-٣دانیشتنەکانی کۆنگرە** ........................................ ٢٣٥
**٢-٣-١ دانیشتنەکانی ڕۆژی یەکەم** ........................................ ٢٣٥
**٢-٣-١-١ کردنەوەی کۆنگرە** ........................................ ٢٣٥
**٢-٣-١-٢ دانیشتنی دووەم** ........................................ ٢٩٥
**٢-٣-٢ دانیشتنەکانی ڕۆژی دووەمی کۆنگرە** ........................................ ٣٤٤
**٢-٣-٤ ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی لە شەوی دووەمدا** ........................ ٣٩٨
**٢-٣-٥ ڕۆژی سێیەمی کۆنگرە: بڕیار و ڕاسپاردەی لێژنەکان** ........................ ٤٠٠
**٢-٣-٥-١ لێژنەی وەرگێڕان و دانان و بڵاوکردنەوە** ........................ ٤٠٠
**لێژنەکان:** ........................................................ ٤٠١
**٢-٣-٥-١-١ لێژنەی وەرگێڕان:** ........................................ ٤٠١
**٢-٣-٥-١-٢ لێژنەی بڵاوکردنەوە** ........................................ ٤٠٢
**٢-٣-٥-١-٣ لێژنەی دانان** ........................................ ٤٠٣

٢-٣-٥-٢ لێژنەی زمان ........................................................ ٤٠٥
٢-٣-٥-٣ لێژنەی هونەر و زیندووکردنەوەی کەلەپووری میللی ............ ٤٠٦
٢-٣-٥-٤ لێژنەی خوێندنی بەرز و ناردندنە دەرەوە........................ ٤١٦
٢-٣-٥-٥ لێژنەی بەرنامە و پەڕاو............................................ ٤١٩
٢-٣-٥-٦ لێژنەی مێژوو......................................................... ٤٢٥
٢-٣-٥-٧ لێژنەی بەڕێوەبردن................................................. ٤٢٩
٢-٣-٥-٨ لێژنەی وێژە ........................................................... ٤٣٣
٢-٣-٥-٩ لێژنەی قوتابخانەکان ............................................... ٤٣٨
٢-٣-٥-١٠ لێژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری.............................. ٤٤٣
٢-٣-٦ ئەو بروسکانەی کۆنگرە ناردوویەتی ................................ ٤٤٩
بەشی سێیەم......................................................................... ٤٦١
بابەتەکان............................................................................ ٤٦١
٣-١ ئەو بابەتانەی بەر لە کۆنگرەی یەکەم نووسراون : .................... ٤٦١
٣-١-١ پرسی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاریی کوردستان ................ ٤٦١
٣-١- ٢ خوێندن .......................................................................... ٥٠٢
٣-٢ ئەو بابەتانەی دوای کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان بلاوکراونەتەوە.... ٥٠٦
٣ – ٢ -١ پرسی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی...... ٥٠٦
٣ – ٢ – ٢ دەربارەی خوێندن بە زمانی کوردی................................. ٥٣٥
٣ – ٢ – ٣ دەربارەی زمانی یەکگرتوو ............................................. ٥٥٩

**٣ – ٢ – ٤ کۆڕی زانیاری بۆ زمانی کوردی ........................................ ٦٢٣**

**بەشی چوارەم ................................................................ ٦٤٥**

**٤ – ١ کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی کورد ........................................ ٦٤٥**

**٤ – ٢ کۆنگرەی قوتابییانی کورد لە شەقلاوە ........................................ ٦٦٤**

**٤ – ٣ کۆڕی یەکەمی لێکۆڵینەوەی کتێبی کوردی قوتابخانەکان ............ ٦٧٥**

**٤-٣-١ بەستنی کۆڕ................................................................ ٦٧٨**

**٤-٣-٢ دانیشتنەکانی کۆڕ ........................................................ ٦٧٩**

**٤-٣-٢-١ ڕۆژی یەکەم................................................................ ٦٧٩**

**٤-٣-٢-١-١ دانیشتنی یەکەم........................................................ ٦٧٩**

**٤-٣-٢-١-٢ دانیشتنی دووەم ........................................................ ٦٨٢**

**٤-٣-٢-٢ ڕۆژی دووەم ................................................................ ٦٨٣**

**٤-٣-٢-٢-١ دانیشتنی یەکەم ........................................................ ٦٨٣**

**٤-٣-٢-٢-٢ دانیشتنی دووەم........................................................ ٦٨٥**

**٤-٣-٢-٣ ڕۆژی سێیەم ................................................................ ٦٨٦**

**٤-٣-٢-٣-١ دانیشتنی یەکەم ........................................................ ٦٨٦**

**٤-٣-٢-٣-٢ دانیشتنی دووەم........................................................ ٦٨٦**

**٤-٣-٣ ئە نجامەکانی کۆڕ........................................................ ٦٨٧**

**سەرچاوەکان ................................................................ ٦٩٠**

**چاو پێکەوتنەکان : ........................................................ ٧٠٢**

# پێشەکی

ئەگەرچـــی چـــاپی یەکـــەمی ئـــەم کتێبـــە لـــە بنەڕەتـــدا، ئـــەوەی لێچاوەڕواندەکرا، کە چاپی دووەم بەدوای خۆیدا دێنێت، چونکە بانگەوازێکی تێدا بڵاوکراوەتەوە و داوا لە خوێنەرانی دەکات، بە وێنـە و زانیـاریی زیـاتر کۆمەك بکرێت، بەتایبەتی ئەنـدامانی کـۆنگرە، ئەوانـەی لەژیانـدا مـاون، یـان خانەوادە و هاوڕێ و قوتابیی ئەو مامۆستایانەی شتێکیان لا دەستدەکەوێت. ئەوەی چاوەڕوان نەکراوبوو چاپی یەکەم لەبـەر دەرنەچـوونی زیـاتر لـە (٥٠) وێنــە و بەڵگەنامــە، ئــەو ئامانجــەی نــەپێکا و نــەمانتوانی کتێبەکــە بــەم کەموکورتییەوە بخەینە بەردیدی خوێنــەران، تــەنها چــەند کەسـێکی تایبـەت نــەبێت، کــە ئومێــدی دەوڵەمەنــدکردنی کتێبەکــەیان لێــدەکرا. ئێســتا کــە کتێبەکە، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دووبارە دەکرێتــەوە، ئومێـدەوارین چـاپی سێهەم بەدوای خۆیدا بێنێت، چونکە دڵنیاین کە هێشتا بەڵگەنامـە و زانیـاری و وێنــەی زیـاتر مـاون و ئێمـە دەسـتمان پــێ نەگەیشـتوون، بـەو هیوایـەی خوێنەران لە دەوڵەمەندکردنی ئەم بەرهەمە خەمخۆری بنوێنن.

ئەوەی جێی خۆشحاڵییە لەم نۆرە چاپەدا، سـەرەڕای دەرکەوتنـەوەی وێنە و بەڵگەنامەکان، چەند زانیارییەکی زیـاتری تێـدا تۆمـارکراوە، کـە دوای چـاپی یەکـەم بەدەسـتمان گەیشـتن، ئەمـەش زیندوویـەتی ئـەو مێـژووە پـڕ سەروەرییە لە خـەباتی مامۆسـتایانی کـورد دەردەخـات، کـە ئێمـە لـەپێناو تۆمارکردنەوەیـدا ڕەنجمانـداوە. لـە پاشکۆشـدا، ئـەلبوومێکمان بـۆ وێنـەی هەندێك لـە ئەنـدامانی کۆنگرەکـان دانـاوە، بـەو هیوایـەی وێنـە و ژیاننامـەی تەواوی ئەندامانمان بەدەستبگات، بۆ ئـەوەی لـە داهـاتوودا شـوێنی شـیاوی خۆیان پێبدرێت.

## پێشەکیی چاپی یەکەم

هەرچـــەندە ماوەیـــەکی زۆر بەســـەر بەســـتنی هـــەردوو کـــۆنگرە ناوخۆییەکـەی مامۆسـتایانی کـوردداا تێپـەڕیوە و ئـەمڕۆش ڕەوشـی زمـان و خوێنـــدن و تێگەیشـــتن و کـــارکردن لەســـەر ســـامانی کەلـــەپووری کـــورد گۆڕانکارییـەکی زۆری بەسـەردا هـاتووە، بـەڵام لـە ڕۆژگارێکـدا زیندوویـەتی هەســـت و هەســـتکردن بـــە بەرپرســـیاریەتیی نەتەوایـــەتی و کـــارکردن لـــە دەرفەتێکی ڕامیاریی هەستیاردا، چەندین مامۆستا و ڕووناکبیر و وێـژەوان و سیاســەتمەداری کــوردی پارچــەکانی کوردســتانی گــەورەی لــە شــەقڵاوەدا کۆکردۆتـەوە، وەك ئـەرکێکی پـیرۆزی نەتەوایـەتی، بوێرانـە لـە دەرفـەتێکی کورتــدا، بناغەیــەکی پتــەویان بــۆ هــەنگاونانی نــەوەکانی دوای خۆیــان دروسـتکرد، کەچـی بـەراورد بـە گـەورەیی ئـەم هـەنگاوە مێژووییـە، کـارێکی ئـەوتۆ بـۆ بەزینـدوو هێشـتنەوەی نـەکراوە و گـەورەیی بایـەخی ئـەو دوو کۆنگرەیــەش، وەك پێویســت، بــۆ زۆربــەی خوێنــدەوارانی ئــەمڕۆی کــورد نەگوازراوەتــەوە. لــە ســەرو بەنــدی بەســتنی کۆنگرەکــان، وەك ئــەرکێکی ڕۆژنامەوانی، چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی و عەرەبی، بەشێك لە چالاکی و پڕۆگـــرام و بڕیـــار و ڕاســـپاردەکانی کۆنگرەکانیـــان تۆمـــارکردووە، لقـــی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایانیش لە کاتی خۆیدا چەندین وتار و برووسکەی لـــە پـــاڵ بڕیـــار و ڕاســـپاردەکان، لـــە تـــوێی دوو نامیلکـــەی جیـــاوازدا بڵاوکردوونەتەوە، کە تایبەتن بە کۆنگرەی یەکـەم و کـۆنگرەی دووەم، بـەڵام

جگـە لـەوەی زیـاتر لـە نیـو سـەدە بەسـەر بلاْوبوونەوەیانـدا تێپـەڕیوە، ژمارەیـەکی کـەمییان لێ مـاون، مەگـەر لـە کتێبخانـەی چـەند مامۆسـتاو ڕووناکبیرێکی کوردەوە هەڵگیرابن.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

هەوڵماندراوە لەنێو ئـەو گۆڤـار و ڕۆژنامانـەی، کـە لـە مـاوەی بەسـتنی کۆنگرەکانـدا هەواڵـەکانیان بلاْوکردۆتـەوە و زانیارییـەکانیان تۆمـارکردوون، ڕیزبەندییـەك بـۆ بەرنامـەی کـار و چـالاکییەکان، یەکبخەینـەوەو هێنـدەی دەسـتمان پێگەیشـتبێ، بابـەت و ڕووداوەکـان بخەینـەوە شـوێنی خۆیـان، ئەوەی لە نووسراوەکانیشدا چنگمان نەکەوتبێ، لە کاتی چاوپێکەوتن لە گەڵ هەندێك لە بەشداربووانی هەردوو کۆنگرەکە، وەلاْمێکمان وەرگرتـووەو لەگـەڵ زنجـیرەی ڕووداوەکـان تێکهەڵکێشـمان کـردووە، سـوودمان لـەو وێنانـەش وەرگرتـووە، کـە ڕووداوەکانیـان بەرجەسـتەکردووە. ئەمـەش بـە ئامـانجی زیندووکردنەوەی ئـەو چـالاکییە مێـژووی و پڕبایەخـە، هەرچـەندە هەنـدێك شوێن بە بەتاڵی ماونەتەوە، بەهیوایین خوێنەران هاوکارمان بن لـە چـاپەکانی داهاتوودا پڕیان بکەینەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەیـەکی تیـۆریی مێـژوویی وەسـفی یـە، لـە تۆمـارکردنی ڕیزبەنـدیی ڕووداوەکاندا، پشتمان بە لایەنی مێژوویی بەستووە.

## سنووری توێژینەوەکە:

بە شێوەیەکی سەرەکی، ئەو کاروچالاکییانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە کۆنگرەکانی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، لە چەندین ڕووەوە، فراوانیی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام چوارچێوەیەك کۆیان دەکاتەوە، کە ڕەوشی پەروەردە و خوێندنی کوردییە.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

نابێ ڕەوشی سیاسی و ئابووری و نەهامەتی و ئاوارەیی گەلەکەمان و دڕندەیی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لەبەرچاو نەگرین، کە هۆکارێکی گەورەی لەناوچوونی ئەرشیفی یادەوەری و وێنە و بیری زۆرێك لە مامۆستاو ئەندامانی هەردوو کۆنگرەکە بووە، بەداخەوە ئەم هەوڵەی ئێمەش زۆر درەنگ وەختە و زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە لە ژیاندا نەماون و ئەوانەی ماویشن پیربوونە و زۆرێك لەو بیرەوەریانەیان لە زەیندا ڕەشبوونەتەوە.

## پرۆگرامی توێژینەوەکە:

ناوەرۆکی توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و بەرچاو ڕوونی، لە چوار بەش، پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە بڕگەو بابەتەکانی ئامادەکاری و بەستنی کۆنگرەی یەکەم، بەشی دووەم تایبەتە بە بڕگەو بابەتەکانی کۆنگرەی دووەم، بەشی سێیەم تایبەتە بەو نووسینانەی کە لەژێر کاریگەریی ئەو دەسکەوتانە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی و هەردوو کۆنگرەناوخۆییەکەی مامۆستایانی کورد) نووسراون و لە گۆڤار و

ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەدا بڵاوکراونەتەوە، بەشی چوارەم تایبەتە بە هەوڵەکانی بەستنی کۆنگرەی ناوخۆیی قوتابیانی کورد لە شەقڵاوە و هەوڵی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی کورد و بەستنی کۆڕی یەکەمی لێکۆڵینەوەی کتێبی کوردی قوتابخانەکان، کە لە تەمووزی ١٩٧٣ دا، لە شەقڵاوە بەسترا.

## بایەخی توێژینەوەکە:

لەڕووی مێژووییەوە، خزمەتێکی زۆری بزاوتی خوێندن و خوێندەواریی کوردی دەکات و دەکرێ لە چەندین بواردا، بڕیار و ڕاسپاردەکان، وەك بناغەیەکی پتەو، کاری بونیادنانەوەی لەسەر بکرێت.. چونکە بەرهەمی بیری سەدان مامۆستای شارەزا و نووسەر و شاعیر و بیرمەندی کوردن. لەلایەکی دیکە زۆرترین نووسینی تێدا کۆکراونەتەوە، کە پەرش و بڵاو و تاڕادەیەك دوورەدەست بوون، پێمانوایە بڵاوکردنەوەیان، لەزۆر بواردا، ڕۆشناییەکی زیاتر دەخاتە سەر خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ڕۆژانە و خاڵی لاواز و بەهێزیان دەردەخات.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێین کە هەوڵمانداوە وتار و نووسینەکان بە ڕەنووسی ئێستا و بۆ خوێنەری ئێستا بنووسینەوە. هیوادارین ئەم هەوڵەمان شوێنێکی شیاو لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێت و خوێنەران و بیرمەندان و شارەزایان، بە تێبینی و سەرنج و زانیاریی زیاتر کۆمەکمان بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بوو لە چاپی داهاتوودا، لەبەرچاویان بگرین.

## گوتەیەکی پێویست

محەمەد ساڵح سەعید

پێش ئەوەی وشەیەك لە بیرەوەرییەکانم بنووسمەوە[1]، وەك پێشـەکییەك بۆ ئەم کتێبە بەنرخ و نازدارە، دەبێت سـوپاس و پیرۆزبـایی لـە بـرای بـەڕێز (سەرباز مەجید خۆشناو) بکەم، کە بە هەوڵ و ماندووبوونی دڵسۆزانەی خۆی توانیویەتی گەلێك لە زانیاریی ڕووداوەکانی هەردوو (کۆنگرەی مامۆسـتایانی کـــورد) لـــە شـــەقڵاوە بدۆزێتـــەوە و کۆبکاتـــەوە و ڕێکیانبخـــات و وەك دیکـۆمێنتێکی پـڕ بـەها لـە کتێبێکـی قەشـەنگدا بیڕازێنێتـەوە و بیکاتـە دیارییەکی ناوێزە و پێشکەشی نەتەوەکەمانی بکاتەوە.

دیارە بەوەدا، کە سێجار لە شەقڵاوەوە هاتووە بۆ سلێمانی بۆ لای من و هەرجارە، لەخۆبوردە، ماوەی سێ کاژێر مانەوەی بۆ بەدواداچوون و پرسیار و وەرگرتنی زانیاریی و ڕاستکردنەوەیان، پاکژکردنەوەی گوتراوەکان و گەڕان بەدوای ئەو کەسایەتییە زیندووانەی ئێستا لـە ژیانـدان، لـە شـوێنە جیـاواز و

[1] مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید، بابەتی ئـەم پێشـەکییەی وەك تۆمـاری بیرەوەرییـەکانی، لـە (٤١) لاپەڕەی (A4) دا نووسیوەتەوە، کە هەر وشەیەکی لە دانەیەکی گەوهەر بەهادارترە، ئێمە هەوڵماندا، وەك گوتەی کەسێك کە کارەکتەرێکی کارا و بە بزاوت و ڕاپەڕێنەر و شـایەدحاڵی ئـەو ڕۆژانە، هێندەی وەك پێشەکی جێی ببێتەوە، تۆماری بکەین و ئـەوەی پەیوەنـدیی بـە ڕووداوی کۆنگرەکانەوە هەبووە، لە شوێنی پێویست بۆ دەوڵەمەندکردن و ڕێکخستنەوەی قەفی زنجیرەی ڕووداوەکـان سـوودمان لێ وەرگـرتن و ئـەوەیش کـە پەیوەنـدیی بـە دەرەوەی بابـەتی کتێبەکـە هەبوو، بە ئەمانەتەوە دەیپارێزین و لە دەرفەتی دیکەدا سـوودێکی زۆریـان دەبێـت. بەتایبـەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان و گۆڤاری (بڵێسە)ەوە هەبوو.

پارێزگاكانی كوردستاندا، ئەوە هێمایەكی ئاشكرایە بۆ گیانی بەرخودانی ئـەم بـرا دڵسـۆزەمان، كـە دەیـەوێت لاپەڕەیـەكی زێـڕین لـە خـەباتی پڕشـكۆی مامۆسـتایان لەفـەوتان و پێنـەزانیی، ئاشـكرابكاتەوە و دووبـارە بیدرەوشێنێتەوە.

منیش بەلای خۆمـەوە، هـەر بـەو پـەرۆش، گوڕوتینـە چالاكەی ئەوسـای خۆم و ئێستای ئەوەوە، كورتـەی زانیـاریی و ڕووداوەكـانم لەڕێگـەی هەنـدێك نموونـەی ڕاسـتییەكانم لـە پـاكی و دڵسـۆزییە نەگۆڕەكـەی تەمەنمـەوە بـۆ ئاشكراكرد وهەوڵمدا زانیارییە پوخت و بایەخدارە ڕاستە جوانەكان لەفـەوتان ڕزگاربكەم. ئەوەی ئەو پـەی پێنـەبردووە و نەیدۆزیوەتـەوە، بـۆی بخەمـەوە سـەر شـارای ئـەو مێـژووی كـورد پـەروەریی، زانسـتخوازیی و مرۆڤدۆسـتییە پاكژەی ئەو سەردەمە كورتـە چـوار سـاڵییەی شۆڕشـی چواردەی تـەمووزی ئەفسـەرانی ئـازادی عێـراق، بـە كـورد و عەرەبـەوە، بـە سـەرۆكایەتیی عەبدولكـەریم قاسـم و پشـتگیریی ڕاپـەڕینی مـەزنی گـەل و پێشـەنگایەتیی دیموكراتخواز و ئازادیپەروەرانی بە هەڵمـەت و چەسـپاندنی كۆمـارێكی گـەلیی پێشكەوتە و ناوازەی شۆڕشگێڕی سەرەتا پاك و بێگەرد.

ئـەو ڕاسـپاردە و پێشـنیازە (پـەروەردەیی، نەتـەوەیی، زانسـتخوازیی، زمـانی و ژیارییانـە) ی لـەو دوو كۆنگرەیـەدا بـۆ كۆمـەڵ و هاوكارییـەكی بـێ وێنـەی مامۆسـتایان و زانـا و ڕۆشـنبیرانی ئـەو سـەردەمەی ئەوسـامان، هاریكارییەكی دەگمەنی نەتەوەیی بە كۆمەكی ئەوتۆ بوو، كە كلپەی بلێسەی

کردەی، بە کوردیی خوێندنی، وەك شۆڕشێك داخزاندە هەناوی سەردەمێکی نوێ و بە شێوازێکی گشتگیر و ڕەسەن، بیری کوردایەتی و زمانی کوردیی بۆ جارێکی تری بنەڕەتی گەشە پێ سەندەوە و کۆ دەنگیمانی چەسپاندەوە.

ئەو هەوڵ و بڕیارە کرداریيانە، شانازییەکی پڕ پیرۆزیی بۆ خەبات و بەرخودانی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کوردستان بە نەمریی بۆ هەمیشە تۆمار کرد و هێشتییەوە.

ئێمە دەمێك بوو بۆ ڕۆژێکی وەها خەباتی بێ وچانمان بۆ بەجێهێنانی ئاوات و ئامانجی گەل و خاکمان دەکرد، بیروباوەڕی شۆڕشگێڕیمان بە کار و کرداری بەجێهێنانییەوە دەبەستەوە و هەوڵی شەو و ڕۆژیمان بۆ بەدیهێنانیان دەدا. بەبێ سڵکردنەوە لە مەترسیی لەناوچوونیشمان، بەو پەڕی جۆشەوە خۆمان دەڕەتاند.

ئێمە هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشەوە زۆر بەگەرمی و دەتوانم بڵێم پتر لەپێویست خۆمانمان پێوە نووساندبوو. هیوای گەورەمان پێی هەبوو، لەپێناو پاراستنی، خۆمان بەخت دەکرد. هێشتا مانگێك تێنەپەڕی بوو، کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لە هۆڵی (قوتابخانەی ناوەندیی غازی) بۆ مامۆستایانی هەڵبژاردە و شارەزا ڕێکخست، کە پتر لە سەد مامۆستای ناو شار و دەرەوە، بەتایبەتی هەڵەبجە، قەرەداغ، پێنجوین و شوێنی تریش بۆ داواکاریی پیشەیی و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی، زانست و زانیاری و خوێندنی کوردیی، زانکۆیی و دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی گشتیی ــ مەعاریفی

کوردستان ـ که دواتر بوو به (خوێندنی کوردی). لەسەر داوای حیزبی (لە بەغداد) من هەڵبژێردرام و بۆ ئەو مەبەستە چووم بۆ بەغداد، دوای ناسینی مامۆستایان (ڕەشید کۆیی، عزیز الشیخ، د.صفا حافز، متی الشیخ[1] ) زانیارییان لەسەر هەوڵی دروستکردن و دامەزراندنی (نەقابەی مامۆستایانی عێراق) دامێ، کە لەهەموو پارێزگاکانیش لقیان دەبێ. هەڵبژاردنی مامۆستای نەمر (ڕەفیق حلمی) و چوونم بۆلای بەڕێزی و د.صدیق ئەترووشی کە لە ژوورێکی وەزارەتبوون (وەزارەتی مەعاریف) بۆ نووسین و واژۆکردنی و پێشکەشکردنی داوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکە بۆ ئەوەی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردستانی عێراق، بتوانێت تایبەتی و جیا و سەربەخۆ ڕاپەڕێنەربێت. وەك لەوێ زانیم دەبوایە مامۆستا (موسا خەلیل) یش لە هەولێرەوە بهاتایە، بەلاّم نەگەیشت. داواکارییەکە نووسرا و واژۆمانکرد و بە تایپ چاپکرا و درا بە (م. عزیز الشیخ) کە ئەو خۆی پێشکەشی بکات و هەوڵی جێبەجێکردنی بدات، بەڕاستیی ئەوە کارێکی نوێ و مێژوویی بوو بۆ هەموومان. بەڕاستی دەبێت ئەوە بڵێم من ئەو کارەم بۆ خۆم بە (مەدالیایەکی شەرەفمەند) دانا، کە من لاوێك لەگەڵ کەسایەتییەکی گەورە و دڵسۆزی مێژوونووس، بەهۆی حیزبایەتییەکەو خەباتی پیرۆزی قوربانیدانمەوە ئەو کارە نەتەوەییە ئەنجام بدەم. لەگەڵ توانا و بەرگەگرتن و کارامەیی (یازدە ساڵ) کۆششی نەهێنیی و خۆ شاردنەوە و خۆ

---

[1] دوای کودەتا شوومەکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ ، لە ١٤ شوبات/١٩٦٣ شەهید کرا.

تەرخانکردنی شەو و ڕۆژیی و بەرگریی لە مافی ئازادی و نەتەوەیی، بەبێ پشوودان و هیچ جۆرە بەرژەوەندیی کەسی، یان تایبەتی، بێگومان کەموێنە و دەگمەن بوون .

لەماوەی سێ مانگدا ئەنجومەنی وەزیران، بە هەوڵ و کۆششی گەرموگوڕی هەمووان و هەڵوێستی جوانی بەرپرسانی شۆڕش، لەو کەفوکوڵە هەڵچوونییەدا، بڕیاری دروستبوون و دامەزراندنی (نەقابەی مامۆستایانی عێراق)ی دەر کرد و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێمەش لە ئەیلوولی ١٩٥٨دا، واتە لە دوو مانگدا، بیرخەرەوەی داواکاریی کوردمان بە تایبەتی دامەزراندنی(بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی کوردی)مان پێشکەشکرد، کە مەبەست لە (کەرکووك و موسڵ ودیاله و خانەقین و کوت) بوو، کە بچنە ناو کایەی خوێندنی کوردییەوە (کە هەتا ئێستاش ڕەگەزپەرستانی عەرەب و تورانیی ڕێگری لە تەواو جێبەجێکردنی دەکەن و کۆسپی لەبەردەمدا دروست دەکەن، ئەوە بێجگە لە جیاکاریی ئایین و ئایینزا، کە دژایەتی دەخاتە نێوانەوە).

ئەوەی پێویستە بوترێ، هەڵوێستی دوکتۆر فەیسەڵ سامری نەقیب و دوای ئەو، مامۆستا نەجیب محێدین، کە کرایە نەقیبی مامۆستایان و هەریەك لە د.سەفا حافیز: سکرتێری نەقابە و عزیز الشیخ جێگری یەکەمی نەقیب و شەهید مەتی شێخ، کە بەرپرسی ژمێریاری گشتی بوو، هەرسێکیان دەتوانم بڵێم وەك خۆمان کاری ئێمەی کوردستانیان ڕادەپەڕاند.

ئێمـە هـەوڵی تـری ئاڕاسـتەکراومان دا، کـە ئێسـتا لێـی ورد دەبمـەوە، جێگای سەرنجە بۆ زیرەکی و پەرۆشی گەڕان بەدوای بابەتە بایەخدارەکانـدا، بۆ نموونە: لەگەڵ بەڕێوەبەرێتییە گشـتییەکە، داوای زانکـۆی کوردسـتانمان دەکرد، پێش ئەوە وەك داوایەکی خێرا، داوای کردنەوەی بەشی کوردیمان لە (کلیە الاداب) کرد، بڕیاردرا و لە پێشدا (چـل) قوتـابی دانرابـوو وەر بگیرێت، بە هەوڵی نەقابە کرا بە (نەوەد) قوتابی، ئەمەو زۆر هەوڵی دیکەی پڕبایـەخ و بەرهەمدار، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، جێی شانازی پێوەکردنن.

دوا وشەم سەری نەوازش بـۆ مامۆسـتا شـەهیدەکان و گشـت شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان و پێشـمەرگە شـەهید و گیانبازەکـان و کەسـوکاریان دا دەنەوێنم.

سەرکەوتن هەر بۆ کورد و کوردستان!

دڵسۆزی هەمووتان

م.ص.س

٢٠ /٢٠١٦/١٠

## بەرچاوڕوونی

شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بە ڕابەرایەتیی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم، لە عێراقدا، کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی هێنا و ئاسۆیەکی تازەی لەبەردەم عێراقییەکاندا کردەوە، دەرفەتی زۆر دەستکەوتی بۆ گەلانی عێراق ڕەخساند، گەلی کوردیش هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە، پێگەیەکی گەورەی لە دەستووری کاتیی کۆماری عێراق بۆ دانرا، کە خۆی لە مادەی (٣) سێدا دەدۆزێتەوە، لە ماددەکەدا هاتووە: ((عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا برا بەشن))[١]. لەبەر ڕۆشنایی ئەم هاوبەشییەدا، ڕۆشنبیرانی کورد کەوتنە هەوڵی بەدیهێنانی ئاواتی چەندین ساڵەیان، کە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوودا، بەبێ بایەخی گیریان خواردبوو، لەوانەش: بواری خوێندن[٢] و زانیاری و ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی.

پرسی بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی کوردستان هاتە گۆڕێ و لە چەندین لاوە کاری بۆکرا، تا لە کۆنگرەی یەکەمی نەقابەی مامۆستایانی عێراق لە سەرەتای شوباتی ساڵی ١٩٥٩ پەسەندکرا.

---

[١] سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، گۆڤاری هەتاو، بەرگی پێنجەم، بەشی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای موکریانی، چاپخانەی باز، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٦٦٨.

[٢] لە سەردەمی پاشایەتیش، تا ڕادەیەك دەرفەتی خوێندنی کوردی هەبووە.

لەلایەکی دیکە، شۆڕش بڕیاری ئازادکردنی هەموو زیندانییـە سیاسـیەکانی دەرکرد و چەندین ڕۆڵەی کورد لە زیندانەکان هاتنەدەر. بە سـوود وەرگـرتن لەو هەلە، لە ١٩٥٨/٨/٢١ مەلامستەفای بارزانی لە مۆسکۆوە، چووە ڕۆمانیا و لە ڕێی باڵوێزخانـەی کۆمـاری عـەرەبیی یـەکگرتوو (میسـر) برووسـکەیەکی پیرۆزبایی بۆ عەبدولکەریم قاسم نـارد، تیایـدا داوای ئاسـانکاریی گەڕانـەوەی خۆیـانی کردبـوو بـۆ عێـراق[1]، عەبدولکـەریم قاسـم بـەو پـەڕی ڕێـز و شـکۆوە پێشوازیی لە داواکە و دواتر لە بارزانی و گەڕانەوەی بارزانیـەکان کـرد[2]. دوای گەڕانەوەشـییان، بـە فـەرمی مۆڵـەتی کـاردکردن بـە پـارتی دیمـوکراتی یەکگرتووی کوردستان درا و مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەی (خەبات)[3] یشی پێ درا، کە زمانحاڵی پارتی بوو.

---

[1] بۆ زایاریی زیاتر، بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، بەرگی دووەم (١٩٥٨–١٩٦١)، ل٤٧.

[2] دەقی وەڵامەکەی عەبدولکەریم قاسم بریتییە لە : بەشادییەوە برووسـکەی ئێوەمـان وەرگـرت، ئێمــە هــەموومان بــەخێرهاتنی گەڕانــەوەتان دەکــەین بــۆ عێراقــی خۆشەویســت. هــەموو پێویستییەکمان بەجێ هێنـاوە بـۆ دەرچـوونی بووردنتـان و ئاسـانکردنی گەڕانـەوەی خۆتـان و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی و ئـەو هاونیشـتمانییانەی لەگەڵتانـدان، سـەر لـەباڵوێزی عـەرەبیی یەکگرتوو بدەن لە پراگ – چیکۆسلۆڤاکیا– بۆ سـازکردنی گەڕانـەوەتان. سەرچـاوەی پێشـوو، ل٤٩.

[3] یەکەم ژمارەی لە ٤ی نیسانی سـاڵی ١٩٥٩ دەرچـووە، ڕۆژنامەیـەکی سیاسـیی ڕۆژانـە بـووە، خاوەن ئیمتیاز و سەرەك نووسین (ئیبراهیم ئەحمەد محامی) بووە و بە هەردوو زمانی کـوردی و عەرەبی دەرچووە.

یەکێك لە هەوڵەکانی شۆڕش بۆ بە دیموکراتیکردنی کاری ڕێکخراوەیی، زەمینەخۆشکردن بوو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بۆ ئەوەی لە سەندیکای تایبەت بە خۆیان، خۆیان ڕێکبخەن و ببنە نوێنەر و پارێزەری مافەکانیان. لە هەموو ئەو سەندیکایانەی لەسەر ئاستی عێراق پێك هێنران، نوێنەرانی کوردیش بەشدارییان تێداکردووە و دواتر لق و بارەگاشیان لە شار و شارۆچکەکاندا کردۆتەوە. ئەوەی پەیوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، سەندیکای مامۆستایانی عێراقە[1]. هەروەها ڕۆڵی ئەو سەندیکایە، لە دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد. یەکێك لە هەنگاوە مێژووییەکانی سەندیکای مامۆستایانی ناوەند، پەسەندکردنی ئەو پێشنیازەی نوێنەرانی (بەصرە) بوو، کە داوای بەستنی کۆنگرەیەکی ناوخۆییانکرد بۆ مامۆستایانی کورد، بۆ ئەوەی بەرنامە و کاروبارەکانی خۆیانی تێدا تاوتوێ بکەن و بڕیار لەسەر ڕەوشی خوێندن و ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیی خۆیان بدەن[2]. هەروەك باس لە کاریگەریی ڕۆشنبیران و نووسەران و خەڵکی خوێندەوار و کاسبکار و

---

[1] لە سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دامەزراندنی نەقابەی مامۆستایانی عێراق دا، کە بارەگای سەرەکیی لە بەغداد بێت و مافی ئەوەی هەبێت لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکانیش لق بۆ خۆی بکاتەوە. محەممەد صالح سەعید، چاوپێکەوتن، ٢٠١٤/١١/٢٠.

[2] مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید، ناوی ئەو مامۆستایەی بەصرەی لە مامۆستا محەمەد عەلی مەحمود وەرگرتبوو، کە پێشنیازەکەی کردبوو، ئێمەش بۆ مێژوو ئەو هەڵوێستە بەرزەی تۆماردەکەین. مامۆستاکە ناوی (عادل عبدالله) بووە. چاوپێکەوتن: محەمەد ساڵح سەعید، سلێمانی، ٢٩/ ٧/ ٢٠١٨.

ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردستانیەکان دەکەین، لە بەگەرمی هێشتنەوەی پرسی ئەو داواکارییانەی گەلی کورد، لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی و جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی هەردوو کۆنگرە ناوخۆییەکەی مامۆستایان، کە لە شەقلاوە بەستران.

خوێنەر دەتوانێ لەنێو ئەو هەموو نووسین و وتارانە و بەراوردکرنی بۆچوونەکاندا، خوێندنەوە و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەبێ. ئێمە نەمانویستووە تیشك بخەینە سەر گۆشەنیگای تایبەتیی خۆمان، چونکە لەم هەنگاوەدا، مەبەستمان تۆمارکردنەوەی برگەو بابەتەکان بووە، نەك هەڵسەنگاندیان.

## بەشی یەکەم: کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە

### ١-١  پرسی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی

هەروەك  پێشتر ئاماژەمان پێکرد، مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد وەك ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوایەتی، کەوتنە هەوڵی زەمینەسازی بۆ ڕێکخستنی کاروباری خوێندەواری و زانیاری و مێژوو و ئەدەبی نەتەوایەتی.

دەبینین هێشتا دوومانگ بەسەر شۆڕشدا تێ نەپەڕیوە کە (مامۆستا ڕەفیق حلمی و مامۆستا سەدیق ئەتروشی و مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید) یاداشتنامەیەکیان داوەتە بەڕێز دکتۆر  (جابر عومەر[1]) وەزیری مەعاریف لە بابەت کاروباری زمانی کوردی و مێژوو و ئەدەبی کورد.[2]

---

[1] یەکەم وەزیری مەعارف بووە لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، لە ١٩٥٨/٩/٣٠، بە مەرسوومێکی کۆماری، لە پۆستەکەی بەخشرا .

[2] بڕوانە ڕۆژنامەی ژین، هەفتەی دووجار لە سلێمانی دەردەچێت،  ژ١٤٠٨  ی ١٩٥٨/٩/١١ ، لا ١. سەبارەت بەم کارە، لە چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید، فەرمووی (لەسەر داوای حیزبی (لە بەغداد) من هەڵبژێردرام و بۆ ئەو مەبەستە چووم بۆ بەغداد ، لە وەزارەتی مەعاریف چوومە لای مامۆستا (ڕەفیق حلمی) و (د.صدیق ئەترووشی) بۆ نووسین و واژۆکردنی و پێشکەشکردنی داوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکە بۆ ئەوەی بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردستانی عێراق، بتوانێت بە تایبەتی و بە جیاو سەربەخۆ کارەکانی ڕاپەڕێنێت، وەك لەویێ زانیم کە دەبوایە مامۆستا (موسا خەلیل) یش لە هەولێرەوە بهاتایە، بەڵام نەگەیشت، داواکارییەکە نووسرا و واژۆمانکرد و بە تایپ چاپکرا و درا بە مامۆستا (عزیز الشیخ) جێگری یەکەمی نەقابەی مامۆستایانی ناوەند، کە ئەو خۆی پێشکەشی بکات و هەوڵی جێبەجێکردنیی بدات.

له ستوونی دەنگوباسی ناوخۆی ڕۆژنامەی (ژین) یشدا هاتووە: ((لەسەر داوای کاربەدەستانی مەعارف، کۆمەڵی مامۆستایان لە سلێمانی کۆبونەوەیەکی پێکهێنا وە چەند کەسێکیشیان بانگ کردبوو لە ئەدیب ونووسەر وشاعیرەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆگرامی خوێندنی کوردی لە قوتابخانە ئیبتدائیەکان و متوسطة و ثانوی...))[1] دیارە لەو کۆبوونەوەیەدا، گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەیەکی زۆرکراوە و دواتر پێشنیاز و ڕێگاچارەکانیان پێشکەش بە کاربەدەستانی مەعارف کردووە بۆ پەیڕەوکردنی.

هەویری ئەم بابەتە ئاوی زۆری ویستووە و بەردەوام ڕێنمایی و بیرۆکەو پێشنیازی زیاتر خراونەتە ڕوو و هەوڵی هەمەلایەنەی بۆ دراوە، ئەوەتا لە سەردانێکی شاندی ئافرەتانی عێراق، کە لە چوار ئافرەت پێکهاتوون، دوانیان ئافرەتی کوردن بۆ لای (فازڵ مەهداوی) سەرۆکی دادگای گەل، پرسیاریان دەربارەی خوێندنی کوردی ئاراستەکردووە و مەهداویش لەوەلامدا وتوویەتی: ((شتێکی زۆر بەجێ یە کوردی بکرێت بە دەرسێك وە بخوێنرێت لە هەموو قوتابخانەکاندا هەتا عەرەبەکان فێری زمانی براکانیان بن وە هەروەها وتی هیچ مانعێك نییە کە خوێندن سەراپا لە بەشی کوردستانی عێراقدا بکرێت بە کوردی))[2]. خاتوو (زکیە فەرەج) کە یەکێك بووە لە ئەندامانی شاندەکە، بە مەهداویی گوتووە، کە: ((وەزارەتی تربیە و تعلیم لێژنەیەکی تایبەتی داناوە بۆ

---

[1] - ژین، ژ ١٤١٠ ی ٩٥٨/٩/٢٥ ، لا ٢

[2] - ژین، ژ ١٤١٩ ی ٩٥٨/١١/٢٧. لا٧

ئەوەی لەوە بکۆڵرێتەوە کە خوێندن لە ناوچەی شمالی عێراق سەراپا بکرێت بە کوردی وە ئەم لێژنەیە تەقریرێکی درێژی داوە بە وزیری تربیە و تعلیم بناغەی چۆنیەتی خوێندنی کوردی بۆ داناون و هەروەها وایان داناوە کە کاروباری تربیە و تعلیمی ناوچەی کوردستانی عێراق بدرێتە دەست مدیرێکی گشتی، کە یەک سەر بە وزیری تربیە و تعلیمەوە پەیوەندی هەبێت))[1]. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بەلایەنی کەم، لە پێشنیازەکانی کۆبوونەوەی مامۆستاو ئەدیب و شاعیرانی سلێمانی، لە نیوەی دووەمی مانگی ئەیلوولی/١٩٥٨ دا، پرسی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی تایبەت بە کاروباری خوێندنی کوردی خراوەتە بەرباس، هەر ئەوەش لە یاداشتنامەکەی هەرسێ مامۆستایان (ڕەفیق حلمی، سەدیق ئەتروشی و محەمەد سالح سەعید) دا هاتووە، کە لەسەرەتای مانگی ئەیلوول/١٩٥٨دا، لەڕێی (عزیز الشیخ)، دابوویان بە وەزیری مەعاریف[2].

لە هەولێریش ئەم پرسە خراوەتە بەر دیدی بەرپرسان، هەروەک لە وەڵامی ئەو برووسکەیەی، کە مامۆستاو قوتابیانی دواناوەندیی هەولێری ئێواران بۆ سەرۆک (عەبدولکەریم قاسم) یان ناردووە و داوای دامەزراندنی (مدیریەتی تربیە و تعلیم لە کوردستاندا) کراوە، دوای ماوەیەک لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتیی

[1] – ژین، ژ ١٤١٩ ی ٩٥٨/١١/٢٧. ٧٤

[2] محەممەد سالح سەعید، چاوپێکەوتن، ٢٠١٤/١١/٢٠.

پــەروەردەو فێرکردنــی لیــوای هــەولێر، وەڵامەکــەیان بــۆ هاتۆتــەوە، ئەمــەش بایەخی هەمەلایەنەی ئەم پرسە دەخاتەڕوو.

ئەمەی خوارەوە، دەقی بروسکەکەی قوتابیانی دواناوەندیی هەولێرە:

سیادەی زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسمی بەڕێز ـ بەغدا

سیادەی استاز هدیب الحاج حمود وەزیری پەروەردە و فێرکردنی بەڕێز

ڕۆژنامەی بەرزی زەمان

ڕۆژنامەی بەرزی ژین

ڕۆژنامەی بەرزی پێشکەوتن

ڕۆژنامەی بەرزی هەتاو

ئێمە کە قوتابی سانەوی ئێوارەین، پشتگیری ئەوەدەکەین کـە مـافی زاتـی خوێنـدەوارێتی بـدرێ بـە نەتـەوەی کـورد هـەر وەکـو ئـەو داوایـەی کـە بـەپێی داخوازی لێژنەی وەزارەت پێکهـاتووە بـۆ لێکۆڵینـەوەی کاروبـاری زانیـاری لـە کوردستانی عێراقدا، کە ڕاسـتەوخۆ سـەر بـە وەزارەتـی پـەروەردە و فێرکـردن بێت.

بـــەجێهێنانی پێشـــنیازەکانی لێژنـــەی وەزارەت باشـــترین هۆیـــە بـــۆ وەکارخســـتنی بەنـــدی ســـێیەم لـــە یاســـا تازەکـــەمان بەتایبـــەتی لـــەبارەی زانیارییەوە، ئەمەی داوای دەکەین دڵنیاین کە برایەتی کـورد و عـەرەب پتـەوتر ئـەکا، کـە چـاکترین پشـتیوانی کۆمـارە خۆشەویسـتەکەمانە بەسـەرکردەیی سەرۆکی تاقانەمان عەبدولکەریم قاسمی خۆشەویست.

بژی کۆمارە ئازاد و سەربەست و دیموکراتییەکەمان

بژی برایەتیی کورد و عەرەب هەتا هەتایە

عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، لەتیف شێخ سادق، فازڵ پیرداود، لەجیاتی ١٣٠ ئەندام[١].

لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە و فێرکردن لە بەغدا، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر وەڵامی بوسکەکەی قوتابیانی دواناوەندیی هەولێریان داوەتەوە، دەقەکەی بەکوردی ئەمەیە :

## بۆ بەڕێوەبەرایەتیی دواناوەندی هەولێری ئێواران

## بابەت : دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان

بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەو فێرکردن بە نوسراوی ژمارە(١٤٦) لە ١٩٥٩/١/٥ ئاگاداری کردینەوە، کە بۆ وەڵامی برووسکەی قوتابیانی قوتابخانەکەتان، پرسی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان لە ئێستادا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، تکایە لەمە ئاگاداریان بکەنەوە.

عەزیز محەمەد قادر

بەڕێوەبەری پەروەردەو فێرکردنی لیوای هەولێر[٢]

---

[١] گۆڤاری هەتاو، ئامادەکردنی سدیق سالح ، رەفیق ساڵح ، عەبدوڵڵا زەنگەنە.دەزگای موکریانی چاپخانەی باز هەولێر بەرگی پێنجەم، بەشی دووەم، ل٤٠٩٢.

[٢] – گۆڤاری هەتاو ٢٠١٠. بەرگی پێنجەم، بەشی دووەم ل٤١٤٢.

ئەوەی جێی سەرنجە لە گۆڤاری (هەتاو) دا هاتووە: (( وەکو بیستوومانە جەمهوریەتە خۆشەویستەکەمان خەریکە مامۆستا ڕەفیق حلمی بخاتە سەر مدیریەتی مەعارفی گشتی کوردستان))[1].

ئەمەی وەك هەواڵێکی دڵخۆشکەر بڵاوکردۆتەوە، کە کوردستانی پڕ خۆشی و شادمانی کردووە.

دوای ئەوەی لە سەرەتای مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٥٨ بڕیاری دامەزراندنی سەندیکای مامۆستایانی عێراق لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کرا، لە پارێزگاو قەزاکانیشدا هەڵمەتی ئامادەکاری هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان دەستی پێکرد، بۆ نموونە لە ١٩٥٨/١٢/٢٦ لە سلێمانی کۆبوونەوەیەکی فراوان بە ئەندامێتی (٥٠٠) مامۆستا بەسترا بۆ ئەوەی (٦) کەس هەڵبژێرن بۆ ئەندامێتی لێژنەی ئامادەکاریی سەندیکای مامۆستایان،  ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، کە یەکەم خاڵ وەك ئەرکی ئەو نوێنەرایەتییە باسکرابێ، (فێربون و خوێندن بە زمانی نەتەوایەتی) بووە، کە دەبێ کاری بۆبکرێ[2] .

لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن بڕیاری داوە، کە مێژووی کورد بکرێت بە وانەیەك لە وانەکانی پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندی، بۆ ئەو مەبەستەش هەریەك لە (دکتۆرسەدیق ئەتروشی و دکتۆر محەمەد سالح و عەلائەدین سەجادی و ناجی عەباس و

[1] – گۆڤاری هەتاو، بەرگی پێنجەم،  بەشی دووەم لا٤١١٠.

[2] - بڕوانە ڕۆژنامەی ژین: ژ ١٤٢٦ ی ١٩٥٩/١/١٥ ، لا٥.

ڕەفیق حلمی و جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی) ڕاسپێردراون  بۆ ئەوەی ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرن[1].

دوای ئـەوەی لـە ڕۆژی ١٩٥٩/١/٢٣ لـە سەرتاسـەری پارێزگـا و قـەزاکانی عێـڕاق نوێنـەری مامۆسـتایان هەڵبـژێردران، ڕۆژی ١٩٥٩/٢/٢ لـە بەغـدا، بـە ئامادەبوونی نوێنەری سـەرجەم شـارەکان، کارەکـانی دامەزرانـدنی سـەندیکای مامۆسـتایانی عێـڕاق دەسـتی پێکـرد، مامۆسـتایانی کـورد هەوڵیانـدا پرسـی (بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان) بخەنە بەرباس، ئەوەبوو بـەکۆی دەنـگ، پێشوازی لەو پێشنیازەکرا، ئەوەنەبێ، کە تەنها لەنێو (٢٠) نوێنـەری کـەرکووک (٤) یان پێشنیازیان کرد، کە کەرکووک نەخرێتە نێو چوارچێوەی ئەو مدیریەتە، بەڵام زوو وەڵامدرانەوە.

هەر لەو کۆنگرەیەدا، مامۆستا ڕەفیـق حلمـی بـە جێگـری دووەمـی نـەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عێڕاق هەڵبژێردرا.

کار و چالاکییەکانی کۆنگرە  چوار ڕۆژ درێژەی کێشاوە، وا دەردەکـەوێ کـە مامۆسـتا تورکمانـەکانی کـەرکوک سـەبارەت بـە ڕەوشـی پارێزگـای کـەرکوک یاداشـتێکیان پێشـکەش بـە کـۆنگرە کردبـێ، وەك هـەوڵێك بـۆ ڕێگـەگرتن لـە دانـەپاڵی لیـوای کـەرکوک بۆسـەر ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـەی کـە نیـاز وایـە بـۆ مـەعاریفی کوردسـتان دابمـەزرێت. بۆیـە لـە بەرامبـەردا، نوێنـەرانی (هـەولێر و

[1] - بڕوانە ڕۆژنامەی ژین: ژ ١٤٢٦ ی ١٩٥٩/١/١٥ ، ل١

سـلێمانی و موسـڵ و دیالـە) داواکارییـەکیان پێشـکەش بـە کـۆنگرە کـردووە، دەقەکەی بەکوردی ئەمەیە[1]:

کۆنگرەی یەکەمی نەقابەی مامۆستایان ٢-٥ی شوباتی ١٩٥٩

ئێمەی ئەندامانی نوێنەرانی هـەولێر و سـلێمانی و موسـڵ و دیالـە، بەپێویسـتی دەزانـین. کـە پارێزگـای کـەرکوك بخرێتـە سـەر بەڕێوەبەرایـەتیی پـەروەردە و فێرکردنی کوردستان، پارێزگای ناوبراو، جەرگەی ناوچەی کوردستانی عێراقە و زۆربـەی زۆری دانیشـتوانەکەی کـوردن و تورکمانـەکان کەمینەیـەکی سـنووردار پێکدەهێنن، مافی خۆیانە قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان بۆ بکرێتـەوە، ئـەوەی لەم بارەیەوە لەلایـەن نوێنـەری تورکمانەکانـەوە هـاتووە، تـەواو لەڕاسـتییەوە دوورە.

| | |
|---|---|
| سەرۆکی شاندی پارێزگای سلێمانی | محەمەد عەلی مەحمود |
| سەرۆکی شاندی پارێزگای موسڵ | سەعید سلێمان |
| سەرۆکی شاند پارێزگای هەولێر | موسا خەلیل |
| سەرۆکی شاندی پارێزگای دیالە | عەبدولمەجید سوڵتان |

[1] دەقـی ئـەم بەڵگەنامەیـەمان بـە عـەرەبی لـە مامۆسـتا محەمـەد سـاڵح سـەعید بەدەستگەیشـت، بەڕێزیان جگە لە وەرگێڕانی ناوەرۆکی داواکارییەکە، ڕوونکردنەوەیەکیشی لەگەڵ نـاردبوو، ئەمـەی تێدا نووسیوە: ئەوە ئەو گوتارە ئاگرینەیە، کە هەتا ئێستاش کاریگەر و کار کردووە، خواسـتی بـە پەرۆشی گشت پارتە ڕامیارییە کوردستانییە شۆڕشگێڕەکانە!

هەفتەیــەك دوای کــۆنگرەی مامۆســتایان، یەکــەم کــۆنگرەی قوتابیــانی عێــراقیش لــە بەغــدا بەســترا، لــەوێش قوتابیــانی کــورد پرســی دامەزرانــدنی (مدیریەتی مەعارفی کوردستان) یـان خسـتە ڕوو، کـە خرایـە دەنگدان لـە نێـو هــەموو نوێنەرەکانـدا، تـەنها دەنگێکـی نـاڕەزایی و سـێ کەسـی دیکـەش هـیچ ڕایەکیان نـەبووە، بۆیـە ئـەم داوایـەی قوتابیـانی کوردسـتان زۆر بـە گـەورەیی پەسەند کراوە.

ئەوەبوو  دامەزراندنی (بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان) لە نێو خـەڵکی ڕۆشنبیر و سیاسـی و تەنانـەت لـە لای خـەڵکی سـادەو ئاسـایی کـوردیش وەك دەسـکەوتێکی یـەکجار مـەزن  پێشـوازی لێکـرا، ئەوەنـدەی لەسـەر نووسـراو بڵاوکرایەوە، ئەوەندە برووسکەو پیرۆزبایی بۆ ئەملاو ئەولا نێردران، بە ڕادەیەك وایلێهـات، کـە کـورد هـەموو مافـە نەتەوایەتییـەکانی خـۆی لـەم مدیریەتـەدا ببینێتەوە.

ڕۆژنامــە کوردییــەکان هــەواڵی دامەزرانــدنی (بەڕێوەبەرایــەتیی زانیــاری کوردستان) یان بە مانشێتی گەورە بڵاو کردۆتەوە و سەروتاریان بۆ ئەم بابەتـە تەرخان کردووە.

بڕیاری دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییـە، هـەروەك لـە بابـەتێکی گۆڤـاری هەتاودا دەردەکەوێت، لە کۆتاییەکانی مانگی (٣) ئازار دا بووە. هـەتاو لـە ژێـر ناونیشـانی (مدیریــەتی معــارفی کوردســتان) بابــەتێکی بڵاوکردۆتــەوە و لــەم بابەتەدا ئەو ڕاستییەی خستۆتە ڕوو:

((لەم مانگەدا ۳ جەژنمان بە خۆشی و ئازادی کرد، کە جێژنەی نەورۆز و جێژنەی تێکچونی پەیمانی شومی بەغدا و جێژنەی دامەزراندنی مدیریەتی مەعارفی کوردستان ە))[١]. باس لەوەش دەکات کە دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بناغەی برایەتیی کورد و عەرەب پتەوتر دەکات و دڵی کوردی پارچەکانی دیکەی ژێردەستی تورك و عەجەمەکانیشی خۆشکردووە.

ڕۆژنامەی (خەبات) یش، کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە نێو چوارچێوەیەکی دیار و بە مانشێتێکی گەورە لە ژێر ناونیشانی جەژنانەی پێشەوای مەزن بۆ نەتەوەی کورد مودیریەتی گشتی زانیاریی کوردستان نووسینێکی بلاوکردۆتەوە و زۆر بە دڵنیاییەوە ڕوو لە هاونیشتمانیان دەکات و دەڵێ : (( ئێمە هاونیشتمانیان دڵنیا ئەکەین کە وەزارەتی پەروەردەکردن بە هەموو گورجی و چالاکی یەوە خەریکی پێکهێنانی کار و دەسکەوتیانە))[٢] هەروەها دەڵێت: ((هەموو شتێك کە پەیوەندی بە زانیاری کوردستانەوە هەیە لە سەری ساڵی داهاتووی خوێندنی وە جێ بەجێ ئەکرێت))[٣] .

[١] – بڕوانە گۆڤاری هەتاو، ژ١٥٣، ١٩٥٩، بەرگی پێنجەم بەشی دووەم لا ٤٣٨٢.

[٢] – خەبات، ژ ٢ ی ٩٥٩/٤/٨ ، ل١

[٣] – خەبات، ژ٢، ٩٥٩/٤/٨. ل١.

سەبارەت بەهەمان پرس، ڕۆژنامەی (ژین)، ڕۆژێك دوای (خەبات) لە بەرواری ١٩٥٩/٤/٩، لە سەری سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا، بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی: ((دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان سەرکەوتنێکە بۆ دیموکراتیەت لە عێراقا))[١].

سەروتاری هەمان ژمارەش، لە ژێر ناونیشانی (دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان سەرکەوتنێکە بۆ دیموکراتیەت و گەلی کورد لە عێراقدا). لەم سەروتارەدا هاتووە، کە ((حکوومەتی جمهوریەت بڕیاری دا بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان))[٢] .

سەرەتا ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، لە داواکارییەکانی نوێنەرانی کورد و لە نێوەندە فەرمییەکانیشدا بە (بەڕێوەبەرایەتیی مەعارفی کوردستان) هاتووە، ماوەیەکیش هەر وا ماوەتەوە، بەڵام دیارە ناوی کوردستان لە بیری هەندێك لە کاربەدەست و بیرتەسکە ڕەگەزپەرستەکان، شوێنی نەبۆتەوە و بە ئاشکرا هەوڵی لابردنی وشەی کوردستانیان داوە و بە هەنگاوی جوداخوازیی کوردیان زانیوە، بۆیە فشارێکی زۆریان دروستکردوە و دواتر کاریگەریی فشارەکانییان لەسەر گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕەنگی داوەتەوە.

سەبارەت بەم هەڵوێستە، ڕۆژنامەی خەبات سەروتاری ژمارە (٤١) ی بۆ ئەم پرسە تەرخانکردووە و دەڵێ: ((لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوی بایەخدارە لە

---

[١] – ژین: ژ/ ١٤٣٨ی ٩/٤/٩٥٩، ل١.

[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ل ١.

شتێكدا ناوەڕۆكە نەك ناو))[1] بەڵام لەبەر هەندێ ئیعتبارات دیسان پێی وایە: ((ئەو لێژنەیەی پار لە وەزارەتی مەعاریفدا دروستكرا، كۆنگرێسی مامۆستاكان، وە كۆنگرێسی یەككگرتنی قوتابیانی عێراقیش وە هەروەها وەزارەتی مەعارفیش لەو بەیاننامەیەیدا، كە دەریكرد، چەند مانگێك لەمەوبەر هەموو ناوی ئەم دامەزراوەیان ناوە (مديريه معارف كردستان) وە هەموو رەئی گشتی عێراقیش بە عەرەب و كورد و هەموو تایەفە و تیرەكیەوە بەم ناوە ڕاهاتووە، هیچ هەق نییە لەسەر قسەی چەند گێرەشێوێنێك ئەم ناوە بگۆڕدرێ.))[2].

ئەنجومەنی یەكەمی نەقابەی مامۆستایان لە بەغدا، لە سەر پێشنیازی نوێنەرانی لقی بەسرە[3] و لەلایەن (عەزیز شێخ)، كە جێگری یەكەمی نەقابە بووە، بڕیاردراوە بە مەبەستی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی كوردستان بۆ هەموو ئەو بڕگە و بابەتانەی پەیوەندییان بە خوێندن و زانیاریی كوردییەوە هەیە، كۆنگرەیەكی ناوخۆیی بۆ مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی كورد ساز بكرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئاگاداریی لقەكانی سلێمانی و هەولێر

[1] - خەبات: ژ/٤١ ی ٢٧/ئاب/٩٥٩، لا ١٧.

هەر لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی ئازادی، لە سەروتاری ژ ١٥، ساڵی ١، لە ١٩٥٩/٩/٢٤ ی خۆیدا نووسیویەتی ((لێرەدا پێویستە گۆڕینی ناو سەرمان لێ نەشێوێنێ، چونكە ((بەناو نییە بە ناوكە)) هەروەك مەسەلەی كوردی ئەڵێ)).

[2] - سەر چاوەی پێشوو، لا ٤.

[3] لەوتارەكەی د. سەفا حافز (سكرتێری گشتیی نەقابە) باسی لێوەكراوە.

کراوەتەوە کە لەسەر کات و شـوێنی بەسـتنی کۆنگرەکـە ڕێکبکـەون، ئـەوەبوو لقی سلێمانی بە نووسراوێك هەریەك لە لقـەکانی (هـەولێر و کـەرکووك و دیالـە و موسلّ) لە بارەی بەستنی کۆنگرە ئاگادارکردۆتەوە، بـەڵام دیـارە وەڵامـی ئـەم لقانەیان پێ نەگەیشتۆتەوە و کۆنگرەیەکی کتوپڕی نەقابە هاتۆتە پێش.[1]

دوای ئەوەی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیران لە ساڵوەگەڕی یەکەمی بــەرپابوونی شۆڕشــی ١٤ی تــەمووزدا، چــەند گۆڕانکارییــەکی لــە کابینــەی ئەنجوومـەنی وەزیرانـدا کـرد، (دکتـۆر فیصـل السـامر) ی  نـەقیبی سـەندیکای مامۆستایانی کۆماری عیراقی کردە وەزیری ئیرشـاد (ڕاگەیانـدن و ڕۆشـنبیری)، بۆیە کۆنگرەیەکی نائاسایی لە ڕۆژی هەینی (٢١ ی ئابی ١٩٥٩) بۆ هەڵبـژاردنی نەقیبێکی تازە بۆ سەندیکا، لە هۆڵی گەل، لە بەغدا بەسترا. ئەوەبوو مامۆسـتا (نەجیب محێدین) بە تێکڕای دەنگ لە شوێنی دکتۆر فەیسەڵ بـە نـەقیبی نـوێ هەڵبژێردرا و (د. سەدیق ئەترووشی) یش لە جێی مامۆستا (ڕەفیـق حلمـی) بـە جێگری دووەمی نەقیب هەڵبژێردرا.[2]

هەر لەم کۆنگرەیەدا، بابەتی بەسـتنی کـۆنگرە خرایـەوە بـەرباس، بـۆ ئـەو مەبەستە نوێنەرانی کورد لەو لیوایانـەی کـوردی لیێـە، لـە (کتێبخانـەی گشـتی بەغدا ـ نەقابەی مەرکەزی) بـە سەرپـەرشـتی (د.سـەدیق ئەتروشـی) ی جێگـری


[1] کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان — لقی سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠،ل٨.

[2] خەبات، ژ٣٤، ساڵی یەکەم، ٢٤/ئاب/١٩٥٩،ل٢.

دووەمی نەقابە کۆبوونەوە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە کۆنگرە لە ڕۆژانی ١٠ تا ١٣ ی مانگی داهاتوو (دوای ٢٠ ڕۆژ لەم دانیشتنە)، لە هاوینەهەواری شەقلاوە ببەسترێت.

نوێنەرانی کورد ئەو ڕێککەوتنەیان بە ئەنجومەنی نەقابە ڕاگەیاند.

نەقابە توانیی لە کورتترین ماوەدا، ڕەزامەندیی کاربەدەستانی دەوڵەت و وەزارەتی مەعارف  بەدەست بێنێ و خەرجیی تێچوونی کۆنگرەکەش بگرێتە ئەستۆ.


بيان من نقابة المعلمين
عقد موءتمر محلي للمعلمين الاكراد فى
الجمهورية العراقية

بناء على توصية مجلس نقابة المعلمين وتأكيد الموءتمر الاستثنائي للنقابة تقرر عقد موءتمر محلى للمعلمين الاكراد فى الجمهورية العراقية فى مصيف شقلاوة وذلك من ١٠ – ١٣ أيلول ١٩٥٩ للتداول فى الشوءون الثقافية والفنية والمهنية لمعارف كردستان والمعلمين الاكراد . فيرجى من كافة المعنيين من رجال التربية والثقافة واللغة الاكراد الذين يرغبون الاشتراك فى هذا الموءتمر أو لديهم مقترحات بهذا الخصوص الاتصال بفرعي النقابة فى السليمانية وأربيل وبالسادة محمد أحمد القرداغى مدير مدرسة المستنصرية فى كركوك ورشيد جلال روزبياني فى خانقين وابراهيم رمضان النجار مدير مدرسة أبى تمام فى الموصل وصديق الاتروشي فى وزارة المعارف فى بغداد .

نقابة المعلمين

لە ڕۆژنامەی خەبات ژ٣٨ ی ڕۆژی ٢٤/ئاب/١٩٥٩، ل٢ وەرگیراوە

ئەوەبوو لە ماوەی دوو ڕۆژ دا، نەقابەی مامۆستایان ئەوەی لە ئەستۆیدابوو ڕاپەڕاند، ئینجا بەیانێکی دەرکرد[١]، تیایدا هاتووە بڕیار لەسەر بەستنی

[١] - خەبات، ژ٣٨ ی ڕۆژی ٢٤/ئاب/١٩٥٩، ل٢.

كۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی كورد دراوە و داوا لەهەموو ئەو مامۆستا و ڕۆشنبیرانە دەكات، كە دەیانەوێ بەشداری لە كۆنگرە بكەن و ڕێبینی و تێبینییان لەوبوارەدا هەیە، با پەیوەندی بە لقەكانی سلێمانی و هەولێرەوە بكەن، لە شوێنەكانی دیكەش دەتوانن پەیوەندی بە بەڕێز (محەمەد ئەحمەد قەرەداغی) بەڕێوەبەری قوتابخانەی (مستنصریة) بكەن لە كەركووك، وە لە خانەقینەوە پەیوەندی بكەن بە بەڕێز (ڕەشید جەلال ڕۆژبەیانی) و لە موسڵ پەیوەندی بكەن بە بەڕێز (ئیبراهیم رەمەزان نەجار) بەڕێوەبەری قوتابخانەی (ابی تمام)، یان دەتوانرێ پەیوەندی بە بەڕێز (سەدیق ئەتروشی) بكرێ لە وەزارەتی مەعارف لە بەغداد.



وێنەی چەند مامۆستایەكی بەشداربووی كورد لەو كۆنگرەیەدا.

لە ئەرشیفی مامۆستا محەمەد سالح سەعید وەرگیراوە

مامۆستا کەریم شارەزا، لە گێڕانەوەی یادەوەریی ڕۆژی بەستنی کۆنگرەی کتوپڕی نەقابەی مامۆستایان دا، دەڵێ: (( دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی سەندیکا (ئاهەنگێکی کۆکتێل) ی بۆ ئەندامانی کۆنگرە لە ئوتێل بەغدا سازدا، کە بەسەر شەقامی (ئەبونەواس)یدا دەڕوانی، لە پڕێك زەعیم عەبدولکەریم قاسم بە یاوەری (دکتۆر ئیبراهیم کوببە)ی وەزیری ئابووری هاتن بۆ بەشداری کردن لەو ئاهەنگە و بە هوتاف و چەپڵە پێشوازی کران.



ئێمەی نوێنەرانی مامۆستایانی کورد لە نێوان خۆماندا ڕێککەوتین، کە مەسەلەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندی کوردی، کە لە کۆنگرەی یەکەم بڕیاری لەسەر درابوو بە بیر عەبدولکەریم قاسم بێنینەوە و پێی بڵێین دەمانەوێ ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی مەعاریفی کوردستان) بێ، نەك (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی

کـوردی)! مـن پێشـنیارم کـرد مامۆسـتا (موسـا سـەمەد) ، کـە بەڕێوەبـەری پـەروەردەی سـلێمانی بـوو وەك میـوان لـە ئاهەنگەکـەدا ئامـادەبوو، ببێـە دمڕاستمان و ئێمەی مامۆستایانی کورد لەگەڵیدا چووینە بـەردەم عەبدولکـەریم قاسم ، کە بریتی بووین لە مامۆستا مووسا و من و مەجید ئاسـنگەر و محەمـەد عەلی مەحموود و محەمەد سالّح سـەعید و حوسـێن عـەقراوی و حەسـیب شـێخ ئەحمەد و مووسا خەلیل و عەبدوڵلاّ زێباری و خەلیل حەمەد خۆشناو. مامۆستا مووسا بە زەعیم عەبدولکەریمی گوت: جەنابی سەرۆك کەی ﴿بەڕێوەبەرایـەتیی گشتی مەعاریفی کوردستان﴾ دادەمەزرێ؟

زەعـیم عەبدولکـەریم گـوتی : ((بـەم زوانـە بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی خوێنـدنی کوردی دادەمەزرێ.)) مامۆستا موسا گوتی: بـەلاّم جـەنابی سـەرۆك دەمانـەوێ ناوەکەی ﴿بەڕێوەبەرایەتیی گشتی مەعاریفی کوردستان﴾ بێت. لێرەدا زەعـیم پەسـت بـوو، مسـتێکی لـە مێزەکـەی بـەردەمی داو گـوتی ﴿بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی خوێنـدنی کـوردی﴾ دادەمـەزرێ و کـورد بـۆی هەیـە لـە هەرکوێیـەك ژمارەیان زۆربێت قوتابخانـەی کـوردی بکەنـەوە، تەنانـەت لـە بەسـراش بۆیـان هەیە قوتابخانە بکەنەوە)).

لێرەدا مامۆستا مووسا سەمەدمان بە نهێنی ئاگادارکردەوە، کـە زیـاتر لەگەڵیـدا پێدانەچـێ و گەڕاینـەوە دواوە. بـەم جـۆرە داخوازییەکـەمان سـەری نـەگرت و ئاهەنگەکە دوای یەك ـ دوو کاتژمێر کۆتایی هات و لەخۆمان گەیشتین کە زەعیم حەزناکات بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە بەناوی کوردستان بێ و ئـەو مەسـەلەیە

مایەوە تاکو بەستنی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە،ئەوساکە یەکلا بکرێتەوە))[1].

ڕۆشنبیرانی کورد، وەك هەڵوێستێکی نەتەوایەتی، بەردەوام هەوڵیان دەدا، ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان) وەك خۆی بمێنێتەوە، کەسانی دیکەشیان لە سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕۆشنبیران، خستۆتە نێو بازنەی باسەکە، تەنانەت خەڵکانی سادەش لەڕێی ناردنی برووسکەو کۆکردنەوەی واژوو لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دا، فشاری خۆیان دەرخستووە و پشتگیرییان لە دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، لە ژێر ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان)[2]دا، کردووە.

دواتر لە ماددەی پانزەیەمی یاسای ژمارە(٥٧) ساڵی ١٩٥٩ ی وەزارەتی مەعاریفی عێراقی، پرسی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی خوێندنی کوردی، بڕیاری لەسەر دراوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

((بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی خوێندنی کوردی بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرێکی گشتی شارەزای خاوەن باوەڕنامەیەکی بەرز ئەبێ، وە ئەو بەڕێوەبەرە مەسئوول ئەبێ لە کاروباری فێرکردن و خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی میری و ئەهلی یەکاندا، بە هەموو پلەو جۆرێکیانەوە. جگە لەمەش، هەرەوەز ئەکا لەگەڵ بەڕێوەبەرێتییەکان، بۆ ڕێکخستنی جوولانەوەی

١ کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٨٧) لە٢٠١٣/١٢/٥ ل٩٣

٢ لە بەشی سێیەمدا چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو.

نووسـین وگـۆڕین و بڵاوکردنـەوە و یارمـەتی دانـی. وە چـەند یارمـەتی دەرێ (معاون) یارمـەتیی ئـەدەن بـۆ بەڕێوەبـەرێتی و کاروبـاری فێرکردنـی خوێنـدنی کـوردی، وە سـنووری کاروبـاری ئـەو یارمـەتی دەرانـە بـە فـەرمانی وەزیـر دائەنرێ))[1].

دواتر کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کوردیش لە شـەقڵاوە، بـە بڕیـار و ڕاسپاردەکانی، ئـەرکێکی زۆری خسـتۆتە سـەر شـانی ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە. مامۆستایان و خەڵکی کوردستان بە تێکڕا، ئومێـدێکی گـەورەی خوێنـدەواری و نەتەوایەتییان لەسەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکە هەڵچنیوە و خۆیـان بـە پـارێزەری سەرخستنی هەنگاوەکای جێبەجێکردنی زانیوە.

[1] کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، ل١١.

## ١-٢  کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

### ١-٢-١ چۆنیەتیی بەستنی کۆنگرە:

نەقابەی مامۆستایان، ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەی لە ڕووی شوێن و بانگێشتکردن و وردەکارییەکان، خستە ئەستۆی هەریەك لە لقەکانی هەولێر و سلێمانی، لقی هەولێریش بە هاوکاریی نەقابەی هاوینەهەواری مامۆستایانی شەقلاوە، توانییان شوێنێکی شیاو بۆ بەستنی کۆنگرەو شوێنی مانەوە و نانخواردنی ئەندامان و مێوانانی کۆنگرە دەستەبەر بکەن.

بۆ هەمان مەبەست، حزبی شیوعی لەلای خۆیەوە، لێژنەیەکی تایبەت بەخۆی بۆ  ئامادەکارییەکانی ڕێکخستنی گۆنگرە پێکهێنا[١]، دوو ڕۆژ بەر لە وادەی بەستنی کۆنگرە، واتا لە ڕۆژی چوارشەممە ٩٥٩/٩/٨، ئەندامانی لێژنەکە، بۆ سەرپەرشتی کردن و ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان، ڕوویان لە شەقلاوە کرد.


ئەندامانی لێژنەکەش بریتی بوون لە:

١- دکتۆر صفاء الحافظ                    سکرتێری نەقابە (نەقابەی ناوەند).

[١] لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاَوکراوەیەك، باس لەم لێژنەیە نەکراوە، لە چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ مامۆستا محەمەد سالح سەعید، ٢٠١٤/١١/٢٠سلێمانی، مامۆستا فەرمووی کە پێکهێنانی لێژنەکە نهێنی بووە. لە دیدارێکی دیکەشماندا, مامۆستا باسی لەوەکرد، کە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، چاوی بە (ئیبراهیم ئەحمەد) کەوتۆتەوە و لەبارەی بەستنی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانەوە، باسی ئەوەی کردووە کە ئەوان وەك شیوعی لێژنەی نهێنییان هەبووە بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروچالاکییەکانی کۆنگرە، پرسیاری ئەوەی لێکردووە، کە ئایا ئەمانیش وەك پارتی، لێژنەی تایبەت بەخۆیان هەبووە لەو کاتەدا، دیارە وەلآمەکەی نەخێر بووە. (ئیبراهیم ئەحمەد، سەردەستەی پارتییەکان بووە لەو کۆنگرەیەدا).

| | |
|---|---|
| ٢- م. عزیز الشیخ | جێگری یەکەمی نەقیب |
| ٣- م. ڕەشید کۆیی | ئەندام |
| ٤- م. مووسا خەلیل | سەرۆکی لقی هەولێر |
| ٥- م. محەمەد عەلی مەحموود | سەرۆکی لقی سلێمانی |
| ٦- م. محەمەد ساڵح سەعید | سکرتێری لقی سلێمانی |
| ٧- م. ئەحمەد غەفوور | کەرکووک |
| ٨- م. ئیبراهیم ڕەمەزان | موسڵ |

لەبەر ئەوەی بەشێك لە ئەندامانی ئـەو لێژنەیـە، هـەمان ئـەو کەسـانەبوون، کـە لەڕووی کارگێرییەوە خاوەن بڕیاربوون، توانییان تەواوی وردەکاریی بەرنامـە و ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەکە ڕێکبخەن.


هویەی ئەندامانی کونگرەی ناوخویی
ماموستایانی کوردستان لە شەقلاوە
١٠ - ١٣ ی رەزبەر
ناو
شوین
اوا.
لیژنە

ئەم وێنەیە لە ئەرشیفی مۆزەخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە هەولێر وەرگـیراوە، کـە لەلایـەن چیرۆکنووس محەمەد مەولود (مەم) پارێزراو بووە. ئەگەر لـە ناسـنامەکەدا، سـەرنج لـە نـاوی کۆنگرەکە بـدەین، دەبیـنین لەلایـەن لێژنـەی تایبـەتیی نەقابـەی ناوەنـد، کۆنگرەگـە بـەناوی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان هاتووە، نەك مامۆستایانی کورد.

### ١-٢-٢ ناوی ئه‌ندامان و میوانانی کۆنگره‌ی یه‌که‌م

وه‌ك بڕیاربوو، ڕۆژی پێنج شه‌ممه ١٩٥٩/٩/١٠ ئه‌ندامان و میوانانی کۆنگره، له شه‌قلاوه ئاماده‌بوون، که بریتی بوون له[١]:

**به‌غدا**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | جگه‌رخوێن | بوێژ |
| ٢- | عبدالاحد مالح | مامۆستا |
| ٣- | ڕه‌شید کۆیی | مامۆستا |
| ٤- | نه‌سرین فه‌خری | وێژه‌وان |
| ٥- | حافزی قازی | وێژه‌وان |
| ٦- | ئه‌حمه‌د عوسمان | مامۆستا |
| ٧- | شه‌وکه‌ت غه‌فور | وێژه‌وان |
| ٨- | ئیبراهیم باڵدار | مامۆستا |
| ٩- | دکتۆر موراد | پزیشك |
| ١٠- | عزه‌دین مسته‌فا | وێژه‌وان |
| ١١- | محه‌مه‌د ساڵح بابان | مامۆستا |

[١] ئه‌م ناوانه له ژماره(١٦٢)ی گۆڤاری هه‌تاو،١٥ ئه‌یلوول ١٩٥٩، تۆمارکراون، له نامیلکه‌ی (کۆنگره‌ی (ناوخۆیی مامۆستایانی کورد) به‌هه‌مان شێوه دووباره‌کراونه‌ته‌وه، بێگومان ناوی ته‌واوی ئاماده‌بووان وه‌ك خۆی تۆمار نه‌کراون، هه‌روه‌ك مامۆستا که‌ریم شاره‌زا، له گێڕانه‌وه‌ی یاده‌وه‌رییه‌کانیدا، باس له ئاماده‌بوونی (د. عه‌بدولڕه‌حمان قاسملۆ) ده‌کات. بڕوانه: گۆڤاری ڕامان، ژماره ١٨٧، ٢٠١٣/١٢/١٥، ل٩٤، که‌ریم شاره‌زا: بیره‌وه‌رییه‌کانی کاروانی ژیانم.

| | |
|---|---|
| ١٢- تۆفیق وردی | مامۆستا |
| ١٣- پاکیزە ڕەفیق حلمی | وێژەوان |
| ١٤- خەلیل محەمەد | وێژەوان |
| ١٥- ناجی عەباس | مامۆستا |
| ١٦- محەمەد عەلی | وێژەوان |
| ١٧- سەدیق ئەتروشی | مامۆستا |
| ١٨- عەلائەدین سەجادی | وێژەوان |
| ١٩- ئیبراهیم ئەحمەد | پارێزەر |
| ٢٠- جەمال شەفیق | مامۆستا |
| ٢١- حەسەن سەیوانی | مامۆستا |

**هەولێر:**

| | |
|---|---|
| ١- عومەر ساقی | مامۆستا |
| ٢- عوسمان مستەفا | مامۆستا |
| ٣- عیزەدین فەیزی | مامۆستا(پشکنەر) |
| ٤- گیو موکریانی | وێژەوان - ڕۆژنامەنووس |
| ٥- کەمال عەبدولقادر | مامۆستا |
| ٦- محەمەد عەزیز | مامۆستا |
| ٧- جەلال شەریف | مامۆستا |
| ٨- موسا خەلیل | مامۆستا |

| | |
|---|---|
| ٩- حەیدەر عوسمان | مامۆستا |
| ١٠- خالص جواد | مامۆستا |
| ١١- پەتروس گۆرگیس | مامۆستا |
| ١٢- مەجید ئەحمەد(ئاسنگەر) | مامۆستا |
| ١٣- بورهان نەجمەدین | مامۆستا |
| ١٤- خەیریە نادر | مامۆستا |
| ١٥ نەیلۆڤەر وەجدی | مامۆستا |
| ١٦- حەمدیە سابیر | مامۆستا |
| ١٧- جواد رەسول | مامۆستا |
| ١٨- شەریف عوسمان | مامۆستا |
| ١٩- جەمال محیەدین | نووسەر |
| ٢٠- حوسێن عەزیز ڕەشوانی | مامۆستا |
| ٢١- مستەفا حەسەن شەعبان | مامۆستا |
| ٢٢- محەمەد مەولود (مەم) | چیرۆکنووس |
| ٢٣- عەبدولقادر قڕگەیی | نووسەر |
| ٢٤- مەجید عومەر | ئەندازیار |
| ٢٥- هاشم عەبدوڵلا | ئەندازیار |
| ٢٦- موهیب حەیدەری | قوتابی |
| ٢٧- ئەنوەر تاهیر بەکر | مامۆستا |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨- | فەتاح تۆفیق | مامۆستا |
| ٢٩- | سابیر عەبدوڵڵا | مامۆستا |
| ٣٠ | ئەحمەد حەوێز | مامۆستا |
| ٣١- | محەمەد عەلی دزەیی | مامۆستا |
| ٣٢- | کەریم مستەفا (شارەزا) | مامۆستا |
| ٣٣- | مەسعود محەمەد | پارێزەر |
| ٣٤- | خانە ئیسماعیل | مامۆستا |
| ٣٥- | مەجید نورەدین | مامۆستا |
| ٣٦- | سابیر ئیسماعیل | مامۆستا |
| ٣٧- | تاهیر سەعید | مامۆستا |
| ٣٨- | موعتەسەم عەبدولمەجید | مامۆستا |
| ٣٩- | تاهیر ئەحمەد حەوێز | مامۆستا |
| ٤٠- | زەکی ئەحمەد هەناری | مامۆستا |
| ٤١- | عەبدولقادر بەکر | مامۆستا |
| ٤٢- | حەسەن ئەحمەد | وێژەوان |
| ٤٣- | ئەحمەد مستەفا (دڵزار) | بوێژ |
| ٤٤- | کەمال غەمبار | قوتابی |
| ٤٥- | خەلیل حەمەد خۆشناو | مامۆستا |
| ٤٦- | بەگۆك عەزیز | مامۆستا |

| | |
|---|---|
| ٤٧- تاهیر عەبدوڵڵا | فەرمانبەر |
| ٤٨- تەها ئەحمەد خۆشناو | کاسب |
| ٤٩- مستەفا قادر | کرێکار |
| ٥٠- ئیبراهیم ئەحمەد | نووسەر |
| ٥١- سامیە شاکر | مامۆستا |
| ٥٢- ئیسماعیل حوسێن | مامۆستا |
| ٥٣- محەمەد ئەحمەد | مامۆستا |

**سلێمانی:**

| | |
|---|---|
| ١- درەخشان عارف | مامۆستا |
| ٢- شەوقیە ئەحمەد | مامۆستا |
| ٣- ئامینە زێوەر | مامۆستا |
| ٤- محەمەد ڕەشید مەحمود | مامۆستا |
| ٥- حەسیب شێخ ئەحمەد | مامۆستا |
| ٦- محەمەد عەلی مەحمود | مامۆستا |
| ٧- محەمەد ساڵح سەعید | مامۆستا |
| ٨- ئیحسان عەبدولکەریم | مامۆستا |
| ٩- عەبدوڵڵا ڕەزا | مامۆستا |
| ١٠- عەبدوڵڵا زێباری | مامۆستا |
| ١١- عومەر عەبدولڕەحیم | مامۆستا |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢- | نوری عەلی | مامۆستا |
| ١٣- | موحەڕەم محەمەدئەمین | چیرۆکنووس |
| ١٤- | مەحمود ئەحمەد | مامۆستا |
| ١٥- | حوسێن عارف | وێژەوان |
| ١٦- | کامل بەسیر | مامۆستا |
| ١٧- | کامەران ئەحمەد | بوێژ |
| ١٨- | حەمە ساڵح دیلان | بوێژ |
| ١٩- | شاکر فەتاح | سەرۆکی شارەوانی |
| ٢٠- | عەبدوڵلا شاڵی | مامۆستا |
| ٢١- | عەبدوڵلا میدیا | مامۆستا |
| ٢٢- | مەسعود سەید ئەمین | مامۆستا |
| ٢٣- | ئامینە محەمەد | مامۆستا |
| ٢٤- | عەبدولقادر مستەفا | وێژەوان |
| ٢٥- | کاوەیس مستەفا | مامۆستا |
| ٢٦- | ئەبوبەکر شێخ جەلال | مامۆستا |
| ٢٧- | کەریم زەند | مامۆستا |
| ٢٨- | محەمەد مستەفا | پارێزەر |

**کەرکووك:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | محەمەد ئەحمەد قەرەداغی | مامۆستا |
| ٢- | ئیحسان عەبدولحەمید | مامۆستا |
| ٣- | عەبدولڕەحمان ڕەزا | مامۆستا |
| ٤- | مەعروف خەزنەدار | مامۆستا |
| ٥- | ئەحمەد غەفوور | مامۆستا |
| ٦- | تاهیر سادق | مامۆستا |
| ٧- | مستەفا سەید ئەحمەد | مامۆستا |
| ٨- | عومەر عارف | مامۆستا |
| ٩- | فەخری سابیر | مامۆستا |
| ١٠- | محەمەد نوری تۆفیق | مامۆستا |
| ١١- | ئەحمەد قەرەداغی | مامۆستا |
| ١٢- | موسا سەمەد | مامۆستا |
| ١٣- | عەباس حوسێن | مامۆستا |
| ١٤- | جەلال عەبدولڕەحمان | مامۆستا |
| ١٥- | محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی | مامۆستا |

**موصل:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | عەبدولسەمەد ئەحمەد | مامۆستا |
| ٢- | خەلیل عەبدوڵڵا | مامۆستا |
| ٣- | خالد حەسەن | مامۆستا |
| ٤- | ئەحمەد عەبدوڵڵا محەمەد | مامۆستا |
| ٥- | مەجید میرزا | مامۆستا |
| ٦- | شێخ حوسێن ئیبراهیم | مامۆستا |
| ٧- | ئیسلام محەمەد ناسر | مامۆستا |
| ٨- | عەبدوڵڵا خالد | مامۆستا |
| ٩- | مەسعود سەعید | مامۆستا |
| ١٠- | محەمەد صالح سەعید | مامۆستا |
| ١١- | محەمەد حوسێن عەلی | مامۆستا |
| ١٢- | شێخ موسا جاسم | مامۆستا |
| ١٣- | سلێمان حاج ئەلعوبێدی | مامۆستا |
| ١٤- | ئیبراهیم ڕەمەزان | مامۆستا |
| ١٥- | ناهیدە شێخ سەلام | مامۆستا |

**خانەقین:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | عەبدولعەزیز فەوزی | مامۆستا |
| ٢- | محەمەدەمین محەمەد | مامۆستا |
| ٣- | عەبدولسەلام محەمەدەمین | مامۆستا |
| ٤- | شەفیق مەحمود خان | مامۆستا |
| ٥- | ڕەشید جەلال | مامۆستا |
| ٦- | عەبدوڵلا قەرەداغی | مامۆستا |

**کوت:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | جاسم محەمەد | مامۆستا |
| ٢- | ستار کازم | مامۆستا |

جگە لەم ئەندامانە (مامۆستا و مێوان) انەی، کە لێرەدا ناویان تۆمارکراوە، کەسانی دیکەش بەشدارییان لە ڕاپەڕندنی کار و چالاکییەکانی کۆنگرەکەدا کردووە، بەتایبەتی لقی نەقابەی قوتابیان و ئەندامەکانیان لەشەقلاوە، کە بەشێك لەئەرکی میوانداری و ئەرکی خزمەتگوزارییان لە ئەستۆگرتووە، جگە لە چەندین کەسایەتیی شەقلاوە، بەلاَم ناوەکانیان تۆمار نەکراون، چونکە وەك ئەندام بەشدارییان تێدا نەکردووە و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە گفتوگۆ و بڕیارەکانەوە نەبووە.

### ١-٢-٣ دواخستنی کۆنگرە

شەقام و کۆڵانەکانی شەقلاوە بەئاڵاو واڵای ڕەنگاوڕەنگ ڕازانرابوونەوە، چەندین لافیتە بۆ بەخێرهێنانی میوانەکان هەڵواسرابوون و چەندین دورشم (شعار) بە کوردی و بەعەرەبی لەمبەر و ئەوبەر هەڵواسرابوون، لەوانەش : (بژی پاڵەوانی ١٤ ی تەمووز عەبدولکەریم قاسم)، ( کوردەکان لە کوردستانی تێکۆشەر شانازی بە پێشەوای تاقانە عەبدولکەریم قاسم دەکەن) ، (کوردەکان ماڵ و گیانیان دەکەنە قوربانی لە پێناو پاراستنی کۆماری عێراق و پێشەوا عەبدولکەریم ) .



ئەم وێنەیە لە ئەرشیفی فاروق کەریم بەگ پارێزراوە

مامۆستایان و ڕووناکبیران و قوتابیانی شەقلاوە، ئامادەکاریی پێشوازی و سازکردنی ڕێوشوێنی کۆنگرەیان لە هاوینەهەواری خەلیل خۆشناو لە نزیک

سەرچاوەی ئاوی بێترمە ئامادەکردبوو، هاوینە هەواری خەلیل خۆشناو، بریتـی بوو لە باخچەیەکی گەورەی پڕ دار و بار و کانیاو و حەوزی دروستکراو، چەندین کـەپر و سـاباتی گـەورەو سـەکۆیەکی تێـدا دروسـتکرابوو . وێنەیـەکی پێشـەوا (عەبدولکەریم قاسم) لـە لای سـەرەوەی سـەکۆی چـالاکییەکان هەڵواسـرا بـوو، چەندین لافیتە بە دروشمی نیشتمانی هەڵواسرابوون.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٠/ ئەیلوول ، ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە بوو، بەڵام بە هۆی مشـــتومڕ لەســـەر نـــاوی (بەڕێوەبەرایـــەتیی گشـــتی خوێنـــدنی کـــوردی) و (بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی مـەعاریفی کوردسـتان) کارەکـانی کـۆنگرە بـۆ ڕۆژی دواتر دواخران.

کەریم شارەزا لە بیرەوەرییەکانیدا، سەبارەت بەو مشتومڕە دەڵێ: ((لەبەر هەندێ گیروگرفتی سیاسی لەسـەر ناونـانی بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی خوێنـدنی کوردی بەو ناوەی کە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم دەیویست، یان بکرێـت بـە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی مەعاریفی کوردستان کە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان مەبەستی بوو، کۆنگرە دواخرا بۆ بەیانی ١١ی ئەیلوول))[١].

لەسەرزاری چەند ئەندامێکی دیکەی کۆنگرە کـە لـە چـاوپێکەوتنەکانمان باسـی ئەو ڕۆژەیان کرد، ئەوانیش باسی دابەش بوونی بەشداربووانیان دەکـرد بەسـەر دوو بەرەدا، بەرەیەك کە شـیوعیەکان بـوون و پێیـان وابـوو دەبـێ لـە ئێسـتادا نـــاوی بەڕێوەبەرایەتییەکـــە بـــەم شـــێوەیە بـــێ، کـــە بـــە فـــەرمی هـــاتووە

[١] - کەریم شارەزا : بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم، گۆڤاری ڕامان ، ژ/ ١٨٧، ٢٠١٣/١٢/٥، ل٩٤.

(بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی) و بەرەکەی دیکە، کە پارتییەکان بوون، پێداگرییان لەسەر (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردستان) دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش نزیکەی (٥٠) کەسێکیشیان لە دەرەوەی کۆنگرەکە هێنابووە ناو دۆخەکە و پشتگیریی لایەنگرانی پارتییان دەکرد.

هەر لەسەر ئەم مشتومڕە، خوالێخۆشبوو مامۆستا گیو نووسیویەتی: جگە لە ئەندامانی کۆنگرە (( زیاتر لە ٥٠ کەسی دیکەش بۆ گێرە شێوێنی تێکەڵ ببوون))[١] .

لە دیدارێکیشماندا، مامۆستا محەممەد ساڵح سەعید وتی: (( دوو بەرەیی شیوعی و پارتی، ئەوەندە زەق ببووەوە، جگە لە ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکە، لە ناونانی کۆنگرەکەشدا هاوڕا نەبووین، ئێمە (ئەوسا لەبەرەی شیوعییەکان بووین) دەمانووت با کۆنگرەکە کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان بێت، پارتییەکان دەیانگوت با کۆنگرەی مامۆستایانی کورد بێت، کەچی لەکۆنگرەی دووەما ڕایەکانمان پێچەوانە ببوونەوە))[٢].

کەریم شارەزا لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەریی ئەم ڕۆژەدا دەڵێ: ((مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) ی سکرتێری ئەوسای پارتی لەگەڵ دەستەیەك لە ئەدیب و زمانزانانی کوردستان بانگ کرابوون، ئەندامانی پارتی و هەوادارانی هاندەدا، کە دەبێ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە  بە ناوی (مەعاریفی کوردستان)

[١] گۆڤاری (هەتاو): ژ/ (١٦٣) ی ساڵی (٦) ی ١٥/ ١٩٥٩/٩ ، لا٥.

[٢] محەمەد ساڵح سەعید، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠١٤/١١/٢٠.

بێت و هەوادارانی حزبی شیوعیش دەیانگوت: با جاریٚ ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی) بیٚ و خەباتی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژدا ببێتە مەعاریفی کوردستان (چونکە شیوعیەکان پێیان وابوو لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا ئەم داواکارییە عەبدولکەریم قاسم تووڕە دەکات).

دیارە هەواڵی دواکەوتنی کۆنگرە و هۆکاری دواکەوتنەکە بە مەکتەبی سیاسی پارتی گەیشتۆتەوە.

هەرچەندە مامۆستا کەریم شارەزا لە گێڕانەوەی یادەوەری ئەم ڕۆژە دەڵیٚ: ((سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژی ٩/١٠ خەباتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتە شەقلاوە و بینرا لە سەروتار نووسراوە لەم قۆناغە ناسکەدا نابیٚ مامۆستایانی کورد داوای شتی وا بکەن کە نایەتە دی. با لەم قۆناغەدا ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە ﴿خوێندنی کوردی﴾ بیٚ[1]. کە هەوادارانی پارتی چوونە لای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد[2] و پێیان گوت ئێمە وا دوو ڕۆژە

---

[1] ئەگەر مامۆستا کەریم شارەزا، مەبەستی لە ژمارە (٥٢)ی خەباتی ڕۆژی ٩/١٠ بێت، ئەوا سەروتاری ئەم ژمارەیە، تایبەت بووە بە بابەتی (بەبۆنەی کردنەوەی قوتابخانەکانەوە، فرمانی مامۆستا و قوتابییەکانمان). ئەو بابەتە بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندن نووسراوە و چەند ئامۆژگارییەك پێشکەش بە مامۆستایان و قوتابییان دەکات، هیچ ئاماژەیەکی بۆ بەستنی کۆنگرە و ناونانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی تێدا نییە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی دەقی سەروتارەکە بنووسینەوە.

[2] ئیبراهیم ئەحمەد جگە لەوەی سکرتێری پارتی بوو، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتیش بوو، هەروەك وتمان چەند مانگێك پێشتر و بە بەردەوامی لە

داوای مەعاریفی کوردستان دەکەین و کەوتووینە چەنگبەردە لەگەڵ حزبی شیوعی، کەچی وا مەکتەبی سیاسی بڕیاری داوە جاریٚ (خوێندنی کوردی) بێت. مامۆستا برایم پێی گوتن بە گوێی ڕۆژنامەی (خەبات) بکەن، چونکە ڕای زۆرینەی مەکتەبی سیاسییە))[١] .

لە ڕاستیدا سەروتاری ژمارەی (٥٣)ی خەباتی ڕۆژی هەینی ٩٥٩/٩/١١ ئەم باسەی خستۆتە ڕوو، کە مامۆستا شارەزا باس لەوەدەکات ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٩٥٩/٩/١٠ گەیشتبێتە شەقلاوە[٢].

(خەبات) لە ژێر ناونیشانی (حول مؤتمر المعلمين الاكراد) بابەتی سەروتارەکەی بە زمانی عەرەبی بلاْوکردۆتەوە و پێشی وابووە، کە بەستنی کۆنگرەکە دەکەوێتە ڕۆژی شەممە، چونکە هەینی پشووی فەرمی بووە.
لەبەر بایەخی مێژوویی ئەم بابەتە، سەروتارەکەی ژمارە (٥٣) ی ڕۆژنامەی خەبات، بە کوردی دەخەینە بەردیدی خوێنەران:

---

ڕۆژنامەکەیدا پێداگری و هانی ئەندامانی پارتیی و کاری لەسەر بیرو ڕای خەڵك کردبوو بۆ ئەوەی زەمینەی گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ(ڕۆژی کۆنگرە) بسازێنیٚ.

[١] کەریم شارەزا: گۆڤاری ڕامان، ژ/١٨٧ ی ٢٠١٢/١٢/٥ ، ل٩٤.

[٢] ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژانە لە بەغدا دەرچووە، ئەگەر توانرابیٚ ژمارەی ڕۆژی دواتر(هەینی) لە ئێوارەی ڕۆژی پێشتر (پێنج شەممە) لە بەغداوە بگەیێندرێتە شەقلاوە، نیشانەی هەستیاریی هەلومەرجەکەو توندیی مشتومڕەکە بووە.

## دەربارەی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد[1]

رۆژی شــەممەی داهــاتوو کـۆنگرەی مامۆسـتایانی کـورد لــە شــەقلاوه دەکرێتەوە، که ڕەوشی خوێندن له کوردستانی عێراق تاوتوێ دەکات. بەستنی ئەم کۆنگرەیه لـە کـۆنگرەی نائاسـایی بڕیـاری لەسـەر درابـوو، کـە سـەندیکای مامۆسـتایان لـە کۆمـاری عێـراق بەسـتبووی، زۆرێـك لـە وێـژەوانانی کـورد و پسپۆڕانی بواری زمان و مێژوو ئەدەبی کوردی بەشداریی تێدا دەکەن، هـەروەك مامۆسـتا نـەجیب محیـەدین نـەقیبی مامۆسـتایان و بەڕێوەبـەری خوێنـدنی سەرەتایی و دکتۆر سەدیق ئەتروشی بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی له وەزارەتی پـەروەردە، ئەمـە جگـە لـەو مامۆسـتا کوردانـەی کـە لـە سەرتاسـەری عێـراق بانگێشتی شەقلاوە کرابوون.

هەرچەندە تا ئێستا ئێمە وردەکاریی بەرنامەی کارەکـانی کـۆنگرە نـازانین کە یەکەمین کۆنگرەی لەم شێوەیە و بەرهەمێکی باشە له بەرهەمەکانی کۆمارە دیموکراتییە نەمرەکەمان، کۆماری عـەرەب و کـورد، کـە لـە دەقـی دەسـتوورە کاتیەکەیدا باس له هاوبەشیی کورد و عـەرەب دەکـات لـە وڵات و دان بـە مافـە نەتەوەییـەکانیان دا دەنـێ، بۆیـە بەسـتنی کۆنگرەیـەکی لـەم شـێوەیە و بـۆ یەکـــەمین جـــار لـــە مێـــژووی گەلەکـــەمان و لـــە ســـەردەمی کۆمـــارە پێشکەوتووەکەمان، کە گەلەکەمان له ژیانی خۆیدا پێشوازی له قۆناغێکی نـوێ دەکات، قۆناغی کرانەوەی ئازادییە ڕۆشنبیرییەکانی، کـە جێـی سـەرنجی گـەلی

[1] خەبات، ژ٥٣، ١٩٥٩/٩/١١،ل١.

کوردمان بەتایبەتی و گەلی عێراقە بەگشتی، لەلایەن تەواوی پەیوەندیدارانی بواری رۆشنبیری و پەروەردەی وڵاتدا پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێ. هەروەك داواکارین لەلایەن بەرپرسان لە حکوومەتی عێراقدا بە گشتی و لە وەزارەتی مەعارفیش بەتایبەتی پاڵپشتی و هاوکاری بکرێت.

گومانی تێدا نییە کە قورسایی چالاکییەکانی کۆنگرە دەکەوێتە سەر  پرسی لێکۆڵینەوەی پرۆژەی بەرێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان، کە بە ناوی بەرێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی بریاری لەسەر دراوە، ئەو بریارە فەرمییەی کە ئەرکی دانانی پلان و پێشنیازی زانستی و کردەیی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە بە باشترین شێوە دەخاتە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە بە کردەیی خزمەت بە وێژەو زمان و فێربوون و رۆشنبیریی کوردی بکات، جگە لە ئەرکە مێژووییەکانی دیکەی سەرشانی مامۆستا بەرێزەکان ئەوانەی ئەمانەتی پەروەردەو پێگەیاندن و رۆشنبیرکردنی نەوەی نوێیان  بە گیانێکی زانستی و نیشتمانی و دیموکراتی لە ئەستۆ گرتووە، ئەو ئەمانەتە پیرۆزەی کە لەسەر مامۆستایانی کورد پێویستە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی بەسەربەرزییەوە بە تەواوی بیهێننە دی.

سەرباری ئەوەی کە متمانەیەکی زۆرمان بە مامۆستایان و باوەڕمان بە دڵسۆزییان هەیە لە خۆشەویستییان بۆ ئەرکەکانیان و بۆ نیشتمانەکەیان و هەستکردنیان بە بەرپرسیاریەتییە مێژووییەکانیان، بەڵام بە پێویستی دەزانین

ئەركی سەرشانیان بە بیر ئەو مامۆستا شكۆمەندانە بێنینەوەو ئەو ڕاستیانەیان بخەینە بەردەم:

١- سەركەوتنی كۆنگرەگێڕەكان بە پلەی یەكەم دەوەستێتە سەر هەستكردنیان بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی و پێداگرییان لە جێبەجێكردنی تەواوی ئەركەكانیان و بەگیانی زانستییانە و بە گفتوگۆی هێمن، چارەسەر و شیكردنەوەی بابەتەكان بكەن، كە پرۆگرامی كۆنگرەكەیان لەخۆی گرتووەو لە خستنە ڕووی تێڕوانینە جیاوازەكانیان.

٢- پێویستە كۆنگرەگێڕەكان گونجاوترین بۆچوون و باشترین چارەسەری زانستی و ڕاستترین لێكدانەوە و چارەسەری واقیعیانە بۆ گرفتەكانی پەروەردەو كاروباری خوێندن لە كوردستانی عێراق دەستنیشان بكەن .

٣- پێویستە كۆنگرەگێڕەكان بارو دۆخی ناوخۆ و دەرەكیی كۆمارە نەمرەكەمان لەبەر چاوبگرن و دەبێ واقیعی و عەمەلی بن و لە ئەندێشەسواری دووربكەونەوە و بەدوای ئەو ئاواتانەدا ڕانەكەن، كە دوورن و جێبەجێكردنیان لە توانادا نەبێ، تا بڕیارەكانیان ئەنجامی ڕاستەقینەو بە سوودیان هەبێ.

٤- پێویستە ئەم كۆنگرەیە سەرەتایەك بێت بۆ دیدار و كۆبوونەوەی زیاتر لە نێوان مامۆستایان و خەمخۆرانی كاروباری وێژە و زمان و مێژوو و ڕۆشنبیری كوردی، كۆنگرەگێڕەكان هەوڵبدەن لەم بوارانەدا سوود لە كوردەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستان بە گشتی و كوردەكانی یەكێتی سۆڤیەت بەتایبەتی بۆ چالاكییەكانی داهاتوویان، هەروەها ڕۆشنایی لە ڕای

ڕۆژهه‌لاَتناسه‌کان و خه‌مخۆرانی کاروباری کورد و کوردستان له ڕۆڵه‌ی نه‌ته‌وه هاوڕێکان وه‌ربگرن.

٥- له‌سه‌ر کۆنگره‌گێڕه‌کانه هه‌موو مامۆستایانی کورد له ئه‌رکه ڕاسته‌قینه‌کانیان ئاگاداربکه‌نه‌وه و ڕۆڵ و به‌رپرسیاریه‌تییه نیشتمانی و ڕۆشنبیرییه‌کانیان بۆ ڕوون بکه‌نه‌وه، مامۆستایانی کوردیش، له جێبه‌جێکردنی ئه‌م پرۆژه‌یه‌دا، به باشترین شێوه، به‌رپرسیاریه‌تیی گه‌وره له ئه‌ستۆده‌گرن، له قه‌لاَچۆکردنی نه‌خوێنده‌واری و بلاَوکردنه‌وه‌ی ڕۆشنبیری له کوردستانی عێراق، زیندووکردنه‌وه‌ی که‌له‌پووری نه‌ته‌وایه‌تی کورد، بایه‌خدان به وێژه‌و مێژووی کورد، زمان و ڕۆشنبیری کوردی.

٦-هه‌روه‌ك له‌سه‌ر کۆنگره پێویسته له بابه‌تی زۆرترکردنه‌وه‌ی قوتابخانه‌ی دواناوه‌ندی و پیشه‌سازی و کشتوکاڵی و پیشه‌یی دیکه له کوردستانی عێراق بکۆڵێته‌وه، هه‌روه‌ها له‌و هه‌نگاوانه بکۆڵێته‌وه، که ده‌بنه هۆی کردنه‌وه‌ی کۆلێژی بالاَ له کوردستانی عێراقدا و دواتریش دامه‌زراندنی زانکۆ له کوردستانی عێراقدا.

٧-پێویسته کۆنگره‌گێڕه‌کان له‌و هۆکارانه بکۆڵنه‌وه که برایه‌تی عه‌ره‌ب و کورد به‌هێزده‌کات و په‌روه‌رده‌کردنی قوتابی به گیانی ئه‌و برایه‌تییه و خۆشه‌ویستی گه‌ل و ولاَت و هۆگربوون به کۆماری عێراق و پێشه‌وایه‌تی سه‌رکرده‌ی لێهاتوو عه‌بدولکه‌ریم قاسم و بوێرانه ده‌رباره‌ی ئه‌و ئه‌رکه پیرۆزه پێشنیازی زانستی پێشکه‌ش بکه‌ن.

لە کۆتاییدا ئێمە دووبارە سڵاوێکی گەرم لـە کـۆنگرەی مامۆسـتایان دەکـەین و هیــوای ســەرکەوتن و ســەرفرازیی تــەواو بــۆ کۆنگرەگێڕەکــان دەخــوازین و پیرۆزبایی گیانی زانستی و دڵسۆزی و بایەخیان بە کێشەی گەلەکـەیان  لـە بـرا مامۆستا کرنگرەگێڕەکانمان لەشەقلاوە دەکەین.

لـە درێـژەی ڕوونکردنەوەکەیدا مامۆسـتا کـەریم شـارەزا دەڵـێ: (( ئینجـا بەیاننامەیەکی هاوبەش لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبـی شـیوعی دەرچوو، کە تێیدا هاتبوو با جارێ ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە خوێندنی کـوردی بـێ و لـە دواڕۆژدا خـەباتی بـۆ بکـرێ تـاکو بکرێـت بـە (مـەعاریفی کوردستان) لەلایەن حزبـی شـیوعییەوە خوالێخۆشـبوو حەیـدەر عوسمـان و لـە لایــەن پــارتی دیمــوکراتی کوردستانیشــەوە خوالێخۆشــبوو مەجیـد ئاســنگەر ئیمزایان کرد))[1].

هەرچـەندە ئـەم ئیمزاکردنـە، لـە ڕووی کارکردنـەوە، جێگـای خـۆی گـرت، بەڵام ناخی  بەشێك لە ئەندامە پارتییەکانی فێنك نەکردۆتەوە[2]

---

[1] - کەریم شارەزا: گۆڤاری ڕامان،  ژ/١٨٧ ی ٢٠١٢/١٢/٥ ، لا٩٤ .

[2] لەم بارەیەوە، مامۆستا فەرهاد عەونی، لـە دیدارێکدا، وەك نوکتـە، ئەمـەی لەسـەر زاری بـاوکی (عەونی) ی شـاعیر بـۆ گێڕاینـەوە، کـە ئەنـدامی کـۆنگرە بـووە، وتـی : (مامۆسـتایەکی مەسـیحی شیوعی، لەسـەر ئـەم پرسـە موناقەشـەی دەکـرد، ناهیـدەی شـێخ سـەلام چـەند جارێـك بـە نـاوی (مەتی)یەوە بانگی کرد .. مامۆستاکە تووڕەبوو، گوتی من ناوم مەتی نییە، ناوم پەتروسە. ناهیدە خان گوتی: ئەزانم ناوت پەترووسە، بەڵام تـۆ چـۆن بـە گـۆڕینی نـاوی خـۆت تووڕەبـووی، ئێمـەش ئەوها لەسەر ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکە تووڕە دەبین). مامۆستاکە (پەتروس گۆرگیس) بوو.

دوای نیـــوەڕۆی هـــەمان ڕۆژ (٩/١٠) کـــە دەکاتـــە پێـــنج شـــەممە، بـــۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کاتی میوان و ئەنـدامانی کـۆنگرە و بـۆ زاخـاوی مێشـك و هێورکردنەوەی باری دەروونی، مامۆستا خـەلیل خۆشـناو داوای لـە میوانـەکان کرد بۆ چەند کاتژمێرێك لەگەڵیـدا بچـن بـۆ تەماشـاکردنی شـایی و زەماوەنـدی بـووك گواسـتنەوەی (شـەقراوەییان)، دیـارە شـایی خـەڵکی شـەقڵاوە، لـە گەرموگوڕی جوانیدا ناوبانگی هەبووە و چەندین هەڵپەڕکێی باوی هەبووە، وەك ( سێ پێیی و سوسکەیی و تەمبۆڵێ و ئایشۆکێ و ..).

مامۆستا (حەمدیە سابیر) لەم بارەیەوە دەڵێ:

(( دوای نیـــوەڕۆ بـــوو، گوتیـــان بابچـــینە تەماشـــای شـــایی شەقلاوەییان ..

لە دووری گوێمان لە دەنگی دەهۆڵ و زۆڕنا بوو، (زوڕنا ژەنەکە خـدرۆك بـوو، بـاوکی یـەحیا و واحیـد مەرجان).

کـە گەیشـتین، شـاییەکە لـە گۆڕەپانێکی گەورە، لە پێش ماڵی قائمقام بوو.



حەمدیە سابیر

شوێنەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، شاییەکی گەورە بوو، خەڵکەکە، زۆر بە گەرموگوڕی هەڵدەپەڕین، پیاوێکی کەمێك بەتەمەن سەرچۆپییەکی زۆر جوانی دەکێشا، گاوانییەکەشی بەهەمان شێوە، لە هەرچوار دەوری گۆڕەپانەکە خەڵکێکی زۆر وەستابوون.



وێنەیەکی شایی بووك گواستنەوە، لە گۆڕەپانی بەردەم ماڵی قائممقام


لە(ئەرشیفی قادر مەلا حوتان) وەرگیراوە.

بەڕاستی چەند کاتژمێرێکی خۆشمان لەوێ بەسەربرد و هەندێك لە مامۆستایان، بەشداریی شایی و هەڵپەڕکێیەکەیان کرد))[1].

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمدیە سابیر ٢٠١٤/٥/١٣ هەولێر.

**١-٢-٤ کۆڕی ئەدەبی**

بۆ شەوەکەی (١٠ لەسەر ١١) ، له باخچەی ئەو هەوارگەیەی کە بۆ بەستنی کۆنگرەکە ئامادە کرابوو و لە سەر سەکۆی چالاکییەکان، ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی سازکرا[١].



ئەم شاعیر و بوێژانەی خوارەوە بەشدارییان تێداکرد:

سەرەتا (جگەر خوێن)[٢] ی شاعیر شیعرێکی شۆڕشگێڕیی خۆی خوێندەوە.

---

[١] سازدانی ئەم کۆڕە ئەدەبییە، بەرنامەبۆ دانراو نەبووە، بوێژ و شاعیران ئەم دەرفەتەیان بەهەلزانیوە بۆ بەهرەمەندکردنی کاتەکانیان.

لە چاوپێکەوتنێکماندا لە گەڵ مامۆستا (کەریم شارەزا) ، ناوی بەشداربووان و جۆری ئەو بەرهەمانەی پێ گوتین ، کە لە کۆڕەکەدا پێشکەشکران، هەرچەندە ناونیشانی شیعر و بابەتەکانی لەیاد نەمابوون، بەڵام لە وەسفی بابەتەکاندا، توانیومانە ساغیان بکەینەوە .

[٢] ناوی (شێخ مووس مەلا حەسەن)ە، لە ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی (هەساریێ) ی سەر بە قەزای مێردین لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٢٨ بووەتە مەلا، لە سەرەتای سییەکان وازی لە مەلایەتی هێناوە و دەستی بەخەباتی ڕۆشنبیری کردووە، لەساڵی ١٩٣٧ (نادییا جوان کورد) ی دامەزراندووە.

لەساڵی ١٩٥٩ هاتۆتە عێراق و بەشداریی لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد کردووە و دواتر بووەتە وانەبێژ لە بەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا، لە ساڵی ١٩٦٢ گەڕاوەتەوە سووریا. لە ساڵی ١٩٧٩ چووەتە وڵاتی سوێد و هەر لەوێ لە شاری ستۆکهۆڵم لە ١٩٨٢/١٠/٢٢ کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێندراوەتەوە شام.

بـــێ وەلات، بـــێ قـــەلات، ئـــەم چـــینە کوردینـــۆ

بـــێ جڤـــات، بـــێ خـــەبات، ئـــەم چـــینە کوردینـــۆ

بـێ خـەلیج و بـێ فـورات، بـێ جزیـر و بـێ خـەلات

بـــێ ســـەرا و بـــێ کـــەلات ئـــەم چـــینە کوردینـــۆ

تـــۆپ و کـــۆم و کـــۆ نـــەبن ئـــەم چـــینە بـــێ ئـــەوا

تـــانگ و تـــۆپ کۆنـــەبن ئـــەم چـــینە بـــێ ئـــەوا

تیپ و کۆم، کەوت و کـەش، تـانگ و تـۆپ بدنـە پـێش

ڤایـــــە دوژمـــــن ڕەڤـــــی، هەرنـــــەوا هەرنـــــەوا

پەهلـــەوان کـــۆ نـــەبن کـــەنگی پێـــك تـــێن هـــەمی

خوانـــدەڤان کۆنـــەبن کـــەنگی پێـــك دێـــن هـــەمی

خورتنـــو هەڕنەجـــەنگ، ڕەنگـــی ڕوســـتەم بـــدەنگ

دابـــڕێـــژیـــن خـورت و ڕەنـــد سـەربلـند ئـــەم هەمـی

---

جگەرخوێن لە چەندین بواردا بەرهەمی هەبووە وەك شیعر و ڕۆمان و فۆلکلـۆر و مێـژوو و ڕێزمـان و فەرهەنگی کوردی .. بڕوانە: گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، ئامادەکردن: سدیق ساڵح و ڕەفیـق سـاڵح و عەبدوڵلا زەنگەنە، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین، ٢٠١٦، ل١٢٩.

## محەمەد تۆفیق وردی[1]

شیعرێکی بۆ جوانیی شەقڵاوە خوێندەوە:

شـــەقڵاوە خـــاکی کـــوردان
مەڵبەنـدی شـێر و مـەردان
دیمـــەنی بـــاخی میـــوەت
هەر لە گوڵ ئەچێ شێوەت
لەنجـــەی چـــنار و لاو لاو
شەنگەبی و سەروی دەم ئاو
ڕائەکێشـــێ دڵ و گیـــان
کـــات و دەمـــی ئێـــواران
خـوڕەی ئـاوی ساردی تـۆ
دار و دڕك و بـــەردی تـــۆ



[1] محەمەد تۆفیق ڕەشید وەهـاب لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە شـاری کۆیـە لـەدایکبووە، لـە ١٩٤٤خانـەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە و بووە بەمامۆستا لە تەقتەق و قەڵادزێ.

لـە سـاڵی ١٩٤٢ لەگـەڵ چـەند هاوڕێیـەکی کۆمەڵـەی (دەنـگ) ی دامەزرانـدووە، لەسـەر چـالاکیی سیاسـیی چـەندجارێك گـیراوە و لـە وەزیفـە دەرکـراوە. لـە ١٩٧٥/١٢/٣ کۆچـی دوایـی کـردوە. بەرهەمێکی زۆری لە بوارەکانی شیعر و فۆلکلۆر و مێژووی کورد لـەدوای خۆیـدا بەجێهێشـتوون بـۆ نموونە: (حەسەن و مریـەم، ناسـر و مارمـار، ئـەنجامی داوێـن پیسـی، گـوڵی ناکـام ...). بڕوانـە: گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، ل ٢٨٤.

گه‌وهـــه‌ر و شـــه‌و چـــراغن
هـــه‌زاران بـــۆی بـــه داغـــن
بـــــۆنی گـــــوڵانی چـــــیمه‌ن
بـــه‌یبون و هه‌ڵاڵـــه و شـــه‌ن
سه‌رخۆشـت ئـه‌کا بـێ مـه‌ی
نـه‌خۆش سـاغه بـه نه‌شـئه‌ی
قوڵپـــه‌ی ئـــاوی وه‌ك بلـــوور
خاك و بـه‌ردی سـه‌وز و سـوور
ســه‌د گه‌وهــه‌ری بــه قوربــان
مـــــردوو دێنێتـــــه جـــــوولان
شـــنه‌ی شـــه‌ماڵ کـــاتێ دێ
ئـــه‌دا لـــه ســـێو و بـــه‌هێ
ئـــه‌ڵێی بوکـــه و له‌نجـــه‌دار
ئه‌چـــێ بـــۆ بـــاوه‌ش دڵـــدار
زوڵفـــه و نـــازی شـــۆڕه‌بی
لـــه دڵ تـــیره و گیرئـــه‌بی
خه‌نـــده‌ی گـــوڵی پشـــکوتوو
بانگـــت ئـــه‌کا زوو بـــه زوو

هـــەنار وەك مەمكـــە دڵبـــەر
هاتۆتـــە خـــوار بـــۆ كەمـــەر
قۆخیش وەكـو كوڵمـەی سـوور
خـــۆی ئـــەنوێنێ دووربـــەدوور
گـــوێزیش قـــەدی بڵنـــدی
ئەشـــەنگێنێ بـــە مەنـــدی
خـــۆ شـــەوانی مانگەشـــەو
كـــە ئـــەدا لـــە كێـــو پرتـــەو
ســـــەفین و دار و بـــــاری
ئەبنـــە گـــردی مـــرواری
مـــازو و بـــەڕ و قـــەزوان
كـــەوەت گۆیـــژ و ئەرغـــەوان
دەست تێك ئـەگرن بۆ شـایی
وەك كـــوڕ و كچـــی ئـــاوایی
بــزەی لێــوی مــانگی جــوان
ئەپـرژێـــــتە نـــــاو داران
ئـــــەهێنێ بـــــە ختیاری
شـــاد ئـــەكا پەســـت و زاری

كـــــۆترە باریكـــــە و كـــــەو
كـــاتێ هەڵئەســـتن لـــە خـــەو
دەم و وەختـــــــی بـــــــەیانی
شـــــەیدا ئەكـــــەن گـــــۆرانی
ئـــــــەخوێنن لـــــــــەناو دڵان
سوســـــكە و و كـــــەوی جـــــوان
هـــــۆش و بـــــیرت ئەجۆشـــــێ
ئەشـــــێوێی وەك سەرخۆشـــــێ
پـــۆل پـــۆل مـــەلی نـــاو چـــیا
دەســـتە دەســـتە و بـــە تـــەنیا
ئـــــەفڕن ئـــــەخوێنن شـــــادان
ئەخەنـــــە ســـــەما ئینســـــان
گـــردی ســـەوز و ســـوور و زەرد
ئەبـــەن ژەنـــگ و خـــەم و دەرد
شـــــــەقلاوە كوردســـــــــتانی
بۆیـــــە وا شـــــەنگ و جـــــوانی
ئـــــەت پـــــارێزم تـــــا مـــــاوم
پێشـــكەشتە گیـــان و چـــاوم

وەك نیشـــــــتمانی گــــــەلان

ســـــەربەرزی لــــەرێی ژیـــــان

نــــەك مــــن بەڵکــــە هــــەزاران

هاتوونــــــە کــــــۆڕی مەیــــــدان

.شــــــانازی بــــــەتۆ ئەکــــــەم

کەمــــە هێشــــتا وەســــفت کــــەم

بۆیــــــە ئەچــــــمە کۆتــــــەوە

تــــــــــاکو ڕۆژم بێتــــــــــەوە

ڕۆژێ دێ ئــــــەی نیشــــــتمان

خــــــاکی ڕەنگینــــــی کــــــوردان

نەتــــــەوەی ئێمــــــەی نەبــــــەز

لــــە جیهــــان ببــــی ســــەربەرز

وەکــــــو گــــــەلانی ئــــــــازاد

دوژمنـــــــان بکــــــا بــــــەرباد

بــــــــــەڕەنجی لاوی وریــــــــــا

دەنگــــی دەرخــــا لــــە دنیــــا

ئــــەو خاکــــە ئــــەو زەمینــــە

کــــە بەهەشــــــتی ڕەنگینــــــە

.

خـــــەمی تیـــــا نـــــەمێنێ

کــەس دەســتی بــۆ نــەهێنێ

بـــەڵێ ئـــەو ڕۆژە ڕوونـــە

لــە ســەر کــەل لــە بینینــە

مێـــژوو پێشـــــی نــــاگیرێ

بــە گوللــە و شــیر و تــیرێ

قافڵـــەی گـــەلان وا ئـــەڕوا

کــورد لــێ ی نــابیتن جیــا

گەرچــی ئێســتێ جــێ مــاوە

چــــــاوەنواڕی هـــــــەتاوە

خـــۆری ئـــازادی کـــوردان

پرشــنگی دا ســەر کــەژان [1]

[1] دەقی ئەم شیعرە لە گۆڤاری هیوا، ژ١، ساڵی(٣) تشرینی دووەمی ١٩٥٩، بلاوکراوەتەوە.

## کامل بصیر[1]

ئەم هەڵبەستەی بەشێوەزاری فەیلی خوێندەوە:




ڕێـــی خـــەباتی کـــورد تیەریکـــە و درێـــژ
دڵ لاوانـــی کـــورد خەفـــەت بـــارە و گێـــژ
بـــەڵام خۆرمـــان ئیمـــڕۆ ئەییتـــە و دەر
دڵمـــان و ڕێمـــان شـــادیە کاتـــە و ســـەر
ئـی گلـە ئـەی نویـد چـە سـە قـەومی کـورد
هـێـزێـکیان چـوونـە لـە مـێژوو چـە کـرد

[1] کامـل حەسـەن عـەزیز، لـە سـاڵی ١٩٣٣ لـە بەغـدا لـەدایکبووە، قۆناغـەکانی خوێنـدنی لەبەغـدا تەواوکردوون و لە ساڵی ١٩٥٨ بەشی عەرەبیی لە کۆلێژی ئاداب بە پلـەی ئیمتیـاز تـەواو کـردووە. ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری بڵێسـە بـووە، کـە لەلایـەن لقـی سـلێمانیی نەقابـەی مامۆستایانەوە دەردەچوو.
لەساڵی ١٩٦٦ بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی بەغدا لە ئەدەبدا، بەدەست هێناوە و لەساڵی ١٩٧٤ لە زانکۆی قاهیرە بڕوانامەی دکتۆرای لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و ڕەوانبێژیدا بەدەستهێناوە.
لـە سـاڵی ١٩٧٥ تـا ١٩٨٠ بووەتـە سـەرۆکی بەشـی کـوردی و ڕاگـری کۆلێـژی ئـاداب  لـە زانکـۆی سلێمانی. لەساڵی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردووە.
چەندین لێکۆڵینـەوە و کتێبـی بـە زمـانی کـوردی و بەعـەرەبی هەیـە، لەوانـە: (زمـانی کـوردی بـۆ دەستپێکەران، زاراوەی کوردی، ڕەخنەسازی، نهجیە الادب المقـارن بـین الاغریـق والعـرب، ... ). .
بڕوانە: گۆڤاری بڵێسە،ئامادەکردنی: سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، بەرگی یەکەم، لـە بڵاوکراوەکـانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٠. ل٥.

نــە پەنـدار کویــە و چـۆل و دەلیــای شــەو
بـتـوانــێ بـخــا گـیـانـمـان ئـەدەست خـەو
چــونکە کوردســتان و کوردیــل هەرمایــەن
کەســیش نـــەتوانس بکـــوژی نـــاو یـــەن
گیانەکـــەم ئـــەی لاو شـــۆڕش خوامانـــە
ڕەنگـــە ســـورەکەی ئـــازی دڵمـــا نـــە
برێـــژن خوێنـــد نـــا هەچـــکی دۆڵـــە
لـــە خوێنـــت پڕبـــی ئینجـــا بـــە هۆڵـــە
نـــە یێژیـــد میمـــرم گیانەکـــەم ئـــەی لاو
چـونـکە ئەچـرمـەت شـۆڕش خـودای نــاو[1]

[1] دەقی ئەم هەڵبەستە لە گۆڤاری ژین، ژمارە(١٤٧٥)، ٩٥٩/٩/٢٤ ، ل٤، بلاوکراوەتەوە.

**كەریم شارەزا**[1] شیعرێكی سیاسیی خوێندەوە:



ئـــەی داگیركـــەر، ئـــەی داگیركـــەر
ئیمپریـــــــالیزمی جانـــــــــەوەر!
تـا دوێنـێ ژێـر دەسـتی تـۆ بـووم
بـــە كـــردارت ڕەنجـــەڕۆ بـــووم
بـە غـەدر و زۆرداریـت دیـل بـووم
وەك بەنـــدكراوی باســـتیل بـــووم
بـــەڵام ئـــەمڕۆ مـــن سەربەســـتم!
بەمـــەی  ڕزگـــاری سەرمەســـتم!
كـە تـۆم دەركـرد لـە ئـەم خاكـە
دەژیـــم چـــۆن بـــزانـ،م چـــاكـــە

[1] كەریم مستەفا لە١٩٢٨/٣/٤ لـە كۆیـە لـەدایكبووە، قۆناغـەكانی سـەرەتایی و ناوەنـدیی لەكۆیـە خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٠ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواوكردووە. لە ١٩٥٠/١٠/٩ بە مامۆستای وانەكانی كوردی و عەرەبی لە قوتابخانەی سەرەتایی كۆیە دامەزراوە.
لەسەر هەڵوێستی كوردانە، بۆ پارێزگـای زیقـار گوازراوەتـەوە، دوای ڕێككەوتننامـەی ١١ی ئـازاری ساڵی ١٩٧٠كراوەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی كۆڕەك لە هەولێر. هەر لەو ساڵەدا، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری لقی هەولێری یەكێتیی نووسەرانی كورد بووە. لە پاییزی ١٩٩٣ كاری وەرگێڕی یاساو بڕیارەكانی پەرلەمانی كوردستانی كردووە. لە٢٠١٥/٥/٢٣ لە هەولێر كۆچی دوایی كردووە.
چەندین بەرهەمی بەچاپ گەیاندووە، لەوانە: (ئـازادی و ژیـان،  دوو بـەرگ لـە: كۆیـە و شـاعیرانی، وێنەی شیعری لای شاعیرانی كورد، چەپكێك لە شیعرەكانی سامی عەوداڵ و ....). بڕوانە: دیـوانی شارەزا،چاپی یەكەم ٢٠١٦،ل٣٨٥

چـی تـر پـێم نـاڵێی تـۆ بـەدی،
ئامـــانجی پـــیس دەهێنیـــەدی
کۆمۆنیســـــتی، ڕووخێنـــــەری
گێرەشـــــێوێنی تێکـــــدەری
تـــاوانم هـــەق پەرســـتی بـــوو
داوای نـــان و سەربەســـتی بـــوو
پاداشـــتم بەنـــدی و زنجـــیر بـــوو
ئـــازاردانی جەســـتە و بـــیر بـــوو
هەڵخســـتنی ســـێدارە بـــــوو
بۆردومـــــانی تـــــەیارە بـــــوو
وەك ئـــــازادخوازانی ماومـــــاو
جـــــەزایری زۆر لێکـــــراو
وەك قولـــــەکانی ئـــــەمریکا
پێشـــــمەرگەکانی ئـــــەیۆکا
ئـەی داگـیر کـەر، ئـەی داگیرکـەر
ئیمپریالیزمـــــە جانـــــەوەر!
گـــوڵی ئامـــانجی مـــن گەشـــە
دادی تـــۆ نـــادا هەڕەشـــە
.

بـــه که‌شـــتی گـــه‌ل، بۆمبـــای ئـــه‌تۆم
هه‌ڵناکـــه‌نرێم لـــه جێگـــه‌ی خـــۆم
وه‌ك هـــه‌ورامان، کێـــوی کـــاڕوخ
ده‌وه‌ســـتم به‌رامبـــه‌ر ســـاڕووخ
چـــونکه بـــه‌هێزه بـــاوه‌ڕم
به‌رامبـــه‌رت شـــێری نـــه‌ڕم
کوردســـتان وڵاتـــی منـــه
نـــه‌ك جێـــی پیلانـــی دوژمنـــه
منـــی ڕۆڵـــه‌ی دڵســـۆزی کـــورد
ڕۆڵـــه‌ی نه‌تـــه‌وه‌ی کـــاوه‌ی کـــورد
ســـه‌ر دانانـــه‌وێنم بـــۆ زۆردار
بـــۆ نۆکـــه‌رانی ئیســـتیعمار! !
جانـــه‌وه‌رنیم ئـــاده‌مزادم
خـــاوه‌ن بیرێکـــی ئـــازادم
ده‌تکـــوژم پـــێش وه‌ی بمکـــوژی
نایـــه‌ڵم لـــه خاکمـــا بـــژی
ده‌ســـتی خیانـــه‌تمان بـــڕی
ئـــازادیـــمـــان بـــه‌خـــوێـــن کـــڕی

ئامانجمـــان ڕێكـــى و ڕاســـتييە

ئاواتمـــان شـــادى و ئاشـــتييە

ئـــازادى خـــواز گـــەل پەرســـتين

ســـەربازى ڕێگـــەى سەربەســـتين

لات ڕوونـــاك بـــێ، ئـــەى داگيركـــەر

ئـــەى زەرووى خوێنمـــژى بەشـــەر

ســـەركەوتن بـــۆ هـــەق پەرســـتە

مـــردن بـــۆ ئـيـمـپريـــاليـستە ! ![1]

لە كۆتايى كۆڕى شيعر خوێندنەوەكەدا، هەريەك لە تاهير ئەحمەد حـەوێزى و سابير ئيسماعيل، بە ئامۆژگارى و سەربوردەو قسـەى خـۆش بەشـدارييان لـە كۆڕەكەدا كرد[2].

[1] دواى وردبوونە لـە شـيعرە سياسـييەكانى ئـەو سـەردەمەيدا، لەگـەڵ كامـەران شـارەزا ى كـوڕى شاعير، گەيشتينە ئەو باوەڕەى كە مامۆستا كەريم شارەزا، ئەم شيعرەى پيشكەشكردووە.

[2] لەبەر ئەوەى بابەتەكانيان بە شێوەيەكى سەرپێيى (ارتجالى) پێشكەش كردوون و دواتر ئاماژەيك نييە، كە لەهيچ گۆڤار و ڕۆژنامەيەكدا بلاوكرابنەوە، بۆيە لە ئێستادا دەستمان پێيان نەگەيشتووە. تـاهير حـەوێزى چـەند دەسنووسـێكى بەجێهێشـتوون و تـا ئێسـتا چـاپ نـەكراون، بەتايبـەتى بيرەوەرييەكانى ڕۆژانى ژيانى خۆى، كە هيواداريـن، لـەو بەرهەمەيـدا باسـێكى ئـەو بابەتـەى خـۆى كردبێت.

## ١-٢-٥ دانیشتنەکانی کۆنگرە

### ١-٢-٥-١ ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە

#### ١-٢-٥-١-١ دانیشتنی یەکەم

لە ژێر دروشمی: (من اجل احیاء التراث الفکری و التوسع والازدهار للثقافة والتعلیم الشعب الکردی) (( با گەشە بکا زانستی ی نەتەوایەتی میللەتی کورد) کاتژمێر (١٠) ی سەر لەبەیانیی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩٥٩/٩/١١ بە سلاوی کۆماری کۆنگرە کرایەوە.



ئەم وێنەیە، لە ئەرشیفی مامۆستا ئەحمەد حەسەن (ئەحمەدەفەندی) یە و لەلایەن پارێزەر (فاروق کەریم بەگ) پارێزراوە

دواتـر سـروودی (عەبدولکـەریم)  لەلایـەن تیپێـك لـە قوتابیـانی شـەقلاوە پێشکەشکرا[١]:

عەبدولکەریم ئەی پاڵەوانەکەم     پێشەنگی قافلەی نیشتمانەکەم

سەرداری پاکمی     ئاودێری خاکمی

شێری بێ باکمی     عەبدولکەریم

* * *

مانگی گەلاوێژ چواردە بو     عەبدولکەریم کەوتیتە ڕو

بەبیر و هەستەوە     مەشخەڵ بەدەستەوە

زۆردارت بەستەوە     عەبدولکەریم

* * *

عەبدولکەریم زەبرت نوان     سەنگەری شاهانت ڕمان

ئازادی پێکەنی     یۆ تۆڵەیێ سەنی

دنیا ڕاچەنی     عەبدولکەریم

* * *

[١] - هـۆنراوە و ئـاوازی (ع.ع. شـەونم)ە، (بەڕێوەبەرایـەتیی پـەروەردە و زانیـاری شـاری سـلێمانی ئامـاژە بەنووسـراوی وەزارەتـی پـەروەردەو زانیـاری  - بەڕێوەبەرایـەتیی کاروبـاری هونـەری گشـتی  - ژمـارە (٥٤٥١٦) لـە ١ـ١٢ـ١٩٥٨ لـە ٣١ـ١٢ـ ١٩٥٨ لێژنەیـەکی پێکهێنـا بـۆ هەڵبـژاردنی سـرودی کـوردی بـۆ ئـەوەی لـە نامیبلکەیـەك  بەناونیشـانی (سـرودی کـوردی بـۆ قوتابیـان) چـاپ بکـرێن و بەسـەر قوتابخانەکانـدا دابەشـیبکەن، ئـەم سـروودەش یەکێکـە لەوان و قوتابیان ئەزبەریان کردبوو).

چینی هەژار هەڵسایەوە کۆنەپەرست تەوسایەوە

مافی هەموو کەسێ ئەڕوات و ناوەسێ

هەر دادە هەڵئەسێ عەبدولکەریم

* * *

عەبدولکەریم بۆ نیشتمان بەختی ئەکەین سامان و گیان

سەربەستیمان ئەوێ ئاسایشمان ئەوێ

گەل تازە ناخەوێ عەبدولکەریم

* * *

عەبدولکەریم تۆ هەر برۆ تا پێ بنێ هەنگاوی تۆ

تاکو پلەی سەر و ئێوەیش بەبێ پشوو

پارێزەرین هەموو عەبدولکەریم

ئینجا مامۆستا مەجید ئاسنگەر وتەی بەخێرهێنانی پێشکەشکرد و داوای لە عەلائەدین مەحموود[1]، پارێزگار (متصرف) ی هەولێرکرد، بۆ ئەوەی وتارەکەی پێشکەش بکات.

[1] لە کۆلێژی ئەرکان مامۆستا بووە، دوای دوو ڕۆژ لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە ١٦/تەمووز/١٩٥٨ تا نیسان/١٩٦٢ پۆستی پارێزگاری هەولێری وەرگرتووە.

## وتاری پارێزگاری هەولێر

کاتژمێر ١٠:١٠ ، زەعیم ڕوکن عەلائەددین مەحموود وتارەکەی بەزمانی عەرەبی خوێندەوە.



دەقی وتارەکە بە کوردی بەم شێوەیە لە گۆڤاری هەتاودا بڵاوکراوەتەوە[١]:

ئەی پایە گەوران .. بەناوی خودای تاك، کۆنگرەی خوێندنی زمانی کوردی دەکەمەوە. جوانترین مەرحەباتان لێ بێ، ئاواتەخوازم کە لە کار و باری کۆنگرەدا سەرکەوتووبن.

ئەو کۆنگرەیەی کەوا سەری هەڵداوە لە دەمی کۆماری دا.ئەوەش یەکێکە لەو سوود و کەڵکانەی، کە شۆڕشی چواردەی تەمووز لە ژێر سایەی پێشەوای مەزن کاك عەبدولکەریم قاسم دا بە نەوەکانی عێراقی گەیاندووە، دوای ئەوەی کە بڕیاردراوە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی زمانی کوردی، دابمەزرێ

[١] دەقی هەمان وتار، بە وەرگێڕانێکی جیاوازەوە، لە (کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە)شدا، تۆمارکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆڤاری هەتاو وتارەکەی زووتر بڵاو کردۆتەوە، ئەومان هەڵبژارد. بڕوانە: گۆڤاری هەتاو، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح وڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، بەرگی شەشەم بەشی یەکەم، ل٤٧١٥.

و ئەو کۆنگرەیە شوێنەوارێکی کاریگەری لە دوا ڕۆژی خوێندنی زمانی کوردیدا دەبێ و هەر لەسەر هەوڵ و خەباتی ئەو کۆنگرەیە بناغەی دەستووری خوێندن و پێشخستنی زانیاری تر جگە لەوەی، کە وێژەی کوردی بۆ زمانانی تر وەربگێڕدرێ بە تایبەتی بۆ زمانی عەرەبی و بە پێچەوانە، کە بەو هۆیەوە بەروبوومی وێژەیی لە عێراق دا پەرە دەستێنێ.

براینە ئەوەی لەسەر شانتانە هەوڵێکی کەمی پێ ناوێ بۆ دانانی ڕێگەو دەستوورێکی ڕاست بۆ گوتنەوەی دەرسی کوردی و هەر بەو چەشنە پرۆژە زانیارییەکان بە زاراوە تایبەتییەکانیانەوە.

بێ شك ورد بوونەوە لە شێوەکانی زمانی کوردی، کە پەیوەندیی بە گیانی ڕۆژگارەوە بێ، ناچارییە و ئامادەکردنی ئەشخاص گرنگترین فەرمانە. لقی نەقابەی مامۆستایانی هەولێر دوو دەورەیان کردۆتەوە بۆ ئافرەتان و بۆ پیاوان بۆ فێرکردنی شێوەی دەرس وتنەوە، کە ئەوە بنچینەی کارە بۆ ڕێکخستن و چەسپاندنی خەبات و تەقەلایان لەو پرۆژەیەدا.

بەڕێزینە ئەو کۆنگرەیە بە یەکەمین هەنگاو دەژمێردرێت بۆ ڕێکخستنی پرۆژەیەکی زیندوو بۆ لێکۆڵینەوە، کە دەبێتە بنچینەی زانیاری لە گشت بابەتێکەوە، دوای ئەوەی کە لە پێش دا لێکۆڵینەوە تەنها (حصر) بوو بەسەر ئەوانەدا، کە لە زمان و وێژەدا شارەزابوون وەکو تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی. لە کۆتاییدا ئاواتەخوازم کە کۆنگرە سەرکەوتوو و پێشکەوتووبێ لە کار و باریدا وەهەروەها تەقدیری لقی نەقابەی مامۆستایانی هەولێر دەکەم کەوا ئەو

کۆنگرەیەی پێکەوەناوە کە برادەرانی لە هـەموو ولاَتێکـی دوورەوە هێنـاوە بـۆ ئەوەی کە لە هەر بابەتێکەوە سەر ڕوشتەیان هەیە  لێی بکۆڵنەوە وە هـەر بـەو چەشنە تەقدیری نەقابەی مامۆستایانی عێراق دەکەم بۆ ئەو یارمەتییانـەی کـە بە لقی هەولێری پێشکەش کردووە.

نەقیبی مامۆستایان و هاوڕێیەکانی کە ئێستا لەگەڵ ئێمەدا لێرەدا ئامادەن. لـە خودای تاك و تەنیا دەپاڕێمـەوە و چـەند جـارێکی تـریش یاریکارمـان بێـت بـۆ پێکەوەنانی کۆنگرەی تریش لە دوا ڕۆژدا لە ژێر سێبەری کۆماری خۆشەویستی عێراقـی دا لـە ژێـر فەرمانـداری پێشـەوای ڕزگاریـدەر عەبدولکـەریم قاسـم بـۆ گۆڕینەوەی بیر و باوەڕ و لە پرۆژەی گرنگ کۆڵینەوە لەوانەی کە پـەیوەنـدییان بە ڕۆڵەکانی ولاَتەوە هەیە و  بۆ کەڵکی گشتی والسلام علیکم.

## وتاری نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عێراق

مامۆستا (نەجیب محی الدین)[1] نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عێراق وتارێکی بە عەرەبی پێشکەشکرد، دەقەکە ی بە کوردی، ئەمەیە: [2]

مامۆستایانی بەڕێز و خۆشەویست ... ئەی خوشك و برایان



نەقابەی مامۆستایان لە  کۆماری عێراق دا ئەمڕۆ زۆر دڵشادە، کە بە بەستنی ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەی هاوڕێی مامۆستاکانی کوردمان، کە لەژێردروشمی بوژاندنەوەی سامانی فکری و گەشەپێدانی خوێندەواری، پەرەپێدانی فێرکردن لە کوردستان ئەگێڕێ.

من زۆر بەگەرمی یەوە پیرۆزبایی ئەم کۆنگرەیەتان لێ دەکەم و تکای سەرکەوتنتانی تیا ئەکەم، بەمە هەستی پیرۆز و پشتگیریی هەموو ئەندامانی نەقابەکەمان دەر ئەبڕم لەم ولآتە ڕەنگینەدا بەرامبەر بە هاوڕێکانمانەوە لە پێناوی خوێندەواری نەتەوایەتیی خۆیانەوە گەشە پێدان وبلآوکردنەوەو

---

[1] لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٥ی قەزای دەلتاوە (خالص)ی دیوانیەیە، دوای (فیصل الثامر) بۆ ماوەی دوو خول (١٩٥٩ و ١٩٦٠) بە نەقیبی مامۆستایانی عێراق هەڵبژێردراوە.

ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بەستنی کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، لە ماوەی حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی سەرەتایی لە وەزارەتی مەعاریف لە ئەستۆدا بووە.

٢ دەقی ئەم وتارە گۆڤاری هەتاو، ل٤٧٣١ بلاوکراوەتەوە.

بەرزکردنەوەی ڕادەی زانیاری. گەورەینە، فێرکردنی (التعليم) لە وڵاتەکەماندا بەرەنگاری گەلێ تەگەرەی گشتی ئەبێ کە هەموو گۆشەیەکی وڵات ئەتەنێتەوە هەر لە سەرووییەوە هەتا بە خوارووی ئەگات وە لە گەلێ لەو کۆنگرانە کە هەتا ئێستا گیراون وە لە تەگەرەی فێرکردن کۆڵیویانەتەوە و لێی دواون، گەلێ هۆیان دەرخستووە و چەند چارەیەکیشیان بۆ داناون، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا گەلێ تەگەرەی سەرەکی هەیە کە پەیوەندیی بە ناوچەیەك یا چەند ناوچەیەکەوە هەیە نەك هەموو ناوچەکان چاوەڕێی چارەسەر و لێکۆڵینەوەیە چونکە لەوێدا جیاوازییەکی تەواو هەیە لە ڕادەی خوێندەواری و مافی زانیاری بۆ ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە کە ئەمیش دیارە بە پێچەوانەی بیروباوەڕی دیموکراتییە کە هەل ئامادە ئەکا بۆ فێرکردنی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بەبێ جیاوازی بەینی نەتەوایەتی، ئەم دوا کەوتنەش لە چەند هۆیەکەوە هاتووە کە ئیمپریالیزم و فەرمانڕەوا و کۆنەپەرستانی دەوری دوابڕاو دەستێکی بالاّیان تێدابووە بە جۆرێك و بە ئاشکرا، بەتایبەتی ئەبینرا کە براو ڕۆڵە کوردەکانمان بێ بەش بوون لە فێربوونی خوێندەواری، نە هەل و نە ڕێگایان پێ ئەدرا بۆ بووژاندنەوەی کەلەبەری فیکری و فەرمانکردن و ناسین و خوێندنی مێژووی گەلەکەیان. شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی نەمر، کە شۆڕشێکی نیشتمانی و دیموکراتی بووە، بە سەرکردایەتی خۆشەویستی گەل کاك عەبدولکەریم قاسم بەرپاکرا، ڕژێمی بۆگەنی کۆنی نغرۆ کرد بۆ سوودی زۆربەی گەل و پارێزگاری مافەکانیان بەبێ جیاوازی لەنێوان نەتەوایەتییاندا. دەڵێم کە پاراستنی مافی

گه‌لی كورد نسبه‌ت به‌م شۆڕشه شتێكی سروشتییه، چونكه دووه‌م  نه‌ته‌وه‌ی سه‌ره‌كیی پێك ئه‌هێنێ له‌م نیشتمانه‌دا، وه له هه‌موو شه‌ڕ و خه‌بات و تێكۆشانێكیدا شان به‌شانی برا عه‌ره‌به‌كان و نه‌ته‌وه‌كانی تری عێراق به‌رهه‌ڵستی ئه‌و ده‌وره بۆگه‌ن ودەستدرێژیی بێگانه وه‌ستاون، ئه‌مه‌ش له ده‌ستووری كاتیی عێراقدا ده‌ركه‌وت كه حكوومه‌تی شۆڕش له‌یه‌كه‌م مانگی ته‌مه‌نیدا داینا، له كاتێكا كه نیقابه‌ی مامۆستایان دامه‌زرێنرا و یه‌كه‌م كۆنگره‌ی له مانگی شوباتی ١٩٥٩ به‌ست، بۆ لێدوان له خوێنده‌واری و هونه‌ری نه‌ته‌وه‌كانی عێراق، ئه‌و هه‌موو ته‌گه‌رانه‌خرانه ڕوو كه كۆنگره هه‌ستی پێ كردبوون و فره تێكۆشا بۆچاره‌سه‌ر كردنییان، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش لێژنه‌یه‌ك به‌ناوی (لێژنه‌ی لێكۆڵینه‌وه له گیروگرفتی زانیاری و هونه‌ری نه‌ته‌وه‌كان) پێك هێنرا، لێره‌دا هه‌ندێك هاوڕێی كورد هاوكارییان كردین و نیقابه‌ش دوای لێكۆڵینه‌وه له پێشنیاره‌كان ئه‌م بڕیارانه‌ی دا:

١- دانانی پرۆگرامێكی یه‌كگرتوو بۆ هه‌موو ناوچه‌كانی كۆماری عێراق، له‌ناو هه‌موو دانیشتوانی عێراقدا به مه‌رجێك تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی سه‌رجه‌م نه‌ته‌وه‌كان و كه‌مایه‌تییه‌كانی دیكه‌ی تێدا بخرێته به‌رچاو.

٢- دامه‌زراندنی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تییه‌كی گشتی بۆ كورده‌كان كه سه‌رپه‌رشتیی خوێندن بكات له ناو قوتابخانه كوردییه‌كانی كۆماری عێراق له هه‌موو ڕوویه‌كی كارگێڕی و هونه‌رییه‌وه.

٣- خوێندن له قوتابخانه كوردییه‌كان بكرێته كوردی.

٤– خوێنـدنی مێـژووی كـورد لـەناو قوتابخانـە كوردييـەكان بەتايبـەتی و لـە سـەرجەم قوتابخانـەكانی ديكـە بەگشـتی، بـۆ ئـەوەی گـەلی عـەرەب شـارەزای مێژووی برا كوردەكانيان بن.

٥– ئـەدەبی كـوردی لـە قوتابخانەكانـدا بخوێنـدرێ و لـە زانكـۆی بەغـدا بـە شێوەيەكی ئيختياری بخوێندرێ و لێی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عـەرەبی و لـە قوتابخانـەكانی عەرەبيـدا بخوێنـدرێ بـە پێـی پـەيمانی خوێنـدەواريی نێـوان كۆمـاری عێـراق ـ كۆمـاری عـەرەبيی يـەكگرتوو و وە بـەپێی مـاددەی (٣) لـە دەسـتووری كـاتيی عێراقـدا كـە ئـەڵێ: ﴿ عـەرەب و كـورد لـەم نيشـتمانەدا هاوبەشـن﴾، كـۆنگرە وا بەچـاك ئـەزانێ كـە مێـژووی كـورد لـە قوتابخانـەكانی كۆماری عەرەبيی يەكگرتوودا بخوێنـدرێ  ئەمـەو چـەند ئامۆژگارييـەكی گرنگـی تريش لەم ڕووەوە. نيقابەی مامۆستايان ڕێكخراوێكی پيشەيی ديموكراتييە، لـە پێنـاوی بووژاندنـەوەی سـامانی فيكريـی گـەلی هـەوڵ ئـەدا، تـێ ئەكۆشـێ بـۆ بەرزكردنـــەوەی ڕادەی خوێنـــدەواری وە گـــۆڕينی پێـــودانی (اســـاليب) و پـەرەپێدانی، هەتاكو هەموو بستە زەوييەكی ئەم نيشتمانە ئەگرێتـەوە، ئـا لـەم مەبدەئە و باوەڕی دان نان بە مافی نەتەوايەتيی كوردا هەڵئەقوڵێ، هـەر وەكـو بـاوەڕی بـە مـافی هـەموو كەمايەتييـەكانی ديكـە هەيـە، چـونكە لەمـەدا خۆشەويسـتی و يەكييـەتی نيشـتمانی و پارێزگـاری تێـدا بـەدی دەكرێـت بـۆ يەكگرتنی نيشتمانی كە گەلی پێشەوای مەزن وتوويەتی وە بۆ ئـەوەی كـە هـيچ كاتێك ئيمپرياليزمی و بەكرێ گيراوان نەتوانن ئەم يەكگرتنە لێك بپچڕێنن، لەبەر

ئەوە داوای لە وەزارەتی مەعارف کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانە بە تایبەتی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بۆ زانیاری کوردەکان کە پێی بووترێ ﴿ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردستان﴾ لە کاتێکا، کە کۆنگرەی نەقابە بۆ کۆبوونەوە لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا بڕیاری دا کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بۆ مامۆستایانی کورد بگێڕێ، کە لە ئەندامانی نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی و هەولێر پێك بێت، لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تر لە پارێزگاکانی دیکە بۆ لێکۆڵینەوە لەو شتانەی کە پەیوەندییان هەیە بە گیر و گرفتی زانیاری و فێرکردن و کارگێڕی. وەك هەستی پێدەکەن و ئەم کۆنگرەیە بەرهەمی ئەو بڕیارەیە کە لەو کۆنگرەیەدا دراوە و نەقابەی مامۆستایان باوەڕی وایە کە کاروباری فێرکردن و خوێندەواری و دوا ڕۆژی لەسەر شانی هەموو خوێندەوارێکە نەك مامۆستایان بە تەنیا. لەبەر ئەوە کۆنگرە زۆر بە شادییەوە هەرچی پێشنیارو تێبینییەك کە ڕووناکیەك ئەدا بەو گیروگرفتانەی کە ئەخرێتە پێش چاوی ئەوانەی کەلێرەدا کۆبوونەتەوە تاوەکو ڕێگایەکی بە کەڵك وپڕ سوودی بۆ بدۆزنەوە وەرئەگیرێ. ئەندامانی نیقابەی مامۆستایان بەشداربوو لە دانانی یاسایەکی نوێ بۆ وەزارەتی مەعارف کە لەو یاسایەدا بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی زانیاری کوردستانی تیا دانرا. سیادەتی وەزیری مەعارفیش دەستێکی بالآی هەبوو لە راپەڕاندنیدا، هەر وەکو یاسا نوێیەکە دەرچووە و دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتیەکی گشتی بۆ بۆ زانیاری کوردی تێدایە کە سەر پەرشتی کاروباری فێرکردنی قوتابخانە کوردییەکان بکا.

نیقابــەی مامۆســتایان لــە دامەزرانــدنی ئــەم بەڕێوەبەرایەتییــەدا هــەنگاوێکی گەورەی پێشکەوتووی تێدا بەدی ئـەکات، کـە پێویسـتی بـە سوپاسـە، چـونکە بەڕاستی دان بەمافی خوێندەواری برا کوردەکانماندا دەنێ، وە ئەم بناغەیە بێ گومان هـەموو جـۆرە پێویسـتییەکی خوێنـدەواری نەتەوایـەتی ڕاسـتی تێدایـە. نیقابەی مامۆستایان هەر وەکو وتم نیقابەیەکی پیشـەیی دیموکراتییـە وە هـەتا هەتایە هەر هەوڵ ئەدا بۆ جێبەجێکردنی مافی زانیاری نەتەوایەتی وە لە هەمان کاتدا گرنگییەك لەمەدا ئەبینێ و ئەیبەستێتەوە بە مافی نەتەوایەتی گشتیەوە، کۆنگرەکەتان داواتان لێدەکا، کە بایەخ بە کـارو بـاری زمـان و وێـژەو مێـژوو و جێبــەجێکردنی یاســای وەزارەتــی زانیــاری بــدەن، کــە بــە باشــترین شــێوە هەڵبسووڕێ. دڵنیـام لـەوە، کـە خزمـەتێکی گـەورە پێشـکەش بـە گەلەکـەمان بکەن، ئەگەر بگەنە چەند ئامۆژگارییەکی بە کـەڵکی کـرداری و دوور لـە سـۆز و بەیاکاداان. بەمە ڕێگایەکی باش ئەخەنە بەرچاو بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەم یاسـا تازەیە بـۆ بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی خوێنـدنی کـوردی، کـە لـە توانایدایـە ئـەم ئامانجانە بهێنێتەدی، کە بۆی دانراوە.

براینە، خوشکینە ! بێ گومان ئێوە خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە گـەلی کـورد ئەکەن، چونکە هەر ئێـوە بـوون، کـە هاوبەشـی ڕزگاربوونیتـان کـرد لـە ئـاگری ئیمپریالیزمی چەپەڵ و کۆنەپەرستی، ئێمە دڵنیاین، کە ئێوە سروشتی نیقابەی مامۆسـتایان دەزانـن، کـە نیقابەیـەکی پیشـەییە و ڕەچـاوی ئـەم دۆخـە گرانـە ئەکەن، کە بـەرەنگاری بۆتـەوە چـونکە لـەم ڕۆژانـەدا کەوتۆتـە بـەر هێرشـێکی


نارەوا. جا لەبەر ئەوە تکاتان لێ ئەکەین، کە هەموو باس و بڕیارەکانتان لەچوارچێوەی پیشەیی نیقابەکەتان دەرنەچێ، کە بەپێ ی یاساو ئامۆژگاری سیادەتی پێشەوا هەنگاو ئەنێ. براینە، خوشکینە ! ڕۆژگار بۆی دەرخستین، کە هەموو پارێزگارییەکی مافی نەتەوایەتی و خوێندەواریمان بەستراوە بە پارێزگاری کۆمارە نەمرەکەمان و بەجێگیرکردن و چەسپاندنی یاسای دیموکراتی، لەبەر ئەوە پێویستە، کە لەسەر هەموومان بەبێ جیاوازی نەتەوایەتی و کەمایەتی هەوڵ بدەین بۆ گردبوونەوە لە دەوری سەرۆکەکانی شۆڕش بە پێی ئامۆژگاری سەرۆکی مەزن عەبدولکەریم قاسم بجوولێینەوە و لە ئەنجامدا پڕ بەدەم هاوار ئەکەم با بدرەوشێتەوە خوێندەواری نەتەوایەتی کورد شانبەشانی درەوشاندنەوەی دەستەخوشکەکەی، کە خوێندەواریی عەرەبییە. ئیتر بژی یەکگرتنی عەرەب و کورد و کەمایەتییەکانی تر لە عێراقدا بۆ درەوشانەوەو پەرە پێدانی فێربوون و بەرز کردنەوەی زانستی و پارێزگاریی کۆمارە دیموکراتییەکەمان. هەربژی تاکە سەرۆکمان کاک عەبدولکەریم قاسم))[١]

---

[١] مامۆستا گیو موکریانی لە پەراوێزدا بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بەرامبەر وتارەکەی، ئەم وتانەی بۆ مامۆستا نەجیب محێدین نووسیوە: ((مامۆستا نجیب محی الدین بەناوی هەموو کورد زمانێکەوە سوپاسی هەستی بەرزی ئێوە و نیقابەی ماموستا عەرەبەکان دەکەم بە ڕاستی هەر ئێوەبوون کە ئاڵای داد و ئاشتی و مروڤایەتی و دیموکراتی تان لەناو گیتی دا هەڵدا، ئیتر سەر شۆڕی و ڕووڕەشی و بی بەزەیی و خوینخۆری دڕندانەو زۆر و بیدادی جانەوەرانە تەنها لە عەجەم و تورکە باربار و ئاغایەکانیان دەوەشێتەوە)). بڕوانە: گۆڤاری هەتاو: ژ/١٦٣، لا ٣.

## وتاری لقی هەولێری سەندیکای مامۆستایان

مامۆستا حەیدەر عوسمان[1]، وتاری لقی هەولێری سەندیکای مامۆستایانی بە کوردی خوێندەوە[2]:



خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم، کە لەم کاتە خۆشەدا لەم کۆنگرە پیرۆزەدا ڕادەوەستم و بەناوی لێژنەی ئیدارەی لقی مامۆستایانی هەولێرەوە بە دڵێکی پڕ لە خۆشییەوە بەخێر هاتنتان ئەکەم وە زۆر سوپاسی هەستی بەرزتان ئەکەم، کە ئامادەبوون بۆ ئەم کۆنگرەیە.

سلاوێکی گەرم لە کانگای دڵمانەوە وە لەناو ئەو شاخ و دیمەنە خۆشانەی کوردستانەوە لە قەد چیای سەفینی ڕەنگین و جوان وەلەناو ئەم دار و درەختە ڕەنگاورەنگانەدا، ئەم سلاوەتان پێشکەش دەکەم، وە هیوامان وایە کاتێکی خۆش و بە نرخ و پڕ سوود ڕابوێرن.

---

[1] حەیدەر عوسمان عەبدوڵلا، لە ساڵی ١٩٢٢ لە هەولێر لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر خوێندووە، لە ساڵی ١٩٤٦، خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە. بۆ یەکەمجار لە ڕواندز، وەك مامۆستا دامەزراوە و دواتر هاتۆتەوە هەولێر. لە ساڵی ١٩٦١ گواستراوەتەوە بۆ بەغدا، لە ساڵی ١٩٧٥ خانەنشین کراوە.

[2] دەقی ئەم وتارە لە (کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە)دا ل٢٨، بلاوکراوەتەوە.

خوشك و براینە: یەکەمین جارە لە مێژووی کوردستانی عێراقی دا ئەم جۆرە کۆنگرەیە بە ئاشکرا و لەژێر چاوەدێری کاربەدەستانی جمهوریەتە دیموکراتیەکەماندا ڕێك بخرێ ئەمیش بۆ لێدوان و باسکردنی گیر و گرفت و کاروباری زانیارییە لە کوردسانی عێراقدا، کە یەکێکە لە مافەکانی نەتەوایەتی کورد وە لە سایەی جمهوریەتە دیموکراییەکەمانەوە جێبەجێ دەکرێ.

بەلێ یەکەمین جارە لە مێژوودا چونکە کاتی پاشایەتی بۆگەن مافی کوردەکان وە هەتا مافی عەرەبە ئازادەکانیش داگیرکرابوو.

بەلام سپێدەی ڕۆژی چاردەی گەلاوێژی نەمر ڕۆڵەی گەلی نەبەز کاك عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ هێزی سوپا و گەل توانی لە کاتێکی کەمدا قەلای زۆرداری و سەنگەری سەختی ئیستیعمار و نۆکەر و کۆنەپەرستی و دەرەبەگی برووخێنێ وە هەموو نەتەوەکانی عێراق ئازاد بکات.

ئەم کۆنگرەیە یەکێکە لە دەستکەوتە بە نرخەکانی شۆڕشە پیرۆزەکەمان، کە پاش خەباتێکی خوێناوی و تێکۆشانێکی برایانەی گەلانی عێراق بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی ترەوە دەست کەوتووە، کە پێویستە لەسەرمان زۆر بەچاکی بیپارێزین.

ئەی تێکۆشەرانی نیشتمان پەروەر، کۆبوونەوەی ئەم کۆنگرەیە زۆر گرنگە نەك هەر بۆ کورد و بەس، بەڵکو بۆ هەموو ئازادیخوازێك، کە لە هەموولایەکی عێراقەوە چاویان لەم کۆنگرەیەیە، بۆیە پێویستە بە دڵێکی پاك و پڕ لە خۆشی وە بە هەموو تواناکانمانەوە ئامانجمان تەنها سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە بێت.

پێویستە بە تەماشاکردنێکی زۆر قووڵ سەیری بکرێ، نەك بەچاوێکی تەسك، چونکە ئەم کۆنگرەیە یەکەمین کۆنگرەیە لە کاتی جمهوریەتەکەماندا دەبەسترێ.

جا ئەگەر بێتو خوانەخواستە ئەنجامی باشی نەبێ، ئەبێتە هۆی لەدەست چوونی گەلێك لە دەستکەوتووە دیموکراتیەکانمان، وە ئێمەش واز لە مافەکانی خۆمان ناهێنین بەڵکو زۆر ئومێدەوارین، کە کار بەدەستانی جمهوریەتە دیموکراتیەکەمان مافەکانی نەتەوایەتی هەموو نەتەوەکانی عێراق بپارێزن. وە دەزانین، کە چەندە پتر ژیانی دیموکراسی بچەسپێ ئەوەندەی ترمان لە مافەکانمان دەست دەکەوێ، وە زۆر پێویستە ئەم کۆنگرەیە دوور بێ لە هەموو جۆرە بیر و باوەڕێك کە تەگەرە دەخاتە پێش ئەم گۆنگرەیەی، کە خەریکە زمانەکەمان بژێنێتەوە.

ئیتر بژی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد


بژی برایەتی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تر.

بژی جمهوریەتە دیموکراتییەکەمان

بژی سەرۆکی جمهوریەت کاك عەبدولکەریم قاسم..

## وتارێك بەناوی خەڵكی شەقلاوە

بەناوی دانیشتوانی شەقلاوە، مامۆستا (خەلیل خۆشناو)[1] وتارێكی پڕ هەست و سۆزی بە كوردی پێشكەشكرد:



خوشك و برایانی خۆشەویست ..
میوانانی بەڕێز .
بەناوی دانیشتوانی شەقلاوەی جوان و بەناوی هەموو كوردزمانێكەوە و بەناوی كوردستانی مەزنی لەتلەت كراوی بریندار لە كانگای دڵمەوە بەخێرهاتنێكی گەرمتان دەكەم.

---

[1] خەلیل كوڕی حەمەد بەگ كوڕی لە ساڵی ١٩٢٢ لە شەقلاوە لەدایكبووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەقلاوە دەستپێكردووە، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە، لە ساڵی ١٩٣٩ لە خانەی باڵای مامۆستایان لە بەغدا وەرگیراوە، ئەندامی حزبی هیوا بووە، لە ساڵی ١٩٤١ بەهۆی بەشداریی لە ڕووداوەكانی سیاسیی ئەوكات، دەستگیر دەكرێت، بە ناچاری وازی لەخوێندن هێناوە، هاتۆتەوە شەقلاوە و بە شێوەیەكی كاتی بووەتە مامۆستای سەرەتایی. بەهۆی سازكردنی خۆپیشاندان دژی ئینگلیزەكان، لە پیشەی مامۆستایەتی دوور خراوەتەوە، دەبێتە فەرمانبەر لە فەرمانگەی هاوینەهەواری سەلاحەدین. لە ساڵی ١٩٤٤كراوەتەوە بە مامۆستا.
ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە بەڕێوەبردنی كۆنگرەی مامۆستایانی كورد لە شەقلاوە. لە ساڵی ١٩٧٣ دەبێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، لە ١٩٩٤/٨/١٥ كۆچی دوایی كردووە. ئەم ژیاننامەیەمان لە مامۆستا پێشەنگ كوڕی مامۆستا خەلیل وەرگرتووە.

شەقلاوەی ڕەنگین هەتاهەتایە هەر شانازی دەکات بەم کۆنگرەیەی مامۆسایانی کورد لە کوردستاندا، بەڵێ شانازی بەم کۆنگرەیە ئەکا، کە نوێنەرانی بە هەموو سەربەستییەکەوە بیرو باوەڕیان نیشان دەدەن بۆ بووژاندنەوەی زمان و زانیاری و پێشخستنی کورد، ئەم کۆنگرەیەی کەوا ئەگەر شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی نەمر نەبوایە، تا چەند ساڵێکی تر ڕێی نەدەدرا. بەڵێ ئەی شەقلاوەی شیرین هەقتە شانازی بکەی و بەم شەرەفە خۆت هەڵکێشی وە هەروەها من و هاوڕێکانیشم زۆر خۆمان بە بەختیار دەزانین، کە خزمەتکردنی ئێوەمان پێ ئەسپێردراوە، بەڵێ ئێوەی کەوا هەموو کوردێك لە هەموو شوێنێکی کوردستان چاوەنۆڕتانە، کە بڕیارێکی ئەوتۆ بدەن، کە خوێندن و زانیاری و زمانی کوردی بگەشێتەوە لە ژێر سێبەری کۆماری عێراق وە بەسەرۆکایەتیی ڕۆڵەی کورد و عەرەب کاك عەبدولکەریم قاسم.

خۆشەویستانم لە پێش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی نەمر حکوومەتی خائینی فیصل و عبدالاله و نووری سەعید دانیان بە مافەکانی کورد نە ئەناو نە بە مافەکانی گەلی عەرەب و نەتەوە کەمایەتییەکانی تری عێڕاق. بەڵکوو بە پێی ویستەمەنیی ئیستعمار وکۆنەپەرستی و دەرەبەگی خوێنمێژ حوکمیان ئەگێڕا، بۆیە کورد و عەرەب و کەمۆکەکانی تر، ڕقیان لێی بوو و بە ئاشکرا و بە دزی هەوڵیان دەدا لەناوی بەرن، بەڵام لەگەڵ تیشکی ئازادی ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژی نەمر بەدەرکەوت و سەرکردەی ئازا کاك عەبدولکەریمی قارەمان بە پیشتوانیی گەل بەیەك زەبر دامودەزگای خائین و کۆنەپەرستان و کۆلەکەی هەرەچەسپاوی

ئیستعماری له ڕۆژهەلآت دا ڕووخاند، بەڵێ ئـەم سـەرکرده قارەمانـه ددانـی بـه مافەکانی گەلی عێراق و نەتەوەی کورد ناوه له سایەی شۆڕشـی ١٤ی گەلاوێـژی نەمرەوه هەتا دیموکراتییەت له عێراقدا پتر بچەسپیٚ، کوردیش مافەکانی زیـاتر وەردەگریٚ. وه ئێمه به هیچ جۆرێك قبوولٚ ناکەین گـریٚ بکەوێتـه نـاو حقـووقی سەقافی کورد وه لەعەینی کاتیشدا به توندی مکافەحەی فکری ئینفیصالییەت ئەکـەین و لـه زددی ڕائەوەسـتین، لـه مـاددەی سـێیەمی جمهوریەتـدا، کـاك عەبدولکەریم قاسم پیشانی جیهانی دا کـەوا جمهوریـەتی عێـراق جمهوریـەتێکی دیموکراتی سەربەخۆیه وه کورد و عەرەبیش لەم جمهوریەت و لـەم نیشـتمانەدا شەریکن. بەڵێ هەموو کوردێك بـه دڵپـاکی سوپاسـی سـەرۆکی کـورد و عـەرەب کاك عەبدولکەریمی پاڵەوان ئەکا، لەسـەر دانـانی مـادەی سـێیەمی دەسـتووری موەققەت.

خۆشەویستانم : کورد و عـەرەب تـەنها لـەم جمهوریەتـەدا شـەریك نـین، بـەلکو مێژوو شاهیده، کەوا هەزارساڵه شەریکن له بەرهەڵستکردنی ئیستعماری ڕۆژئاوا که هێرشی هێنا سەر ڕۆژهەلآت, بـەڵێ لـەم شـەڕانەی کەلـه مێـژوودا بـه شـەڕی خـاچ پەرسـتان تۆمـارکراوه هـەزاران ڕۆڵـەی کـورد و عـەرەبی تێـدا کـوژراون و دەربەدەربوون، هەتا له دواییدا بەسەرکردەیی صلاح الدینی ئـەیوبی قارەمـانی بەناوبانگی کورد، ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوای دوژمنی کورد و عەرەبی شـکاندو تێـی هەڵدا.

برایان زۆر جارانی تریش کورد و عەرەب لە تەنگانەو خوێن ڕژتنا شـەریك بـوون و هەتا لەو دوایەیدا و لە چەند ساڵێك لەمەوپێشدا لە شەڕی فەلەستین بەرامبەر ئیسـتعماری ڕۆژ ئـاوا و صـەهیۆنییەت خـوێنی کـورد و عـەرەب لەسـەر خـاکی پـیرۆزی فەلەسـتین تێکـەڵ بـوون و ڕژان لـە پـێش چـاوی تاکـە سـەرۆك کـاك عەبدولکەریم قاسمی قارەمان.

برایانم: لە زۆر جێگایانی دیکەدا کورد و عەرەب پێکەوە شەریکن دیلی و بەندی ئازارکێشان لە لایـەکی بەدەسـت تورکـانی تورکیـای کۆنەپەرسـتەوە لـە لیـوای بـەزۆر داگیرکـراوی ئەسـکەندەرونەوە وە (٢٠) لیـوای کوردسـتانی ڕۆژهـەڵاتی تورکیـا و بـە تایبـەتی لیـوا بـەخوێن شـوراو و ئـاگر تـێ بـەربووی دەرسـیم و دیاربەکر وەهەروەهاش بەدەست کۆنەپەرستی ئێران جەورو زۆرداری حکومەتـە فاشیەکەی جارێ لە عەرەبستانی عەجەم و جارێ لە کوردستانی ئێرانی دا.

بەڵێ برایانم شەریکایەتی کورد و عەرەب لە ئەوەندە ڕووداو و قەوماوانی گرنگن کـەوا نـاژمێردرێن. فـەرموون لـە چـاردەی گەلاوێـژی نـەمر، کـە سـەرکردەی خۆشەویستمان کاك عەبدالکریمی قارەمان بە پیشتیوانی سـوپا و گـەل هێرشـی بردە سەر قەڵای ئیستعمار و دەرەبەگ و کۆنەپەرستی، بەڵێ کە هێرشـی بـردە سـەر کۆشـکی شـاهانەی بـۆ گـەن و نـوری سـعید و توولـەو تـانجیـەکانی تـری ئیستعمار، بەڵێ لەم هێرشـەدا کـورد و عـەرەب شـەریك بـوون و بەشـەریکایەتی خوێنیان ڕژتوو، داو و دەزگای ئیستعماریان تێکدا. ئینجـا دەبـا کۆنەپەرسـت و دەرەبـەگ و خـائن و شـرکەتە پـیلان گێڕەکـان دەبـا دراوسـێ فاشسـتەکان و

تورانی و سەهیۆنیەکان بەڵێ دەبا ئیستعماری عالـەمی بـه هـەموو ڕق و کینـەو دۆلار وجونەیهو تمەن و پاوەنەوە، با هەوڵ بـدەن بۆلێك سـوور کردنـەوەی بـۆ ئاژاوه نانەوه وه ساردی پەیداکردن له نێوانی نەتەوەکانی عێڕاقا بەڵێ چـی لـه دەستیان دێ با قسوور نەکەن، ئەمما دەبێ ئەوەش چاك بزانن، که ئەوەنـدەی زەڕڕەیەك ڕێگەیان نادەین، کـه خوسـت بکەنـه سـەر ئـەم برایەتییـەی کـورد و عەرەب ئەم ئیخلاص و خۆشەویستیەی بەینی کورد و عـەرەب چـونکه تێکـەڵی خوێنیـان بـووه، دەهێسـکانیان گەڕایـه. وه چـونکه هـەزار سـاڵه لـه شـایی و شیوەندا پێکەوه ژیاون.

ئیتر با ئەم ناحەزانه هەر شەق بەرن با لەداخان وەزگ بـدەن، خـۆ هـەر دوێنـێ بوو، که موئامەره پیسەکەی شـەوافی خـائین، کـه بـه پەنجـەی فاشیسـتەکانی دراوسیمان هەڵسوڕا، بەڵێ من خۆم لەوێ بووم وه به چاوی خۆم دیم، که چۆن وەك بـاز و شـاهێن، وەك پڵنگـی چـەنگ بـه خـوێن کوردەکـان لەسـەر چـیا بـه بەفرداپۆشراوەکانی کوردستان هەر وەکو دایك و باوکیـان کـوژرابێ هـەر وەکـو ئاگریان ده ماڵی بەربووبێ بەڵێ هەر وەکو تەلەسـم بەنـد کـرابن، بـەبێ ئـەوەی گـوێ بدەنــه ســەرماو برســیەتی و کــوژران، بــەڵێ یەکســەره لەگــەڵ بــرا عەرەبەکانیان پەلاماریاندایه سەر پیلانگێڕەکان و تەفر و تونایان کردن، ئـەمما ئەم کردەوەیه لەلایەن کوردەکان ئـازایی و پیـاوەتی نـەبوو بـەڵکو واجـب بـوو، چونکو جمهوریەتی عێڕاق جمهوریەتی کورد و عەرەبه و پێشەوا عەبدولکـەریمی قارەمان سەرۆکی کورد و عەرەبه.

خۆشەویستان ئەمە چەند وێنەیەك بوون لە شەریکایەتی کورد و عەرەب لە ڕۆژانی تەنگانە و شەڕ وخوێن ڕژتندا، وەمن لەم کۆنگرە پیرۆزەدا باسی ئەم چەند شەریکایەتیەم نە ئەکرد، چونکە کۆنگرەکەمان لە بابەت زانست و زانیاری یەوەیە... بەلأم هەتا لەم ڕووەش بە درێژایی هەزاران سالأن پتر کورد و عەرەب لە خزمەت کردنی شارستانیەتی و پێشکەوتنی ئینسانیەتدا هەر شەریك بوونە. ئەمما لەبەر هەندێك پروپاگەندە، وە هەندێك بەدکاران لە نۆکەرانی ئیستعمار و دەرەبەگان ناچار بووم، کە لەم ڕووەوە لە شەریکایەتی و برایەتی کورد و عەرەب بدوێم، سەرەڕای ئەوانەش هەر بە پێی مادە ٩ ی دەستووری موەقەت، کە ڕێگا درا ئەم کۆنگرەیەمان ببەسترێ بۆ بەراورد کردن و گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەبابەت خوێندن و زانیاری و پەروەردە و پێگەیاندنی نەتەوەی کورد وە بە پێی مادەی سێیەمەوە لە زانست و زانیاریشدا، کورد و عەرەب هەر شەریکن.

ئێساش ئەی نوێنەرانی بەڕێز ئێوە، کە بە گیانێکی نیشتمان پەروەرانەوە لە دوو بانگی نیقابەی مامۆستایانەوە هاتوون و لەم کۆنگرە مێژوویی یەدا بەشدار بوون، کە لە هەموو جیهاندا دەنگی داوەتەوە. وە کە دۆست و دوژمن بە وردی تەماشای دەکەین و بڕیارەکان دەپشکنینەوە.

دۆستەکانمان بە هیوایەکی پڕسوودەوە چاوەنۆڕی بڕیار و ئەنجامی ئەم کۆنگرەیەمان دەکەن، ئەمما دوژمنەکانمان، بە تایبەتی حکومەتە ئیستعمارییەکان، کە ئەم پاروەچەورەی وەکو عێراقیان لەدەم دەرهات، ئەو

عێراقەی کە لە پێش ١٤ی گەلاوێژی نەمردا، بۆ ئەوان وەك مانگایەکی بەشیر بوو، ئێستاش لەدەستییان دەرچووە، ئەو دوژمنانەمان بەو چاوە تەماشامان دەکەن، کە نوختەیەکی بچووکی بێ ئەهمیەتی تێدا بکەنە موشکیلەیەکی گەورە و زورنای پێوە لێدەن و خەریکن هەڵەیەکی بچووك بدۆزنەوە، تاوەکو بیکەنە کەلەبەرێکی گەورە بۆ ئەوەی دووبارە بێنەوەناومان، چونکە ئیستعمار ناتوانێ بچێتە ولاتێکی هەتا ناکۆکی و دوژمنایەتی تێدا پەیدا نەکات لە نێوانی ئاین و تیرەو هۆزەکانیدا، بۆیە پێویستە هەموو بڕیارێکمان بەو تەرازوە بکێشرێ وە بەم چاوەی تەماشابکرێ وە بە تایبەتی لەم زروفە ناسکەی کۆمارەکەماندا، کەوا کۆنەپەرستی و دەرەبەگی و تۆرانییەت و صەهیۆنیەت و ئیستعمار پاڵیان داوەتە یەك و هێرشیان هێناوەتە سەر بەهێزترین سەنگەری کۆمارە دیموکراتیەکەمان، کە ئەم سەنگەرە بە تینەش مادەی سێیەمی دەستووری موەقەتە برایەتی کورد و عەرەبە، بەڵام  دوژمنەکانمان  با ئەوە چاك بزانن، کە هەرچەندە لەم تەمەنە کورتەی کۆمارەکەماندا زۆر پیلانیان ڕێکخستووە، بەلام قەتیش سەر نەکەوتن و پیشتوانی و برایەتی کورد و عەرەب و پێشەوایی تاکە سەرۆك کاك عەبدولکەریم قاسم، لە هەموو پیلانەکانی تریشیان هەر ڕوو ڕەش و شەرمەزار ئەبن، بەڵێ دوژمن قەت سەر ناکەون، چونکە شیعارەکانی کورد و عەرەب و هەموو نەتەوە کەمایەتییەکانی تری عێراق یەکن وە هەموویان بە یەك دەنگ و یەك باوەڕ لە دەروونێکی پاکەوە هاوار دەکەن: با برایەتی کورد و عەرەب زیاتر بچەسپێنین و پتەوتری بکەین.

با ڕێگا نەدەینە ناکۆکی و دووبەرەکی، کە هێللانەمان لەناودا بکات، با ڕێ نەدەینە ئیستعمار و کۆنەپەرستی و دەرەبەگی، کە بگەڕێنەوە خاکی پاکی عێراقی خاوێن. کە ئەویش بە پشتی یەکگرتنی سوپاو گەلە، لە ژێر سەرکردەی پێشەوای مەزنمان کاك عەبدولکەریم قاسمی پاڵەوان.

با کۆماری عێراقی دیموکراتی بپارێزین بە هەوڵ و کۆشش سەر و ماڵ، با پێشەوای عێراق کاك عەبدولکەریم قاسم ی پاڵەوان بە هەرچی هەمانە بیپارێزین و سەربازی دڵسۆزی بین[1].

[1] دەقی ئەم وتارە لە گۆڤاری هەتاو، ژمارە ١٦٣ی ١٥/تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە: گۆڤاری هەتاو، ئامادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵلا زەنگەنە، بەرگی شەشەم، بەشی یەکەم، ل٤٧٥٢. ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە، ئەم وتارە لەگەڵ وتارەکانی دیکەی کۆنگرە، لە نامیلکەی (کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە) تۆمار نەکراوە، کە لەلایەن لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان چاپکراوە.

## وتاری ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی هەولێر

(موهیب حەیدەری)[1] وتارێکی بەناوی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی هەولێر پێشکەش کرد:[2]



مامۆستایانی بەڕێز..

گوێگرانی خۆشەویست.

بەناوی لێژنەی پەیوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان خۆم بە بەختیار دەزانم، کە لە کانگای دڵەوە گەرمترین سلاڤوتان پێشکەش بکەم ..

پیرۆزبایی لە ئێوەو لە خۆم دەکەم بە بۆنەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە کە هیوای هەموو کوردێکی دلسۆز و نیشمان پەروەرە. بێگومان ئەم کۆنگرەیە ڕووداوێکی بەرزی مێژووییە لە ژیانی گەلەکەماندا، وە ئەوەی کە بزەی خۆشی و بەختیاری

---

[1] موهیب کوڕی حەیدەر کوڕی عاصم حەیدەریی ماوەرانی یە. لە ساڵی ١٩٣٣لە هەولێر لەدایکبووە، لەدایکبووە، ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی عێراقی بووە. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، بە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی قوتابیانی عێراق هەڵبژێردراوە. دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەستگیر دەکرێ و لە ٩-١٠/ئادار/١٩٦٣، لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی گوللەباران دەکرێن.

[2] دەقی ئەم وتارە لە (کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە) دا، ل٣١، بڵاوکراوەتەوە.

دەخاتە سەر لێو ئەوەیە کە یەکەم جارە لەژێر سایەی دیموکراسیەت دا بە ئازادی مامۆسایانی کورد دەتوانن کۆ ببنەوە بۆ ئامانجێ کە جێگای شادی و دڵنیایی کوردە.

مامۆسایانی بەڕێز ....

هەلگرانی چرای ڕووناکی..

ڕابەرانی ڕێگەی زانستی..

ئێمەی ڕێکخراوە دیموکراسییەکانی هەولێر، داواتان لێدەکەین کە قۆڵی خزمەتی لێ هەڵماڵین بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرە لەسەر بنچینەی هەستکردن بە فەرمانی سەر شانتان وە هەموو تواناتان بەخت کەن بۆ جێگیربوونی ئەم مافە نەتەوایەتییە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ڕادەی زانستی لە کوردستاندا، دووبارە سڵاوی دڵسۆزیمان پێشکەش ئەکەین و هیوادارین، کە کۆنگرە سەرکەوتووبێ لە کاروبارە بە نرخەکانی دا، بۆ پێشەوە لە ڕێی خزمەت کردنی ڕاستەقینە و دڵسۆزانەدا.

بژی کۆماری عێراق بە سەربەستی و دیموکراسی بە سەرۆکایەتی ڕۆڵەی گەل کاک عەبدولکەریم قاسم.

بژی برایەتی کورد و عەرەب بۆ پاراستنی کۆمارە سەربەخۆکەمان..

ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی هەولێر

## وتاری مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق

بە ناوی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق و لێژنەی کاروباری کوردستانەوە، (داراتۆفیق)[1] وتارێکی خوێندەوە[2]:



ئەی ئەندامانی کۆنگرەی بەرێز:

ئەی هەڵگرانی مەشخەڵی زانیاری و خوێندەواری ی کوردی، بەناوی بارەگا و نوێنەرانی لاوانی دیموکراتی عێراقەوە سلاوێکی گەرم پێشکەش بە کۆنگرەکەتان ئەکەم، کە یەکەمین کۆنگرەیە لەم جۆرە.

ئاواتەخوازین، کە بە بریاری بە کەڵك و زانیاری یانەوە کۆتایی بێت بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی خوێندەواری و وێژەیی  دیموکراتی یانەی کوردی وە

---

[1] لە ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی خوێندووە، بۆ خوێندن لە بەشی ئەندازیاری شارستانی چووەتە بەغدا، بەلام لەبەر چالاکیی سیاسی، بۆ ماوەی دووساڵ لە کۆلێژ دەرکراوە. بەم هۆیەوە ڕوو لە هەندەران دەکات و لە ساڵی ١٩٥٧ ئەندازیاریی شارستانی لە ئینگلتەرا تەواو دەکات. ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە سازکردنی یەکەم کۆنفرانسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، کە لە ١٩٥٦/٨/١ لە ئەڵمانیا بەسترا. لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التاخی) برایەتی بووە. لە ١٩٨٠/١١/٥ لە بەغدا، دەستگیرکراوە و شوێنبزرکراوە.

[2] دەقی ئەم وتارە لە کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، ل٣٣ بلاوکراوەتەوە.

لــە کــۆڕی خوێنـــدەواری و زانســـتی دا ســـەرکەوتنێکی تـــر بخەنـــە ســـەر ســـەرکەوتنەکانی تـری کۆمارەکـەمان بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆکی دڵسـۆز کـاك عەبدولکەریم.

ئەی هاوڕێیانی بەڕێز ...

کۆنگرەکەتان ئـەرکی چـارەکردنی بـاری خوێنـدەواری و کۆمەڵایـەتی خراوەتـە سەرشان کە گومانمان نییە ئـەنجامی ئـەو چـارەکردنە کـارێکی گـەورە ئەکاتـە سەر گشت گەلی کورد بە تایبەتی سەر ئەو کوردانەی، کە تا لـەوەش بـێ بـەش کراون، کە بە زمانی باو و باپیریان بخوێنن.

هەروەهایش گومانمان نییە ئەو چارە کردنە ئەبێتـە ڕابـەری لێژنـەی لاوانـی کوردستانی عێراق، کە لقێکە لە یەکێتییەکـەمان، کـە سـووکە بەرنامەیـەکی بـۆ ڕاژەکردنی خوێندەواری و وێـژەی کـوردی دانـاوە وە زۆر بـە شـادییەوە پێتـان ڕائەگەیەنین، کە یەکێتییەکەمان بۆ سەراپا لقەکانی ئامادەیە لەم ڕووەوە تا لـەو پەڕی توانای یاررمەتیتان بدات.

وە ئەوەی کە پێویستە بیلێین ئەوەیە، کە ڕەنگە بڕیاری بـاش و بـە کـەڵك بـدرێت، بـەلاَم لـە ئەنجامـدا نەخرێتـە کـارەوە، لەبـەر ئـەوە لەسـەر هـەمووان پێویستە ئیتر، بیر و بڕوامان هەرچی چۆنێك بێت، کە بەیـەك دڵ و یـەك دەسـت چاکی دڵسۆزی لێ بکەین بەلادا، بۆ خستنە کارەوەی بڕیارەکانمان وە ئەمـەیش پێویستی سەرشانی هەموو یەکێکمان بێت بێ جیاوازی.

ئەی خوشکان و برایان...

بـەڵێ کۆمارەکـەمان ماوەیـەکی فراوانـی بـە کوردەکانـدا، کـە هـەموو مـافێکی نەتەوایەتی خۆیان بەکار بهێنن وە ئەمـە یەکـەمین جـارە، کـە گـەلی کـورد ئـەو ماوەیەی دراوەتێ، ئەویش لە سایەی کۆمارە خۆشەویستەکەمانەوەیە.

کەواتە با هەموو پێکەوە بە کورد و عەرەب و گشت کەمـە نەتەوایەتییـەکانی تـرەوە بـۆ پاراسـتنی کۆمارەکـەمان  تێبکۆشـین، کـە تـەنیا پاڵپشـتە بـۆ دەسـتکەوتی فـراوانتر، وە ئەگـەر سـەرکەوتنی ئـەو نەبوایـە، نـە ئـەتوانرا کۆنگرەیەکی لەم جۆرە بگیرێ.

بژی کۆمارە ئازادە دیموکراتییەکەمان بە سەرۆکایەتی کاك عەبدولکەریم.

بژی کۆنگرەکەتان و نەقابە تێکۆشەرەکەتان..

پەرەسێنتر بێت خوێندەواری و وێژەی کوردی.

بارەگای بەجێ هێنان

یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق.

## خوێندنەوەی چەند برووسکەیەك که به کۆنگره گەیشتبوون

دوای خوێندنەوەی وتارەکان، مامۆستا کەریم شارەزا، چەند برووسکەیەکی خوێندنەوە، که بۆ کۆنگره نێردرابوون، لەوانە:

**سڵاوی بارەگای خەبات له هەولێر**

**بۆ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد له شەقڵاوه**[1]

بارەگای خەبات لە شاری هەولێر بەخێرهاتنێکی گەرمتان ئەکات و سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەتان پێشکەش ئەکات، ئەی مامۆستایانی بەڕێزی کورد. نەتەوەی کورد سەراپا، لە هەر چوار پارچەی دابڕاوەکەی کوردستانیا چاوەنواڕی ئەو ئەنجامەیە، کە لەژێر دەست نووستان دەرئەچێت، ئەو نەتەوەیەی ساڵەها ساڵه له خەبات دایە بۆ وەرگرتنەوەی مافی نەتەوایەتی لەسەر ڕێبازی دیموکراتی، وه لەسایەی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی پیرۆز و ژیری کاکه کەریم قاسمدا، کوردستانی عێراق ئازاد بووه وه کورد و عەرەب بە گوێرەی دەستووری وەختی به هاوبەش دانراون له نیشتمانا.

ئێوەش ئەی مامۆستایان، ئۆباڵێکی مێژووییتان له ئەستۆیه، هیوادارین، که به فرمانی خۆتان هەڵسن.

ئیتر هەربژی تاکه پێشەوای کورد و عەرەب کاکه کەریم قاسم.

بژی برایەتی کورد و عەرەب.

بژی خەباتی مامۆستایان.

[1] دەقی ئەم بروسکەیه له ڕۆژنامەی خەبات، ژ٥٤ ی ١٣/ئەیلوول/١٩٥٩، ل١ بڵاوکراوەتەوە.

## سلاوی دەستەی نووسەرانی خەبات بۆ کۆنگرەی مامۆستا کوردەکان :

## کۆنگرەی مامۆستا کوردەکان ـ شەقلاوە

بەناوی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی خەباتەوە سلاو لە کۆنگرەکەتان ئەکەین کە بۆتان هاتە بەستن بە هۆی یەکگرتنی کۆششی هۆشیاران و دلسۆزانی گەلی کوردەوە بە پشتیوانی هەموو نیشتمانپەروەرە بە شەرەفەکانی عێراق بۆ هاوبەشیکردنێکی چالاکانە لە جێبەجێکردنی پرۆژەی مودیریەتی مەعاریفی کوردستان و دانانی بناغەبەکی عەمەلی دروست بۆ ڕەفتار پێ کردنی.


ئێمە لە کاتێکدا، کە باش ئەزانین گرتنی کۆنگرەیەکی وا، وە لەم بارەی ئێستادا، بە تایبەتی چەند بە نرخە بۆ خزمەتی خوێندەواری نەتەوایەتی گەلی کورد و بووژاندنەوەی، لەپاش ئەوەی، کە دەستووری موەقەتی کۆمارە دیموکراتی یەکەمان دانی پێدانا وەکوو مافێك لە مافە نەتەوایەتییەکانمان، هەر لەو کاتەدا هیوامان وایە، کۆنگرە بگاتە ئەنجامی بە کەڵك لەو ڕووەوە وە کاروباری کۆنگرە بەرێکی پڕ لە خێر و چاکە بگرێت بۆ ڕۆڵانی کوردستان هەموویان، وە بۆ پتەوکردنی پێوەندی برایەتی نێوانی ئەوان و برا عەرەبەکانی و هەموو دانیشتوانی تری عێراق لەژێر سایەی ڕژێمی جمهووری خەملێومان بە سەرکردەیی پێشەوای تاقانە کاك عەبدولکەریم قاسم.

عەلی عەبدوڵلا ئەندازیار لە جیاتی

((دەستەی نووسەرانی خەبات))

## برووسکەی مامۆستا بەشیر موشیر[1]

### لە یەکێتی ئەدیبە عێراقیەکان



پیرۆزباییتـــان لێ ئەکـــەم وە هیـــوای ســـەرکەوتنتان ئەکـــەم بـــۆ زیندووکردنـــەوەی زمـــان و ئـــەدەب و مێـــژووی گـــەلی کـــورد     لەگـــەڵ جێبەجێکردنیداخوازییە ڕەواکەمان، کە پێکهێنانی مودیریەتی یەتی مـەعاریفی کوردستانە لە نزیکترین کاتا.[2]

بەغدا ـ بەشیر موشیر

---

[1] لەساڵی ١٨٩٠ لە سلێمانی لەدایك بـووە، لەسـەر بڵاوکردنـەوەی بەیاننامـە دژی عوسمانییـەکان، سلێمانیی جێهێشتووە و چووە بۆ بەغدا، دوکانی بەرگدووی دانـاوە، لـە دەسـترەنگینیدا ناوبـانگی دەرکـردووە، جلـی بنەماڵـەی مـەلیك  و دەوڵەمەنـدەکانی دوورییـوە. دوکانەکـەی بـووە شـوێنی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و دۆستەکانی، دواتر دوکانەکەی دەکاتە شتی وردەواڵە وشـوێنی  کتێـب و گۆڤار و ڕۆژنامە فرۆشـی، کۆمـەڵی (کاژیـك) لـە ١٩٥٩/٤/١٤ لـە دوکانەکـەی ئـەو دامـەزراوە، دوای کودەتاکەی ٨ی شوبات بەعسییەکان دەستگیری دەکەن و ئەشکەنجەی دەدەن، دوای بەربوونی لە ١٩٦٣/٧/٣ کۆچی دوایی دەکات.

[2] خەبات، ژ٥٤ ی ١٣/ئەیلول ٩٥٩، ل٦٧.

## برووسکەی کۆمەڵی فەلاحانی شەقلاوە

کۆمەڵەی جوتیارانی هیوا لە شەقلاوە بەناوی فـەلاحانی ناوچـەی شـەقلاوەوە، سلاوێکی گەرمیان بۆ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد ناردوە، وە لـە نامەکەیانـدا، دوای بەخێرهێنانێکی گەرم، داوایـان لێ کـردوون، کـە بـۆ هێنانـەدیی مدیریـەتی مەعاریفی گشتی بۆ دراسەتی کوردی، بە هەموو هێزێکیانـەوە کۆششـبکەن، وە بە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان سوێندیان دەدەن، کـە درێغـی نەکـەن لـە خزمەتی زانیاری کوردستانی عێراقدا،((چونکە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بـۆ گـەلی کوردی تێکۆشەر لە ژێر سێبەری کۆمارە (جەمهوریەتە) دیموکراتییەکـەمان، بـە سەرۆکایەتی جوامێری کورد و عەرەب کاکە کەریم قاسم))[١].

[١] خەبات، ژ ٥٦ ی ١٥/ئەیلول ٩٥٩، لا ٣٧.

## خوێندنەوەی ئەو بروسکانەی کۆنگرە ئاراستەی کردن

کـۆنگرە چـەند برووسـکەیەکی ئاراسـتەی چـەند لایـەنێك کردبـوو، دکتـۆر سەدیق ئەتروشی  ئەو برووسکەکانی خوێندنەوە:

### سیادەی سەرۆکی دڵسۆز عەبدولکەریم قاسمی بەڕێز

### سەرەك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار

بەبۆنـەی گرتنـی کـۆنگرەی مامۆسـتا کوردەکانـەوە لـە شـەقلاوە، ئێمـە کـە ئەندامانی کـۆنگرەین گـەرمترین سـلاۆمان پێشکەشـتان ئەکـەین وە ئـەخوازین کـە هەردەم لەش ساغ و سـەرکەوتووبن لـە ڕاگرتنـی لەنگـەری کۆمـارە نەمرەکەمانـدا، کۆماری عەرەب و کـورد و هـەموو کەمـە نەتـەوەکانی بـە برایـەتی و دەسـت لـەناو دەستی یەکتری بە یەك دڵ و یەك گیان لە پێنـاوی پارێزگـاری کۆمـارە دیمـوکراتی یە ئازادەکەماندا.

نەقابەی مامۆستایان، کە هەردەم دەستی یارمەتیتان بۆ درێـژکردووە و دانتـان بە چاکی یا ناوە، هەرگیز لەسەر ڕێ و شوێنی خۆی لا نـادات و لـە پـەیمانی خـۆی پاشگەز نابێتەوە بەرامبـەر هـەموو مامۆسـتایان و کۆمـارە خۆشەویسـتەکەمان بـە سەرۆکایەتی دلێرانەی ڕاستتان.

بژی کۆماری عێراقی نەمرمان

بژی برایەتی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتییەکان.

بژی سەرۆکمان ڕۆڵەی گەلی بەوەفا عەبدولکەریم قاسم.

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد

شەقلاوە ١٩٥٩/٩/١١

## بۆ/ سیادەی زەعیم ڕوکن محیٚ دین عەبدول حەمید

## وەزیری زانیاری بەڕێز

ئێمه که مامۆستایانی کوردین بەستنی ئەم کۆنگرەیەمان له شەقلاوه بە هەل ئەزانین بۆ ناردنی سلاوێکی گەرم و گوڕمان وه داوای تەندروستی وسەرکەوتنتان ئەکەین بۆ بەجیٚ هێنانی فرمانەکەتان وه بۆ پێشەنگی یەکەتان له کاروباری پەروەردەکردن و زانیاری دا له کۆماری عێڕاقی نەمردا.

کۆنگرەکەمان تکای وایه، که وەزارەتی زانیاری بەڕێز له ژێر سایەی ڕژێمی تازەدا ڕاپەڕێت بۆ گەشه پێدان و پێش خستنی زانیاری و خوێندەواریی نەتەوایەتی بۆ ڕۆڵەکانی گەلی عێڕاق سەراپا به عەرەب و کورد و هەموو برایانی دیکەوە.

نیقابەی مامۆستایان و لقەکانی، هەمیشه سووره لەسەر ئەوەی یاریدەدەربێت لەگەڵ وەزارەتی زانیاری وه لەگەڵ ئێوەی بەڕێزدا، له پێناوی هێنانەدی ئەم ئاواته بەرزانەدا.

بژی جمهوریەتەکەمان به ئازادی و دیموکراتی

بژی برایەتی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتییه نەتەوەکان

بژی زەعیم و سەرکردەی کۆمارەکەمان عەبدولکەریم قاسم.

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد

له شەقلاوه ١٩٥٩/٩/١١

## بۆ/ سیادەی عەقید فازڵ عەباس مەهداوی

## سەرۆکی (دادگای گەل)ی بەڕێز

ئێمەی مامۆستایانی کورد بە بۆنەی گرتنی کۆنگرەکەمانەوە لە شەقلاوە، گەرمترین و جوانترین سڵاوت پێشکەش ئەکەین، ئەی حاکمی دادخوازی بە چنگ. وە بە چاوێکی پڕ نرخ و پێزانینەوە، ئەڕوانینە تێکۆشانی پیرۆزت بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی و تێگەیشتوویی نیشتمانی و خوێندەواری دیموکراتییانە لە هەموو لایەکی کۆماری عێراقی نەمردا، هەروەها هەتەریتان لەسەر بڕینی دەستی ئەو ناپاکانەی پیلانی چەپەڵ ئەگێڕن بەرامبەر بە کۆمار و سەرۆکە دلێرەکەی، کاک عەبدولکەریم قاسم.[1]

بەڕاستی نەقابەکەمان قەرزارباری سیادەتتان ودادگا گەلییەکەتانە، کە هەمیشە پشتگیری هەموو دامەزراوە دیموکراتییەکانتان کردووە و نەقابە تێکۆشەرەکەی ئێمەیش یەکێك بووە لەوان.

بژی کۆمارە ئازادە دیموکراتییەکەمان هەتا هەتا.

بژی سەرۆکی نەبەزی کۆمارەکەمان کاك عەبدولکەریم.

بژی سەرۆکی دادگای گەل کاك فازل عەباس مەهداوی

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد

شەقلاوە ١٩٥٩/٩/١١

---

[1] دەقی ئەم بروسکەیە لە (کۆنگرەی ناخویی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە) ل١٤، بڵاوکراوەتەوە.

## سڵاوی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد
## بۆ نەقابەی مامۆستایانی عێراق[1]

بەستنی کۆنگرەکەمان بە هەل ئەزانین ئێمەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە بۆ ئەوەی سڵاوێکی گەرمتان بۆ بنێرین ئەی هاورێ خۆشەویستەکان بۆ ئەوەی سوپاسی هەوڵ دانتان بکەین لە پێناوی پێش خستن و گەشە پێدانی نەقابەی مامۆستایانی عێراق وە هیوای سەرکەوتن ئەکەین بۆ زانیاری نەتەوایەتی و نیشتمانی بۆ ڕۆڵەکانی گەلە نەبەزەکەمان بە کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتییە نەتەوەکانەوە کە بوون بە برا لە خەبات کردنا لە دژی ئیستعمار و کۆنەپەرستی وە بە پەرۆشن بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کۆمارەکەمان وە چەسپاندنی ڕژێمی دیموکراتی.

بژی کۆمارەکەمان بە سەربەستی و سەربەخۆیی و دیموکراتی.

بژی برایەتی عەرەب و کورد و کەمایەتییەکان.

بژی سەرۆکی کۆمارەکەمان ڕۆڵەی گەل عەبدولکەریم قاسم.

بژی نەقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا.

بژی یەکێتی هەموو مامۆستایانی عێراق.

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد

لە شەقڵاوە ١٩٥٩/٩/١١

---

[1] دەقی ئەم بروسکەیە لە ڕۆژنامەی خەبات، ژ٥٥ لە ١٤/ئەیلوول/١٩٥٢،ل٢، بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

### ١-٢-٥-١-٢ دانیشتنی دووەم

دوای نـان خـواردن و پشـووی نیـوەڕۆ، ئەنـدامانی کـۆنگرە، لـە هـەمان باخچە[١]، بۆ دانیشتنی دوای نیوەڕۆ، ئامادەبوون.

کاتـــژمێر (٤) ی دوای نیـــوەڕۆی هـــەمان ڕۆژ (١١/ئـــەیلول/ ١٩٥٩) کۆبوونەوەی دووەمی کۆنگرە دەستی پێکرد، ئەم دانیشتنەی کۆنگرە، تایبـەت بوو بە پێشکەشکردنی وتاری لقی لیواکانی نەقابەی مامۆستایان.

مامۆستا کەریم شارەزا، میوان و ئەندامـەکانی بەخێرهێنانـەوە و درێـژەی کـارو چـالاکییەکانی کـۆنگرەی ڕاگەیاند، ئینجـا یـەك بـەدوای یـەك، داوای لـە نوێنـەری لقـی پارێزگاکـانی نەقابـەی مامۆسـتایانی کـرد بـۆ پێشکەشـکردنی وتارەکانیان.

سەرەتا وتاری لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان[٢]، لەلایەن مامۆستا محەمـەد ساڵح سەعید پێشکەشکرا:


---

[١] لە چاوپێکەوتنەکانماندا، لەگەڵ ئەو مامۆسـتایانەی بەشـدارییان لـە کـۆنگرەی یەکەمـدا کردبـوو، باسیان لەوە کرد، کە بۆ نانخواردنی نیـوەڕۆ، ئەنـدامای کـۆنگرە بەسـەر چێشـتخانەکای شـەقڵاوە دابـەش کرابـوون، سـەبارەت بـە شـوێنی حەوانـەوەش، لـە هـەمان باخچـە، کـەپری حەسـیر دروستکرابوون و شوێنی نووستنیان تێدا ڕێکخرابوو. بەڵام هەندێك لە مامۆسـتا و کەسـایەتییەکان، لەماڵی مامۆستایان و کەسایەتییەکانی شەقڵاوە میوانداریيان لێدەکرا، بۆنموونە مامۆسـتا عـەباس حوسێن وتی من لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدی محامی ، شەو لە ماڵی مامۆستا ڕەشید خـدر (ڕەشـیدی کوێخوا خدر) دەماینەوە، مامۆسـتا محەمـەد سـاڵح سـەعید و چـەند مامۆسـتایەکی دیکـە، میـوانی مامۆستا خەلیل خۆشناو دەبوون ..

[٢] هەوڵمانداوە بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دا هاتووە، وتارەکان ڕیز بکەین.

## وتاری وەفدی سلێمانی

لەلایەن مامۆستا (محەمەد ساڵح سەعید)[١] خوێندرایەوە:



مامۆستا بەڕێزەکان..

خوشکان .. برایان...

ئەی ڕۆشنبیرانی دڵسۆز..

بۆ ئاراستە کردنی نەوەی گەلەکەمان بۆ ژیانێکی باشتر لە نیشتمانێکی سەربەست.

بە ناوی نوێنەرانی شاری سولەیمانیی قارەمانەوە، سڵاوی خەباتی گەرمی میللەتە نەبەزەکەمان پێشکەش بەم کۆنگرە پیرۆزە (کۆنگرەی مامۆستایانی کورد) ئەکەم، ئەم کۆنگرەیەی کە هەنگاوێکی گەورە و گرنگە لە مێژووی نەتەوایەتیمانا و نیازی سەردەمێکی دێرینی میللەتی کوردی قارەمان و نەبەزە

---

[١] لەساڵی ١٩٣٢ لە گەڕەکی مەڵکەندی لە سلێمانی لەدایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەوێ خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٦خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەعقووبە تەواوکردووە. ئەندامی دامەزرێنەری لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان بووەو بۆماوەی دوو خول سکرتێری نەقابە بووە. دامەزرێنەری لقی سلێمانیی یەکێتی ئەدیبانی کورد بووە. بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (بڵێسە) و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەنگی مامۆستا) بووە. ئێستا بەڕێوەبەری گۆڤاری (کەلەپووری کورد) و گۆڤاری (وەشت)ە. چەندین بەرهەمی بەچاپ گەیاندوە، لەوانە: (کاروانی ـ نۆڤلێت، شمشاڵی شوان، کتابە اللغە الکوردیە و ...). بڕوانە: محمد صالح سعید، تجربە الحکم الفردی فی العراق، هەولێر، ٢٠١٤. ل١٤٢.

و هۆیــەکی پتــەوی یەکخســتنی بــاوەڕی دڵسـۆزانی گـەل ونیشـتمانە لـەبارەی نووسین و زمان و وێژە و مێژووی کوردی یەوە. دیارە میللەتی کوردی تێکۆشەر لە ژێر سایەی کۆمارێکی دیموکراتی ئاڕاسـتە کـراوا چـاوەڕوانی گـەلێ هـەنگاوی لەمــە بــەرزتر و پیرۆزتــریش ئــەکات بــۆ بــەرز کردنــەوەی ژیــانی ئــابووری و کۆمەلآیەتی و خوێندەواری و تەندروستی لـە کۆمـاری عێراقـا (کۆمـاری کـورد و عـەرەب) هـەر لـەژێر سـایەی ڕژێمـی دیموکراتیشـا کوردسـتانی عێـراق ئەبێتـە چـراوگێکی پرشـنگ داری ڕێگـا ڕوون کـەرەوە بـۆ میللـەتی کـورد لـە ئێـران و تورکیــای ژێــر دەســتی ڕژێمــی بەندایــەتی و دیلێتــی ئیمپریالیزمییانــە گەلــە نەبەزەکەمان پێش چواردەی تەمووزی پیرۆز، تەنانەت زمانی زکمـاکی خـۆی لێ قەدەغــە کرابــوو بــۆ دەرهێنــانی گۆڤــار و ڕۆژنامــە و نووســین و لێــدووان و کۆبوونەوە و دەربڕینی بڕوای نەتەوایەتیمان بە شێوەیەکی ئازاد. ئـەم کـۆنگرە مێژوویيــەی مامۆســتایانی کــوردیش، یەکێکــە لــە چــەندان بەرهــەمی ژیــانی دیموکراتی لەعێراقا و چاکترین چەکی پاراستنی هـەموو مـافێکی گـەلی عێـراق و نەتــەوەی کــوردە، کــەوابو هــەموو هێزێکــی گــەلی کــورد و عــەرەب و کەمــە نەتەوەکانی عێراق پێویستە کۆبکرێتەوە و یەکبخرێ، تا ببێتە یەکە بەرهەڵستی کۆنەپەرستان و دەرەبەگ و تەڵەکـە و داوی ئیمپریـالیزم، کـە ئەیـەوێ کۆمـارە دیموکراتییەکەمان لە ڕێبازی دیموکراتییانەی لا بدات بۆ ئـەوەی بـەرەو دوامـان بەرێتەوە و بەندمان بکاتەوە لە بەندیخانە گەورەکەی پێش شۆڕشـی چـواردەی تـەمووزی پـیرۆزدا. نەقابـەی مامۆسـتایانیش دوای پێکـەوەنانی، دەسـتی دایـە

هەولْ و کۆششێکی ڕێك و پێك بۆ هێنانەدیی هەموو ئامانجـەکانی گـەلی عێـڕاق، بە کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتییەکانەوە، لەگەڵ جیاوازیی نەتەوە و تیرەو باوەڕی هەموو مامۆستاکانیشدا و دروشمی پاراستنی کۆمـارە دیموکراتییەکـەی عێڕاقی هەڵگرت، بـەو بڕوایـەوە، کـە بـەردەوامی دیموکراتییـەتی کۆمارەکـەمان مسۆگەرکەری هەموو ئاوات و ئامانجە نیشتمانییە نەتەوایەتییەکانمانە.

ئێستەش پڕ هیواین، کە ئەندامانی کۆنگرە لە ئیشەکانیاندا سـەرکەوتووبن و بڕیارەکانی بە ئەنجامێکی چەسپاو و ڕاست کۆتایی پیٚ بهێنێت، کە ببێتە هـۆی بەرزکردنەوەی سامانی نەتەوایەتی و پێشخستنی باری زمـان و وێـژە ومێـژووی کوردی، بۆ ئامادە کردنی گەلەکەمان بۆ ژیانێکی سەربەست و ئازاد.

ئیتر هەر پڕشەدار بێت ژیانی دیموکراتی لە عێڕاقدا بە سەرۆکایەتی ئاشتیخوازی دیموکراتی پـەروەر، کاك عەبدولکەریم قاسم.

بژی برایـەتیی کـورد و عـەرەب و کەمـە نەتـەوەکانی تـر بـۆ گۆڕکردنی هـەموو پیلانێکی کۆنەپەرستان و دەرەبەگ و ئیمپریالیزمییەکان.

بـژی نەقابـە تێکۆشـەرەکەمان نەقابـەی هـەموو مامۆسـتایانی عێـڕاق لەگـەڵ جیاوازی نەتەوە و باوەڕیشیانا.[1]


سەرکەوتووبیٚ کۆنگرە بە ڕێزەکەمان کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

١٩٥٩/٩/١١

[1] دەقی ئەم وتارە لە (کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە)، ل٣٥، بڵاوکراوەتەوە.

## وتاری وەفدی کەرکووك

وتارەکە لەلایەن مامۆستا محەمەد ئەحمەد قەرەداغی[1] خوێندرایەوە:



برایـانی دڵسـۆز، سـەرۆکی نیقابـەی مامۆسـتایان و ئەنـدامانی لێژنـەی ئامـادەکردنی کـۆنگرەی مامۆسـتایانی کورد.

میوانانی بەڕێز.. ئەندامانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شـەقلاوە، بـەناوی وەفـدی مامۆسـتایانی کـورد لـە کەرکووکـەوە و بـەناوی هـەموو ئـازادیخواز و دیموکراتی پەروەرێکی شاری کەرکووکی کوردستانی خۆشەویستەوە پـڕ بـە دڵ پیرۆزبایی کۆنگرەکەتان ئەکەین و داوا ئەکەین کە بـە یەکیـەتیی بـیر و بـاوەڕی هەموو لایەکیـەوە هەوڵـدانی لێ بـوردووان بتـوانین بەهرەیـەکی بـاش پێشـکەش بکەین بە گەلی کوردی تینووی خوێندەواری و زانستی .

لامـان ئاشـکرایە، کـە خـەباتی گشـت لایەنـەی گـەلانی عێـراق، تـوانی ئـەم جمهوریەتە دیموکراتییە بهێنێتە دی وە هەر دڵنیاین ئـەم خەباتـە هاوبەشـییە، ئەتوانێ جمهوریەتەکەمان و ڕژێمی دیموکراتی بپارێزێ و پێشی بخات، کە ئەمە

---

[1] لەساڵی ١٩١٧ لە کفری لەدایك بووە، لە ١٩٢٥ چووەتە قوتابخانـە و لـە سـاڵی ١٩٣٥ لـە خانـەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا وەرگیراوە، لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە کـەرکوك بـووە بـە مامۆسـتا، ئەندامی حزبی هیوا بووە و دواتـر لـە ڕیزەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان درێـژەی بـە کـاری سیاسی داوە، نووسینی لە گۆڤاری گەلاوێژ و دەنگی گێتیـی تـازە بلاوکردۆتـەوە، لـە ١٩٧٣/٦/١٧ بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات.

گرنگترین مەرجی مسۆگەرکردنی هەموو مافەکانی میللەتی عێراقە بە مافە نەتەوایەتیە دروستەکانی گەلی کورد، ئەو گەلەی کە لە سایەی چەوساندنەوەی ئیستعمار و یاسای پادشایەتی گۆڕبەگۆڕدا بێ بەش بوو  لە هەموو مافێکی ژیانی دیموکراتی و زانستی.

خوشك و برایانی بەڕێز ئاشکرایە کە ئاوایی کەرکووك  بە زروفێکی تایبەتی تێپەڕیوە و لە دەوری ڕووخاودا سیاسەتی ئیستعمار و شەریکە و کۆنەپەرستی، گەلی کورد لە کەرکووك بێ بەری بوو لە فێرکردنی منداڵەکانمان بە زمانی کوردی، تەنانەت قوتابیی کوردی کەرکووك، کتێبی کوردی لە قوتابخانەکاندا بە چاوی خۆی نەدیوە تاکو وای لێهاتووە، کە نەیتوانیوە بە دیتنی شاد بێ وە لەبەروبوومی زانیاری کوردی بەهرە وەرگرێ وە بگرە نەیتوانیوە، کە نامەش بە زمانی خۆی بنووسێ و بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە وەفدی کەرکووك بە پێویستی زانی، کە نووسراوێکتان پێشکەش بکات دەربارەی ئەم سیاسەتە چەوتەی کۆن، کە تائێستا دەستێکی وای لێ نەدراوە، وە ئومێد ئەکەین بە تایبەتی پاش ئەم هەنگاوەی حکومەت لە سایەی تێکۆشانی هەموو لایەکەوە کەرکووك لە کوردستان جوێ نەکرێتەوە وە هەر وەکو وایە بە بەشێك دابنرێ لە ناوچەی کوردستان وە کەڵك ببینێت لەو هەقانەی، کە ئەدرێت بە گەلی کوردی عێراق، هەروەها ئێمە بە هەموو کەسێکی ڕائەگەیەنین، کە ئێمە هەر کاتێکی بە مافە دروستەکانی خۆمان گەیشتین لە کەرکووك بە گیانێکی برایانەو دیموکراتیانە پشتگیری مافی هەموو کەمایەتییەکانی کەرکووك ئەکەین، وەکو کلدان و

ئەرمەن و ئاشووری وتورکمان بن، وە ئومێد ئەکەین، کە بە خەباتی گشتی هەموو لایەکەوە وە بە هیممەتی هەموو خوێندەواران وە بەتایبەتی نیقابەی مامۆستایانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ژیانی دیموکراسی بڕۆین بۆ دەستکەوتنی هەموو مافەکانمان.

بژی نیقابە تێکۆشەرەکەمان، نیقابەی مامۆستایان لە عێراق

با هەر گەشەداربێت زانستی و خوێندەواری لە کوردستاندا.

بژی جمهوریەتەکەمان جمهوریەتی کورد و عەرەب..

هەروەك لە نێو وتارەکەی مامۆستا محەمەد قەرەداغی دا هاتووە، کەوا وەفدی کەرکووك یاداشتنامەیەك ئاڕاستەی کۆنگرە دەکات.

### یاداشتنامەی شاندی کەرکووك[1]

لە کۆنگرەی شەقلاوە لە ١٠، ١٣/ ئەیلول/ ١٩٥٩ دا

ئەو بەیانەی کە لەلایەن وەفدی مامۆستایانی کەرکووکە وە پێشکەش بە کۆنگرە دەکرێت ئەهمیەتێکی زۆری هەیە.

لیوای کەرکووك بێجگە لە نەتەوەی کورد کەمێکیشی لە نەتەوەکانی وەکو تورکمان و عەرەب و ئەرمەن وکلدانی و ئاشوری تێدایە.

---

[1] دەقی ئەم یاداشتنامەیە، لە ژمارە ١٦٤ی گۆڤاری هەتاو، ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ دا بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە: گۆڤاری هەتاو، ئامادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵلا زەنگەنە، بەرگی شەشەم ن بەشی یەکەم، ل٤٨٠٣.

وە سائیقی ڕۆژگاری پێشوو ئەگەرچی ئەو حەقیقەتە نیشان نادات بەڵان ئـەوان کە شارەزان و بەتایبەتی دانیشـتوانی شـار و دەور و بـەری کـەرکووك، نـاتوانن ئینکـاری ئـەو حەقیقەتـەی بکـەن، هـەروەکوو مێژوونووسـەکانی پێشـوو، بـە تایبەتی مێژوونووسەکانی تورکی سەردەمی عوسمانی ئیعترافیان بەوە کردووە، کە زۆرترین دانیشتوانی کەرکووك کوردن و بۆ میسال مێژوو نووس شمس الـدین سامی، لە فەرهەنگەکەیدا، کـە نـاوی (قـاموس) الاعـلام لـە بـەرگی ٥ و لاپـەڕە (٧٨٤٦) دا، لە بابەت کەرکووکەوە بەو چەشنەی نووسیوە:ـ

(کـەرکووك ٣٠٠٠٠ کەسـی تێـدا دادەنیشـێ، سـێ بەشـیان کـوردن و بەشـەکەی تریش عەرەب و تورکمان و چەند نەتەوەیەکی ترن).

ئاشکرایە کە زۆربەی عەشایەر و دنیشتوانی دێهـات و ناحیـەکانی دەور و بـەری شاری کەرکووکی کوردن، دیارە، کـە زۆربـەی دانیشـتوانی شـاری کـەرکووك لـە ڕۆڵەی عەشایەرەکان پێکهاتووە و لە ڕووی ئەوەوە کە ئێمە ڕۆڵەی ئەو خاکەین و ئاگاداریشمان بە تەواوی هەیە ئەو حەقیقەتانە دەردەکەین:

١– کوردان و نەتەوە کەمەکانی شاری کەرکووك.

أ – قەزای مەرکەزی کەرکووك.

زۆرترینی دانیشتوانی شاری کەرکووکی لە کوردانن و کەمایەتیـەکانیش عـەرەب و ئەرمەن و کلدانی و ئاشوری تورکمانن.

ب– ناحیەی ڕێدار (شوان) و هەموو گوندەکانی کوردن.

ج– ناحیەی قەرەحەسەن و دێهاتەکانی کوردن، تەنها چەند ماڵێکی تورکمان نەبێ لە مەرکەزی ناحیەدا دانیشتوون لە لەیلان و گوندی (احیاوە) و هەر لەو ناحیەی دا (٣) بەشی عەرەبن.

د – ناحیەی ئالْتون کوپری، هەموو دێهاتەکانی تەنها کوردن بەلاّن لەناو مەرکەزی ناحیەدا کەمێکیش تورکمان هەیە.

هـ– ناحیەی حەویجە زۆرترینی دێهاتەکانیان عەرەبن بێجگە لە چەند دێیەك و نمرە (٨) نەبێ، کە کوردن و لە مەرکەزی ناحیەشدا چەند خانەوادەیەکی کوردی تێدایە، شایانی ئەوەن کە قوتابخانەی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە.

٢– قەزای چەمچەماڵ: مەرکەزی قەزا و تەواوی دێهاتەکانی کوردن.

٣– قەزای توزخورماتو:

أ– زۆرترینی مەرکەزی ناحیە کورد و تورکمانن و بەتایبەتی گەڕەکێك کە هەموو کوردی بە تەنێن، پێویستە دوو قوتابخانەی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە، یەکێك بۆ کوڕان و ئەوی تریان بۆ کچان. دێهاتەکانی دەوروبەریشی زۆرترینی کوردی پاکژن و کەمێك عەرەب و تورکمانیشی تێدا هەیە.

ب– ناحیەی قادر کەرەم: مەرکەزی ناحیەو دێهاتەکانی بە تەواوی کوردن.

ج– ناحیەی داقووق: مەرکەزی ناحیە تورکمانیشی تێدا هەیە، لەگەڵ دێی زەین العابدین، بەلاّن دێهاتەکانی زۆرتریان کوردن، تەنها دێیەك نەبێ، کە لە هەرێمی حەویجە و ئەویش عەرەبن.

٤- قەزای کفری:

١- ناوەندی قەزا: دانیشتوانی ناوەندی قەزا زۆربەیان کوردن، کەمێکیش تورکمان هەن.

٢- ناحیەی شێروانە (سەرقەلا): ناوەندی ناحیە و هەموو دێهاتەکانی کوردن.

٣- ناحیەی پیباز: ناوەندی ناحیەو هەموودێهاتەکانیان کوردن و بەس .

٤- ناحیەی قەرەتەپە : ناوەندی ناحیە، کورد و عەرەب و تورکمانی تێدایە، بەلآم دێهاتەکانی زۆریان کوردن، ئەو هۆزانەی تێدایە:

(زەند، زەنگەنە، پالآنی، کیز ... تد) بەشێکی دیکەی دانیشتوانەکەی هۆزی عەرەبن وەك: (الجبور، الكرويه، اللهيب، و غيرها..) لە هەندێك گوندیشدا، خێزانی تورکمان هەن.

بەپێی ئەو ئاگادارییانە، زۆرترینی دانیشتوانی لیوای کەرکووك کوردن، سەرەڕای ئەوەش، خوێندەواری کورد لە تورکمانان کەمترن، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی قۆرغکردنی ئیستعماری نەوتی، چونکە لە دوای حوکمی عوسمانییەوە، هەتا دوای بیستەکانی ئەم سەدەیە، هەمیشە هەرێمی کوردستان شۆڕشی تێدا بووە، کە ئەوەش هەڕەشەی لە ئیستعمار دەکرد لەبەر قۆرغکردنی نەوتەکەی، لەو ڕووەوە ئیستعمار بڕیاریدا، کە ئەو نەتەوایەتییەی بێ هێز بکات و دەست لە پشتی نەتەوەکەمان بدات بۆ تەفرەقەکردن لە نێوانی نەتەوەی کورد و ئەو نەتەوە کەمانە، بۆ نموونە ئەوەندە بەسە، کە ئیستعمار لە کاتی خۆیدا پالّی بە ئاسوریانەوەنا، کە داوای تەشکیلی دەولّەتێکی

ئاسووری بکەن لە خاکی هەرێمی کوردستاندا، وە ئیستفادەیەکی ئـەوتۆ جـاری بوو لەلایەن لێژنەی ئیسـتفتاوە، تـا ولآتـی (...) یـش وە سـەر وی بخـەن، ئـەو سیاسـەتە دەسـتەیەك لـە حوکمـدارەکانی دەورەی پێشـوو پێکیانـەوە نـا بـۆ بەشبڕاوکردنی کورد لە هەموو مافێکی خۆی، دوو هۆ هەبوون کە بە پێچـەوانەی خوێندەوارێتی نەتەوەی کورد دەجولانەوە کە ئەوانەن:ـ

١- زۆرترینی کورد لە دەستەی هەژاران بوون، مەیدانی ئەوەیان نەبوو لە هـیچ شتێکی نیشتمانیدا بەشدار بن لەبەر تەنگاوی گوزەرانیان، سیاسـەتی تەفرەقـە و ئیسـتفادە لـە ... ،.... [١]ئـەوانی لـە خۆشـی ژیـان و هـەموو مـافێکی دوور خستبووەوە، جووتیار و ڕەنجبەر و کارگەری کورد لە توانـای دانییـە تـەئمینی مەسائیلی گەل و نیشتمانی بکا، چونکە خۆی گوزەرانێکی زۆر تاڵ ڕادەبوێرێ و دەسـتەلآتی لـەو دەرەبەگانـەی، کـە خێوەتیـان لەسـەر دێهاتـەکانی کـوردان هەڵـدابوو، مەیـدانیان نـەدەدا خوێنـدەوارێتی لـەناو ڕۆڵـە دێهاتییەکانـدا بـلاو ببێتەوە.

٢- پیـاوانی زانسـتی و ئیـداری، کـە لـەم لیوایـەدا بـوون، گوێیـان نەدەدایـە خواستەکانی نەتەوەی کورد بە پێی قانوونی حکوومەتی ئەوساکە.

وە هەم دەستەبەندیێتی تورکمانەکان و دەمارگیری نەتەوایەتی، کـە دەوڵـەتی ئەوسـاکە و شـەریکەکانی نـەوتی هانیـان دەدان و یاریکاریـان بـوون، بوونـە

---

[١] شوێنی ئەم بۆشاییانەمان وەك خۆی هێشتەوە، بۆ ئەوەی بۆچـوونی خۆمـان تێکـەڵ بـە باسـەکە نەکەین.

هۆیەکی گرنگ لەو لیوایەدا بۆ بێبەشکردنی کوردان لە هەموو مافێکی و تا لە خوێندەوارییێتی بە زمانی خۆیان.

١- هاوبەشێتی ٨٠ مامۆستا لە قەزای توزخورماتوو لە هەڵبژاردنی نەقابەی مامۆستایاندا لە کاتێکدا کە ژمارەی بەشدارەکانی قەزای کفری و چەمچەماڵ تەنها (٧٠) مامۆستابوون، پێویستە بزانرێ کە توزخورماتوو تەنها لەم ساڵانەی دواییەدا بوو بە قەزا، بەڵام چەمچەماڵ و کفری قەزابوون هەتا لە کاتی عوسمانیەکاندا.

٢- لە گەڕەکی زیویەو ئیمام قاسم زاخی حسین و بلاق، کە چوار گەڕەکی کورد و سێ یەکی شاری کەرکووکە، تەنها ٣ قوتابخانەی کچان و ٣ قوتابخانەی کوڕانی تێدایە، کەچی لە قەڵات دا ٦ قوتابخانە بۆ کوڕ و کچان هەیە.

٣- لە قەزای چەمچەماڵ ٦ قوتابخانە هەیە، دوانیان سەرەتایی و چواریشیان ئەوەلییە، بەڵام لە توزخورماتوو (٣٤) قوتابخانە هەیە.

کەرکوك شارێکە لە شارەکانی کوردستان، وە ئێمە کە دەڵێین لیوای کەرکووك کوردستانە و هەموو بەڵگەیەکی مێژوویی و جوغرافیاشی لە دەستدایە، مەبەستمان ئەوەنییە، کە مافی برا کەمایەتییەکانمان قووت بدەین.

هەموو کەسێك دەیزانێ، کە جمهوریەتی عێراق، جمهوریەتی هەموو دانیشتوانەکەیەتی بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانەوە، هەروەکو لە هەموو شوێنێکی دونیادا وایە، بەڵام ئەوەی کە دەستووری دیموکراتیەتی لە هەموو گۆشەیەکی دونیادا لەسەری دەڕوا وە بەتایبەتی لە جمهوریەتەکەی ئێمەدا

ئەوەیە:ـ نابێ مافی هیچ نەتەوەیەك بۆ خاتری نەتەوەیەکی تر بخرێتە ژێر پێیانەوە، بە تایبەتی بۆ چوار پێنج مالّ تورکمان نابێ لیوای کەرکووك لە کوردستان جویّ بکرێتەوە، وە ئێمە لە عێراق و لە ١٤ ی تەمووزدا بەناوی مامۆستایانی کوردەوە، کە داوا دەکەین لیوای کەرکووك پارچەیەکە لە خاکی کوردستان، هەم قۆلّ دەکێشین بۆ مافی برا کەمایەتییەکانمان کە لەوێدان.

سێ یەم: مافی خوێندەوارێتی بۆ کەمایەتییەکان:

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاریی کوردستان دا

بێ شك ئەو دەزگا خوێندەوارییە گرنگە، پێویستی بەوەوەیە کە تاقیمانەیەکی زۆر و لێکدانەوەیەکی بە سەلیقە بکرێت، تا بتوانێ ئەنجامی ئەو کارە پێکبێنێ، کە سەبارەت بەوی دامەزراو نەك تەنها سەبارەت بەخوێندەواری کوردان، بەلّکو سەبارەت بە نەتەوەکانی تریش وەکو ئەرمەن و ئاشوور و کلدان و تورکمان بن، پێویستە ئەوەش ئامازە بکەین، کە ئێمە ڕوونکردنەوە بدەین، کە لە کوردستاندا خوێندەواریی کەمایەتییەکانی ناوخۆمان سەر بە زانیاریی کوردستان بێت، لەگەلّ ئەوەش هیچ ڕێگرییەك نییە، کە دەزگای خوێندەواری نەتەوەکەمەکانی ناو ئێمە بەندیواری بە وەزارەتی زانیارییەوە هەبێ و یا بەشێوەیەکی ترەوە.

سالّی خوێندن و پرۆژەی زانیاری کوردستان دەستەی جابر عمر لە سەرەتای شۆڕشدا دوژمنانە بەربەرەکانیی دەکردین لە پرۆژەی (بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان) دا لەققەی لێدا، سەرەڕای ئەوەش

دڵپاکان بە دووی دەکەوتن، بەڵام دیسان هێندیکی دڵۆ تێکەوت و هەتا چەند تـوخمێکی گێرەشـێوێن وخـراپ پەیـدابوون و دەسـتیان بـە تێکـدان و هـەرا و پیلانگێـڕی کـرد، بەڕاسـتی پێچـەوانەی ڕێگـای دیمـوکراتی جمهوریەتەکـەمان دەجوولانـەوە لـە شـالأو و پەلاماردانـە بـێ دادانـەدا و وەزارەتـی زانیـاریش پڕیشکێکی زۆری بەرکەوت و مافی کوردیشـی تێـدا دواکـەوت، ئـەو مافـەی، کـە دەستوور داویەتی.

ئەو پەلاماردانانە لە ڕۆژنامە بەکرێگیراوەکاندا سەری هەڵدا و تاوانبارەکانیش لە دادگای گەلدا و ئەو بیرخەرەوانەی، کە لەلایەن چەند توخمێك و شوێنی تـرەوە پێشکەشکران، ئەوانە هەموویان بونـە هـۆی دواکـەوتنی ئـەو پـڕۆژە گرنگـە وە لەلای خوێندەوارانی کورد و زۆر شوێنی تردا زۆر هەوڵیاندا، کـە یـان تێکیبـدەن یان ناوەکەی بگۆڕن.

بـەلأم بـە نسـبەت نـاوبردنی پڕۆژەکـە بـە نـاوی (بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی زانیاری کوردستان) پێشکەشـی ئەنجومـەنی وەزیـران کـرا لـە دوای ئـەوەی بـە پێش زۆر دەزگـاو شـوێنی تـردا تێپـەڕی، لـەکاتی ڕازاندنـەوەی لائیحەیـەکی دا لەبابـەت خوێنـدەواریی کوردییـەوە زانـرا، کـە کـورد خـاکێکی هەیـە و نـاوی کوردستانە و واتای کوردستانیش نیشتمانی کوردانـە و پارچـەیەکە لـە کۆمـاری عێراق، کـە دەسـتووری کـاتی بەشـداری کـردووە بـە هـۆی ١٤ ی تـەمووز و لـە سایەی گیانبازیی پێشەوای مەزن عەبدولکەریم قاسم، کە وڵاتی عێراق هاوبەشە لە نێوان کورد و عەرەبدا، بڕیاردان لەسەر ئەو نـاوە هـەنگاوێکی ڕاسـتەقینەیە،

پەیوەنـدیی برایـەتی کـورد و عـەرەب پتـەوتر دەکـات و دەرگـای گومـان بـۆ ئیستعمار و کلکەکانی ناهێڵێتەوە، کە نەتەوەی کوردی پێ هەڵخەڵەتێنن.

لەلایـەکی تریشـەوە، ئیسـتعمار هەوڵـەدا، کـە دووبـەرەکی بخاتـە نێـوان کەمیەتییەکانەوە، ئیتر ناوبردنی ئەوپڕۆژەیە بە ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردستان) شتێکی سەیر نییە هەتا لە سنووری ڕەسمیاتیشدا.

لە پێشدا لەوێ دەزگایەکی خوێندەواری هەبوو بەناوی (پشکنەرایەتی زانیـاریی کوردستان) و ناوەندیشی لە کەرکووك بـوو، لـە ١٩٢٥ تـا ١٩٣٣ ی خایانـد، کـە چاوەدێری کاروباری خوێندەواریی کوردانی دەکرد، کـە لـەژێر چـاودێری سـەید نووری بەرزنجی دابوو.


هـەر وەکـو ئەنجومـەنی وەزیـران لـە سـەردەمی جمهوریەتـە خۆشەویستەکەماندا دانی بەوەدا نا، کە بەپێی دەستووری ڕێکخراو و یـەکێتی و کۆمەڵـەکان، دەبـێ چـەند لیژنـە و لقێکـی تایبـەتی بـۆ کوردسـتانی عێـراق بکرێنەوە، لە پەنای ڕێکخراو، هەر وەکو ئێستا لە دەستووری یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی قوتابیان و یەکێتی وێژەوانان و یەکێتی لاوانـی دیمـوکراتی و ئـیتر لـە ڕێکخراوەکان، ئێستاش ئەو لیژنەو لقەکانیان تـەنها بـە کوردسـتانەوەن لەسـەر ئەوە ئێمە وا بە بەرژەوەند ئەزانین کە نیگـەرانی و دودڵیـەتی لـە دان پێـدانانی پڕۆژەکەدا بەناوی ئەصلیی خۆیدا پەیدانەبێ، بـۆ ئـەوەی ڕێگـای دیموکراتیـەت ڕێزبگیرێـت لـە جمهوریەتەکەمانـدا وە هـەتاوەکو بنـەمای چـواردەی تـەمووزی نیشتمانی دیموکراتی سەرکەوتوو ڕاست بگەڕێ، بەڵام بە نسبەت کەمکردنەوەی

پڕۆژەکە، کە دەنگ و باسی وا لەناودایە، کە گوایە دەوڵەت ئارەزووی وایە تەنها هەولێر و سلێمانی بخەنە ناو بەڕێوەبەرایەتییەکەوە، ئەویش زیانێکی زۆری بۆ کورد هەیە، چونکە نیوەی کوردەکانی عێراق لەو بەهرەیە بێبەش دەمێننەوە، چونکە هەموو کەسێك دەزانێ کە زۆرترینی دانیشتوانی لیوای کەرکووك و لیوای موصل و قەزای خانەقین لە بەعقوبەدا کوردن و بە هاولاّتی لەم جمهوریەتەدا لە قەڵەم دەدرێن و بێبەش کردنی ئەو هەرێمانە لە بەری بەربەرەکانێی خۆیان و خەباتێکی، کە بۆ جمهوریەتیان پێشکەش کردووە مەنتیقی نییە، بەتایبەتی، کە بڕیارماندا مافی کەمایەتییەکانی تر بپارێزین.

ئەو هەولاّنەی کە دەیانەوێ ناوی بگۆڕن و هاولاّتی لێ دابڕن، دڵنیایی بە کەمایەتییەکان دەدا بێ جێیە، چونکە ئەوە دووبەرەکی وناکۆکی لە نێوان کورد و برا کەمایەتییەکان پەیدا دەکات، سەرەڕای ئەوەش ئەو کوردانەی، کە بەشێکی گرنگن لە جمهوریەتەکەمان، تووشی کارەساتێکی تاڵ دەبن، وە شتێکی تێدا نییە، ماوەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی دوژمنایەتی جمهوریەتە دیموکراتییەکەمان بیقۆزنەوە، چونکە دان بەو مافە نەتەوایەتییە خوێندەوارییە نان، شتێکی زۆر باشترەو پێویستە بە پێی پرۆگرامی دیموکراتی بێت.

## وتاری وەفدی موسڵ[1]

مامۆستا ئیبراهیم ڕەمەزان[2] بە نوێنەرایەتی مامۆستایانی موسڵ ئەم وتارەی پێشکەش کرد:



بەناوی نوێنەرانی بادینانەوە لە لیوای (موصل) سڵاوی گەرم پێشکەش بە خوشک و برا و هەڤاڵە مامۆستاکان ئەکەین لە کۆنگرە بەڕێزەکەتان دا. هەروەها سڵاوی خۆمان بەو میوانە خۆشەویستانە ڕائەگەیەنین کە، هاوبەشی ئەم کۆنگرەیەن.

---

[1] دەقی ئەم وتارە لە (کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە)، ل٤٠، بڵاوکراوەتەوە.هەرچەندە لە گۆڤاری هەتاو ژمارە(٢ و ٣) یساڵی یەکەم، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ و کانوونی دووەمی ١٩٦٠، ل٩٦–٩٧، باس لەوە دەکات کە وتارەکەی مامۆستا ئیبراهیم ڕەمەزان بە شێوەزاری بادینی پێشکەش کراوە.

[2] ئیبراهیم ڕەمەزان ئیبراهیم (نەجاڕ) لە ١٩٢٣/٣/١٥ لە گەڕەکی (گوندک) لە شاری زاخۆ لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن چووەتە موسڵ، لە ساڵی ١٩٤٢ بەشداریی خولێکی پەروەردەیی کردووە و دواتر بووەتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕانیە. ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بووە. لەسەر جموجۆڵی سیاسی لە مامۆستایەتی دەرکراوە، بووەتە فەرمانبەر لە کۆمپانیای نەوت، دواتر کراوەتەوە بە مامۆستا. لە ساڵی ١٩٧٦ کۆلێژی یاسای تەواوکردووە و بووەتە پارێزەر. بڕوانە: گەلاوێژ، بەرگی یازدەم، ئامادەکردن: سەدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، ل٩١.

جگە لەمەش سوپاسی بێ پایانی خۆمان بە سەرۆك و ئەندامانی نەقابەی مامۆستایانی مەرکەزی پێشکەش ئەکەین، کە ڕێگەیان پاك کردەوە و هەوڵیاندا، کە ئەم کۆنگرە مێژووییە بگیرێت ئەوەی کە لە دەمێکەوە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بووین بۆ ئەوەی ئامانجە بە دادەکانمان جێبەجێ بکات، چونکە کوردە بادینییەکان، هەتا ڕۆژی چواردەی تەمووزی پیرۆز بێ بەش بوون لە خوێندن بە زمانی نەتەواتی، یان هەر لەو ڕۆژەش دا بوو تیشکی هیوای بە ئامانج گەیشتنمان کەوتە بەرچاو، کە شۆڕشی چواردەی تەمووزی پیرۆز بەسەر ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیدا سەرکەوت، ئەوانەی کە جۆرەها کۆسپیان ئەخستینە بەردەم و هۆی پێك نەهاتنی ئەم ئاواتە پیرۆزە بوون.

بەلاّم پێکهاتنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی، ئاواتێکی ڕاستەقینەمان بوو، لەبەر ئەوەی وای بەچاك ئەزانین کە ئەندامانی کۆنگرە بە گەرمییەوە کۆشش بکەین بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە هەموو گوندێکی کوردستانی عێراقی خۆشەویست دا، بەمەش برایەتی کورد و عەرەب پێکدێت بەسەر بەرزیش ئەمێنێتەوە بە سەرۆکایەتی پاڵەوانی کورد و عەرەب کاك عەبدولکەریم قاسم.

بژی برایەتی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتی یەکان کە ئەبێتە قەلاّیەکی سەختی پاراستنی کۆمارەکەمان و دەست کەوتەکانی.

## وتاری وەفدی خانەقین

مامۆستا ڕەشید جەلال ڕۆژبەیانی بە ناوی وەفدی مامۆستایانی خانـەقین، بە شێوەزاری لوڕی وتارەکەی خۆی خوێندەوە:

مامۆستایانی بەڕێز ... خوشك و برایەکانمان .. ڕۆژتان باش

وەناوی وەفدی مامۆستایانی خانەقینەوە، کە بەشێکی گەورە گردیـی لـە لیوای دیالە خۆشهاتننتان لێ کـەیمن، ئێمـە مامۆسـتایان و خوینـەواری کـوردین لەی وەختا کە لەژێر سایەی کۆمارە سـەر وەخـۆ و دیموکراسـی ژیمـن، دیـرۆك بارێکی قوڕسی فرە دایە سەر شـانمان، ئـەوەیش ئەوەسـە کـە ڕێگایـەك ڕاسـت دابنیمن ئەڕای نەتـەوەی ئێیسـەمان، کـە وەزوانـی شـیرینی خـۆی بخوونـت وە بنییست، وە خوی بناسدە، کە یەکێکە لەی جیهانەدا حەقی خۆی داوابکات.

ئێمــە گشــتمان وەگشــت قوەتێگمــانۆ تکــا کــەیمن، کــە ســەرەك کــاك عەبدولکـەریم قاسـم و کاروەسـەکانی وڵات لـەناوی ئـەی دەزگایـە دەسـکاری نەکرێت وە ئاڵشت نەووت، چونکە ئەوانـەی کـە تـوان ئـەی نـاوە ئاڵشـت بکـەن دوژمنەکانی جمهوریەتەکەمانن و دوژمنی میللەتی کوردن، توان دوو دڵی بخەنـە ناو دڵی دو بـرا کـورد و عـەرەب، بـەڵام هەرچـە بکـەن نـەیتوێنن ئـەی برایـەتی بشیوێنن، کە سەدەهای ساڵە دێرۆك بابەسمان وە یەکەوە.

ئیتر هەر بمینێ ئەرامان کاك عەبدولکەریم قاسم ی پاڵەوان.

هەر بژیت برایەتی کورد و عەرەب.

بژی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستانی عێڕاق.

## وتاری وەفدی کووت



وتاری نوێنەری مامۆستایانی کووت لە لایەن مامۆستا (عەبدولستار کازم)[١]، کە لە (بەدرە) وە هاتبوو، بە زمانی عەرەبی خوێندرایەوە. دەقە کوردییەکەی بەم شێوەیە، بڵاوکراوەتەوە[٢]:

ڕۆژتان باش.. ئاواتەخوازم کە پێشکەوتن لە پێکهێنانی ئەو ئەرکە گرانەی کە کەوتۆتە سەرشانتان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری نەتەوەی کورد ئەو نەتەوەی کە لە هەموو چەرخ وکاتێکی دا بەرەبەرەکانیتی هەموو جۆرە کارەسات و دەستدرێژییێکی کردووە وە سەری بۆ هیچ بێگانەیەك دانەنەواندوە.

---

[١] لە ساڵی ١٩٢٥ لەشاری کووت لەدایکبووە، لە خانەقین و زورباتییە خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە. لە سویرە بووەتە مامۆستا. بە مامۆستایەتی چەند شارێك گەڕاوە. دواتر لە کووت ماوەتەوە تا لە ساڵی ١٩٥٩ و دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی مەعارف لە بەغدا، ڕاژەکەی گواستراوەتەوە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە. دواتر بووە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی. لە کۆتایی هەفتاکاندا، خانەنشین کراوە. لە ساڵی ١٩٩٤، کۆچی دوایی کردووە.

[٢] گۆڤاری هەتاو، ئامادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدەڵڵا زەنگەنە، بەرگی شەشەم، بەشی یەکەم، ل٤٧٦٢. هەرچەندە ئەم گۆڤارە لە جیاتی مامۆستا (عەبدولستار کازم) ناوی مامۆستا(جاسم محەمەد)ی هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە (گۆڤاری هیوا) بە شێوەیەکی وردتر ناو و زنجیرەی وتارەکانی تۆمارکردووە، بۆیە بە دروستترمان زانی. بڕوانە ڕۆژنامەوانیی کوردی، گۆڤاری هیوا١٩٥٧–١٩٦٣ لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن، بەرگی چوارەم، بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١٠،ل٥٥٣.

هاوەڵینە: تکام وایە لێم ببورن، کە من ئەو وتارەم بە زمانێکی تر دەخوێنمەوە و بە زمانی خۆم نییە، کە کوردیە، تاوانی وەش لە ئەستۆی من نییە، بەڵکو هی ئیستیعمارە، کە دەیویست تەواوی کەماسایی‌ەکان لەناو بەرێ و ماف و حقوقیانی دەخستە ژێر پێیانەوە و مێژوو پڕە لەو کارەساتانە.

لەو ڕووەوە کوردەکانی، کە لە لیوایەکانی باشوور(جنوب) دانیشتوون لە نیشتمانە خۆشەویستەکەیاندا، کە عێراقە، هەمیشە ئازاریان کێشاوە و دەربەدەر (نفی) کراون و ئیسقاتی جنسیە کراون و نەیانهێشتوون، کە بە زمانی خۆیان، کە کوردییە قسەش بکەن، گەیشتە ڕادەیەکی وا گەلێکیان ناچار بوون کە جنسیەتێکی بێگانە غەیری جنسیەتی عێراقی بەسەر هی خۆیاندا پەسەند بکەن تا لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە و بپارێزرێن هۆی ئەوە، کە ئێستا ناتوانم لەم کۆنگرە مێژووییە کوردیەدا، کە هەزاران ساڵە نەتەوەی کورد چاوەڕوانیەتی ڕاز و نیازی خۆم و کوردەکانی کووت بە زمانی خۆم، کە کوردییە هەڵی بڕێژم وە هەم لە هەموو براو خوشکەکانی ناو ئەو کۆنگرەیە تکام وایە، کە هەموویان و بە هەموو لێژنەکانەوە ئەو حەقیقەتە بخەنە پێش چاویانەوە و برا کوردەکانی باشوور(جنوب) یش لە هەموو مافێکی زمان و وێژە و کۆمەڵایەتی لە پاش ئەوەی، کە نەتەوەی ئێمە دوای ١٤ی تەمووز ئازاد کرا لە ژێر سایەی پێشەوای ئەمین کاك عەبدولکەریم قاسم بە هاوکارییەکی قایم لەگەڵ عەرەب و هەموو هێزە دیموکراتییەکان، تا بگەینە بەرزترین ئامانج لەو نیشتمانەدا بە بەختیاری و برایەتی، یەزدان تەمەنی پێشەوای ئەمین و خۆشەویستمان درێژ وە نەتەوەی کورد و عەرەبی خەباتکار بەختیار و سەر بڵند بکات..

## خوێندنەوەی برووسکە و نامەی پیرۆزبایی

دوای کۆتایی هاتن بە خوێندنەوەی وتارەکان، مامۆستا کەریم شارەزا چەند برووسکەو نامەیەکی دیکەی  خوێندنەوە، کە بە کۆنگرە گەیشتبوون، لەوانە:

- برووسکەیەك لە دهۆکەوە بە ناوی (٢٤٧) کەس.
- برووسکەی مامۆستا مەسعود محەمەد کۆیی.
- لە کەرکووکەوە برووسکەی عەبدولصەمەدی خانەقاو ٤٦ کەس.
- لە سلێمانییەوە برووسکەی ئاشتی خوازان و برووسکەی کۆمەڵەی مافی ئافرەتان. برووسکەی جەلال جۆلاو چەند کەسێکی دیکە.

**لە هەولێرەوە:**

- برووسکەی هاوبەشی سانەویەی کچان وخانەی مامۆسایانی سەرەتایی کچان لە هەولێر، بە ئیمزای مامۆستایان: (مەنیعە نەقشبەندی، عابیدە ئەحمەد، ویداد قازی)، ناوەرۆکی برووسکەکەشیان وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتنی کۆنگرە، پشتگیریی دامەزراندنی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی کوردستان) یان کردووە.
- برووسکەی مامۆستا گیو موکریانی  کارگەرانی چاپخانەی کوردستان
- سلاوی  یەکێتی قوتابیانی گشتی ، هەولێر، لە ڕۆژنامەی خەبات[1] بەم شێوەیە بلاوکراوەتەوە:

---

[1] خەبات، ژ٥٤، ١٣/ئەیلوول/٩٥٩، ل٦.

## سلاوی قوتابیانی هەولێر

## بۆ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

((بەناوی یەکیەتی قوتابیانی گشتی لە کۆمارستانی عێڕاق لقی هەولێر خۆمان بە بەختیار ئەزانین لە کانی دڵمانەوە گەرمترین سلاوی قوتابیان پێش کەش بکەین ـ هەستی دەروونی خۆمان دەرئەبڕین بە بنەی بەستنی یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لەژێر ئالآی جەمهوریەتە دیموکراتیەکەمان.

بەستنی ئەم کۆنگرەیە یەکەمین هۆیە بۆ جێبەجێ کردنی مودیریەتە زانیارەکەی ئامانجی هەرە بەرزی قوتابیانی کوردستان بوو لە سەرەتای شۆڕشی ١٤ گەلاوێژی پیرۆزەوە)).

لە پاشا تا  لە نامەکەیانا ئەڵێن:

دووبارە سلاوی دڵسۆزیمان پێشکەشتان ئەکەین، وە باوەڕێکی تەواومان هەیە کە کۆنگرەکە ببێتە هۆیەکی گرنگ بۆ پێشخستنی زانیاری کوردستان.

بژی کۆمارستانی عێڕاق، کۆمارستانی کورد و عەرەب، بە سەرۆکایەتی ڕۆڵەی گەل کاك عەبدولکەریم قاسم.

بژی نەقابەی مامۆستایان

یەکێتی قوتابیانی گشتی

هەولێر

- برووسکەی ئاشتی خوازان
- پارێزەران..
- پزیشکان: ئێمە کە پزیشکەکانی هەولێرین، ئەو یاسایە جارەکییە دانراوە ئەڵێ کورد و عەرەب بەشدارن وەکو یەك لەم کۆمارە، لەبەر ئەمە بە پشتیوانی ئەم یاسایە داواتان لێ ئەکەین، کە بگیریەتی زانیارییە کە دا بمەزرێنرێ، کە مافێکی ڕاستەقینەی کوردەکانە. وە هەموو برا عەرەب و کورد و نەتەوەکەمەکانی تریش داوای دامەزراندنی ئەم بگیریەیان کردووە. بە ئیمزای: دکتۆر جەمال ڕەشید، دکتۆر پیتر عچۆ، دکتۆر محەمەد دزەیی، دکتۆر ثابت حەسەن ثابت، دکتۆر تەحسین نورەدین، دکتۆر عەبدولقادر تاڵەبانی[1].
- یەکێتی قوتابیان بە کوڕ و کچەوە.
- برووسکەی پیربال مەحموود.

**لە بەغدا**

- برووسکەی هەندێك لە کۆلێژەکان.

**لە شەقلاوە**

- برووسکەی قوتابیان.

**برووسکەی بەڕێوەبەرایەتیی ئێزگەی ڕادیۆی عێراق.**

[1] بڕوانە: ڕۆژنامەی خەبات، ژ٥٤، ١١/ئەیلوول/١٩٥٩،ل٦.

ئینجا دوا وتەی ئەو ئێوارە کۆڕە، درایە (د. سدیق ئەتروشی)[1] تیایـدا ئـەوەی ڕاگەیانـد، کـەوا کـۆنگرە چـەند لیژنەیـەکی پێکهێنـاوە بـۆ تـاوتوێکردنی گیروگرفتـەکان و نووسـینەوەی ڕاسـپاردەکانیان، داواشـی لـە ئەندامانی کۆنگرە کرد، کە هەریەکەی ناوی خۆی لە لیژنەیـەك تۆمـار بکـات بـۆ ئەوەی بۆ بەیانی دەست بەکارەکانیان بکەن[2].

---

[1] لەدایکبووی سالّی ١٩٢٤ ی قەزای شێخانە. لە سالّی ١٩٤٣ خانەی بالاّی مامۆستایانی لە بەغـداد بە پلەی نایاب تەواوکردووە و نێردراوەتە میسر. لەزانکۆی مـەلیك فـاروق لـە جوگرافیـای سروشـت خوێندنی ماستەری تەواوکردووە و دواتر لە هەمان بابەت، بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی (کلارك) ی ئـەمریکی بەدەسـتهێناوە. لەسـالّی ١٩٥٦ کراوەتـە بەڕێوەبـەری ناردنـەدەرەوە لـە وەزارەتـی مەعاریف. لە سالّی ١٩٥٨ کراوەتە بەڕێوەبەری گشـتیی خوێنـدن و سـەرۆکی بەشـی جوگرافیـا لـە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا. لە سالّی ١٩٥٩ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکـەمی مامۆسـتایانی کـورد کردووە و دوای کۆنگرە پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی خوێنـدنی کـوردیی بـە وەکالـەت وەرگرتـووە. لەسـالّی ١٩٦٠ بووەتـە جێگـری دووەمـی نـەقیبی مامۆسـتایانی عێـراق و بەشـداریی لـە کـۆنگرەی دووەمـی مامۆسـتایانی کـورد دا کـردووە. لـە سـالّی ١٩٦١ بووەتـە جێگـری سـەرۆکی کۆمەڵـەی دۆستایەتیی عێراق و چین. لە سالّی ١٩٦٣، دەستبەرداری تەواوی پۆستەکانی بـووە و پەیوەنـدیی بەشۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و لە دەسـتەی ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتانی عێـراق کـاری کـردووە. لەسالّی ١٩٦٤ لە بارەگای ئێزگە لـە یـەکێك لـە ئەشـکەوتەکانی شـاری سـلێمانی لـە تەمـەنی (٤٠) سالّی، کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: https://ciyaye-kurmenc.com

[2] ئەندامان سەرپشك بوون لەوەی ببنە ئەندامی یەکێك لەلیژنەکان، یـان لـەهیچ لیژنەیەکـدا بەشـدار نەبن، بۆیە مەرج نییە هەموو ئەندامانی کۆنگرە بەشدارییان لە ئەندامێتیی لیژنەکانەوە کردبێت، بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ مامۆستا (عەبباس حوسـێن) کـە ئەنـدامی هـەردوو کۆنگرەکـان بووە، باسی لەوەکرد، کە بۆخۆی لە هیچ لیژنەیەکدا نەبۆتە ئەندام.

بۆ ڕۆژی دواتریش ئەندامانی کۆنگرە بەپێی پسپۆڕی و توانـاو بـە شـێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەم شێوەیە بەسەر لێژنەکان دابەش بوون:

١– **لێژنەی زمان و ئەدەبی کوردی:**

(٢٠) ئەندام و (٨) تەماشاکەر[١]، لەوانە: ئیبراهیم ئەحمەد، جگەرخوێن، شـاکر فـەتاح، عـزەدین فـەیزی، عومـەر سـاقی، نـوری عـەلی ئـەمین، کـەریم زەنـد، عەلائەددین سەجادی، ئەحمەد دلزار، محمد صالح سەعید، ناهیدە شێخ سەلام، عـەونی، پـاکیزە ڕەفیـق حلمـی، کـەمال عەبـدولقادر، نەسـرین فـەخری، گیـو موکریانی، شەوقیە ئەحمەد، محمد تۆفیق وردی، خەلیل ئیبراهیم، ابوبکر شـێخ جەلال، مەعروف خەزنەدار، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، تەها ئەحمەد خۆشناو.

٢– **لێژنەی مێژووی کورد:**

(١٧) ئەندام و (٣) تەماشـاکەر. لەوانـەش: محەمـەد جـەمیل ڕۆژبـەیانی، تـاهیر صادق، عەبدولسەلام محەمەد ئەمین. عەبدولرەحمان ڕەزا، ڕەشید جەلال.

٣– **لێژنەی وەرگێڕان و دانان و بلاّو کردنەوە:**

(١٥) ئەندام: لەوانەش: شەفیق محەمەد، کەریم شارەزا، فوئـاد ڕەشـید، زەکـی هەناری، حوسێن عارف، عەبدوڵلاّ زێباری، حوسێن ڕەشوانی

---

[١] بەپێی بڕیاری کۆنگرە، تـەنها مامۆسـتایان بۆیـان هـەبووە، لـە لێژنـەکان دا ببنـە ئەنـدام، بۆیـە میوانەکان وەك تەماشاکەر، ئامادەبیان هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا، دەرفەتی ڕاگۆڕینەوەیان پێدراوە و سوود لە پێشنیاز و ڕێز لـە بـیرو بۆچـوونە کانیـان گـیراوە، هەنـدێکییان ڕۆڵـی زۆر کاریگـەرییان هەبووەلە یەکلاکردنەوەی کێشەکان.

٤- **لێژنەی پرۆگرام:**

(٢٢) ئەندام و (٢) تەماشاکەر: لەوانەش: عەبدوڵڵا شاڵی، حەمدیە سابیر، ئیسماعیل حوسێن، بەگۆك عەزیز، محەمەد مەولود(مەم).

٥- **لێژنەی چارەسەرکردنی نەخوێندەواری:** (١٤) ئەندام. لەوانەش: محەمەد ڕەشید مەحمود، محەمەد عەلی دزەیی، ئامینە محەمەد.

٦- **لێژنەی بەڕێوەبردن** : (٣٢) ئەندام و (٢) تەماشاکەر. لەوانەش: محەمەد عەلی مەحمود، موسا خەلیل، مستەفا حەسەن شەعبان، خەلیل خۆشناو، خانە ئیسماعیل، شێخ موسا جاسم، جەلال عەبدولڕەحمان، شەفیق مەحمودخان، عەبدوڵڵا میدیا.

### ١-٢-٥-٢ دانیشتنەکانی ڕۆژی دووەم

#### ١-٢-٥-٢-١ دانیشتنی یەکەم

ئەندامانی لێژنەکان لە کاتژمێر ٨:٣٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٩/١٢ بۆ تاوتوێکردن و داڕشتن و نووسینەوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانیان کۆ بوونەوە، کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ئەندامان و میوانان بۆ نان خواردن بەسەر چەند چێشتخانەیەکی هاوینەهەواری شەقڵاوە دابەش بوون.

هەر ئەو ڕۆژە (شەممە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٩/١٢) لەلایەن چەند نووسەر و ئەدیبێکی کوردی میوانی کۆنگرە، برووسکەیەك بۆ سەرۆك وەزیران بەرزکرایەوە، دەقی برووسکەکە لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە، بڵاوکرایەوە، کە دەقەکەی بەکوردی بەم شێوەیەیە:

**بۆ پێشەوای مەزنی کورد و عەرەب کاك عەبدولکەریم قاسم ی خۆشەویست**

ئێمە، کە شارەزایانی زانستی کوردین، وە لە نووسەر و بوێژ و زمانزان و ڕۆژنامەگەر، بانگ کراین بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، ئێمەش ئەمەمان بە هەل زانی، هەلێك، کە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی پیرۆز نەبوایە بە سەرکردەیەتی کارامەتان بۆمان هەڵنەئەکەوت، کە سوپاسی بێ پایانتان بکەین دەربارەی ئەو هەنگاوە پیرۆزەی حکومەتە نیشتمان پەروەرەکەمان نای بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی زانستی و زانیاری گەلی کورد، بەوەی، کە بەڕێوەبەرێتی زانیاری گشتی (دراسەی کوردی) دامەزراند.

وە هیوادارین ئەم هەنگاوە، سەرەتایەك بێت بۆ پێکهێنـانی بەڕێوەبەرایەتییـەك بەناوی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان)ەوە، کە بەجێهێنانی مافی زانستی و خوێندەواری گەلی کوردی پێ بسپێردرێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا. کە ئەمەش(بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان) هۆی پتەوکردنی برایەتی ئەبـەدی کورد و عەرەبە وە داوای هەق و بەهێزی (جەماهیری) ئەم گەلەیە، کە هەمیشـە لـەخۆبوردووە لـە پێنـاوی کۆمـارێتی دیموکراسـی نـەمری عێراقـدا، وە ئێکجـار دڵسۆزە بـۆ سـەرەکایەتی سـەرەکی مـەزنی گـەل، تاکـە سـەرەك عەبدولکـەریم قاسم.

شاکر فەتاح: ئەدیب

عەلائەددین سەجادی : ئەدیب

جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی : وێژەوان

ئیبراهیم ئەحمەد: ئەدیب

کامەران: شاعیر

دڵزار: شاعیر

گیو موکریانی : ئەدیب

نەسرین فەخری: ئەدیبە

ئەمانەو (٣٠) نووسەر و بوێژی تری کورد برووسکەکەیان ئیمزا کردووە.[١]

---

[١] دەقی ئەم برووسکەیە لە ڕۆژنامەی ژین، ژ١٤٧٢، ١٩٥٩/٩/١٤، ل٢ وەرگیراوە.

**١-٢-٥-٢-٢ دانیشتنی دووەم**

دوای پشوو، کاتـژمێر ٤:٣٠ ی دوای عەسـر، دانیشـتنی دووەمـی ڕۆژی دووەم دەسـپێکردەوە و تـا کاتـژمێر ٧ی ئێـوارە و چـەند لێژنەیـەکیش تـا درەنگانی شەو خەریکی  ئامادەکردنی پوختەی ڕاپۆرتی لێژنەکانیان بوون .

زۆربەی لێژنەکان، توانییان بەبێ کێشە وگرفت، ڕاو بۆچوونەکانییان تاوتوێ بکەن و ڕاسپاردەکانییان لە چەندین خاڵدا پوخت بکەنەوە و بییان کەنە بڕیاری لێژنەکانیان.

ئەوەی لێرەدا شایانی بیرهێنانەوەیە، ئەو مشت و مڕە و ڕاگۆڕینـەوەی لێژنـەی (زمان) ە، لەمەڕ بڕیاردان لە سەر دەستنیشانکردنی زمـانی گشـتیی نووسـین و خوێندنی کوردی.

دیارە نوێنـەران و ئـەدیب و ڕۆشـنبیرانی پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتانیش بەشدارییان لە کۆنگرەکەدا کردووە و ئـەوانیش مـافی ڕاگۆڕینـەو خسـتنە ڕووی بیروبۆچـوونەکانیان هـەبووە، (گیـو موکریـانی) کـە بۆخـۆی یـەکێك بـووە لـە ئەندامانی لێژنەی زمـان، دەربـارەی ئـەو مشـتو مـڕە دەڵـێ: (( لـەو لیژنەیـەدا گەلێك کەس لەسەر ئەوەبوون لە کۆنگرە بە تایبەتی لیژنە دوابخرێ بۆ کـاتێکی تر وە داوا بکەن کە کۆنگرەیەکی تر بۆ ئەو مەبەستانە ببەسترێ و گـەلێك زانـاو ئاشناتریش بانگێشت بکەن))[١]

[١] - گۆڤاری هەتاو: ژ/ ١٦٤ ی ١٩٥٩/١٠/٣١، لا ٤.

ئەم هەوڵە پێشوەختیەی ئەو کەسانەی مامۆستا (گیو) باسیان دەکات بۆ دواخستنی لێژنەی زمان، دواتریش لە مشتومڕێکی گەرم، ناڕازی دەبن لە بڕیاردان لەسەر یەکەم بڕگەی ڕاسپاردەکانی لێژنەی زمان، هەر لەم باسەدا (گیو) دەڵێ: (( لەکاتی لێکۆڵینەوەی شێوەی زماندا، هەندێك کەس پێشنیازیان وابوو، کە شێوەی ئاخاڤتنی سۆران بۆ نووسین بکرێتە ڕەسمی، بەڵام برا کوردەکانی تورکیا و سوریا وبادینان و ئێران دیار بوو ناقایل بوون و بێزاریی خۆشیان دەربڕی))[1]

بێگومان دەرفەتی بەستنی کۆنگرەیەکی وەك ئەمەی کە لە شەقلاوە هاتۆتە پێش، جگە لەوەی  یەکەم دەرفەتە لە مێژووی  هەرچوار پارچەکەی کوردستان ڕەخسابێ، لەلایەکی دیکەش هەلومەرجی شلۆقی باری سیاسیی کوردستان ترسی ئەوەی لێدەکرێ  لەو کاتانەدا دەرفەتێکی دیکەی لەو بابەتەی بۆ نەڕەخسێتەوە، بۆیە مامۆستا گیو هەڵیداوەتێ و گوتوویەتی : ((هەزار ساڵە نەتەوەی کورد چاوەڕێی هەل و دەرفەتێکی وایە، ئایا ئەو دەرفەتە لەکیس بچێت و سوودی لێ وەرنەگرین و نەتەوەی کورد هەزار ساڵی تریش چاوەڕوانی هەلێکی تربێت؟ با هەر ئێستا خۆمان هەڵیسوڕێنین باشترە، چونکو ڕۆژگار بێ ئەمەکە و پشتی پێ نابەسترێ))[2].

[1] - گۆڤاری هەتاو، ژ ١٦٤ ی  ١٩٥٩/١٠/٣١، لا ٤.لا ٥

[2] - سەرچاوەی پێشوو، لا ٤

زۆربەی ئەندامەکان ئەم ڕایەی مامۆستا (گیو) یان پەسەند کرد و ڕازیبوون کە ئەوەی لە توانا دایە لە ئێستادا کاری بۆ بکرێت و دوا نەخرێت، بەڵام بۆچوون و ڕای جیاواز لە نێوان ئەندامەکاندا زۆر زەق بوون.

سەبارەت بە لەیەکدی نزیککردنەوەی بۆچوونەکان و دامرکاندنەوەی ناڕەزاییەکان، دیسان هەر مامۆستا گیو بە هانای هەڵوێستەکە گەیشتووە، دەڵێ: (( بەندە ئاگری ئەو ناکۆکیەم بەو چەشنە کوژاندەوە و گوتم (ئایا نەتەوەی کورد چەند ساڵە منداڵەکانیان بە کوتەك و زۆرداری فێرە فارسی و تورکی و ئیتر دەکرێن بۆچی سەخڵەت و تووڕە نابن؟ ئایا کفرە هەواو خۆپەرستی بخەینە ژێر پێیانەوە و بە هەموولایەکمان شێوەی سۆران بە ڕەسمی پەسەند بکەین؟))[1]

دیارە لەسەر ئەم وتانەی (گیو) قسە و گفتوگۆ و ناڕەزاییەکان و نەچوونەتە ژێر باری پەسەند کردنی شێوە ئاخاوتنی سۆرانی بۆ ئەوەی لە کوردستاندا بکرێتە زمانی خوێندن و نووسین، بۆیە مامۆستا (گیو) بە وردەکارییەکی ڕوونتر درێژەی بە قسەکانی داوە: (( بە پێی داد و ڕاستی دەبوو شێوەی موکری بکرابایە بە ڕەسمی، چونکو مێژوو بە کۆنترین شێوەی نیشانداوە، لە لایەکەوە زمانێکە زەردەشت قسەی پێکردووە و ئاوێستا و زەند و پازەندەی پێ نووسراوەتەوە و لە لایەکی تریشەوە زمانی ڕەسمی ئیمپڕاتۆریەتەکانی ماد و کۆماری قازی محمدی بووە، کەچی سەرەڕای ئەو

[1] - گۆڤاری هەتاو، ژ ١٦٤ ی ١٩٥٩/١٠/٣١،لا ٥.

هەموو پیت و پیرۆزی و بەڵگە گرنگانـەش لـەڕووی ئـەوەوە کـە هـەموو شـتێکی تەواوی پیێ نانووسـرێ، مـن خـۆم کـە کـوردێکی موکریـانم ئـەو مافـە مێژووییـە دەکەمە قوربانی کەڵك و سوودی گشـتی گـەلی کـورد، چـونکو بەرژەوەنـدی دوا ڕۆژی نەتەوەی کورد لە یەکیەتی زمانی کوردی دایـە))[1]، دوای هێـور بوونـەوەی مشتو مڕەکە، بۆ دڵنـەوایی ئەندامـە ناڕازییـەکان، مامۆسـتا (گیـو) درێـژەی بـە قسەکانیدا: (( کە وتم شێوەی سۆران بکرێتـە ڕەسمـی مەبەسـم ئەوەیـە کـە تـا چەند ساڵێك پڕۆژەی یەکێتی زمانی کوردی سەردەگرێ با سـۆرانی بـێ ئـەویش بەو مەرجانەی خوارەوە:

١- مامۆستایانی بادینی و لوڕ ڕۆژێ دەرسێکی زمانی خۆیان لە قوتابخانەکانی وڵاتی سۆراندا بڵێنەوە.

٢- مامۆسـتایانی سـۆرانیش لـە بادینـان و وڵاتـی بـرا فەیلییـەکان دا ڕۆژێ دەرسێکی شێوەی زمانی خۆیان بڵێنەوە.

٣- دەستووری زمان (گرامێر) بە یاریکاری هەموو شێوەکانی کـوردی تـەدارەك بکرێت.

٤- بۆ گەیشـتنە ئامـانجی یەکیـەتی زمـانی کـوردی، لەمـەو دوا هـەر کتێبێکـی دادەنرێ دەبێ بە شێوەی زمانی بادینانی و فەیلیەکان پەیوەند بکرێت.

٥- فەرهەنگی کوردی کە هـەموو شـێوەکانی کوردی بگرێتـەوە ڕێـك بخـرێ و چاپ بکرێ.

[1] - سەرچاوەی پێشوو، لا ٩.

٦- بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە دەبێ هەوڵ بدەین، کە یەکیەتی زمانەکەمان سەر بگرێ و تەنها بەرەو ئامانجی یەکیەتی هەنگاو باوێژین و مەیدان بە دڵ ئێشانی هیچ لایەك لە برا کوردەکانمان نەدەین، نەوەکو ئێمە هەر بە شێوەی خۆمان بنووسین و ئەوانیش هەر بە شێوەی خۆیان بنووسن و لە دوا ڕۆژدا وەکوو فارس لێمان جوێ ببنەوە، چونکو بە جیاوازبوونەوەی هەر چینێك لەوان پشتی ئێمەش و ئی ئەوانیش دەشکێ.

٧- لە پۆلی یەکەمی قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە تا ٤ تەنها زمانی کوردی بخوێنرێ.

٨- لە پۆلی سێیەمینەوە لاتینی کوردیش بخوێنرێت.

٩- لە پۆلی چوارەوە عەرەبیش بخوێنرێت.

١٠- لە متوسطة و ثانویش و دار المعلمینیش دا کوردی بخوێنرێت .))[١]


ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە، کە وێڕای بوونی بۆچوونی جیاواز و دوای ئەو مشتومڕە، ئەندامانی لێژنەکە بە گیانێکی کوردانەی پاکەوە و لە پێناو لەبارنەچوونی ئەم دەرفەتە، بە کۆی دەنگ بڕیاریان لەسەر چەسپاندنی ئەو بڕگەو بابەتانەدا، کە دواتر خرانە بەردەم تەواوی ئەندامانی کۆنگرە.

---

[١] - سەرچاوەی پێشوو، لا ٥ ، ٦.

## نامەکەی ئەنوەر مایی

هەرچەندە (ئەنوەر مایی)[1] لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایاندا ئامادە نەبووە، بەڵام لەبارەی پرسی زمانی یەکگرتووی کوردی.



نامەیەکی بۆ (ئیبراهیم ئەحمەدی محامی) سکرتێری پارتی ناردووە کە لە کۆنگرەکەدا ئامادە بووە و نوێنەری دەستەی (پارتییەکان) بووە.

دواتر لە ڕۆژنامەی (خەبات) یش بڵاوی کردۆتەوە:

((بۆ ئیبراهیم ئەحمەدی مەحامی ـ شەقڵاوە

چارکردنی دژواری یەکخستنی شێوەکانی زمانی کوردی ئەمانەتە لە ئەستۆتان، بەکارهێنانی شێوەی (مێرگەسوور) وەکو بناغەیەك بۆ یەکخستنی هەموو شێوەکان ئەو دژوارە چارە ئەکات، تکایە ئەو ڕەئی یە بخەنە کۆنگرە.

ئەنوەر مایی))[2]

---

[1] ئەنوەر کوڕی شێخ تاهیر، کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا محەمەد، لە ساڵی ١٩١٣ لە دێی مایی ی ناوچەی (بەرواری باڵا) لەدایك بووە. لە ساڵی ١٩٣٦ ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٣٨ لە وەزارەتی مەعارف لە بەغدا، بەشداریی لە تاقیکردنەوەیەکی تایبەت کردووە و بووە بە مامۆستا. دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ تێکەڵی کاری سیاسی بووە، ١٩٦١/١/١٦پەیوەندیی بە شۆڕشکردووە و لە ١٩٦٣/٦/٢٢ بە بۆمبای فڕۆکەکانی عێراق شەهید بووە. بڕوانە: الاکراد فی بهدینان، انور مایی، چاپی دووەم، دهۆك ١٩٩٩، ل١٧ـ٢٠.

[2] - خەبات: ژ/ ٥٤ ی ١٩٥٩/٩/١٣، لا ٦

### ١-٢-٥-٣ دانیشتنی ڕۆژی سێیەم

کاتــژمێر (٩) ی ســەرلەبەیانیی ڕۆژی ســێیەمی کــۆنگره، دکتــۆر صــدیق ئەتروشی بەچەند پەیڤێك کۆنگرەی کردەوه.



لەبــەر ئــەوەی لەبــەر(زارەکی) وتــەکانی پێشکەش کردوون، تۆمار نەکراون.

ڕۆژنامــەی ئــازادی ئــەو چــەند وشــەیەی دەربــارەی وتــەکانی ســەدیق ئەتروشــی بلاوکردوونەتەوه:

((دەربارەی کۆنگرەو ئیشـەکانی دوا، وە بـە بـەرێکی تـازەی شۆڕشـی سـوپا و گەلی دانا، بەسەرکردەیی ڕۆڵەی وەفادار عبدالکریم قاسم، پاش ئەوه سوپاسی سیادەتی وەزیری زانیاری و دەستەی بەڕێوەبردنی ئەوسا و ئێسـتای نەقابـەی مامۆستایانی کرد، کە هیمەتێکی باشیان نوانـدوه بـۆ پـێش خسـتنی کاروبـاری خوێندەواریی کوردی و پەرەپێدانی سـامانی نەتەوایـەتیی گـەلی کـورد. پاشـان سوپاسی ئەو ئەدیب و شاعیر و زانایانەی کرد کە هاتون بۆ کۆنگره))[١]

له کۆتایی وتەکانیدا دکتۆر سدیق ئەتروشی داوای له نووسەر و کەسایەتیی دیار (شاکر فەتاح) کرد بۆ ئەوەی لـە جیـاتی ئـەدیب و ڕووناکبیرانی کـورد پـەیڤێك پێشکەش بکات.

---

[١]- ڕۆژنامەی ئازادی: ژ/١٦)ی ١٩٥٩/٩/٣٠ لا ٥.

**شاکر فەتاح[1] هاتە بەردەم ئامادەبووان و وتارێکی لەبەر خوێندەوە.**



**هەرچەندە تۆماری وتارەکەمان دەست نەکەوتووە، بەلاّم لە گۆڤاری هەتاو، نەمر(گیو) ئەوەندە وتانەی بیری ماون بەم شێوەیە تۆماری کردوون[2]:**

---

[1] لە ساڵی ١٩١١ لە سلێمانی لەدایك بووە،ە ساڵی ١٩٣٣ یەکەم کتێبی خۆی لەچاپ داوە، لە ساڵی ١٩٣٤ سەرنووسەری گۆڤاری (یادگاری لاوان) بووە.لە ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواوکردووە.

ساڵی ١٩٣٦/١٠/١٥ کراوەتە بەڕێوەبەری ناحیەی مزووری، لە ماوەی ژیانیدا لە چەندین ناحیەو قەزادا سەرۆکی یەکەی کارگێڕی بووە، لە ساڵی ١٩٥٨ بووەتە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی، جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەران و ئەندامی کۆڕی زانیاریی کورد بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ بووەتە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی یاساداناني ناوچەی کوردستان، زیاتر لە (٦٠) کتێب و نامیلکەی چاپکردووە، لە ١٩٨٨/٦/٢٧ لە سەر هەڵوێستێکی مرۆڤانە و کوردانە، لە سلێمانی دەستگیرکراوە، دواتر لە ئەمنی هەولێر ئیعدام کراوە و تەرمەکەشی ون کراوە. بڕوانە گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، ل١٨١.

[2] گۆڤاری هەتاو، بەرگی شەشەم، بەشی یەکەم، ل٤٧٦٥.

سوپاســی مامۆســتایان و کـۆنگرەی کـرد و پیرۆزتـرین سوپاســی بـۆ ســەرۆك عبدالکریم قاسم پێشکەش کرد،دوای وی بـۆ وەزارەتـی زانــیـاری بـەبـۆنـەی دامەزراندنی مدیریەتی مەعارفەوە.

سوپاس بۆ خودا کە کۆنگرەی زانیاری کورد بـۆ بنچینەی کوردسـتانێکی ئـازاد دامەزرا ئومێد وایە بەم زوانە کۆنگرەیەکی تـر بـۆ مـەعارفی کوردسـتانی گـەورە بگرین.

وەبـزانم کۆنگرەکـەمان مدیریـەتی بـە نـارێکی کـە خواسـتووە منـیش بـەناوی کوردەوە داوا ئەکەم کە بەناوی مەعارفی بکرێتە مدیریەتی مەعارفی کوردسـتان و جغرافیای کوردستانیشی تێدا بخوێنرێ و لە کۆتاییدا وتی، ئـەو چـوار ڕۆژانـە جەژنێکی ئیگجار ئێگجار خـۆش بـوو، بـەلآن ئەگـەر هاتبـا مدیریەتەکـە بـەناوی کوردستان بایە سەد هەزار هێندە خۆشتر دەبوو.

دوای وتارەکەی شاکر فەتاح، مامۆستا خەلیل حەمەد خۆشناو بە هەمان گوڕ و تینەوە هۆنراوەیەکی خۆی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد[1]:

**ســــــلاوی گـــــــەرمی شــــــەقلاوەی جــــــوان**
**ســــــلاوی چــــــاکی کــــــورد و کوردســــــتان**
**ســــــلاوی هـــــــەموو ئـــــــازا و مـــــــەردان**
**بۆئـــــەم کــــــۆنگرەی مامۆســــــتای کــــــوردان**
**جــــــەژن و شــــــادییە وا لـــــــە کوردســــــتان**
**شــــــین و تازییـــــــە لـــــــەناو دڵ پیســــــــان**
**بـــــەڵێ کــــــۆنگرەی کــــــوردی کوردســــــتان**
**شــــــکاندی پشــــــــتی کۆنەپەرســــــتان**
**برووســــــکە بنێـــــرن بـــــۆ ئـــــازاد خــــوازان**
**میللــــــەتی کــــــوردیش وا هاتــــــە مەیــــــدان**
**ئیســــــتعمار بۆکـــــویێ خەنجـــــەری کــــــوردان**
**بـــــۆ جـــــەرگی تۆیـــــە دوژمنـــــــی گـــــەلان**
**ئـــەو ســـاڵ هـــەر جەژنـــە جـــەژنی ئـــازادان**
**هـــــــی برایـــــــەتی عـــــــارەب و کــــــــوردان**

[1] دەقـــی ئـــەم هۆنراوەیـــە، لـــە گۆڤـــاری هـــەتاو، ژمـــارە ١٦٣ی ١٥ ی تشـــرینی یەکـــەمی ١٩٥٩ بلاوکراوەتـــەوە، بڕوانـــە: گۆڤـــاری هـــەتاو، ئامـــادەکردنی ســـدیق ســـاڵح و ڕەفیـــق ســـاڵح و عەبـــدوڵلا زەنگەنە، بەرگی شەشەم، بەشی یەکەم، ل٢٠.

**وا بـــــــەکوێرایی چـــــاوی دوژمنـــــــان**

**پشـــتی یـــەك ئـــەگرن عـــارەب و کـــوردان**

**ئەوانـــــەی خۆیـــــان پـــــێ فیرعـــــەون بـــوو**

**میللەتیشـــــیان پـــــێ بەنـــــدەو عەبـــــد بـــوو**

**بـــە دەســـتی میللـــەت کەللـــەیان شـــەق بـــوو**

**تـــاج و تەختیشـــیان لێ ســـەر و بـــن بـــوو**

**ئـــەی ئـــەو کەســـانەی دائـــم نامـــەرد بـــوون**

**لـــە بـــۆ ئیســـتعمار مـــوخلیس و ســـەگ بـــوون**

**ئیســـــتعمار تـــــۆپی ئـــــەویش لەناوچـــــوون**

**تـــف لـــە ئیســـتعمار خوێنمـــژی مـــەلعوون**

**چـــــەلاوخۆرانی دەســـــتی ئیســـــتعمار**

**هـــەروەکو ســـەگ بـــوون لـــە گونـــد و لەشـــار**

**پڕیـــــان ئەدایـــــە فـــــەقیر و هـــــەژار**

**ئێســـتا لـــەبۆکوێ  چـــۆن ئـــەبن ڕزگـــار؟**

**ســـەیری ئەوانـــەی خوێنمـــژی گـــەل بـــوون**

**نۆکـــەری پـــارەو دوژمنـــی گـــەل بـــوون**

**ئێســـتا دەلـــەرزن بـــێ شـــەڕەف زەبـــوون**

**هـــەموو شـــت ئەکـــەن لـــەڕێی عـــەفوو بـــوون**

.

**ئەوانە خەڵکیان بێ سووچ حەپسکرد**

**مامۆستاو گەنجیان دارکاری ئەکرد**

**ڕۆڵەی موخلیسیان گوللە باران کرد**

**تۆڵەی لێ دەوێن زۆر بە دەست و برد**

**ئەوانەی غەدر و زوڵمیان ئەکرد**

**ئابڕو و حەیای میللەتیان ئەبرد**

**هەزاران کەسی دەربەدەر ئەکرد**

**کفرە قەت نەڵێین وا تۆبەیان کرد**

**مولکی میللەتیان بۆخۆ تاپۆ کرد**

**بە ملیۆن پارەی حکومەتیان برد**

**هیچ ئیشیان بەبێ بەرتیل نەئەکرد**

**هەی خاکیان بەسەر حەماڵیان ئەکرد**

**ئەو خائینانەی بێ باک بوون لێتان**

**حاکمو قانون بۆ وان دائەنرا**

**ئێستا وا نەما ئەو حاڵی پێشان**

**مژدەبێ ئەمڕۆ شەعبە حاکمتان**

**حەقی عالەمیان هەموو بۆ خۆ برد**

**گوناهی خۆشیان زوو بزر ئەکرد**

**ماڵی زۆرکەسیان برد و کاول کرد**

بــــۆیێ بـــــوو خـــــوداش قبـــــوڵی نـــــەکرد
بابــــەس بــــــێ باســــــی ئـــــەو نامەردانـــــە
وا بــــوون بــــە عیــــبرەت لـــــەرووی زەمانـــــە
رەگ و ریشـــــەیان هـــــەر لـــــەم زووانـــــە
هەڵئەکەنـــــــدرێن لـــــــەم نیشـــــــتمانه
عێـــــراق عێراقـــــی عـــــارەبو کـــــوردە
عێراقـــــی هـــــەموو کەســـــێکی مـــــەردە
عێـــــراق بـــــە هێـــــز و پـــــاك و بێگـــــەردە
ئیستـعـمـاری پـیـــس دەســـتـی لـــێ بـــەردە

دوای ئـەوەی بـە چـەپڵە ڕێـزان کۆتـایی بـە خوێندنـەوەی هەڵبەسـتەکەی خـەلیل خۆشـناو هـات، مامۆسـتا محەمـەد سالح سـەعید، یەکـە یەکـە بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی لێژنـەکانی خوێندنـەوە. دەنگـدان لەسـەر بڕیـار و ڕاسـپاردەی لێژنەکان دەستی پێکرد، جێی ئاماژه پێکردنه دەنگدان تـەنها تایبـەت بـوو بـە مامۆستایان، ئەندامانی وێژەوان و ڕووناکبیران لێی بێ بەش بوون.[1]

[1] لـە ڕۆژنامـەی (اتحـاد الشـعب) ژ۲۰۰، ۹۵۹/۹/۱۷، ل۸ دا، بـاس لـەوە دەکـات، کـە هەنـدێك لـە ڕێکخەرانی کۆنگره، شارەزاییەکی پیشەییان نەبووە لـەو ئەرکـەی گرتوویانەتـە ئەسـتۆ، بـاس لـەو هەڵەیە دەکات، کە جیاوازییان لە نێوان بەشداربووانی کۆنگرەکەدا نەکردووە، کە دەبێ وەك ئەندام یان وەك مێوان یان وەك چاودێر ڕۆڵیان دیاربکرێ، کە ئەمەش کێشەی بـۆ هەنـدێك لەبەشـداربووان دروستکرد، ئەوانەی کە مامۆستا نەبوون.

**١-٢-٦ بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە**

**١-٢-٦-١ ڕاسپاردەکانی لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی:**

**١-٢-٦-١-١ زوبان:**

یەکەم:

أ- شێوەی سۆرانی بکرێ بە بنچینەی زوبانی کوردی لە عێراقدا (زمانی ستاندار)، وە وشەی شێوەزارەکانی دیکەی تێبخرێ، وە یاساکانی ئەوانی بەسەردا ببڕێ.

ب- بۆ ئەم نیازە لە نزیکترین کاتی گونجاو لیژنەیەك لە پسپۆڕی هەموو شێوەزارەکان پێکبهێنرێ.

دووەم: کۆمەڵێکی زوبان زانان پێکبهێنرێ، بۆ ئەوەی ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکا:

أ- خوێندن و نووسین جارێ بە ڕەنووسی زوبانی عەرەبی بێت، بەلام بەپێی ئەو دەنگانەی کە زوبانی کوردییان لێ پێك دێ، دەستی بەسەردا بهێنرێ.

ب- دانانی یاسای تایبەت بە نووسینی کوردی.

ت- دانانی دەستەواژەی زانستی.

پ- بڕیاردانی دانانی فەرهەنگێکی گشتی بۆ زوبانی کوردی. بۆ ئەم نیازە کەڵك لە فەرهەنگە دەستنووس و لە چاپدراوەکان وەربگیرێ.

ج- پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ باسکردنی ڕێزمانی کوردی.

ح- بڕیاردان بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی و کۆمەلایەتی.

**١-٢-٦-١-٢ ئه‌ده‌ب**

**یه‌که‌م**: پێکهێنانی لێژنه‌یه‌ك بۆ دانانی مێژووی ئه‌ده‌بی کورد له سه‌ر بنه‌مایه‌کی زانستیی دروست.

**دووه‌م:**

أ- ناردنی قوتابیانی کورد به (بعثة) بۆ بوون به پسپۆڕی ئه‌ده‌ب.

ب- یارمه‌تیدانی ئه‌دیب و نووسه‌ره کورده‌کان به‌پاره.

ت- ڕێکخستنی ته‌ڕاتێن (مسابقه) له نێوانیانداو خه‌لاّتکردنیان.

پ- که‌ڵك وه‌رگرتن له کتێبخانه گشتییه‌کان و ته‌رخانکردنی به‌شێك بۆ کتێبی کوردی و کتێبی وا، که باسی کورد بکا.

ج- دامه‌زراندنی چاپخانه‌یه‌کی تایبه‌تی بۆ بلاّوکردنه‌وه‌ی چاپه‌مه‌نیی کوردی.

ح- هاندانی ڕۆژنامه‌گه‌ریی کوردی.

خ- کۆکردنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی میلليی کورد (فۆلکلۆر).

**سێ یه‌م**: کۆنگره پێشنیار ده‌کا، که ئه‌ده‌بی کورد له قوتابخانه‌کانی عێڕاقدا بوترێته‌وه.

**چواره‌م**: کۆنگره پێشنیار ده‌کا، که کۆمه‌ڵی زانایان (المجمع العلمی) لقێکی تێدا ته‌رخان بکرێ بۆ نووسین سه‌باره‌ت به‌کورد.

## ١-٢-٦-٢ ڕاسپاردە و بڕیارەکانی لیژنەی مێژوو

**ئامانج:**

نووسینەوەی مێژووی کورد ئەبێ بە شێوەیەکی فراوان و زانستی و واقعی بێت، وە مێژووی میللەت بێت، بە گیانی مرۆڤایەتی و نیشتمان پەروەری و پێشکەوتن نووسرابێتەوە، باسی خەباتی گەلی کورد و خەباتی پێکەوەیی بکات لەگەڵ گەلی عەرەب و گەلانی تر، تا میللەتی کورد شارەزای ڕابردووی خۆی بێت و گەلانی دیکەش شارەزای ڕابردووی بن، تا ئەو مێژووە ببێ بەهۆی بەهێزتر بوونی گیانی برایەتی لە نێوان کورد و عەرەب و گەلانی دراوسێ و هەموو گەلانی جیهاندا.

**چۆنیەتی نووسینەوەی مێژووی کورد:**

**یەکەم**: لیژنەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە پێکبێت بۆ نووسینی مێژوو:

أ- له ڕێگەی ئێزگەو ڕۆژنامەکانەوە جاڕ بدرێ، بۆ ئەوەی هەرکەس هەر جۆرە دانراو و نووسراوێکی لە لابێت، پێشکەشی لیژنەی بکات.

ب- لیژنەیەك لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری کۆن گفتوگۆ بکات لەبارەی ئەو شوێنەوارانەی پەیوەندییان بە نەتەوەی کوردەوە هەیە.

ت- پێشنیاردەکەین، کە ئەگەر بکرێ مۆزەخانەیەك لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان دابندرێ، ئەگەر لە تواناد‌ا نەبوو، لقێك لە مۆزەخانەی بەغدا تەرخان بکرێ بۆ شوێنەواری کورد.

پ– کۆکردنـەوەی هـەموو ئـەو کتێبانـەی کـە باسـی مێـژووی کـورد ئەکـەن  و باوەڕیان پێدەکرێ، تا ببن بە سەرچاوە بۆ نووسینی مێژووی کورد.

ج– هانـدان و یارمەتیـدانی ئـەو کـەس و ڕێکخراوانــەی کـە ئـیش ئەکـەن بـۆ زیندووکردنەوەی مێژووی کورد، ئەمـەش لـە ڕێگـای خـەڵات وبەخشـش دانـەوە پێیان، وەیارمەتی دانیان لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی باشیان.

ح– خوێندنی مێژووی کورد لە قوتابخانەکاندا بەپێی قۆناغ و بەپێی توانا.

خ– لەبەر ئەوەی، کە مێژوو و ئەدەبی کورد پێویستییان بـە ناسـاندنی خـاك و نیشتمانی ئەم گەلەوە هەیە، ئەم کۆنگرەیە پێشنیار دەکا کـە جوگرافیـای ئـەو خاك و ناوچانە بخوێندرێ، کە پەیوەندییان بە نەتەوەی کوردەوە هەیە.

### ١-٢-٦-٣ ڕاسپاردەکانی لیژنەی وەرگێڕان و بلاوکردنەوەو دانان:

دانانی لقێکی تایبەت لە بەڕیوەبەرایەتی زانیاریی گشتیی خوێندنی کوردی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وەرگێڕان و بلاوکردنەوە ودانان، کە وەرگێڕان وبلاوکردنەوە و دانانی کتێبی پێویستی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بگرێتە ئەستۆ، بە مەرجێك کە ئەو لقە لە سێ لیژنە پێك بێت ( لیژنەی وەرگێڕان، لیژنەی بلاوکردنەوە، لیژنەی دانان)، وە نووسەرانی هەموو شێوەزارەکانی زوبانی کوردی لەم لیژنانەدا بەشداربن.

#### ١-٢-٦-٣-١ لیژنەی وەرگێڕان

١- دەبێ لیژنەی وەرگێڕان لە نوێنەرانی هەموو شێوەکانی زوبانی کوردی پێکبێت.

٢- پێکهێنانی کۆمەڵێکی زوبان زان، بۆ دانانی دەستەواژەی تازەی زانستی و زوبانی و دانانی فەرهەنگێکی زوبانی کوردی و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانەکانی تر.

٣- پێشکەشکردنی هەرچی زۆرتری یارمەتییە لەلایەن بەڕیوەبەرایەتییەوە بۆ وەرگێڕانی سامانی نەتەوایەتیی کورد بۆ سەر زوبانەکانی تر و، بە پێچەوانەش.

٤- یارمەتیدانی کتێب دانەر و وەرگێڕەکان بە پارە، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە، تا بتوانن بەرهەمەکانیان بلاو بکەنەوە.

٥- شێوازی وەرگێڕانی کتێبی وانەکان سادە بێ، بەپێی قۆناغەکانی خوێندەواری.

٦- لێژنە دەسەلاتی تایبەتیی هەبێ لە سنووری وەرگێڕانی کتێبی ئەدەبی و مێژوویی دا، لەکاتی وەرگێڕانی کتێبی زانستیدا داوای یارمەتی لە لێژنەی کتێب وەرگێڕانی وەزارەتی مەعاریف (پەروەردە و فێرکردن) بکات.

**١-٢-٦-٣-٢ لێژنەی دانان**

١- لە کاتی دانانی کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ شەش پۆلەکانی سەرەتایی، داوادەکەین، کە بایەخ بە لایەنی کۆمەلایەتی و نیشتمانی بدرێ، کە لەگەل گیانی شۆڕشگێڕی ودیموکراتیی کۆمارەکەماندا بگونجێ.

٢- گرنگیدان بە مێژووی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی تایبەتی.

٣- پرۆگۆامی زمانی عەرەبی لە قوتابخانە کوردیەکاندا بە شێوەیەك بێت کە لەگەل سروشتی ژیانی قوتابییە کوردەکاندا ڕێکبکەوێ.

٤- چاودێریی سادەیی بکرێ لە شێوەی کتێب داناندا، بەپێی قۆناغەکانی خوێندن.

٥- بەشدارییپێکردنی مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە دانانی کتێبی خوێندن بۆ ئەو قوتابخانانە.

٦- دانانی کتێبێك دەربارەی بنچینەی وانە وتنەوەی زوبانی کوردی.

٧- دانانی کتێبێك بۆ ڕێزمانی کوردی.

٨- دانانی کتێبێکی تایبەت بۆ چارەکردنی نەخوێندەواری.

٩- کۆکردنەوەی کۆمەلێك سروودی بەکەلك لە نامیلکەیەکی تایبەتیدا بۆ قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان.

١٠– گوێ بە ناوچەو سروشتی ژیانی نەتەوەی کورد بدرێت لە دانانی موفرەداتی وانە زانستییەکانی پرۆگرامدا.

١١– دانانی کتێبی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لە دەرەوەی پرۆگرام، بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان و بەرزکردنەوەی پلەی زانیارییان.

هەر لەلایەن ئەم لێژنەیە بەدەر لە ڕاسپاردە تایبەتییەکانیان، چەند پێشنیازێکی گشتیشیان خستە ڕوو:

١– پێشنیار دەکەین کە هەموو ساڵێك کۆنگرەی مامۆستایانی کورد ببەسترێ.

٢– خولی تایبەتی بکرێتەوە بۆ ئەو مامۆستا کوردانەی کە نازانن بەکوردی بخوێنن و بنووسن.

٣– هەموو مامۆستا کوردەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بگەڕێندرێنەوە کوردستان.

٤– کۆلێژێکی تایبەت بکرێتەوە بۆ کوردەکان لە زانکۆی بەغدا، ئەمەش بۆ ئامادەکردنی کادری پێویست بۆ کاروباری بەڕێوەبردن و فێرکردن[1]

٥– پاك کردنەوەی دەزگای فێرکردن لە ناوچەکانی کوردەواریدا لە ڕەگەزە خراپەکان.

---

[1] لە هەمان ساڵ دا، بڕیاردرا بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بکرێتەوەو (دکتۆرە پاکیزە رفیق حلمی) وەك یەکەمین سەرۆکی ئەم بەشە لە ساڵی ١٩٥٩ دەستبەکاربوو.

### ١-٢-٦-٣-٣ ليژنەى بلاو كردنەوە

١- چاپخانەيەكى تايبەتى بۆ بەڕێوەبەرايەتى دابمەزرێنرێ، تا كتێبى كورديى پێ لەچاپ بدرێت.

٢- كە پەرت خانەى(پەخشاندن) ى چاپەمەنيى كوردى دامەزرا، بەڕێوەبەرايەتى دەست و برد بكا بۆ يارمەتيدان و هاندان.

٣- بەڕێوەبەرايەتى، گۆڤارێكى تايبەتى دەربكا، وەك گۆڤارى مامۆستاى نوێ (المعلم الجديد) كە باسى كار و بارى پەروەردەكردن و فێركردن بكات سەبارەت بە كوردەكانەوە.

٤- كتێبى بەكوردى دانراو، كە لە پرۆگرامى خوێندندا نەبێ، دابەش بكرێ بەسەر كتێبخانەى قوتابخانەكاندا.

٥- كتێبخانەى گشتى، لە قەزاو ناحيەكاندا بكرێتەوە.

٦- سامانى نەتەوايەتيى كورد بلاو بكرێتەوە لە ڕێگاى لەچاپدان وبلاوكردنەوەى كتێبى تايبەتى ئەم باسەوە.

٧- بەشێك تەرخان بكرێت بۆ كوردى لە بنكەى هۆيەكانى ڕوونكردنەوە(مركز وسائل الايضاح)، تا هۆيەكانى ڕوونكردنەوە بداتە قوتابخانە كورديیەكان، وەك نەخشەى لاڤۆنتين، ڕاديۆ و سينەماو شتى تر.

### ١-٢-٦-٤ بڕیارو ڕاسپاردەکانی لیژنەی پڕۆگرام

#### ١-٢-٦-٤-١ قۆناغی سەرەتایی

١- زوبانی عەرەبی له پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوه بوترێتەوه، بەو مەرجەی که هەر لە پۆلی سێیەمەوه مێشکی قوتابیەکانی بۆ ئامادە بکرێ، وه هەر هەفتەی دوو بەشی بدرێتێ به شێوەی گفتوگۆ.

-٢

أ- له پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمدا، بەشەکانی زمانی عەرەبی بدرێن بە زمانی کوردی، بەو مەرجه له بەشی وانەی زمانی کوردی لە پۆلی سێیەمدا دوو بەش به زمانی عەرەبی بدرێ، وەك له ماددەی یەکەمدا وتمان.

ب- له پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا، وانەکانی عەرەبی به نیوەیی بەش بکرێن له نێوان عەرەبی و کوردیدا.

**سەرنج:**

ئەگەر هاتوو بەشەکانی پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەم بەشیان نەکرد، له وانەکانی تر پێویستیان بوو، وەر ئەگیرێ و به نیوەیی دابەش ئەکرێ بەسەر عەرەبی و کوردیدا.

-٣

أ- خانەیەکی مامۆستایانی کوڕان و خانەیەکی مامۆستایانی کچان تایبەتی ئەکرێتەوه له یەکێ له ناوچەکانی کوردەواری، کە وانەکانیان تەنها بەکوردی

تیا ئەوترێتەوە. مەبەستیش لەمە ئامادە کردنی مامۆستای پێویستە بۆ وانە وتنەوە لە قوتابخانەکانی کوردەواریدا.

ب– خانەی مامۆستایانی کوڕان و خانەی مامۆستایانی کچانی ئێستا ئەمێننەوە، دەبێ زمانی کوردییان تێدا بوترێتەوە.

ت – خولی پەروەردەکردنی هاوینە ئەکرێتەوە بۆ مامۆستایانی کوڕ و کچە کوردەکان بۆ وتنەوەی شێوازی وانە وتنەوەی زمانی کوردی.

پ – خولی پەروەردەکردن ئەکرێتەوە بۆ کوڕ و کچە دەرچووەکانی ئامادەیی و وانەی بەکوردی تێدا ئەوترێتەوە.

٤– دەستوبرد کردن بۆ کردنەوەی کۆلێژی پەروەردەکردن لە یەکێ لە ناوچەکانی کوردەواریدا، تا پاشان ببێ بە بنەڕەتی زانستگای کوردستان.

٥– تەرخانکردنی کورسییەك لە زانستگای بەغدا بۆ وتنەوەی زوبانی کوردی و ئەدەبی کوردی.

٦– لە کاتی دابەشکردنی بەشی لقەکانی هەردوو زمانەکەدا لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم گرنگی بە خوێندنەوە و نووسین ئەدرێ، وە لە پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا بە داڕشتن وئەدەب ئەدرێ.

٨– پێکهێنانی لێژنەیەك لە شارەزایانی شێوەزارەکان بۆ دانانی فەرهەنگێکی قوتابخانە، تا ببێ بە سەرچاوە بۆ خوێندنی کوردی.

**١-٢-٦-٤-٢ قۆناغی پاش سەرەتایی:**

بەشـــەکانی زمـــانی کـــوردی و ئـــەدەبی کـــورد لـــە قوتابخانـــە ناوەنـــدی و دواناوەندییەکان و خانەی مامۆستایانی کوڕان و کچان و لە قوتابخانەکانی وەك ئەمانەدا بەم جۆرە ئەبێ:

لە هەر پۆلێکی قوتابخانە ناوەندییەکان و قوتابخانـەکانی لـەو  پلەیـەدان، سـێ بەش.

لـــە قوتابخانەدواناوەندییـــەکان وخانـــەی مامۆســـتایانی کـــوڕان و کچـــان و قوتابخانەکانی لەم پلەیەدان، دووبەش.

**١-٢-٦-٤-٣ قۆناغی دایەنگەو باخچەی ساوایان**

زمانی کوردی، زمانی دایەنگەو باخچەی ساوایانە لە ناوچەکانی کوردەواریدا.

**هەندێ پێشنیاری گشتی:**

کۆنگرە ڕائەسپێرێ کە چەند بەشێك تـەرخان بکرێـت بـۆ وتنـەوەی زمـانی کوردی لە قوتابخانەکانی نەتەوەکانی تـردا، لـە قۆنـاغی ناوەنـدی بـەرەو ژوور، ئەمەش بە نیازی بەهێزکردنی برایەتیی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کـورد وکەمایەتییە نەتەوەییەکانی تر.

### ١-٢-٦-٥  ڕاسپاردەکانی لیژنەی چارەسەرکردنی نەخوێندەواری

لیژنــەی چــارکردنی نەخوێنــدەواری کۆلییــەوە لــە پــرۆژەی چــارکردنی نەخوێندەواری لەناوچەکانی کوردەواریدا، وە لەو گیرو گرفتانەی کـە تووشـیان دێ، وە سەرنجی دا، کە پاشماوەی دەوری کۆن لە بەنەخوێندەوار هێشتنەوەی ئەم ناوچـانە زۆر قووڵـە، وە ڕێـژەی نەخوێنـدەواری زۆر بـەرزە، پێویسـتی بـە هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ چارکردنی نەخوێندەواری و نەزانی و پڕ و پـوچ، کـە لـەم ناوچانەی عێراقی خۆشەویستماندا بلاو بووەتەوە، وە لیژنە وای بـەباش زانـی، کــە ئــەم پێشــنیار و ڕاســپاردانەی خــوارەوە پێشــکەش بکــا بۆچــارکردنی نەخوێندەواری لە ناوچەکانی کوردەواریدا، وە بـۆ زەلیلکردنـی ئـەو کۆسـپانەی کە لە ڕێگای ئەم پرۆژە نیشتمانییە بەهێزەدا هەیە.

#### ١-٢-٦-٥-١ دەستەی بەرزی چارکردنی نەخوێندەواری

أ- کۆنگرە وا دەسپێرێ، کە لقێکی دەستەی بەرزی چارکردنی نەخوێنـدەواری لە ناوەنـدی پارێزگاکـان بکرێتـەوە، (٤) نوێنـەری نەقابـەی مامۆسـتایان و (٣) نوێنەری یەکێتی گشتی لاوانی دیموکراتی عێراق و یـەکێتی گشـتیی نەقابـەکانی عێراق و(٢) نوێنەری یەکێی گشتیی کۆمەلأنی جووتیـاران و کۆمـەڵی پاراسـتنی مـافی ئافرەتـان و نوێنـەرێکی بەڕێوەبەرایـەتیی پـەروەردەی پارێزگـاو یەکـەی کارگێڕی ناوچەکەی تێدا بێت.

هەروەها وا ئەسپێرێ، کە لقی ئەم دەستەیە لە ناوەندی قەزاو ناحیەو دێهاتەکانیشدا بکرێتەوە، وە بە پێی ڕێژەی باس کراو نوێنەری ئەو ڕێکخراوانەی تێدا بێت.

ب- ئەو دەستانە پڕۆژەی چارکردنی نەخوێندەواری بەڕێوەئەبەن، هەر کام لە ناوچەی کارگێڕیی خۆیاندا چاودێریی بنکەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری ئەکەن.

ت- ئەم دەستانە کەسی وا ئامادە دەکەن، کە نەخوێندەواری لەناوبەرن، وە بنکەی چارەکردنی نەخوێندەواری ئەکەنەوەو پروپاگەندەی بۆ ئەکەن.

پ- کتێب و پێویستییەکانی تر پەیدا ئەکەن، وە هۆ ئەدۆزنەوە بۆ مەسرەف کردن بۆ ئەم پڕۆژەیە.

**١-٢-٦-٥-٢ سەرژمێر**

کۆنگرە داوا دەکات ئەم شتانەی خوارەوە بکرێن:

أ- دەستەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری بە یارمەتی کاربەدەستانەوە سەر ژمێرییەکی گشتیی نەخوێندەوارانی پیاو و ئافرەت ئەکەن تا بنچینەی ئەم پڕۆژەی لەسەر دامەزرێ، تا قازانجی خۆی بگەیێنێت.

ب- ناوی ئەو نەخوێندەوارانە ئەنووسن، کە ئەیانەوێ بخوێنن، وە ئەیان ناسن تا بتوانن چی پێویست بێ، بیکەن بۆ دەست کردن بەم پڕۆژەیە.

**١-٢-٦-٥-٣ پارە بۆ پڕۆژەی لەناوبردنی نەخوێندەواری**

پارەی ئەم پڕۆژەیە پێکدێ لە :

أ- یارمەتی و پارەی تەرخانکراوی حکومەت و کارگێڕیی ناوچەیی.

ب- بەخششی خەڵك و لایەنگرانی ئەم پڕۆژەیە.

ت- قازانجی ئاهەنگ و مەهرەجان و ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی کە دەستەکانی لەناوبردنی نەخوێدەواری بڵاوی ئەکەنەوە.

پ- هەر دەستکەوتێکی تر.

**١-٢-٦-٥-٤ کتێب و پڕۆگرام**

سەبارەت بە ئامادەکردن و دانانی کتێبی پێویستیش کۆنگرە داوا دەکات کە:

أ- لێژنەیەکی یەکگرتوو دابنرێ کە نوێنەری هەرسێ شێوەکەی زمانی کوردیی تێدا بێت (سۆرانی، بادینی، فەیلی) تا کتێبی سادەی وا دابنێن، کە وشەی وەهای تێدابێ لە هەر سێ شێوەکەدا بەکاربێت، وە واتا لێکدانەوەی ئەو وشانەی تێدابێت، کە تەنها یەکێك لە سێ شێوەکە بەکاری دێنێ وە پێویستی بە لێکدانەوەی واتا هەبێت، لەو کتێبانەشدا بەکار هێنراوە، ئەمەش بۆ ئەوانەی کە خوێندەواری لەناو ئەبەن، وە کۆنگرە داوادەکات، کە ئەندامانی ئەم لێژنەیە بەپێی توانا لەو مامۆستایانە بن، کە تایبەتن بۆ وانە وتنەوەی کوردی لە پۆلە سەرەتاییەکاندا.

ب-	کۆنگرە داوا دەکات، کە لێژنەیەك لە مامۆستا کوردەکان پێکبێت ئەرکی ئامادەکردن و پێشخستنی هۆیەکانی ڕوونکردنەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بە جۆرێك کە لەگەڵ سروشتی هەموو لایەکی کوردەواریدا بگونجێ.

ت-	کۆنگرە داوادەکات، کە پرۆگرامی لەناوبردنی نەخوێندەواری ئەم وانانە بگرێتەوە:

(١)	بەش بۆ ئاین و ڕەوشت.

(٢)	بەش بۆ زانستی گشتی.

(٣)	بەش بۆ ئسولی ژمارە.

(٤)	بەش بۆ خوێندنەوە و نووسین.

**١-٢-٦-٥-٥ ناوەندەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری**

کۆنگرە داوادەکات کە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری سوود وەربگیرێ لە:

أ- قوتابخانە حکومییەکان لەهەر لایەك هەبێت.

ب- مزگەوتی لادێ ئەگەر شتێك نەبوو، کە ڕێ لەمە بگرێ.

ت- بارەگاکانی سوپا و پۆلیس.

پ- بارەگای ڕێکخراوە نیشتمانییەکان و نەقابە و یەکێتیی قوتابیان و کۆمەڵانی جوتیاران.

ج- ئەو خانو و بەرانەی، کە خەڵك ئەیبەخشێ بۆ ئەم مەبەستە.

### ١-٢-٦-٥-٦ وەرز و خولی لەناوبردنی نەخوێندەواری

پاش لێکۆڵینەوەی باری ناوخۆی پیاوان و ئافرەتانی نەخوێندەوار لە ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحیەو لە دێهاتەکاندا، کۆنگرە بۆی دەرکەوت، کە کاتی دەستبەتاڵی، کە بۆ ئەوە دەست ئەدا سوودی لێ وەربگیرێ بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە شارەکاندا جیاوازە لە هی لادێ، لەبەر ئەوە کۆنگرە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە پێشکەشدەکا:

أ- کردنەوەی خولی هاوینە و زستانە لە ناوەندەکانی پارێزگا و قەزاکان.

ب- کردنەوەی تەنها خولی زستانە لە زۆربەی بنکەکانی ناحیەو هەموو لادێیەکان چونکە بەهاوین سەریان قاڵە بە ئیش و کاری کشتوکاڵییەوە، کە ئەمە ئەبێتە کۆسپ لە رێی رۆیشتنی لەناوبردنی نەخوێندەواری لەم وەرزەدا، وە کۆنگرە پێشنیار دەکا کە خول لە کۆتایی تشرینی دووەمەوە دەست پێبکات تا کۆتایی مارت.

ت- کۆنگرە داوا دەکات لە وەزارەتی پەروەردە، پرۆژەی پەروەردەکردنی بنچینەیی (التربیە الاساسیە) لادێکانیش بگرێتەوە، ئەمەش بە تەرخانکردنی مامۆستای وا، کە ئەرکی لەناوبردنی نەخوێندەواری بگرنە ئەستۆ لەو شوێنانەدا کە بۆ ئەم پرۆژەیە دەست بدات.

جگە لەمەش کۆنگرە  ئەسپێرێ دەکات:-

أ- دەستەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری میهرەجان و کۆبوونەوە و پروپاگەندە زۆر بکەن لە سەرێکەوە بۆ هاندانی ئەوانەی کە خەریکی لەناوبردنی

نەخوێندەوارین، وە لە سەرێکی ترەوە بۆ هاندانی نەخوێندەوارەکان تا بچنە قوتابخانەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری، وە خەلات تەرخان بکریَ بۆ نەخوێندەوارە پێشکەوتووەکان.

ب- دەستەکانی لەناوبردنی نەخوێندەواری خولی ماوە کورت بکەنەوە، کە نەخوێندەواری لەناوبەرەکانی تێدا مەشق بدرێن، ئەوانەیان کە مامۆستانین و مەرجی پێویستیان تێدا هاتۆتە دی بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری.

ت- کۆنگرە پێشنیار دەکات، کە ژمارەیەکی باش لەوانەی، کە نەخوێندەواری لەناو ئەبەن بنێردرێن بۆ دەرەوەی عێراق بۆ سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی ئەو میللەتانەی کە بە دۆخێکی وەك ئێمەدا تێپەریون، وە لەم رووەوە لە ئێمە پێشکەوتوو ترن.

### ١-٢-٦-٦ لیژنەی بەڕێوەبردن

پاش گفتوگۆ، لێژنە، بڕیاری پێشکەشکردنی ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی دا:

١- دانانی سیٚ یارمەتیدەر بۆ بەڕێوەبەری گشتیی خوێندن لە جیاتیی دوان.

٢- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردە بۆ خوێندنی ناوچەی بادینان کە بارەگای لەدهۆك بێت.

٣- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردە بۆ خوێندنی کوردی لە پارێزگای کەرکووك، کە تەنها چاودێری قوتابخانە کوردییەکان بکات.

٤- دانانی چەند یارمەتیدەرێك بۆ پەروەردەی پارێزگای دیالە و کوت و عەمارە، کە ئاگاداری قوتابخانە کوردییەکانی ئەم پارێزگایانە بکات وە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردییەوە هەبیٚ لە ڕێگای بەڕێوەبەری پەروەردەکانی ئەم لیوایانەوە.

٥- دانانی فەرمانگەیەکی پشکنین (تفتیش) بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی کوردی، کە سەر بە سەرپەرشتیاری گشتیی پەروەردە بێت.

٦- دانانی کاربەدەستێکی تایبەتی بۆ کاروباری هونەرەجوانەکان بۆ بەڕێوەبەرایەی گشتیی پەروەردە و خوێندنی کوردی.

٧- دانانی لقێکی تایبەتی بۆ کاروباری وەرگێڕان و کتێب دانان و بڵاوکردنەوە، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەی گشتیی پەروەردەی خوێندنی کوردی بیٚ.

٨- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە وەزیری پەروەردەوە بێ لە جیاتی ئەوەی سەر بە بریکاری وەزارەت بێ.

٩- ئەو مامۆستا کوردانەی کە خۆیان حەزیان لێبێ لە پارێزگای کوت و عەمارە وە بگوازرێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە وانەیان بە زمانی کوردی تێدا دەوترێتەوە، بۆ ئەوەی باش فێری کوردی ببن، چونکە ئەم ئامانجە بە کردنەوەی خول نایەتە دی.

١٠- مامۆستا کوردەکان لە پارێزگاکانی تری عێراقەوە بگوازرێنەوە ناوچە کوردییەکان، تا سوودیان لێ وەربگیرێ.

١١- لە ناوچە شاخاوییەکاندا خوێندنگای گەورە و بەشی ناوخۆ بکرێتەوە بۆ ئاسانکردنی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لەو ناوچانەدا.

١٢- ناردنی (بعثة) بۆ دەرەوە، وەرگرتن لە زانستگاکاندا بە پێی ڕێژەی ژمارەی کوردەکان لە هەموو خەڵکی عێراق.

١٣- لێژنە بنێردرێ بۆ پارێزگای کەرکووك و دیالە، بۆ دیاری کردنی ئەو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیانەی پەیوەندییان بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەو خوێندنی کوردییەوە ئەبێ.

١٤- وتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی لە پۆلەکانی قوتابخانە ناوەندیەکانی ناوچەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەو خوێندنی کوردیدا بە پێی پرۆگرامێك کە وەزارەتی پەروەردە دایئەنێت.

١٥- وانە بەکوردی بوترێتەوە لە سەری ئەم ساڵەوە لە سێ پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەو قوتابخانە سەرەتاییە کوردیانەدا، کە تائێستا بە عەرەبی وانەیان تێدا وتراوەتەوە، ئینجا لە پۆلەکانی دواوەدا وردە وردە بکرێ بە کوردی.

١٦- زمانی کوردی لە پۆلی چوار و پێنج و شەشی ئەو قوتابخانە سەرەتاییانەدا بوترێتەوە، کە ئێستا بە عەرەبی وانەی تێدا ئەوترێتەوە.

١٧- چەند خانەیەکی مامۆستایانی کوڕان و کچان لە کەرکووك و دهۆك بکرێتەوە، هەروەها یەکێکیش بکرێتەوە بۆ کوردەکانی خانەقین و دیالە و کوت و بەغدا و عەمارە.

١٨- بە بۆنەی ئەوەوە کە لەمەو پاش، وردە وردە خوێندنی ناوەندی دەبێتە کوردی، پێویستە بە وردی بیر لەوە بکرێتەوە، کە ئەبێ مامۆستا بۆ ئە قوتابخانانە پەیدا بکرێ، ئەمەش بەوە ئەبێ کە کۆلیژێکی پەروەردە ی تایبەتی بۆ کوردەکان بکرێتەوە، کە بەکوردی وانەی تێدا بوترێتەوە، ئەمەش پێویستی بە مامۆستای کورد هەیە بۆ ئەم کۆلێژە، لەبەر ئەوە کۆنگرەکەمان وەزارەتی پەروەردە ڕائەسپێرێ، کە هەر لە ئێستاوە (بعثة) خوێندەواری بنێرێ بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی چەند مامۆستا پێویست بێ بۆ ئەم کۆلێژە ئامادەبکرێ.

١٩- لەبەر ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی هەر لە ئێستاوە لێکۆڵینەوەی تایبەتی ئەکا بۆ جێبەجێکردنی وانە وتنەوەی بە

کوردی، کۆنگره ڕائه‌سپێرێ که هه‌موو قوتابخانه کوردییه‌کانی پارێزگای سلێمانی و هه‌ولێر و قه‌زای ئاکرێ وشێخان و دهۆك و ئامێدی و ئه‌و قوتابخانانه‌ی که ئه‌و لێژنه‌یه‌ی له‌مه‌و پاش ئه‌نێردرێ، به قوتابخانه‌ی کوردییان دائه‌نێ له لیوای که‌رکوك و دیاله‌و قه‌زای ته‌له‌عفه‌ر وسنجار دا، ببه‌سترێن به به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتی په‌روه‌رده‌و خوێندنی کوردی.

٢٠- کۆنگره به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی په‌روه‌رده‌و خوێندنی کوردی ڕائه‌سپێرێ که چه‌ند خولێکی کورت و درێژ بکاته‌وه بۆ مامۆستا کورده‌کان، بۆ به‌رزکردنه‌وه‌ی تواناکانیان له وانه وتنه‌وه به کوردی.

٢١- کۆنگره ڕائه‌سپێرێ، که هه‌موو کاغه‌ز و نووسین (نووسراو) له نێوان به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتیی په‌روه‌رده‌و خوێندنی کوردی و ئه‌و ناوچانه‌دا که ئه‌م کۆنگره ئه‌یانگرێته‌وه، به زمانی کوردی بێت.

**١-٢-٧ کۆتـایی هێنـان بە کۆنگرە**

دوای پەسـەند کردنـی بڕیـار و ڕاسـپاردەکان، مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر، بـە ڕێـزەوە، بانگێشـتی (مامۆسـتا عـەزیز الشـیخ) جێگـری یەکـەمی نەقابـەی مامۆستایانی عێراقی کرد، بۆ ئـەوەی بـە چـەند پـەیڤێك کۆتـایی بـە کـۆنگرەی یەکەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە بهێنێت.

مامۆستا عەزیز الشیخ وتەکانی لەبەر پێشکەشکردن[١]:

خوشکان .. برایان

وا کۆتایی بە کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە ئـەهێنین، ئـەو کۆنگرەیـەی کـە بـە شـێوەیەکی چـاك لـە وتووێـژ و گفتوگۆکـان و لـەو پێشنیازانەی کە بڕیـاری لەسـەر درا یـەکێتی بـڕوا وبـاوەڕ و ویسـتی دەربـڕی و ڕوونـی کـردەوە، ئـەو یەکێتییـەی، کـە پێویسـتە خـەباتی هـەموو مامۆسـتا کوردەکان یەك بخات لە ڕێگەی گۆڕین و پێش خستنی سامانی خوێندەواری بۆ میللەتی کوردی برامان.

نەقابەی مامۆستایان شانازە بە پێك هێنـانی ئـەم کـۆنگرە خوێندەوارییـە مێژووییە، کە یەکەم جارە لەم وێنەیە بۆ برا کوردەکان لە ولاتەکەماندا شـتی وا بکرێت.

---

[١] دەقی ئەم وتارە لە (کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لەشەقلاوە) ل٢٥دا بلاوکراوەتەوە.

سه‌رکه‌وتنه‌که‌ش وامـان لیٚ ئـه‌کات، کـه بێگومـان بـین لـه‌وه‌ی ئه‌بێتـه هـۆی گرتنی کۆنگره‌ی گه‌وره‌تر و فراوانتر بـۆ گـۆڕین و پێشخسـتنی هـه‌موو ڕوویـه‌کی باری ژیانی گه‌لی کورد.

سه‌رکه‌وتنی کۆنگره‌که‌تان بـۆ دانـانی بنکـه و بناغـه و بـاوه‌ڕی گشـتی بـۆ گۆڕینی خوێنده‌واری کوردی و بۆ به‌ڕێوه‌بـه‌رێتی زانیـاری گشـتی بـۆ خوێنـدنی کوردی، بکه‌ن به پێکهێنراوێکی گورج و گۆلٚ و کار گـوزار، بـۆ بـه‌جێهێنانی ئـه‌و ئامانجانه‌ی، که بۆی پێکهاتووه و وامـان لیٚ ئـه‌کات، کـه نوقلاٚنـه‌ی گوشـادی لیٚ بده‌ین بۆ پاشه‌ڕۆژی ڕووناکی ئه‌م خوێنده‌واری یه.

پڕ باوه‌ڕین ئه‌ی هـه‌ڤالاٚن ئێمـه، کـه ڕۆشـنبیرانی عـه‌ره‌بین، بـاوه‌ڕێکی زۆر ته‌واومان هه‌یه بـه مـادده (٣) لـه ده‌سـتووری مووه‌قـه‌ت، وه ئێمـه کۆششـتان له‌گه‌لٚدا ئه‌که‌ین بۆ جێبه‌جیٚ کردنی ئه‌م (مادده‌یه) زۆر به‌ته‌واوی.

هیوامان وایه، که ده‌ستووری هه‌میشـه‌یی مـافی فـراوانتری بـۆ گـه‌لی کـورد تێدابێت لـه یـه‌کێتی عێراقیـدا، ئه‌مـه‌ش هـه‌مووی لـه‌و بـاوه‌ڕه‌وه هـاتووه، کـه برایه‌تی و یه‌کیه‌تی ڕاسته‌قینه‌ی کورد و عه‌ره‌ب به یه‌کسانی نه‌بێت له نێوانیان دا به ته‌واوی پێك نایه‌ت، هه‌ر چـۆنێکیش بێـت هـه‌موو ئه‌مانـه‌ش به‌سـتراوه بـه سه‌ربه‌سـتیی کۆماره‌کـه‌مان و پاراسـتنی یه‌کیـه‌تی نیشـتمانی و گـۆڕان و جێگیربوونی ڕژێمی دیموکراتیمانه‌وه.

دوژمنانی کـورد و عـه‌ره‌ب لـه ڕووکه‌شـدا دوو ڕێگـای پێچـه‌وانه ئه‌گرنـه بـه‌ر، به‌لاٚم هه‌ر بۆ یه‌ك ئامانج ئه‌چنه‌وه:

یەکەم ڕێگای نەتەوایەتی کوێرانە و ساختە.

دووەم: شل کردن و گوێنەدانی خۆڕایی بۆ مافی نەتەوایەتی هەردوو میللەتەکە، بەڵکو هەندێ جار پشت گوێ خستن و نکوڵی لێکردنیشیان، ئەو بانگە ناسازەی کە پێی ئەوترێ (کۆسمۆپۆلیتی) کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی بەتایبەتی بە گەرمییەوە سەودا گەریێتی.

بەڵام ئەنجامی ئەم هەردوو باوەڕە سەرنەکەوتن و ڕسوابوونی مسۆگەرە.

مێژوو هەردوو گەلەکەمانی یەك بەستەی برایەتییەکی پیرۆز و یەکێتی خەبات کردووە بۆ بەربەرەکانی ئیمپریالیزم و دەرەبەگ لەم کاتەدا، وە هەتا ئێستاش دوژمنی هەردوولا هەر ئیمپریالیزمە، کە یەکێتی خەباتیان تەنها چەکی سەرکەوتن و زاڵ بوونیانە بە سەریا.

بژی برایەتی کورد و عەرەب لەژێر سایەی کۆماری دیموکراتییە سەربەستەکەمان دا، بە سەرۆکایەتی ڕۆڵەی گەل کاك عەبدولکەریم قاسم.

بەچەپڵە ڕێزانێکی گەرم و لەگەڵ هەڵسانەوەی ئەندامان، دانیشتنەکە پەرتەی تێکەوت. ئەندامانی کۆنگرە وەك ئەوەی ئەرکێکی قورسییان کەوتبێتە ئەستۆ، بە گورج و گۆڵی کەوتنە ڕاپەڕاندن و بەدواداچوون و هەنگاوی کردەیی.

**دوای تـەواوبوونی کـۆنگرەی مامۆسـتایانی کـورد لـە شـەقلاوە، شـاندی نەقابەی مامۆستایانی ناوەند، کە پێکهاتبوون لە (د. صـفا الحـافظ: سـکرتێری گشتیی نەقابە ـ عزیز الشیخ: جێگری یەکەمی نەقیب ـ م. رشید کۆیی: ئەندامی دەستە) چوون بۆ سلێمانی و لەلایەن لقی سـلێمانیی نەقابـەی مامۆسـتایانەوە، بەگەرمی پێشوازییان لێکرا.**



دانیشتنێك لە بارەگای لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان

بە ئامادەبوونی شاندی نەقابەی مامۆستایانی ناوەند

**لـــەم دانیشـــتنەدا، نوێنـــەرانی لقـــی ســـلێمانی، جـــەختیان لەســـەر زوو جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، کردەوە و شاندی نەقابەی ناوەندیش، بەڵێنی هاوخەمیی خۆیان دا.[1]**

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ م. محەمەد ساڵح سەعید، وێنەکەش لە ئەرشیفی بەڕێزیان وەرگیراوە.

## ٣-١ هەنگاوەکانی دوای کۆنگرە

یەکەم هەنگاوی کردەیی دوای کۆنگرە، ڕۆژی ٢١/ئەیلول/١٩٥٩ واتا دوای هەفتەیەك لە کۆتایی هاتنی کۆنگرە، شاندێکی دەستەی کارگێڕی نەقابەی مامۆستایانی عێراق سەردانی وەزیری زانیاری (زەعیم ڕوکن محیەدین عەبدولحەمید[١]) یان کرد و بڕیارەکانی (لیژنەی بەڕێوەبردن) ی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوەیان خستنە بەر دیدی وەزیر، ئەویش هەمووی وەك خۆی پەسەند کردن و بڕیاری دا پەلە بکرێ لە جێبەجێ کردنیان، هەروەها بڕیاریدا دکتۆر سەدیق ئەتروشی (بەڕێوەبەری فێرکردن لە وەزارەتی زانیاری) بە وەکالەت ئەرکی بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی لە ئەستۆ بگرێت و پەلە بکرێ لە دامەزراندنی یەکە کارگێڕیەکانی تایبەت بەم بەڕێوەبەرایەتییە نوێیە.

شایانی باسە، تا کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ئەم ساڵە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە توانیویەتی باڵاخانە و ستافی کار بۆخۆی دابین بکات، هەروەك لە ڕۆژنامەی ئازادی دا هاتووە:

---

[١] یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی دەستەی ئەفسەرانی ئازاد لە ساڵی ١٩٥٦، کەسێکی زۆر نزیك بووە لە عەبدولکەریم قاسم، ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لەسەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨. دوای بەخشینی د. جابر عومەر لە پۆستی وەزیری مەعارف، بە مەرسوومی کۆماریی ژمارە ١٠٥ لە ٢ی شوباتی ١٩٥٩ کراوەتە وەزیری مەعارف.

## بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی كوردی كەوتەكار

ئەو مەبەسەی كە لە سەرەتای شۆڕشەوە گەلی كوردی عێراق هەوڵی بۆ ئەدا و داوای ئەكرد، كە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەكی تایبەتی زانیاری كورد بوو، لەم هەفتەیەدا كەوتە كار و پلەیەكی گەورەی نا بۆ دامەزراندن، ئەویش پاش ئەوەی لە بەغدا خانووی تایبەتی لە پشت بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافەوەوە بۆ گیرا و دەستكرا بە دانانی كاربەدەست و فەرمانبەر بۆی. ئەوەی ئێستا دانراون، دوو یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی (معاون مدیر عام)ن.

دكتۆر جەمال شەفیق: بەڕێوەبەری خوێندنی بازرگانی و عەمیدی مەعهەدی بازرگانی و كاك صادق بەهائەددین: مامۆستای قوتابخانەی غریبە لە بەغدا، وە هەروەها بڕیاردرا بە گواستنەوەی كاك عزەددین مستەفا ڕەسوڵ مامۆستای عەرەبی لە سانەوی سلێمانی بۆ ئیعدادیەی مەركەزی لە بەغدا و دانانی (تەنسیب) لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا، وە لە مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەكان لە سلێمانی و بەغدا و هەولێر ئەمانە بۆ ئیش كردن و فەرمانبەرایەتی: كاك ڕەشید محەمەد عەلی كۆیی، كاك عومەر كەریم عەزیز، كاك مالكۆ زێڕۆ، كاك فەرهاد ئەحمەد، كاك فەرەیدون عەلی.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە كە سیادەتی دكتۆر صدیق ئەتروشی بەڕێوەبەری گشتی خوێندن لە عێراقا خۆی بە وەكالەت ئیشی بەڕێوەبەری گشتی ئێرەش هەڵئەسوڕێنیٚ[1].

---

[1] ڕۆژنامەی ئازادی ژ٣٩ ساڵی ١ ٢/١٢/١٩٥٩، ل١.

دیارە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی و کەوتنە سەر کاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، دەروازەیەك بووە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و پەنجەرەیەکی ڕووناکی هیواو ئومێدی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد بووە.

دەبینین تەنها دوای تێپەڕبوونی  بیست ڕۆژ بەسەر بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی، (پاکیزە ڕەفیق حلمی) کەوتۆتە مشووری دامەزراندنی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد و بۆخۆی بەدوای کارەکاندا چووە و فشاری دروستکردووە، هەروەك لە نووسینەکەدا دەردەکەوێ، کە پێش ئەو هەوڵەی  مامۆستا پاکیزە، هەوڵی پێکهێنانی دەستەیەك دراوە بۆ بەڕێوەبردنی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی بەغدا، ئەوەتا (پاکیزە ڕەفیق حلمی) وەك مامۆستای ئەو بەشە ناوی هاتووە، جگە لەمیش هەریەك لە (جگەر خوێن) و (عەلائەدین سجادی) وەك مامۆستا دەستنیشان کراون.

سەبارەت بەم باسە لە ڕۆژنامەی (ژین)[1] لە ژێر مانشێتی:

**(خوێندنی زمانی کوردی لە کلیەی ئاداب)** دا هاتووە:

(( وێنەی ئەو نوسراوەمان بۆ هات کە پاکیزە ڕەفیق حلمی مودەریسەی زمانی کوردی لە کلیەی ئاداب لە ڕۆژی ٩٥٩/١٠/١٢ داویەتی بە بەڕێوەبەری زانیاری گشتی زمانی کوردی وە وێنەی بۆ جامعەی بەغداد و بۆ کلیەی ئاداب

---

[1] ژین، ژ١٤٨٠، ٢٢ /١٩٥٩/١٠ ، ل١

تیایا ئەڵێ: (وەختی خۆی وەزارەتی زانیاری بڕیاری لەسەر ئەو پێشنیارە دابوو، کە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە ڕۆژی ١٠ – ٩٥٩/٩/١٣ بڕیاریان لەسەر دابوو، کە زمانی کوردی ئەبێ لە جامعەی بەغدا بخوێنرێت. بەلاّم ئەڵێ، کە وەختی مراجعەتی کردووە بە کلیەی ئاداب، وایان تێ گەیاندووە، کە هێشتا جامعەی بەغداد بۆ ئەم ئامانجە هیچ جۆرە هەنگاوێکی نەناوە، لەبەر ئەوەی کلیەی ئاداب خۆی بە مەسئول نازانێ ئەگەر تا ئێستا هیچ شتێکی لەو ڕووەوە نەکردبێ))[١].

ڕۆژنامەی (ژین ) لەگەڵ بلاّوکردنەوەی  بابەتەکە، سەبارەت بە کاریگەری ئەم نووسینە دەڵێ: ((ئێمەش لەکاتی چاپکردنی ئەم ڕۆژنامەدا بیستمان کە وەزارەتی زانیاری لەم بابەتەوە نووسیویەتی بۆ جامعەی بەغداد و لە پاش ئەوەی ئەو نووسراوەی پاکیزە ڕەفیق حلمی گەیشتووە بە جێی خۆی، کلیەی ئاداب خۆی ئامادەکردووە، کە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات))[٢].

دیارە، کە بڕیارەکە جێبەجێکراوە و  بۆ ساڵی نوێی خوێندن، بەشی کوردی نزیکەی (٩٠) قوتابیی وەرگرتووە[٣].

---

[١] – ڕۆژنامەی ژین:  ژ/١٤٨٠  ی  ٢٢ /١٩٥٩/١٠، لا١.

[٢] – سەرچاوەی پێشوو، لا٨.

[٣] مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید بۆی نووسیوین، کە لەسەرەتادا بڕیار بوو (٤٥) قوتابی وەربگیرێن، بەلاّم بە جەخت کردنی نەقابە، توانیویانە لەو ساڵەدا ژمارەکە بگەیێننە (٩٠) قوتابی. گومای تێدانییە ئەم جەختکردنەی نەقابە بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەو قوتابییە کوردانەوە بووە کە داوایان پێشکەش بەم بەشە کردووە بۆ خوێندن، لە ڕژنامەی خەبات، ژ٩٧، ٩٥٩/١١/٣١، ل٢،دا=

**دامەزراندنی لێژنەی کاروباری زانیاری کوردستان، لە نەقابەی مامۆستایانی عێراق**

نەقابەی مامۆستایانی عێراق، بڕیاریدا بە پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ کاروباری زانیاریی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە خوێندن و پەروەردەو زانیاریی کوردییەوە هەیە، بیگرێتە ئەستۆ.

لێژنەکە لەم بەڕێزانە پێکهات:

١- د. سەدیق ئەتروشی    سەرۆك

٢- د. جەمال شەفیق    ئەندام

٣- د. موراد عەزیز    ئەندام

٤- ڕەفیق حلمی    ئەندام

٥- سادق بەهائەدین    ئەندام

٦- محەمەد عەلی مستەفا  ئەندام

٧- ناهیدە شێخ سەلام    ئەندام

٨- ڕەشید کۆیی    ئەندام

٩- کازم فەرمان    ئەندام

١٠- عزەددین مستەفا    ئەندام

---

=دوای ئاشکراکردنی ناوی دەرچووانی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب، بە ئیمزای (٢٨) قوتابی کە وەرنەگیراون، داوایان لە سەرۆکی زانکۆی بەغدا کردووە، پۆلێکیش بۆ ئەوان بکرێتەوە و لە خوێندنی ئەو ساڵە بێبەش نەبن. هەرچەندە بیانووی زانکۆ نەبوونی مامۆستا بووە، بەڵام دیارە، دواتر سەرۆکایەتیی زانکۆ ڕازی بووە لەسەر زیاد کردنی ژمارەی قوتابیان، وەك ئەوەی مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید، ئاماژەی پێدەکات.

ئـەم لێژنەیـە، هـەر زوو کەوتـە خـۆ و بـە نووسـراوی فـەرمی و لـەرێی نەقابـەی مامۆستایانی ناوەندەوە، کەوتە داواکردنی چەند بڕیار و ڕاسپاردەیەکی بەپەلەی کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، بۆ نموونە:

ئاڕاستەکردنی نووسـراوێك بـۆ بەڕێوەبەرایـەتیی نـاردنی قوتابیـان بـۆ خوێنـدن لەدەرەوەی وڵات:

نەقابەی مامۆستایان

لەکۆماری عێڕاقدا – بەغدا

لێژنەی زانیاری کوردستان[1]

بۆ/ بەڕێوەبەرێتی ناردنی قوتابیان بۆ خوێندن لە دەرەوە – وەزارەتی زانیاری

بەپێی بڕیارەکای کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستا کوردەکان، کـە لـە شـەقلاوە گیراوە وە بە هۆی ئەو بڕیارانەی کە لێژنـەی زانیـاریی کوردسـتان لـە نەقابـەی مامۆستایاندا داویەتی وە دەستگای بەڕێوەبەرێتی نەقابە بڕیـاری لەسـەر داوە، تکایــە ئێــوەش بڕیــار لەســەر پــێش نیازەکــەمان بــدەن لــەبارەی نــاردنی قوتابیانـەوە بـۆ خوێنـدن لـە دەرەوە، پێشـەکیش سوپاسـتان ئەکـەین، وا لـە

---

[1] دەقـی ئـەم نووسـراوە لـە گۆڤـاری بڵێسـە، ژ٧، شـوباتی ١٩٦٠، ل٥٣، وەرگـیراوە، هەرچـەندە نووسـراوەکە، ژمـارە و بـەرواری بەسـەرەوە نییـە، بـەڵام بەلایـەنی کەمـەوە چـەند ڕۆژێـك بـەر لـە ١٩٥٩/١١/١٢ نووسـراوە، چـونکە لـەم بـەروارەدا هـەواڵی ناردنـە دەرووەی چـەند قوتابییـەك لـە ڕۆژنامەکان بڵاو کراوەتەوە.

خـوارەوە ئـەو بەندەشـتان بـۆ ئەنووسـین کـە پەیوەنـدی تایبـەتی بـە نـاردنی قوتابیان بۆ خوێندن لە دەرەوە:

((ناردنی قوتابیان بۆ خوێنـدن لـە دەرەوە وە وەرگرتنیـان لـە دانشـگادا ئـەبێ بگونجێت لەگەڵ رادەی ژمارەی کوردەکاندا بەپێی ژمـارەی هـەموو دایشـتوانی عێراق)). نەقیب

## سێ زەمالەت لە یەکیەتی سۆڤیەتەوە بۆ خوێندنی مێژوو ئەدەبی کوردی[1]

بە پێی ڕاسپاردەی ژمارە (١٢)ی لێژنەی بەڕێوەبردن، کە باس لـە نـاردنی (بعثة) دەکات بۆ دەرەوەی ولآت بۆ خوێنـدن و لەسـەر داوای لێژنـەی زانیـاریی کوردستان لە نەقابەی مامۆستایانی عێراق، دوای کەمتر لە دوومانگ لە کۆتـایی

[1] – بڕوانە ڕۆژنامەی ئازادی: ژ/٣١ ی ١٢/١١/١٩٥٩، لا ١.

سەبارەت بەهەمان بابەت، لە ژمارە ١٢ی گۆڤاری شەفەق، کانوونی دووەمـی ١٩٦٠، ل٣١. لـە ژێـر مانشێتی (پێنج قوتابی بۆ دانشگای لینیغراد) دا، باس لە هەڵبژاردنی ٥ قوتابیی کورد دەکـات بـۆ وەرگرتنی شەهادەی دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، کە هەریەك لـە (کامـل حەسـەن بەصـیر – کەمال مەزهـەر ئەحمـەد – نەسرین محەمـەد فـەخری – عیـزەددین مسـتەفا ڕەسـوڵ – مـەعروف عەبدولقادر خەزنەدار)ن. بڕوانە: شـەفەق، ئامـادەکردنی: سـدیق سـاڵح و ڕەفیـق سـاڵح و عەبـدوڵڵا زەنگەنە، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژیـن سـلێمانی،٢٠١١، ل٥٨١. لەسـاڵی دواتـریش (٥) قوتابیی دیکە بۆ هەمان مەبەست بۆ یەکێتی سۆڤیەت نێـردراون. بڕوانـە: گۆڤـاری ڕۆژی نـوێ، ژ٩، کانوونی یەکەم ١٩٦٠، ل٧٧.

هاتنی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لـە شـەقلاوە، وەزارەتـی مـەعارف بڕیـاری داوە (٣) زەمالە بۆ خوێندنی مێژوو و ئـەدەبی کـوردی لـە زانسـتگای دراسـاتی شەرقی لە لینینغراد تەرخان بکات، کە بەشـێکی تایبـەتی تێدایـە بـۆ دراسـاتی کوردی، بۆ ئەو مەبەسـتەش (٣) خـاوەن بڕوانامـەی بـەکالۆریۆس دەستنیشـان دەکرێن.[١]

لێژنــەی زانیــاری لــە نەقابــەی مامۆســتایانی عێــراق، جگــە لــە چــەندین نووسراوی دیکەی سـەبارەت بـە پرسـە گـرنگ و تایبەتـەکانی بـواری خوێنـدنی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا، بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، نووسراوێکی بە ژمارە (٢٩٨٨) لە بەرواری ١٩٦٠/٢/١، بـە واژووی نەقیب،  ئاڕاستەی وەزارەتی زانیاری کردووە و سێ پرسی گرنگی  خستوونەتە ڕوو، کە ئەوەی بۆ ئێرەی بابەتەکەی ئێمە جێـی بایەخـە، پێشـنیازی یەکـەم و دووەمن، کە یەکەمیان تایبەتە بە خوێندن لە ناوچە کوردییـەکان و دووەمیـان،

---

[١] سەبارەت بە هەڵبژاردنی قوتابییەکان، لە چاوپێکەوتنێکماندا، مامۆسـتا محەمـەد سـاڵح سـەعید، فەرمووی: پاکیزە ڕەفیق حلمی و مامۆسـتا عەلائـەدین سـەججادی بەدوایانـدا نـاردم، کـە چـوومە خزمەتیان پێیان وتم کەوا بڕیاری ناردنە دەرەوەی سێ قوتابیی کوردییان بۆ هاتووە، ئەوان لـەلای خۆیانەوە، منیان بۆ ناردنە دەرەوە دەستنیشانکردووە، بۆ ئـەوەی دکتـۆرا لـە سـۆڤیەت بخـوێنم، هەرچەندە زۆرم پێ خۆش بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی چەندین ئەرکی حزبیم لە ئەستۆ بوو لەو کاتەدا، بۆیە برادەرانی حیزب داوایان لێکردم، کە بەرژەوەندیی حیزب وا دەخوازێ  نەچمە دەرەوە، منیش ئەوسا خوێنگەرم بووم و لە دڵسۆزیم بۆ گەلەکەم و لەبەر بەرژەوەندیی حیزب، ئەو هەلەم لەدەست خۆم دا.

تایبەتە بە پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت بۆ وەرگێڕان و دانانی کتێبی خوێندن، کە دواتر لەلایەن وەزارەتی زانیارییەوە کاریان لەسەر کراوە.

ئەمەی داهاتوو، دەقی نووسراوەکەیە[1]:

نەقابەی مامۆستایان                    ژمارە/ ٢٩٨٨

لە کۆماری عێراقا — بەغدا                    ڕۆژ ١-٢-٩٦٠

لێژنەی زانیاری کوردستان

**بۆ/ وەزیری زانیاری**

تکا ئەکەین کە ئەرکی کۆڵینەوە لەم پێشنیازانەمان بکێشن و ئەوەی کە بەباشی ئەزانن بیخەنە کارەوە ئێمەش زۆر سوپاستان ئەکەین.

پێشنیازەکان:

١- لە وەزارەتی زانیاری ئەخوازین بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە کە خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی لیوای سلێمانی و هەولێر وقەزای چەمچەماڵ و ناحیەی قادرکەرەم  لە لیوای کەرکووك بە کوردی بێت وە لە پۆلی چوارەمەوە هەفتەی چەند وانەیەك تەرخان بکرێت بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی.

٢- لە وەزارەتی زانیاری ئەخوازین کە دەست و برد بکات لە پێکهێنانی لێژنەی (دانان و گۆڕین) ی پەڕاوی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دا بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ سالی خوێندنی داهاتوو.

---

[1] دەقی ئەم نووسراوە لە گۆڤاری بلێسە، ژ٧، شوباتی ١٩٦٠، ل٥٥، وەرگیراوە.

لە وەزارەتی زانیاری ئەخوازین ئاگادارمان بکەن کە چی کراوە بۆ ئەوەی مێژووی کورد بخرێتە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی و سانەوی یەوە.

نەقیب

سەبارەت بە خاڵی یەکەمی ئەو نووسراوە، وەزارەتی زانیاری ئەم هەنگاوەی ناوە:

بەکوردی خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان[1]

بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی زانیاری، فەرمانێکی نارد بۆ بەڕێوەرایەتی زانیاری لیوای هەولێر و سلێمانی وە بەپێی ئەوە لە تەعتیلی دوای نیوەی ساڵەوە خوێندن لە هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەو دوو لیوایەدا هەموو دەرسەکانی کرا بەکوردی وە گفتوگۆش ئێستا ئەکرێ بۆ ئەوەی قوتابخانەکانی لیوای موصل و کەرکووك و دیالە خوێندنی کوردی تیا بخوێنرێت.

سەبارەت بە خاڵی دووەم، بەپێی نووسراوی لێژنەی زانیاریی کوردستان لە نەقابەی مامۆستایانی عێراق و لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی لێژنەی وەرگێڕان و بلاْوکردنەوە و دانان لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاْوە، بۆ

---

[1] ژین، ژ١٥١٤، ٣/٣/١٩٦٠، ل١..

ئامادەکردنی پەڕتووکی کوردی بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لە قوتابخانە کوردییەکان دا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی، دوای دەستنیشانکردنی چەندین مامۆستا و نووسەر و بوێژی کورد و دابەشکردنیان بەسەر لێژنەکان، ڕەزامەندیی وەزارەتی زانیاریی وەرگرتووە. دوای تێپەڕ بوونی (٨) مانگ بەسەر کۆنگرەی یەکەم، وەزارەتی زانیاری لێژنەکان ڕادەسپێرێ، کە لە ماوەی (٣) مانگ ئەرکەکانیان لە ئامادەکردنی پەڕتووکەکان ئەنجام بدەن.

سەبارەت بە وەلامدانەوەی خاڵی دووەم:

گۆڤاری هەتاو، لەگەڵ هەواڵی فەرمانی وەزارەت لە دەستنیشانکردنی ناوی ئەندامان و لێژنەکان، چەند دێڕێکی لەبارەی بیروبۆچوونی خۆی بلاوکردۆتەوە: (( دوای دووساڵ شۆڕش تازە وزارەتی زانیاری کتێبی کوردی بۆ قوتابخانەکانی کوردستانی عێراق وەیاد کەوتۆتەوە))[١]، لە کاتێکدا نووسراوی لێژنەی زانیاری لە ١٩٦٠/٢/١ نووسراوە و بەپێی بەرواری فەرمانە وەزارییەکەش بێت، لێژنەکان لە ١٩٦٠/٤/٢٧ پێکهێنراون و ناوەکانیان ئاشکرا کراون و مۆڵەتی (٣) مانگیشییان دراوەتێ بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجامبدەن.

---
[١] - گۆڤاری هەتاو، ژ١٧٧، ١٩٦٠/٥/١٤، ل٢٢، بڕوانە گۆڤاری هەتاو، بەرگی حەوتەم، ل٥٢٩٤.

## فەرمانی وەزارەت

بڕیارماندا چەند لێژنەیەك لەوانەی ناویان لە خوارەوەدا نووسراوە، ڕێکبخرێت بۆ دانان و وەرگێڕان و پاککردنەوەی کتێبە دیاری کراوەکان لە بەرامبەری ناوی هەر لێژنەیەکی دا و پێویستە لە ١٩٦٠/٤/٢٧ ەوە تا سێ مانگان هەموو کاروبارێکی ئەم لێژنانە کۆتایی پێبدرێت:-

ئەندامەکانی لێژنەی دانانی پەڕتووکی قرائەی (خوێندنەوەی) کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی:-

١- فەرەیدون عەلی ئەمین

٢- عومەر عەبدولڕەحیم

٣- عەبدولسەتار کازم

٤- خەلیل عەبدوڵلا

ئەندامەکانی لێژنەی دانانی پەڕتووکی قرائەی (خوێندنەوەی) کوردی بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی:-

١- بەهجەت سەعید کابان

٢- کەمال عەبدولقادر

٣- تاهیر ئەحمەد حەوێزی

٤- مەسعود سەعید

ئەندامەکانی لێژنەی دانانی پەرتووکی قرائەی (خوێندنـەوەی) کـوردی بـۆ پـۆلی سێ یەمی سەرەتایی:-

١- عەبدولکەریم قادر

٢- ڕەشید محەمەد عەلی کۆیی

٣- عومەر کەریم

٤- محەمەد شاتر تورسون

ئەندامەکانی لێژنەی دانانی پەرتووکی قرائەی (خوێندنـەوەی) کـوردی بـۆ پـۆلی چوارەمی سەرەتایی:-

١- مەعروف عەبدوڵلا

٢- محەمەد تۆفیق

٣- محەمەد صالح سەعید

٤- سەلمان حاجی عوبێدی

ئەندامەکانی لێژنەی دانانی پەرتووکی قرائەی (خوێندنـەوەی) کـوردی بـۆ پـۆلی پێنجەمی سەرەتایی:-

١- عەبدوڵلا شاڵی

٢- ئەحمەد هەردی

٣- عەبدوڵلا میدیا

٤- خالید حەسەن

ئەندامەکانی لێژنەی دانانی پەڕتووکی قرائەی (خوێندنـەوەی) کـوردی بـۆ پـۆلی شەشەمی سەرەتایی:-

١- ئیحسان عەبدولکەریم

٢- مستەفا صالح کەریم

٣- عەبدوڵلا گۆران

٤- عەبدولصەمەد ئەحمەد

ئەندامەکانی لێژنەی دانانی دەستووری زمانی کوردی بۆ پۆلی پێنج و شەشـەمی سەرەتایی:

١- نوری عەلی ئەمین

٢- شێخ محەمەدی خاڵ

٣- کامل بەصیر

ئەندامەکانی لێژنەی وەرگێڕانی زانیاری و لەش ساخێتی بـۆ پـۆلی (چـوارەمی) سەرەتایی:

١- عادل مستەفا

٢- مەحمود ئەحمەد

٣- جەلیل عەبدوڵلا

٤- سلام محەمەد ناسر[١]

---

[١] لە تۆماری ناوی ئەندامانی کۆنگرە بە (ئیسلام محەمەد ناسر) ناوی هاتووە.

ئەندامەکانی لێژنـەی وەرگێڕانـی زانیـاری و لـەش سـاخێتی بـۆ پـۆلی پێنجـەمی سەرەتایی:

١- نەشئەت محەمەد صەفوە

٢- تۆفیق شەفیق

٣- ئیسماعیل رەسول

٤- ئەحمەد عەبدوڵلاّ

ئەندامــەکانی لێژنــەی وەرگێڕانــی زانیــاری و لــەش ســاخێتی بــۆ پــۆلی (٦) ی سەرەتایی:-

١- عەبدوڵلاّ ئیبراهیم سەراج

٢- عوسمان سەعید

٣- محەمەد نافع عەبدولفەتاح

٤- جەمیل ڕەشید العمادی

ئەندامــەکانی لێژنــەی هەڵبــژاردنی حســاب بــۆ پۆلــەکانی ٢، ٣، ٤، ٥، ٦ ی سەرەتایی:

١- محەمەد ڕەشید

٢- محەمەد ڕەشید مەلا عەلی

٣- یونس تۆفیق

٤- عوسمان عارف

ئەندامەكانی لێژنەی وەرگێڕانی حیساب بۆ پۆلی شەشەمینی سەرەتایی:-

١- عەزیز محەمەد قادر

٢- شێروان عەلی امین

٣- محەمەد مەولود

٤- جەمیل بەهائەدین

ئەندامەكانی لێژنەی وەرگێڕانی پەروەردەكردنی نیشتمانی بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی:

١- سامی حوسێن نازم

٢- كەریم سەعید دەولەت

٣- كەمال مستەفا

٤- ئەسعەد حامد

ئەندامەكانی لێژنەی وەرگێڕانی پەروەردەكردنی نیشتمانی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی:

١- ئیسماعیل فەرەج

٢- شەوكەت غەفور بابان

٣- نەجمەدین محەمەد موفتی

٤- خەلیل محەمەد عەبدوڵلا

ئەندامەکانی لێژنەی وەرگێڕانی پەروەردەکردنی نیشتمانی بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی:

١- ڕەفیق فەتحوڵڵا
٢- عەبدولقادر قەزاز
٣- جەمال غەفور
٤- حافز مستەفا قازی

ئەندامەکانی لێژنەی وەرگێڕانی مێژوو بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی:

١- جەمال عەبدولقادر بابان
٢- صەدیق صادق
٣- شوکریە صابر
٤- قاسم محەمەد

ئەندامەکانی لێژنەی وەرگێڕانی مێژوو بۆ پۆلی سێ یەمینی سەرەتایی:

١- محەمەد حەوێزی
٢- عومەر مەحمود دەروێش
٣- محەمەد تۆفیق وردی
٤- محەمەد مەلا حەسەن

ئەندامـــەکانی لێژنـــەی وەرگێڕانـــی پـــەڕتووکی مێـــژوو بـــۆ پـــۆلی پێنجـــەمی سەرەتایی:

١- شەفیق صابر
٢- گیو موکریانی
٣- عومەر مستەفا
٤- عەلی خدر

ئەندامـــەکانی لێژنـــەی وەرگێڕانـــی پـــەڕتووکی مێـــژوو بـــۆ پـــۆلی شەشـــەمی سەرەتایی:

١- دکتۆر موراد عەزیز
٢- ئەبوبەکر شێخ جەلال
٣- سالح قەفتان
٤- سەبری داود

ئەندامـــەکانی لێژنـــەی وەرگێڕانـــی پـــەڕتووکی جوگرافیـــا بـــۆ پـــۆلی چـــوارەمی سەرەتایی:

١- فائق جەمیل
٢- کەریم محەمەد باراوی
٣- شەریف عوسمان
٤- شەفیق محەمەد سەعدوڵلا

ئەندامــەکانی لێژنــەی وەرگێڕانــی پــەڕتووکی جوگرافیــا بــۆ پــۆلی پێنجــەمی سەرەتایی:

١- فازڵ عیرفان

٢- کەریم زەند

٣- خەلیل خۆشناو

٤- مستەفا حەسەن شەعبان

ئەندامــەکانی لێژنــەی وەرگێڕانــی پــەڕتووکی  جوگرافیــا بــۆ پــۆلی شەشــەمی سەرەتایی:

١- صادق بەهائەدین

٢- ئەحمەد نوورەدین

٣- موسا صەمەد

٤- ڕەمزی قەزاز

وەزیر

دکتۆر صلاح خالص[1]

---

[1] دکتۆر صلاح خالص، وەزیر نەبووە، بەڵکو بەڕێوەبەری گشتیی ناردنە دەرەوە بووە، دەبێ ئەم فەرمانەی لەجیاتی وەزیر واژوو کردبێ.

لێژنەی کاروباری زانیاریی کوردستان لە نەقابەی مامۆستایانی عێراق، لە ژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، نووسراوێکییان ئاڕاستەی وەزیری مەعارف کردووە، لەچەند خاڵێکدا، پوختەی داخوازییەکانی خۆیانیان خستوونەتە ڕوو، دەقی نووسراوەکە بریتییە لە[1]:

نەقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراق دا – بەغدا

**لێژنەی زانیاری کوردستان**

**بۆ – وەزارەتی زانیاری**

لێژنەی زانیاری کوردستان، کە لێژنەیەکی نەقابەی مامۆستایانە ڕۆژی ١٩٦٠/١/١٨ کۆبووەوە دوای ئەوەی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی شەقلاوە کۆڵییەوە، کۆمەڵە بڕیارێکی دا، کە دەستەی بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایانیش بەباشیان زانی، وە داوای لە نەقابە کرد، کە جارێکی تریش[2] وەزارەتەکەتان ئاگاداربکاتەوە بۆ ئەوەی لە پێشنیازە گرنگەکانمان بکۆڵنەوە و بیخەنە کارەوە، چونکە ئاشکرایە، کە بەبەرییەوە نەماوە دوور بخرێت و هەموو جۆرە توانایەکیش هەیە بۆ خستنە کارەوەی.

---

[1] دەقی ئەم نووسراوە لە گۆڤاری بڵێسە، ژ٧، ساڵی یەکەم، شوباتی ١٩٦٠، ل٥٧، بڵاوکراوەتەوە. نووسراوەکە، ژمارە و بەرواری بەسەرەوە نییە، بەڵام بەپێی ناوەرۆك و زنجیرەیەك نووسراوی دیکەی لێژنەکە، کە ئاڕاستەی وەزارەتی زانیاری کراون، پێمانوایە، ناردنی ئەم نووسراوەش لە هەمان بەروار دا بێت (١/٢/٩٦٠).

[2] لە دەربڕینی ئەم دەستەواژەیەدا، ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوە، کە پێشتریش لەسەر هەمان پرس، پێشنیاز ئاڕاستەی وەزارەت کراوە، هەروەك لەلاپەڕەکانی پێشتر تۆمارمان کردووە.

ئینجا تکا ئەکەین، کە پێشنیازەکانمان باش بخرێتە بەر چاو وبخرێتە کارەوە وە سوپاسێکی زۆریشتان ئەکەین. ئەمانەیش پێشنیازەکانمانە:

١- دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی زانیاری بۆ ناوچەی بادینان، کە نیشتگەکەی لە (دهۆك) دا بێت.

٢- دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتییەکی زانیاری تایبەتی بۆ خوێندنی کوردی لە کەرکوکدا، کە تەنها سەرپەرشتی قوتابخانە کوردەوارییەکان بکات.

٣- دامەزراندنی سەرۆکایەتییەکی تەفتیشی بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتی زانیاری خوێندنی کوردی، کە بەسرابێت لە مفەتشیەتی زایاری گشتییەوە.

٤- لقێکی تایبەت دابنرێت بۆ کاروباری گۆڕین و بلاوکردنەوە، بە بەڕێوەبەرێتی گشتی زانیاری خوێندنی کوردییەوە بەسرابێت.

٥- لە ناوچە شاخاوییەکاندا جەرگەی گەورە بۆ فێرکردن و خوێندن دابمەزرێت، بە هەموو پێویستییەکی خواردن و نووستنەوە، بۆ ئاسان کردنی بلاوبوونەوەی خوێندەواری لە ناوچەکەدا.

٦- ناردنی قوتابی بۆ دەرەوەی عێراق بۆ خوێندن و وەرگرتنیان لە دانیشگای بەغدا بە پێی نفوسی کورد لە عێڕاق دا.

٧- ناردنی لێژنەیەك بۆ کەرکووك و دیالە، بۆ جیاکردنەوەی ئەو قوتابخانە سەرەتای و ناوەندییانەی کە ئەبەسترێت بە بەڕێوەبەرێتی گشتی زانیاری خوێندنی کوردییەوە.

٨- وتنەوەی زمان و وێژەی کوردی لەو (ناوەندی) یانەدا، کە بە بەڕێوەبەرێتی زانیاری خوێندنی کوردییەوە بەستراوە، ئەمەیش بەپێی ئەو بەرنامەیەی، کە وەزارەتی زانیاری بۆیان دائەنێت.

٩- لەم ساڵەوە دەستبکرێت بە خوێندن بەزمانی کوردی لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێهەم لەو قوتابخانە سەرەتاییانەدا، کە تائێستا بە عەرەبی دەرسیان خوێندووە. دوای ئەوە لە قۆناغەکانی تری خوێندندا، بەلاّم ئەو قوتابخانانەی، کە تا ئێستا بەزمانی کوردی خوێندوویانە، بەو جۆرە خوێندن هەر بەردەوام بێت وە ئەمساڵ لە پۆلی یەکەمی ناوەندی و یەکەمی پێگەیاندنی مامۆستایانی کوڕان و کچانیش دا، بەزمانی کوردی بخوێنرێت.

١٠- وتنەوەی زمانی کوردی لە پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەم، لەو قوتابخانە سەرەتاییە کوردییانەدا، کە تائێستا بەزمانی عەرەبی تیایدا خوێندراوە.

١١- قوتابخانەی پێگەیاندنی (دور المعلمین و المعلمات) مامۆستایانی کوڕان وکچان، لە کەرکووک و دهۆك دا بکرێتەوە لە خانەقینیش دا بۆ کوردەکانی دیالە و کوت و بەغدا و عەمارە بکرێتەوە.

١٢- کۆنگرە ڕاسپێریی بەڕێوەبەرێتیی گشتی زانیاری خوێندنی کوردی ئەکات، بە کردنەوەی دەورەی کورت کورت و درێژ درێژ بۆ مامۆستا کوردەکان تا توانای وتنەوەی وانەیان بە زمانی کوردی بەرز ببێتەوە.

١٣- کۆنگرە وا ڕائەسپێرێت، کە هەموو نامەیەك کە لە میانەی بەڕیوەبەرێتیی گشتیی زانیاری خوێندنی کوردی و ئەو قوتابخانانەی پێوەی بەستراون بە کوردی بێت.

١٤- ناردنی لێژنەیەك بۆ کەرکوك و دیالە بۆ جیاکردنەوەی ئەو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییانەی، کە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی زانیاری خوێندنی کوردی یەوە ئەبەسترێت، هەروەکو چۆن لە ماددەی حەوتەمی ئەم بڕیارانەدا نووسراوە، یا دوو تاقم قوتابخانە بکرێنەوە لەناو جەرگەی کەرکووکدا، تاقمێکیان بە کوردی تێیدا بخوێنرێت وە تاقمێکیش بە عەرەبی.

١٥- کردنەوەی قوتابخانە لە جەرگەی موصل دا، کە بەکوردی تێیدا بخوێنرێت.

نەقیب

وێنەی بۆ/

لێژنەی زانیاری کوردستان

لقی نەقابە لە سلێمانی دا

بەڕێوەبەرێتی گشتی زانیاری خوێندنی کوردی.

## پێکهێنانی چەند لێژنەیەك بۆ زاراوەی کوردی

چەند لێژنەیەك بۆ وەرگێڕان و دانانی زاراوەی کوردی پێکهێندران، ئەم لێژنانە هەر یەکەو لە بواری خۆیدا ئەو وشەو زاراوانەیان لە عەرەبیەوە کردوون بە کوردی کە لە وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان سوودی لێ وەردەگیرێت، ئەوەی لێمان ڕوون بێت، لێژنەی زاراوەی پەروەردەی نیشتمانی پێکهاتووە لە :{شاکر فەتاح، ئیسماعیل فەرەج، ڕەفیق فەتحوڵڵا، سامی حوسێن نازم، عبدولکەریم شێخ محەمەد، محەمەد تۆفیق (وردی)، عومەر عەبدولڕەحیم}. و لێژنەی زاراوەی بیرکاری پێکهاتوون لە: {ئەبوبەکر(هەوری)، جەمال جەلال، جەمال ئیبراهیم، ئەحمەد هەردی، عوسمان عارف}. [1]

لەلای خۆشیانەوە، لقی سلێمانیی نەقابەی مۆستایان، پەرتووکێکی تایبەت بە زاراوەی زانستییان دەرکرد، بۆ ئەوەی هاوکاریی لێژنەکانی دانان و وەرگێران و هاوکاریی مامۆستا وانەبێژەکان بکات.[2]

---

[1] گۆڤاری ڕۆژی نوێ لەژمارەکانی خۆیدا بە زنجیرە هەندێك لەو زاراوانەی بڵاوکردوونەتەوە، کە لەلایەن لێژنەکانی بیرکاری و پەروەردەی نیشتمانی پێیان گەیشتووە، سەرباری ئەو زاراوانە، ڕۆژنامەکە بۆخۆیشی زاراوەگەلێکی بە کوردی کردوون. بڕوانە: گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ئامادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، ساڵی یەکەم(ژمارە ١-٦) بنکەی ژین سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٥٠٧ و ل٦٦٠.

[2] ئەم کتێبە زنجیرە (٦) ی لەبڵاوکراوەکانی لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان، بەرکەوتووە و دوای کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە دانراوە.

جارێکی دیکەش لێژنەی زانیاریی کوردستان لە نەقابەی مامۆستایانی ناوەند، نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی زانیاری کردووە، کە تیایدا جەخت لەسەر جێبەجێکردنی چەند پێشنیازێك دەکەنەوە، کە لە ژێر رۆشنایی بریارەکانی کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، لە چەند خاڵێکدا، دایانرشتوون[1].

جەنابی وەزیری زانیاری بەرێز:

گەلی کورد و هاورێیانیان بەگشتی و رۆشنبیرانی کورد بەتایبەتی، رۆژی لەدایکبوونی دەستووری کاتییان بیرناچێتەوە، کە لە مادەی سێیەمیدا  باس لە هاوبەشیی گەلی کورد دەکا لەگەڵ عەرەبی براگەورەکەی لە نیشتمانی عێراقی خۆشەویست. وە وتەکانی پێشەوای ئەمین عەبدولکەریم قاسم هەر لە رۆژەکانی یەکەمی شۆرشە پیرۆزەکەمان، تا ئەمرۆ جەختیان لەسەر ئەو هاوبەشییە کردۆتەوە لە چوارچێوەی یەکێتییەکی  راستەقینەی عێراقدا، بێگومان گەلی کوردیش بە وەرگرتنی تەواوی مافە رۆشنبیرییەکانیان هەنگاوی یەکەمی رەنگدانەوەی راستیی ئەو هاوبەشیەیە.

[1] بروانە خەبات، ژ٢٨٥، ١١/ئاب/٩٦٠، ل٦. وا دەردەکەوێت، کەوا ئەم پێشنیازانە، دوای گۆرینی وەزیری پێشوو، ئاراستەی  نەقابە کراین و نەقابەش لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە (١٥–١٧/ئاب/٩٦٠) بە دەوڵەمەندکردنی یاداشتەکە بەچەند خاڵێکی دیکە، وەك یاداشتنامەی نەقابە، پێشکەش بە وەزیری نوێی زانیاریی (زەعیم روکن ئیسماعیل عارف) ی کردووە.

وە پێویستە بوترێ کە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەك بەناوی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی) دەسکەوتێکی گرنگە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشە مەزنەکەمان و هەنگاوی یەکەمە بۆ هێنانە دیی ئامانجی فراوانتر بۆ گەلی کوردی برای گەلی عەرەب لە عێراق.

بە هیوای بەرفراوانکردن و پێشخستنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەم ئەرکە گرانانە هەڵبستێ کە کەوتوونەتە ئەستۆی، وە هیوادارین لەلایەن بەپرسانەوە بە هەموو ڕێگەیەك پاڵپشتیی لێ بکرێت و ڕۆژ دوای ڕۆژ دەسەڵاتی زیاتری پێ بدرێت بۆ ئەوەی بەسەر ئەو کێشەو گرفتە تازانەدا  سەرکەوێ، کە دوچاریان دەبێتەوە و بتوانێ خزمەت بە گەلی کورد بکات.

بەڵام بە داخێکی زۆرەوە، لە ڕاستیدا سستی لە پێدانی دەسەڵاتەکانیدا هەیە.

جەنابی وەزیر

ئیستعمار پاشماوەی زۆری بۆ بەجێ هێشتووین کە (کاهل) ی گەلی کوردی گران کردووە، ئەویش تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی لە سایەی حکوومەتی نیشتمانی وسەرکردەکەی،  پێشەوای ئەمین عەبدولکەریم قاسم ئەو قورساییە کەڵەکە بووەی دواکەوتن و نەزانینە لاببات.

وە لابردنی شوێنەواری چەوسانەوەی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیی کە لە دیاردەکانی ڕژێمی بەسەر چووی دڵپڕقین بوو.

بە هەوڵی ڕۆشنبیرانی کورد و بە یارمەتی و بە پشتوانیی برا ڕۆشنبیرە عەرەبەکانمان و کەسانی تریش، بە هەموو توانایەکمان تێدەکۆشین بۆ گەیشتن

بە پلەیەکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانیاری بۆ ئەوەی لەگەڵ گەلی عـەرەب و کەمـە نەتەوەییەکان دەست لەناو دەست لە ڕێگای بووژانەوەی ڕۆشنبیری ڕێ بکەین. ئێمـە لـە کاتێکـدا کـە ئـەم داواکارییـە بـە پەلانـە دەخەینـە ڕوو، دڵنیـاین، کـە جێبـەجێکردنیان ڕێگـا لەبـەردەم پێشـکەوتنێکی فراوانـی ڕۆشـنبیری بـۆ گـەلی کوردی دەکاتەوە، وە ڕاستەوخۆ دەستی بـە بەرهـەمی خـەباتی دوور و درێـژی خـۆی دەگـات و بەشـدارییەکی بنـەڕەتی دەکـات لـە بـەهێزکردنی برایەتییـەکی ڕاسـتەقینە لـە نێـوان هـەردوو گـەلی سـەرەکی کـە گـەلی عێـراق پێکـدێنن. داواکاریەکانیشمان بریتین لە:

١- گــۆڕینی نــاوی بەڕێوەبەرایــەتیی گشــتی خوێنــدنی کــوردی بــۆ (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردستان).

٢- پێشخستنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی:

کاتێك حکومەتە نیشتمانیەکەمان دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشـتی زانیـاری بۆ خوێندنی کوردی پێشکەشکرد، بۆ گەلی کورد هەنگاوێکی مژدە بـەخش بـوو، سەرباری بوونی کەموکورتی لە پێکهاتەی کارگێڕی و دەسەڵاتەکانی، ئەویش لە ماوەی هەبوونیدا نەیتوانیوە ئەوەی گەلی کورد لێی چاوەڕوان دەکرد بیهێنێتـە دی لە دەستکەوتە ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەکان، بـەهۆی نـەبوونی دەسـەڵات تەنانەت دەسـەڵاتی لاوەکـیش کـە بتـوانێ بـە کارەکـانی هەڵبسـتێ، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە، تەنانەت بۆتە کۆسپ لەبەردەم کـارە ڕۆتینیـەکانیش، بۆیـە داوای

جێبەجێکردنی تەواوی ماددەی پانزەهەمی پەیڕەوی وەزارەتی زانیاریی ژمـارە (٥٧) ی ساڵی (١٩٥٩) دەکەین، کە دەقەکەی دەڵێ:

((ماددەی پانزدەهەم))

بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی زانیـاری بـۆ خوێنـدنی کـوردی بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سەرپەرشـتیی دەکـات، کـە بڕوانامەیـەکی بـەرز و بـە ئـەزموونی لـە فێرکردنـدا هەبێت، بەرپرسە لە کاروباری فێرکردن و خوێندن بە زمانی کـوردی لـە تـەواوی قوتابخانـەکان، حکـومی و ناحکومییـەکان  لـە هـەر پلـە و بەهـەر ڕەنگێـك و هەرچـیی پەیوەسـتە بـە ئامـادەکردنی بەرنامـە و کتێبـی پێویسـت بـۆ ئـەو قوتابخانانە، وە هاوکاریکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایـەتیی و فەرمانگـە تایبەتـەکان بۆ هەماهەنگی لە جموجۆڵی دانان و وەرگێـڕان و بلاّوکردنـەوە و (تعطیـدها) وە بەیارمـەتی یاریـدەدەرەکان بـۆ بـەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایـەتیی و کاروبـاری فێربـوونی خوێنـدنی کـوردی و دیـارکردنی ئەرکـەکانیان  بـە ڕێنماییـەکان، کـە وەزیر دەریان دەکات. هەروەها دیارکردنی بواری پسپۆڕی لەلایەن ئەنجومـەنی زانیاری  هەروەك لە ماددەی (شەش) دا هاتووە.

٣- بۆ ئـەوەی بەڕێوەبەرایـەتیی نـاوبراو بتـوانێ بـە کارەکـانی هەڵبسـتێ لـەو ناوچانەی لە سنووری ئەو دان، داوای جێبەجێکردنی ئەمانە دەکەین:

أ-  جێگرایەتی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی لە موسـڵ و کـەرکووك بکرێنـە دوو بەڕێوەبەرایەتیی و ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی بـن، وە هـەموو

قوتابخانە کوردیەکان لە هەردوو پارێزگاکە بە پەلە بخرێنە سەر، بۆ ئـەوەی بـە ئەرکەکانیان هەڵسن لەسەرەتای ساڵی خوێندنی داهاتوودا.

ب- دامەزراندنی دوو جێگر بۆ بەڕێوەبەری پارێزگانی دیالە و کـوت و عیمـارە و بەغـداد، ئــەرکی بــەڕێوەبردنی کاروبــاری قوتابخانــە کوردیــەکانیان لــەو پارێزگایانە بخرێتە ئەستۆ و لە ڕێگەی بەڕێوەبەری زانیاریی ئەو پارێزگایانە بـە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری بۆخوێندنی کوردییەوە ببەسـترێنەوە، ئەمـەش بــە جێبــەجێکردنی مــاددەی چــوارەم لــە بڕیارەکــانی کــۆنگرەی نــاوخۆیی مامۆستایانی کورد، کە لە شەقلاوە بەسترا.

ت- پێکهێنانی لێژنەیـەکی تایبـەت بـە بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی زانیـاری بـۆ خوێندنی کوردی بۆ چاپکردنی کتێبی جۆراوجۆری کوردی.

پ- پێکهێنانی سەرۆکایەتی سەرپەرشـتیاری بـۆ بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی بـۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو قوتابخانانەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەن.

ج- پەلەکردن لـە وەرگێـڕان و دانـان و چـاپکردنی کتێبـی خوێنـدن بـۆ زمـانی کوردی بە پێـی قۆناغـەکانی خوێنـدن و لـە ئێسـتاوە دەسـتەبەرکردنی تـەواوی پێداویستییەکان بۆ هێنانەدیی ئەوانەی باسکران لە سـەرەتای سـاڵی خوێنـدنی داهاتوو.( وەك پێشتر ئاماژەمان بە فەرمانی وەزارەت کرد، کە لە ١٩٦٠/٤/٢٧ وە بۆ ماوەی سێ مانگ مۆڵـەتی بـە لێژنـەکانی دانـان و وەرگێڕانـی پـەڕتووکی قوتابخانەکان دابوو، کە تا (١٩٦٠/٧/٢٧) کارەکانیان تەواو بکـەن، دیـارە ئـەو یاداشتەی لێژنەی کاروباری کوردستان لە نەقابەی مامۆستایان لـە ١٩٦٠/٨/١١

دراوەتە نەقابە، واتا دوو هەفتە بەسەر دوا وادەی ئامادەکردنی پەرتووکەکان تێپەڕیوە، دیارە بۆ چاپکردنی پەرتووکەکانیش لەو کاتانەدا، ماوەیەکی زیاتری پێویست بووە، بەڵام کە لە یاداشتەکە داوای پەلەکردن کراوە، دیارە کەمتەرخەمی لە لێژنەکاندا هەبووە).

ح- نووسراوەکانی نێوان بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی و ناوچەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکە بکرێنە زمانی کوردی.

خ- لە ئێستاوە ڕێ و شوێنی پێویست بگیرێنە بەر بۆ ئەوەی لە نزیکترین کات خوێندن لە قۆناغی ناوەندی بکرێتە کوردی.

٤- کاربکرێ، کە ژمارەی قوتابیانی کورد ئەوانەی بۆ خوێندن دەنێردرێن و ئەوانەش، کە لەزانکۆ وەردەگیرێن لەگەڵ پێکهاتەی کوردەکان بگونجێ لەنێو دانیشتوانی عێراق، ئەمەش بە ڕێکخستنی سیستەمی ناردن و وەرگرتن لە زانکۆ.

ئەم وەرگرتنەش لەسەر بنەمای پلانێکی داڕێژراو بێت و کادیری زانستی و ئەدەبی ئامادە بکات بۆ ئەوەی پێکهاتەی میلاکاتی زانکۆی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیك دەستەبەربکات.

٥- کاربکرێ لە پێناوی بەهێزکردن و فراوانکردنی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب و کردنەوەی بەشی ناوخۆیی بۆی.

٦- کار بکرێ بۆ دانانی (کۆلێژی پەروەردە) بۆ ئەوەی ببێتە ناوك (نواه) بۆ زانکۆی کوردستان.

٧- کۆڕی زانیاری عێراقی، بەم شێوەیەی کە هەیە، بەرامبەر بە گەلی کورد ناتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێ، وە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد و هاندانیان لە پێناوی دروستکردن و چەسپاندنی زاراوەی زانستی و هاندانیان لەسەر بەرهەمهێنان، بۆیە بە پێویستی دەبینین کۆڕی زانیاری زمانەوانی تایبەت بە کورد پێکبهێنرێ، بۆ ئەوەی چاودێریی ڕۆشنبیریی کوردی بگرێتە ئەستۆ.

٨- پێکهێنانی لیژنەیەك لە (المتظلعين) بە مێژووی کورد بۆ دانانی کتێبێکی تێروتەسەل لەسەر مێژووی گەلی کورد و وەزارەتی زانیاری  ئەرکی چاپ و بلاوکردنەوەی بگرێتە ئەستۆ.

٩- کردنەوەی خانەی مامۆستایان بۆ کوڕان و کچان لە ناوچە کوردیەکان، کە خوێندن تیایاندا بە زمانی کوردی بێت، وە  خوێندن لەخانەکانی مامۆستایان ئەوانەی ئێستا لەو ناوچانە هەن بکرێنە کوردی.

١٠- کردنەوەی خولی درێژخایەن لە ماوەی پشووی هاوینە بۆ مامۆستایانی کورد، بەتایبەتی لەو ناوچانەی مامۆستای زمانی کوردییان کەمن، وەك پارێزگای موسڵ.

١١-پێکهێنانی بنکەی خوێندەواری لە ناوچە شاخاوییەکان، لەگەڵ کردنەوەی بەشی ناوخۆیی بە مەبەستی ئاسانکاریی بلاوبوونەوەی خوێندەواری  لەم ناوچانەدا.

١٢-پێدانی پەرتووك و چاپکراوە کوردییە بەسوودەکان بەکتێبخانەی قوتابخانەکان و کتێبخانە گشتییەکانی عێراق.

١٣-پێدانی بەخشینی ساڵانە بە ڕۆژنامەکانی نەقابە، کە بە زمانی کوردی دەریاندەکا.

١٤- خوێندنی مێژووی گەلی کورد لە تەواوی قوتابخانەکانی عێراق دا، بۆ ئەوەی گەلی عەرەب ئاشنایەتیی هەبێ لەسەر گەلی کوردی برای، ئەمەش هۆکارێك دەبێ بۆ پتەوبوونی یەکێتی ڕاستەقینەی عێراق.

لە کۆتاییدا هیوایەکی تەواومان بە بەڕێزتان هەیە، کە هاوبیرن لەگەڵمان، کە ئەوەی خراوەتە ڕوو بەشێکی سادەیە لە داخوازییە هەنووکەییەکانی گەلی کورد و جێبەجێکردنیان پێویستە بۆ پتەوکردنی کیانی کۆماری عێراق و یەکێتیە ڕاستەقینەکەی، هەروەها کارمان لەگەڵ دەکەن لە پێناو جێبەجێکردنی بە خێراترین کات.  سوپاس بۆ ئێوە.

# بەشی دووەم

## کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

## ١٥ ـ١٧/٨/١٩٦٠

### ٢-١ سەرەتا

وەك لە کۆنگرەی یەکەمدا بڕیار درا بوو، کە لە ساڵی داهاتوودا، هەر لە شەقلاوە کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد سازبکرێتەوە[١]، ئەوەبوو ڕۆژانی ١٥ تا ١٧ی ئابی ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرە بە ئاستێکی بەرزتر بەسترا.




لۆگۆی کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

[١] لە وتەی ژمارە(١٠) ی گۆڤاری بلێسەی مایسی ساڵی ١٩٦٠ دا هاتووە: (( لەبەر ئەوەی کە پار ساڵ لە شەقلاوە گیرا ئەمساڵ وای پێشنیاز ئەکەین لە سلێمانی بگیرێت بۆ ئەمەش چاوەڕوانی ئەنجامی گرتنی کۆنگرە ئەکەین؟ بلێسە))

بابەتی ناونانی کۆنگرە و ناونانی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندن، دوو بابەت بوون کە لایەنگرانی حزبی شیوعی و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆچوونی پێچەوانەی یەکترییان دەخستەڕوو[1]. ئەمجارە شیوعییەکان داوایان دەکرد بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەکە بەناوی کوردستان بێت و پارتییەکانیش دەیان گوت: پێویست ناکات با ناوەکە وەك خۆی بمێنێتەوە. لە کاتێکدا ڕۆژی یەکەم، لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان لەسەر ئەم ناونانە پەکی کەوت، کە پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگرییان لەسەر ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی کوردستان) و حزبی شیوعیش پێیان لەسەر (بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی) داگرتبوو، وەك ئەوەی عەبدولکەریم قاسم بڕیاری لەسەر دابوو.[2]

---

[1] لە دیدارێکماندا لەگەڵ مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی، لەم بارەیەوە وتی: خوا لێخۆشبووان ئیبراهیم ئەحمەد و ئەحمەد غەفوور، کە نوێنەری حزبی شیوعی بوو، گفتوگۆیان بوو، ئەحمەد غەفوور پێشنیازی کرد، کە ناوی "بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی" بکرێت بە "بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی کوردستان". کاك ئیبراهیم گوتی: پێویست ناکات، ئێمە لە کاتی خۆیدا دەمانویست بە ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە ناوی کوردستان بەرجەستە بکەین و دەریبخەین، بەڵام ئێستا ئێمە حزبێکمان هەیە بە ناوی کوردستان، بۆیە پێویست بەوە ناکات.

[2] لەسەر هەمان بابەت، مامۆستا محمد صالح سەعید دەڵێ : لەکۆنگرەی دووەما، هەریەك لە پارتی و شیوعی، بۆچوونەکانیان پێچەوانەوە بووەوە، ئەمجارە شیوعییەکان ئەیان وت با بەڕێوەبەرایەتییەکە بەناوی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردستان بێت، پارتییەکان ئەیان وت نەخێر، با بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی بێت. ئەوەبوو لە کۆنگرەی دووەما شیوعییەکان ئەو هێزەی ساڵی پێشوویان نەمابوو و زیاتر پارتی باوی پەیداکردبوو، بۆیە بۆچوونەکەی پارتی جێی خۆی گرت.

## ٢-٢ ژمارە و ناوی ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرە

ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە، نەقابەی مامۆستایانی ناوەند، بۆ خۆی ژمارە و سنووری لقی پارێزگاکانی، بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە دیارکردووە.

ڕۆژنامەی خەبات لەم بارەیەوە، ئاگادارییەکەی بلاوکردۆتەوە[١]:

| | |
|---|---|
| هەولێر | ٣٠ ئەندام |
| سلێمانی | ٣٠ ئەندام |
| موصل | ٢٠ ئەندام |
| دیالە | ٨ ئەندام |
| کوت | ٣ ئەندام |
| عمارە | ٢ ئەندام |
| بەغداد | ٤ ئەندام |
| کەرکووك | ١٢ ئەندام |

نەقابەی مامۆستایان مەرجی ئەوەشی داناوە، کە دەبێ ئەندامانی بەشداربوو کورد بن و توانای بەشدارییەکی کارایان هەبێت لە گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر پرسەکانی کۆنگرە.[٢]

[١] بڕوانە ڕۆژنامەی خەبات، ژ٢٧٨، ٢/ئاب/١٩٦٠، ل٢.

[٢] دواتر و لەکاتی ئامادەسازیی لقەکان، لە زۆربەی پارێزگا بەشداربووەکان، ژمارەی ئەندامەکانیان زیاتر کردووە، جگە لەداوەتکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی ڕۆشنبیر و وێژەوان .

**دیالە:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | عیسا ڕەمزی | مامۆستا |
| ٢- | سریە ساحێبقڕان | مامۆستا |
| ٣- | نوری ئەمین | مامۆستا |
| ٤- | عەبدولقادر بەرزنجی | مامۆستا |
| ٥- | محەمەد ئەحمەد | مامۆستا |
| ٦- | محەمەد ئەمین | مامۆستا |
| ٧- | عەزیز فەوزی | مامۆستا |
| ٨- | موحسین حەسەن | مامۆستا |

**کوت:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | شبیب زاهر | مامۆستا |
| ٢- | عەبدولڕەزاق ڕەشاد | مامۆستا |
| ٣- | جاسم محەمەد قوتبی | مامۆستا |

**بەغدا:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | محەمەد تۆفیق وردی | مامۆستا |
| ٢- | عەبدولجەلیل شێخ مستەفا | مامۆستا |
| ٣- | زینەت ئەحمەد موختار | مامۆستا |
| ٤- | ئەحمەد عوسمان | مامۆستا |

| | | |
|---|---|---|
| ٥- | عەبدولئەحەد مالح | ماموستا |
| ٦- | نوری عەلی ئەمین | ماموستا |
| ٧- | جەمیل بەهائەدین | ماموستا |
| ٨- | ڕەشید کۆیی | ماموستا |
| ٩- | ناهیدە شێخ سەلام | ماموستا |
| ١٠ | ئەمین عەلی | ماموستا |
| ١١ | محەمەدەمین عەبدوڵلا | ماموستا |

**کەرکووك:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | عەلی ئیحسان سابیر حەکیم | ماموستا |
| ٢- | عەبدولڕەحمان ڕەزا | ماموستا |
| ٣- | حەمید ئەحمەد | ماموستا |
| ٤- | محەمەد ئەحمەد قەرەداغی | ماموستا |
| ٥- | ئەحمەد غەفوور | ماموستا |
| ٦- | تاهیر سادق | ماموستا |
| ٧- | مستەفا سەید ئەحمەد | ماموستا |
| ٨- | عومەر عارف | ماموستا |
| ٩- | فەخری سابیر | ماموستا |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠- | محەمەد نوری تۆفیق | مامۆستا |
| ١١- | محەمەد حەوێز | مامۆستا |
| ١٢- | عومەر فەتاح | مامۆستا |
| ١٣- | عەباس حوسێن | مامۆستا |
| ١٤- | ناجیە شەریف | مامۆستا |
| ١٥- | زەنون پیریادی | مامۆستا |

**موسڵ:**

| | | |
|---|---|---|
| ١- | ئەحمەد عەبدوڵلا محەمەد | مامۆستا |
| ٢- | ئەحمەد عەبدوڵلا ئەلیاس | مامۆستا |
| ٣- | ئەحمەد عەبدوڵلا تاهیر | مامۆستا |
| ٤- | ئەمین حاجی سلێمان | مامۆستا |
| ٥- | جەمال محەمەد ساڵح | مامۆستا |
| ٦- | حوسێن عەلی حەسەن | مامۆستا |
| ٧- | حوسێن حەسەن عەقراوی | مامۆستا |
| ٨- | حوسێن ئیبراهیم حەیدەر | مامۆستا |
| ٩- | خالد حەسەن یوسفی | مامۆستا |
| ١٠- | زەینەلعابدین محەمەد | مامۆستا |

| | | |
|---|---|---|
| ١١- | سامی سەبری سۆرانی | مامۆستا |
| ١٢- | سلێمان حاج العبیدی | مامۆستا |
| ١٣- | شەفیق محەمەد سەعدوڵلا | مامۆستا |
| ١٤- | عارف خالد حەسەن | مامۆستا |
| ١٥- | محەمەد سەعید ئەتروشی | مامۆستا |
| ١٦- | عەبدولسەتار حاجی موسا | مامۆستا |
| ١٧- | عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا عەقراوی | مامۆستا |
| ١٨- | عەبدولمەجید میرزا | مامۆستا |
| ١٩- | خەلیل ئیبراهیم | مامۆستا |
| ٢٠- | هورمز نیسان هورمز | مامۆستا |
| ٢١- | یاسین عەباس | مامۆستا |
| ٢٢- | خدر حاجی مادۆ | مامۆستا |
| ٢٣- | محەمەد سالح سەعید | مامۆستا |
| ٢٤- | عەبدوڵلا خالد | مامۆستا |
| ٢٥ | مەسعود سەعید | مامۆستا |
| ٢٦- | عەلی محەمەد ڕەئوف | مامۆستا |
| ٢٧- | ئیبراهیم ڕەمەزان نەجاڕ | مامۆستا |
| ٢٨- | عەبدوڵلا عەلی | مامۆستا |

### هەولێر:

| | | |
|---|---|---|
| ١- | جەلال شەریف | مامۆستا |
| ٢- | بورهان عەبدوڵڵا | مامۆستا |
| ٣- | جەمال جەمیل | مامۆستا |
| ٤- | حەیدەر محەمەد ئەمین | مامۆستا |
| ٥- | نەجمەدین موفتی | مامۆستا |
| ٦- | ئەنوەر تاهیر | مامۆستا |
| ٧- | خەیریە نادر | مامۆستا |
| ٨- | حاجی حەیدەر حاجی عوسمان | مامۆستا |
| ٩- | فائق جەمیل | مامۆستا |
| ١٠- | پەترۆس گۆرگیس | مامۆستا |
| ١١- | موسا خەلیل | مامۆستا |
| ١٢- | مستەفا عوسمان | مامۆستا |
| ١٣- | سابیر ئیسماعیل | مامۆستا |
| ١٤- | سەدیق سادق | مامۆستا |
| ١٥- | کەریم مستەفا(شارەزا) | مامۆستا |
| ١٦- | خەلیل محەمەد خۆشناو | مامۆستا |
| ١٧- | بەگۆک عەزیز | مامۆستا |
| ١٨- | جەلال سەعید خەیلانی | مامۆستا |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩- | عەبدولمەجید نورەدین | مامۆستا |
| ٢٠- | زەکی ئەحمەد هەناری | مامۆستا |
| ٢١- | ئەنوەر عەلی | مامۆستا |
| ٢٢- | عوسمان ئیبراهیم | مامۆستا |
| ٢٣- | محەمەد عەلی دزەیی | مامۆستا |
| ٢٤- | نوری عەبدوڵلاّ | مامۆستا |
| ٢٥- | عیزەدین فەیزی | مامۆستا |
| ٢٦- | عەبدولقادر بەکر | مامۆستا |
| ٢٧- | شەفیق سابیر | مامۆستا |
| ٢٨- | سامیە شاکر | مامۆستا |
| ٢٩- | حوسێن ڕەشوانی | مامۆستا |
| ٣٠- | مەجید ئەحمەد (ئاسنگەر) | مامۆستا |
| ٣١- | کەمال عەبدولقادر | مامۆستا |
| ٣٢- | ئەحمەد حەوێز | مامۆستا |
| ٣٣- | عومەر ساقی | مامۆستا |

## سلێمانی:

| | | |
|---|---|---|
| ١- | محەمەد عەلی مەحمود | مامۆستا |
| ٢- | محەمەد ڕەشید مەحمود | مامۆستا |
| ٣- | ئەحمەد سەعید مەولود | مامۆستا |
| ٤- | عەبدوڵلا میدیا | مامۆستا |
| ٥- | محەمەد ساڵح سەعید | مامۆستا |
| ٦- | محەمەدەمین حەسەن | مامۆستا |
| ٧- | نەسرین ساڵح زەکی | مامۆستا |
| ٨- | فاتیمە عەبدوڵلا | مامۆستا |
| ٩- | بەهجەت سەعید کابان | مامۆستا |
| ١٠- | عوسمان عارف | مامۆستا |
| ١١- | مەحمود ئەحمەد | مامۆستا |
| ١٢- | کەمال جەلال غەریب | مامۆستا |
| ١٣- | سەفائەدین کاکە شێخ | مامۆستا |
| ١٤- | مەسیح ئەسکەندەر | مامۆستا |
| ١٥- | غەفور مەلا عەلی | مامۆستا |
| ١٦- | جەمال ئیبراهیم | مامۆستا |
| ١٧- | کامل بەسیر | مامۆستا |
| ١٨- | فوئاد ڕەشید | مامۆستا |

| | | |
|---|---|---|
| -١٩ | موسا حەمەد | مامۆستا |
| -٢٠ | عەبدوڵلاّ شاڵی | مامۆستا |
| -٢١ | ڕەشید مەلا عەلی | مامۆستا |
| -٢٢ | مستەفا ساڵح کەریم | مامۆستا |
| -٢٣ | عەبدولکەریم شێخانی (کەریم ئەحمەد)[١] | مامۆستا |
| -٣٤ | ئەبوبەکر شێخ جەلال | مامۆستا |
| -٢٥ | جەلال مەحمود | مامۆستا |
| -٢٦ | عومەر عەبدولڕەحیم | مامۆستا |
| -٢٧ | کەریم زەند | مامۆستا |
| -٢٨ | بەهجەت مەعروف | مامۆستا |

[١] ئەم ناوە لەکاتی خۆیدا بەهەڵە نووسراوە، لە ڕاستیدا (عەبدولکەریم مەحموود شێخانی) یە. لە چاوپێکەوتنێکماندا، مامۆستا ئەم هەڵەیەی زۆر لەدڵدا مابوو، بۆیە ئەم ڕونکردنەوەیەی بۆ دەنووسینەوە، کە بۆ ئەم کتێبە بۆی نووسیبووین، بەو هیوایەی قەرەبووی ئەو هەڵە مێژووییەی بۆ بکاتەوە: ((خوالێخۆشبوو (عەبدوڵلاّ میدیا) داوای ناوەکانی کرد، هەریەکە دەستی بەرزکردەوە و ناوی خۆی گوت. منیش وەکو ئەوان ناوی خۆم گوت. وا دیاربوو گوێی لێ نەبوو، بۆیە (مەجید ئاسنگەر) هاواری کرد و گوتی (کەریم مەحموود) کە ناوەکانی وەرگرت، دوای ئەوە خوێندییەوە، ناوی منی بە (کەریم ئەحمەد) نووسیبوو، من هەستام و گوتم هەڵەیە و ناوی باوکم (مەحموود)ە، تکایە چاکی بکە، گوتی باشە، بەلاّم چاکی نەکردبوو، بۆیە لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرە هەر بە (کەریم ئەحمەد) هاتووە، لە کاتێکدا (کەریم ئەحمەد) لە کۆنگرەدا نەبوو، بەڵکو من و مامۆستا کەریم شارەزا و کەریم زەند لەوێ بووین، ئێستاش هیوام وایە ناوەکەی خۆم پێ بدرێتەوە)).

| | | |
|---|---|---|
| ٢٩- | جیهان سەدیق شاوەیسی | مامۆستا |
| ٣٠- | ئەحمەد ئیبراهیم | مامۆستا |
| ٣١- | فازڵ محەمەد عیرفان | مامۆستا |
| ٣٢- | عەبدوڵڵا زێباری | مامۆستا |
| ٣٣- | عەبدولوەهاب سەراج | مامۆستا |
| ٣٤- | ئەنوەر تۆفی | مامۆستا |
| ٣٥- | نوری شێخ رەزا | مامۆستا |

## میوانانی کۆنگرە:

| | | |
|---|---|---|
| ١- | عەلائەدین سەجادی | کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی بەغدا |
| ٢- | ئەنوەر تاهیر | یەکیەتی ئەدیبانی عێراق |
| ٣- | ئیبراهیم ئەحمەد | رۆژنامەی خەبات |
| ٤- | دکتۆر جەمال شەفیق | ب.گشتی خوێندنی کوردی |
| ٥- | نوری شاوەیس | وەزارەتی ئیسکان |
| ٦- | حافز مستەفا قازی | کۆمپانیای رەشید عارف |
| ٧- | حوسێن صەیوانی | قوتابخانەکانی فەیلی |
| ٨- | شاکر فەتاح | سەرۆکی شارەوانی سلێمانی |
| ٩- | عەبدوڵڵا گۆران | شاعیر ـ سلێمانی |
| ١٠- | حوسێن عارف | چیرۆکنووس ـ سلێمانی |
| ١١- | محەمەد مەلاکەریم | رۆژنامەی ئازادی |
| ١٢- | بەهجەت محەمەد بابان | پارێزەر |
| ١٣- | ئەحمەد دڵزار | شاعیر ـ کۆیە |
| ١٤- | گیو موکریانی | چاپخانەی کوردستان |
| ١٥- | ساڵح قەفتان | مامۆستای خانەنشین |
| ١٦- | مەحمود محەمەدەمین | شارەوانی سلێمانی |
| ١٧- | عوسمان عەونی | شاعیر ـ کۆیە |
| ١٨- | محەمەد مەولود (مەم) | چیرۆکنووس ـ هەولێر |

| | |
|---|---|
| ١٩- محەمەد حەسەن بەرزۆ | بەغدا |
| ٢٠- عەبدولمەجید لوتفی | نووسەر ـ بەغدا |
| ٢١- سەلاح سەعدوڵلاّ | ئەندازیار |
| ٢٢- شێخ ئەبوزێد سندی | بەغدا |

## نوێنەری ڕێکخراوەکان

| | |
|---|---|
| ٢٣- نەوزاد نوری | یەکێتی لاوانی عێراق |
| ٣٤- ماجد عەبدولڕەزا | یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق |
| ٢٥- کەمال محیەدین | یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق |
| ٢٦- مەحمود شاکر ئەلخالدی | لقی نەقابەی مامۆستایان/ دیوانیە |
| ٢٧- مەهدی ناجی زەکوم | لقی نەقابەی مامۆستایان/ حلە |
| ٢٨- مەزهەر حەسەن | لقی نەقابەی مامۆستایان/ ناسریە |
| ٢٩- تەقی سەڕاف | لقی نەقابەی مامۆستایان/ نەجەف |
| ٣٠- عەلی عەجام | لقی نەقابەی مامۆستایان/ کەربەلا |
| ٣١- یوسف حەداد | لقی نەقابەی مامۆستایان/ بەغدا |

## نوێنەرانی نەقابەی ناوەند

| | |
|---|---|
| ٣٢- دکتۆر سەفا ئەلحافز | نەقیبی سەندیکا |
| ٣٣- مەتی شێخ | خەزنەداری سەندیکا |
| ٣٤- ڕەشید کۆیی | ئەندامی سەندیکا |
| ٣٥- حەسیبە ڕوشدی | ئەندامی سەندیکا |

## ٢-٣دانیشتنەکانی کۆنگرە

### ٢-٣-١ دانیشتنەکانی ڕۆژی یەکەم

#### ٢-٣-١-١ کردنەوەی کۆنگرە

لەبەر بەشداریی وەزیری مەعاریف، زەعیم ڕوکن (ئیسماعیل عارف) ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرە لە هەولێر بەڕێوە چوو..



ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرە لە هۆڵی شارەوانی ـ هەولێر[1]

بە ئامادەبوونی وەزیری زانیاریی کۆماری عێراق و ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر و ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد و چەندین میوان لە نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد و عەرەب و دەیان میوانی دیکە، کە بە هەموویان

[1] ئەم وێنەیە لەلایەن (فۆتۆ ڕەفیق) گیراوە – ئەرشیفی مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید .

ژمارەیـان لـە (١٠٠٠) کـەس پـتر دەبـوو، کاتـژمێر (٩)ی سـەر لەبـەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١٩٦٠/٨/١٥ لە ژێر دروشمی ( صيانة الجمهورية ـ ازدهـار التعلـيم ـــ خدمة مجموع المعلمين) و (لتزدهر الثقافة الكردية في ظل جمهوريتنا الديمقراطية) (عاشت الى الابد الاخوة العربية الكردية وسائر الاقليات القوميـة الاخـرى) ( عـاش قائد جمهوريتنا الخالدة سـيادة الـزعيم عبـدالكريم قاسـم)  لـە هـۆڵی شـارەوانی (هۆڵی گەل) لە شاری هەولێر،  کۆنگرە بە سلاّوی کۆماری کرایەوە.


نەجمەدین موفتی

بەڕێوەبردنی بڕگەکان لە خوێندنـەوەو پێشکەشـــکردنی وتارخوێنـــەکان و وردەکاریەکانی دیکە، بە هەر یـەك لـە مامۆستا مەجیـد ئاسـنگەر و مامۆسـتا نەجمەدین موفتی سپێردرابوو.

سەرەتا مامۆستا مەجید ئاسنگەر، بەچەند پەیڤێکی هەست هەژێن بەخێرهاتنی وەزیری زانیاری و وەفدەیاوەرەکەی و پارێزگاری هەولێر و سکرتێر و نوێنەرانی نەقابەی مامۆستایانی عێراق و سوپاسی ئامادەبوونی مێوانـانی کـرد، بەبۆنـەی کردنـەوەی کـۆنگرەی دووەمـی نـاوخۆیی مامۆسـتایانی کـورد، پیرۆزبـایی لـە ئەندامانی کۆنگرە کرد.

ئینجـا، بانگهێشـتی مامۆسـتا ئـەنوەر تـاهیری کـرد، بـۆ ئـەوەی بـە نـاوی لقـی هەولێری نەقابەی مامۆسایان، وتارێك پێشکەشبکات.

### وتاری لقی هەولێری نەقابەی مامۆستایان

مامۆستا ئەنوەر  وتارەکەی بە زمانی کوردی خوێندەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی[1]:

سیادەی وەزیری بەڕێزی زانیاری

سیادەی موتەسەریفی بەڕێزی لیوا

میوانە بەڕێزەکان، براو خوشکە ئاوەڵەکان

بەناوی لێژنەی بەڕێوەبەری لقی نەقابەی مامۆستایانەوە لە هەولێر، وە بەناوی هەموو ئەوانەی سەر بە لقەکەمانن، گەرمترین خۆش هاتنتان لیٚ ئەکەین و سوپاسی هەموو لایەکتان ئەکەین بەرامبەر تەشریف هێنانتان بۆ کۆنگرەی دووەمی مامۆستا کوردەکان.

سیادەی وەزیر

بەستنی ئەم کۆنگرەیە بەڕاستی دەستکەوتێکە لەو دەستکەوتە مەزنانەی کە گەلی کوردی برای گەلی عەرەب دەسگیری بووە لە سایەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی پیرۆزەوە. بەسترانی ئەم کۆنگرەیە لە ژێر چاودێری سیادەتتاندا، بەڵگەیەکی بە هێزە لەسەر ئەوە، کە چەند گرنگی بە ماف و زانستی گەلی کورد ئەدەن، ئەو گەلی کوردەی کە قارەمانانە تێکۆشاوە لەگەڵ میللەتی عەرەبی برا گەورەیدا. میللەتی کورد تێکرا زۆر بە گرنگییەوە چاوەڕوانی بەرهەمەکانی ئەو

---

[1] دەقی ئەم وتارە لە کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لەشەقلاوە، لەبلاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، ١٩٦٠،ل٢٠ بلاوکراوەتەوە.

کۆنگرەیەیە. ئێمە لە کاتێکدا نرخێکی باش دائەنێین بۆ ئەم هەنگاوە بە جێیەی نەقابە تێکۆشەرەکەمان، کە هەوڵێکی سوپاسکراوی دا بۆ هێنانە دی بەستنی ئەم کۆنگرەیە بۆ جاری دووەم لە ژێر سێبەری کۆمارە دیموکراتیەکەماندا، هیوامان وایە وەزارەتی زانیاری ئامانجەکانی بێنێتە دی.

چاودێریکردنی ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن سیادەتی وەزیرەوە و ئەم هاودەنگییە گرنگەی بەینی وەزارەتی زانیاری و نەقابەی مامۆستایان بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر کاریگەری مادەی سێهەمی دەستوورە وەختییەکەمان، کە هەموو مافە زانستییەکانی گەلی کوردی مسۆگەر کردووە و یەکیەتی عێراقی بەهێز کردووە، ئەو یەکێتییەی کە زۆرجار پێشەوای دڵسۆزمان کاکە کەریم داوای کردووە. لە دوا دواییدا هەموومان هیوامان لە ئەندامانی کۆنگرە ئەوەیە، کە بە گەرم و گوڕ و هاوکارییەکی بە کەڵك ئیش بکەن لە پێناوی سەرخستنی ئەم کۆنگرەیەدا وە دڵسۆزانە لە خوا ئەپاڕێینەوە کە هەموومان سەرخا بۆ خزمەتی کۆمارە نەمرەکەمان، بە سەرۆکایەتی تەقێنەرەوەی  مەزنی شۆڕش سیادەی عەبدولکەریم قاسم.

بژی کۆنگرەی دووەمی مامۆستا کوردەکان

بژی کۆمارە دیموکراتی یەکەمان بە سەرۆکایەتی پێشەوای دڵسۆز  عەبدولکەریم قاسم.

بژی برایەتی کورد و عەرب هەتا هەتایە.

دواتـر  مامۆسـتا نەجمـەدین مـوفتی وتارەکـەی لقـی هـەولێری نەقابـەی مامۆستایانی بە زمـانی عـەرەبی دووبـارە کـردەوە. ئینجـا داوای لـە سـیادەتی وەزیـری زانیـاری زەعـیم ڕوکـن ئیسـماعیل عـارف[1] کـرد بـۆ ئـەوەی وتارێکیـان پێشکەش بکات.



## وتـاری وەزیری زانیاری

به چەپڵە ڕێزانێکی گەرم ڕێـز لـە ئامادەبوونیـان گـیرا، ئەمـەش گـوڕو تـین و خۆشەویسـتییەکی زیاتری بە جەنابی وەزیر بەخشی و لە وتارەکەیدا ڕەنگی دایـەوە، کـە لەبـەر (بـە زارەکـی)، بـە زمـانی عەرەبی پێشکەش کرد[2].

---

[1] یەکێك بووە لە دەستەی ئەفسەرانی ئازاد، بە پێی مەرسوومێکی کۆماری لە ٣ی مـایس ی ١٩٦٠، دوای ئەوەی (محی الدین عبدالحمید) کراوە بە وەزیری پیشەسازی، ئیسماعیل عارف لە شوێنی ئەو کراوە بە وەزیری مەعارف.

٢ ئەم وتارە لە گۆڤاری (المعلم الجدید) عدد ١٩٦٠، ص١ بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتە و فراوانترە، لەگەڵ دەقە کوردییەکە بـەراوردمان کـردووە و بـە کـەمێك دەسـتکاریی دەقـە کوردییەکـە، کـە لـە نامیلکەی کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کـورد لەشـەقڵاوە، بڵاوکراوەتـەوە. زیادەکـەی خراوەتەوە سەر.

**دەقە کوردییەکەی بەم شێوەیە تۆمارکراوە:**

**خوشکان .. برایان..  ئەی هەڵگرانی پەیامی زانست و کەلتوور و بیر، جوانترین سلاوتان لێ ئەکەم.. لەکانگای دڵمەوە سلاو لە کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆسایانی کورد ئەکەم لە کۆماری عێڕاقی نەمردا.. دەمەوێ بەم بۆنەیەوە سلاوی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی چواردەی تەمووز پێشەوای بێ هاوتا، لیوا ڕوکن عەبدولکەریم قاسم بە برا کوردەکانم بگەیێنم.**



دیمەنی بەشێك لە بەشداربووانی کردنەوەی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد[1]

**خوشکان .. برایان ... هەروەك هەمووتان باش دەزانن، کە گەلی عێڕاق بە کورد و عەرەبەوە، تێکۆشانێکی کردووە، تێکۆشانێکی  زۆر، مێژووەکەی بۆ نەوەکان شۆڕبۆتەوە...  کورد و عەرەب هەدووکیان هاوبەش بوون لەم تێکۆشانەدا بۆ**

---

[1] ئەم وێنەیەمان، لە ئەرشیفی هەر یەك  لە فۆتۆ ڕەفیق و مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید، دەست کەوت،  لە بنەڕتدا، کاك ڕەفیق  وێنەکەی گرتووە.

وەرگرتنی ئازادی و سەربەخۆیی تەواو، بە بەرەنگاربوونەوە و لەناو بردنی ئیمپریالیزم ... ئەوەبوو توانیان بەهۆی ئەم تێکۆشانە خوێناوییەوە ئیمپریالیزم بکوژن و لەسەر لاشەکەی کۆمارێکی دیموکراتی دابمەزرێنن. وە ئەنجامی ئەم تێکۆشانە لە شۆڕشی چواردەی تەمووزی نەمردا دەرکەوت، ئەو شۆڕشەی ڕەنگدانەوەی ئەو خەباتە پاڵەوانەتییەی گەلی عێراق بوو، کە ئەندازیاری مەزن و زانا پێشەوا عەبدولکەریم قاسم بەرەو سەرکەوتنی برد.. . ئەم تێکۆشانە گەلی عێراقی بە نەتەوەکانیەوە بەتایبەتی کورد و عەرەب توانەوە و یەکی پێ گرتن هەروەها ئەو تێکۆشانە ڕێگەی ڕاستی ژیانی بۆ ڕوونکردنەوە، بەڵێ ئەم تێکۆشانە کورد و عەرەبی بەیەکەوە تواندەوە و هەستی برایەتیی لە نێوانیاندا پەیدا بوو، کە لە مێژووی عێراقدا شانازیی پێوە ئەکرێ.

برایان ..

قسەکردن لەسەر خەباتی گەلی عێراق زۆر شایانی باسە و ئەبێت هەموومان بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتیەکانی ترەوە شانازی پێوەبکەین، بەلام دوای ئەوەی کە لاپەڕەی ڕەشی مێژووی ڕابردوومان هەڵدایەوە و پاش ئەوەی پیاوێکی گەورەی وەك عەبدولکەریم قاسم پێشەوایەتی کردین، لاپەڕەیەکی تازەمان لە تێکۆشانی هاوبەشماندا کردەوە، بەلام ئەم تێکۆشانە چەند لقە و لە چەند بارەیەکەوە، تێکۆشانێکە دژی نەنگییەکانی ئیمپریالیزم لە لایەکەوە،

لـە لایـەکی تریشـەوە تێکۆشـانێکە بـۆ دامەزرانـدنی کۆمـەڵێکی بـەختیار و پێشکەوتوو لەم کۆمارە نەمرە گەورەیەدا.

ئیمپریالیزم وەکو ئەزانن هەرگیز واز ناهێنێ و دەست هەڵناگرێ لە پیلان گێڕان لە دژی کۆمارەکەمان، چونکە کۆمـارێکی بـە هێـزە و هەمیشـە لێـی ئەترسـێ و بیریشی چۆتەوە کەوا کاتی بەسەر چووە و باوی نەماوە، شۆڕشە پیرۆزەکەمان کـە یـەکێتی عێراقیـەکانی دەرخسـت ئـەتوانێ هـەموو پیلانێکـی گـلاوی ئیمپریالیزمیەکان لەناو بەرێ وە بـە هـۆی ئـەم یەکێتییـە ڕاسـتەقینەیەوە ڕێـی گەڕانـەوەمان لێ بەسـتووە و هـەرگیز ڕێگەیـەك نادۆزێتـەوە بێتـەوە ناومـان و ڕیزەکانی گەل لەیەك بکا و جیایان بکاتەوە ـ خوانەخواستەـ ...


خوشکان .. برایان

شۆڕشی چواردەی تەمووزی پیرۆز سەرکەوت و ئـاڵای ئـازادی لـە خـاکی نێـوان دووزێی جوان، بەرز دەشەکێتەوە ...  ئەو ئازادییەی کەساڵەهای ساڵە هـەوڵی بۆ ئەدەین و چاوەڕوانی ئەکەین بۆ ئەوەی تامی شیرینییەکەی بکەین و لـە ژێـر سێبەرەکەیدا فێنك ببینەوە، هەموو ئەمانەی دەیویست لە چـواردەی تـەمووزدا هەیە، بۆیە لەسەر هەموو گەلی عێراق پێویسـتە بـە هـەموو توانایەکیانـەوە ئـەم ئازادییە پیرۆزە بپارێزن، کە بەهۆیەوە توانیومانە بگەین بە کاروانی وڵاتە ئازا و پێشکەوتووەکان.

ئێمـە هـەموومان ڕاسـتەوخۆ  لـە پاراسـتنی ئـازادی بـۆ خۆمـان و بـۆ  کۆمـەڵ بەرپرسـیارین،  بـۆ ئـەو گەلـە بەتوانایـەی کـە بـەرەو پێشـەوە هـەنگاوی نـا و

ڕەوڕەوەی مێـژووی بـۆ دواوە ناگەڕێتـەوە. ئێمـە هـەموومان بەرپرسـین لـە پاراسـتنی ئـەو ئازادییـەو پاراسـتنی کۆمارەکـەمان، کـە لـە جیهانـدا دەنگـی داوەتەوە و هەموو ولاَتانی ڕۆژئاواو ڕۆژ هەلاَت دانیان پێدا ناوە و جێگایەکی بـە نرخی هەیە لەناو دەوڵەتەکانی سەر زەویدا.

خوشکان .. برایان



لە ئەرشیفی فۆتۆ ڕەفیق وەرگیراوە

من کە لە کۆنگرەکەتان ئامـادە دەبم، بـە دڵێکـی شـادەوە ئەیکەمـەوە و پـێم خۆشــە بڵــێم یەکیەتیەکــەمان یەکێتیــەکی بــەهێزی هاوبەشــە و هــەرگیز جیانابینـەوە لەیـەك وەکـو مامۆسـتای گـەورە عەبدولکـەریم قاسـم لـە چـەند وتارێکدا وتوویەتی:

ئێمە هەموومان چەند مافمان هەیە و چەند واجیبێکیشمان لەسەر شانە..

پێویستە لەسەر شانم لێرەدا هەندێك تێبینی بخەمە ڕوو و گەشە و سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان بخوازم  نەك بۆ خزمەتی کورد بە تەنیا بەڵکو بۆ خزمەتی برا عەرەبەکانیان و کەمە نەتەوایەتیەکانیش، ئەو ڕێ و شوێنە تازانەی دانراوە بۆ پێشخستنی خوێندەواری لەسەر بنکەیەکی ڕاست هەر کوردەکان سوودی لێ وەرناگرن، بەڵکو برا عەرەبەکانیش سوودی لێ وەردەگرن.

جارێکی تریش هیوادارم کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێت وە بە پێویستیشی ئەزانم لەسەر شانم کەوا هەندێ خاڵ بخەمە بەر چاوی گۆنگرەچییەکان بۆ پێشخستنی خوێندەواری و ئەو شتانەی خراوەتە سەر شانمان بە دڵسۆزی بەجێی بهێنین.

خوشکان .. برایان

من بەو ناوەوەی کەوا وەزیری زانیاریم زۆر بە پەرۆشەوە هەوڵ ئەدەم بۆ پەرەسەندن و سەرکەوتنی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی زمانی کوردی بە هەموو توانایەکمەوە وە هیوادارم، کە بزانن کە من پێش ئەوەی بزانم ئەم کۆنگرەیە هەیە لە تەنگ و چەڵەمەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دواوم و ئەو ژمارەو ئیحصائیانەی کە زاناو خاوەن ئیختصاصەکان پێشکەشیان کردووە لە بارەی کار و باری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بەجێی ئەهێڵم  بۆ ئەندامانی ئەم کۆنگرە بۆ لێ دوان و مناقەشە کردن بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەرگرین و لە هەمان کاتدا ئەوانیش بەشداربن لە گەڵماندا بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی دێتە ڕێمان. بەم

جـۆرە ئــەزانین ڕا و توانــای کــورد و عــەرەب یــەك خــەین وە لــە ئــەنجامی بەشداربوون و تێکۆشاندا هەردوو لا لە موناقەشە و گفتوگۆدا چەند بڕیارێکی بـە نرخ ئەدەین.

خوشکان .. برایان

لە کاتێکدا ئێمە لە کار و بـاری خوێنـدەواری ئەکۆڵینـەوە ئـەبێت لەسـەر ئـەوە سووربین، کە ئەبێ یەك زمانی کوردی دانرێ کە هەموو کوردەکـان تێـی بگـەن. هەروەها ئەبێت تواناو ئامادەییمان بزانین بۆ ئەوەی ببێت بە بنکەیەکی پتەو بۆ دانانی خوێندنی کوردی.

بە زانست و مراعاتی ڕاستی ئەتوانین باری زانیاریمان پێشبخەین، نەك لە کایەی خوێندنی کوردیدا بەڵکو لەبارەی زانیارییەوە بە شێوەیەکی گشتی و ئێمەش لە وەزارەتی زانیاریدا تێئەکۆشین بۆ ئەوەی بەرەو ژیانێکی زانیاریی پێشکەوتوو و گشتی بڕۆین. هەرچەندە هەندێك لە پێشنیارەکانمان لە ڕێگەی بەجێ هێناندایە لەگەڵ ئەوەشدا من داوای گرتنی کۆنگرەیـەکی پـەروەردەیی گشـتی ئەکـەم لـە سەری مانگی ئەیلوولی داهاتوو ببەسترێ، کە یەکەم کـۆنگرە بـێ لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا و مەسـئولیەتێکی مێـژوویی گـەورەم خسـتۆتە سەرشـانی ئـەم کۆنگرەیە، ئەویش دانانی ڕێوشوێنکی کەلتووریە لەسەر بناغەی زانستێکی پتەو و نـوێ بـۆ پێـنج سـاڵی داهـاتوو، جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکەمـەوە کـە ئـەو توێژینـــەوەو لێکۆڵینەوانــە لەســـەر بناغەیـــەکی زانســـتی دادەنـــرێن، هـــیچ پەیوەندییەکیان بە سـەر چۆنیەتی بـیرو بـاوەڕی سیاسـییەوە نییـە، هـەروەك

دەزانن کەلتوور دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شۆڕشەی، کە پێشەوا عەبدولکەریم قاسم سەرکردایەتی دەکات، جەماوەر ڕاپەڕی و چەندین دەسکەوتی لە مەیدانی کەلتووری دا تۆمارکردوە لە دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی کۆمارەکەمان، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە هێڵە فراوانەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیری و کەلتووریمان لە هەموو بوراەکان دابڕێژین، بە کردەوەش دەستمان پێکردووە، لە کاتی گفتوگۆکردندا لە گەڵ یەکێك لە برا کوردەکانمان لێی پرسیم ئایا لە توانادا هەیە لێژنەیەك پێك بێت بۆ کار و باری خوێندنی کوردی؟، وەڵامم دایەوە کەوا لە هەموو لێژنەیەکدا لە لێژنەکانی (کۆنگرەی گشتی پەروەردەو زانیاری) نوێنەرێکم داناوە، هۆی ئەوەش ئەوەبوو، کە خۆم حەزم ئەکرد، کە لە کار وباری خوێندنی زانیاریی کوردی بدوێن بەشێوەیەکی دوورو درێژ، کە لەگەڵ سیاسەتی کۆمارەکەمان و برایەتی کورد و عەرەب ڕێکبکەوێ و ببێتە هۆی پتەوکردنی هەستی دیموکراتیی لە وڵاتەکەماندا.

کۆنگرەی چاوەڕوانکراو دەبەستریێ و کۆنگرەگێڕەکان لە هەموو کێشەو ئاریشەکانی کەلتووری وپەروەردەیی و زانیاریی پەیوەست بە بوارەکانی ژیانمان دەکۆڵنەوە، بەم جۆرە هەر گۆڕانکارییەك لەو کەسانەی، کە بەرپرسیاریەتییان لە ئەستۆدایە کاریگەرییەکی ئەوتۆی ناکاتە سەر بەردەوامیی ئەو ڕێکارەی کە ئامادەکراوە.. هیوایەکی گەورەم هەیە، کە لەسەر ئەو ریێ و شوێنە بڕۆن بەتایبەتی لە پێنج ساڵی داهاتوودا، تکایەکی زۆر لە برا کۆنگرەگێڕەکانم ئەکەم، کە چەند خاڵێك هەیە پیادەی بکەن لە پێناو پاراستنی

بەرژەوەندیی گشتی، هەروەها لێم داواکردوون، کە هەردەم لەبیری ئـەوەدا بـن، کە یەکیەتی نیشتمانیی ڕاستگۆیانە، کە جەنابی لیوا ڕوکن پێشەوا عەبدولکەریم قاسم لە چەندین بۆنەو یاد دا جەختی لەسەر کردۆتەوە، ئەبێت ئـەوە خواسـتی سـەرەکی و ئامـانجی بـەرزمان بێـت و ئـەو هێڵـە بەرفراونـە بێـت، کـە لەبـەر ڕۆشـناییەکەیدا گفتوگـۆ دەربـارەی هـەموو کێشـە سیاسـی و کـەلتووری و کۆمەلآیەتییەکانمان بکەین..

پێویستە لە نێوان دوو هێلی یەکێتی عێراقدا کفتوگۆ لەسەر گشت کێشـەکانمان بکەین و نـابێ هـەرگیز لـەم دوو هێلـەدا دەربچـین، چـونکە پـارێزەری دڵسـۆزی ئێستاو داهاتووی تا هەتایەی کۆمارەکەمانن.

ئەم خاڵە .. یان ئەم ئامانجە .. ئامانجی دەستگرتن بـە یـەکێتی ڕاسـتگۆیانەی عێراقیەکان، پاسـەوانێکی دڵسـۆزە بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی و چارەنووسـی کۆمارە خۆشەویستەکەمان..

وە خاڵێکی دیکە، کە پێمخۆشە بیرتانی بێنمەوە ئەوەیە، کـە نابێـت لـە گیـانی زانسـتی دوورکەونـەوە و ئـەبێت ڕاسـتپەروەر بـن و دەبێـت لـە هـەموو لێکۆڵینەوەیەکماندا دڵسۆز بـین، نـابێ شـوێن بـیرو بـاوەڕ بکـەوین، کـە زانسـت شتێك دائەنێ هـیچ گیروگرفتێکـی تێدا نییـە، هەرچـەند ئێمـە لەسـەر زانسـت و ڕاستی و واقع برۆین بڕیارەکانمان پڕ سوود تر دەبن.

ئەمانەی باسم کـرد بـە بیرمـا هـات و ئامۆژگـاری کـۆنگرەی گشـتی پـەروەردەو زانیاریم پێ کرد من لەسـەر ئـەوە سـوورم کـەوا ئـەم کۆنگرەیـەش لەسـەر ئـەم

خالآنە دەڕوات و دەبێت ئەوە بزانن پـێش ئـەوەی مـن پێتـان بلـێم لـە یـەکێتی نیشتمانی ڕاستدا ئەو ڕێگە ڕاستەیە، کە ئەمان گەیێنێتە ئامانج.

برایان:

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ، ئامادەکردنی زانیارییەکی ڕاستە بۆ گەلی عێراق کـە لـە پاش چواردەی تـەمووز ئـازاد بـوو بـە سـەرۆکایەتی عەبدولکـەریم قاسـم، گـەلی عێراقی نەبەز داوای بەرزکردنەوەی باری ژیان لە بارەی ئابووری و کۆمەلآیـەتی و زانیارییەوە دەکات، لەبەر ئەوە ئەبینین کە جوتیار و کرێکاران کە لـە پێشـدا گوێیـــان نەئەدایـــە خوێنـــدەواری، ئێســـتا داوای کردنـــەوەی قوتابخانـــە و بلآوکردنـــەوەی خوێنـــدەواری ئەکـــەن و هـــەموویان چـــاوەڕوانی یارمـــەتی و تێکۆشانی ئێمەن بۆ ئەوەی بەرەو ژیانی شـادی بـڕۆن، بـە هـۆی لێکۆڵینـەوەی زانستییەوە ئەتوانین ڕێگەمان ڕوونکەینەوە لە ژیاندا و ئێمەش واقعی بین.

برایان:

نامەوێت ئەم باسە درێژ بکەمەوە، بەلآم بوار بە ئێوە دەدەم خۆتان بەسـەر چەند لێژنەیەکدا دابەش بکەن و لە چەند کار و بارێك بکۆڵنـەوە، مـن سـلآو لـە هـــەوڵ و تێکۆشـــانتان دەکـــەم و داوای ســـەرکەوتن بـــۆ کـــۆنگرەی دووەمـــی مامۆسـتایانی کـورد دەکـەم لـە سـایەی ئـەم کۆمـارە نەمرەمانـدا، کـە سـەرۆك عەبدولکەریم قاسم پێشەوایەتی.

## وتاری پارێزگاری هەولێر

دواتر (عەلائەدین مەحموود) پارێزگاری هـەولێر بـانگرا بـۆ پێشکەشکردنی وتارەکەی.

وتاری سیادەی موتەصەریفی لیوای هەولێر بە عەرەبی پێشکەش کرا، کە دەقە کوردیەکەی ئەمەیە:



سیادەی وەزیر .

خوشکان .. برایان

دڵشادم کە بە بۆنەی گرتنی کـــۆنگرەی دووەمـــــی مامۆســـتایانی کـــوردەوە سلاَوێکی گەرمتان لێ بکـەم، ئەی ئەندامانی کۆنگرە، وە لـە خـوا داواکـارم، کـە لـە فرمانەکانتاندا سەرکەوووبن.

ئـەم کۆنگرەیـە، کـە پـار لەسـەر داخـوازی نیقابـەی مامۆسـتایان لـە ڕۆژی ١٩٥٩/٩/١٠ لـە شـەقڵاوە دا گـیرا وە کـە لقـی نەقابـەی هـەولێر یارمـەتی ئامادەکردن و ئاسان کردنی گرتە ئەستۆی خۆی.

ئەڵێم ئەم کۆنگرەیەشتان هەر زنجیرەی کۆنگرەی یەکەمە، بە جـۆرێکی گشـتی لە زۆربەی ئەو شتانەی کۆڵییەوە، کە پەیوەنـدیی بـە خوێنـدەواری کوردییـەوە

هەیـە، وەکـو ئەشــزانین هەنـدێك لـەو لێکۆڵینەوەیـە خرایـە کـارەوە و بـووە ڕاستییەکی بەرچاو، کە لەوەو پێش خولیایەك بوو لە دەروونیدا ئەگەڕاو گینگڵـی ئەخوارد، دیارە ئەم کۆنگرەیەتان هەڵئەستێت بە لێکۆڵینەوەی تەواوی هونەری و بەم شـێوەیە لێکۆڵینـەوەی زانیاریانـەی ئـەم باسـە گرنگـە تـەواو ئـەبێت کـە پەیوەندیی بە وانە وتنەوە و پـەڕاو و مێـژوو و خوێنـدەواری زمـانی کوردییـەوە هەیە. بەڵێ ئەوە بوو کۆنگرەی یەکەم سەرکەوت بەهۆی ئەرك کێشانی گەورەی کۆنگرە گێرەکان و گیانی سـازگەری ئاسایشـانەی بـێ خۆپەرسـتیانە، کـە ڕێـی دۆزینەوەی پاش چارەسەرکردنی بۆ ئاسان کردن، کە بەکەڵکی ئەوەبێت ببێتـە بنچینەو ڕێبازی چارەکردنی ئەو باسانە، کە هێنرانە کایەی لێدوانەوە.

ئێمەش تکاکارین، کە هـەر لەسـەر ئـەو ڕێ و شـوێنەی ئەوسـا بـڕۆن و بـەو گیانە پاکـەوە لـەم باسـە تازانـە بکۆڵنـەوە، کـە لـەم کۆنگرەیـەدا ئەخرێـە بـەر چاوتان وە بە چاوێکی هۆشیارانەوە ئۆ باڵە ببینن، کە خراوەتە سەر شـانتان و بە گیانێکی خاوێنی زانستییانەوە کۆشـش بـۆ بەرزکردنـەوەی زمـان و مێـژووی بەرزی کورد بکەن.

ئـەوەبوو لـە وتـاری کردنـەوەی کـۆنگرەی یەکـەمی پـاردا وتم، کـە ئـەم کۆنگرەیەش دەستکەوتێکە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشـی نـەمری ١٤ ی تـەمووز کە سەرۆك عەبدولکەریم قاسم هەڵی گیرساند، وە زۆر هیواو ئاواتی گەلی کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتیی یەکانی تری هێنانەدی لە عێڕاقدا. چـاخیش دیـارە

دەستەبەری هێنانە دی هەموو ئەو ئاوات و ئامانجانەیە، کە شۆڕشی پیرۆزی بۆ هەڵگیرساوە کە کردوویەتی بە بەرنامە بۆ هێنانەدییان.


دەبا هەموو پێکەوە بە دڵسۆزییەکی تەواوەوە کۆشش بکەین و کارگوزاری کۆمار و پاراستنی لە هەموو دووبەرەکی گێڕ و بەکرێگیراوێك بخەینە پێش چاوی خۆمان.

خوشکان .. برایان

بەشداربوونی سیادەی وەزیر و کردنەوەی کۆنگرەکە لە لایەنییەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە، کە سیادەی وەزیر خۆی بەتەنگ کۆنگرەکەو بەرهەمەکانییەوە دێت، وەمن لەوە دڵنیام، کە بەشێوەیەکی تایبەتی بڕیارەکان بە عەمەلی لەبەر چاو دەگرێ، وە من خۆم هەر وایشی پێدا ڕائەپەرمووم. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بەڵگەی ئەوەیە، کە کاربەدەستانی حکومەتی شۆڕش بە تەنگ بەرزکردنەوەی ڕاژەی خوێندنی کوردییەوەن وە بەڵگەی ئارەزووی ڕاستیی چارەسەرکردنی هەموو باسێکی تێگەیشتن و خوێندەواری و ڕۆشنبیری برا کوردەکانمانن بێ جیاوازی لە میانەی هەموو ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانەدا، کە هەر لەبەرەبەیانی شۆڕشی نەمرەوە دەستی کردووە بە چەشتنی ژیانێکی پڕ خوێندن و تێگەیشتنی باشی.

وە ئەگەر سەرنج لە دەستکەوتەکانی شۆڕش بدەین لە بواری فێرکردن ئەبینین چ پێشکەوتنێکی گەورەمان دەستگیر بووە لە ماوەی ئەم دووساڵەی تەمەنی کۆمارەکەمان دا. ئەبینین، کە ژمارەی قوتابیانی نێردراو بۆ خوێندن لە

دەرەوەی عێراق سێ ئەوەندەی پێشووی لێ هاتووە، ئەمانەیش هەموو ژمارەی ڕەسمی و زانستیانە لە لیواکەی ئێمەدا دەر دەخات.



لە ئەرشیفی فۆتۆ ڕەفیق وەرگیراوە

بەڕاستی ئـەم کۆنگرەیـەتان ئەبێتـە کۆنگرەیـەکی بنچینەیی نـەوەی دوا ڕۆژی سـەرکەوتووی گـەلی کـورد. وە بـەڕەنجی ئێـوە و ئاڕاسـتەکانتان قـۆرت و گیروگرفتی ڕێی قوتابی و مامۆستا و نەخوێندەوار و خوێندەوار تـەخت ئـەبێت، چونکە ئێوە نەخشەی ڕێگای کورت و پێویست بـۆ ئـەو کەسانە ئەکێشـن، کـە بەکوردی ئەخوێنن.

لە کۆتاییدا.. هەموو سـەرکەوتنێك بـۆ کۆنگرەکـەتان و پێشـکەوتن بـۆ ئەندامـە ئازیزەکانی دەخوازم لە سایەی کۆمارە نەمرەکەمان بـە سـەرۆکایەتی پێشـەوا عەبدولکەریم قاسم .. دووبارە سڵاو.

## وتاری نەقابەی مامۆستایانی عێراق



لەلایەن سکرتێری نیقابەی مامۆستایانی کۆماری عێراق دکتۆر(صفاء الحافظ)[1] بە عەرەبی خوێندرایەوە. دەقەکەی بە کوردی ئەمەیە[2]:

سیادەی وەزیری زانیاری

خوشکان .. برایان

---

[1] لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٣ لە شاری هیت لەدایکبووە. تەمەنی چوار ساڵ بووە، کە باوکی مردووە.چووەتە حلە و لای مامی خراوەتە بەر خوێندن، لە قۆناغی ئامادەیی یەکەمی سەر پارێزگای بابل بووە. لە ١٩٤٦ کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواوکردووە، بە هۆی بەرزیی نمرەکانی، بۆ خوێندنی باڵا نێردراوەتە دەرەوەی وڵات. لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا خوێندوویەتی و دوو بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە، یەکەمیان لە بواری ئابووری و دووەمیان لە بواری یاسا، دواتر بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە و یەکەمی خولەکەی بووە. لە ساڵی ١٩٥٣ گەڕاوەتەوە عێراق و بووەتە مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی لە کۆلێژی ماف لە بەغدا. لە ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە سکرتێری نەقابەی مامۆستایانی عێراق و ڕۆڵێکی جوامێرانەی هەبووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی کوردی. لەدوای کودەتاکەی ٨ شوباتەوە ڕاوەدوونراوە و ماوەیەکی زۆر خۆی ون کردووە. دواجار لە ٤ی شوباتی ١٩٨٠ لە شەقامی ڕەشید ڕفێندراوە و بە یەکجاری شوێن بزرکراوە. بڕوانە: فریال احمد سعید، www.ahwar.org

[2] دەقی ئەم وتارە لە کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، ل١٨، بڵاوکراوەتەوە.

هاورِێ کۆنگرە گێڕەکان

ئیمپریالیزم میراتێکی قورسی ئەوتۆی دواکەوتن و نەخوێندەواری بۆ بەجێ هێشتووین، کە لە هەموو شار و لادێی خوار و ژووروی عێراق بە ئاشکرا ئەبینین.

تەنانەت نیشانە خراپەکانی بە جۆرێك لە ڕواڵەتەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا دەرکەوتووە، کە تەنگی بە جێبەجێکردنی هەموو ئارەزو و ئاواتەکانمان هەڵچنیوە.

جا نەقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا، ئەو دەزگا پیشەوەری یە نیشتمانبیە، زانیارییە خەملیوە، کە باوەشی کردووە بە سوپای مامۆستایانی دابەشکراودا بەسەر هەموو بستێکدا، کە گەلی عێراق تێیدا ئەژی... ئا ئەم نیقابەیە بەشە ئەرکی خۆی بۆ لەناوبردنی میراتیەکانی ئیمپریالیزم گرتوەتە ئەستۆ وە دەستی یارمەتی بۆ وەزارەتی زانیاری درێژکردووە بۆ هێنانە دی پلانە زانیاریەکانی و پشتوانیێتی لە هەموو هەنگاوێکیدا، بەرەو گەشە پێدانی زانست و خوێندەواری لە عێراقی کۆماریماندا.

کورد و عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەدا. هاوبەش بوون لە تێکۆشاندا دژی دەسەڵاتی بێگانە، کەواتە لە بەرهەمەکانی ئەم شۆڕشە مەزنەش هاوبەشن، کە کاك عەبدولکەریم تەقانیدییەوە، جا بەشێك لە بەرهەمەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز چاودێری کردنی کەلتووری نەتەوایەتییە بە هەموو جۆرە ڕواڵەتێکییەوە، هەروەها خەملاندن و گەشەپێدانی هەموو نەتەوە هاوبەشەکان

لەم نیشتمانەدا.. کەواتە هیچ سەیر نییە مامۆستا کوردە عێراقییەکان ببن بە پاڵپشتی برا مامۆستا عێراقییە عەرەبەکان لە تێکۆشانیاندا بۆ گرتنی کۆنفرانسێك، کە هەموو مامۆستایان لە وڵاتانی عەرەب دا کۆبکاتەوە، چونکە زۆرچاك لەوە گەیشتوون، کە هاوکاری عەرەبی ڕێگای زاڵ بوون و پێشکەوتنە، لە ئەنجامدا هەموو گەلی عێراقیش سوودی لێ وەر ئەگرێت.. وە هەروەها هیچ سەیر نییە، کە وفدی بەسرە لە ئەنجومەنی نەقابەی مامۆستایاندا دەست پێشکەری بکات لە پێشکەشکردنی پێشنیازی گیرانی کۆنفرانسێك بۆ مامۆستا کوردەکان، چونکە مامۆستا عەرەبەکانیش لەوە گەیشتوون کە پێشکەوتن و خەملآنی کەلتووری میللەتی کورد پێشکەوتن و خەملآنی عێراقی نوێ یە، عێراقی هەموو لایەکمان.. هاوبەشی لەم نیشتمانەدا واتە بەشداربوون لە هەموو پیت و فەرێکی شۆڕشە دیموکراسییەکەمان، وە ئەم کۆنفرانسەمان بە شێوەیەکی ڕوون لەوەدا هاوبەشی ئەکات، کە دیموکراسیەت بگۆڕینە سەر باوی ڕاستەقینەی خۆی، چونکە بەرهەم وەرگرتن لە مافە نەتەوایەتییە زانیارییەکان بەجێهێنانێکی ڕاستەقینەی ئەو دیموکراسەتەیە، کە شۆڕش بانگی بۆ بەرزکردەوە.

کۆنفرانسی دووەمی ناوچەیی مامۆستا کوردەکان باوەشی کردووە بە بژاردە پاکەکەی کوردە ڕۆشنبیرە عێراقییەکاندا و بە شێوەیەکی باڵا، یەکێتی مامۆستا کوردەکان و کوردە ڕۆشنبیرەکان ئەنوێنێ، کە بووە بە جەمسەری هەموو ئەو شەپۆڵانەی مەگەر لە شێوە تۆزێك جیاوازبن، ئەگینا هەمووی لە یەك

ئەنجامدا یەکئەگرنەوە، کە ئەویش ڕاژەی باری خوێندەواری میللەتی کورد و کۆماری عێراقی نەمرە.

برا کۆنفرانس گێڕەکان

پیرۆزبایی ئەم بەیەك گەیشتن و یەکگرتنەتان لێ ئەکەم وە بەناوی نەقابەی مامۆستایانەوە لە کۆماری عێراقدا تکای سەرکەوتنی تەواوتان بۆ ئەکەم لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکە گرنگەی ڕەنگە بە بچووك بێتە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا ئێکجار مەزنە.

تکایەکی بچوکیشمان هەیە، ئەویش ئەمەیە، کە کردارەکانتان لە چوارچێوەی دەستووری نەقابەی مامۆستایان و سروشتە پیشەیی و زانیاریەکەیدا بمێنێتەوە.



لە ئەرشیفی مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید وەرگیراوە

سیادەی وەزیری زانیاری

بەڕاستی جێگای شادییەکی زۆرە، کە ئاهەنگی کردنەوەی ئەم کۆنفرانسە لە ژێر چاودێریی سیادەتتاندا ئەگێڕدرێت و تێیدا ئامادەبوونتان و یارمەتیدانتان بۆ گرتنی بە جێهێنانێکی ڕاستەقینەی بەندەکانی دەستوورە کاتییەکەمانە و پەیڕەوی کردنی ئەو سیاسەتەیە، کە پێشەوای شۆڕشەکەمان کاك عەبدولکەریم چەندین جار دەری خستووە، ئێمە لە کاتێکدا سوپاسێکی بێ پایانتان ئەکەین هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕەین، کە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی دووەمی مامۆستا کوردەکان چاکترین یارمەتییە، کە بۆ وەزارەتی زانیاری لە پێناوی تەخت کردنی هەندێك لەو کۆسپانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندەواری کوردیدا دێتە ڕێگەتان.

ئیتر لە ئەنجامدا سوپاسی موتەسەریفی لیوا و هەموو ئەو برایانەمان ئەکەین، کە یارمەتییان داین بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە لەم جێگا ڕەنگینەی کۆمارە ساواکەماندا.

ئیتر هەر لە گەشەکردندا بێت خوێندەواریی نەتەوە هاودۆستەکان.

## یاداشتی دەستەی کارگێڕی نەقابەی مامۆستایان[1]

لەژێر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەی کە پێشتر لەلایەن لیژنەی زانیاریی کوردستان لە نەقابەی مامۆستایانی عێراق ئاراستەی هەر دوو وەزیری زانیاریی پێشتر کرابوون، دەستەی کارگێڕیی نەقابەی مامۆستایانی عێراق، یاداشتێکی پێشکەش بە هەریەك لە وەزیری زانیاری[2] و بە سەرۆکی زانکۆی بەغدا کردووە و داواکارییەکانی لیژنەی کاروباری کوردستانی دووبارەکروونەتەوەو پشتگیریی لە ڕەوایەتی داواکان کردووە و  جەختیشیان لەسەر جێبەجێکردنیان کردۆتەوە:

بۆ جەنابی وەزیری زانیاریی بەڕێز

جەنابی سەرۆکی زانکۆی بەڕێز

دوای سڵاو

مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەستووری کاتییان بیر نەچۆتەوە، کە لە ماددەی سێیەمیدا هاتووە( عەرەب و کورد لە نیشتمانی عێراق هاوبەشن) وتەکانی جەنابی پێشەوا عەبدولکەریم قاسم، هەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزن  تا ئەمڕۆ جەختیان لەسەر ئەم هاوبەشییە

[1] دەقی ئەم یاداشتنامەیە بە زمانی عەرەبی، لە ڕۆژنامەی خەبات، ژ ۲۹۰، ۱۷/ئاب/۱۹٦۰، ل ۲ بڵاوکراوەتەوە، ئەم یاداشتنامەیە لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد، دراوەتە وەزیری زانیاری.

[2] پێمانوایە سێ بارەکردنەوەی ئاراستەکردنی ئەم داخوازی و پێشنیازانەی لیژنەی زانیاریی کوردستان لە نەقابەی مامۆستایانی عێراق، بۆ وەزارەتی زانیاری، پەیوەندیی بە گۆڕانی وەزیرەکانی زانیارییەوە بووە.

کردۆتــەوە لــە چوارچـێوەی یـەکێتیی ڕاسـتەقینەی عێراقـدا. گومـانی تێدانیـە گەیشتنی گەلی کورد بەتەواوی مافە ڕۆشنبیرییەکانی، بناغەیەکی پتـەو دادەنـێ بۆ ئەو هاوبەشییە برایانـە. دامەزرانـدنی (بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی بۆخوێنـدنی کوردی) دەسکەوتێکی گرنگە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشـە سـەرکەوتووەکەمان و هەنگاوی یەکەمـە لـە ڕێـی بـەدیهێنانی زیـاتری ئامانجـە ڕۆشـنبیرییەکانی گـەلی کـورد. هیوایـەکی زۆرمـان هەیـە، کـە ئـەم دەزگایـە دەسـتگیری و پشـتوانیی بەرپرسانی هەبێ و دەسـەڵاتەکانی پلـە بـە پلـە بـەرفراوانتر بکـرێن بـۆ ئـەوەی بتوانێ بەسەر ئەوگیرو گرفتانەدا زاڵ بێت، کە دووچاریان دەبێتەوە.

ڕژێمی ئیستعماری کۆنەپەرست  پاشماوەیەکی گرانی لە نەزانین و دواکەوتوویی بەسەر گەلی عێراقەوە جێهێشتوە، ئەمیش ئێسـتا تێدەکۆشـێ بـۆ لابردنـی ئـەو پاشماوەیە بە سەرکردایەتی حکوومەتی نیشـتمانی  بـە سـەرکردایەتی پێشـەوا عەبدولکەریم قاسم.

کاردەکات بۆ نەهێشتنی شوێنەواری چەوساندنەوەی کەلتووری نەتـەوەیی، کـە لە دیاردەکـانی سـەرەدەمی لەناوچـووی دڵ پـڕ قـین بـوو، وە ئێمـە بـاوەڕێکی زۆرمـان بەمــە هەیــە، کــە هــەوڵی کوردەکــان بــە یارمــەتیی بــرا ڕۆشــنبیرە عەرەبەکانیان ئەو شوێنەوارە خراپانە دەسڕنەوە بۆ ئـەوەی ئـاڵای زانسـت  لـە ئاسمانی گەلی کورد بەرز بشەکێتەوە، بۆ ئەوەی گەلی عێراق بە هەموو نەتەوە و کەمە نەتەوایەتیەکانی لە ڕێی بووژانەوە و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری ڕێ بکات.

نەقابەی مامۆستایان، هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تێکۆشاوە، کە دەربڕی خواستی نەتەوەیی گەلی عێراق بێت، لە عەرەب و کورد و تورکمان و ئەوانی دیکە، ئەو بوو کە پێشنیاری زانستی و کرداریی لەم بارەیەوە پێشکەش بە وەزارەتە مەزنەکەتان کرد، وە بە ئەرکی خۆشی دەزانێ، کە داواکاریە هەنووکەییەکانی مامۆستایانی کورد بخاتە بەردەستی بەڕێزتان، کە لە خوارەوە پوختیان دەکەینەوە:

١- جێبەجێکردنی ماددەی (١٥) لە پەیڕەوی وەزارەتی زانیاری ژمارە (٥٧)ی ساڵی ١٩٥٩ (دەربارەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بۆ خوێندنی کوردی) ئەمەش بە دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکانی لەلایەن ئەنجومەنی زانیاری بە شێوەیەك کە مسۆگەری هێنانەدیی ئەو ئامانجانە بێت، کە لە پێناویدا دامەزراوە بەپێی پەیڕەوێکی ڕوون و مەدرووس.

٢- دەسەڵاتی پێویست بدرێ بە جێگری کورد لە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری موسڵ و کەرکوك بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئەرکەکانی هەڵبستێ لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە کوردییەکانی پارێزگا. پێشنیار دەکەین جێگرەکان نووسراوەکانیان لە ڕێی بەڕوەبەرایەتییەکانیان ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی بکەن.

٣- کردنەوەی تێبینەرایەتیەك لە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری دیالە، کە سەرپەرشتی قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان بکات لە پارێزگاکەدا.

٤- کردنەوەی هۆبەی پشکنینی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی کە سەرپەرشتی قوتابخانە کوردیەکان بکات بە مەرجێك پەیوەندیی بە پشکنەرایەتی گشتییەوە هەبێت.

٥- گۆڕینەوەی نووسراو لە نێوان بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی و ناوچەکانی سنووری خۆی بکرێتە کوردی.

٦- کاربکرێ بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب و دابینکردنی شوێنی مانەوەی قوتابیان لە بەشەناوخۆییەکان.

٧- دامەزراندنی کۆڕی زانیاری زمانەوانی بۆ چاودێری ڕۆشنبیری کوردی ئەمەش بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد و دروستکردن و جێگیرکردنی دەستەواژەی زانستی و هاندانی بەرهەمهێنانی وێژەیی.

٨- ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ بەکوردیکردنی خوێندن لە خانەی مامۆستایان، کە لە ناوچە کوردیەکان بوونیان هەیە، کار بۆ فراوانکردن و زیاد کردنی ئەو خانانە بدرێت بە شێوەیەك کە هەندێك بابەت هەر بە عەرەبی بخوێندرێن بۆ ئەوەی توانای قوتابیان تیایدا بمێنێتەوە و پەیوەندیان بەگەلی عەرەب بمێنێتەوە.

٩- کردنەوەی خولی هاوینە بۆ مامۆستایانی کورد، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە مامۆستای وتنەوەی وانەی کوردییان کەمن، هەروەها کردنەوەی خولی پەروەردەیی بۆ دەرچوانی قۆناغی ئامادەیی.

١٠-  دروستکردنی قوتابخانه بۆ گونده دووره‌کان ، له‌گه‌ڵ به‌شی ناوخۆیی به‌ مه‌به‌ستی ئاسانکاری خوێندن له‌به‌رده‌م ڕۆڵه گوند نشینه‌کان.

١١- له ئێستاوه ڕێوشوێنی پێویست  بگیرێته به‌ر بۆ ئه‌وه‌ی له نزیکترین کات خوێندن له قوتابخانه ناوه‌ندییه‌کان بکرێته کوردی به مه‌رجێك چه‌ند بابه‌تێك به عه‌ره‌بی بخوێندرێن.

١٢- زیادکردنی ژماره‌ی قوتابیانی کورد بۆ وه‌رگرتنیان له ناردنه‌ده‌ره‌وه‌و له زانکۆ به ڕێژه‌یه‌ك که له‌ناوبردنی دواکه‌وتنی زانستی خێرابکات و ژماره‌یه‌کی پێویست له ڕۆشنبیرانی کورد ئاماده بکات  بۆ ڕاسپاردنی ئه‌و ئه‌رکانه‌ی باسکران.

١٣-  په‌له‌کردن له وه‌رگێڕان و دانان و چاپکردنی په‌ڕتووکی خوێندن به زمانی کوردی و له‌سه‌ره‌تای ساڵی داهاتووی خوێندنی له‌به‌رده‌ست بن.

١٤-     دامه‌زراندنی چاپخانه‌یه‌کی تایبه‌ت به به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتی خوێندنی کوردی  به مه‌به‌ستی چاپکردنی کتێبی جۆراوجۆر.

١٥-     پێکهێنانی لێژنه‌یه‌ك له شاره‌زایانی مێژووی کورد بۆ دانانی په‌ڕتووکێکی تێروته‌سه‌ل له‌سه‌ر مێژووی کورد.

١٦-     خوێندنی مێژووی گه‌لی کورد له ته‌واوی قوتابخانه‌کانی عێراق بۆ ئه‌وه‌ی گه‌لی عه‌ره‌بیش گه‌لی کوردی برای بناسێ، ئه‌مه‌ش هۆکارێکه بۆ به‌هێزکردنی یه‌کێتیی ڕاستگۆیانه‌ی عێراق.

١٧- پێدانی پەرتووك و بڵاوکراوەی بەسوودی کوردی بەسەر کتێبخانە گشتی و کتێبخانەی قوتابخانەکان.

بێگومان جێبەجێ کردنی ئەم داواکاریانەی سەرەوە رێگایەکی فراوان لەبەردەم پێشکەوتن و گەشانەوەی رۆشنبیری کوردی دەکاتەوە لە عێراقە کۆمارییە دیموکراتیە یەکگرتوەکەماندا و دەبێتە سەرەتایەك بۆدامەزراندنی کۆلێژی پەروەردە و زانکۆی کوردستان بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

لە کۆتاییدا هیوامان بە بەرێزتان بەهێزە، کە هاوڕان لەگەڵ ئەوەی، کە پێشکەشکراوە بەشێکن لە داواکاریی پێویستی رۆشنبیرانی کورد و جێبەجێکردنیان یارمەتیی بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی ی راستگۆیانەی بناغەی کۆمارە نەمرەکەمان دەدات. وە تەواو دڵنیاین، کە بەرێزتان بە خێراترین کات کار لەسەر بەدیهێنانیان دەکەن.

ئەمەو ئەوپەری رێزمان قبوڵ بفەرموون.

دەستەی کارگێری نەقابەی مامۆستایان

## وتـاری بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی[1]

دواتـر (دکتـۆر جـەمال حـاجی شـەفیق)[2] بەڕێوەبـەری  گشـتی خوێنـدنی کوردی بە وەکالەت، وتارێکی بـە زمـانی عـەرەبی پێشکەشـکرد، دەقەکـەی بـە کوردی ئەمەیە:

---

[1] وەزیری مەعاریف، زەعیم ڕوکن ئیسماعیل عارف، وتارەکەی سەبارەت بە خستنە رووی ڕاستەقینەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی، بەدڵ نابێ و لە دکتۆر جەمال شەفیق دڵگران دەبێ، کە گەڕاوەتەوە بەغدا، مامۆستا (عەزیز محەمەد قادر) بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێری لە جێگای د.جەمال کردە بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی. بڕوانە: بیرەوەرییەکانی ژیانم، مستەفا نەریمان، دار الحریە ب چاپەمەنی، بەغدا، ١١٩٤، ل١٦٩.

وێڕای بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە، گۆڤاری هەتاو ، پیرۆزبایی نامەیەکی بڵاوکردۆتەوە: ((پایەبەرز مامۆستا عزیز محمد قادری بگێڕی زانستی هەولێر کراوە بە بەڕێوەبەری زانیاریی گشتی کوردستان وە لە کانگای دڵەوە پیرۆزبایی پێشکەشدەکەین و ئومێدمان بە هێزە کە کورد و کوردستان لەو دەرفەتە گرنگ و گەورەیەدا لەژێر سێبەری کۆمارە خۆشەویستەکەماندا سوود و کەلك لەو زانا دڵسۆزەی خۆی ببینێ)). بڕوانە: گۆڤاری هەتاو بەرگی حەوتەم، ل٥٧١٩.

[2] لـەدایکبووی شـاری سـلێمانییە. قۆناغـەکانی خوێنـدنی سـەرەتایی و ئامـادەیی لـە سـلێمانی خزێندووە و لە ساڵی ١٩٤٨ لە کۆلێژی ماف لە بەغدا وەرگیراوە بە پلەیەکی بەرز تەواوی کردووە و بۆ خوێندنی باڵا ڕەوانەی سویسرا کراوە و لە زانکۆی جنێڤ بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسای بازرگانی بەدەستهێناوە. دوای گەڕانەوەی لە وەزارەتی مەعاریف کراوە بە بەڕێوەبەری  خوێندنی بازرگانی، دواتر بووە بە جێگری بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی و دواتر بووە بـە بەڕێوەبـەری گشـتیی خوێندنی کوردی.

**سیادەی وەزیر**

**خوشك و برا خۆشەویستەکانم**

**بۆمن سەر بەرزییە کەوا لەبەر دەمتانا ئەوەستم ئەی پیاوانی خوێندەواری و زانیاری، ئەی ئەوانەی خۆتان تەرخانکردووە بۆ پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو، ئەی هەستیاران بە گیروگرفتی زانیاری و خوێندەواری لە عێراقی خۆشەویستدا بەگشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی، ئێوەن کەشتیەوانی کارامەی نەوەی نوێ، ئێوەن پاڵپێوەنەری ئەو کەشتییە بەرەو کەناری زانست و زانیاری، بەرەو کەناری خوێندەواریی ڕاست و زانیاریی ڕوون.**



لەڕاستەوە: علاءالدین محمود(متصرفی هەولێر)، اسماعیل عارف (وەزیری مەعارف)، عزیز محمد قادر(بەڕێوەبەری مەعاریفی هەولێر)، کە دواتر لە جێگای دکتۆر جەمال  حاجی شەفیق کرایە بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی. ئەرشیف: فۆتۆ ڕەفیق

برایـان .. بـۆ مـن شـانازییە کـە سـلاوم ئەگـەیێنم بـە هـەمووتان وە سـلاو لـە کۆنگرەی دووهەمی ناوخۆییە پتەوەکەتان ئەکەم، کە بەڕاستی بـەرێکی خۆشـە لە بەرووبوومەکانی شۆڕشە نیشتمانییە بەرزەکەمان، شۆڕشی ١٤ی تەمووز، وە دەستکەوتێکی بەنرخە لە دەستکەوتەکانی گەلی عێراق بە تێکڕایی و گەلی کورد بەتایبەتی.

ئـەم کۆنگرەیـەتان کـە یەکـەم ئامـانجی خزمـەتی زمـان و وێـژەو مێـژوو و خوێندەواریی گەلی کوردە، کۆنگرەیەکی مێژوویی هەڵکەوتووە، کـەوا براکانتـان لە کوردستانی عێراقدا بـە دڵێکـی پـڕ بـڕواوە چـاویان تـێ بڕیـوە، بـڕوای گـەلی کوردی بەشـەرەف بـە وەرگرتنـی مـافی خوێنـدەواری لـە ژێـر سـایەی کۆمـارە دیموکراتیەکەماندا بە سەرۆکایەتی سەرۆکمان لیوا ڕوکن عەبدولکەریم قاسم.

برایانی خۆشەویست..

چاودابەستەکانی دەوری دوابڕاو، هەوڵی ئەوەیان بوو، کە گەلی کورد لابدەن بـە هەندێ شتی ڕووکەشی وا، کە بگرە لای ساویلکەکانیش شاراوە نەبوو، وایان بە بیردا ئەهات، کە ئەو شتە ڕووکەشانە ئەم گەلە سەربەرزە بـە وەفـا بـە پشـووە دەمکوت ئەکاو شـان بەشـانی گـەلی عـەرەبی بـرای داوای مافـەکانی ناکـات بـۆ گەیشتن بە ژیانێکی بەختیار وکامەران. کراسێکی ئاودامانی شـڕیان لەبـەر ئـەم فێڵ و تەڵەکانەیان هەڵکێشـابوو، کـە بریتـی بـوو لـە هەنـدێ داوای بـەتاڵ وەك پەستاوتنی پـڕۆژەی خوێنـدنی کـوردی لـە چـەند ناوچـەیەکدا و لـە قوتابخانـە سەرەتاییەکاندا و لە چەند پەراوێکی وادا، کە زۆر دوور بوون لـە ناوچـەو دەورو

پشتی منالێکی کوردەوە وە بنچینەی پەروەردەکردن و زانیاریش شەقێکی تـێ هەڵـدابوو. ! ! ڕووکەشـی ئـەم مەبەسـتەش خزمـەتی گـەلی کـورد بـوو، لـە دەرونیشیدا مەبەست لەناوچـوون و مردنـی گیـانی نیشـتمانی و بـێ هێزکردنـی پێشکەوتنی کۆمەڵایـەتی و خوێنـدەواری بـوو، ئەمـەیش کـارێکی گرنگـی کـردە سـەر  پەسـتی و وەسـتاندنی خوێنـدەواری نەتەوایـەتی و قوتـابی بەسـەر لێ شـێواوی و بـە دوا کـەوتوویی مایـەوە و ڕادەی زانیـاری و خوێنـدەواری نـزم بووەوە، ئەڵێم کەوا لەگەڵ ئەمەیش دا گەلی کورد هەستی بـەوە ئـەکرد، کـە بـە نهێنـی و ئاشـکرا داوێـك ئەچـنن لـە دژی بەرژەوەنـدی کـورد و سـەراپای گـەلی عێـراق، ئـەم داوەیـش نانـەوەی دووبـەرەکی بـوو بـۆ ئـەوەی ئیمپریـالیزم و کلکەکانی ماوەیەکی درێـژتر فـەرمان ڕەوا بـن، لەگـەڵ ئەمـەیش دا گـەلی کـورد هەمیشە داوای مافی نەتەوایەتی و خوێندەواری خۆی هەر کـردووە. بـۆ ئـەوەی بتوانێ ڕادەی زانیاری خۆی لەم بەشەی عێراقی خۆشەویستماندا بەرز بکاتـەوە گـەلی کـورد و عـەرەب، کـە دوو بـران بەرامبـەر بـەو پیلانانـە دەستەوەسـتان نەوەستان، بەڵکو بە دڵسۆزییەوە خـەباتیان ئـەکرد، تـا بەرەبـەیانی چـواردەی تەمووزی نەمر و ڕۆژی شۆڕشـە بەرزەکـەمان بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆکی دڵپـاك عەبدولکەریم قاسم کاتێ دەستووری کاتی دانرا و لە مادەی سێیەمدا بە ئاشکرا کـورد و عـەرەب بـوون بـە هاوبـەش لـە هـەموو مافێـك و پێویسـتییەك لـەم نیشتمانەدا، گەلی کورد یەکەم داخوازیی ئەوەبوو، کە شوێنەوارە بێ فـەڕەکانی دەمەی دوابڕاو گۆڕ بەگۆڕ بکرێت، وە لە ئـەنجامی ئەمـەدا ئـەوەبوو دامودەزگـا

بەر پرسیارەکان لە فەرمان ڕەواییە نیشتمانیەکەماندا لەسەر ئارەزووی گەلی کورد بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی دامەزراند بە ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بۆ خوێندنی کوردی)، کە ئەمە دەستکەوتێکی گەورەبوو وە جێگەیەکی باشی گرت لە دڵ و دەروونی سەراپای ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کوردستاندا و پشتگیری کۆنگرەی یەکەمی کرد، کە لە ساڵی ڕابردوودا لە شەقلاوە گیرا. بەم جۆرە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە پەیدا بوو بۆ هێنانە دی ئاواتی گەلی کورد بە تایبەتی و هەموو گەلی عێراق بە گشتی وە بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی خوێندەواری وکۆمەڵایەتی ئەم گەلە.

تا ئێرە تاقیکردنەوەی دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەرکەوتوو بوو، وە کوردەکانیش بەدڵ پشتگیرییان کرد و چاوەڕوانی بەرووبوومی بوون، وا ساڵێك بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕی و چەند لە توانادابوو، ئەگەرچی زۆریش کەمە بە پێی ئاوات و خۆزگەی فراوانی گەلی کورد بەجێ هێنرا وە توانرا کەوا لەم بەڕێوەبەرایەتیەدا چەند لێژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ چاوگێڕانەوە بە پرۆگرام و پەڕاوەکاندا، وە هەندێ لێژنەش پێکبهێنرێت بۆ دانان و گۆڕین، هەروەها ئیشە ڕۆتینییەکانی خۆیشی بەجێهێناوە، کردنەوەی لقی زمان و وێژەی کوردی لە زانستگای وێژەی زانکۆی بەغدا، بەرهەمی دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەیە، هەروەها لەسەر ئارەزووی سیادەی وەزیر زەعیم ڕوکن ئیسماعیل عارف نووسیمان بۆ زانکۆی بەغدا بۆ خوێندنی زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی تر لە مەهدی زمانەکانی جیهاندا، بە هیوای ئەوەی کەلێنێك لە پێداویستیمان بە

پسپۆڕانی زمان و وێژەو مێژووی کوردی پڕ بکاتەوە، جا ئەگەر بویستریێت ئەم بەڕێوەبەرایەتییە خۆی بگرێت و هەڵسێت بەو فرمانە مێژووییە بەو ئەرکەی کە کەوتۆتە سەر شانی دڵسۆزانە تکاکارین و هیوامان پتەوە بە هاتنەدی، ئەڵێم ئەگەر بویسترێت پێویستیەکانی بەجێبهێنێ بە شێوەیەکی وا، کە گەلی کورد لە رابردوودا ئەوەی لە کیسی چووە دەستگیری ببێتەوە، پێویستە، کە دەسەلاتێکی وای بدرێتێ، کە خۆی میلاك دانێت و پرۆگرام رێکبخا وسەرپەرشتی کاروباری خوێندەواری و وێژەی کوردی بکا، هەروەها سەرپەرشتی هەموو ئەو ناوچانەش بکات، کە دانیشتووەکانی بە زمانی کوردی ئەدوێن بۆ ئەوەی ناوی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی پڕ بە پێست بێت و کۆڕگەیەکی زانیاری تایبەتی هەبێت، کە ئەگەر هاتوو هەر هەوەجییەکی کەوتە زارەوەی زمان بۆی ئامادە بکات.

سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە بژێوە بۆ پێشکەوتنی زمان و وێژە و خوێندەواریی گەلی کورد لە عێراقدا، بە شێوەیەکی تایبەتی لەسەر هەوڵدان و گورج و گۆڵی مامۆسایانی کوڕ و کچ وە بوێژ و نووسەر و خوێندەوارانی کورد بەنگە.

ئەی برایان ئەگەر بەڕاستی ئەتانەوێت کەوا خوێندەواری و زانیاری نەتەوایەتی پێش بکەوێ، ئەوا پێویستە، کە شانبەشانی یەکتر پاڵ بدەین بە یەکەوە و لە نێوانی خۆتاندا یەك کەون بۆ ئەوەی هەوڵدانتان بە هاوبەشی بێت و بەرداربێت بۆ پێشکەوتن لەم ڕووە بژێوەی گەلی کوردەوە.

لە کۆتاییدا دڵسۆزانە تکام وایە، کەوا خوشك وبراکانم لـە کێڵگـەی وێـژە و خوێندەواری و زانیاریدا ببینم یەکگرتووبن لە پێنـاوی سـەرکەوتنی ئـەم پـڕۆژە بـژێوەدا بـۆ ئـەوەی ببێتـە دەرفـەت بـۆ پێشـکەوتن و گەشـە پێـدان و ڕێگـا ڕوونکەرەوەی بەردەمی گەلی کورد بێت بۆ خوێنـدن و خـۆ فێرکـردن بـە زمـانی نەتەوەکەیان وە بۆ خزمـەتی کۆمـاری عێڕاقـی نـەمر لـە یـەکگرتنێکی ڕاسـت و دروستدا لە ژێر سـەرکردایەتی سـەرۆکی دەروون پـاك عەبدولکـەریم قاسـم دا .. ئیتر بەخواتان ئەسپێرم..[1]



لە ئەرشیفی مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید وەرگیراوە

[1] دەقـی ئـەم وتـارە لـە کتێبـی کـۆنگرەی دووەمـی نـاوخۆیی مامۆسـتایانی کـورد، ل(١٤ــ١٧) بڵاوکراوەتەوە.

## خوێندنەوەی برووسکەی پیرۆزبایی[1]

## برووسکەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە کاتێکدا کە بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرمتان پێشکەش ئەکەین بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتانەوە هیوامان هەیە کە ئەم تەقەلّلایەتان هاوکارییەکی باش و بەنرخ بێت بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانی زمانی کوردی وە گەشە پێکردنی زانیاری وە وێژەی کوردی وە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمتان وە چەسپاندن و فراوان کردنی دەسەلاّتی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی بە چەشنێك، کە کاروباری گشت زانیاری کورد و کوردستانی بخرێتە ژێر دەست لە سنووری کۆماری عێراقیدا، ئەو داخوازیانەی نەوەکەمان، کە جێبەجێکردنیان بنچینەی برایەتی کورد وعەرەب پتەوتر و بەهێزتر ئەکەن. ئیتر سەرکوتوویێ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە پێناوی پاراستنی کۆمار و خەملانی زانیاری و خزمەتی هەموو مامۆستایندا. گەش و خەملّیو بێ زانیاری وە خوێندەواری کوردی لەسێبەری کۆماری عێراقی نەمردا.

بژی برایەتی عەرەب و کورد و کەمایەتییەکان هەتا هەتایە.

بژی پێشەوای کۆمارە دیموکراتییەکەمان کاکە کەریم قاسم.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

---

[1] هەندێك لەو بروسکانە، لە (کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد)، لە بلاّوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی، زنجیرە ٧، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٦٠ دا بلاّوکراونەتەوە.

## برووسکەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق

کۆنگرەی مامۆستایانی کورد ـ شەقلاوە

گرتنی کۆنگرەی دووەمتان درێژە پێدان و پێشخستنی مافی خوێندەواری نەتەوایەتی کوردە لە عێڕاقدا. مامۆستایانی کورد هاوبەشن لەگەڵ مامۆستایانی عەرەب و هەموو مامۆستاکانی تر لە کەمایەتییە نەتەوەکان، هاوبەشییەکی بە کوڵ لە ڕێگای خوێندەوارییەوە بۆ پێکهێنانی ئامانجی گەورەی نیشتمانی، پاراستنی کۆمارە ئازادەکەمان وە قووڵ کردنەوەی بناغە دیموکراتییەکەی لە پەروەردە و خوێندندا.

هەر بڕیارێك کە دەری بکەن دەربارەی پەرەپێدانی سامانی وێژەیی کوردی و زمانی کوردی بێگومان زیاتر یەکێتی ڕاستی عێڕاقی قوڵتر ئەکات و ئەبێتە زرێیەکی بەهێز کە پیلانی ئیستعمار کاری تێ نەکا.

حیزبەکەمان ـ حزبی شیوعی عێراقی ـ لە کاتێکدا کە سلاو ئەنێرێ بۆ کۆنگرەی دووەم، داخوازە کە زیاتر بەرهەمتان دەستگیر ببێ و سەرکەوتووبن، پاش لێکۆڵینەوە و چارەکردنی داواکاری بوژاندنەوەی زانیاری و خوێندەواری کوردی و زمانی کوردی لەژێر ئالای کۆمارە نەمرەکەمان و بە سەرۆکایەتی سەرکردەی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کاك عەبدول کەریم قاسم.

داود صائغ

سەرۆکی دەزگای دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی عێڕاق

## برووسکەی یەکێتی ئەدیبانی عێراق



یەکێتی ئەدیبانی عێراق بەستنی کۆنگرە بەرزەکەتان بە هەل ئەزانێ، کە ڕاستترین سلاڵو و قوڵترین داخوازی بە سەرکەوتنتان لە بەرزکردنەوەی خوێندەواری کوردی و دانانی بناغە بۆ پێشخستن و پێشکەوتنی لە عێراقی خۆشەویستماندا پێشکەش بکات.

یەکێتی ئەدیبانی عێراق، کە یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی پەرەپێدان و بووژانەوەی سامانی نەتەوایەتی و چالاکی ئەدەبی یە بۆ گەلی عێراق بە کورد و عەرەبییەوە، یەکێتیەکەمان سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە پەرەپێدانی خوێندن لە ناوچە کوردییەکاندا لە کۆماری عێراق بە هەنگاوێکی بنەڕەتی دائەنێ بۆ پێکهێنانی ئامانجی لەدەستدانە باڵی ئەدەبی کوردی و بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی شان بەشانی ڕاستکردنەوەی ئەدەبی عەرەبی و بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی عەرەبی.

بژی برایەتی عەرەب و کورد، تاوێرێکی سەخت بێ و هەموو پیلانەکانی ئیستعماری لەسەر ورد و خاش بێ.

بژی کۆماری عێراق، قەڵای ئاشتی و دیموکراتییەت.

دکتۆر صلاح خالص

سکرتێری یەکێتی ئەدیبانی عێراق

## برووسکەی سکرتاریەتی کۆمەڵی ئافرەتانی عێراق

بۆ ـ کۆنگرەی ناوخۆی دووەمی مامۆستایانی کورد ـ لە شەقلاوە

سلاوێکی برایانەی گەرم

کۆمەڵی ئافرەتانی عێراق خۆی بە شادمان ئەزانی، کە سلاوی گەرمی بنێریێ بۆ کۆنگرەی ناوخۆی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، کۆنگرەکەتان یەکێکە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشە پیرۆزەکەمان کەوا سەربەستی ڕێکخستنی نەقابی بەرەلا کرد لە کۆمارە دیموکراتیەکەماندا وە لە دەستووری کاتیدا ئەوەی تێدا چەسپێنرا، کە عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، ئەمەش جێبەجێکردنێکی ئیشگوزارییە بۆ تەقەلای نەقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا، کە ئامانجی خزمەتی زانیاری و یەکخستنی هەموو مامۆستایانە بە کورد و عەرەبییەوە، وە هەروەها هەوڵئەدات بۆ بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی و زانیاری و خوێندەواری کوردی.

بژی کۆنگرەی ناوخۆی دووەمی مامۆستایانی کورد.

با هەرگەشەداربێ زانیاری لە ژێر سێبەری کۆمارە دیموکراتیەکەماندا.

بژی هەتا هەتایە برایەتی عەرەب و کورد و هەموو کەمایەتییە نەتەوەکان.

سکرتاریەتی کۆمەڵی ئافرەتانی عێراق

**برووسکەی  مەکتەبی سکرتاریەتی لاوانی دیموکراتی عێراق**

کۆنگرەی مامۆستایانی کورد ـ شەقلاوە

مەکتەبی سکرتاریەتی لاوانی دیموکراتی عێراق خۆی بە بەختیار ئەزانێ، کە گەرمترین سڵاوی هەموو لاوانی عێراق پێشکەش بکا بە کۆنگرە پیرۆزەکەتان.

ئێمە کۆنگرەکەتان وەها ئەبینین کە ڕووداوێکی مێژووییینە لە ژیانی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد دا، وە هەنگاوێکی بەنرخە لە پێشخستن و پەرەپێدانی مافە ڕۆشنبیرییەکان وە سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان ئاواتی بە جۆش و هیوای پتەومانە.

لاوانی عێراق هەمیشە لەگەڵتان دان لە کۆششی بێ وچانتاندا لە پێناوی دەسگیرخستن و چەسپاندنی مافە ڕۆشنبیرییەکانی گەلی کورد دا. هەروەکو ئەمە بە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی سەرشانی خۆشیان ئەزانن.

ئیتر با هەر ورشەداربێ ئەستێرەی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد.

با هەر سەرکەوتووبێ کۆنگرەی دووهەمی مامۆستایانی کورد.

نەوزاد نوری

ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی عێراق

سکرتێری لێژنەی لاوانی کوردستان

## برووسکه‌ی نه‌قابه‌ی کرێکارانی عێراق

بۆ ـ کۆنگره‌ی دووه‌می ناوخۆیی مامۆستایانی کورد له شه‌قلاوه

سلاوێکی گه‌رمی نه‌قابه

به‌ستنی کۆنگره دووه‌مه ناوخۆییه‌که‌تان، کۆنگره‌ی مامۆستایانی کورد له ١٩٦٠/٨/١٥ دا، که ته‌رخان کراوه بۆ چاره‌سه‌رکردنی ئه‌و گیر و گرفتانه‌ی به‌ره‌نگاری برا مامۆستاکانمان ئه‌بن شوێنێکی گرنگ په‌یدا ئه‌کات له‌م ساڵی سێ هه‌مه‌دا، که ته‌مه‌نی کۆماری عێراقه، کۆماری کورد و عه‌ره‌ب له کاتێکدا که زوڕناکانی ئیستعمار و ولاخه کۆنه‌په‌رسته‌کانی ناوخۆ خه‌ریکی ژه‌نینی وه هه‌وڵی خوار و گێڕکردنی ئه‌و ڕێگه‌و شوێنه ڕاسته‌یه‌تی، که نه‌قابه‌که‌تان به یارمه‌تیدان له گه‌ڵ وه‌زاره‌تی زانیاری و یه‌کیه‌تی قوتابیانی گشتیدا له سه‌ری ئه‌ڕوات به تایبه‌تی ئه‌و لێکۆڵینه‌وه و لێ وردبوونه‌وانه، که له پێناوی ژیانه‌وه‌ی که‌له‌پووری وێژه و مێژووی گه‌لی کوردی پاڵه‌واندا ڕووئه‌دات وه بۆ ته‌رخانکردنی کورسییه‌ك بۆی له دانشگای به‌غدادا. هه‌روه‌ها زمانی خوێندن له کوردستانی عێراق دا ببێت به زمانی کوردی وه هه‌وڵدانتان له پێناوی دامه‌زراندنی دانشتگایه‌ك له کوردستانی عێراقدا. ئه‌م هه‌وڵدانه‌تان به‌ردێك ئه‌دا به قه‌پۆزی به‌کرێگیراوه‌کانی ئیستعمار و هه‌تیوچه‌کانی حلفی به‌غدادا، وه ئێمه‌ش به‌ناوی یه‌کێتی گشتی نه‌قابه‌ی کرێکارانی کۆماری عێراقه‌وه نرخ ئه‌ده‌ین به‌م هه‌نگاوانه‌تان بۆ فه‌ڕ و بیری برا کورده‌کانمان، که هاوبه‌شین له‌م نیشتمانه نازداره‌ماندا. ئێمه له قولایی دڵمانه‌وه ئه‌وه‌مان لا به‌نرخه که کۆنگره‌که‌تان له

کۆتاییدا بڕیار و ڕاسپاردەی وا دەربکات، کە جولانەوەی خوێندەواری کوردی و بەرژەوەندی مامۆستایانی کورد کەڵکی لیٚ وەربگرن وە ببێتە هۆیەك بۆ چەسپاندنی یەکێتی کورد و عەرەب و هەموو نەتەوایەتییە کەمەکاندا، کە پاڵپشتە بۆ سەربەستی نیشتمانی و دیموکراتی.

بژی کۆماری چواردەی تەمووز، کۆماری کورد و عەرەب

با ئالأی دیموکراتییەت و سەربەستی نیشتمانی و ئاشتی بەرزبێتەوە.

بڕوخیٚ ئیستعمار و ولأخە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆ.

عەلی شوکر

سەرۆکی یەکیەتی گشتی نەقابەی کرێکاران  لە کۆماری عێڕاق دا.

**برووسکەی نەقابەی ئەندازیاران**

کۆنگرەی بەڕێزی دووەمی مامۆستایانی  کورد

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی دووهەمتانەوە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد دڵسۆزانەترین سلأو و باشترین داخوازی دەر ئەبڕین ئێمە پڕ بڕواین، کە کۆنگرەکە هەنگاوێکی گرنگ ئەبیٚ بۆ ژیانەوەی کەلەپووری خوێندەواری برا کوردەکانمان وە هاوبەشکارییەکی بە بڕشت ئەبیٚ بۆ چەسپاندنی برایەتی کورد و عەرەب، کە قەڵغانی کۆمارە نەمرەکەمانە.

محەمەد مەحموود

سکرتێری نەقابەی ئەندازیاران

## برووسکەی بزووتنەوەی ئاشتی

کۆنگرەی مامۆستایانی کورد ـ شەقلاوە

زانست و ڕۆشنبیری دەرگایەکە بۆ چوونە ناو کۆمەڵێك، داد و برایەتی و دیموکراتی باڵی خۆی بەسەردا بکێشێ .

ڕێی سروشتی کاروانی گەورەی مرۆڤایەتییە، بەرەو ئامانجێك، کە ژیان و ئاسایش میانەی کۆمەڵان و گەلانە.

تەنها کەودەنان ئەوانەی تێگەیشتنی سیاسییان کەمە پەککەوتەی دوای ئەم کاروانە گەورەیەن و بەلادا دێن و کۆسپی بێ نرخی سەرە ڕێ و پێشێلی گەلانی کشاو بەرەو ئەم ئامانجە بەرزانە ئەکرێن.

مامۆستا هەمیشەو ئێستەیش نیشاندەری پلەکانی ئەم ڕێگەیە و ڕابەری ئەم کاروانە گەورەیە بووە. ڕۆشنایی زانستی و شەوقی ئاگری گیانی سوواوی زانستانە کە تاریکی زۆرداری و ستەمی ڕۆژانی مێژووی ڕووناککردۆتەوە وە هەر بەو ڕۆشنایی و شەوقەیە، کە کاروانی مرۆڤایەتی ئەگاتە جێگای خۆی، تەنها ئەوانە ئەتوانن پەیامی مامۆستا بیگەیێننە جێ، کە ئارام و خۆگر و نەبەزن .

نیشانەی بەرزی و شەرەفیش ئالەوەدایە بۆ ئەو مامۆستایانەی لەم ڕێگەیەدا ئەبنە قوربانی لە پێناوی گەیاندنی ئەم پەیامە پیرۆزەدا لە مامۆستایانی ڕابردوو و ئێستامان.


بۆ کۆنگرەکەتان نووسینگەیی هەمیشەیی ئاواتەخوازیی خۆی پێشکەش ئـەکات بۆ پەرەسەندنی زانستی و ڕۆشـنبیری لـە نیشـتمانەکەماندا وە بـۆ بـەهێزکردنی برایەتی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی گەلەکەمان.

بۆ هەڵگرانی نامەی زانستی و برایەتی لە مامۆستایان لە هەرکوێ یـەکن، گـیرا و ئازاد لەم نیشتمانەدا، گەرمترین و جوانترین سلاّویان پێشکەش بێت.

تۆفیق منیر

نوێنەری سکرتێری گشتی بزوتنەوەی ئاشتی

## برووسکەیەك لە شاعیری کورد (هەژار)[1]



سلاو لە کۆنگرە دەکەم، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم لە بەدەستهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی بۆ خزمەتکردنی گەلی کورد و ڕۆشنبیری لە کۆماری عێراقی دیموکراتی، زۆر ئازارم چەشت، کە بەهۆی نەخۆشی نەمتوانی بەشداریی تێدا بکەم[2].

[1] عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، لە ساڵی ١٩٢٠ لە گوندی شەرەفکەندیی سەربە شاری مەهاباد لە دایك بووە. خوێندنی لە حوجرە لای باوکی دەستپێکردووە. ئەندامی (ژ.ك) بووە و لەسەردەمی کۆماری مەهاباد دا، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، دوای شکستی کۆمار، ڕووی لەبەغدا کردووە، دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز و گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی، هەژار خۆی لە بارزانی نزیك کردۆتەوە، دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ڕوو لە ناوچەی موکریان دەکاتەوە و سەرقاڵی کاری دانانی فەرهەنگ و نووسین دەبێ، لە ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە.

[2] بڕوانە: خەبات، ژ ٢٨٨، ١٥/ئاب/٩٦٠،ل٢. دەقی ئەم برووسکەیە بە زمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە.

**برووسکەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی گشتی لە کۆماری عێراقدا**

کۆنگرەی دووەمی مامۆستا کوردەکان ـ شەقلاوە

بەناوی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی گشتییەوە لە کۆماری عێراقدا وە بەناوی هەزاران لە رۆڵەکان و براکانتانەوە، کە هاتوونەتە ژێر ئالای یەکێتیەکەمانەوە، رێمان بدەن، کە جوانترین و خۆشترین سلاو لە کۆنگرە بالاکەتان بکەین، ئاواتەخوازین ئەی نوێنەرانی مامۆستایانی کورد، کە لە فرمانی بەرزتاندا سەرکەوتووبن، کە بۆ کارگوزاری ئومێدەواری رۆشنبیری بەجێی گەلی کوردە.

ئێمە پڕ بڕواین لەوەی، کە ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەی لە کۆنگرەکەدا ئەدرێن، بەشداربوونێکی گەورە ئەبێت لە بڵند کردنەوەو سازکردنی تەلاری رۆشنبیری گەلی کورد و پەرەپێدانی زانستی، وە هەنگاوێکی تر ئەبێت لە دامەزراندنی برایەتی کورد و عەرەب، کە بنچینەی بەردینی یەکێتی گەلی زەهەندەی عێراقە بۆ پاراستنی کۆمارە خۆشەویستەکەمان و پارێزگاری دەستکەوتەکانی شۆڕشەکەمانە، کە ئیستعمار و کلکەکانی بیٚ هوودە هەولئەدەن لە دەستمان بدەن.

کۆنگرەکەتان ئەو هێلکارییە ئەکێشێت کە پێویستە بگیرێت بۆ ئەوەی گەلی کورد بە مافی رۆشنبیری خۆی بگات و ڕادەی زانستی و رۆشنبیری رۆڵەکانی

به‌رزببێته‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی وێژه‌ی پێش بکه‌وێت و په‌ره بسێنێت و ئاگاداری گه‌وره‌یی و شانازییه‌کانی نه‌ته‌وه مه‌زنه‌که‌ی بێت.

به‌ناوی قوتابیانی عێراقه‌وه به تایبه‌تی قوتابیانی کورده‌وه، پشتگیریی خۆمانتان بۆ ده‌رئه‌برین و به چاوێکی پڕ نرخاندنه‌وه ئه‌ڕوانینه ئه‌و بڕیارانه‌ی په‌روه‌ردکاره به‌نرخه‌کانمان ئه‌یده‌ن، وه به‌م بۆنه‌یه‌وه ڕێمان بده‌ن، که سڵاوێکی گه‌رم پێشکه‌ش به کۆششی مه‌ردانه‌ی نه‌قابه‌ی مامۆستایان و ده‌ستپێشکه‌ری له‌م کۆششه به‌رزه‌یدا وه به‌ته‌نگه‌وه‌هاتنی ته‌واوی که‌ڵك و سوودی مامۆستا کورده‌کان بکه‌ین.

ده‌با کۆنگره‌ی دووه‌می مامۆستایانی کورد هه‌ر په‌ره‌سێن بێت.

با پته‌وتربێ برایه‌تی کورد و عه‌ره‌ب..

بژی نه‌قابه‌ی مامۆستایانی عێراق..

سکرتاریه‌تی یه‌کێتی قوتابیانی گشتی له کۆماری عێراق.

## بەخشینی دیاری

دوای خوێندنــەوەی برووســکەکان، لقــی هــەولێری نەقابــەی مامۆســتایان دەســتە جلێکــی کــوردی (ڕانــك و چــۆغە) ی پێشــکەش بــە ســیادەی وەزیــری زانیاری (زەعیم ڕوکن ئیسـماعیل عـارف) کـرد، سـیادەی وەزیـر بـۆ وەرگرتنـی دیاریەکە چووە سەر شانۆ و بە سوپاسێکی زۆرەوە دیارییەکەی بەو پەڕی بەها و بایەخەوە قبووڵ کرد.



هدية المؤتمر المحلي الثانى للمعلمين الاكراد في شقلاوة المنعقد

في ١٥–١٧ آب ٩٦٠ الى نتقابة المعلمين

المركزية في بغداد

ئینجا لقی هەولێری نەقابەی مامۆستایان دیارییەکیشی پێشـکەش بـە نیقابـەی مامۆستایانی عێراق کرد، بریتی بوو لە پەیکەری منداڵە کوردێـك، کـە کتێبێکـی لــە دەســتدایە بــۆ خوێندنــەوە، پەیکەرەکــەش لــە گــەچ دروســتکرا بــوو. دیارییەکەش لەلایەن (د.سەفا حافز) سـکرتێری نەقابـەی مامۆسـتایانی عێـراق وەرگیرا.

نوێنەری وەفدەکانی کەرکووك و دیالە، ئامادەبوونی سیادەی وەزیری زایارییان بەهەل زانی بۆ ئەوەی یاداشتی لقەکانیان، ڕاستەخۆ پێشکەش بە بەڕێزیان بکەن.

### بیرخەرەوەی نوێنەری مامۆستا کوردەکانی کەرکووك[1]

ئەو بیرخەرەوەیە، پێشکەش بە سیادەی وەزیری زانیاری و پێشکەش بە کۆنگرە کرا.

بەڕێز سیادەی وەزیری زانیاری..

موژدە بە گەلی کوردمان درا بە هاوبەشییێتی کۆماری ١٤ی تەمووز، کۆماری کورد و عەرەب کە لە دەستووره کاتییەکەیدا هاتووە، مافی گەلی کورد لە تەك مافەکانی گەلی عەرەبی برایدا و کەمایەتییەکانی دیکەدا. وە لە پێشترین هیواکانی، مادەی پانزەهەم لە پەیڕەوی وەزارەتی زانیاری ژمارە (٥٧)ی ساڵی (١٩٥٩) بوو، کە دانی بە مافی کەلتووری گەلی کورد ناوە، بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی خوێندنی کوردی. بە بە پشت بەستن بە ماددەی ناوبراو لە پەیڕەوەی وەزارەتی زانیاری، سەرباری ئەوەیش، کە لە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد دا هاتووە و بڕیارەکانی نەقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا و هەموو نێوەندە نیشتمانییەکان، کە پیشتوانیی ئەم پرۆژەیەیان کردووە، وەزارەتی زانیاری لە

---

[1] دەقی ئەم بیرخەرەوەیە، بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری هەتاو، ژ ١٨٥، ١٥/ئەیلوول/١٩٦٠،ل٢ بلاوکراوەتەوە.

کاتی خۆیدا دەستپێشخەری کرد[1] بە دامەزراندنی یاریدەدەریەك (معاونیە) بۆ خوێندنی کوردی لە لیوای کەرکوك. سەرەڕای ئەوەی کە یاریدەدەرەکە لە بەرواری ١٩٦٠/١/٢٥ دەستبەکاربوو، بە هەندێك ئەرك هەڵسا وەك پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی قوتابخانەکان و لێکۆڵینەوە لە کەموکورتییەکانیان و ژمارەی قوتابییە کوردەکان و تێبینی چەندین کەموکورتیی دیکە لە ناوچە کوردییەکانی کەرکووك، کە لەسەرەتای پێکهێنانی حکوومەتی عێراقییەوە دووچاری سیاسەتی جیاخوازی، بێبەش بوون، کە ئێمەی ئەندامانی نێو خێزانی پەروەردەیی تێبنیی ئەوەمان کردووە، کە یاریدەریی(معاونیە) ناوبراو بەم شێوەیەی کە هەیە، توانای ئەوەی نییە بە ئەرك و کارەکانی هەڵبستێ بە پێی مادەی پانزەهەم لە پەیڕەوەی وەزارەتی زانیاری، بۆیە ئەم (مذکرة) یە بۆ بەڕێزتان بەرز دەکەینەوە، بۆ ئەوەی روونی بکەینەوە، کە چارەسەری دروست ئەوەیە لە جیاتی ئەو معاونیەتە بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ، کە ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی خوێندنی کوردی بێت. لەبەر ئەم هۆکارانە:

---

[1] ئەو دەربڕینە لەبەر ئەوە بەم شێوەیە باسکراوە چونکە دوای ئەوەی یاداشتی یەکەمی نوێنەرانی لقی کەرکووك لە ڕێی کۆنگرەی ناوخۆیی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، بە وەزارەتی زایاری گەیشتبوو، یەکێك لە وەزیرەکانی پێشوو تر، بڕیارەکەی داوە. (زەعیم ڕوکن ئیسماعیل عارف) دوای کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، سێیەم وەزیرە، کە کابینەی وەزارەتی زانیاریی لە کۆماری عێراق پێ سپێردرابێ.

**یەکەم:** بە بەڕێوەبەرایەتی کردنی ئەو معاونیەتە لەگەڵ پێداویستییەکانی ناوچە فراوانەکە دەگونجێ، کە دەخوازێ بە زووترین کات پرۆژەی بەکوردی کردنی خوێندنی تێدا جێبەجێ بکرێ، ئەمەش برایەتیی نێوان پێکهاتەکانی لیوای کەرکووك بەهێزتر دەکات، کە پاکی و دروستیی پەیوەندیەکانی تێدا ڕەنگدەداتەوە.

١- بۆ ئەوەی یاداشتەکەمان بە شێوەیەکی ڕوونتر پێشکەش بکەین، ئەو برگانە دووبارە دەکەینەوە، کە لە ڕاپۆرتی نوێنەرانی کەرکووکدا پێشکەش بە کۆنگرەی ناوخۆیی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، کرابوو:

**دووەم:** کورد و نەتەوە کەمەکانی شاری کەرکووك

أ – قەزای مەرکەزی کەرکووك

زۆرترینی دانیشتوانی شاری کەرکووکی لە کوردانن و کەمایەتیەکانیش عەرەب و ئەرمەن و کلدانی و ئاشوری تورکمانن.

ب- ناحیەی ڕێدار (شوان) و هەموو گوندەکانی کوردن.

ج- ناحیەی قەرەحەسەن و دێهاتەکانی کوردن، تەنها چەند ماڵێکی تورکمان نەبێ لە مەرکەزی ناحیەدا دانیشتوون لە لەیلان و گوندی (احیاوە) و هەر لەو ناحیەی دا (٣) بەشی عەرەبن.

د – ناحیەی ئاڵتون کوپری، هەموو دێهاتەکانی تەنها کوردن بەلاّن لەناو مەرکەزی ناحیەدا کەمێکیش تورکمان هەیە.

هـ- ناحیەی حەویجە زۆرترینی دێهاتەکانیان عەرەبن بێجگە لـە چـەند دێیـەك و نمـرە (٨) نـەبێ، کـە کـوردن و لـە مەرکـەزی ناحیەشـدا چـەند خانەوادەیـەکی کوردی تێدایە، شایانی ئەوەن، کە قوتابخانەی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە.

٢- قەزای چەمچەماڵ: مەرکەزی قەزا و تەواوی دێهاتەکانی کوردن.

٣- قەزای توزخورماتو:

أ- زۆرترینـی مەرکـەزی ناحیـە کـورد و تورکمـانن و بەتایبـەتی گـەڕەکێك، کـە هـەموو کـوردی بـە تـەنێن، پێویسـتە دوو قوتابخانـەی زمـانی کوردییـان بـۆ بکرێتەوە، یەکێك بۆ کوڕان و ئەوی تریان بۆ کچان. دێهاتـەکانی دەوروبەریشـی زۆرترینی کوردی پاکژن و کەمێك عەرەب و تورکمانیشی تێدا هەیە.

ب- ناحیەی قادر کەرەم: مەرکەزی ناحیەو دێهاتەکانی بە تەواوی کوردن.

ج- ناحیەی داقووق: مەرکەزی ناحیە تورکمانیشی تێدا هەیە لەگەڵ دێی زەیـن العابدین، بەڵان دێهاتەکانی زۆرتریان کوردن، تەنها دێیەك نەبێ، کە لە هـەرێمی حەویجە و ئەویش عەرەبن.

٤- قەزای کفری:

أ- ناوەنـدی قـەزا: دانیشـتوانی ناوەنـدی قـەزا زۆربـەیان کـوردن، کـەمێکیش تورکمان هەن.

ب- ناحیەی شێروانە (سەرقەڵا): ناوەندی ناحیە و هەموو دێهاتەکانی کوردن.

ج- ناحیەی پیباز: ناوەندی ناحیەو هەموودێهاتەکانیان کوردن و بەس .

د- ناحیەی قەرەتەپە : ناوەندی ناحیە، کورد و عەرەب و تورکمانی تێدایە، بەڵام دێهاتەکانی زۆریان کوردن، ئەو هۆزانەی تێدایە:

(زەند، زەنگەنە، پالانی، کیز ... تد)بەشێکی دیکەی دانیشتوانەکەی هۆزی عەرەبن وەك: (الجبور، الکرویە، اللهیب، و غیرها..) لە هەندێك لە گوندیشدا خێزانی تورکمان هەن.

**سێ یەم:** سەرژمێرییەکەی لێژنەی سەربە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کەرکووك لە ساڵی ڕابردوو دەریخست، کە لە کۆی (۲۱۹) قوتابخانە لە لیوای کەرکووك (۱۰۲) قوتابخانەیان بە تەواوی کوردن و (۳۱) قوتابخانەیان عەرب و ئەوانی دیکەش تێکەڵن لە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و کلدان و ئەرمەنی، هەر وەك دەریخست، کە لە کۆی ۳۳۸۰۳ قوتابی، (۱۳٦۲۳) قوتابییان کوردن و (۱۲٤٥٤) قوتابیان تورکمانن و ئەوەی دەمێنێتەوە قوتابیی عەرەب و ئەرمەن و ئاشوورین.

**چوارەم:** بە بەڕێوەبەرایەتی کردنی (معاونیە) لە لیواکەمان لەسەر ڕاسپاردەی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە و لە وەڵامی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەمی نەقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراق و بۆ بەدیهێنانی هیواکانی گەلی کورد.

**پێنجەم:** ئەوەی بەسەر ناوچە کوردییە فراوانەکانی لیوای کەرکووکدا هاتووە لە دواکەوتن و جیاخوازی و پشتگوێخستن لە سەردەمی ڕژێمی بەسەر چوو لە ئەنجامی سیاسەتی (التعسفیە) بەرامبەر بە کورد، ناتوانرێ بسڕێتەوە تەنها بە

گۆڕینی (معاونیە) بە بەڕێوەبەرایەتیی (هاوپێچ بەڵگەمان لـە مـذکـەرەی سـاڵی ڕابردوو خستۆتە ڕوو)[1].

بەڕێز سیادەتی وەزیر:

ئێمە بوونی بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراومان ڕوونکردەوە، بەڵام بـە زەروورەتـی دەزانین لە کۆتایی ئەم (مـذکـرە) یـەمان دەستنیشـانی گرنگرتـرین کۆسـپەکان بکەین، کە هاتوونەتە سەر ڕێی  پرۆژەی خوێنـدنی کـوردی لـە لیواکـەمان، کـە نـاتوانرێ لـەو کێشـانە جیابکرێنـەوە، کـە بەشـێوەیەکی گشـتی بـەرەو ڕووی بەڕێوەبەرایەتیی گشـتی  بۆتـەوە، وەکـو ئامادەکـاری و وەرگێڕانـی پـەڕتووکی پێویست و کردنەوەی خانەی مامۆستایانی کوڕان و کچان و قوتابخانەی دیکـە، کە ڕاژەی پێویست دەستەبەر بکەن، هەروەها سوود وەرگرتن لـە مامۆسـتایانی کوردی دەرەوەی سنووری ناوچە کوردیەکان لە جیاتی ئەو مامۆستایانەی، کـە زمانی کوردی نازانن و لە ناوچەکوردییەکان دامەزراون. جگە لە چەندین گرفتـی دیکە، کە بێگومان لە کۆنگرەی دووەممماندا بە ڕوونی دەخرێنە ڕوو. ئەمەو ئێمە بە هەواڵی پوچەڵکردنەوەی فەرمانی تەنسیبکردنی جێگری بەڕێوەبەری زانیاری بۆ کاروباری خوێندنی کوردی لە کەرکووك سەرمانسوڕما، کە ئەمە دەبێتە هۆی

[1] نوێنـەرانی کـەرکووك، سـاڵی پێشـتریش یاداشـتنامەیەکییان  پێشـکەش بـە کـۆنگرەی یەکـەمی نـاوخۆیی مامۆسـتایانی کـورد لەشـەقلاوە، کردبـوو، کـە لەناوەرۆکـدا هـەمان ئـەو پێشـنیاز و داواکارییانەن، بەڵام بە کەمێك دەستکارییەوە، جـارێکی دیکـەش لـەم کۆنگرەیـەدا، پێشـکەش بـە سیادەی وەزیری نوێ کراوەتەوە.

پەککەوتنی ئەو پرۆژەی کە پێویستی بە کارکردنێکی گورج هەیە، بۆیە پێمانوایە، کە پێویستە جێگری ناوبراو لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، یان کەسێکی چالاکی لە جێگەدا دابمەزرێ.. لەگەڵ ڕێزماندا ..

بە ئیمزای:

| | |
|---|---|
| علی احسان صابر الحکیم | عبدالرحمن رضا |
| محمد احمد قەرەداغی | طاهر صادق |
| فخری صابر | مصطفی سید احمد |
| عمر فتاح | محمد نوری توفیق |
| احمد غفور | عمر عارف حمید |
| احمد الخیاط | عباس حسین |

## یاداشتی نوێنەری مامۆستا کوردەکانی دیالە[1]

بەڕێز سیادەی وەزیری زانیاری

سلاو ڕێز .. بەهەنگاونان لەسەر ئەو بنەما دروستانەی کە مزگێنیی کۆمارە نەمرەکانن و بە جێبەجێکردنی ئەوەی لە دەستووری کاتیدا هاتووە لە هاوبەشیی هەردوو گەلی کورد و عەرەبی برا لە ولاتە خۆشەویستەکەمان، حکومەتە نیشتمانییەکەمان ڕێگای بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی دا، کە ئەرکی پتەوکردنی پەیوەندیی کەلتووریی گرتە ئەستۆ لە نێوان کورد و عەرەب.

بەڵێ ساڵی ڕابردوو ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەست بەکار بوو، هەندێك شوێنەواری باشی کارو چالاکییەکانی دەرکەوت و هیواکانی بوژاندنەوە. پێمانخۆشە و دەخوازین جەنابی وەزیر سەیری ئەوەبکات، کە دەیخەینە بەردەستی و فرمان بکات بە جێبەجێکردنی بۆ تەواوکردنی ئەرکی دڵسۆزانە، کە ئەوبەڕێوەبەرایەتییە خستوویەتیە ئەستۆی خۆی، بەم هەڵوێستەشیان جەنابیان بەشدارێکی کارا دەبن لە درێژکرنی دەستی سپییان بۆ هاولاتییە کوردەکانی.

١- داواکارین بفەرموێ بە ئیعازدان بە جێبەجێکردنی بنەمای خوێندن بە زمانی کوردی لە لیواکەمان و لە قەزاکانی خانەقین و مەندەلی، هەروەك پێشتر

---

[1] دەقی ئەم یاداشتنامەیە بە زمانی عەرەبی، لە گۆڤاری هەتاو، ژ١٨٥ ١٥/ئەیلوول/١٩٦٠، ل١ بلاوکراوەتەوە.

جێگیرمان کردووە لە قەزای میقدادیە ژمارەیەکی زۆری براکوردەکانمانی لێیە، هیوادارین ئەو پرۆژەیە ئەو قەزایەش بگرێتەوە.

٢- رواندنی کارەکانی تایبەت بە خوێندنی کوردی لە لیواکەمان، کارئاسانی بۆ دامەزراندنی یاریدەدەریی پێشنیازکراومان بکرێت، کە یارمەتیی بەرێوەبەرایەتی زانیاری بدات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی بنەمای خوێندنی کوردی، وەك یاریدەدەرییەکانی بەرێوەبەرایەتی موصل و کەرکووك.

٣- گومانی تێدانییە، کە دەستبەکاربوون لە خوێندنی کوردی پێویستیی بە دامەزراندنی پشکنەرێك هەیە، کە زمانەکە بەباشی بزانێت بۆ ئەوەی بە کاری پشکنین هەڵسێت لە لیواکەمان، داواکارین لەلایەن بەرێزتانەوە ئەو داواکارییەمان پشتگیریی لێ بکرێ.

٤- باوەڕمان وایە، کە بەرێزتان فەرمان دەدەن بە جێبەجێکردنی تەواوی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان و ئەوانەیش، کە کۆنگرەی دووەم دەریان دەکات بۆ بەرژەوەندیی برایەتی.


ئەو تێبینیانە زۆر زیندوو دەبینین وەك بنچینەیەك بۆ جێبەجێکردنی بنەمای خوێندن بە زمانی کوردی لە لیواکەمان. تکاکارین جێی ڕەزامەندیی ومایەی پشتوانیی تەواوی بەرێزتان بێت و ڕێزمان قبوڵ بفەرموون.

ئەندامانی شاندی مامۆستایانی کوردی لیوای دیالە:

نوری ئەمین محەمەد ، محەمەد ئەحمەد، محەمەدەمین محەمەد، عیسا رەمزی، سریە سلێمان صاحێبقڕان، عەبدولقادر محەمەد، عەبدولموحسین حەسەن.

دوای سوپاس و پێزانین بۆ ئامادەبووان ، ڕێورەسمی کردنـەوەی کـۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کـورد لـە هـۆڵی شـارەوانی لـە هـەولێر، کاتـژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ، بە مۆسیقای سلاوی پێشەوا کۆتایی پێهات..

ئەندامانی کۆنگرە بۆ درێـژەدان بـە دانیشـتنەکانی دیکـەی کـۆنگرە، پـۆل پـۆل بەرەو شەقلاوە بەڕێکەوتن.[١]



ئەم وێنەیە لە ئەرشیفی (حاجی فەرهاد خالد مەدحەت) وەرگیراوە.
دیمەنی ئەو قوتابخانەیەی تێدا دەردەکەوێت، کە کۆنگرەکەی تێدا بەستراوە

[١] هەرچەندە ئەو ڕۆژە یەکێك بووە لەڕۆژە گەرمـەکانی هـاوین، بـەڵام جـۆش و خرۆشـی کردنـەوەی کۆنفرانس و ئەو هیوا گەورەیەی کورد بەو کۆنفرانسە و گردبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لـە نـاودارانی کورد لە نووسەر و شاعیر و مامۆستا و بەرپرسانی حکومی و حزبی، خۆشـییەکی لـە ڕادەبـەدەر و کەشێکی دەروونیی ئارامی بۆ ئەندامان ڕەخساندبوو، ئەوەبوو بەدەم ڕێگاوە شاعیرێکی وەك گۆران هەستی خۆی لەشاکارێکی ئەدەبیی مەزن داڕشت و دواتر لە ئێوارە کـۆڕێکی ئـەدەبیی تایبـەت بـە کۆنگرە پێشکەش بە ئامادەبووانی کرد.

لەیەکێك لە باخچەکانی شەقلاوە، هاوینەهەوارێك بۆ قوتابیان دروستکرابوو، کە کەپر و پێداویستییەکانی پشوودان و مانـەوەی تێدا دەسـتەبەرکرابوو، وەك ئامادەکارییەك بـۆ بەسـتنی بەسـتنی (کـۆنگرەی یەکـەمی نـاوخۆیی قوتابیـانی کوردستـان)، کە بڕیاربوو لە(٢٢ تا ٢٥)ی ئەم مانگەدا لەشـەقلاوە ه ببەسـترێت، نەقابەی مامۆستایان توانیی سوود لە کەپر و شوێنەکە وەربگرێت بۆ نووسـتن و پشوودانی ئەندامەکانی.  مامۆستا عوسمان ئیبراهیم لە یادەوەریی ئەم ڕۆژانەدا دەڵێ: ڕۆژانـە بـە ئۆتۆمبێلەکـەم (بیـوك) چـەند سـەفەرێکم دەکـرد بـۆ بـردن و هێنانەوەی ئەندامانی کۆنگرە لە قوتابخانەی شەقلاوەوە بۆ شوێنی حەوانەوە و چێشتخانەکان.



ئەم وێنەیە، لەبەردەم یەکێك لە کەپرەکان، لەو باخچەیەدا گیراوە

لە ئەرشیفی مامۆستا مەجید ئاسنگەر گیراوە.

### ٢-٣-١-٢ دانیشتنی دووەم

ئێـوارەی هــەمان ڕۆژ ١٩٦٠/٨/١٥، کاتـژمێر (٥) ی ئێـوارە کـۆنگرە لـە قوتابخانەی شەقڵاوەی سـەرەتایی کوڕان[١] بـە سـەرۆکایەتی مامۆسـتا (جـەلال شەریف) دەستی بە کارو چالاکییەکانی کردەوە. گۆڕەپـانی قوتابخانەکـە، بـە چەند دروشـم و ئـالأی کۆمـاری عێـڕاق و بـە دروشمـی کـۆنگرە و بـە وێنەیـەکی گەورەی پێشەوا عەبدولکەریم قاسم ڕازێندرابوونەوە.



گۆڕەپانی قوتابخانەی شەقڵاوە. لەئەرشیفی فۆتۆ ڕەفیق وەرگیراوە

---

[١] باڵاخانەی ئەم قوتابخانەیە تازەبووە و  لەم ساڵەدا تەواو کراوە، هێشتا دەوامی قوتابیـانی تێدا نەکراوە، دواتر ناوەکەی گۆڕا، بوو بە قوتابخانەی (کاوێس). بەداخەوە لە ساڵی ٢٠١٢ بەمەبەسـتی بونیاد نانەوەی قوتابخانەیەکی مۆدێرن، بینایەکەیان ڕووخانـد، لـە کاتێکدا ڕۆشـنبیرانی شـەقڵاوە ناڕازی بوون و داوایان دەکرد بکرێتە مۆزەخانە.

لــە گرێـدانی کۆبوونــەوەی ئێـوارەی ڕۆژی یەکــەمی کـۆنگرە، مامۆسـتا جـەلال شەریف وەك سەرۆکی کۆنگرە سلاوی لە ئەندامانی کۆنگرە کرد.



بــە خــەم و پەژارەیــەکی زۆر، بەناوی کۆنگرە ئەم وتانەی بـۆ دەربڕینـــی ماتــەمینی کۆچـــی دوایی مامۆستای ناوداری کـورد (ڕەفیق حلمی) دەربڕی:

لــەم چــەند ڕۆژانــەی پێشــوودا، مامۆســتای بــەڕێز نــائیبی دووەمــی نــەقیبی سەندیکای مامۆستایان دوای نەخۆشییەکی کـت و پـڕ کۆچـی دوایـی کـرد و لـە ناوەختـا بـەجێی هێشـتین و بـەو کۆچـە ناوەختـەی داخـی نـا بـە دڵـی هـەموو لایەکمانەوە. بەو بۆنەیەوە بـەناوی کـۆنگرەی مامۆسـتایانی کـوردەوە پرسـەی گەرمی خۆمان پێشکەش بە کەس و کاری و بە نەتەوەی کورد ئەکەین و سلاوی ڕاستی دڵسۆزانەمان پێشکەش بە گیانی هەموو ئەو مامۆستایانە ئەکەین، کە لە کۆنگرەی یەکەممانەوە تا ئەم کاتە کۆچی دواییـان کـردووە، لـە دواییـدا تکـام وایە، کە بۆ ماوەی دەقیقەیەك بێ دەنگ ڕاوەستن بۆ گیانی نەمریان..

تێکڕی ئەندامان بەو پەڕی شکۆوە بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی مامۆسـتا ڕەفیـق حلمی بەبێ دەنگی بە پێوە وەستان.[١]

---

[١] مامۆسـتا رەفیـق حلمـی لـە سـاڵی ١٨٩٠ لـە کـەرکوك لـەدایك بـووە، لـە ١٩٦٠/٨/٤ بـە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد. .

ئینجا ئەو ڕاپۆرتانە خوێندرانەوە کە نەقابەی مامۆستایان پێشکەش بە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کوردی کردبوو.

**یەکەم: ڕاپۆرتی  لێژنەی چالاکی زانیاری کوردستان**

ڕاپۆرتی  لێژنەی چالاکی زانیاری کوردستان، لە لایەن مامۆستا (نووری عەلی ئەمین) خوێندرایەوە:



دەستەی بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایانی کۆماری عێراق بڕیاری پێکهێنانی لێژنەی زانیاری کوردستانی دا، لە تەمەنی یەك ساڵەی نەقابەکەماندا، لێژنەی ناوبراو، بە سەرۆکایەتیی دکتۆر صدیق ئەتروشی و ئەندامێتیی مامۆستایان  دکتۆر جەمال حاجی شەفیق و دکتۆر مراد عەزیز و خوالێخۆشبوو ڕەفیق حلمی و مامۆستایان صادق بەهائەدین ومحەمەد عەلی موستەفا وخوشکە ناهیدە شێخ سەلام و کاك ڕەشید کۆیی و کاك کازم فەرمان و کاك عیزەدین موستەفا.

لێژنەی ناوبراو لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا، کە ڕۆژی ١٩٦٠/١/١٨ کردی، بڕیارەکانی لێژنەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە لە ١٠ ـ ١٣/ ئەیلول/ ١٩٥٩ بڕیاری لەسەر درابوو سەیری ئەم بڕیارانەیان کرد و بڕیاریاندا، کە سوور بن لەسەر ئەم بڕیارە گرنگانەی خوارەوە:

١- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری بۆ ناوچەی بادینـان، نیشـینگەی لـە دهۆك بێت.

٢- دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی زانیاری تایبەتی بۆ خوێندنی کوردی لـە شـاری کەرکووکدا، کە سەرپـەرشتی قوتابخانە کوردییەکان بکات.

٣- پێکهێنـانی سـەرۆکایەتی پشـکنینی (تفتـیش) بـۆ بەڕێوەبـەرێتی زانیـاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی وە بەستنی بە موفەتیشیەتی زانیاری گشتییەوە.

٤- دانانی جەرگەی خوێندەواری گەورە لە ناوچە شاخاویەکاندا لەگـەڵ بەشـی ناوخۆدا بۆ ئاسان کردنی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لەو ناوچانەدا.

٥- دانانی بەشێکی تایبەتی بۆ کاروباری گۆڕین وبڵاوکردنەوە لە ژێر پەیوەندی بەڕێوەبەرێتی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی.

٦- پێویستە ناردنی قوتابیـان بـۆ دەرەوەی عێـراق و وەرگرتنـی قوتابیـان لـە زانستگادا بە جۆرێك بێ، کە بگونجێ لەگەڵ نیسبەتی ژمارەی کورد دا بـە پێـی دانیشتوانی عێراق.

٧- نـاردنی لێژنــەی تایبــەتی بــۆ کــەرکووك و دیالــە بــۆ بەشــە بەشــکردن و جیاکردنـەوەی قوتابخانـە سـەرەتاییەکان  ئامادەییـەکان، کـە تایبـەت بـن بـە بەڕێوەبەرێتی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی.

٨- خوێندنی زمانی کوردی  وێژەی کوردی لـە قوتابخانـە ئامادەییەکانـدا، کـە ئەکەونە ناوچەی بەڕێوەبەرێتی زانیاری گشتییەوە بۆ خوێندنی کـوردی بـەپێی بەرنامەیەك وەزارەتی زانیاری دای ئەنێ.

٩- دەستپێکردن بە خوێندن بە زمانی کوردی لە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم لە قوتابخانە سەرەتاییەکان لەو قوتابخانە کوردییانەی، کە تا ئێستا بە عەرەبی وانەی تیا وتراوەتەوە، ئینجا بەرەبەرە خوێندن بڕوات بۆ پلەکانی تر بەڵام ئەو قوتابخانانەی، کە هەر بەکوردی بووە، پێویستە بەردەوام بێت لەسەر خوێندنی کوردی بەو مەرجەی پۆلی یەکەمینی ناوەندی و پۆلی یەکەمینی قوتابخانەی مامۆستایانیش بگرێتەوە.

١٠- وتنەوەی زمانی کوردی لە پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لەو قوتابخانە کوردییانەی بە عەرەبی وانەی تیا خوێندراوە.

١١- کردنەوەی قوتابخانەیەك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی کورد یەکێکیش بۆ مامۆستایانی کچ لە کەرکووك وە هەروەها لە دهۆك و قوتابخانەیەکیش لە خانەقین بۆ کوردەکانی دیالە وکووت و بەغدا و عەمارە.

١٢- کۆنگرە پێش نیاز ئەکات بۆ بەڕێوەبەرێتی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی، کە دەورەی کورت و دەورەی درێژیش بکاتەوە بۆ مامۆستایانی کورد بۆ بەرزکردنەوەی توانایان لە وتنەوەی زمانی کوردیدا.

١٣- کۆنگرە پێشنیاز ئەکات، کە نامە نووسین لە نێوان بەڕێوەبەرێتی و ناوچەکانیا بە زمانی کوردی بێ، هەروەها لێژنە بڕیاریدا، کە ئەمانەی خوارەوەش بخرێتە بەر دەست.

أ- بەپێی مادە ١٣ لە بڕیارەکانی لێژنە بنێردرێت بۆ کەرکووك و دیالە بۆ دابەشکردن و جیاکردنەوەی قوتابخانە کوردییەکان یان کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە کەرکووکدا، لە گەڵ کردنەوەی قوتابخانە بە عەرەبی تیا بخوێنرێت.

ب- کردنەوەی چەند قوتابخانەیەك لە جەرگەی شاری موسڵدا بۆ خوێندن بە کوردی.

لە پاشان ئەم بڕیارانە خرانە بەردەم دەستەی بەڕێوەبەری نەقابە، ئەویش بڕیاری لەسەردا و لەم ڕووەشەوە نووسی بۆ وەزارەتی زانیاری، وەزارەتی زانیاریش هەندێکیان پێکهێنا، لەوانە دامەزراندنی یارمەتیدەر (معاون) بۆ کەرکووك و موسڵ و کردنەوەی جەرگەی خوێندەواری بۆ تەجرەبە و ناردنی هەندێ لە مامۆستایانی کورد بۆ دەرەوە بۆ پسپۆڕی لە وێژەی کوردیدا، هەروەها قوتابخانە سەرەتاییەکانی کەرکووکی دابەشکرد و هیواش وایە، کە ساڵی داهاتوو وێژە و مێژووی کورد خوێندن بە کوردی تیا دەست پێ بکا.

وتنەوەی دەرسی کوردی لە قەزاکانی لیوای موسڵ و خانەقین بۆ ئامادەکردنیان بۆ وتنەوەی زمانی کوردی.

هەروەها نەقابە نامەیەکی نووسی بۆ سەرۆکایەتی زانستگای بەغداد تیایدا ئاگاداری کرد نەقابە داوای لە وەزارەتی زانیاری کردووە بۆ پەلەکردن بۆ دانانی مسوەدەی یاسای زانستگا، هەروەها نەقابە ئەیەوێت پێشنیازێکی تر بخاتە بەردەم، کە پەیوەندیی بە مافی نەتەوەی کوردەوە هەیە لە ڕووی زانیارییەوە، کە لە ناوەرۆکی مسوەدەی یاسای ناو براوا، بە هیچ جۆرێك باسی پێشخستنی

زانیـاری کـوردی تیـا نییـە لـە ڕووی (زانسـتگاوە) لـە چوارچـێوەی یەکیـەتی عێراقدا، لەبەر ئەوە داوای کرد، کە ئەمـە بکـرێ بـە شـتێکی دانـراو لـە بڕبـڕەی یاسای زانستگادا، کە نیاز وایە دابنرێت.

لەپاشا لێژنە کۆبۆوە لە ڕۆژی ١٩٦٠/١/٢٥ و ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

١- داوابکات لە وەزارەتی زانیاری، کە بـەپێی بڕیارەکـانی کـۆنگرەی یەکـەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە خوێندن بکرێ بە کـوردی لـە هـەموو پۆلـەکانی قوتابخانـە سـەرەتاییەکانی لیـوای هـەولێر و سـلێمانی و قـەزای چەمچـەماڵ و ناحیەی قادر کەرەم لـە لیـوای کـەرکووك لـە گـەڵ دانـانی چـەند سـەعاتێك بـۆ خوێندنی زمانی عەرەبی لە پۆلی چوارەمی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا.

٢- داوا بکات لـە وەزارەتـی زانیـاری، کـە ئـەویش داوا بکـات لـە بەڕێوەبـەری ناوخۆی لیوای سلێمانی، کە خانوویـەك دروسـتبکات بـۆ پاشمـاوە دێرینـەکانی کـورد بـە زووتـرین کـات، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی، کـە بەڕێوەبـەرێتی گشـتی پاشمــاوە دێرینــەکان ئامــادەبوونی پیشــاندا بــۆ نــاردنی پاشمــاوە دێرینــە کوردییەکان، لەوانەی کە ئێستا لەلایەتی.

٣- داوا بکات لـە وەزارەتـی زانیـاری، کـە دەسـت و بردبکـات لـەدانانی لیژنـە تایبەتییـەکان بـۆ دانـان و گـۆڕینی پـەڕاو بـۆ خوێنـدنی کـوردی سـەرەتایی و ناوەندی بۆ ئەوەی ئامادەکراو بێت بۆ ساڵی خوێندنی تازە.

٤- داوا بکات لە وەزارەتی زانیاری ئاخۆ مەسەلەی باسکردنی مێژووی کورد لە بەرنامەی خوێندنی سەرەتایی و سانەویدا چی بەسەر هات.

لە ئەنجامدا ئەم بڕیارانەش خرایە بەردەم دەستەی بەڕێوەبەری نەقابە، ئەویش بڕیاری لەسەر داو لەم ڕووەوە نووسی بۆ وەزارەت و وەزارەتیش هەندێکیانی جێبەجێ کرد وەك: خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو پۆلە سەرەتاییەکانی لیوای هەولێر و لیوای سلێمانی، هەروەها بەڕێوەبەرێتی زانیاری لێژنەکانی پێکهێنا بۆ گۆڕین و دانان وا ئێستا چاوەڕوانی کردنەوەی ئەو مۆزەخانەیەش ئەکەین، کە باسمان کرد دەربارەی پاشماوە دێرینەکانیش لە سلێمانی دابمەزرێت. ئەمەیە ئەو ئیشانەی لەم ماوە کورتەدا لێژنەی زانیاریی کوردستان لە ساڵی یەکەمیدا کردوویەتی و ڕاپەڕاندووە.

لە ساڵی دوهەمیشدا، لێژنەیەکی تر پێکهات لە مامۆستایان دکتۆر صدیق ئەتروشی و خوالێخۆشبوو ڕەفیق حلمی و دکتۆر مراد عەزیز و کاك صادق بەهائەدین و کاك ڕەشید کۆیی و خوشکە ناهیدە شێخ سەلام و کاك نوری عەلی ئەمین و کاك عەبدولستار  و کاك عومەر کەریم عەزیز، ئەم لێژنەیە ڕۆژی ١٩٦٠/٧/٩ کۆبۆوە، دکتۆر صدیق ئەتروشیی هەڵبـژێردرا بە بڕیاردەری لێژنە بەو مەرجەی لە کاتی ئامادە نەبوونی ئەودا خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەفیق حلمی جێ نشینی بێت، ئەم لێژنەیە بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی (عێراق)ی باش خوێندەوە و لێی کۆڵییەوە بەتایبەتی بەشی لێژنەی زانیاریی کوردستان بۆ ئەوەی پێشنیاز پێشکەش بە دەستەی بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایان بکات و ئەویش بیرخەرەوەیەك پێشکەش بکا بە سیادەی وەزیری زانیاری و ئەو داخوازیانەی تێدا بێت، کە دواخستن

هــەڵناگرن، لەگــەڵ پاراســتنی داخوازییــەکانی ترمــان، بیرخەرەوەکــە داوای پێشخستنی بەڕێوەبەریەتی زانیاری گشتی کرد، بەڕادەیەکی ئەوتۆ، کە بتـوانێ ئەوەی پێی سپێردراوە بیباتە سەر پێی بەرژەوندی کورد وە بەپێی مادە ١٥ لە ڕژێمی وەزارەتی زانیاری، لەگـەڵ دووبـارە کردنـەوە بـۆ دامەزرانـدنی کۆزمـانی تایبەتی وە دامەزراندنی چاپخانەیەکی تایبەتی بۆ زانیاری گشتی بـۆ خوێنـدنی کـوردی وە دەســەڵات دانــی تــەواو بەیارمەتیـدەرەکانی خوێنـدنی کـوردی لــە کەرکووك و موسڵ، بۆ ئەوەی بتوانن پێویستییەکانیان بەجێ بهێـنن دەربـارەی بەڕێوەبردنی قوتابخانە کوردییەکان و کردنەوەی دەورە بۆ ماوەیەکی بـاش بـۆ مامۆســتایانی کــورد و دەورەی پــەروەردە بــۆ دەرچــووانی ئامــادەیی بــۆ پێگەیانـدنی مامۆسـتایان، بـۆ وتنـەوەی وانـەی کـوردی و دەورەی خوێنـدنیش بکرێ بە کوردی لـە قوتابخانـەی مامۆسـتایاندا، وە هەوڵبـدرێ بـۆ خوێنـدن بـە کوردی لە قوتابخانە ناوەندەکاندا لەم نزیکانـەدا لـە گـەڵ هێشـتنەوەی هەنـدێ وانە بە عەرەبی بخوێندرێ، هەروەها دامەزراندنی لقـی پشـکنین و نامەنووسـین بە کوردی لەبەینی بەڕێوەبەرێتیی گشتی خوێندنی کوردی و ناوچەکانی خۆیـدا و بەسـتنی قوتابخانـە کوردییـەکانی لیـوای دیالـە بـە بەڕێوەبـەرێتی زانیـاریی گشتیی خوێندنی کوردییەوە لە ڕێگای (تێ بینەوە) وە زیاد کردنی ژمارەی ئەو قوتابیانەی ئەنێردرێن بۆ خوێندن لە دەرەوەی عێراق لەگەڵ زیادکردنی ژمارەی ئـەو قوتابیانـەی لـە زانسـتگا وەرئـەگیرێن بـە شـێوەیەکی وا، کـە بتـوانرێ بـە خێرایـی زاڵ بـین بەسـەر ئـەو دواکەوتنـەدا لـە ڕووی خوێندەوارییـەوە، لەگـەڵ

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی زانستگای کوردستان و دانانی لێژنەیەك لە شارەزایان بۆ نووسینەوەی مێژووی گەلی کورد و خوێندنی ئەم مێژووە لە هەموو قوتابخانەکانی عێراقدا. وە هەوڵدان بۆ فراوانکردنی بەشی کوردی لە (کولیەی ئاداب) وە نیشتەجێ کردنی قوتابیانی ئەم بەشە لە بەشی ناوخۆدا. خێرایی کردن لە گۆڕین ودانان و چاپکردنی کتێبی کوردی بۆ قوتابخانەکان بە پێی پلەی خوێندن و ناردنی پەڕاوی کوردی بە کەڵك بۆ نامەخانەکانی قوتابخانەکان و نامەخانە گشتییەکان و پێکهێنانی جەرگەی خوێندن لە ناوچە شاخاویەکاندا بە بەشی ناوخۆوە بۆ ئاسانکردنی باری کردنەوەی خوێندەواری لەو ناوچانەدا.

جارێکی تریش لێژنەکەمان کۆبووەوە لە ڕۆژی ١٩٦٠/٧/٢٤ و دەربارەی کۆنگرەی ناوخۆی دووەمینی مامۆستایانی کورد دوا، پڕۆژەکانی بۆ ئەم کۆنگرەیەدا لەگەڵ دانانی لێژنەی ئامادەکردن و ژمارەی ئەندامان و بڕیاریدا، کە ژمارەیەك لە خوێندەواران و بوێژانی کورد بانگ بکرێن لەگەڵ بانگکردنی چەند چاودێرێك لە برا عەرەبەکانمان لە هەموو لقەکانی نەقابەوە ـ لەو شوێنانەی مامۆستای کوردی تێدا نییەـ و داوای لە نەقابە کرد، کە هەوڵبدات بۆ هێنانی نوێنەرانی ئێستگەو تەلەفزیۆن، بۆ تۆمارکردنی ڕووداوی کۆنگرەکەمان، هەروەها بڕیار لەسەر ئەوە درا، کە فیلمێکی تایبەتی لەسەر کۆنگرە ئامادە بکرێ بۆ نەقابە لە هەموو لقەکاندا پیشان بدرێت[1].

---

[1] لە دیدارێکماندا لەگەڵ مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی دا، وتی: دوای ئەوەی بڕیاری داخستنی لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان درا و زۆربەی ئەندامە کاراکانی دەستگیرکران، من لە لقی=

وە لە کۆبوونەوەی سێهەمی لیژنەدا (١٥٠) ئەندامەکە دابەشکرا بەسەر لیواکاندا بە ئەندام و چاودێرەکانەوە و بەرنامەی ئیش و کاری کۆنگرەش دانرا بۆ ئەوەی دەستەی بەڕێوەبەر بڕیاری لەسەر بدات وە لەگەڵ دانانی ناوی خوێندەوارە شارەزاکان و بوێژە کوردەکان، کە پێویستە بانگبکرێن و لە دواییدا بڕیارەکانی هەرسێ کۆبوونەوەکە خرایە بەردەم دەستەی بەڕێوەبەر و لە ئەنجامدا بڕیاری لەسەر درا، بەو شێوەیەی کە وتیان، لە بیرخەرەوەیەکدا پێشکەشکرا بە سیادەی وەزیری زانیاری و سیادەی سەرۆکی زانستگای بەغدا لە شەوی رابردوودا ڕێکەوتی ١٩٦٠/٨/١٢ هەروەها دابەشکرا بەسەر ڕۆژنامەکاندا و ئێستاش لەبەردەستاندایە بۆ بینین.

ئەوەی کە لەم بیرخەرەیەوەدا ئەبینرێ و سەرنج ڕائەکێشێ، ئەوەیە کە زۆرتر بایەخ دراوە بەو داخوازییە دەست و بردانە، کە لە تواناادا هەیە ئێستا پێکبێت. وە ئامانجەکانی تریشمان، کە بڕیارمان لەسەر داوە و ماوەتەوە لە هەموو کاتێکا داوای ئەکەین وەك ئامانجێکی دوورمان.

---

=هەولێرەوە چووم بۆ ئەوەی ئەرشیفی ئەو لقە بۆ لقی هەولێری نەقابە بگوازمەوە، لەنێو کەلووپەلەکاندا، فیلمێکی سینەمایی هەبوو کە کارو چالاکییەکانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی تێدا تۆمارکرابوو. سەبارەت بە فیلمەکە، وتی: دوای ماوەیەك منیش بەسەردا گیرام، کە ئازادکرام، لقی هەولێری نەقابەش داخرابوو، جا نەمزانی ئەرشیفی ئێمەیان بۆ کوێ بردبوو.

**دووەم: راپۆرتی بەشی کوردی لە کۆلێژی وێژە.**

لەلایەن مامۆستا ئەنوەر تاهیر خوێندرایەوە:

١- کردنەوەی بەشی کوردی لە کۆلێژی وێژە بە یەکێك لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی مەزن دائەنێین و گەلێ ئومێدی زۆر گەورەی لەسەر دا ئەمەزرێنین بۆ پاشەڕۆژ، بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەی دانشگاه، هەرچەندە لە ساڵی ڕابردوودا کەمێك درەنگ کرایەوە و هەندێك کەموکوڕی لەبەرچاو بوو، وەکو نەبوونی مامۆستایان، کە بتوانن ئەم بەشە بە تەواوی بەڕێوەبەرن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەستمان بە ڕێکوپێکی دەرس گوتنەوەکرد و ئەمە یەکەم قۆناغی ساڵی یەکەم بوو لە تەمەنی ئەم بەشەدا. هیوادارین، کە ئەم کەموکوڕییە نەهێڵرێت و مامۆستای بەتوانا و زانا بهێنرێت لە ساڵی دووەمیدا، بەتایبەتی، کە پۆلێکی تری لێ پتر ئەکرێ.

٢- لەبەر ئەوەی کە زۆربەی قوتابیانی ئەم بەشە لە دەرەوەی بەغدا هاتوون، پێویستە بەشێکی ناوخۆییان بۆ بکرێتەوە، چونکە بەشی زۆریان دەست کورتن و کەسوکاریان کەمدەستن، کە ناتوانن خوێندنی بەرزیان تەواوبکەن. پێویستە کاربەدەستان زۆر بە پەرۆشەوە لەم ئیشە بکۆڵنەوە و چارەی بکەن، کە بێتە ڕیزی کۆلیجەکانی تر، لەم ڕووەوە و کردنەوەی ئەمەش شتێکی ئەمەندە گران نییە.

٣- خوێندگاە لە ساڵی ڕابردوودا تەنگوچەڵەمەی بۆ جێگای خوێندن هەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەمساڵ ژمارەی پۆل و قوتابیان لە زۆربووندایە و ئەبێتە

هۆی پەیدا بوونی گەلێك گیروگرفت لە ڕێگای خوێندنـدا، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە لەسـەر کاربەدەسـتان، هـەر لـە ئێسـتاوە جێگایـەکی لێوەشـاوە بدۆزنـەوە بـۆ ئەوەی ئامادەبێ لە کاتی کۆلێج کردنەوەدا.

٤- هەروەکو لە کۆلێجەکانی تردا هەیە، پێویسـتە لێرەشـدا ئـامرازێکی ڕۆنیـۆ هەبێ بۆ چاپکردنی وتار و وانەی مامۆستاکان بۆ ئـەوەی قوتابییـەکان تووشـی ئازار و ماندووبوون نەبن بۆ ڕەوانکردنی دەرسـەکانیان، هـەروەها ئەبێتـە هـۆی پاشەکەوتی کـات تـاوەکو مامۆسـتا کـەڵك لەوکاتـە وەربگـرن بـۆ گفتوگـۆکردن لەسەر وانەکان و کۆتایی پێهێنانی بەرنامە بە ماوەیەکی کەم. وە لەبەر تازەیی ئەم بەشە لە ساڵی ڕابردوودا کاربەدەستان نەیانتوانی ئەم کەلەبەرە بگرن.

٥- هەموو ڕەنجدانی ئەم بەشە لە ساڵی ڕابردوودا، تەنها لەسەر وێژە بـوو، وا بەچاك ئەزانرێ، کە ئەم ڕەنجدانە ئاڕاستەی مێژوو، جوغرافیا و یاسـا و گرامـەر و زانسـتەکانی تـر بکـرێ، تـا ببێتـە بنچـینەیەك بـۆ دانشـگای کوردسـتان لـە پاشەڕۆژدا.

٦- لەبەر ئـەوەی کـە ئـەم بەشـە ئەبێتـە بنچـینەی دانشـگای کوردسـتان لـە پاشـەڕۆژدا، نـابێ هێنـانی مامۆسـتایانی بـەتواناو زانامـان لـەبیر بچـێ بـۆ ئـەو دەرسانەی کە باسمان کردن، بۆئەوەی ئەم کاروبـارەی کـە پێیـان سـپێردراوە بەجێبهێنن و ئەم بەشە پێشکەوتووبێ لە دوا ڕۆژدا.

٧- پێویستە کە شـێوەکانی زمـانی کـوردی بەرەبـەرە بکرێتـە یـەك و کۆشـش بکرێ بۆ دانانی بنچینەکانی ڕێزمان لەسەر هەموو شێوەکانی زمان

**سێ یەم: ڕا پۆرتێك دەربارەی تاقیمانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زمانی کوردی**

لەلایەن مامۆستا (محەمەدئەمین حەسەن) خوێندرایەوە:

مامۆستایانی خۆشەویست ..

ڕۆشنبیرە بەڕێزەکان..

شۆڕشی چواردەی تەمووز مردووی زیندوو کردەوە و بەرووبوومی زیاد بوو، عێراقی دوای شۆڕش زۆر جیاوازە لەگەڵ عێڕاقی پێش شۆڕش، هەموو لایەکی نیشتمانی گرتەوە، هەروەها کوردیش وەکو برا نەتەوەکانی تریان هەندێك لەم خۆشییەی بەر چەنگ کەوت.

ئێمە وەك نەقابەیەکی مامۆستایان زۆر بە پەرۆشین بۆ پێشخستنی خوێندەواری، چونکە خوێندەواری بنچینەی هەموو پێشکەوتنێکە، بۆمان هەیە شانازی بکەین بەو دەستکەوتووانەی، کە شۆڕشی پیرۆز دەستی خستووین.

قەوارەی نەقابەکەمان بە تەنها دەستکەوتێکە، کە نرخی نایێت. ئاشکرایە، کە نەقابە بۆ هەموو مامۆستایانە دوور لە ڕەگەز و نەتەوە و چین و بیرو باوەڕ، هەر لەبەر ئەوە زۆر بە هێزەوە هەوڵ و تەقەلا ئەدا بۆ ڕاژەی هەموویان و گەلی کورد پارچەیەکی گرنگە لەو قەوارەی ئەم کۆمەڵە، لەبەر ئەوە ڕاژەی ئەم گەلە پێویستییەکی بنچینەییە لە کاروباری نەقابەی مامۆستایاندا. وە لەبەر ئەوە ئەم پەیڕەوە کۆنگرەی یەکەمی نەقابەی مامۆستایان دانی بەسەر چەند بڕیارێك دانا لەمانە: هەوڵدان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرییەکی گشتیی زانیاری بۆ کوردستان وە ئەم بڕیارانەی پێکەش وەزارەتی زانیاری کرد بێگومان لە

کۆششەکەماندا سەرکەوتین بە یاریدەدان و پاڵپشتگرتنی بە نرخی سیادەی پێشەوای مەزن سەرۆك عەبدول کەریم و سیادەی وەزیری زانیاریی پێشوو زەعیم ڕوکن موحیەدین عەبدول حەمید وە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هاتە کایەوە.

خوشکان .. برایان

لە دەوری دوا بڕاودا خوێندن بە کوردی لە هەندێ ناوچەدا بووە هەر لە قوتابخانەکانی سەرەتایی دابوو وەکە قوتابییەکان ئەچوونە قوتابخانەکانی ناوەندەوە تووشی گەلێك کۆسپ و تەگەرە ئەهاتن، چونکە خوێندنیان یەکسەر ئەبووە عەرەبی، بێ ئەوەی، کە لەپێشتر هیچ لەم زمانەیان زانیبێ، جگە لە زانیاریی زۆر کەموکورت لە ڕێزمان، کە هانی ئەدان بۆ تێگەیشتن، بەلاَم کاربەدەستانی کەلچەری (ثقافة) هەروەکو باسمان کرد، دەست و بردیان کرد بۆ چارەکردنی ئەم گیروگرفتە بە گوێرەی مادەی سێ یەم لە دەستووری وەختی، کە ئەڵێ (کورد و عەرەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن) وە لەسەر بنچینەی ئەم هاوبەشی و برایەتییە ڕاستەقینەیەوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دادگەرییە و ئەم هیوا خۆشەویستە، کە ساڵەهای ساڵە بە مێشکی گەلی کورد دا ئەخولێتەوە، لە ئەنجامی خەباتی نەقابە کۆڵنەدەرەکەمان و پشتگیریی حکومەتە نیشتمانییەکەمان، یەکەم گرنگترین هەنگاو هاتەدی بۆ چارەکردنی ئەم گیروگرفتە بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی زانیاریی خوێندنی کوردی، کە بەگوێرەی توانای خۆی کۆسپ و تەگەرەی لادا بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ بلاَوکردنەوەی زانیاری و خوێندەواریی کوردی، کە پڕ لە شانازی گەشایەوە، هەروەها هەوڵئەدا بۆ بلاَوکردنەوەی زانیاریی عەرەبی لەناو گەلی کورد، تا هەردوو گەلە مەزنەکە، کە هاوبەشی یەکترن لە خۆشی و ناخۆشیدا، ئاگاداری

ئەم شتە شانازییانەی یەکترین. وە ئەمە ئەبێتە هۆی پتەوکردنی برایەتیی نێوانی هەردوولایان. وە ئەم بەڕێوەبەرێتییە بە گوێرەی توانای خۆی و ئەو هەولأنە، کە بۆی هەڵئەکەوێت ئەو ئیش و کارانەی خوارەوەی بەجێگەیاند:

١- دامەزراندنی گەلێ لیژنە بۆ دانان و گۆڕینی پەڕاوەکان، کە زۆر هەولێیاندا بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم ئیشانەی، کە پێیان سپێردرابوو بە زووترین کات. هیوادارین، کە بەرهەمی ئیش و کاریان لە ساڵی داهاتوودا ببینین و ببینین قوتابییەکانمان بێ بەش نابن لەم پەڕاوە بەنرخانەی، کە لەسەر ڕێگایەکی پڕ زانیاری و ڕاستی، کە یاریدەیان بدات لە ژیان و خوێندندا.

٢- کردنەوەی گەلێ دەورەی ماوەکورت، لە سلێمانی و هەولێر و موسڵ و خانەقین، بۆ پێگەیاندنی مامۆستای کورد، لەسەر چۆنییەتیی وانە وتنەوە بە زمانی کوردی و هیوادارین، کە بەرهەمی ئەم دەورانە لە ساڵی داهاتوودا بکەین. وا نیاز بوو، کە دەورەیەکی واش لە کەرکووك بکرێتەوە، بەڵام هەندێك تەنگ و چەڵەمەی هاتە پێش، بوو بە هۆی دواخستنی کردنەوەی، هیوا هەیە کە ئەم دەورەیە لە ئەیلوولی داهاتوودا بکرێتەوە.

٣- ئەم بەڕێوەبەرێتییە دوو یارمەتیدەری دامەزراند لە موسڵ و کەرکووك، بۆ یاریدەدانی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری لەم دوو لیوایەدا، بۆ ئاسانکردنی ئیشوکاری تایبەتی خوێندەواری کوردی، وە شوێنێکی دیار و هەستپێکراویان دامەزراند بە ئیش و کاری پەسندییان.

٤- وا نیازە، کە تێبینەرایەتییەك (ملاحظیـة) لـە لیـوای دیالـە دابمـەزرێ بـۆ هەستان بە ئیش وکاری خوێندەواری کوردی، هیوامان وایـە ئەمـە بـە زووتـرین کات بێتەدی.

٥- وەنەبێ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە مافەکانی پێویستی بـرا کوردەکـانی لیـوای کووت و عەمارەی خستبێتە پشتگوێ، بـەڵکو لـە تەقەلادایـە بـۆ لێکۆڵینـەوەی هێنانەدی ئەم پێویستیانە لەگەڵ کاربەدەستان بۆ گەیشتنی ئەم ئامانجانە.


برایانی خۆشەویست.. لە سفنی ١٩ لە یاسای وەزارەتی زانیاری سنوور بۆ ئیش و کاری ئەم بەڕێوەبەرێتییە دانراوە و لەبەر ئەوەی، کـە وەزارەت نایـەوێ ئـەم یاسایە بگۆڕێ، بێگومان ئەم سفنە گۆڕینی بەرئەکەوێ، و نەقابەی مامۆستایان بە گوێرەی توانای هەوڵئەدات بۆ هەروەزی لەگەڵ وەزارەت بۆ چاکەی گشتی و نەقابە چاوەڕوانی بڕیارەکانی کۆنگرە ئەکا لەم بابەتەوە.

ئەمانە سەرگوزەشتەیەکی کورتی ئەم بەڕێوەبەرێتییە بوو، کە پێی هەڵساوە و خستمانە بەرچاوتان و هەروەکو خۆتان ئـەزانن، کـە ئـەم بەڕێوەبەرایەتییـە تـا ئێسـتا لـەژێر تاقیکردنەوەدایـە و لـەم مـاوە کەمـەدا شـارەزاییەکی پەیـداکرد، هیوامان وایە بۆ گەیشتنی بە ئامانجەکانی سەرشانی و هیواداری‌ن، کە وەزارەتی زانیاری و کاربەدەستەکانی دڵسۆزی بەتایبەتی سیادەی وەزیری زانیاری زەعیم ڕوکن ئیسـماعیل عـارف دەسـتی بگـرێ بـۆ پێکهێنـانی کاروبـاری لـە چـاکترین ڕووەوە و ڕاسترین ڕێگاوە.

**چوارەم: ڕاپۆرتێك لە بارەی بەرنامە و پەڕاوی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی**

ئەم ڕاپۆرتە، لە لایەن مامۆستا (مەجید ئاسنگەر)[1] خوێندرایەوە:

ئەمەویٚ لێرەدا لەو بەرنامە و پەڕاوانە بدوێم، کە لە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردیدا ئەخوێندریٚ و چەند پێشنیازی لەم ڕووەوە بخەمە پێش چاو.



بەرنامەمان: ئەو بەرنامەیە، کە لە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردیدا هەتا ئێستا ئەخوێندریٚ، هەر ئەوانەن، کە لە بەشی عەرەبیدا ئەخوێندریٚ، بەبیٚ ئەوەی گویٚ بدرێتە ئەوە، کە خوێندنی ئەو بەرنامەیەی، کە لە ناوچە عەرەبییەکاندا ئەخوێندریٚ، زمانی پەروەردەیی هەیە، وەقرەیان لە تەك ناوچەی کوردەواریدا ناسازیٚ و بە خوێندنی ئەو سوودەی لیٚ وەرناگیریٚ، کە بەناوچە عەرەبییەکەی ئەگەیێنیٚ ، لەبەر ئەوە چاکتر وایە بەرنامەی بەڕێوەبەرێتی زانیاری کوردی دوو جۆربیٚ:

[1] مەجید ئەحمەد ئەمین، لە ساڵی١٩٣٢ لە گەڕەکی شەکری قەندی شاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە و ئامادەیی لە هەولێر و خانەی باڵای مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە.

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، بووە بە ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان.

١- جۆرێکیان هەر ئەو بەرنامانە بێ، کە لە قوتابخانەکانی عێراقدا ئەخوێندرێ و لە تەك ڕادەو زانیاریی کورد و عەرەب دا، وەك یەکن، وەك ژمارەو پێوان. سەرەتایەك لە زانست و تەندروستی و جوغرافیا، ئاین. لەبەر ئەوە بەڕاست بینرا، کە لە بەرنامەی عەرەبییەوە وەربگیرێ و بکرێ بە کوردی.

٢- جۆرێکیان ئەشێ لە عەرەبییەکەوە وەرنەگیرێ و بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردی، خۆی ڕێکیبخات، بە جۆرێك، کە سوود بە قوتابیانی کورد بگەیێنێ لە ناوچە کوردەواریەکاندا، کە ئەمانەن:

أ- بەرنامەی زمانی کوردی بە خۆی و بە هەموو لقەکانییەوە و بۆ یەکێتی ئەمە بە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کورد بسپێردرێ چاکە، چونکە ئەو لە ڕادەی زانیاری و خاك و پای کوردەواری شارەزاترە، وەك لە بەرنامەی بەشە عەرەبییەکە.


ب- بەرنامەی زمانی عەرەبی بە خۆی و هەموو لقەکانییەوە وە بۆ یەکێتی ئەم کارە بە بەڕێوەبەرایەتی زانیاری کوردی بسپێردرێ باشە، چونکە دەستەی خوێندن و فێرکردن لە ناوچە کوردەواریەکەدا، باشتر لەو تەنگ چەڵەمانە ئەزانێ، کە تووشی منداڵی کورد ئەبێ لە فێربوونی زمانی عەرەبی دا، لەبەر ئەوە ئەتوانێ بەرنامەیەکی وەها بە زمانی عەرەبی دابنێ، کە لە ناوچە کوردەواریەکاندا بخوێندرێ، سوود ببەخشێ وە بەئاسانترین ڕێگا منداڵی کوردی پێ فێری عەرەبی بکرێ.

ت- بەرنامەی مێژوو: منـدلأنی کـورد لـە دەوری دوابـڕاودا بـێ بـەش بـوون لـە خوێنـدنی مێـژووی نەتەوەکـەیان وە نەئەهێڵـدرا شـتێکی لێ بـزانن، بـەلأم ئـەو دەورە پیسە تێپەڕی و ئیمڕۆ لە دەورێکی دیموکراسیدا ئەژین، ئەشـێ منـدلأنی کـورد ئاگـاداری مێـژووی خۆیـان و مێـژووی براگەورەکـەیان عـەرەب بـبن، بـەجۆرێکیش بخوێنـدرێ، کـە لـە چوارچـێوەی یەکیـەتی گـەلی عێراقـدا بسووڕێتەوەو برایەتی و یەکیەتی گەلی عەرەب و کوردی تێدا بەهێز بکرێ. جگە لەمانە، بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری وەك ئەبینین لە گەلێ ئەو کەم و دەسەلأتییەی کە هـەیبوو، چـەند هـەنگاوێکی نـاوە بـۆ گـۆڕین و دانـانی پـەڕاوی کـوردی بـۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ ساڵی ئایندە:

١- بـۆ قوتابخانــە ســەرەتاییەکان: چــەند لێژنەیــەکی دانــا، کــە پــەڕاوە عەرەبییەکان بگۆڕینە سەر زمانی کوردی، وە پەڕاو بۆ زمـانی کـوردی دابنـێین وەك خوێندن و ڕێزمان ، ئەم لێژنانە هەندێکیان بەگورجی هاتنـە دەسـت وئـەو ئەرکـەی پێیـان سـپێردرابوو جێبـەجێیان کـرد و بەشـێك لـەو پەڕاوانـە وان لـە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی و بەم زووانە هیوا وایە، کە بخرێنـە ژێرچـاپ و فریای ئەم ساڵە بکەون. بەلام هەنـدێکیان وەك جوغرافیـای پـۆلی پێـنج بەشـی عەرەبی لەبەر ئەوەی کە هێشتا بەتەواوی دانەنراون، ڕەنگە دوابکەون و فریـای دابەشکردن نەکەون.

بـۆ قوتابخانـە ناوەندییـەکان: چـەند لێژنەیـەك پێکهێنـرا و پێـی سـپێردرا، کـە پەڕاوی پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەند بگۆڕنە سەر زمانی کوردی، ئەم لێژنانەش

هەرچەند هەتا ئێستا بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی هیچ گەلاڵەیەکی وەرگێڕدراو، یان دانراوی بۆ نەهاتووە لە لێژنەکانەوە، بەڵام هیواداریین، کە وەك لێژنەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان هەوڵبدەن وە ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە جێبەجێی بکەن، هەتا بتوانین بۆ کاربەدەستانی بسەلمێنین، کە توانامان تێدا هەیە، کە پەڕاوەکانی قوتابخانە ناوەندییەکان بکەین بە کوردی و ئەگەر خوێندن لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا بکرێ بە کوردی پەکمان نە لە مامۆستا و نە لەسەر پەڕاوی وەرگێڕدراو و نە لەسەر پەڕاوی دانراو ناکەوێت.



دیمەنی دانیشتنی ئێوارەی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە، لە گۆڕەپانی قوتابخانەی شەقلاوە

لە ئەرشیفی فۆتۆ ڕەفیق لە م. ڕاستی ڕەفیق وەرگیراوە

دواتر وتاری نوێنەری لقەکانی نەقابەی مامۆستایانی لیوایەکان خوێندرانەوە

**وتاری لقی نەقابەی مامۆستایان لە شەقلاوە**

ئەم وتارە لە لایەن مامۆستا بەگۆك عەزیز[١] خوێندرایەوە:

خوشك و برایانی بەڕێز .. ئەندام و میوانانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە



بە بۆنەی گرتنی ئەم کۆنگرە گرنگە لە مێژووی کوردستاندا، بەناوی مامۆستایان و خەڵکی شەقلاوەی ڕەنگین و بەناوی گەلی کورد و هەموو مرۆڤێکی بەشەرەف، پیرۆزباییەکی گەرم و گوڕتان لێ ئەکەین.

گەلی کوردی قارەمان پاش شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژی پیرۆز لە عێراقی خۆشەویستدا، دان بە مافی نەتەوایەتی نرا و بەشدار بوو لەم کۆمارە بە نرخەدا. بێگومان بەستنی ئەم کۆنگرەیەمان دەستکەوتێکی بێ هاوتایە و ڕوویەکی ڕاستەوخۆ پیشان ئەدات، کە چۆن سەرۆکی کۆمارەکەمان، کاك

[١] بەگۆك عەزیز فەتاح، لەساڵی ١٩٢٢ لە شەقلاوە لەدایك بووە، قۆناغی سەرەتایی لە شەقلاوە خوێندووە، لە ساڵی ١٩٤٢ خانەی مامۆستایانی دێهاتی تەواوکردووە و بە مامۆستا لە قوتابخانەی زینوێ، دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٤٧ هاتۆتەوە شەقلاوە، ئەندامی حزبی هیوا بووە. لە کاتی کۆنگرەدا، بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەقلاوە و ئەندامی نەقابەی مامۆستایانی هەولێر و بەرپرسی ناوچەی شەقلاوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە ١٩٨٦/١٢/٧ کۆچی دوایی کردووە.

عەبدولکەریم قاسم چاودێری نەتەوەی کورد ئەکا وە هەوڵی بووژاندنەوەو پێشکەوتنی ئەدا، کە شانبەشانی برا عەرەبەکانمان بەرەو پێشەوە بڕۆین.

ئەم کۆنگرەیەمان بەشێکە لە کۆنگرەی یەکەم، کە ئەویش لە شەقلاوە بەسترا. زۆر بەداخەوە ئەڵێین، کە بڕیارەکانی ساڵی ڕابردوو هیچی نەهاتەدی و ئێستاش بەرەو ساڵی سێیەمی تەمەنی کۆمارەکەمان ئەڕۆین، بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان نەکەوتۆتە سەر ئەوەی، کە دەسەلاّتی خۆی بەکار بێنێ.

ئێمەی مامۆستایانی کورد لەم کۆنگرەیەدا بەرامبەر نەتەوەی کورد لە کوردستاندا و بەرامبەر مێژوو تاوانبار ئەبین، ئەگەر لە هیچ هەنگاوێکی زانیاری بسڵەمینەوە.

لە دەربڕینی ڕاستی و داواکردنی مافی نەتەوەکەمان، کە زانیاری بناغەیەکی گرنگی ئەم مافانەیە لەبەر ئەوە داواتان لێ ئەکەین، کە بە دڵێکی ڕاست و ڕەوان هەوڵبدرێت، کە ئەمجارە بڕیارەکانمان تەنها بۆ نووسین و ڕۆژنامەو نامیلکە نەبێت، بەڵکو پێویستە بە جۆرێکی زانستی ڕەفتاری پێ بکرێت وە هیواو ئامانجمان بەم کۆنگرەیە بێتە دی.

ئیتر هیوادارین، کە ئەم ساڵەی کردنەوەی قوتابخانەکان چاومان بە بەری ئەمانە بکەوێت، کە ئەبینین لە ژێر سێبەری کۆماری خۆشەویستمان کۆماری عەرەب و کورد بە سەرۆکایەتی ڕۆڵەی قارەمانی نەبەز مامۆستای یەکەممان کاک عەبدولکەریم قاسم.

**وتاری لقی بەغدای نەقابەی مامۆستایان**

ئینجا وتاری نەقابەی مامۆستایان لە بەغدا لەلایەن سەرۆکی لق، مامۆستا (یوسف حەداد) خوێندرایەوە:



خوشك و برایانی نازدار

ئامادەبوونم لەم کۆنگرە بەرزەتان بۆ من شانازییە، لە جیاتی لقی پارێزگای بەغدا، کە نوێنەرایەتی هەزاران برا، لە مامۆستایانی عەرەب دەکات، بۆ ئەوەی جوانترین ئومێد و قووڵترین هەستی خۆشەویستیتان پێشکەش بکەم.

هیوایەکی پتەومان بە سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە هەیە بۆ هێنانەدیی ئامانجە بەرزەکانی، کە هەڵگری خوێندەواری نەتەوایەتی و فێرکردنە لەم بەشەی نیشتمانە هاوبەشە خۆشەویستەماندا. ئەم کۆنگرەیە بەڕاستی دەری بڕی گیانی ئەو دیموکراتییە، کە ئامانجی مامۆستایانەو ئامانجی گەلەکەمانە بۆ گەیشتن بە پاشەڕۆژێکی ڕووناك، کە زانیاری و خوێندەواری و گەشەداری باڵی بەسەردا بکێشێت.

برا مامۆستا عەرەبەکانم بە پەرۆشەوە لە هەوڵ و تەقەلّای جوامێرانەی برا مامۆستا کوردەکانیان دەڕوانن، کە لە پێناوی زیندووکردنەوەی کەلتووری هونەری و وێژەیی نەتەوایەتییان ئەیدەن، ئەو کەلتوورەی کە ڕەگی بۆ سەدان

سالّ ڕۆچووە و بە دەستی خۆتـان دوای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئازادیخوازانـەی ١٤ی تەمووز بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم بەنازداری گرتووتانـە. بـا ئـەو کەلتوورە ببێتە بنچینەی دەسـپێکی بوێرانـە بـۆ هـەنگاوی  پێشـکەوتنخوازانەو خێراتان.

ئەی هاوڕێیان، ئێمە گوێ لە دەنگو باسەکانتان دەگرین و کەلتوورتان بەگەورە دەگـرین لـە خزمـەتکردنی ئـەم نەوەیـەو نـەوەکانی داهـاتووش، ئـەو هـەوڵ و قوربانییانەی داوتانە لەم ماوە کەمەی ژیانی نەقابەدا، باشترین بەڵگەیە پشـتی پێ ببەسترێ و و پاکترین سەرچاوەیە بۆ لێ هەڵێنجانی هەر کەسـێکی دڵسـۆز و بەجەرگ لە پێناوی بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانەکەی.

هاوڕێیانم.. بیرۆکەی گرتنی ئەم کۆنگرەیەتان، کە لە هۆڵی نیقابەی مامۆستایان لە بەغدا کەوتە ڕوو، بەڵگەیەکی دیارە بۆ گرنگیـی بـە تەنگـەوەبوون و هەسـتی هەموو مامۆستایان بە بەرژەوەندیی برا مامۆستا کوردەکان.

ئەم کۆنگرەیەتان دارەدەستێکی بەهێزە، کە سـەراپای مامۆسـتایان لـە هـەموو نەتەوەکان پشتی پێ ئەبەستن بۆ ڕۆیشتن بەرەو پێشەوە بـە بـڕوا و ورەوە بـۆ ڕاپەڕاندنی پەیامە هاوبەشەکەمان، لە پێناوی پاراستنی کۆمار و گەشـە پێـدانی فێرکردن و خزمەتکردنی هەموو مامۆستایان دا.

بژی برایەتی مامۆسایانی کورد و عەرەب.

بـژی کۆمـارە ئـازادە دیموکراتیەکـەمان بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆکی پاڵـەوان عەبدولکەریم قاسم

**وتاری شاندی کەرکووك**

وتاری شاندی کەرکوك لەلایەن مامۆستا مستەفا نەریمان[1] خوێندرایەوە:

خوشك و برایانی بەڕێز: ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد .. میوانە خۆشەویستەکان.



بەناوی مامۆستایانی کوردی کەرکووکەوە و بەناوی هەموو کورد و نیشتمان پەروەرێکی دڵسۆزەوە لە شاری کەرکوك دا، پیرۆزبایی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە هەموو لایەك پیرۆز ئەکەین.

[1] مستەفا کوڕی سەید ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەدە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە کفری لەدایکبووە، قوناغەکانی سەرەتای و ناوەندیی لە کفری و خانەی مامۆستایانیشی لە ساڵی ١٩٤٤ لە بەغدا تەواوکردووە، بۆیەکەم جار لە کەلار بە مامۆستا دامەزراوە. لە حزبی هیوا بووە، لەبەر چالاکیی سیاسی چەند جارێك زیندانی کراوە و لە وەزیفە دوورخراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ کراوەتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، لە ساڵی ١٩٨٢ خانەنشین کراوە. لە ١٩٩٤/٥/٢٧ کۆچی دوایی کردووە. لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا چالاکییەکی زۆری نواندووە، سەرنووسەری گۆڤاری بەیان و دواتر گۆڤاری ڕەنگین بووە، چەندین بەرهەمی بەچاپ گەیاندووە، لەوانە: (هاواری گەلان، هەڵبەست بۆ قوتابیان، بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی، مامۆستای نەمر، بیرەوەرییەکانی ژیانم و ...). بڕوانە هەریەك لە: مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم.

دانیشتوانی به‌ڕێز: شۆڕشی چوارده‌ی گه‌لاوێژ به سه‌رۆکایه‌تی کاك عه‌بدولکه‌ریم قاسم سه‌نگه‌ری ئیمپریالیزمی ڕوخاند و گه‌لی عێراق به کورد و عه‌ره‌ب و هه‌موو که‌مایه‌تییه‌کانه‌وه ڕزگارکرد له‌و به‌ندی خانه ڕه‌شه‌ی ده‌وری کۆن.

به‌هۆی ئه‌و شۆڕشه مه‌زنه‌وه، که شۆڕشی گه‌لی کوردیش بوو، میلله‌ته‌که‌مان بۆ یه‌که‌م جار گه‌لێك له مافه‌کانی ده‌ست که‌وت، وه‌کو مادده‌ی (٣) له ده‌ستووری وه‌ختی و مادده‌ی (١٥) له نیزامی وه‌زاره‌تی زانیاری، که پێکه‌وه دانانی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی زانیاریی گشتیی کوردییه وه دامه‌زراندنی ڕێکخراوه‌کان، که نه‌قابه‌ی مامۆستایان یه‌کێکه له‌و تۆبه‌رانه‌ی شۆڕشه پیرۆزه‌که‌مان.

خوشك و برایانی به‌ڕێز ...

کۆنگره‌ی یه‌که‌می مامۆستایان گه‌لێ بڕیاری گرنگ و به‌نرخیدا، به‌لام داخه‌که‌مان له‌و بڕیارانه‌ی خرانه سه‌ر قاقه‌ز به‌شێکی زۆر که‌میان هاته‌دی وه ئێمه له‌و باوه‌ڕه‌داین جێبه‌جێکردنی‌ئه‌و بڕیارانه نه‌بێته هۆی چه‌سپاندنی بناغه‌ی کۆماره کۆرپه‌که‌مان و پته‌وکردنی برایه‌تی ڕاسته‌قینه‌ی کورد و عه‌ره‌ب و کوێرکردنی دوژمنانی گشت لایه‌ك.

هه‌روه‌ها ئێمه وه‌کو له کۆنگره‌ی یه‌که‌ممماندا به پێویستی خۆمان هه‌ڵسااین دووباره له‌م کۆنگره‌یه‌شدا دڵنیاین، که به پێویستی خۆمان هه‌ڵئه‌سین و باشترین بڕیار ئه‌ده‌ین بۆ سوودی خوێنده‌واری کوردی، به‌لام جێبه‌جێکردنی‌هه‌موو بڕیاره‌کانی هه‌ردوو کۆنگره له‌سه‌ر شانی هه‌موو میلله‌تی کورد و هێزی دیموکراسییه له عێراقدا و به‌ستراوه به دوا ڕۆژی ڕووناکی

کۆمارەکەمانـــەوە و هـــەنگاوە پیرۆزەکـــانی حکومەتـــە نیشـــتمانییەکەمان و وەزارەتی زانیاری.

دڵسۆزینە ..

ئێمەی ئەندامانی نوێنەرانی کورد لە کەرکووك، یاداشتێکی گرنگمان پێشکەشی سـیادەی وەزیـری زانیـاری و نەقابـە و ئـەم کۆنگرەیـە کـرد، کـە بریتییـە لـە لێکۆڵینەوەیـەکی هـێمن و پوخـت و ڕاسـت لەسـەر خوێنـدەواری کـوردی لـە کەرکووك، کە هێشتا بە شێوەیەکی ڕەسمی دەستی پـێ نـەکردووە و خراوەتـە پشتگوێ، هەرچەندە ژمارەی قوتابیانی کورد لـە کـەرکووك گەیشـتۆتە ١٣٦٢٣ قوتـابی و ئەمسـاڵ لـە ١٧ هـەزار تێپـەڕ ئـەبێ، هـەروەها قوتابیـانی تورکمـان ١٢٤٥٤ قوتابین و ٦ هەزار قوتابی تێکەڵ هەیە، ئەمە بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی، کە لێژنەیەکی ڕەسمی تایبەتی پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کـوردی کردووە. بـەم جـۆرە دەرکـەوت، کـە لەگـەڵ ئـەوەی ژمـارەی قوتابیـانی کـورد سەرەڕای سیاسەتی لەمەو پێش بەربەست کردنی خوێنـدەواری کـوردی زیـاترە لە هەموو بەشەکانی تر، کەچی هێشتا بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی بریتییە لە یارمەتی دەرێك (معاونێك) وەنەبووە بە بەڕێوەبەرێتی (مدیریە)، کە ئێمە لـە یاداشـتەکەماندا داوای هـەرە گەورەمانـە، سـەرەڕای ئەمـە هەمووشـی، ئـەو یارمەتیدەرەش لابرا لەگەڵ ئەوەی، کە هەموو ئاگادارن ئەزانن چۆن بـە ڕاسـتی و دڵسۆزی بە پێویستی خۆی هەڵساوە.

برایانی بەڕێز ...

داوامـان ئەوەیـە بـە زووتـرین کـات ئـەم (معـاونی یەتـە) ببێتـە (مدیریـەتێکی) سەربەخۆ و ببەسترێت بە (بەڕێوەبەرایەتیی زانیـاری گشـتی کـوردی) یـەوە تـا خوێندنی کوردی هەموو سوچێکی شارەکەمان و هەموو مندلأنی کوردی بێبـەش لە خوێندەواری لە زمانی دایك و باوکی خۆی بگرێتەوە.

گوێگرانی خۆشەویست ..

لەبەر ئەوەی وتارەکەمان، کە ئەبێ باسـی مـافی خوێنـدەواری نەتـەوەی کـورد بێت لە کەرکووك، بەلأم دووبارەی ئەکەینـەوە، کـە ئێمـە هـەرگیز لایـەنی مـافی نەتەوەکانی تریش ئەگرین لەم شارە وە لە هەموو عێڕاقدا.

بژی مامۆستای یەکەم عەبدولکەریم قاسم

سەرکەوتووبێ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە.

گەشەداربێ خوێندەواری لە کۆمارەکەماندا.

بژی برایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و ئەرمەنی و ئاسوری.[1]

---


[1] دەقی ئەم وتـارە لـە (کۆنگرەی دووەمـی نـاوخۆیی مامۆسـتایانی کـورد لـە شـەقلاوە)، ل ٣٦، بلأوکراوەتەوە.

**وتـاری نوێنەری موسڵ**

لەلایەن ئیبراهیم ڕەمەزان نەجاڕ خوێندرایەوە.

خوشك و برا و نوێنەرێت هێژا

بناڤێ نوێنەرێت بادینا بۆ دووەم کۆنگرا مامۆستا ب دلەکێ گەش و خوش و سەرفرازی بەخێرهاتنا وە دکەم وە سوپاسی نەقابا مامۆستا دکەم بۆ ئینان جها ڤێ کۆنگرا ناڤ شرین.



گۆڕەپانی قوتابخانەی شەقلاوە. ئەرشیف: فۆتۆ ڕەفیق

برایێت بەڕێز بڕیارەك ژ بڕیارێت کۆنگرا یەکێ ئەڤەبوو کە مدیریەتەکا زانیاری بۆ کوردێت بادینا ل دهۆکێ بهێتە دانان بەلی تەنیا معاونەك دامەزرا لە موصل بۆ بڕێڤەبرنا قوتابخانێت کوردی ل زاخۆ ـ دهۆك ـ شێخان ـ عەقرە.

قوتابخانێت کوردی ل شنگار و تلعفەر بێ بەهره مان.

زمانی کوردی ل ١٧٥ قوتابخانێت بادینا هاتە خواندن، قوتابیان ب خۆشی و کەیف دخاندن و ماموستا ب عەشق دەرس دگۆتن و بو ب شاهی لە گوندێت بهدینان.

سالاٚ بێت ٢٧٥ قوتابخانە دی ب کوردی د خوینن، ئەگەر بێتو قوتابخانێت شنگار و تلعفەر یێت کوردیێ بخوینن، دێ هەمی بنە ٣١٤ قوتابخانه.

خویشك و برایێت سەربەست.. هیڤیامە ئەوە، کو ئێوە هاریکاریا مە بکەن بۆ پێکئینانا وان داخازێت موزەکەرا (بیرخەرەوه) نوێنەرێت بادینا پێشکێشی ڤی کۆنگرا مەیا هێژا کری.

ماموسایێت بە رێز.. دڤیت ئارمانجا مە پاراستنا کۆمارا مەیا نەمر بیت، کۆمارا عەرەب و کوردا خەباتی بکەین بۆ مانا رێ دیموکراتی و بەلا کرنا زانیاری لناڤ وەلاتێ کوردستانێدا مکوم بکەین، برایەتیا عەرەب و کوردان لبن سەرۆکاتیا رێبەرێ ئازا، کاك عەبدول کەریم قاسمی.[1]

[1] دەقی ئەم وتارە لە (کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوه)، ل٣٨، بلاٚوکراوەتەوە.

## وتاری نوێنەری دیالە



مامۆستا نوری ئەمین وتارەکەی خوێندەوە.

مامۆستایانی خۆشەویست .. سڵاوی گەرمی پڕ بەدڵی مامۆسایانی دیالە، کە لە بەراوی سیروانن، بەتایبەتی پێشکەش کۆنگرەی ناوخۆی دووەمی مامۆستایانی کورد ئەکەم...

ئەم کۆنگرەیەی، کە شیرینترین و جوانترین بەرهەمی دیموکراتی کۆماری عێراقی نەبەزە، کە شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی نەمر ڕێگای بۆ خۆش کرد.

خوشك و برایانی خۆشەویست ـ لە کۆنگرەی یەکەمی ساڵی پار زۆر پێشنیاز و ڕێگا و داوای بە سوود و بە کەڵك بڕیار دران، بەلاّم داخی گرانم زۆر کەمیان هاتنە دی وە زۆر زۆر کەمیشیان ئیشی پێکرا، وا بەناوی مامۆستایانی لیوای دیالەوە، داوا لەم کۆنگرە بەڕێزە ئەکەم، کە زۆر بە وردی لە هۆی سەرنەگرتنی پار سەرنج بدەن و بیهێنێتە پێش چاو و هەروەها ئازایانەش ڕێگاو شوێنی وەها دا بنێن بۆ سەرکەوتنی بڕیارەکانی ئیمساڵ، کە هیچ کۆسپەو تەگەرەیەك بەربەستی نەکا. ئیتر زۆر سوپاسی دانیشتوانی شەقڵاوەی بەڕێز دەکەم و بەتایبەتی لقی نەقابەی مامۆستایانی، کەوا دووساڵە خۆیان ماندوو ئەکەن بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە و ئەوەندە بزانین، کە هەموو کوردێك لە هەموو سوچێکی کوردستانەوە چاوی لێمانە وە تەمایەکی گەورەی پێمانە.


ئیتر هەر بژی خۆشەویستمان کاك عەبدولکەریم قاسم

هەربژی برایەتی کورد و عەرەب.

**وتاری نوێنەرانی نەقابەی مامۆستایانی لقی سلێمانی**

مامۆستا محەمەد سالّح سەعید بە نوێنەرایەتی مامۆستایانی سلێمانی، وتارەکەی پێشکەشکرد:

مامۆستایانی بەڕێز .. شارەزایان .. ئەی ڕۆشنبیران .. مێوانە خۆشەویستەکان


لە ئەرشیفی مامۆستا محەمەد سالّح سەعید

ئەمە دووەم جارە کۆئەبینەوە بۆ گرتنی کۆنگرەکەمان، کۆنگرەی مامۆستایانی کورد، ئەو کۆنگرەیەی، کە یەکێکە لە ئاواتەکانی نەتەوەی کورد و هەنگاوێکی پڕ شانازییە بۆ جێبەجێکردنیمافە نەتەوایەتییەکانمان، لە بارەی خوێندەواری و زانیاریی کوردی یەوە.

لەبەر ڕۆشنایی بەندی سێ یەمی دەستووری وەختی کۆمارە خۆشەویستەکەمان، کۆماری کورد و عەرەب وە بێگومان یەکێتی ڕاستەقینەی عێراقی و برایەتی کورد و عەرەب بەهێز تر و پتەوتر ئەکات، چونکی چەند بە

یەکسانی دان بە مافی نەتەوایەتی دوونەتەوە گەورەکەی عێراق نەتەوەی کورد و عەرەب دا بنرێت، ئەوەندە دیموکراتییەت زیاتر ئەچەسپێ و کۆمارەکەمان بەهێزتر ئەبێت. بۆیە گرتنی ئەم کۆنگرەیەی ئێمە، هەر چەندە لە لایەکەوە ڕاستەوخۆ بۆ ڕاژەی زانیاری نەتەوەی کوردە، لەلایەکی تریشەوە قازانجی گشت گەلی عێراقی و کۆمارەکەشمانی تیا دایە، وە ئێمەی مامۆسایانی کورد هەرگیز هەوڵ و تێکۆشانی نەقابە تێکۆشەرەکەمان لەیاد دەرناچێت، کە داوێتی و ئەیدات بۆ پێکهێنانی ئەم جۆرە کۆنگرانە، هەروەها هەستی بە کوڵی خۆمان دەر ئەبرین بەرامبەر بە هاتنی سیادەی وەزیری زانیاری زەعیم ڕوکن ئیسماعیل عارف و زۆر سوپاسی ئەکەین، کە ئەرکی کردنەوەی کۆنگرەکەمانی خستە سەرشانی خۆی، چونکە بێگومان هاتنی، جگە لەوەی کەڵکێکی گەورەی هەیە بۆ کۆنگرەکەمان و کارێکی گەورە ئەکاتە سەر سەرکەوتنی، نیشانەی ئیشکردنێکی هاوکاریی ڕاست و پەیوەندییەکی پتەو دەرئەخات لە نێوانی وەزارەتی زانیاری ونەقابەکەماندا، کە بێ بوونی ئەو ئیشکردن و هاریکاری و پەیوەندی بە خوێندەواری و زانیاری، بە ئاسانی و بە زوویی بڵاو نابێتەوە لە هەموولایەکی وڵاتە خۆشەویستەکەماندا و مۆتەکەی نەخوێندەواری نانرێتە گۆڕەوە.

گومانی تێدانییە، کە هەموو یەکێك لە ئەندامان و چاودێرانی بەڕێزی ئەم کۆنگرەیە، پێویستیەکان ودەسەڵاتی کۆنگرە ئەزانن، هەروەها سنوور وتوانای ئیشکردنی نەقابەیەکی پیشەیی دیموکراتی وەکو نەقابەی مامۆستایانیش بە

وردی هەڵ ئەسەنگێنیٚ تاکو لە سەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانە پێویستییەکانی سەرشانی خۆشیان بە باشی لەبەرچاوبیٚ و بەهۆی لێدوان و لیٚ کۆڵینەوە و ڕوونکردنەو وە لەسەر بناغەیەکی زانیاریی ڕاست، وە بەگیانی ئیشکردنەوە بۆ ڕاژەی باری زانیاریی نەتەوەکەمان بگەینە کۆمەڵێك پێشنیاز و بڕیاری بەکەڵك بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردن و جێبەجێکردنیئەو گیر و گرفتانەی، کە کۆسپن لە ڕێگەی پێشکەوتن و یەکگرتنی و خوێندن بە زمانەکەما،. هەروەها بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری وێژەو هونەری نەتەوایەتیمان و بۆ نووسینەوەی مێژووی نەتەوەکەمان لەسەر ڕۆشنایی زانیاری نویٚ وە تەخت کردنی ڕێگە لەبەردەمی خوێندندا بە کوردی لە کوردستانی عێراق لە هەموو پلەیەکی خوێندندا.

ئێمە هەرگیز نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، کە سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان بە زۆری لە سەر شانی خۆمان وەستاوە، لەبەر ئەوە لە کاتی ئیش کردنماندا ئەبێت هەردەم ئەو ڕاستییە بخەینە بەرچاومان وە زۆر باش بزانین هەرچەندە ئێمە کۆنگرەکەمان لە ژێر سایەی کۆمارە دیموکراتی یەکەماندا بە سەرۆکایەتی کاکە کەریم ئەگرین، بەلاّم دوژمنانی نەتەوەکەمان و نەقابەی مامۆستایان، هەمیشە لەسەر پێن بۆ ئەوەی ڕێگەی سەرکەوتنمان لیٚ بگرن و نەهێڵن ئەم جۆرە کۆنگرە بەنرخانە سەر بگریٚ وە دووبارە بکرێتەوە، بەلاّم هەوڵ و تەقەلاّی ئەوان لە ئاستی ئیش کردنی دڵسۆزانەی ئێمە و بڕوای بە هێزمان بە ڕاستی ئامانجەکانمان و یەکێتی مامۆستایان هەموو فێڵ و تەڵەکەو پیلانێکی

ئەوانە لەناو ئەبات، چونکە ئامانجی ئەم جۆرە کۆنگرانە ڕاستەوخۆ بەستراوە بە ژیانی سەربەستانەی نەتەوەکەمانەوە، بۆیە هەمیشە لە خەباتدایین، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دوور و نزیکانەمان.

بژی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

بژی نەقابە تێکۆشەرەکەمان، نەقابەی گشت مامۆستایان.

بژی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان.

بژی کۆمارە دیموکراتییەکەمان کۆماری کورد و عەرەب بە سەرۆکایەتی ڕۆڵەی گەل کاکە کەریم.

**خوێندنەوەی چەند برووسکە و نامەیەکی پیرۆزبایی**[1]

دووای تەواوبوونی وتاری لقەکانی نەقابە، لەلایەن مامۆستا مەجید ئاسنگەر و مامۆستا حەیدەر عوسمان، چەندین برووسکەو نامەی دیکە خوێندرانەوە، کە بە کۆنگرەکە گەیشتبوون، لەبەر زۆریی برووسکەو نامەکان، تەنها ئاماژە بەناوەکانیان کراوە و ناوەرۆکی هەندێکیان نەخوێندراونەتەوە.

---

[1] تەواوی ئەو برووسکە و نامە پیرۆزباییانە و چەندین نامەی دیکەی پیرۆزبایی، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە، بڵاوکراونەتەوە. ئێمە ئەوانەمان هەڵبژاردن، کە پێمانوابووە، لەکاتی خۆیدا، بە کۆنگرە گەیشتوون.

## سلاوی لقی هەولێر ی پارتی دیموکراتی کوردستان

## بۆ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد

بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان، لقی هەولێر، سلاو لە کۆنگرەی دووەمتان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە کارەکانتان، بەو هیوایەی، کە بە چاوێکی وردبینانە و بابەتییانە لە کێشەو گرفتەکانی خوێندەواری و کەلتووری کوردی و لە پێویستییەکانی پێشکەوتنیان بڕوانن، بەو پێیەی ئەمە بەشێکی بچووکە لە مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردمان، کە لە ماددەی (٣)ی دەستووری عێراقیدا دانی پێدانراوە.

تکاکارم، کە پێداگر بن لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمتان، وە لەسەر لابردنی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی ببوونەوە، هەروەها نەهێشتنی ئەو سستیەی لە سالی ڕابردوودا، دووچاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی هاتبوو، بۆ ئەوەی بکرێتە دەزگایەکی گشتگیرتر و هەموو کاروبارێکی کەلتووری لە خۆ بگرێ. بەمەش برایەتییەکی ڕاستەقینە لە نێوان کورد و عەرەب بەرجەستە دەبێ، ئەو برایەتییەی، کە بووژانەوەی کۆمارە خۆشەویست و دیموکراتییەکەمانی لەسەر وەستاوە. گەلی کورد و لە پێشیەوەش پارتی دیموکراتی کوردستان  پالپشتێکی تەواوی هەولێ و تێکۆشانتانن لەم ڕێگایەدا

مەلا عەبدوللاّ ی حاجی ئیسماعیل

لە جیاتی لقی هەولێر

**له  پارتی دیموکراتی کوردستان ـ لقی موسڵ**

**بۆ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد له شەقلاوه.**

لقی پارتی دیموکراتی کوردستان له موسڵ به هەزاران کەس له ئەندام و هەڵبژێردرا و لایەنگرانیەوه، سڵاوێکی گەرم ئاڕاستەی کۆنگره بەڕێزەکەتان دەکات. وه داوای سەرکەوتنان بۆ دەکات له کار و چالاکیەکانتاندا، هەروەها شانازیتان پێوه دەکیەن به له ئەستۆگرتنی دڵسۆزانەی  بەرپرسیاریەتی ئەدەبی و مێژوویی گەلی کوردمان، به جێبەجێکردنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاریی کوردستان، تا لایەنی بوون و نوێکردنەوەی بەڵێن و وەفاداری و قوربانیدان له ڕێگای کۆماری عێراقی نەمر و ئاڕاسته دیموکراتییه به بەهاکەی و دەستەبەرکردنی یەکێتی برایەتی و ڕێز لەیەکگرتنی دوونەتەوه سەرەکییەکەی عەرەب بو کورد و نەتەوه و کەمینەکان، که گەلی عێراقی پاڵەوان پێکدێنن  به سەرکردایەتی پێشەوای وڵات، لیوا ڕوکن عەبدولکەریم قاسمی ئەمین.. ئەوپەڕی سڵاومان قبوڵ بفەرموون.

بەرپرسی لق

سالح یوسفی

## سڵاوی بەڕێوەبەرانی بڕوا

## بۆ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد[1]

سڵاوێکی گەرم و گوڕمان بۆ کۆنگرە بەنرخەکەتان

سڵاوی تێکۆشانی ڕۆژنامەکەمان لە تێکۆشانی ئێوەی مامۆستایانی کورد لە ڕێی پێشخستن وگەشەپێدانی وێژە و زانیاری و ڕەوشەنبیری وهونەری گەلی کوردی قارەمانا.

ئێوەی بەڕێز، ئەی مامۆستایانی کورد، بڕوامان هەیە پێتان، کە هەمیشە مەشخەڵ هەڵگری ڕێی ڕووناك کردنەوەی کاروانی شارستانی بن، کە وەك مۆم بسوتێن تا بۆ خەڵقی تریش ڕووناکی بدەن.

کۆنگرەکەتان کۆنگرەی مامۆستایانی کوردە، ئێوەش ڕۆڵەی گەلی کوردن، لەبەر ئەوە هەموو کوردێك چاوی تێ بڕیون، چاوەڕوانی ئەنجامی هەوڵ و کۆششتانە.

هیوادارین، کە هەنگاوی پێشکەوتوو بنێن و ساڵ لە دوای ساڵ کۆنگرەی فراوانتر بگرن لە ژێر سایەی کۆمارە دیموکراتییەکەمانا

بە سەرکردایەتی ڕۆڵەی گەل کاکە کەریم قاسم.

---

[1] ڕۆژنامەی بڕوا، ژ٦، ساڵی١، ٢٠/٨/٩٦٠، ل٢

ئەم ڕۆژنامەیە، دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز مۆڵەتی وەرگرتووە. عەرەبییەکەی بەناوی (المبدأ) لە بەغداد دەرچووە و لە سلێمانیش هەفتەی جارێك بە ناوی (بڕوا) دەرچووە، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی پارێزەر کەمالی میرزا کەریم بووە.

**لە ناوچەی زاخۆ ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە**

**بۆ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە**

بـــەناوی لێژنـــەی ناوچـــە وســـەرجەم ئەنـــدامان و لایـــەنگرانی پـــارتی دیموکراتی کوردستان لە قـەزای زاخـۆ ، پشـتگیری و پیرۆزبـایی  لـە کـۆنگرەی دووەمتان دەکەین، تکاتان لێدەکەین، کە هەموو هەوڵ و توانایەکتان بخەنە کار بـۆ وەدەسـتهێنانی داخوازییـە ڕەواکـانی گـەلی کوردمـان، ئـەوەش بـزانن ئـەی کۆنگرەگێڕەکان، کە بەرپرسـیارییەتێکی مـەزنتان لـە ئەسـتۆدایە و سـەرتاپای کوردسـتانی برینـدار چـاویان بڕیوەتـە ئێـوە و ئـەو دەسـتکەوتانەی بەدەسـتی دێنن.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین لە سەردەمی کۆمـارە حۆشەویستەکەمان بە سەرکردایەتی پێشەوای ئەمین عەبدولکەریم قاسم.

بژی برایەتی کورد و عەرەب.

لێژنەی ناوچەی زاخۆ.

- **بررووسکەی لقی کـەرکووك ی پـــارتی دیمـوکراتی کوردســـتان:**  بـە واژووی (جەلال عبدالرحمان)[1] نێردراوە .

[1] تەواوی ئەو برووسکە و نامانەی تایبەتن بـە لـق و ناوچـەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لـە ڕۆژنامەی خەبات، بە زمانی عەرەبی، لە ژمارەی ٢٩٢ ی ڕۆژی ١٩٦٠/٨/١٩ دا بلاو کراونەتەوە.

## تەلەغرافی ژین بۆ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد

## کۆنگرەی مامۆستایانی کورد ـــ شەقڵاوە[1]

بەناوی نووسەران و بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامـەی (ژیـن) ەوە، لـە کـانی دڵـەوە پیرۆزباییتان لێ ئەکەین، وە بە شانازییەوە ئەم هەوڵ و تەقەلایەتان لە لاپەڕەی مێـژوودا بـاس ئـەکرێ، کـە ئـەم ڕەنجـە ئازایانـە ئـەدەن بـۆ پێشخسـتن و گەشـەپێدانی زانیـاری و زانسـت و ئـەدەبی کـوردی، بـەناوی پێنووسـی ئـازاد و پاڕێزەرانی وشەی پیرۆزەوە، دووبارە سلاوی گەرممان بۆ کۆنگرەکەتان لەگـەڵ ئاواتی بەرزمان بۆ سەرکەوتن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانتان.

ئەحمەد زرنگ

لەجیاتی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ژین).

[1] ژین، ژ١٥٥٤، ٢٢/٨/١٩٦٠، ل١.

## لە ڕۆژنامەی دەنگی کورد

## سلاوێك بۆ کۆنگرەی دوهەمی مامۆستایانی کوردستان[1]

(دەنگی کورد) گەرمترین سلاو ئەنێرێ بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی، کە لەم کۆنگرەیەدا بەشدار ئەبن، وە داواکارە، کە هەمیشە لە بەرزیدابن وە لە ڕیزی خزمەت گوزارانی کورد دوانەکەون.

بێگومان کۆنگرەی دوهەمی مامۆستایان ئاواتی هەموو گەلی کوردە، گەلی کورد بە تامەزرۆوە چاوەڕوانیەتی وە چاوەڕوانی بەرهەمە بە نرخەکانیەتی بۆ گەلی کورد.

ئەم کۆنگرەیە لەناو قولپی دەروونی کوردایەتییەوە سەر هەلئەدا و خزمەتی ئەدەبی کوردی ئەکا.

ئیتر بۆ پێشەوە بۆ خزمەتی نەتەوە دوا کەوتووەکەمان (نەتەوەی کورد) بۆ دەسخستنی دەسکەوتێکی بەنرخ لە کۆنگرەی دووهەمی مامۆستایانی بەڕێز.

[1] ڕۆژنامەی دەنگی کورد، ژ١٦، ١٥/٨/١٩٦٠.

ئەم ڕۆژنامەیە لە بەغدا بە عەرەبی و کوردی لە چوار لاپەڕەدا، دەرچووە، خاوەن و سەرنووسەرەکەی پارێزەر عومەر جەلال حەوێزی بووە. یەکەم ژمارەی لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠ دەرچووە.

**– سلاَوی هاولاَتیان بۆ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد**

سـلاَو لـه کۆنگرەکـەتان، کـه بـه هـەق هـەنگاوێکی کاریگـەره لـه پێنـاو پێشـکەوتن و پێشخسـتنی زمـان و وێـژەی کـوردی، ئەمـەش بەرهەمێکـه لـه بەرهەمەکانی تێکۆشانی مامۆستایانی گەلی کوردمان له پێناو زیندووکردنـەوەی کەلەپووری نەتەوەیی بۆ گـەلی کوردمـان و بـەرەو پێشـبردنی هـەنگاوەکانی بـۆ بەدیهێنانی ئامانجه نەتەوەییه ڕەواکانی.

دلّنییان، که کۆنگرەکەتان بڕیاری تۆکمه له خـۆ دەگـرێ بـۆ زیندووکردنـەوەو پێشخستنی ڕۆشنبیریی کوردی له کوردستان.

ئێمـه لـه کاتێکـدا، کـه هـەولّ و کۆششـتان بـەرز دەنـرخێنین و بـه هەلّوێسـتی حکوومەتی نیشتمانی و نەقابـەی مامۆسـتایان دەزانـین لـه ڕەخسـاندنی بـوار لەبـەردەم ڕۆشـنبیرانی کـورد بـۆ لێکۆلّینـەوه لـه کێشـه کەلتوورییـەکان و فێرکارییەکانی تایبەت بەخۆی.

بەرەو کاری بەرهەمدار له پێناو زیندووکردنەوەو پێشخستنی زمان و کەلتووری کوردی.

به واژووی:

ڕەئوف ڕەشید ــ فوئاد بابان

فوئاد تۆفیق ــ عوسمان حوسێن ــ خەلیل عبدالله .

**– لە لیژنەی ناوچەی کۆیە**[1]

لیژنــەی ناوچــەیی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان  ـ لقــی کۆیــە، پیرۆزبــایی گەرمتان لێ ئەکا بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی دووەمتان وە هیوای سـەرکەوتنتان ئەکا بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی زانیاری و زمان و مێژووی نەتەوەی کورد وە تکا و داواتان لێ دەکا، کە بـە کاربەدەسـتانی بسـەلمێنن بـۆ ئـەوەی مدیریـەتی زانیاریی کورد هەموو جۆرە دەسەلأتێکی بدرێتێ لە ڕووی زانیاری کوردییەوە بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش وەك نەتەوەی عەرەب، هەموو مافێکی زانیاریی خۆی وەربگرێ.

هەربژی کۆماری عێراقی بە سەرۆکایەتی کاکە کەریم قاسمی پێشەوا.

هەردەم سەرکەوتووبێ کۆنگرە بەنرخەکەتان

لیژنەی ناوچەی کۆیە

محەمەد شوان

**– لە لیژنەی ناوچەی ئامێدیی پارتی دیموکراتی کوردستان**

برووسکەیەکی پیرۆزبایی  بـە واژووی (عبـدالرحمان علـی) ئاراسـتەی کـۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە کراوە.

– سلاوێك بۆ کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە بە واژووی (عبدالسـتار العقراوی ــ مستەفا علـی ــ میکائیـل  علـی سـعید ــ  حسـین یـونس ــ حسـن محمود).

[1] دەقی ئەم برووسکەیە لە گۆڤاری هەتاو، ژ١٨٤، ٣١/ئاب/١٩٦٠، ل٢٨، بلاوکراوەتەوە.

- لە هەولێرەوە برووسکەیەکی پیرۆزبایی بە ئیمزای (محمد حاج مبارك) لە ڕێی ڕۆژنامەی خەبات ئاراستەی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە کراوە.
- **لە قەزای پێنجوێنەوە**[1]

برووسکەی لێژنەی ناوخۆیی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەناوی گشت ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگیر و دۆستانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قەزای پێنجوێنەوە، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە کۆنگرەی دووەمتان دەکەین لە شەقڵاوە و پیرۆزبایی و ئافەرینی گیانی نیشتمان پەروەرێتیتان دەکەین و ئاواتەخوازین، کە لە سایەی خەباتی ئێوەوە شانی کورد و کوردستان بەرزبێتەوە و کۆنگرەکەمان پێشکەوێ و خوا بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد و چارەکردنی کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێگای زمانی کوردی و پێشخستنی خوێندەوارێتی و وێژەی کوردی موەفەقتان کات.

بژی برایەتی کورد و عەرەب

بژی پێشەوای کۆمار و سەرۆکی سەرکەوتوومان کاکە کەریم قاسم

لەلایەن لێژنەی ناوخۆیی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە پێنجوێن

جەمیل میرزا ئەحمەد سەعید.

---

[1] دەقی ئەم برووسکەیە لە گۆڤاری هەتاو، ژ ١٨ ، ٣١/ئاب/١٩٦٠، ل٢٩، بڵاوکراوەتەوە. پێمانوایە ئەو برووسکانە، لەڕێی باوەڕپێکراوی شارەکانەوە بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان نێردرابن.

- برووسکەیەك لە بەڕێز (فمو حسن دەولەت) .
- لــە ئەنــدام و لایــەنگرانی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان لــە (الحــی) برووسکەیەکی پیرۆزبایی بە واژووی (فاتح شریف ـ یوسف حیاز ـ جاسم محمد بشیر ـ غەزبان عەلی).
- **لە دهۆکەوە:**

**برووسکەی کۆمەڵەی مەهابادی جوتیاری لە دهۆك**

**بۆ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە[1]**

بـەناوی خـۆم و بـەناوی دەسـتەی کـارگێڕی کۆمەڵـەی مـەهابادی جوتیـاری، پیرۆزبایی لـە کـۆنگرەی دووەمتـان دەکـەم، هیـوای سـەرکەوتنی تـەواوتان بـۆ دەکەم بۆ خزمەتکردن و پێشخستن و بوژاندنەوەی ڕۆشنبیری و وێژەی کـوردی لە کوردستانە تێکۆشەرەکەمان.

بژی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد

فیصل حسن دۆسکی

سەرۆکی کۆمەڵەی مەهابادی جوتیاری لە دهۆك.

- لە قوتابیانی دهۆك (کەمال ئەحمەد خەیات).

[1] خەبات، ژ ۲۹۰، ۱۷/ئاب/۱۹٦۹، ل۲.

- **لە توزخورماتو**[1]**:**

جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمتان و پێشخستنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی بۆ دەزگایەکی تەواو، کە مافە ڕۆشنبیرییەکان بۆ ڕۆڵەکانی کوردستان دەستەبەر بکات، لە پێویستییەکانی بەهێزکردنێکی ڕاستگۆیانەی یەکێتی عێراق و بووژانەوەی کۆمارە دیموکراتیەکەمانە، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین بۆ خزمەتکردنی ڕۆشنبیریی کوردی.

لە جیاتی قوتابیانی کورد لە توزخورماتو (جمعە ڕەمەزان، محسن محمد گلی).

- هەر لە توزخورماتوەوە برووسکەیەکی هاوشێوە لەلایەن ڕۆشنبیران و کرێکاران و جوتیار و کاسبکارانەوە گەیشتووە، کە سڵاو لەکۆنگرەی مامۆستایانی کورد دەکات . لە جیاتی ڕۆشنبیران (اسماعیل خوری) و لە جیاتیی کرێکاران (احمد سعید) و بە نوێنەرایەتیی کاسبکاران (نوری اسماعیل) و لە جیاتیی جوتیاران (خدر عباس) واژوویان کردوە.

- **لە کفرییەوە:**

لە کرێکارانی کفرییەوە بە واژووی (ڕەزا خەلیفە مالك ـــ کەریم سەعید ) برووسکەیەك بە ڕۆژنامەی خەبات گەیشتووە.

- هەر لە کفرییەوە، برووسکەیەکی پیرۆزبایی، بە نوێنەرایەتیی (٢٦) قوتابی (عبدالقادر فارس) واژووی کردووە.

---

[1] خەبات، ژ ٢٩٠، ١٧/ئاب/١٩٦٩، ل٢.

- لـە لێژنـەی ناوچـەی کفریـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـە واژووی (عەلی حەمدی).

– لە بەڕێزان جەلال قەرەداغی و عەبدوڵلا جاف و صابر حاجی فتح الله.

– لە بەڕێزان ڕەزا خەلیفـە مالـك ـــ عـەلی فـەقێ محەمـەد ـــ شـێخ ئەبوبـەکر محیەدین.

– **لە خانەقین**[1]: هەریەك لە:

- نەقابەی کرێکارانی نەوت بە واژووی سکرتێر(سەعید عەلی بەگ)
- سلاَوێك لە بەرێز (ئەحمەد کەلاری).
- لە بەڕێزان(محەمەد سەعید مزوری ـ عەبدولقادر عەلی).
- لە بەڕێز ( ئەسکەندەر ئەحمەد هەمەوەندی).

– **لە چەمچەماڵ:**

- لە لێژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- جەماوەری چەمچەماڵ لە جیاتی (٣٦) بە واژووی (محەمەد خەلەف).

– لە قوتابیانی کوردستان لە جیاتی (١٩) کەس بەواژووی (لەتیف بەرزنجی)

– لە بەڕێز عبدالحافز ئەنوەر المایی.

– لە مامۆستایان: (محەمەد نوری تۆفیق ـ حسین سەید محەمـەد ـــ جـەلیل صالح ـ فاتح شێخ حامد مەولودعەزیز ـ تەها تۆفیق ـ ڕەزا شێخ حامد).

[1] خەبات، ژ٢٩١، ١٨/ئاب/١٩٦٩، ل٢.

## ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی[1]

کاتژمێر (٧) ی ئێوارە، کۆتایی بە دانیشـنەکانی ڕۆژی یەکـەمی کـۆنگرە هات، هەر ئەو شەوە کاتژمێر (٨)، ئاهەنگێکی مۆسـیقاو گـۆرانی لـە گۆڕەپـانی قوتابخانەی شەقلاوە، سازکرا، هەریەك لە هونەرمەنـدان: حـەیران بێـژ ڕەسـول گەردی و گۆرانیبێژان: تاهیرتۆفیق [2]و فوئاد نانەکەلی (فوئادئەحمەد) و باکووری گۆرانییان پێشکەشکرد، ڕەوان شـاد (گیـو) گوتـەنی:  دار و بـەردییان جۆشـدا. دواتر کۆمەلێك ئەکتەر، شانۆگەرییەکیان نمایشـکرد و  ئاهەنگەکـە، تـا کاتـژمێر ١٢ی شەو درێژەی کێشا.

---

[1] مامۆستا باکووری لەبارەی ئامادەکارییەکانی تیپی مۆسـیقا، دەڵـێ: ((لـە کۆیـەوە لەسـەر داوای بەڕێوەبەری مەعاریف هاتمە هەولێر، ڕۆژی ٩ ی ئاب ١٩٦٠، مامۆستا (نەشئەت محەمەد سـەفوەت) داوای لێکردم لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەی مەعاریف لەلای خـۆی و خۆمـا یـەکبگرین و ئامـادەبین بـۆ سازدانی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی، شەوانی (١٥ و ١٦ و ١٧) ی ئەم مانگـە (ئـاب) لـە شـەقلاوە، بەبۆنەی گرێدانی کۆنفرانسی (محلی) دووەمی مامۆستایانی کورد))، هەر لە درێـژەی ئـەم باسـەدا، مامۆسـتا بـاکووری دەڵـێ: ((ڕێککـەوتین لـە بـەیانی ڕا دەسـت کـەین بـە دانـانی بەرنامەیـەك بـۆ شەوەکانی شەقلاوە و لێرە (لە هـەولێر) هـەموو ڕۆژێ لـە ژوورێکـی قوتابخانـە کۆنەکـەی سـانەوی بەرامبەر سەرای کۆن، تەنیشتی دائیرەی بەرید و بەرق تەلەفۆن، لـەوێ تـەمرین بکـەین)) بـۆ وردە زانیاریی زیـاتر، بڕوانـە: تەمـەنێك لـە بیرەوەرییـەکانی بـاکووری، بەشـی دووەم، لـەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢١١.

[2] لەدیدارێکمانـدا لەگـەڵ کـاك فـەرهاد عـەونی، یادەوەرییـەکی عـەونی ی شـاعیری لـەم ئاهەنگـەدا باسکرد، وتی باوکم گێڕایەوە وتی: لەگەڵ گۆران و ئەحمەد دڵزار بەیەکەوە دانیشتبووین و گوێمـان بۆ تاهیر تۆفیق گرتبوو، کە بە دەنگە بەسۆزەکەی مـەقامی ( جیهـانم پشـکنیوە نـازدار جـوانم زۆر دیوە)ی دەگوت، گۆران پرسیی ئەم شیعرە، شیعری کێیە، وتی: گوتم شـیعری منـە، گـوتی گـۆران پێی وتم: نایگۆڕییەوە بە ١٠ شیعری من!!؟.

### ٢-٣-٢ دانیشتنەکانی ڕۆژی دووەمی کۆنگرە

ڕۆژی سێشەممە ٨/١٦ کە دووەم ڕۆژی کۆنگرەکە بوو، ئەندامانی لێژنـەکان لـە (٨) ی بەیانی تا (١٢) نیوەڕۆ سەرقاڵی دارشتن و گفتوگۆ و پوختکردنی بڕیار و ڕاسپاردەی لێژنەکانیان بوون.



لە پەراوێزی کۆنگرەدا، وێنەیەك بۆ یادگاری

لە ڕاستەوە: فەرەیدون عەلی ئەمین، کەریم شارەزا،حوسێن عارف ، ناهیدە شێخ سەلام، ـ،

محەمەد مەولود(مەم)، ـ

لە دانیشتنی دوای نیوەڕۆشدا، بەهەمان شێوە، ئەندامانی کۆنگرە، تـا کاتـژمێر (٧) ی ئێوارە، سەرقاڵی کاری لێژنەکانیان بوون و لەبەر هیلاکی کارەکانیان بۆ ڕژی دواتر دواخست.

### ٢-٣-٣ کۆڕی ئەدەبی

کاتــژمێر (٨) ی ئێــوارەی ڕۆژی دووەم ١٩٦٠/٨/١٦، لــە گۆڕەپــانی قوتابخانـەی شـەقڵاوە، کـۆڕێکی ئـەدەبی بـۆ شـاعیر و نووسـەر و بوێـژەکانی ئامادەبووی کۆنگرەکە سازکرا.

عەمیـدی ئـەدەبی کـوردی (عەلائـەدین سـەجادی) کۆڕەکـەی بـەڕێوەدەبرد. کۆڕەکـە تـا کاتـژمێر (١٢) ی شـەو، درێـژەی کێشـا و چـەندین شـیعر و وتـار و بابەتی ئەدەبیی تێدا پێشکەشکران و لە کۆتاییشدا، چەند فیلمێکـی سـینەمایی نمایشکران[١].

سەرەتا بەڕێوەبەری کۆڕ، بە شێوەیەکی گشتی باسی لە بایەخی ڕۆڵـی ئـەدەب کرد، لە بەرەو پێش بردنی زمان و کەلتووری نەتەوەدا.

---

[١] جگە لە شیعرەکەی (گۆران) کـە بـۆ کـۆنگرە نووسـراوە، بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی دیکـە، پێشـتر نووسراون، وا دەردەکەوێ، کە بیرۆکەی سازدانی ئەم کۆڕە، لای هەندێك لـە بەشـداربووان، بـوونی نەبووە و ئامادە سازیی بۆ نەکراوە، هەروەك لە چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ مامۆستا (کـەریم زەنـد) سەبارەت بە بەشداربوونیان، لەم کـۆڕە شـیعرییەدا، باسـیان لـەوە کـرد، کـە بـەبێ ئـەوەی خـۆی بییەوێ، یان شتێکی ئامادەکردبێ بۆ پێشکەش کردن، بانگ کراوە و گوتیشی، کە ڕێ و ڕێ، بـیری لە بابەتێك کردۆتەوە تا پێشکەشی بکات.

گومـان لەوەشـدا نییــە، هەنــدێك لــە شــاعیر و نووســەران، کــە بەشــداری لــە کۆڕێــك یــان گردبوونەوەیەکی ئەدەبی، یان جەماوەری دەکەن، بەرهەمێکی خۆیان لەباخەڵدا دەنێن، بۆ ئـەوەی ئەگەر لەلایەن کۆڕگێڕان، یـان لەلایـەن جـەماوەرەوە  کتـوپڕ داوای پێشکەشـکردنی بابـەتێکیان لێ بکرێ، دەستەوەستان نەبن.

مامۆستا عەلائەددین سەجادی[1]، باسی لەوەش کرد، کە بوێژ و شاعیرانی کورد لەم بوارەدا ڕۆڵێکی مەردانەیان بینیوە.




لە سەردەمانێکدا گەلی کورد بەهێزترین چەکی، قەڵەمی ئەو توێژە بوێرە بووە، کە لە بەرامبەر ئەو هەموو هەڕەشانەی لەسەر زمان و کەلتوور و ناو و ناسنامەکەیدا هەبووە، بە زمانی شیرینی کوردی شیعر و بەرهەمی ئەدەبییان نووسیوە و پارێزگارییان لە بوونی زمانەکەیان کردووە.

ئینجا ئەوانەی ناسراو بوون و پێشتر لە بواری ئەدەبیاتدا، بابەتی بڵاوکراوەیان هەبووە و چ ئەوانەی ئارەزووی بەشداریکردنیان هەبووە، یەکە یەکە دەرفەتی بۆ ڕەخساندوون و بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکانیان، بانگی کردوون.

---

[1] عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەدین، لەساڵی ١٩٠٧ لە شاری سنە لەدایکبووە. بە فەقێیەتی زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە.لە ساڵی ١٩٣٨ ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە.
ڕووی کردۆتە بەغدا و ماوەی سی و پێنج ساڵ پێشنوێژیی لە مزگەوتی (نەعیمە خاتوون) دا کردووە. لەساڵی ١٩٤١ گۆڤاری گەلاوێژی بەڕێوەبردووە. لە ساڵی ١٩٤٨ یشەوە گۆڤاری (نزار) ی بە کوردی ـ بەعەرەبی بڵاوکردۆتەوە. لەگەڵ کردنەوەی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب لە بەغدا لە ١٩٥٩ تا ١٩٧٤ مامۆستای وانە بێژی ئەدەب بووە. لەساڵی ١٩٧٤ بووەتە ئەمینداری گشتیی ئەوقافی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان. لە ١٩٨٤/١٢/١٣ کۆچی دوایی کردووە.
چەندین بەرهەمی بەچاپ گەیاندووە، لەوانەش: (مێژووی ئەدەبی کوردی، شۆڕشەکانی کورد، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، هەشت بەرگ لە ڕشتەی مرواری و ...).

**گۆران:**[1] شیعری (بەڕێگادا بەرەو کۆنفرانس)ی خوێندەوە:



بە هەنگاوی گورج و درێژ،

ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ..

بەدەم سەرگەرمیی هیواوە

بەباڵ ئەفڕین،

لە شەقلاوەی خانزاد نشین

(دڵە زۆر گەورەکەی سەفین!)

دووەم کۆنفرانس ئەبەستین..

---

[1] عەبدوڵلا سلێمان عەبدوڵلا. لە ساڵی ١٩٠٤ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، لە حوجرە دەستی بەخوێندن کردووە، لە ساڵی ١٩١٩ باوکی مردووە.

دوای مردنی باوکی، چووەتە لای براکەی لە کەرکوک، تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندوە، تا لە ساڵی ١٩٢١ براکەی کوژراوە و بێکەس ماوەتەوە، چووە بۆ کەرکوك بەڵام نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و لە ساڵی ١٩٢٢ وازی لەخوێندن هێناوە. لە ساڵی ١٩٢٥ بووە بە مامۆستا لەقوتابخانەی هەڵەبجە، دوای دووساڵ گواستراوەتەوە بەشی ڕێگاوبانی دائیرەی ئیشغال. لە (١٩٤٢ تا ١٩٤٥) لەگەڵ ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاك، چووەتە یافا بۆ بەڕێوەبردنی بەشی کوردی لە ڕادیۆی ڕۆژهەلاتی. لە ساڵی ١٩٥١ بەدوواوە چەندین جار گیراوە و زیندانی کراوە، دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز لە ١٩٥٨/٨/١٠ ئازادکراوە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە ئیسکانی سلێمانی دامەزراوە، بەبیانووی وەرنەگرتنی مۆڵەت بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، لە کارەکەی فەسڵ کراوە، دواتر لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەب لە بەغدا کراوەتە وانەبێژ. لە ١٩٦٢/١١/١٨ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستایان ئەیانەوێ:

هەتاوی کورد زوو دەرکەوێ،

لایێ بیر بۆ مێشکمان خۆش کەن،

زمانمان بە کوردی گۆش کەن...

ئێمەیش شوێن کەوتووی کاروانین:

هەم خانەخوێین، هەم میوانین!

بە هەنگاوی گورج و درێژ،

ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ..

بەدەم سەرگەرمیی هیواوە

بەباڵ ئەفڕین،

کۆنفرانسی دووەم ئەگرین!..

بە پیرمەما تێ ئەپەڕین

داربەرووی زۆر دێتە ڕێمان...

پیرە داربەڕووی لاڕێمان،

ڕۆژێ لە ڕۆژانی زۆر زوو،

جۆلانەی لێ هەڵبەسترابوو

ساوای ناو جۆلانەی ژێر دار

ئەیپرخان وەك بەرخی بەهار!

دایکی ساوا،

**لەگەڵ هاژەی دووری ئاوا،**

**بەلایەلایەی شیرینی**

**خەوی خێری پێ ئەبینی،**

**شیری پاکی ئەنایە دەم:**

**گەشەی پێ ئەکرد ژەم بە ژەم...**

**باوکی وریای بەنووکی تیر**

**بۆی ڕاو ئەکرد، کەڵ کەڵ، نێچیر،**

**بە (ڕم) پڵنگی ئەتاران**

**لە جۆلانەی کۆرپەلەی جوان!**

**ئەو ساوایەی ژێر دار بەڕوو**

**کام شێر؟ کام شێر بەزێن دەرچوو؟**

**- نەوەی شێرکۆ: صەلاحەددین،**

**پاڵەوانی غەزای ڕێی دین!**

**ئەوەی بۆ پاسی قەڵای قودس**

**وەك بەردی ڕووی شوورا، بێ ترس،**

**لەبەر شیر و تیرا وەستا،**

**تادەنگی: (هەی ئامان!) هەستا:**

**لە گڕۆی خاچ**

**کەخاچیان کردبوو بەپاچ**

بۆ ڕووخاندن،

بۆ: ئاسیا پڕ لە مردن،

پڕ لە کەلاوەی شار کردن...

بە هەنگاوی گورج و درێژ،

ئەبڕین ڕێگای هەوراز و لێژ،

بەدەم سەرگەرمیی هیواوە

بەباڵ ئەفڕین،

پیرمەم جێ دێڵین لە دواوە:

بەرەو لووتکەی چیای سەفین...

ڕیزی ئۆتۆمۆبیل ئەکشێ،

پێچ پێچ، هەتا داوێنی کێو،

لەوێ کاروان هەڵئەلووشێ:

ورگی باغچەی هەڵووژەو سێو...

لە شەقڵاوا،

دوێنێ، ساوا

کە لە بێشکەی نازا شاد بوو،

مێر کچ بوو، بەناو خانزاد بوو!

خانزادی جوان،

مامزی ناز، پڵنگی لان،

تۆڵەسێنی میر سلێمان،

شۆخی سەر زمانی حەیران،

خانزادی جوان..

بە هەنگاوی گورج و درێژ،

ئەبڕین هەنگاوی گورج و لێژ،

بەدەم سەرگەرمیی هیواوە

بەباڵ ئەفڕین،

لەسەر لووتکەی بەرزی سەفین

ماوەی خول دان لە داڵ ئەگرین.

چیاکانمان،

چیاکانی کوردستانمان،

هەموو سەرپۆش سپی وبەرزن،

بەرپێ بەفراو، داوێن سەوزن.

سەرانسەری ئەم کێوانە:

درەختە و بێشکە و جۆلانە...

لەناو بێشکەی ڕاژەنراوا

دەنگی گڕوگاڵی ساوا،

کچ بێ، کوڕ بێ، دێنێتە یاد:

شکۆی صەلاحەدین، خانزاد!...

بەلاَم دوێنێ،

نە ئەمڕۆیە، نەسبەینێ..

صەلاحەددین یەك سوڵتان بوو،

خانزاد یەك پڵنگی جوان بوو..

ئەمڕۆ بازووی بەكار بۆ كورد،

(ژنی بەرز وەك مانگی دەست كرد):

چەكوش بە دەست، داس بە دەستە،

ڕۆشنبیر و خاوەن هەستە

(هەستی دڵسۆزی نیشتمان،

هەستی خۆشەویستیی ئینسان!)

ڕەنجی بە ملیۆن لەمانە

هێزی باڵی كوردسانە!

ئەگەر دوێنێ مامۆستاكان

یەك سوڵتانیان پێ ئەگەیان،

ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای كورد

دانیشێ و بەڕاوێژی ورد

ڕێگای پێ گەیاندن دانێ:

بۆ ملیۆنان، نەك سوڵتانێ!

لە بێشكەی بن هەر سێبەرێ

سبەی ئەگەر بێتە دەرێ:

خانزادێ ، صەلاحەدینێ،

کاکە مەمێ، خاتوو زینێ...

ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان

چ هیی پێنووس، چ دەمیمان،

بەتاق یەك زاری شیرین

شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین!

ئەوسا: (خانی) ، خانیی سەردەم

بە زمانێك ئەنووسێ (مەم)

کە پێی ئەدوان (نالی) و (مەحوی)

وەك (قوبادی)، وەك(مەولەوی)!

* * *

ئا بۆ گەیشتن بەو کاتە،

بەو ئاواتە،

لە کورت ترین ڕێی ڕوونەوە...

مامۆستایان کۆبوونەوە،

بە دڵسۆزی و بە لێ بووری،

بە ڕەنجێك مایەی ڕووسووری،

دەریای مێشك ئەشڵەقێنن،

دانەی گەوهەر و مرواری

لەبن بنی ئاو دەردێنن...

کام گەوهەر گران بەهابێ،

بەزانستیی کورد ڕەوا بێ،

لێی پڕ ئەکەن کیسەی دیاری،

ئەیبەن بۆ دەزگای زانیاری!...[1]

[1] ئێزگەی کوردی لە بەغدا، وتار و کارو چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانی ڕۆژانی کۆنگرەی تۆمارکردوون، هەرچەندە ئەرشیفی دەنگیی ئەو وتار و چالاکییانە لە ئێستادا لەبەردەستدا نەماون، مەگەر لە ئەرشیفی کەسیی بەشداربووانی کۆنگرە، جێمابن و پارێزگارییان لێ کرابێ. بەلاَم بەشێکی ئەم شیعرەی گۆران لە کاتی خوێندنەوەیدا لە کۆڕە ئەدەبییەکەدا، پارێزراوە و وەك تاکە یادگاریی دەنگ و هەناسەی گۆران ماوەتەوە و بلاَوکراوەتەوە.

**ئەنوەر مایی:**

دوای ئـــەوەی مامۆســـتا ئـــەنوەر مـــایی بـــە زمـــانی کـــوردی ســـڵاوی لـــە ئامادەبووان کرد، ئـەوەی ڕاگەیانـد، کـە بـەهۆی ئامـادەبوونی هەنـدێك مێـوانی عەرەب، بابەتی وتارەکەی بە عەرەبی پێشکەشدەکات.[١]

گەلی خوشك و برایێت هێژا..

دەمێ وە باش..

چونکو د ناڤ مە دا هەین، هەنـدەك برایێـت خۆشـتڤی مێهڤانێـت دەلال، برایێـت مەی عەرەب، ئەز حەز دکەم ئەز ئاخاڤتنا خۆ بە زبانی عەرەبی بێـژم هـەتا کـو ئەو ژی ئاگاهدار بن ژ تۆرە و وێژەیێن کوردی.

سلاوتان لێ بێ ئامادەبوانی بەڕێز..

لەوانەیـە سـەرتان سـوڕ بمێنـێ، کـە دەبیـنن کـورد مێژوویـەکی ئـەدەبی و شارستانییەتێکی دەوڵەمەندی هەیە، هەقتانە سـەرتان سـوڕبمێنێ، نـەك لەبـەر ئەوەی کە مێژووی ئەم گەلە ئەدەبیاتێکی بەرزی تێدا نییە، یان لەبەر ئـەوەی، بە شارسـتانیەت و بـە زمـانێکی نـەمر گەشـەدار نـەبووە ! .  ئـەوە شـتێك نییـە نکـوڵیی لێ بکرێـت. تـا لەڕاسـتییەکان بکۆڵینـەوە. کـە گـوێی لـە ئاسـت ڕاستییەکانی مێژوو گران کردووە.

---

[١] معصوم ئەنوەر مایی لە لاپەڕە (١٥) ی کتێبی (الاکراد فی بهدینان) کە ئەنوەر مایی نوسـیویەتی دەڵێ: تا ئێستا ئەم گوتارە بە دەنگی ئەنوەر مایی پـارێزراوە، کـە پەیوەنـدییمان پێـوەکرد، بـە سوپاسەوە مامۆستا مەعسوم  دەنگەکەی بۆ ناردین. ئێمە دەقە عەرەبییەکەمان کردۆتە کوردی.

بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە لاپەڕەکانی مێژووی ئـەم گەلـە، تـاریکی داپۆشـیون و مێژوو تۆماری نەکردوون،  تۆزێکی زۆریان لێ نیشتووە، تۆزێك کە تا ئەمڕۆ باڵی کێشـاوە بەسـەر ئـەم گەلـەدا، ئـەوە تـۆزی زەبـر و زۆردارییـە، کـە مێژوویـەکی درێژی هەیە، لە بەردەم ڕوانینی بەشێك لـە مـاف و ئازادییـەکانی، کـە دەبوایـە وەك هــەموو گــەلانی دیکــەی ســەر زەمــین، دەســتی پێبگەیشــتبوایە، بۆیــە گەیشتنی دەنگی مێژوو بە گوێچکەکاندا گرانە.

ئاگـادرابوون لــە ئــەدەب و ژیــانی ئــەم گەلــە، تــەنها لەپشــت ڕەشــەبا و هەورەکاندا بووە، هەروەك لە ژیان و مێـژووی ئـەم ئەدیبـە گەورەیـەی کـورد دا دەیبینن، کە من ئەمڕۆ دەمەوێ بە ئێوەی بناسێنم،  ئەویش (شێخ ئادی) یە.. بەڵێ شێخ ئادی..

یەکەمین ئـەدیبی کـوردە، بـۆ برایـەتی و ئاشـتی و خۆشەویسـتی و یەکـدی قبووڵکردن، بانگێشتی خەڵکی کـردووە، مـن کەسـێکم نـەدیوە، لـەم بانگـەوازە پـیرۆزە دا پـێش ئـەو کـەوتبێ، بانگـەوازی بـۆ گەلەکـەی و بـۆ هـەموو جیهـان کردووە، کە دەست بە بنەمای ئاشتییەوە بگرن، لە کاتێکدا دەبیـنین، کـە ئـەم زانایە (شـێخ ئـادی) بـە تـەواوی پێـداگری لەسـەر  شـکۆ و بەرژەوەندییـەکانی گەلەکـەی دەکاتـەوە و ئـەو زوڵـم و زۆرەی کـە غـەزز و سـەلجوقییەکان بەسـەر کوردەکانیانـدا هێنـاوە ئـازاری دەدات، لەگـەڵ ئەوەشـدا شـێخ ئـادی داوا لــە گەلەکـەی دەکـات، کـە ڕق و دوژمنایـەتی دژی (غـەز) ییـەکان لـە دڵ نـەگرن، چونکە (غەزیین)، یان بەرامبەر بـە سـەلجوقییەکان، چـونکە سـەلجووقین، یـان

بەرامبەر بە ڕۆمییەکان، چونکە ڕۆمین، یان بەرامبەر بە فارسەکان، چونکە فارسن. بەڵکو لەسەری پێویستە، دژایەتیی زوڵم و زۆرداری بکات، تا بەتەواوی لەسەر ڕووی زەوی بنبڕیان دەکات. بەمەش دەتوانێ خزمەتێکی گەورە بە بەرەی ڕووناکی (ئاشتی) بکات. بەم شێوەیە تا ئاشتی تەواوی زەوی و تەواوی کەلەبەرەکانی جیهان دەگرێتەوە و بەرەی ئاشتی بەسەر بەرەی شەڕدا سەردەکەوێت. ئەمە سەرکەوتنێکە، کە دەبێ لە پێناو خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتی وەدەست بێت و شوێنەواری تاریکی لەم خاکە پیرۆزەدا بسڕێتەوە، بۆ ئەوەی بەرەی خێر بەسەر تەواوی ڕووی زەوی باڵادەست بێت و پڕ بێت لە هێمنی و ئارامی و ئاشتی و یەکدی ویستن و خۆشەویستی و برایەتی و لێکتێگەیشتن لە نێوان خەڵکدا، بەبێ جیاوازیی ڕەنگ و بەبێ جیاوازیی زمانەکانیان. ئەم بیرمەندەی کورد، دەزانێ، کە بیرۆکەی برایەتی و ئاشتی دەمودەست نایەتە دی، بەڵکو پێویستیی بە ماوەیەکی دوور و درێژ و تێکۆشانێکی بەردەوام و هەوڵێکی زۆر و پێویستیی بە ئارامی هەیە، بۆیە داوا لە گەلەکەی دەکات، بە باوەڕێکی پتەو و بە ئارامگرتنێکی بێ کۆتا، تێبکۆشن و پێشبکەون، ئەگەر بە هێواشیش بێت، بەڵام بە هەنگاوی پتە و بەردەوام.. سەرەنجام هەر باوەڕداران سەردەکەون.

زەوی بۆ بەندە چاکەکارەکان ئەفرێندراوە، ئەم بانگەوازە، بانگەوازی ئاشتی، بە جوانترین شێوە لەم هۆنراوەیەیدا دەردەکەوێت، کە بەناونیشانی (دێ ب ئەزمان بن چیا) هۆنیویەتییەوە، شێخ ئادی دەڵێ:

دێـــت و دەمـــەك دێ بئـــەزمان بـــن چـــیا
دارێ مـــــە زێـــــڕ دێ ببـــــارن وەك گـــــولا
ئـــــاڤ و ڕیبـــــار بـــــەر بئـــــەڤرازی ببـــــەین
دێ ڤەکـــەین ڕێکـــا بەهەشـــتێ بـــۆ هـــەما
شـــەڕ فرۆشـــی ونـــدی کـــەین ئـــەم ئاشـــتیخاز
کار و پیشێ بلبلێن باغا دکەن کەیف و سەما
تـــا ســـپێدێ دێ ل ســـەر بـــەفرێ نڤـــین
بێ نڤین و پووشتی، بێ سەرین و بێ چرا
هەرکەسێ بمریت دێ ساخکەین بێ ڤەمان
نـــابتن ئـــێش و نەخۆشـــی دەرد و تـــا
باو و باران کامەرانی لێ دکەین ئەم بێ درەو
دەستی یەزدان هاری مە دێ کەت خودا
ناهێتە پەیڤێ بەلی پشتی هزار و چەندی دسال
کوورەهی دێ ڕابتن خرِ دێ بنە باب و برا
کـــورد هـــەمی دێ کامـــەران بـــن ڕۆژەکـــی
دێ تـــەنازع بـــن دێ مـــین گـــەل بـــو بڤـــا
ئول پەرستی بۆ خودێ نەك بۆ تە ئێل
ئێـــل پـــەرستی تێبگەهـــە بۆ هەردووکا

دواتر مامۆستا ئەنوەر مایی، شیعرەکەی بەعەرەبیش خوێندەوە.

لەکاتی خوێندنەوەشدا، لە چەندین برگە، بە چەپڵەڕێزان، ئامادەبووان، مامۆستا ئەنوەر مابیان دەوەستاند و دواتر تێ هەڵدەچووەوە.



لە درێژەی وتارەکەیدا، مامۆستا ئەنوەر مایی، دەڵێ: وا باشە لە مێژووی ئەم شاعیرەتان بۆ بخوێنمەوە.

شێخ ئادێ:

مێژوونووسە موسڵمانەکان پێیانوایە، ناوی (عەدیی کوڕی موسافیری ئەمەوی) یە، لە گوندی (ڤار) لە ئاوایی بەعلەبەك بەرەو ناوچەی هەکاری و چیاکانی هاتووە، لەوێ کونجێکی بۆخۆی دروستکردووە و کوردە ئێزیدییەکان لە دەوری کۆبوونەتەوە و بوونەتە شوێنکەوتەی.

لەکاتێکدا مێژوونووسە مەسیحییەکان پێیانوایە ئەو (مار ئەدی)یە، یەکێك بووە لە حەفتا و دوو قوتابییەکان.

لەم شوێنەدا دێرێکی بۆخۆی دروستکردووە کە پێی دەوترێ (لالەش) دواتر ئەدیبە کوردەکە (شێخ عەدی کوڕی موسافیری کوردی) دەستی

بەسەرداگرتووە، کە زەردەشتی بووە، لەوێ شوانی مەڕەکانی دێری ناوبراو بووە، پێش ئەوەی داگیری بکات و بەسەر قەشەکاندا زاڵ بێت، خاوەنی کتێبی (تأریخ موصل) سلمان صائغ بۆ ئەم بۆچوونە چووە و خاوەنی کتێبی داسنائی، لە چیرۆکی قەشە ئەلنستوری ڕامیشوع باسی دەکات. بەلاًم ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە کتێبی (مژدەها ڕۆژ)دا هاتووە، هەسنی دانسی (حەسەنی داسنی)، کە دەکاتە ئامۆزای شێخ ئادی و بە فەرمانی ئەو، ئەو کتێبەی داناوە، دەڵێ شێخ ئادی کوڕی پیاوێکە ناوی (ژاڤر) یا (ژێڤر) لە گوندی (ئەرن) لە چیاکانی هەکارییەوە بۆلای براکەی (بێزورا) ڕۆیشتووە، لە کاتێکدا زەردەشتییەکان زوڵمێکی زۆریان بەسەردا هاتووە لە ناوچەی ئامێدی و هەکاری و دانس .

لە سەردەمی (مستکفی باللە)ی عەباسی دا، ئەم نووسەرە بە (مزتکفی باللە) باسی کردووە، دەڵێ، کەوا شێخ ئادی لەگەڵ ئامۆزاکەی (ئالی) لە (دارالخلافە) بووە و توانیویەتی بە هۆی (کەرامات)ەکانی سەرنجی خەلیفە بۆخۆی ڕابکێشێ و نووسراوێکی لێ وەربگرێ بۆ سوڵتانی موصل و (ناصر دولە) بۆ ئەوەی لە گەڕاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانیان لە (لالەش) هاوکاریی بکەن و ئازادییەکی تەواویان هەبێ لە چالاکییە ئاینییەکانیان لە ناوچەکانیاندا.

نووسەر دەڵێ شێخ ئادی ئەو (عەزیز ی کوڕی موسافیر) ە نییە، کە دامەزرێنەری ڕەوتی عەدەوییەیە، بەڵکو ئەم شێخ ئادییە، ئێزیدییەکی

زەردەشتییە، و یەکێکە لە مەزنەکانی سەردەم و یەکێکە لە مەزنەکانی زەمان، ئەو شیعرانەشی، کە بەدەستی ئێمە گەیشتوون، ئەو باوەڕەمان لا دروست دەکات، کە زەردەشتی بووە، بەتایبەتی لە موناجاتەکانیدا کە لە (مژدەها ڕۆژ) دا هاتوون، لەلایەکی دیکەش لە نوێژی یەزیدییەکانیشدا هاتووە:

خودا یەزدانە

مەلەکێ تاووس خودیێ فرمانە

زەرادەشت پێغەمبەرێ جیهانە

شێخ ئادی ل هەمی زەمانە

هەروەك خاوەنی کتێبی (مژدەها ڕۆژ) وشەی (ئادی)ی دەربڕینی بەشێوەیەك بەکارهێناوە، کە ئێزیدییەکانی ئەمڕۆ بەکاری دێنن، ئەگەر (عدی) بوایە، وشەکە دەبووە (ئەدی)، بەپێی یاساکانی کورتکردنەوەو لادان لە زمانی کوردیدا.[١]

---

[١] دواتر ئەنوەر مایی، ژیاننامەی شێخ ئادیی بە شێوەیەکی فراوانتر لە کتێبی (الاکراد فی بهدینان) دا تۆمارکردووە، بڕوانە: الاکراد فی بهدینان، أنور مایی، الناشر: معصوم أنور مایی، ص٧٦-٨٨.

**شاکر فەتاح** ئەم وتەیەی پێشکەشکرد[1]:

شەوتان باش:



زۆر خۆم بە بەختیار ئەزانم، کە بەناوی وێژەوانانی کوردەوە لە سلێمانی گوڵدەستەی نەوازش و پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەکەتان پێشکەش بکەم، لە ڕاستیا (کۆنگرەی دوهەمی مامۆستایان لە شەقلاوە) ئاواتی هەرە گرنگی هەموو لایەکمان بوو.

لە خوام ئەویٚ کە هەموو ساڵێك زۆر بە سەربەرزی و سەرکەوتووییەوە بتوانین کۆنگرە لەم کۆنگرەیە باشتر و پێشکەوتووتر بگرین.

سوپاس بۆ (نەقابەی مامۆستایان)، کە ڕێگای وێژەوانانی کوردیان دا لە سلێمانی و لە هەموو جێگایەك، کە نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ ئێرە، بۆ ئەمەی چاومان بەم کۆنگرەیە ڕۆشنبکەینەوە، هەروەها سوپاس بۆ (کۆماری عێراق) وە بۆ (شۆڕشی چواردەی تەموز)، کە ئەم ماوە باشەی داینیٚ، بتوانین هەموو لایەکمان: مامۆستایانی کورد، خوێندەوارانی کورد، بێژەوانانی کورد بیر و باوەڕی خۆمان بە تەواوی سەربەستییەوە بنوێنین لە بابەت پێشکەوتنی (زانیاری ی کوردی) یەوە.

[1] دەقی ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی ژین، ژ١٥٥٩، ٨/٩/٩٦٠، ل٤ بلاوکراوەتەوە.

خوشك و برا بەڕێزەکان

ئەگەر بە چاوێکی ووردیی سەیری ڕەفتاری ئەم دوو ساڵەمان بکەین لە پاش شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە، داخەکەم ئەبینین بەرهەممان زۆر کەم بووە لە چاو ئەو ماوە باشەدا، کە دراومانەتیٚ.

هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە لە بریٚتی ئەمەی یەك بگرین و لەگەڵ یەکا پێکەوە فرمانی گشتی ڕاپەڕێنین .. لە بریٚتیی ئەمانە داخەکەم بەرەنگاری یەك بووین، خراپەمان لەگەڵ یەکتری کردووە و ڕێگامان لە یەکتری گرتووە، تا فرمانی سەرشانمان بەجیٚ نەهێنین.

لەم کاتە تەنگ و چەڵەمەیەدا، کە ئەبینین هەر چوار لای کوردستان بە دوژمن تەنراوە وە لە هەمووڵایەکەوە فڕوفێڵ ئەکریٚ لە ئێمە، بۆ لەناو بردنمان، بۆ دووبەرەکیمان، بۆ دوژمنایەتی کردنمان لەگەڵ یەکتری...


لەم کاتەدا بەناوی وێژەوانانی هەموو کوردی عێڕاقەوە تکاتان لیٚ ئەکەم، کە لەمەودوا یەك بن، هەموو هێزە نیشتمانی یەکان یەك بگرین پێکیشەوە برایانە بۆ کەڵکی گشتی تێبکۆشین.

هەر بژی یەکیەتی هێزە نیشتمانییەکان بۆ پێشکەوتنی کوردستان.

هەربژی کۆنگرەی مامۆستایان لە ڕێگای پێش خستنی زانیاریی کوردیدا.

هەربژی کۆماری عێڕاق بە دیموکراتی و سەربەستییەوە بە سەرۆکایەتی کاك کەریم قاسم.

**دڵزار**[1]: بە شیعری (ڕەشەباو درەختی داچەسپاو) بەشداریی لە کۆڕەکەدا کرد:



باخەکەمان

کە پڕ بوو لە گوڵی جوان

لە پاش سەرما و سەهۆڵ بەندان

لە پاش زستان

زستانێکی زۆر تووش و سەخت

بۆ گوڵی وەخت

بە بای نەورۆز و نەو بەهار

بە بای وەعدە

کە مزگێنی هێنی سەعدە

بەفری زستانی بردەوە

سەهۆڵ بەندانی کردەوە

باغەکەمان ژییایەوە

بووژایەوە

[1] ئەحمەد مستەفا محەمەد حەوێزی، لە ١٩٢٠/١/٨ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغی ناوەندیی لە ساڵی ١٩٤١ تەواو کردووە و درێژەی بەخوێندن نەداوە، لە گەڵ شۆڕشی چواردەی تەمووز پەیوەندیی بە حزبی شیوعییەوە کردووە و بووەتە ئەندامی دەستەی ڕۆژنامەی ئازادی، لەماوەی ژیانیدا چەندین جار دەستگیرکراوە. شیعری لەزۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکرۆتەوە، و چەند بەرهەمێکی شیعریی هەیە وەك: ئاوازی ئاشتی و ئازادی، خەبات و ژیان، دیوانی دڵزار .. بڕوانە: گەلاوێژ، بەرگی یازدەم، ل١٤٨

جوانتر سەری هەڵدایەوە

لە گەرمەی بە ڕەونەقی یا

لە گەشیا

کە بولبولان

لەسەر چڵان

بەرامبەر بە خونچەی گوڵان

ئاوازی کامەرانی یان

تێکەڵ بەبای بەیان ئەکرد

شەرابی شادمانیان

لە شەونم نۆشی گیان ئەکرد

لەو کاتەدا

بەڵێ بەڵێ لەو کاتەدا

جۆرەها نەمام و درەخت

خەریك بوو بەری دەردەدا

بای لە ناوەخت هەڵی کردێ

لە جێ ی سەبا هات ڕەشەبا

کەوتە گیانی گوڵ و گیا

جیا جیا جوێ جوێ

تێکی دەشکان چڵی گوڵان

دەیکرد دڵی بولبولی جوان

لە ئەژمەتان توێ توێ!

ناو بەناویش قیڕەی قەلان

یا دەنگی ناسازی پەپوو

دەهاتە بەر گوێچکەو دەچوو

دەبوو بە بار لەسەر دڵان

هروژمی ڕەشەبای بەتاو

زۆر بەهەشتاو

چڵی چنار و شۆڕەبی

تێك دەئاڵاند

زۆر بە توندی

دەیویست کە تێکیان بشکێنێ

ڕەگ و ڕیشەیان دەربێنێ

بەڵام با ڕەشی جانەوەر

ئەوەی دەیویست بۆی نەچووەسەر

ڕاناقەنێ  لەبن دارێ

ڕەگی لە خاك بچتە خوارێ!

ئینجا مامۆستا وردی هەڵبەستێکی خۆی بەناوی (دیومە)، خوێندەوە:

خزمـــــــەتکردنی هــــــــەژار
بـــــەکردارە نــــــەك وتـــــــار
زۆرکـــــەس دزە پـــــیس وگــــەڕ
خــــۆی لێکــــردووین بـــە ڕەهبــــەر
گـــــــورگ زۆرجـــــار شــــــوانە
پـــــــــارێزەری مەڕانـــــــــــە
کەچـــــی کەســــــیش نــــــازانێ
دەرناکـــــــــەوێ زەمـــــــــانێ
جاسووســــــم دیـــــوە زۆرجــــــار
هێـــــــڕش ئـــــــەبا بــــــۆ زۆردار
کەچـــــی لــــــەڕێی نیشــــــتمان
بۆتـــــــە کۆســـــــپەیێ گــــــران
زۆرجــــار دیومـــــە بــــەدو گــــەڕ
خــــــۆی کردۆتــــــە پـــــــارێزەر
بـــــــە درۆ و بــــــــە فیشـــــــاڵ
بــــە ســــاختە و بــــە قیــــل و قـــال
بۆتـــــە ســــــەرکردەی کۆمـــــەڵ
ســــــەری کــــــردووە پــــــەل پـــــەل

ڕێـــویم دیـــوە لـــە جێـــی شـــێر
تـــــەفرەی داوە ســـــەد دلێـــــر
ترســــــنۆك بۆتـــــە ڕۆســـــتەم
لەســـــەر شـــــانی ئـــــەو و ئـــــەم
زۆر وەڕم دیـــــوە ســـــەد جـــــار
بۆتـــــە پێشـــــڕە و ســـــەرکار
بـــــــەناوی کرێکـــــــاران
ڕووتـــــی کـــــردووە هـــــەزاران
خـــوێن مـــژ چـــۆتە پێســـتی مـــەڕ
زۆربـــــاش بۆشـــــی چۆتەســـــەر
بـــــەڕەنجی شـــــانی هـــــەژار
ڕازاندوویـــــە ســـــەد تـــــەلار
ئـــــەزانی بۆچـــــی وایـــــە ؟
چـــــونکە گـــــەل لـــــە دوایـــــە
هێشـــــتا لەخـــــەودا مـــــاوین
ئەســـــیری بەنـــــد و بـــــاوین
هەســـــتین لـــــەناو چـــــاڵ و تـــــەم
بەنـــــدە و کۆیلـــــە و دڵ بەخـــــەم
ســـــادەین دڵ پـــــاك و نـــــەزان

له ڕیزی قافلەی گەلان

بەجێماوین لەخەوداین

بۆیە وا مەست وشێواین

بەلأم کە هەستاین لەخەو

ئەناسین چاك ئەم و ئەو

بە فریو ناچین چە سات

ئەگەین زووتر بە ئاوات

سپی و ڕەش زوو ئەناسین

نای ناسین چونکە کاسین

دڵسۆز و بەد ئەکەین جوێ

داری ساختە ناڕوێ

دوژمن و بەندو باوی

نۆکەر و، خۆیو داوی

لەناو ئەچن بەجارێ

دادێ لەگەل (بەهارێ)

ئەدرێ کورد بەرگی دیلی

ناژی قەت بە زەلیلی

.

# ئەبوبەکر شێخ جەلال[1]

## شیعرێکی خۆی بەناوی (دەردی بێ باری)[2] خوێندەوە.



[1] (أ.ب.هەوری) ئەبووبەکر شێخ جەلالی موفتی کوڕی شێخ تەهای کوڕی شێخ سەلامی قازی کوڕی شێخ فازڵ کوڕی شێخ نیزامەددینە، پێش ١٩١٥ لە دێی چنارە، لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٣٥ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا بڕیوە و لە ساڵی ١٩٣٨ لە هەڵەبجە، بووە بە مامۆستا. کاتێك بەشداریی لە کۆنگرە کردووە، بەڕێوەبەری قوتابخانەی کانێسکان بووە. چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەن: ( دڵداری و پەیمانپەروەری، چیرۆکی شانۆیی، بیری ئازادی ڕێگەی ڕزگارییە، بەرهەمی خەبات، بووکی ژێردەواری ڕەش،...). لە٨/٤/١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە.

[2] لە دیدارێکماندا لەگەڵ مامۆستا (کەریم شارەزا)، پێی ڕاگەیاندین، کە (ا.ب.هەوری) ئەم شیعرەی، لە ئێوارە کۆڕەکەدا خوێندۆتەوە.

ده‌ردی بـــێ بـــاری ئـــه‌م گه‌لـــه‌ی فـــه‌وتان
بـــێ بـــار ناترســـێت لـــه تانـــه‌ی سه‌رشـــان
بـــێ بـــار ناترســـێت لـــه كـــرده‌وه‌ی نـــه‌نگ
هـــه‌ر ورگـــی پـــڕ بـــێ وه‌كـــو گـــۆمی مـــه‌نگ
وه‌ك گوڵه‌بـــــه‌ڕۆژه هه‌رده‌مـــــه و تـــــاوێ
ڕه‌دووی لایه‌كـــــه و كه‌وتـــــه پێنـــــاوێ
فه‌لســـه‌فه‌ی ژیـــن كـــام مێـــرگ و ئـــاوێ
پاگـــژ لـــه‌وه‌ڕبێ، ئـــه‌و گـــه‌لی نـــاوێ
ده‌مێـــك فاشســـته و ده‌مێـــك هتلـــه‌ری
شـــه‌و مـــاڵی ئاغـــا و ئـــه‌ركی نۆكـــه‌ری
ڕۆژ كـــه ڕوونـــاك و كـــرده‌وه دیـــاره
ئـــــازادیخواز و دۆســـــتی هـــــه‌زاره
بـــۆ ســـوودی ســـاتێك ڕوو لـــه ڕۆم ئـــه‌كات
یـــاخود بـــۆ عه‌جـــه‌م ئـــه‌و پشت كۆم ئـــه‌كات
نـــازانێ یاســـای ئه‌مڕۆكـــه‌ی ژیـــان
بـــۆ ســـوودی هـــه‌زار هاتۆتـــه مه‌یـــدان
كـــوردیش هـــه‌زار و هـــه‌م بـــه‌ش خـــوراوه
زینـــدووی به‌ئاســـته‌م نـــووزه تیـــا مـــاوه

بـــــەلاّم وا هیـــــوای گیـــــانی ئـــــازادی
بـــۆی هێنـــا مـــژدەی ژیـــانی شـــادی
بۆیـــــە پـــــەیمانی لەمـــــەولای وایـــــە
بـە مـەرجی وەك یـەك بـۆ گشـت برایـە
بـــرای ئـــازادی دەســـتگیری هـــەژار
لـــەناو گەلانـــدا زۆرە و بـــێ شـــومار
ئـــازادیخوازی ڕاســـتی خـــۆر هـــەلاّت
نایـــەڵێت زۆردار هـــەژار قـــووت بـــدات
نایـەڵێت بـێ بـار هـەر ڕەنـگ نۆکـەر بێـت
نـامـەی بـەنـدەیـی کـورد بـۆ کەس بـەرێ

## گیو موکریانی[1]

خوشك و برایانی بەڕێز: دامەزراندنی ئەو کۆنگرەیە بۆ بووژاندنەوەی زمانی کوردی هەنگاوێکی بەرز و پیرۆزە و (٢٥) ملیۆن کوردی دابەشکراوی هەموو شوێنێکی چاوەڕێی خەباتی دڵسۆزانەی وین.



برا فەیلی و لوڕ  کەلهوڕ و بادینی و بۆتانی و هەورامییەکانمان پێویستە لەلایەن یەکێتی زمانی کوردی یەوە تەواو دڵنیاو ئاسوودەبن، کە دوای تەواو دامەزراندن و کەوتنەکاری بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری، زمانی کوردی بە شێوەیەکی دەسەڵاتدار و فراوانتر نەتەوەی کورد هەر خۆی ناچارە
 بۆ سوودی زمانی کوردی و دڵنیایی و هەموو تیرەو هۆزێکی کوردان ئاوڕ لە یەکێتی زمانی کوردی بداتەوە چونکوو:

---

[1] عەبدولڕەحمانی سەید عەبدوللەتیفی کوڕی شێخ ئیسماعیلی غەزایی یە. لە ساڵی ١٩٠٣ لە شاری مەهاباد لەدایکبووە. لەگەڵ (حوسێن حوزنی) ی برای، لە ڕەواندز، گۆڤاری (زاری کرمانجی) یان دەرکردووە. ١٩٢٥ چاپخانەکەیان هێناوەتە هەولێر و دوای مردنی (حوزنی) لە ١٩٤٧، بووە بە خاوەنی چاپخانەکە و لە ساڵی ١٩٤٨ ناوی ناوە (چاپخانەی کوردستان). لە ١٩٥٤/٥/١٥ گۆڤاری هەتاوی دەرکردووە و تا داخرانی لە ١٩٦٠/١٠/٣٠ (١٨٨) ژمارەی لێ دەرکردووە. ڕوماڵێکی دەوڵەمەندی کار و چالاکییەکانی هەردوو کۆنگرەکەی کردووە. لە ١٩٧٧/٧/٢٤ کۆچی دوایی کردووە. لە بواری فەرهەنگسازی و چاپکردنی شیعری شاعیرانی کلاسیك ڕۆڵێکی مێژوویی بینیوە.

١- یەکێتی زمانی کوردی، زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکات و بە تەنها شێوەیەك هەموو شتێك نانووسرێت، وەهەر وەکو لەبەر ناچاری لە جیاتی وەی وشە لە بێگانە وەربگرین دەبێ هەر لە شێوەی برا بادینی و لورەکان وەربگرین.

٢- یەکێتی زمانی کوردی پەردەی جوایەزی و بێگانەیەتی لە نێوانی دا لا دەبا و هەموو لایەك تێك دەگەن، ئەوسا لاوێکی هەولێری کە بۆ برایەکی دیاربەکری نامە بنووسێ بەبێ گرێ و گۆڵ تێی دەگات، چونکو ئەگەر ئێمە هەر بەو شێوەی ئێستا بنووسین و بخوێنین لە ڕووی ئەوەوە کە دوو بەشی کوردستان تێی ناگات نابێ بڵێین بە زمانی کوردی دەنووسین و دەخوێنین بەڵکو دەبێ بڵێین شێوەیەکی سۆرانی یە.

ئێستا بۆ وێنە ئەگەر عەرەبێکی موصلی بە شێوەی خۆی نامەیەك بۆ مصرییەکی بنووسێ، کەس تێی ناگات، بەلآن کە بێتو بە شێوەی عەرەبییەکی وێژەیی نامە بۆ هەر شوێنێکی بنووسرێ، بەبێ درەنگی و هەڵە دەخوێنرێتەوە و تێی دەگەن.

کەوایە زمانی کوردیش بە تەنهایی بە هیچ شێوەیەکی هەموو شتێکی پێ نانووسرێت، بۆنموونە تەماشایەکی ئەو وشانەی خوارەوە بفەرموون و بزانن ئایا هیچ شێوەیەکی بەتەنهایی و یا بە شێوەی سۆران دەتوانین واتاکەیان بدۆزینەوە:

جنوب، شمال، قفص، مقص، تلفظ، نكتة، ثنايا ، رباعى، ادب، اديب، بطاطة، فيلسوف، مهاجر، اصطلاح، منطقة، معدة، جنين.

بەڵێ به تەنهایی به هیچ شێوەیەکی واتاکەیان نادۆزرێتەوە، بەلأن به تێکەلأوی و یاریکاری هەموو شێوەکان، واتای وانیش و هەزارانی تریش به ئاسانی دەدۆزرێنەوە، هەر وەکو: جنوب:باشوور - شمال:باکوور- قفص: بێرکم، رکه،توول - منطقة: هەرێم - تلفظ:کرك - نکته: ڕاژۆ - ادب: وێژه - ادیب: وێژەوان - بطاطة:گرتۆپە- مهاجر: مشەخت - فیلسوف: پیتۆڵ - اصطلاح: زاراوە- معده: ئاشك، پەریژانگ - ثنایا:برۆك - رباعی: درۆك - جنین: پز، پس - مقص: مەگریجەنی - دوارد: تۆرتۆ.

بۆ یەکێتی زمان نەك هەر وشە، بەڵکو پێویستە ڕێزمان (القواعد) ی هەموو شێوەکانیش له گرامێردا تێکەلأو بکرێن.

هەربژی برایەتی کورد و عەرەب به سەرۆکایەتی پێشەوای تاقانه و دڵسۆز کاك عەبدولکەریم قاسمی نەبەز.[1]

**عەبدولەجید لوتفی**[2]: له ئێستادا، بابەتەکەمان دەست نەکەوت.


---

[1] دەقی ئەم نووسینه له گۆڤاری هەتاو، ژ١٨٤، ساڵی ٧، ٣١/ئاب/٩٦٠، ل٧. وەرگیراوە. بڕوانە: گۆڤاری هەتاو، ئامادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵلاً زەنگەنە، بەرگی حەوتەم، ل٥٦٠١.

[2] سەبارەت بە بابەتەکەی مامۆستا عەبدولمەجید لوتفی، مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی، لەچاوپێکەوتنێکدا پێی وتین، که مامۆستا بەزمانی عەرەبی قسەی کرد و زۆریش بەداخ بوو که نازانێ بەکوردی باسەکەی پێشکەش بکات، بەلأم بەڵێنیدا ، که له کۆنگرەی داهاتوو (کۆنگرەی سێیەم) دا، به زمانی کوردی بابەت پێشکەشبکات.

## عوسمان عەونی[1]

## هۆنراوەیەکی خۆی بەناوی (ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم)[2] پێشکەش کرد:



[1] عوسمان حەبیب عەبدوڵڵا. لە ساڵی ١٩١٤ لە کۆیە لەدایکبووە، بەهۆی مردنی باوکی، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە. زۆر حەزی لەخوێندن بووە و خووی داوەتە شیعر نووسین.

بەشداریی لە چالاکیی سیاسیش کردووە، ئەندامی حزبی هیوا و دواتر بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین جار گیراوە و زیندانی کراوە. لە هەردوو کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایان ئەندام بووە. لە٢٠/٧/١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە.

[2] لە دیدارێکماندا لەگەڵ (فەرهاد عەونی)ی کوڕی شاعیر، کە بەدیوانی عونی دا چۆتەوە و ڕێکی خستۆتەوە و چاپی دووەمی بۆ کردووە، سەبارەت بەو شیعرەی کە لە کۆنگرەدا خوێندوویەتییەوە، وتی لە مامۆستا (مەجید ئاسنگەر)م بیستووە(ئەو کات مامۆستا مەجید ئاسنگەر لە بەڕێوەبردنی برگەکانی کۆنگرە، عەریف حەفل بووە) کە عەونی لەم ئێوارە کۆڕەدا، شیعری (ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم) ی خوێندۆتەوە، هەروەك لە دیوانەکەی عەونی دا، شیعرێك نەبوو بە ناونیشانی (کوردستانی ئازاد)، کە مامۆستا کەریم شارەزا باسی لێوە دەکات.

## ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم[1]

ئەسلەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم
قەتل و عامی حاکمانی تورکیا و ئێران دەکەم
چونکە ئەم دوو چینی زاڵم خوێنی کوردیان زۆر ڕژاند
دوژمنی خاك و وڵاتم پەرت و سەرگەردان دەکەم
ناکەسێك نیم بۆ مەتالیب من لە ڕووی لافەوە
ئیرسی خۆمە بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان دەکەم
چیم بە ئاشوور کرد لەکاتی خۆی بەڵێن بێ هەروەها
تەخت بەختی دوژمنانی کورد بەخاك یەکسان دەکەم
هەرکەسێك بێتو لەهەرلا خوێنی کوردی ڕشت بێ
خۆم بەشوێنی دا دەرۆم خانەی بەسەر وێران دەکەم
گیان بەخت کردن لە ڕێگای نیشتمان پێویستی یە،
من کە کوردم پەیڕەوی فەرمایشی یەزدان دەکەم
خزمە گوێ بگرن لە بەندە (عەونی) زۆر بێ چارەیە
من گرینم نەك لەبۆخۆم، بەڵکو بۆ کوردان دەکەم.

---

[1] دەقی ئەم شیعرە، لە دیوانی عەونی: پێداچوونەوە و ڕێکخستنی: فەرهاد عەونی، چاپی دووەم، ٢٠١١، ل٦٥، وەرگیراوە.

**كەريم شارەزا**

به هۆنراوه‌ی (دوو ڕوو) به‌شداریی له ئێواره کۆڕه‌که دا، کرد:

كـــاكی دوو ڕوو، تـــا زووه زوو
بـا لێـك ئاشـكرابين هـەردوو!!
بەسـيە چـيتر تـەفرەم مـەدە
بـەم كـرداره پـيس و بـەدە
بـۆت دەركـەوت خـووم، ڕەوشـتم
منـيش زۆر چـاك تێـت گەيشـتم
ئـەم لا ڕووەت لەگـەڵ منـە
لاكـەی تـری لای دوژمنـە
هـەر ڕۆژێ سـازێ لێئـەدەی
بـۆ مەبەسـتێك هەڵپـە ئەكـەن
ڕۆژێ بنيادنـەری شـادی
ڕۆژێ تێكـدەری ئـازادی
دەمـێ لايـەنگری ئاشـتی
خەباتكـەری ڕێگـەی ڕاسـتی
ڕۆژێ جـەنگاوەری شـەڕی
بـۆ نـاحـەزم هـەڵئـەپـەڕی

ئەمڕۆکـــە لەگـــەڵ یـــارانی
ســــبەی لای تاوانبـــــارانی
لەگـــەڵ گورگـــا لـــە ســـەیرانی
بـــۆ مـــەڕیش چـــاو بـــەگریانی
بــــەزار دوژمنــــی دوژمنــــی
بـــە کـــردار دوژمنـــی منـــی
واتـــاو ڕاوێـــژ و گوفتـــارت
زۆر دوورن لەگـــەڵ کـــردارت
بــــەڵام مــــن بڕیـــار و کـــارم
یـــەکن لەگـــەڵ قســـەی زارم
ئـــەوەی دوو ڕوو بـــێ ڕوو ڕەشـــە
لـــە ئینســـانییەت بـــێ بەشـــە
تـــا ئەمهاوێنـــە نـــاو گـــۆڕم
یـــەك ڕوومـــە بـــاوەڕ نـــاگۆڕم
سەر و گیان و ماڵ بـەخت ئەکـەم
بـۆ نـیشتمان و گـــەلـەکـەم.

## کەریم زەند[1]

کاتێـك مامۆسـتا کـەریم زەنـد بـۆ پێشکەشـکردنی بابـەتێك، لەلایـەن



مامۆسـتا عەلائـەدین سـەجاددییەوە، بـانگ کـرا، بـەدەم ڕێگـاوە، مامۆسـتا زەنـد هـەردوو دەسـتەکانی خسـتنە ناویەك و بەرزی کردنەوەو چەند جارێك بە حەماسەوە هەژاندی و بە دەنگێکـی بەرز دەیوت: یەکیەتی..یەکیـەتی و بـە چەپڵەڕێزان وەڵامی دەدرایەوە[2].

---

[1] کـەریم محمـد صـالح سـلیم، لەسـاڵی ١٩٢٥ لـە گـەڕەکی مەڵکەنـدی لـە سـلێمانی لـەدایکبووە، قۆناغـەکانی خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدیی لـە سـلێمانی خوێنـدووە و دواتـر بـۆ خوێنـدن لـە پەیمانگای مامۆستایان چووەتە بەغدا و لەساڵی ١٩٤٤ تـەواوی کـردووە. پەیوەنـدیی بـە کۆمـاری مەهابادەوە کردووە لەوێ لە قوتابخانەی گەلاوێژ بووە بە مامۆستا، دوای تێکچوونی کۆمار چووەتە ڕووسـیا. ئەنـدامی کۆمەڵـەی (برایـەتی) و حیزبـی (هیـواو) و (ژ.ك) بـووە. دەربـەدەری و دەستبەسەریی زۆری دیوە. ماوەی پازدە ساڵ جێگری سەرۆکی ئەنجوومـەنی پارێزگـای سـلێمانی بووە.چەندین بەرهەمی هەیە، لەوانەش: (حرکە کردستان و ازربیجـان،  جوگرافیـای کوردسـتان بـە کورتی، زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان،  ئاین و باوەڕ لە کوردسـتاندا ...).  لـە ١٠/ ١٠/ ٢٠١٧ کۆچی دواییکرد.(بەداخەوە ئەم کتێبەی نەبینی).

[2] لـە چـاوپێکەوتینێکماندا، لەگـەڵ مامۆسـتا عەبدولکـەریم شـێخانی، زۆر بـە گـوڕ و تینـەوە و بەبزەیـەکی پڕشـانازی،  ئـەو دیمەنـەی بۆ دەگێڕاینـەوە، وەك ئـەوەی کـە تـازە لەبەرچـاوییانەوە ڕوویدابی، مامۆستا (کەریم زەند)یش بە هەمان گوڕو تینی جارانەوە دەستەکانی خستنە ناو دەست و بەرزی کردنەوە و چەند جارێك بە دەنگێکی بەرز وتی: یەکیەتی .. یەکیەتی.

ئینجا شیعرێکی مەولەویی لەبەر خوێندەوە، کە لەلایەن پیرەمێردی شاعیر، بە شێوەزاری سۆرانی داڕێژراوەتەوە.[1]

گلـەیی بـەختی ڕەشـی خـۆم ئـەکرد
ئـەموت بـۆچ منـی وا بـەم دەردە بـرد
هـەرچی دەی بـینـم وا لـە پێشـەوە
من بە دەست چـەرخی جـەفا کێشـەوە
ناڵـەم سـازمە خـەم بـادەی بەزمـە
هـەروا مامـەوە لـەم پایـە نزمـە
گیـنگڵم ئـەخوارد بـە دەردی پـەنهان
پارچـە بلـورێ لـێم هاتـە زبـان
بـە زوبـانی حـاڵ ڕەوانـتر لـە قـاڵ
بـۆی گێڕامـەوە ڕێـزەی کۆنەسـاڵ

[1] دەقی ئەم شیعرە لە دیوانی مەولەوی، کاکەی فەلاح، مکتبە پیرەمێرد – السلیمانیە، چاپی دووەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي) – بەغداد. ل١٦٦ – ١٦٨. بڵاوکراوەتەوە.
دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٦٠)ساڵ مامۆستا شیعرەکەی لەبەر بۆ خوندینەوە. دەقی شیعرەکەش لە دیوانی مەولەویدا (٢١) دێرە و بەم دێرە دەست پێدەکات:

ڕوێ فکری بەخت سیای وێم مەکەرد
پەی چێش هەر پەستی پەرێ من ئاوەرد

وتــی لەوســاوە بەبــەرد خــەڵق کــرام
هەرکەســێ هەســتا پێیــەکی پیانــام
ڕۆژێ هێنامیـــــان دوو بـــــۆرە زەلام
گرتمیانــە نــاو بــەر چەکوشــیان دام
هێنــدەیان لێـدام هـەتا بـووم بـە ئـارد
نامیانــە کــوورەی ئــاگر جۆشــم خــوارد
کــە قاڵیــان کــردم بــووم بــە بلــووری
ئەدرەوشــامەوە وەك پارچــە نـــووری
لێـــــوم نـــــا بـــــەلێو نازدارانـــــەوە
کەوتمــە نـــاو بـــەزمی خونکارانـــەوە
گــا گــوڵاودانی عــەتر و عــەبیر بــووم
نەشـئەی دەمـاخی شـاه و وەزیـر بـووم
گـا، مـەئوای شـەڕاب کۆنـەی پـڕ تەئسیر
دەمیـــان تێژەنـــدم نەوجـــەوان و پـــیر
گا جینسی لەتیف شـۆخی دیـدە مەسـت
ئەیان فڕاندم لەم دەست بۆ ئـەو دەسـت
لـەو بـەردە شـینە بـووم بـەو بلـوورە
ئــەجری قــاڵبوون و شــەڕارەی کــوورە

دەورەی دووبـارەی ڕێـی حـەق نـەبینێ
ئـەوسـا دیێت بـۆنـی هـیـوات لــە بـیـنێ
ئــەو بوونـــە نـــووری بـــادەی ســاقییە
لـــە پارچـــەی منـــدا بـــەرقی باقییـــە
مەعدوومی سەرمەست بـەزم دڵ ڕیشی
تـــا تـــۆیش شـــەرارەی كـــوورە نەكێشـــی
تەســـــلیمی نــــەیێ بەســــەر ئەســـــتۆتا
پــێ نـــەنێی بەســـەر وجـــوودی خۆتـــا
كــەی دەچــیتە ڕیــز مـــەردانی بـــەناو
كــەی ڕوتبــەی بڵنــد ئــەبینی بەچــاو
دەوری دووبـــــــارەی دەوران نـــــــەبینی
لــە گــۆڕی پەســتی ســەر دەرنـــەهێنی
بـەختت نـا پوختـە بـەرقی بـێ نـووری
لــەڕێی زانســتی و مەعرەفــەت دووری
.

## حوسێن عارف[1]

بابەتێکی بە ناونیشانی (چیرۆك و چیرۆکی شانۆیی کوردی لە نێو سەدەی ڕابردوودا) پێشکەش کرد:[2]

### پێشەکی



باری ڕۆشنبیری گەلی کورد لە (٥٠) ساڵی ڕابردوا: ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە بەشی هەرە گەورەی ناوچەکانی هەموو کوردستانی  لەژێر چنگابوو، واتە کوردستانی تورکیا و سوریا و عێراق، لەسەرەتای سەدەی بیستەهەمەوە

[1] لەساڵی ١٩٣٦ لە سلێمانی لەدایکبووە، قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە سلێمانی بڕیوە و کۆلێژی مافی لەبەغدا خوێندووە. چەندین وەزیفەی بینیوە، دواتر بووەتە بەڕێوەبەری نووسین لە گۆڤاری کاروان. یەکێك بووە لەوانەی گۆڤاری ڕوانگەیان دەرکردووە. خاوەنی چەندین بەرهەمە، لەوانە: (کامەران و هۆنراوەی نوێ،  کلافەیەك ژانی تورە، چیرۆکی هونەری کوردی و ..).

[2] ئەم بابەتە لە گۆڤاری بلێسە بە زنجیرە لە ژمارەکانی (٩ و ١٠ و ١١) دا بلاوکراونەتەوە، نووسەر ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەیەوە نووسیوە: ئەم نووسراوە ئامادەکرا، کە سوودی لێ ببینرێ بۆ ڕاپۆرتەکەی ئەدیبانی کورد دەربارەی ئەدەبی کوردی، کە نیاز وابوو  پێش کەش بکرێ لە کۆنگرەی ئەدیبانی عێراقدا لە کاتی  بەستنیا پێش چەند مانگێك. لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی مامۆستا حوسێن، پێی وتین، کە لە کۆنگرەکەی مامۆستایاندا لە شەقڵاوە، لەبەر درێژیی بابەتەکە، پوختەیەکی پێشکەش کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پوختەکەمان لەبەردەست نەبوو، بابەتەکەمان بە تەواوی تۆمار کرد، پێمانوایە، لە ڕووی مێژووییەوە، بابەتەکە جێی بایەخە.

گورۆڵـەی کەوتـە لێـژی و کەوتـە گیانـەڵا، وە نیشـانەی بـەرە و گۆڕچـوونی بـە ئاشکرا پێوە دەرئەکەوت.

لەلایەکەوە ئیمپریالیسـتی ڕۆژئـاوا بـە پەرۆشـەوە خـۆی ئـەکوتا بـۆ ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست و کەوتبوە هەڵپەی داگیرکردنی. وە لەلایەکـەوە میللـەتانی ناوچـەکە زۆر و جەوری سەدان ساڵی عوسمانییەکان داخی کردبووە دڵیانەوە و ئارەزووی ڕاپــەڕین و ڕزگــاربوون لــەژێر چــنگیان پــڕی کردبــوون. لەلایــەکی تریشــەوە جەماهیری گـەلی تورکیـا خۆشـی چـاوی کرابـووەوە و ئـیتر بـە جـۆرێ حـوکمی سولتانێتی ڕازی نەبوو، ئەویش لەلای خۆیەوە بەرە و ڕاپـەڕینێك ئەچوو، بۆیـە ئەتوانین بڵێین: تەختی سولتانێتی خۆی لەخۆیا کرم تێی دابوو، بەرە و ڕزین و داتەپین ئەچوو.

لە نێوانی ئـەم ڕووداوانـەدا، حاڵـەتی سیاسـی گـەلی کوردیشـمان مەبەسـە و ئەڵێین: گەلی کوردیش بەدوور نەبوو لێیان. ئەمیش لـەلای جموجـۆڵی تێکـەوت. گیانی نەتەوایەتی و هیوا و ئاواتی نەتەوایـەتی تایبـەتی کـەم و زۆر سـەری تیـا هەڵدا. لەم سەرەتایەدا بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستانی تورکیا کە وێستاوێکی تایبەتیان بۆ هەڵکەوت لـەم بارەیـەوە لـە ئـەنجامی ئـەوەدا، کـە تورکیـا خـۆی ڕاپەڕینێکی تیا لە کایەدابوو، ئەمە لـە لایەکـەوە. وە لەلایـەکی تریشـەوە، هـەر تورکیابوو بووە سەری گرۆڵەکە، کە لە نێوانی ئەم ڕووداو و کارەساتەدا.

کۆمەڵەی (اتحاد و ترقی) جڵەوی ئەو ڕاپەڕینەی ناو تورکیا گرتبووە ژێردەست. بەزۆر دروشمی بریقەدار، جـەماهیری تـورکی لـە دەوری خـۆی گردکردبـووەوە.

بیروڕای بەرامبەر جووڵانەوەی گەلانی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی عەرەبەکان، ناکۆك نەبوو. وە لەناوخۆدا پشتگیری گەلی کوردیشی مسۆگەر کردبوو، جەماهیری گەلی کورد خۆشی لەدەوری چەن کۆمەڵ و ڕێکخراوەیەکی تایبەت خۆی کۆبووەوە، وەك کۆمەڵەی (هێڤی) کە هەموو گیانێکی نەتەوایەتی ئامانجێکا یەکی پێئەگرێتەوە.

باری سیاسی تورکیا بەم پێیە ڕۆیشت تا کۆمەڵی (اتحاد و ترقی)، ساڵی (١٩٠٨) دا، دەسگای حوکمی تورکیایان گرتە ژێردەست. لەگەڵ ئەوەشا ئەمە نەخشەی گشتی سیاسەتی تورکیای نەگۆڕی، وەك چاوەڕێی لێ ئەکرا.

مەبەسمان لەوەی باسمان کرد ئەوەیە، کەبڵێین: لەو ساڵانەدا، واتە لە سەرەتای سەدەی بیستەهەمەوە تا دوای شەڕی گەورەی یەکەم، جووڵانەوەیەکی ڕۆشنبیری کەوتەوە ناو گەلی کوردەوە لە تورکیا. وە لەگەڵیا نووسین و ئەدەبی کوردی لەڕێی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤار و بەیاننامانەوە، کە دەرئەچوو وەك ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری (ڕۆژا کورد) و گۆڤاری (هەتاوی کورد).. هتد، بووژانەوەیەکی تێکەوت و پێشکەوتنێکی تیا ڕوودا. ئەتوانین دابینێین بە ماوەی یەکەمی بووژانەوە و ژیانەوەی نووسین و ئەدەبی کوردی.

شەڕی گەورەی یەکەم ڕوویدا. کە کۆتایی هات، لە ئەنجامیا:

١- ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتەواوی گۆڕکرا.

٢- ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داگیرکرد.

٣- عێـراق و لەگـەڵیا کوردسـتانی عێـراق، کەوتـە ژێـر چـنگی ئیمپریـالیزمی بەریتانیەوە.

جـا باجـارێ هـەر لەسـەر باسـی جولانـەوەی ڕۆشـنبیرییەکەی کوردەکـانی تورکیا بڕۆین.

ئەتوانین بڵێن دوای شەڕیش، جولانەوەی گیانی نەتەوایـەتی گـەلی کـورد لـە تورکیا هێشتا هەر بەردەوام بوو، بگرە هەر لە پەرەسەندن و هەڵچوونا بـوو. تـا وای لێهاتبوو، کـە مافـەکانی نەتەوایـەتی گـەلی کـورد و هـەقی یەکالاکردنـەوەی دوارۆژێکیــان کــەوتبووە بــەردەمی کــۆنگرە جیهانییــەکانی دوای شــەڕ وەك کـۆنگرەی (سـیڤەر و لـۆزان). ئەمــەش بێگومــان ئــەنجامی پەرەســەندن و بـەهێزبوونی جوولانـەوەی نەتەوایـەتی خـۆی بـوو، ئەگەرچـی نیـاز و مەبەسـتی تایبەتی ئیمپریالیزمیەکانیش دەوری تیا ئەدی.

لەگـەڵ ئـەم ڕاپەڕینـە نەتەوایەتییـەدا، جوولانـەوەی ڕۆشـنبیریش هـەر بەردەوامی هەبوو، دەرچوونی ژمارەیەك لە گۆڤـار و ڕۆژنامـەی کـوردی هـەر لـە تورکیا وە لە تورکیاش وەك قـاهرە و لنـدن و سویسـرە. وە بـەردەوامی بـوونی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی گەلی کورد.

بەڵام دوای شۆڕشەکەی ئەتاتورك و جێگیربوونی حوکمە فاشسـتییەکەی لـە ٩٢٤ دا، ئیترئەو ماوەی بووژانەوە ڕۆشنبیریەی گەلی کورد لە تورکیا کپ ئەبێ و پەردەیـەکی ڕەشـی بەسـەردایەت. ئـەنجامی هێـرش و پـەلاماردانی دڕندانـەی

ئەتاتورك و شاگردەکانی بۆ سەر جوولانـەوەی نەتەوایـەتی و شۆڕشـگێڕی گـەلی کورد.

بەڵام هەر لەو کاتەوە، ئەم جووڵانەوەیـە ڕوو ئەکاتـە کوردسـتانی عێـڕاق و بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی. بۆچی؟! چونکە:

١- داگیرکردنی عێڕاق لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوە خۆی لەخۆیا گۆڕینێك هەبوو داهات بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی عێڕاق دا.

٢- ئەم گۆڕانە گەلی کوردیشی گرتەوە لە کوردستانی عێڕاق دا.

٣- ئیمپریالیزمییەکان ئەو نیـازە پیسـانەی هـەیان بـوو بەرامبـەر جولأنـەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە تورکیا گواستیانەوە بۆ عێڕاق و چـاویان بڕییـە گـەلی کورد لە عێڕاقا. ماوەدان بە دامەزراندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمود ئەمـەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.

ئەمە لـەبارەی حالـەتی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەلأیـەتیی تـازەی گـەلی کوردەوە لە عێڕاقا، کە بۆی هەڵکەوت لەدوای شـەڕی گـەورەی یەکەمـەوە، وە کە ئەشیبەستینەوە بە حاڵەتی ڕۆشنبیرییەوە و ئەڵێین: جگە لەوەی، کـە ئـەم حاڵەتـە تازەیـە خـۆی لـە خۆیـا ئەبێتـە هـۆی بووژانـەوە و ڕاپـەڕینی بـارەی ڕۆشـنبیری و ئـەدەب و نووسـین، بـە حـوکمی پێویسـت، ئـەدەب و نووسـینی کوردی دەرگای ئـەدەبی بێگانەشـی لێ خرایـە سەرپشـت و پەیوەنـدیی لەگـەلاَ پەیـداکرد. لەلایەکـەوە ئـەدەب و نووسـینی تـازەی عەرەبـەکان بـەهۆی ئـەو پەیوەندییە تازەیەوە، کە دروستبوو لەنێوانیانا، وە لەلایەکی تریشەوە ئەدەب

و نووسـینی گـەلانی ڕۆژئـاوا لـەڕێگای پەیوەنـدی تـازەی عێراقـەوە لەگـەڵ ڕۆژئاوادا.

بەم جۆرە لە ناوچەی سلێمانیا بەدانانی چاپخانە و ڕژنامـەی (پێشـکەوتن) ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی کوردی کەوتە بڵاوکردنەوە. هەر لەو ساڵانەدا (ژیان و ژیانەوە و ژین و کوردستان و ئەمیر کردستان) هاتنە کایەوە وە لەگەڵیا زمان و نووسـینی کـوردیش بووژایـەوە. لـە کاتێکـا لەوەبـەر نووسـین لـە ڕەسمیـاتی حکومەتا بە تورکی بوو، لەناو جەماهیرا بە فارسی.

وە بەم جۆرە کوردستانی عێـراق و بەتایبـەتی ناوچـەی سـلێمانی جلـەوی بووژانەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی گەلی کوردی کەوتە دەست و تا ئێستاش ئـەم جولانەوەیـەی خـۆی پاڕاسـتووە. بگـرە ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ بـەرەو پێشـکەوتن و پەرەسەندنیشی ئەبا. لە بـەر ئـەوەی لەسـەر هـەقین ئەگـەر کردمانـە دەزگـای باسەکەمان، بەتایبەتی باسەکەی ئێمە کە لەڕاستیا پێ گەیشتن و گەشە کردنی لە سنووری ئەم ٤٠–٥٠ ساڵی ڕابردووەمانا.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم پێشەکییەمان بێنین پێویستە ئەوەش لـەیاد نەکـەین کــە زۆر جێگــەی تریشــی کــوردەواری هــەر لــە ٤٠ – ٥٠ ســاڵی ڕابــردوودا جولانەوەیەك لەم بابەتەی تێ کەوتووە. لەوانە:

١– ئەریوان: لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ئیشتراکییەوە دەس پـێ ئـەکا و تـا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە. وە ئێمـە ئەگەرچـی تـا ئێسـتاش مـاوەی ئـەوەمان نـەبووە بەرهــەمی ئــەوان بخوێنینــەوە، بــەلام دڵنیــا بــن لــە پەرەســەندن و

پێشکەوتنی، چونکە ئەدەبێك لە ژێر سایەی ڕژێمی ئیشتراکیا پەروەردەببێ، بێگومان ئەبێ لەم بابەتەبێ.

٢- شام: جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، قەدری جان، ڕۆشن بەدرخان، عوسمان سەبری، جگەرخوێن، وە زۆری تریش، ئەمانە هەموو دەستەیەك ئەدیب و نووسەری کورد پێك ئەهێنن لە سووریا لە سالأنی ٩٣٠ بەدواوە. کە لەم سالأنەدا چەن ڕۆژنامە و گۆڤارێکیشیان دەرکردووە، وەك (هاوار) ٣٣ -٣٥ جەلادەت بەدرخان - شام ڕوناهی - ٩٤٢، شام ڕۆژا نوو- ٩٤٣ کامەران.

٣- مەهاباد: لەماوەی پێکهێنانی جەمهوریەتەکەی مەهابادا، بە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان و پێ گەیشتنی دەستەیەك نووسەر و شاعیر و ئەدیب، وەك (مەلا محەمەد، سەدیق ئەنجیری، غەنی بلووریان، قومری)، وە لەوەدابوو کە جولأنەوەیەکی ڕۆشنبیری تیا پێبگا، بەلأم لەگەڵ لەناوبردنی جەمهوریەتەکەدا کپ بوو.

بەم جۆرە ئەبینین، کە حاڵەتی ڕۆشنبیری گەلی کورد لە (٥٠) ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە پاشکۆی حاڵەتی سیاسی بووە، لە هەر لایەك و لەهەر کاتێکا لەم بارەیەوە دەرفەتێکی بووبێ، بارەی ڕۆشنبیری و ئەدەب و نووسینیشی بووژاوەتەوە و جوولأوەتەوە.

بلأو بوونەوەی گیانی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری و شۆڕشگێڕی لە ناو گەلی کورد دا، گۆڕان و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەلأیەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و

بەیەکاچوون و ئاڵۆزاندنی پێویستەکانی ژیانی، وەك هەموو ئەو گەلانەی تیشکی شارستانێتی سەدەی بیستەهەم، کەم و زۆر گرتبێتەوە دابەزاندنی چاپخانەی و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و لـە گـەڵیا بووژانـەوەی دانـان و وەرگێـڕان، وە لـە ئەنجامیا هەنگاونانی زمانی کوردی بـەرەو پـێش کـەوتن و پەرەسـەندن، ئینجـا پەیوەندیی لە گەڵ ئەدەبی تازەی بێگانە. ئەمانە هـەموو پێکـەوە بوونـە هـۆی سەرهەڵدانی چیرۆکی نوێ، لە ئەدەبی کوردیدا. وە زروفێکی ئەوتۆیان پێکهێنا، کە ڕۆشنبیرانی کورد بیریان بچێ بەلای چیرۆك نووسینا و هوشیاریان بکاتـەوە، کـە ئەدەبەکـەیان لـەم بارەیـەوە کـورتترە. بگـرە وەك پێویسـتیەکیش بخاتـە ئەستۆیان. ئەدیبانی کورد لە دەمەی تازەیاندا، ئاسۆی بیر و هۆش و زانیارییان فراوان بوو. بە زۆر لادا پەلی هاویشت، سەرنج و ووردبوونەوەیان دوورتر ڕۆیشـت و قووڵتر بـوەوە، چـونکە ژیـانی کۆمەڵایـەتی تازەیـان ناچـاری ئەمـەی کـردن. ئەدیبانی کورد هەسـتیان بـەوەکرد، کـە کاتێـك ئەیانـەوێ لـە یـەکێك لـە گـیر و گرفتەکانی کۆمەڵەکەیان بدوێن، تەنها پارچە شیعرێك نایان گەیەنێتـە ئامـانج و مەبەس، بۆیە ناچاری سەرەتاتکێ بوون لە بارەیەکی تری ئـەدەب، کـە چـیرۆك بـوو. ئـەدیبانی کـورد ئـەدەبی بێگانـەیان ناسـی و بەتایبـەتی ئـەدەبی گـەلانی ڕۆژئاوا، سەیریان کرد چیرۆك لە ریزی پێشـەوەی ئەدەبەکەیانـە، بۆیـە ئاواتێـك لەم بابەتەوە کەوتە کەللەی ئەمانیشەوە.

ئـەدیبانی کـورد، چـاپخانە و ڕۆژنامـە و گۆڤاریـان لـە کایـەدا دی کـە ماوەیـان ئەداتێ ئەو چیرۆکەی ئەینووسن بیخەنە پێش چاوی هەزاران کەس.

ئەدیبانی کورد هەستیان بەوەکرد، کە زمانەکەیان لە بووژانـەوە دایـە و بـەرە و ئەوە ئەچێ بە ئاسانی مل بدا بۆ نووسین.

ئەدیبانی کورد، لە ئاسۆی ئەدەبی کوردیدا ئەمانەیان بەدیکرد، وەیا وەکی تری بلێین: ئەمانە لە ئاسۆی ئەدەبی کوردییەوە، خۆیان نیشانی ئەدیبانی کورد دا، بۆیە هەستی پێویستی بوون و نووسینی چیرۆك کەوتە بیر و هۆشیانەوە و پاڵی پێوەنان خەریکی بن.

بێگومان هیچ شتێك لە سەرەتادا، چاوەڕێی لێ ناکرێ، بـێ کـەم و کـووڕی و ناتەواوی بێتە کایەوە و هـەر یەکسـەر خـۆی بـدا لـە لوتکـەی پێشـکەوتن، بـەم پێیە، چیرۆکیش لە ئەدەبی کوردیـدا، کـە سـەری هەڵدا، تـەنها بریتـی بـوو لـە هەوڵ و کۆششێك لەم بارەیەوە.

کۆنترین بەرهەمی چیرۆکی ئەم ماوەیەمان، کە دەسگیرمان بـووبێ، چـیرۆکێکی درێژی (جمیل صائب)ە، کە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی ژیان و ژیانەوەدا لـە سـاڵی (٩٢٥) دا بلاّویکردۆتەوە لە ژێر ناوی (لە خەوما).

بەڕاستی ئەم چیرۆکە ئەهێنێ کە پێی بلێـی سـەرەتا و دەسـپێکردنێکی زۆر بـە هێز و پتەوە لە چیرۆکی کوردیا.

چیرۆکەکە بۆ مەبەسێکی سیاسی نووسراوە، کە ئەوهە بەسە هەر چۆنێکیش بێ تا بلێی تیا سەرکەوتووە، بەتایبەتی، کە خستویەتیە چوار چێوەیەکی هونەری ڕێکوپێکـەوە. لـە خوێندنـەوەیا بۆمـان ئاشـکرا ئـەبێ، کـە نووسـەرەکەی شارەزاییەکی باشی بووە لە چیرۆك نووسیندا و دەسی تیادا ڕۆیشتووە.

ئێمە، کە باس لە چیرۆکی هونـەری ئـەم ماوەیـەمان ئەکـەین و دەمانـەوێ لێـی بدوێین، بێگومان بۆ ئەمە دوو سەرچاوەمان هەیە:

یەکەمیان ئەو ڕۆژنامەو گۆڤار و نامیلکە و کتێبانەی لەم ماوەیەدا بوون.

دووەمیان بەرهەمی لـە چـاپ نـەدراوی ئـەو ئەدیبانـەمان، کـە خۆیـان لـە ژیانـا نەماون.

دەربارەی یەکەمیان، ئەتوانین بڵێین تا کـاتی دەرچـوونی گۆڤـاری گەلاوێـژ لـە چـیرۆکەکەی (جمیـل صـائب) زیـاتر هیچـی تریـان تیـا نـابینین، کـە بـە تەواوی......

ئێمە ئەتوانین دەساڵی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێـژ بـە ماوەیـەکی بووژانـەوە و دەستپێکردن دابنـێین لـە چـیرۆکی هونـەری کوردیـدا. وە ئـەتوانین بڵـێین لـەم ماوەیەدا هونەری چـیرۆك نووسـین، لـە ئـەدەبی کوردیـدا جێپێیـەکی بـۆ خـۆی کردەوە.

نووسەرانی کوردەواریشی هوشیار کردەوە و پێی ڕاگەیاندن، کە پێویستە زیاتر گوێ بدەنە ئەم بارەیەی نووسین و بە گرنگتری بگرن.

وە هەروەها لە پێنج شەش ساڵی پێشـووماندا، دووبـارە جووڵانەوەیـەکی تـری چیرۆك نووسین ئەبینین، بەڵام جووڵانەوەیەکی تـازە تـر و بەجۆشـتر و فـراوانتر وەك لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ دا. لەم ساڵانەدا ئەبینین چیرۆکی کوردی هەر بەوەوە نەوەستا، کە تەنها لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاّو بکرێتەوە، بەڵکو چووە ڕادەی بلاّوکردنەوەی کتێب و نامیلکەی تایبەتی، ئەمەش ئەنجامی

بەرهەم زۆری و زیاد بوونی ژمارەی چیرۆك نووسەکانمان. لەم سالأنەدا زۆر چیرۆك نووسی تازە لە ئاسۆی چیرۆك نووسین سەریان دەرهێنا. وە بە نیاز و مەبەسێکی فراوانتر و هیواو ئاواتێکی بەرز و بە تواناو دەسەلأتێکی بالأترەوە، وە سۆز و ئارەزوویەکی بە تین ترەوە هاتوونەتەوە. وەك محرم محمدامین، مستەفا سالّح کەریم، مەم، ج.بابان، محمدامین سعید، میدیا، وە زۆری تریش. ئەمە لەگەلّ بەردەوامی شاکر فەتاح  و بلأوکردنەوەی (ژینی نویّ)، کە بریتییە لە چەند چیرۆکێکی کورت و چیرۆکی سەر شانۆ، وە کپ بوونی (ئیبراهیم ئەحمەد) ئەگەرچی نامیلکەی  ـ کوێرەوەی بلأوکردەوە، بەلأم ئەوانە چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژن، واتە لە پێشتر بلأو کراونەتەوە، بەلأم خۆ ئەگەر چیرۆکی تری ببیّ و بلأوی نەکردبنەوە ئەوە شتێکی ترە و ئێمە ناتوانین لەوانە بدوێین. بەم جۆرە ناچارین بەس ئەوە بلّێین بەردەوامی ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر چیرۆك نووسین خزمەتێکی گەورەی ئەبوو بۆ ئەدەبی کوردی، وە ئەو کپ بوونەوەی (ئیتر سا لەبەر هەر هۆیەك بیّ) زیانێکی گەورەی پیّ گەیاند. ئەگەڕێینەوە سەر بەرهەمی چیرۆك نووسەکانی ئەم سالأنی دواییەمان و ئەلّێین: لەگەلّ ئەوەشا کە چ لە ماناو باسەکانیاندا، وە چ لە شێوەی نووسیندا هەنگاوی تری زۆر ناوە بۆ پێشەوە و لە بەرهەمی پێشوومان بە جۆشتر و فراوانتر و پتەو ترە، بەلأم هێشتا لەوە ناچیّ بەو لاوە، کە توێژاڵێکی ئەم هونەرە بەنرخە گرنگە بێت هونەری چیرۆك نووسین، کە ئێستا لە سەدەی بیستەمەما ڕیزی پێشەوەی داگیرکردووە  لە دونیای ئەدەبدا، هێشتا دوو کەم و کوڕی زۆر گرنگ

لـە بەرهـەمی چـیرۆك نووسـەکانی ئێسـتاماندا ئـەبینین، کـە زۆر بـە ئاشـکرا دەرئەکەون.

یەکـەمیان: ڕووکەشـی و سـاکاری ئـەو باسـانەی کـەتا ئێسـتا لێ ی دواون و چیرۆکەکانیان لەسەر دارشتووە.

دووەمیان: کزی شێوەی کوردەواری تایبەتی لەو باسانەدا.

هەردووکیشیان لەوەوە هاتوون کە چیرۆك نووسەکانمان تا ئێسـتا نـەیانتوانیوە بە تەواوی بچنە ناو جەرگەی جەماهیری گەلی کوردەوە و ببنـە ئاوێنـەی نـاخی دڵ ودەروونی، خۆشی و بەختیاری، ئەندێشە و ئازار، هیوا و ئاوات و مەبـەس و نیـاز و گـیر و گرفـت و دەردی سـەریان تۆمـار بکـەن و بیانخەنـە چوارچـێوەی چیرۆکێکی هونەری بەرزەوە.

چیرۆك نووسانی کورد پێویستیان بەوە هەیە بە باسـێکی ڕووکەشـی سـاکار ڕازی نەبن و قووڵ تری بکەنەوە، بە پێی قووڵی هیواو ئاوات و مەبەس و نیـازی ناو ناخی دڵ و دەروونی جەماهیری گەلەکەیان، بەتایبەتی ئەو جەماهیرەی کـە دواڕۆژی ڕووناکی وا لە قولّی مشتا. وە دوورتر سەرنج بدەن و بکۆڵنەوە و کـەل و قوژبنی ژیانی گەلەکەیان بپشکنن بۆ باسی چیرۆکەکانیان، چونکە ئەو شـتەی کـە سـوود بـەخش بـێ و زۆربـەی جـەماهیر هەسـتی پـێ نـەکا، وا لـەو کـەل و قوژبنانەدا خۆی ماتـداوە، باسـکردنی دەردی هـەژاری هـەروا بـە ڕووکەشـی لـە چـیرۆکا، ئـەو چـیرۆکە سـەر ناخـا، بـەڵکو یەکالاکردنـەوەی نەهێنییـەکانی ئـەو دەردە ئـەو چـیرۆکە سـەر ئـەخا. باسـکردنی دڵـداری کـوڕە هـەژارێك و کچـە

دەوڵەمەندێك، وە بەیەك نەگەیشتنیان هەروا بە ساکاری هیچ نرخێك نادا بە چیرۆکەکە، بەڵکو وەختێك نرخی پێئەدرێ، کە دیوی ئەو دیوەی باسەکەی تیا بخرێتە ڕوو، کە چینایەتی کۆمەڵە، وە کە ڕق وکینەی جەماهیری پێ ئەبزوێنرێ بەرامبەر ئەم کۆمەڵە چینایەتییە. هەروەها چیرۆك نووسەکانمان پێویستیان بە زانیارییەکی فراوان هەیە دەربارەی چۆنیەتی چیرۆك نووسین و باری هونەری، ئێمە ئەبێ پێ لەوە بنێین، کە ئەدەب و زمانەکەمان خۆی لە خۆیا هێندەی کەم و کوڕی تیا هەیە، کە لە زۆر لاوە ڕێگە بە چیرۆك نووسەکانمان ئەگرێ لە چیرۆك نووسینا، بەلاَم هێندەش هەیە، کە هەموو نووسەرانی گەلی کورد ئێستا بە پلەیەکی مێژوویی تایبەتا تێئەپەڕن، کە پێویستییەکی دوو لاییان ئەخاتە سەرشان بەرامبەر ئەدەبەکەیان، پێویستی پێشکەش کردنی بەرهەمیان بە حوکمی ئەوەی، کە دەستی نووسەرانی ئەم گەلەن، وە پێویستی چارەکردنی ئەو کەموکوڕیانەی ئەدەب و زمانەکەیان و پێشخستنی، ئەمەش شانبەشانی جێبەجێکردنی یەکەمیان. کەوابوو ئاخ و ئۆف هەڵکێشان بە دەس ئەو کەموکوڕیانەوە، وەك ئەوەی، کە زمانەکەمان لە ڕادەیەکی پێشکەوتنی ئەوتۆدانییە، کە ملبدا بۆ دەربڕینی هەموو نیاز و مەبەسێکیان، .. وەیا.هتد. ئەمانە بێکەڵکن و نامانگەیەننە ئامانجێك، بەڵکو پێویستە ئەگەرچی هێجگار ماندووش ئەبین ئیشبکەین و هەمیشە چاومان لە دوا ڕۆژێکی ڕووناکەوە بێ بۆ چیرۆکی کوردی، چاومان لەو ڕۆژەوە بێ، کە چیرۆکی کوردی تیا شان ئەدا لە

شانی چیرۆکی گەله پێش کەوتووەکان، ئیتر سا لەسەر دەستی ئێمەدابێ، وەیا ئەوانەی دوای ئێمە.

دواشــت کــه پێویســته باســی بکــەین و گــوێ ی خۆمــانی لێ نەخــەفینین، جوولانەوەی چیرۆك نووسینمانه لـه دوای(١٤)ی تـەمووزەوە. بـێ گومـان ئـەوه براوەتەوە، که شۆڕشی ناوبراو شۆڕشـێکی نیشـتمانی بـوو، وه کـه عێراقـی لـه پلەیەکەوه برده پلەیەکی له پێشتر، وه ئەوەش براوەتەوە، که شۆڕشەکه وەك هی گەلی عەرەبـه، هـی گـەلی کوردیشـه لـه عێراقـا، وه ئـەوەش براوەتـەوه کـه ئەدەبی کوردی له کوردستانی عێراقا بەم شۆڕشه ئـەو پـەردەی تـاریکی و کـپ کردن و ئیرهابه ڕەشەی دەمەی گۆڕکراوی لەسەر لاچوو، وه دەمەیەکی تری بۆ هەڵکەوت، دەمەیەك کـه مـاوەی نـەش ونمـا و بووژانەوەیـەکی ئـەوتۆی خسـته پێشدەم، که لەمەوەبەر هەرگیز بۆی هەڵ نەکەوتبێ. بەڵام که ئەم دەمەیەی بۆ هەڵکەوت ئنجا هەقمان هەیه بپرسین: کـوا ئـەو بووژانـەوه و نـەش و نمایـه ! ؟. وەلەبـەر ئـەوەی مـن لێـرەدا بەتایبـەتی لـه چـیرۆك ئـەدوێم، ڕوی دەم ئەکەمـه چیرۆك نووسەکانمان، لەگەڵ کەمیی ژمارەیاندا و ئەڵێم کوا؟! بۆ وەرامیش لای خۆمـەوه ئـەڵێم: ئـەوه نیـه کـه ئەبوایـه ببوایـه، جـا کێـی تـریش بـیرورای بـه پێچەوانەی منەوەیە، ئەوەیان باسێکی تره و وەختێکی تری ئەوێ بۆ لێدوانی.[1]

[1] هەر لەم کۆڕه ئەدەبییەدا، کامل بەصیر، کورته باسێکی دەربارەی ئەدەبیاتی فـەیلی پێشـکەش کرد، هەریەك له محەمەد مەولوود (مەم) و (محەمەدی مەلا کەریم) بابەتـەکانیان دەربـارەی چـیرۆك بوو. ناهیده شێخ سەلام و ئەبوزەید مستەفا و حوسێن ڕەشوانی بەشدارییان له کۆڕەکەدا کردووه، بەڵام له ئێستادا، دەستمان به باتەکانیان نەگەیشتووه.

**٢-٣-٤  ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی لە شەوی دووەمدا**

لەشەوی دووەمدا، ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی، گواسترایەوە بۆ مێوانخانە و گـازینۆی سـیمۆن، وێـڕای ئەنـدامانی کـۆنگرە، ئەوانـەی بەشـدارییان لـە کـۆڕە ئەدەبییەکـەدا نـەکردبوو، خـەڵکانێکی زۆر لـە دانیشـتوانی شـەقلاوە ئامـادەی ئاهەنگەکە ببوون. ئاهەنگ، بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە، تـا درەنگـانی شـەو درێژەی کێشا.



وێنەی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی لە باخچەی گازینۆ سیمۆن

لە کتێبی  (تەمەنێك)ی مامۆستا باکووری وەرگیراوە

ئـەو هونەرمەندانـەی بەشـدارییان لـە ئاهەنگەکـەدا کردبـوو: (ڕەسـول گـەردی: حەیران بێژ، تاهیر تۆفیق: گۆرانی بێژ، فوئـاد ئەحمـەد نانەکـەلی: گـۆرانی بێـژ، بـاکووری: گـۆرانی بێـژ و مۆسـیقاژەن، جـەمال هیدایـەت: مۆسـیقاژەن، واحیـد

مـەرجان: مۆسـیقاژەن و ئەکتـەر، یـەحیا مـەرجان: مۆسـیقاژەن، زیـا نـووری قەسـاب: مۆسـیقا ژەن، ئیـبراهیم نورالـدین: مۆسـیقاژەن، مسـتەفا رەئـوف: مۆسـیقاژەن، عـەدنان مـەلا: ئەکتـەر و ئیقـاع ژەن، شەمسـەدین سـەدرەدین: ئەکتەر و ئیقاع ژەن، جەمال حەمەدەمین: مۆسیقاژەن.[1]

[1] لە دیدارێکماندا لەگـەڵ هونەرمەنـد بـاکووری، دەربـارەی ئـەم ئاهەنگانـە  وتـی: ((بـەڕۆژ ، چـەند سەعاتێکمان بۆ پرۆڤەو ئامادەکردنی گۆرانییەکان تەرخان دەکرد و کاتژمێر (٨) ی شەو دەسـتمان بـە ئاهـەنگ گێـڕان دەکـرد، خـەڵکی شـەقلاوە دەهاتنـە دیـار ئاهەنگەکـەو تـا سـەعات (١ و ٢) ی نیوەشـەو دەمانـەوە، مـن (بـاکووری) هـەر شـەوەی چـەند گۆرانییـەکم  لـە گۆرانیـەکانی خـۆم پێشکەش دەکرد و لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانیش کەمانچەم دەژەنی))، سەبارەت بە ناوی ئـەم تیپـە کە لە چەندین شوێن بە (دەرسیم) ناوی دەهێنن، باکووری وتی: ((سەرەتا ئەو تیپە چ ناوی نەبوو، ئێمە لەسەر ڕاسپاردەی بەرێوەبـەری پـەروەردەی هـەولێر لەیەکـدی کۆببووینـەوە، مـن لەکۆیـەوە هاتبووم، چەند شەوێك لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانی دیکە هـەولێر پرۆڤـەمان کـرد، کـە دیتمـان تیپەکـە بەتواناییەو لەگەڵ یەکدیش گونجانێك دروست ببوو، گوتمان با ئەو تیپـە بهێڵینـەوە، کـە گەڕاینـەوە هەولێر، چوینە لای پارێزگاری هەولێر و داوای مۆڵەتمان کرد  و تیپەکەشمان ناولێنا (دەرسیم) دەنا لە کاتی ئاهەنگەکانی کۆنگرەی مامۆستایان لە شەقلاوە تیپەکە ئەو ناوەی لێ نەنرابوو)).

**٢-٣-٥ ڕۆژی سێیەمی کۆنگرە: بڕیار و ڕاسپاردەی لێژنەکان**

کاتژمێر (٨) ی سەرلە بەیانی لێژنەکان[١] خەریکی داڕشتنی پوختەی بڕیار و ڕاسپاردەکانیان بوون، بۆ ئەوەی بیانخەنە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە بۆ پەسەند کردن و دەنگ لەسەر دانیان.

**٢-٣-٥-١ لێژنەی وەرگێڕان و دانان و بلاَوکردنەوە**

لە ١٠ ئەندام پێکهاتبوو، مامۆستا (حوسێن عەقراوی)[٢]بڕیاردەری لێژنەکە بوو. دووبارەی ئەکەینەوە کە لقێکی تایبەتی پێکبێت لە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی خوێندەواری کوردی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وەرگێڕان و دانان و بلاَوکردنەوە بە مەرجێك کە:

١- سێ لێژنەی لێ ببێتەوە بۆ هەریەکە لە وەرگێڕان و دانان و بلاَوکردنەوە.

٢- ئەندامانی لێژنەکان دابنرێن وەیا (تنسیب) بکرێن لە مامۆستا خاوەن بەهرەکان وەیا ئەوانەی کە دەستیان هەیە لە وەرگێڕان و دانان و بلاَوکردنەوەدا، بەلاَم بە مەرجێك کە ئەو ئەندامە پێکەوە لەیەك شوێندا کۆببنەوە تاکۆتایی هاتنی ئیشەکانیان.

٣- یارمەتی (مادی و معنوی) ئەو ئەندامانە بدرێ تا بتوانن هەموو کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەو ئیشەیان.

٤- هەر لێژنەیەك لەوانە نوێنەری شێوەکانی زمانی کوردی تێدابێ.

---

[١] زانیاری دەربارەی، ژمارەی ئەندامان و ناوی بڕیاردەری لێژنەکان، لە ڕۆژنامەی (صوت الاکراد) لە ١٩/اب/١٩٦٠دا بلاَوکراوەتەوە.

[٢] حوسێن حەسەن عەقراوی، وەك نوێنەری مامۆستایانی لیوای موسڵ بەشداریی لە کۆنگرەی دووهەمدا کردووە.

## لێژنەكان:

### ٢-٣-٥-١-١ لێژنەی وەرگێڕان:

بەسەرپەرشتی مامۆستا شەفیق محەمەد[١]

١- خێراكردن لە پێكهێنانی كۆزمانی كوردی بۆ ئاسانكردنی ئیش و كاری وەرگێڕان و دانان.

٢- لێژنە ئەو نامیلكەو نووسراوانە وەربگێڕێتە سەر كوردی، كە پەیوەندییان بە خوێندن و بەرزكردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری قوتابیانەوە هەیە ئەگەرچی لە دەرەوەی پرۆگرامیش دان.

٣- پێویستە ئاگاداری بیر و ڕای نزیكخستنەوەی شێوەكانی لەیەكتر بكرێ لە كاتی وەرگێڕانی پەڕاوەكانی قوتابخانەدا وە هەروەها دووبارەی ئەو بڕیارانەی كۆنگرەی یەكەم ئەكەینەوە، كە لە بەشی لێژنەی وەرگێڕاندا ناونرابوون وەك:

أ- پێشكەشكردنی یارمەتی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە بەپێی توانای بۆ وەرگێڕانی وێژەی نەتەوایەتی كوردی بۆ زمانەكانی تر وە بە پێچەوانەشەوە.

ب- شێوەی وەرگێڕانی پەڕاوەكانی قوتابخانە ئاسان بێ ئەمیش بە پێی پلەكانی خوێندن.

ت- دەستی یارمەتی درێژكردن لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە بۆ وەرگێڕ و دانەرەكان بە نیازی بلاوكردنەوەی بەرهەمەكانیان.

---

[١] شەفیق محەمەد سەعدوڵلا، وەك نوێنەری مامۆستایانی لیوای موسڵ بەشداریی لە كۆنگرەدا كردووە.

**٢-٣-٥-١-٢ لێژنەی بلاوکردنەوە**

دووبـارەی ئـەو بڕیارانـەی کـۆنگرەی یەکـەم ئەکەینـەوە، کـە لەبەشـی لێژنـەی بلاوکردنەوەدا ناوبرابوون وەك:ـ

١- دانـانی چـاپخانەیەکی تایبـەت بەڕێوەبەرایـەتی، بـۆ لەچـاپدانی پـەڕاوی کوردی.

٢- بەڕێوەبەرێتی ئامادەبێ بۆ یارمەتیدان و هاندان، ئەگەر هاتوو دەستگایەك دامەزرا بۆ بلاوکردنەوەی چاپەمەنی کوردی.

٣- دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەتی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە، کە لـەکاروباری پـەروەردەو زانیـاری خوێنـدەواری کـوردی بـدوێ لەسـەر شـێوەی گۆڤـاری (مامۆستای نوێ).

٤- کتێبـە کوردییـەکانی دەرەوەی پرۆگـرام دابـەش بکـرێ بەسـەر نامەخانەکانی قوتابخانەکاندا.

٥- نامەخانەی گشتی لە قەزاو ناحیەکاندا بکرێتەوە.

٦- بووژانـەوەی سـامانی نەتەوایـەتی کـوردی لـە ڕێگـەی بلاوکردنـەوە و لەچاپدانی پەڕاوی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە.

٧- تەرخانکردنی بەشێکی کوردی لـە جەرگـەی هـۆی ڕوونکردنـەوە(وسـائل الایضاح) بۆ ئەوەی بەردەوام ئەم هۆی ڕوون کردنەوانە بگەیێنێت بە قوتابخانە کوردییەکان.

٨- تەرخانکردنی پرۆگرامێك لە ئێستگە کوردییەکە بۆ بلاوکردنەوەی وێژەو مێژوو و رۆشنبیری و سروودی کوردی، ئەمەش بە سەرپەرشتی بەرێوەبەرێتی زانیاری گشتی خوێندنی کوردی بێت.

### ٢-٣-٥-١-٣ لیژنەی دانان

دووبارەکردنەوەی ئەوبریارانەی کۆنگرەی یەکەم، کە لەبەشی لێژنەی داناندا ناویان براوە لەگەڵ لابردنی هەندێك بەندی و دەستکاریکردنی هەندێکی تریان:

١- لەکاتی دانانی پەراوی خوێندنەوەی کوردیدا بۆ پۆلە سەرەتاییەکان، وا ئامۆژگاری ئەکەین، کە گوێ بدرێتە باری کۆمەلایەتی و نیشتمانی بە جۆرێك، کە لەگەڵ رێبازی دیموکراتیی کۆمارەکەماندا و نیشانە تایبەتییەکانی باری رۆشنبیری و کۆمەلایەتی گەلی کورد بگونجێت.

٢- گوێدانە مێژووی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

٣- پرۆگرامی زمانی عەرەبی لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا وەهابێ، کە بگونجێ لەگەڵ رووداوی ژیانی قوتابخانە کوردەکاندا وە بەشێوەیەك بێت، کە بە ئاسانی فێری ئەم زمانە ببن.

٤- مامۆستاکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان بەشدار بکرێن لە دانانی پەراوەکانی خوێندنەوەدا بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان بە نیازی ئاگاداری کردنی ئاسانی لە شێوەی ئەو دانانەدا.

٥- دانانی پەراوێکی کۆ (جامع) بۆ رێزمانی کوردی.

٦- کۆکردنەوەی کۆمەڵە سروودێکی کوردی لە نامیلکەیەکدا، تایبەت بێ بۆ قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان.

٧- ئاگاداری کردنی ڕووداوی ژیانی گەلی کورد لەکاتی دانانی پرۆگرامی وانە زانستیەکاندا.

٨- دانانی پەڕاوی زانستی و کۆمەڵایەتی و وێژەیی لە دەرەوەی پرۆگرامدا بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری قوتابیان.

کۆنگرە ڕائەسپێرین، کە یاداشتێکی دوور ودرێژ پێشکەش بە سیادەی سەرۆك عەبدولکەریم قاسم و سیادەی وەزیری زانیاری بکات دەربارەی تاقیکردنەوەی ساڵی ڕابردووی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردی و دەربارەی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد و ڕادەی جێبەجێکردنیان لە قەوارەی دەستەڵاتی بەڕێوەبەرایەتییەکەدا، داواکردن بۆ بەتەنگەوەهاتنێکی تەواوی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەممان.

لێژنەی وەرگێڕان و دانان و بلاّوکردنەوە.

### ٢-٣-٥-٢ لێژنەی زمان[١]

ژمارەی ئەندامەکانی (١٦) کەس و بڕیاردەرەکەی مامۆستا فوئاد ڕەشید بوو. لێژنەی زمان لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد دا لە شەقلاوە لە ڕۆژی ١٥-١٧/٨/١٩٦٠ دا چەند کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا وە ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دا:

١- شێوەی سۆرانی بکرێت بە بنچینە بۆ زمانی کوردی لە عێڕاقدا وە موتربە بکرێت بە شێوەکانی تری کوردی بە جۆرێکی سروشتی، تاکو کۆ زمانێك پێکدێت وە چارەیەك ئەدۆزرێتەوە بۆ گیروگرفتەکانی یەکخستنی شێوەکانی زمانی کوردی.

٢- کۆنگرە ڕائەسپێرین، کە بە زووترین کات کۆزمانێکی هەمیشەیی کوردی دابمەزرێنێت بۆلێکۆڵینەوەی هەموو بارێکی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پێشخستنی و هەڵسان بەم کاروبارانەی خوارەوە:

أ- یەکخستنی چۆنییەتی نووسین وهەڵبژاردنی باشترین و گونجاوترین ئەلف وبێ بۆ زمانی کوردی.

[١] ئەم لێژنەیە لەسەر هەڵبژاردنی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)، یان دیالێکتی کرمانجی ژووروو(بادینی) گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی زۆری تێدابووە، لەچاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ مامۆستا(عەبدولکەریم مەحموود شێخانی)، کە ئەندامی لێژنەی زمان بووە لە کۆنگرەی دووەمدا، باسی لە هەڵوێستی مامۆستا (خەلیل ئیبراهیم)کرد، کە لە نوێنەرانی پارێزگای موسڵ و ئەندامی لێژنەی زمان بووە، مامۆستا خەلیل ڕووی لە برایانی بادینی کردووە و گوتوویەتی: ئێمە چەندین ساڵە بە ناچاری بە عەرەبی دەخوێنین و فێری زمانەکەش بووین، لەکاتێکدا زمانی خۆمان نەبووە، بۆچی نابێ بە شێوەزاری سۆرانی بخوێنین، کە زمانی کوردییە و ئاسانتر فێری دەبین؟!.

ب- دانانی زاراوەی زانستی

ت- دانانی ڕێزمانێکی گشتی بۆ زمانی کوردی.

پ- دەرکردنی گۆڤارێکی زانیاری و زمانی.

ج- لێژنە ڕائەسپێرین کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاریی کوردی بەزووترین کات لێژنەیەك لە شارەزایانی زمانی کوردی پێکبهێنێت بۆ نووسینی فەرهەنگێکی قوتابخانە.

ح- لێژنە ڕائەسپێرین، کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردی گۆڤارێکی زانیاری و وێژەیی و کۆمەلأیەتی و زانستی دەربکات.

### ٢-٣-٥-٣ لێژنەی هونەر و زیندووکردنەوەی کەلەپووری میللی

ژمارەی ئەندامەکانی (٦) کەس و بڕیاردەرەکەی مامۆستا شەفیق محەمەد، بوو.

لە هەرە دوا کەوتنە بە جێماوەکانی دۆخی دوابڕاو ... دواکەوتنی هونەرە لە کوردساندا، کە سەرەڕای ئەو هەموو زەبر و زەنگەی کە خرابووە سەر بواری پێشکەوتنی لەلایەن دەزگا دواخەرەکانی ئەو دەمە، کۆمەڵی خۆشمان بەهۆی دواکەوتنیەوە، تا ڕادەیەك دەنگی ئەدایەوە لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا وە بەچاوی سووك ئەیڕوانییە هونەر وە بەچاوێکی سووکتریش ئەیڕوانییە هونەرمەند.

وەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووز، کە میللەت پشووی تەواوی وەرگرت بۆ نواندن و دەربڕینی هەموو ئارەزوویەکی چاك و پیرۆزی بە تەواوی ئەو بەلگە

خراپانەی هاتە بەر چاو، کە بوونە هۆی تەوقکردن و دیل کردنی وە کۆسپ بوون لە ڕێگای پێشکەوتن و هەڵمەت بردنیدا.

بێگومان شۆڕش، کە مەزنترین مژدە بوو وە کە بەرهەمی خەباتکردنی سەختی کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانی تر بوو بەزاتترین هەنگاوی نا پاش خۆ داماڵین لە هەموو پەیوەندییەکی ئیمپریالیستی، کە ئەویش دان نانە بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دا و شانبەشان وەستاندنی لەگەڵ برای گەورەی، کەعەرەبە.

کە دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی دامەزرێنرا کە یەکێك لە هەرە دەستکەوتە گرنگەکانی  شۆڕش بریتییە لە دان نان بە مافی ڕۆشنبیری نەتەوایەتی گەلی کورد دا وە نەقابەی مامۆستایانی عێراق هەموو یارمەتییەکی پیشاندا کە کاروباری ئەم دەسگایە بە ڕێکوپێکی سەر بگرێت. وە نەقابەی مامۆستایان هەر ئەو ساڵە، کە ساڵی پاربوو توانای خۆی تەرخان کرد بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی خۆماڵی مامۆستایانی کورد کە، ڕووداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی گەلەکەماندا. وە هەرچەندە ئەو کۆنگرەیە لە گەڵ مەسائیلی گرنگی کۆڵیبوەوە و دەربارەی ڕۆشنبیری کوردەواری.. بەلاّم زۆر سەیر بوو، کە بەهیچ جۆرێك گوێی نەدابووە هونەروەری کوردەواری، لە کاتێکدا کە هونەر ڕۆشنایی ژیانە وەهیچ کۆمەڵێکی پێشکەوتنویست ناتوانێ دەست لە هونەر هەڵگرێت وە هونەرمەندەکانی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەیان نەئەکرد، کە لەو کۆنگرەیەدا بەو شێوەیە هونەر و هونەروەری بخرێتە پشتگوێ، بەلاّم باش بوو کۆنگرەی

دووەم هەستی بەم بۆشاییە کرد وە لێژنەیەکی بۆ هونەر پێکهێنا، بەڵام دیسانەوە ئەم لێژنەیەش نەیتوانی بە تەواوەتی ئەو فەرمانانەی کە خرابووە ئەستۆی، بیهێنێتەدی، ئەویش بەهۆی هاوبەشی نەکردنی گەلێك لە هونەرمەندەکانی کوردستان، کە ئەبوو بانگ بکرێن بۆ ئەم کۆنگرەیە هەروەها کۆنگرە گوێی نەداوەتە هونەری وەرزش، کە پێویست بوو لێژنەیەك دابنرێت بۆ یاری و پەروەردەی بەدەنی.

هەروەها داوا لە کۆنگرە ئەکەین، کە هەر لە شێوەی ئەم کۆنگرەیە هەموو ساڵێك کۆنگرەیەکیش بۆ هونەرمەندەکانی کوردستان پێکبهێنرێت، هەروەها بوار دروستبکرێت بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی هاوڕێیەتی و برایەتی لە نێوان هونەروەرەکانی عێراق بە هەموو نەتەوەکانییەوە.. وە لە کۆتایی ئەم سەرەتایەدا لێژنەکەمان کۆنگرە ڕائەسپێرێ، کە مەعهەدێك بۆ هونەرەجوانەکان لە کوردستان دابمەزرێنرێت.

وە ئەمە کە لە خوارەوە دێت پێشنیار و ڕاسپاردەکانی لێژنەی هونەر و زیندوکردنەوەی کەلەپووری میللی یە بۆ کۆنگرەی دوهەمی ناخۆیی مامۆستایان:

لەپاش ئەوەی لێژنەی هونەر و زیندوکردنەوەی سامانی نەتەوایەتی کۆبوەوە و گفتوگۆیان لەم ڕووەوەکرد، ئەم بڕیار و پێشنیارانەی خوارەوەیان خستە پێش چاو:

هەڵپەرکێی میللی: لە هونەرە میللیە جەرگەییەکانی گەلی کورد .. هەڵپەرکێی ڕەنگینی کوردییە، کە لە شانازی بۆ گەلەکەمان لە بواری هونەرروەری مرۆڤایەتیدا بەڵام بەداخەوە ئەڵێن، کە ئەم هونەرە وەك هەموو هونەرەکانی تر.. بەشی لەبیرچوونەوەو گوێنەدان بووە لەبەر ئەوە هێشتا لەو شێوە ساکارەدا ماوەتەوە، لەبەر ئەوە لەمەدا بە تەواوی پێویستی بەلاواندنەوە و چاودێری هەیە، بۆ گۆڕان و پێشخستنی و وا بەچاك ئەزانین، کە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنرێت بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانە:

أ- گرتنی فیلمی سینەمائی (خێراو لەسەر خۆ).

ب- دانانی نامیلکەیەکی پڕ لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، کە هەموو جۆری هەڵپەرکێکانی تێدا پیشان بدرێ و بلاوبکرێتەوە لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا و هەموو ئەم هەڵپەرکێیانەی تێدا بێت: (شێخانی، دەنانی، سویسکەیی، سەمای کۆچەری، سێ پێیی، تووسکی (دووقۆڵی)، گوڵ شێنی، هەرێ گوڵێ، چەپی، سنجانی، بابلەکان، بیلانێ، دیکۆ، سەنگین سەما ڕەورەو، شنگاری، گۆڤەند، سوولەتکی)

ت- تەرخانکردنی دەرسێك بۆ هەڵپەرکێ میللییەکان لە هەفتەیەکدا، وە ئەگەر هاتوو بوار نەبوو لەگەڵ دەرسە هونەرییەکانی تردا یەکبخرێت و ئەم دەرسە بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە.

پ- بەستنی ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ هەڵپەرکێی میللی بۆ قوتابخانەکان لە هەموو قەزا و لیواکاندا پێش تەواوبوونی ساڵی خوێندن.

ج- دانانی لقێکی هونەروەری لەبەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی لە بەغدا وە هەروەها لە هەرچوار لیواکەدا لێژنەی چالاکی هونەروەری پێکبهێندرێ بۆ چاودێریکردنی چالاکی هونەروەری وە بەڕێوەبردنیان بە شێوەیەکی ڕاست.

١- سەیرگێران:

لێژنەکەمان دووبارەی ئەکاتەوە، کە شانۆ قوتابخانەی گەلە، لەبەر ئەوە پێویستی بە ئاگادارکردن هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم پێشنیازانەی خوارەوە ئەخاتە پێش چاو:

أ- شانۆی باش و تەواو لە هەموو قوتابخانەکاندا دروست بکرێت.

ب- چیرۆکە میللیەکان (فۆلکلۆر) زیندوبکرێنەوە و پیشان بدرێن لەسەر شانۆ

ت- تیپی سەیرگێران پێکبهێنرێ وە بگەڕێ بەناو هەموو شوێنێکی کوردستانداو هەموو لایەکی کۆمارەکەماندا و سەیرگێرانی خۆیان پیشان بدەن.

پ- پێکهێنانی شانۆی گەڕۆك.

ج- گوێبدرێت بە کۆمەڵە هونەروەرەکانی کوردستان وەبە پارە یارمەتییان بدرێت.

ح- سەردان لە نێوان تیپە کوردییەکان وتیپە ناوخۆییەکان و تیپە هونەروەرییەکانی جیهان دا بێت.

خ- پێکهێنانی ئاهەنگی گشتی بۆ سەیرگێران و خەڵاتکردنی چاکترین سەیرگێر و تیپی سەیرگێران.

د- ناردنی هونەروەرە کوردەکان بۆ وڵاتـە پێشـکەوتووەکان بـۆ پێگەیانـدنی هونەرمەندییان.

٣- نیگار:

پەیکەرتاشی، دیزاین، چنین ونەخش، سیرامیک، خۆشنووسی.

باری پێشخستنی ئەم هونەرانە ئەکەوێتە سەرشانی قوتابخانـەکان و بەتایبـەتی هونەری نیگار، پەیکەرتاش، دیزاین چنین و نەقش، سیرامیک خۆش نووسی، وە کەم تەرخەمی و بێباکی نەکرێ لە وتنەوەی ئەم دەرسانەدا وە پێشنیاز ئەکەین کە:

أ- گوێبـدرێ بـە پـەروەردەکردنی فێرکردنـی هونـەروەری لـە قوتابخانـە مامۆستاییەکاندا.

ب- فرەکردنـی کەرسـتەی نیگارکێشـان و پەیکەرتاشـین و سـیرامیک بـۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان و ناوەندییەکان.

ت- ئافەرینکردنی قوتابییە بەهرەوەرەکان لە ناوەرۆکی دەرسە ناپۆلییـەکان و پەرە پێسەندنی تواناو چالاکییەکانیان.

پ- پێکهێنـانی پێشـانگا بـۆ پۆلـەکان یەکـە یەکـە وە لەپاشـان تێکـڕا بـۆ قوتابخانە ئینجا تێکڕا بۆ قوتابخانەکانی شار.

ج- کەمکردنـەوەی سـەعاتی دەرس وتنـەوەی مامۆسـتایانی هونـەر وە کردنەوەی دەورەی هونەری بۆ بەهرەوەرەکان.

ح- هێنانی مۆدێلی هونەروەری لە دەرەوەی عێراق بۆ قوتابخانەکان

خ- پێویستە دەرسی خۆشنووسی بدرێت بە مامۆستایەکی خۆشنووس.

د- دانانی شوێنێکی تایبەتی بۆکاروباری هونەروەری لە قوتابخانەکاندا.

ژ- بڵاوکردنەوەی ئەلبوم و پەڕاوە هونەرییەکان بەسەر نامەخانەی قوتابخانەکاندا.

ر- خوێندنی دیزاینی کوردەواری کۆن، کە لە کەلوپەلی ناوماڵدا ئەبینرێت وەك نەقشی جلوبەرگی کوردی، فەرش، بەرماڵ، دارجگەرە، دیزە و گۆزە، کاسە و کەوچك.

ز- گوێدان بە پیشەسازیی سیرامیك لە کوردستاندا وە ئیشکردن بۆ پێشخستنی وە بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە لەگەڵ نیگار وپەیکەرتاشیدا بخوێنرێت.

س- ناردنی چەند شارەزایەك لە پیشەسازی سیرامیکدا بۆ(دێ ی دەرگن) لە ناوچەی ئامێدی و دانانی ڕاپۆرتێك لەسەر سیرامیکی کوردستانی و هێنانی شارەزایەك لە پیشەسازی سیرامیکدا بۆ دانانی هێلنامەیەك بۆ گەشەپێدانی ئەو پیشەسازییانە.

٣- گۆرانی و مۆسیقا:

گۆرانی و مۆسیقای کوردی دیمەنێکی تایبەتی خۆی هەیە و جێگای دەرکەوتووی هەیە لە مۆسیقاو گۆرانی شەرقیدا، ئەم هونەرە جوانە دووبارە پێویستی بە گوێدانێکی ڕاستەقینە هەیە و لێژنەکەمان ئەم پێشنیازەی خوارەوە پیشانئەدا:

أ- ڕیکـۆردکردنی گـۆرانی و سـروود و بـەیت وبـالۆرەی کـۆنی کـوردی پـێش ئەوەی ون بن و بفەوتێن. وە پێکهێنانی لێژنەیەك لە شارەزایان بـۆ پشـکنین و دۆزینــەوەی گۆرانییــە کوردییــە کۆنــەکانی (حەمــەکی تــوفی) و (ســەید عــەلی ئەصغەر) و (مەلاکەریم) و (ئەحەی ناصر) و ئەوانی تر.

ب- نـۆت کـردن و ڕیکـۆردکردنی ئـاوازە کوردییـەکان لەلایـەن دەسـتەیەك لـە هونەرمەندەکان.

ت- یەکخستنی ئاواز و سرودە نیشتمانییەکان و چاپکردنیان لە نامیلکەیەکدا و بلاوکردنەوەی بەسەر قوتابخانەکادا.

پ- قوتابخانەکان تەجهیز بکرێت بە ئالاتی مۆسیقاو ڕیکۆرد.

ج- یارمەتیدانی گۆرانیبێژ و مۆسـیقاژەنەکان بـە پـارەو دانـەنانی کۆسـپ لـە ڕێگای خوێندنیاندا بە هۆی شەهادەنەبوونی، بەڵکو توانـاو بـەهرەوەری پێوانـە بێت بۆ هونەرمەند.

ح- گوێـدان بــە نــاردنی نیســبەتێك لــە قوتابییــە هونەرمەنــدە کوردەکــان هەمووساڵێك بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات.

خ- دەرسـی سـروود لەلایـەن مامۆسـتایەکی شـارەزا لـە گـۆرانی و مۆسـیقادا بوترێتەوە.

د- سـوود وەرگـرتن لـەو توانـا هونەروەرییانـەی، کـە کوردەکـانی دەرەوەی عێراق هەیانە، بەتایبەتی کوردە هونەرمەندەکانی یەکێتی سۆڤیەت.

٥- هونەرەکانی ناوماڵ:

أ- پێکهێنانی لێژنەیەك بە دانانی پرۆگرامێکی خوێندن بۆ هونەرەکانی ناوماڵ وەك چنین و بەرگ دورین و چێشتلێنان ، منداڵ پەروەردەکردن و .... هتد. وە دیمەنی نەتەوایەتی کوردی تێدا دەرکەوێت و ئافەرین کردنی پیشەسازی دەستکردی خۆماڵی و گوزەران پێشخستنی.

ب- گیرانی پێشانگایەك بۆ هونەری ناوماڵ.

ت- دانانی مۆزەخانەیەك بۆ جلوبەرگی نەتەوایەتی کوردی.

پ- گوێدان بە زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی لە ڕێکخستنی ناوماڵ بە هەموو توانایەکەوە.

٦- ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما:

ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما دەورێکی کاریگەری هەیە لە بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هونەروەری و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵ بە شێوەیەکی چاك، کە ڕێکبکەوێت لەگەڵ ئامانج و ئارەزووە دروستەکانی.

بەشی کوردی لە ڕادیۆ وتەلەفزیۆنی عێڕاق زۆر دواکەوتوون لەوە کە هەڵسن بەم فەرمانانە، لەبەر ئەوە پێشنیاز ئەکەین کە:

أ- هێنانی کادری هونەروەر و بە توانا بۆ ئێزگە و بۆ دەرخستنی ڕووی ڕۆشنی کەلەپووری هونەری گەلی کورد و بەشی کوردی.

ب- یەکسانکردنی سەعاتی ئیشکردن لە ئێزگەی عێڕاق لەگەڵ سەعاتەکانی ئیشکردنی سەعاتی بەشی عەرەبی.

ت-     وەرگرتنی وێنەی سینەمایی بۆ دیمەنە شیرینەکانی هاوینە هەوارەکانی کوردستان، هەروەها ژیانی کۆمەلأیەتی و هونەروەری کوردەواری و پیشاندانی ئەو فیلمانە لە سینەماکاندا و تەلەفزیۆنی بەغدا پێناسینی ژیانی کوردەواری گەلی عەرەب و هەموو کەمایەتییەکانی تر بۆ بەهێزکردنی یەکێتی عێراق.[1]

---

[1] لە سەرەتا ی کتێبی (سەرنجێك لە دەروازەی فۆلكلۆری كوردەوە، کە دەزگای ئاراس چاپی دووهەمی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە هەولێر كردۆتەوە، هاتووە: ((لقی نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی لەسەر ڕۆشناییی بڕیارەكانی كۆنگرەی یەكەم و دووەمی مامۆستایانی كورد لە شەقلاوە، وە بەنیازی ڕاژەی كەلەپووری نەتەوایەتیمان بەپێی توانا، دوو لێژنەی پێكهێنا لە مامۆستایان، بە لێژنەیەكی سپارد، كە هەرچی فۆلكلۆرێكی كوردی بە چنگ دەكەوێ لەناو ئەوسامانە نەتەوایەییە لە بن نەهاتووەماندا كۆی بكاتەوە و ئامادەی بكات. وە لێژنەیەكی تری پێكهێنا بۆ لێكۆڵینەوە و چاوخشاندن بەو فۆلكلۆرانەی، كە لێژنەی یەكەم كۆی كردووەتەوە.)) ئەمەش بەڵگەیەكی گرنگە بۆ ئەوەی لە گەورەیی كۆنگرەكان و لە دڵسۆزیی ئەندامانی هەردوو كۆنگرەكە دڵنیابین

بڕوانە:سەرنجێك لە دەروازەی فۆلكلۆری كوردی: دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩.

### ٢-٣-٥-٤ لێژنەی خوێندنی بەرز و ناردنە دەرەوە

بڕیاردەری لێژنە مامۆستا ئەحمەد عوسمان بوو.

ڕاسپاردەکان

دانشگا و وەرگرتن:

وەرگرتنی قوتابیی کورد لە دانشگای بەغدا، بە پێی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی کورد بێت لە عێراقدا، وە بۆ هێنانەدیی ئەم داخوازییە پێویستە:

أ- وەرگرتنی قوتابی لە کۆلێجەکان هەر بەو پێیە بێ.

ب- معەدەلی نمرەی قوتابیانی کورد جیاوازیی هەبێ لەگەڵ معەدەلی قوتابیانی برا عەرەبەکانیاندا.

ت- پێکهێنانی لێژنەیەك لە نوێنەرانی نەقابەی مامۆستایان و دانشگای بەغدا ویەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق و بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی بۆ دانانی ئەو معەددەلە.

بەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب:-

أ- دانانی مامۆستایانی شارەزا و تەواو بە پێی پێویست بۆ بەشەکە، بەبێ ئەوەی شەهادەی بەرز ببێتە کۆسپ بۆ دانانیان.

ب- هەوڵبدرێت بۆ هێنانی مامۆستایان کە شارەزاییان هەبێ لە زمان و وێژەو مێژووی کورد لە دەرەوەی عێراق بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی زانیاری ئەم بەشە.

ت- هەوڵبدرێت بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییان لەم بەشەدا، بۆ پێشخستن و فراوانکردنی جوولانەوەی زانیاری لە کوردستاندا.

پ- وەرگرتنی مامۆستایانی سەرەتایی لەم بەشەدا، لە وانەی کە شارەزاییان هەیە لە وێژە و مێژووی کوردیدا.

ج- ئاسانکردنی وەرگرتنی قوتابیانی بەشەکە لە بەشی ناوخۆیی (القسم الداخلی).

ح- پێویستە ئامرازی (ڕۆنیۆ)ی تەواو هەبێ لە بەشەکەدا، بۆ چاپکردنی دەرسەکان و موحازەرات.

خ- فراوانکردن و پێشخستنی بەشەکە، بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ببێت بە کۆلێژ بۆ خوێندەواری کوردی.

د- ماوە بدرێت بە قوتابیانی کورد لە دەرەوەی کوردستانی عێراق بۆ خوێندن لەم بەشەدا.

ژ- پەیداکردنی کتێب و سەرچاوە چ بە کوردی نووسرابێ، چ بە زمانی تر بۆ ئەم بەشە، کە پەیوەندیی هەبێ بە زانیاری و مێژوو و زمان و وێژەی کوردەوە وە بەپێی توانا ئەوانەی کوردی نین، وەر بگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، هەروەها دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کۆلێجی ئاداب بەو کتێب و سەرچاوانەی کە پەیوەندیی هەیە بە خوێندەواری کوردییەوە، هەنگاونان بۆ کردنەوەی بەشی خوێندەواری کوردی لە کۆلێجەکاندا وە بوونیان بە ناوەرۆك بۆ دانشگای کوردستان:

١- تەرخانکردنی کورسییەك بۆ زمان و وێژەی کوردی لە دانشگای بەغدا.

٢- کردنەوەی بەشی خوێندەواری کوردی لە کۆلێجی پەروەردەدا.

٣- کردنەوەی زانستگای پەروەردە بۆ ئەوەی ببیٚ بە دانشگای کوردستان لە پاشەڕۆژدا.

زمانی کوردی لە کۆلێجەکاندا:

١- زمانی کوردی لە زانستگای پەروەردە بخوێندریٚ.

٢- زمانی کوردی لە کۆلێجی تەحریر.

ناردن بۆ دەرەوە:

١- ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوە بەو پێیەی کە ئامانجەکانی زانیاری گەلی کورد بێنێتەدی، لەگەلٚ ئاگاداربوون لە بابەتەکانی پسپۆڕی، وە ئەگەر هاتوو ئەو ژمارە پێویستە پەیدا نەبوو لە دەرچووەکانی سالأنی پێشوو ئەو ژمارەیە تەواو بکریٚ.

٢- ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوە، بەپێی ڕێژە و ژمارە و پێویستیی دانیشتوانی کورد بێت لە عێڕاقدا، وە بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە، پێویستە پەیڕەوی ناردنە دەرەوەی قوتابیان بۆ قوتابیانی کورد جیاواز بێت لە ڕووی معەدەلی نمرەوە، بە مەرجێك چاودێری ڕادەی زانیاری بکرێت، وە ئەگەر ژمارەی تەواو نەبوو لە دەرچوانی سالأنی کۆن وەربگیرێت.

٣- تەرخانکردنی مادەی وێژەو زمان و مێژووی کورد لە ناردنە دەرەوەدا.

٤- لە ناردنە دەرەوەدا ژمارەیەکی پێویست لە قوتابیان بنێردریٚ بۆ پسپۆڕی لە زمان و وێژە و مێژووی کوردیدا.

### ٢-٣-٥-٥ لیژنەی بەرنامە و پەڕاو

(١٥) ئەندام کە مامۆستا عەلی جەمیل بڕیاردەری لیژنەکە بوو.

**بەرنامە:**

لیژنەی بەرنامەو پەڕاو لە کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە لە ١٥ی ئابەوە کۆبووەوە تا ١٧ی ئابی ٩٦٠، وە ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی خستە ڕوو:

١- لە دایەنگەو باخچەی منداڵاندا، لە قوتابخانە کوردەواریەکاندا زمانی کوردی بەکار بهێنرێت.

٢- زمانی عەرەبی لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە دەست بە خوێندنی بکرێت، بە مەرجێك قوتابیەکان لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییەوە ڕابهێنرێن، بۆ ئەمەش هەفتەی دوو وانە تەرخان بکرێ لە شێوەی وتووێژدا بخوێندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کە پار تەنها لە لیوای سلێمانی و هەولێردا پەیڕەو کرا، بەڵام لە کەرکوك و قوتابخانەکانی دیکەدا لەسەری نەڕۆیشتن. لەبەر ئەوە ئامۆژگاریمان ئەوەیە، کە لە ساڵی داهاتوودا (١٩٦٠ –١٩٦١) لەو جێگایانەشدا پەیڕەوی بکرێت.

٣- دابەشکردنی وانەکانی زمانی کوردی لە پۆلە سەرەتاییەکاندا بەم جۆرە بێت:

| پۆل | ژمارەی وانە |
|---|---|
| یەکەم | ١٠ |
| دووەم | ١٠ |
| سێیەم | ٦ |
| چوارەم | ٤ |
| پێنجەم | ٣ |
| شەشەم | ٣ |

٤- دابەشکردنی وانەکانی زمانی عەرەبی لە پۆلە سەرەتاییەکاندا بەم جۆرە بێت:

| پۆل | ژمارەی وانە |
|---|---|
| سێیەم | ٢(وتووێژ) |
| چوارەم | ٤ |
| پێنجەم | ٤ |
| شەشەم | ٤ |

تێبینی:ـ وانەیەك لە وەرزش لە پۆلی پێنجەم و شەشەمدا لائەبرێ وئەخرێتە سەر وانەی زمانی عەرەبی لەو دوو پۆلەدا.

٥- خوێندن لە پۆلی یەکەمی قوتابخانە ناوەندییەکاندا، لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا (١٩٦٠-١٩٦١) بکرێت بە کوردی لەو ناوچانەدا، کە خوێندنی تێدا بەزمانی کوردی بووە، ئینجا بەرەبەرە لە ساڵانی داهاتوودا دەست بکرێت بە

خوێنـدن بـە زمـانی کـوردی هــەتا هــەموو پۆلــەکانی ناوەنـدی و ئامــادەیی ئەگرێتەوە.

٦-  ژمارەی وانەکانی وێـژە و زمـانی کـوردی، لـە قوتابخانـە ناوەندییـەکان و ئامادەییەکان و قوتابخانەی پێگەیاندنی مامۆسـتایانی کـوڕان و کچـان وە ئـەو قوتابخانانـەی کـە لـە پلـەی ئـەوان دان لـە هـەموو پۆلێکـدا، وە دوو وانـە بـۆ قوتابخانە ئامادەییەکان و پێگەیاندنی مامۆستایانی کوڕان و کچان و دەرەوەی پەروەردەکردن.

٧-     :

أ- زمان و وێژەی کوردی لە هـەموو قوتابخانـەکان، قوتابخانـەی ئامـادەکردنی مامۆستایان بکرێتـەوە تـا یەکیـەتی ڕاسـتەقینەی دانیشـتوانی عێـڕاق بـەهێزتر بێت.

ب- دەورەی پەروەردەکردن بۆ مامۆستا کوردەکـان لـە هاوینـدا بکرێتـەوە بـۆ فێرکردنی چۆنیەتی وتنەوەی زمانی کوردی، بە مەرجێك لە چوار هەفتـە کـەمتر نەبێت.

ج- دەورەی پەروەردەکردن لە ناوچە کوردییەکانـدا بکرێتـەوە بـۆ دەرچـووانی قوتابخانە ئامادەییەکان، بەو مەرجەی خوێندن تێیدا بە زمانی کورد بێت.

٨- پەلـە بکرێـت لـە کردنـەوەی دانشـگایەکی پـەروەردەکردن لـە یـەکێك لـە ناوچـەکانی کوردەواریـدا، هـەتا ببێتـە بـەردی بناغـەی دامەزرانـدنی زانسـتگای کوردستان.

٩- کورسـییەك دابنرێـت لـە زانسـتگای بەغـدا، بـۆ خوێنـدنی زمـان و وێـژەی کوردی.

١٠- بەرنامەی خوێندن:

ئەبێ هەر ئەو بەرنامە بڕیاردراوانەی، کە ئێستا هەن، بە خۆی و هەموو پلـەکان و قۆناغەکانیەوە لە قوتابخانە کوردیەکاندا بخوێنرێت، لە دوای وەرگێڕانیان بـۆ زمـانی کـوردی، جگـە لـەم بەرنامانـەی خـوارەوە، کـە پێویسـتییان بـە دانـانی تایبەتی هەیە:

أ- زمانی عەرەبی بە هەموو لقەکانیەوە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- ئـەم زمانـە هـەر وەك زمانێـك بوترێتـەوە، پێویسـتە ئامۆژگـاریی ڕادەی زانیاری قوتابیان و توانایان بکرێ.

٢- ئاگاداری خاك و ژینگەی تێدا بکرێت، کـە قوتـابی کـوردی تێـدا ئـەژی لـە دانانی پەڕاوی بڕیار لەسەر دراودا.

٣- ئەو پەڕاوانەی، کە ئێستا هەن ولە قوتابخانەکانی عێڕاقدا ئەخوێندرێن لـە سەروو ڕادەو توانای قوتابیی کوردەوەن، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی کە زمـانی عەرەبی لە پۆلی چوارەمەوە دەست پێئەکات لە قوتابخانە کوردەوارییەکاندا.

ب- زمانی کوردی بە هەموو لقەکانییەوە بە پێی بەرنامەیـەکی تایبـەتی ئـەبێ بخوێندرێ.

ت- مێژوو:-

ئەو بابەتانەی، کە ئێستا لە بەرنامەی بڕیار لەسەر داوا ئەخوێندرێ و پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە هەیە تینوویەی ناشکێنێ، لەبەر ئەوە ئامۆژگاریمان ئەوەیە، کە لێژنەیەکی تایبەتی پێکبهێنرێت بۆ بەرنامەیەکی فراوانتر بۆ مێژووی گەلی کورد دابنێت، لەگەڵ خوێندنی جوغرافیای ئەو جێگایانەی، کە پەیوەندییان بە مێژووی کوردەوە هەیە، ئەمەش لەگەڵ خوێندنی مێژووی گەلی عەرەبی براماندا.

پ- سروود

لێژنەکەمان ئامۆژگاری ئەکات، کە لێژنەیەکی تایبەتی دابمەزرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو سروودە کوردییانەی کە لە قوتابخانەکاندا ئەخوێندرێت، وە دابەش بکرێت بەسەر قوتابخانە کوردییەکاندا لەگەڵ هەندێ سروودی عەرەبی، کە ببێتە هۆی بەهێزکردنی یەکیەتی ڕاستەقینەی گەلی عێڕاق.

١١- لێژنە پێشنیاز ئەکات چەند وانەیەك دابنرێت بۆ خوێندنی زمانی کوردی لەو قوتابخانانەدا، کە کوردی نین، لە سەرەتای قۆناغی ناوەندی و بەرەو ژوورتر دەستپێبکات بۆ پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانی دیکە.

١٢- زمانی کوردی لە سەرەتای ساڵێ داهاتووا (١٩٦٠-١٩٦١) بخرێتە ناو (تاقیکردنەوە گشتییەکان) لە قوتابخانە کوردییەکان.

١٣- پرسیاری تاقیکردنەوە گشتییەکان یەکسەر بە زمانی کوردی بۆ قوتابخانە کوردییەکان دابنرێت.

١٤- خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و ناوەندەکان و ئامادەییەکاندا بەکوردی بێت وە هەندێك وانە بە عەرەبی بخوێندرێ لە قوتابخانە ناوەندیو ئامادەییەکاندا، بۆ ئەوەی قوتابییە کوردەکان فێری زمانی عەرەبی بن وە بۆ بەهێزکردنی یەکیەتی نێوان گەلی عێراق.

<u>پەڕاوی قوتابخانەکان</u>

١- ئەو پەڕاوە عەرەبییانەی کە بڕیاریان لەسەر دراوە لە هەموو قۆناغ و چەشن و پلەیاندا بکرێن بە کوردی، جگە لەمانە:-

أ- زمانی عەرەبی بە خۆی و لقەکانییەوە.

ب- زمانی کوردی بە خۆی و هەموو لقەکانییەوە.

ت- مێژوو.

پ- سروودی قوتابخانە.

٢- لێژنە دابنرێت بۆ دانانی ئەو بابەتانەی کە لە بەرزی (أ،ب،ت،پ) لە مادەی پێشوودا باسکراوە، بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە وەزارەتی زانیاری دایئەنێت.

٣- هەروەك لەسەرەوە باسمان کرد، هێندێك وانە لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکاندا بە عەرەبی بخوێندرێ.

٤- لێژنە ئامۆژگاری پیشان ئەدا، ئەو پەڕاوە وەرگێڕدراو و دانراوانە، پێشانی لێژنەیەکی تایبەتی بدرێت بۆ ڕوانینە زمان و ئیملایەکەی لە پێش دەستکردن بە چاپکردنیان.

٥- چاپخانەیەکی تایبەتی دابمەزرێندرێ بۆ بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی بۆ چاپکردنی ئەو پەڕاوە کوردییە بڕیار لەسەر دراوانە و کاروباری بەڕێوەبەرایەتییەکە.

٦- لێژنە پێشنیاز ئەکا، کە پەلەبکرێت لە چاپکردنی پەڕاوە وەرگێڕدراو و دانراوەکان وە دابەشکردنیان بە زووترین کات.

٧- وانەیەك لە چوار وانەکانی زمانی کوردی لە پۆلی چوارەم تەرخانبکرێت بۆ فێربوونی ئەلف و بێی لاتینی.

### ٢-٣-٥-٦ لێژنەی مێژوو

بڕیاردەری لێژنە: مامۆستا شەفیق صابر

١- پێشەکی:

مێژووی گەلی کورد پێویستە بە شێوەیەکی فراوانی زانیاری ڕووداوی بنووسرێتەوە، وە ئەبێ مێژووی گەل بێ، وە بە گیانێکی مرۆڤایەتی نیشتمان پەروەری پێشکەوتوویی بنووسرێتەوە، وە لە شارستانیەتی گەلی کورد و خەباتی هاوبەشی لەگەڵ گەلی عەرەب وە گەلانی تر بکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی گەلی کورد ئاگادار و شارەزابێ لە ڕابردووی خۆی و گەلانی تریش شارەزای مێژووی کورد بن بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی پتەکردن و چەسپاندنی گیانی برایەتی لە

نێوان گەلی کورد وگەلی عەرەب وە گەلانی دراوسێ و هەموو گـەلانی جیهـان، وە بەشدار بوونی گەلی کورد لە دروستکردنی ئەو شارستانییە گشتییە.

٢- دانـان و چـۆنییەتی نووسـینی مێـژووی میللـەتی کـورد لەلایـەن لێژنـەی مێژووەوە:

أ- بلاّوکردنەوە بەهۆی ڕۆژنامـەو ئێسـتگەوە بـۆ ئـەوەی هەرکـەس پـەڕاو، یـا پاشماوەیـەکی دێرینـی هەیـە، پێشـکەش بـەو لێژنەیـەی بکـات، لـە هـەر ڕێگەیەکەوە بێت، وە بەخشینی خـەلاّت، یـان دراو بـدرێت بـەو کەسـانەی، کـە یارمـەتی لێژنەکـە ئـەدەن، چ پێشکەشـکردنی پـەڕاو، یـا پێشکەشـکردنی پاشماوەی دێرین.

ب- پێکهێنانی لێژنەیەك لە شارەزایان، هەر لە لێژنەی ناوبراو، بۆ کۆکردنـەوە و هاتوچۆکردن لەگەلّ مۆزەخانەکانی عێراق وە ولاّتە ڕۆژهەلاّتەکانی ناوەنـد وە ڕۆژهەلاّت شوناسەکان وەیا نامەخانەکانی هەموو جیهان.

ت- کۆکردنەوەی ئەو پەڕاوانەی، کە باوەڕیان پێئەکرێ وە لـە مێـژووی کـورد ئەدوێن بۆ ئەوەی ببن بەسەرچاوە بۆ نووسینی مێژووی کورد.

پ- هاندانی ئەو کەسانەو یارمەتیدانی ئـەو ڕێکخراوانـەی، کـە هەولّئـەدەن بـۆ بووژاندنەوەی مێژووی کورد، بەخەلاّت وە پاداشـت وە یارمەتیـدانیان لـە ڕووی داراییەوە وە بلاّوکردنەوەی بەرهەمی باشیان لەلایەن کاربەدەستانەوە.

ج- خوێنـدنی مێـژووی گـەلی کـورد بـە فراوانـی لـە هـەموو قوتابخانـەکانی خوێنـدنی کـوردی لـە هـەموو پلەیەکیـدا وە خوێنـدنی مێـژووی گـەلی کـورد بـە

شێوەیەکی گشتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی و بەرەو ژوورتر لە قوتابخانەکانی تری کۆماری عێراقدا.

ح- لەبەر ئەوەی، کە مێژوو وە وێژەی گەلی کورد پێویستی بە پێناسی زەوی و نیشتمانی ئەو گەلە هەیە، کۆنگرە ڕائەسپێرێ بە خوێندنی جوغرافیای ئەو زەوی و ناوچەیەی، کە پەیوەندیی هەیە بە مێژووی گەلی کوردەوە.

٣- دروستکردنی مۆزەخانەیەکی مێژوویی لە کوردستان:

أ- لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان مۆزەخانەیەکی مێژوویی دروستبکرێت، وا بەباش ئەزانرێ مۆزەخانەکە لە شاری هەولێر بێ و بەناوی مۆزەخانەی کوردستانەوەبێ.

ب- گواستنەوەی پاشماوە دێرینەکانی کورد لە مۆزەخانەی بەغدا بۆ مۆزەخانەی ناوبراو.

ت- هێنان و گواستنەوەی پاشماوە دێرینەکانی نەتەوەکانی تر، کە لە کوردستاندا ژیاون.

پ- ناردنی لێژنەیەکی تایبەتی بەناوی لێژنەی پاشماوەی دێرینی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتیی پاشماوە دێرینی گشتی عێراق.

ج- ناردنی قوتابیانی کورد بۆ خوێندنی زانستی پاشماوەی دێرین لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دەرەوە.

خ- داواکردنی شارەزایان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ هەڵکەندن و لێکۆڵینەوە لە پاشماوە دێرینەکانی کوردستان.

ح- ڕزگارکردنی ئەو پاشماوە دێرینانەی کە ئەکەوێتە ژێر ئـاوی زێ و ڕووبـاری سیروان لە ناوچەکانی دوکان و دەربەندیخان.

٤- ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوەی عێراق بۆ شارەزابوون لە مێژووی گەلی کورد لەو زانستگایانەی کە مێژووی کوردی تێدا دەخوێندرێ.

٥- ئەم لێژنەیە ئەم پێشنیازانەی خـوارەوە پێشـکەش ئـەکا لەسـەر پرۆگرامـی لێژنەی دانانی پرۆگرامی مێژووی کورد، کە لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتیی خوێنـدنی گشـــتی کوردییـــەوە دانـــراوە، بـــەپێی نووســـراویان ژمـــارە(٩٤٥٣) وە ڕۆژ ١٩٦٠/٤/١٦ وە بەونامەیەی کە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ژمـارە(١٩٩٢) وە ڕۆژ ١٩٦٠/٦/٨ بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی گشتی کوردی پێشکەشکراوە، وە پێشنیازەکانیشمان ئەمانەن:

أ- وێنـــەی ڕەنگـــاوڕەنگ بخرێتـــە ئـــەو پـــەڕاوە مێژوویانـــەی کـــە لـــە پۆلـــە سەرەتاییەکاندا ئەخوێندرێ.

ب- باسی میرحسنی داسنی بخوێندرێ لە سەردەمی عەباسییەکاندا.

ت- پرۆگۆامی پۆلی پێنجەم، هەندێك لە پرۆگرامی پـۆلی شەشـەم بخرێتـە سـەر پۆلی پێنجەم.

پ- باسی ئیسماعیل پاشای بادینی بکرێت لە کاتی ژیانی پاشای گەورە.

ج- باسی شێخ ئادی و کورتە باسێکی مێژووی یەزیدی بکرێ.

خ- زیـاد کردنـی خوێنـدن ولێکۆڵینـەوەی نووسـین و ئـەلف بێـی کـوردی و پەڕاوەکانی کوردی لە پێش ئیسلامدا وەکو نووسینی ماسی سوراتی و پـەڕاوی پیرشالیار.

### ٢-٣-٥-٧ لێژنه‌ی به‌ڕێوه‌بردن

(٢٢) ئه‌ندام و مامۆستا موسا صه‌مه‌د[١] بڕیارده‌ری لێژنه‌که بوو.



پاش لێکۆڵینه‌وه، لێژنه‌مان ئه‌م پێشنیازانه پێشکه‌ش ئه‌کات:

١- کۆنگره پێشنیار ئه‌کات که به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتی خوێندنی کوردی پشتگیری بکرێ بۆ ئه‌وه‌ی کاروباری به باشی هه‌ڵسووڕێ.

٢- ده‌سه‌ڵاتێکی ته‌واو بدرێ به یارمه‌تیده‌ری کوردی هه‌ریه‌که له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی زانیاری موسڵ و که‌رکوك، تا بتوانن به‌باشی فه‌رمانه‌کانی خۆیان هه‌ڵسوڕێنن له به‌ڕێوه‌بردنی قوتابخانه کوردییه‌کاندا، وه پێشنیاریش ئه‌که‌ین، که ئه‌م دوو یارمه‌تده‌ره نامه‌کانیان ڕاسته‌وخۆ بنێرن بۆ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی گشتی خوێندنی کوردی به‌هۆی به‌ڕێوه‌رایه‌تی زانیاری ئه‌م دوو لیوایه.

---

[١] له ساڵی ١٩١٩ له هه‌ولێر له‌دایکبووه، خوێندنی سه‌ره‌تایی و ناوه‌ندیی له هه‌ولێر ته‌واوکردووه، له ساڵی ١٩٣٩ خانه‌ی باڵای مامۆستایانی ته‌واوکردووه و له ناوه‌ندیی هه‌ولێر بووه به مامۆستا.

له ساڵی ١٩٥٥ کراوه به به‌ڕێوه‌به‌ری ناوه‌ندیی سلێمانی، له ساڵی ١٩٥٧ بووه به به‌ڕێوه‌به‌ری مه‌عاریفی هه‌ولێر و دواتر له ساڵی ١٩٦٠ کراوه‌ته به‌ڕێوه‌به‌ری مه‌عاریفی سلێمانی، له ساڵی ١٩٦٣ به‌عسییه‌کان گرتوویانه، ماوه‌یه‌ك دوای به‌ربوونی، کراوه به ئه‌میندارى گشتیی په‌روه‌رده‌ی ناوچه‌ی حوکمی زاتی. له ساڵی ١٩٨٣ خانه‌نشین بووه‌و ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٠ کۆچی دوایی کردووه.

٣- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیـاری بـۆ خوێنـدەواری كـوردی لـە لیـوای كەركووك.

٤- هۆبەیەكی پشكنین (شعبة تفتيشية) لە بەڕێوەبەرایەتیی گشـتی خوێنـدنی كوردی پێكبهێنرێ وە ببەسترێ بە مفەتیشی گشتی زانیارییەوە.

٥- پێكـەوەنانی سـەرۆكایەتی پشـكنین بـۆ بەڕێوەبەرایـەتیی زانیـاری گشـتی كوردی، كە بەستراوبێ بە سەرنجدانی زانیاری گشتی.

٦- لێژنـەمان پێشـنیاز پێشـكەش ئـەكات، كـە دەسـەڵاتی بەڕێوەبەرایـەتیی زانیاری گشتی كوردی زیاد بكرێت بە شێوەیەك، كە بتوانێ بە پێویسـتییەكانی سەرشانی هەڵسێ، ئەوەی بەڕێوەبردن و هونەرمەندی و خوێندەوارییە.

٧- پێكەوەنانی ناوچەی خوێندنی گەورە (مراكز تعليمية كبيرة) لەگەڵ بەشی نـاوخۆ لـە ناوچـە شـاخاویەكاندا بـۆ ئاسـانكردنی بڵاوكردنـەوەی زانیـاری لـەم ناوچەیەدا.

٨- كۆنگرەكـەمان پێشـننیار پێشـكەش دەكـات بـۆ پشـتگیری بڕیـاری ئـەو لێژنەیەی كـە قوتابخانـە كوردییـەكانی لیـوای كـەركووكی جیـاكردەوە. وە داوا ئەكات لێژنەیەكی وەها پێكبێـت بـۆ جیاكردنـەوەی قوتابخانـە كوردییـەكان لـە لیوای دیالە و قەزاكانی سنجار و تەلەعفەر وناوچەی موسڵ لە لیوای موسڵ.

٩- قوتابخانــەی مامۆســتایان لــە كــەركووك و دهــۆك وە یــەكێكی تــر بــۆ كوردەكانی دیالەو كوت وبەغدا و عەمارە لە خانەقین بكرێتەوە، خوێندن تیایدا بە كوردی بێت.

١٠- لێژنە پێشنیاز ئەکات، کە دەرس وتنـەوە بـەزمانی کـوردی بـەم شـێوەیە بێت:

أ- ڕۆیشتن لەسەر دەرس بە کوردی وتنەوە لەو قوتابخانانەی کە خوێندنیان تێدا بە کوردی بووە.

ب- ڕۆیشتن لەسەر دەرس بە کـوردی وتنـەوە لـەو پۆلانـەی کـە لـەدوای ئـەو پۆلانە دێن،کەخوێندنیان لەساڵی پێشوو بە کوردی بووە.

ت- دەسـتپێکردن بـە خوێنـدن بـە زمـانی کـوردی لـە پـۆلی یەکـەمی ئـەو قوتابخانانەی کە ئێستا نەیانتوانیوە دەست بکەن بە خوێندن بە زمانی کوردی.

پ- دەستپێکردن بە خوێندن بە زمـانی کـوردی لـە پـۆلی یەکـەمی قوتابخانـە ناوەندییەکان و قوتابخانەی مامۆستایان و هونـەری ناومـاڵ بـۆ دەرچـوانی ئـەو قوتابخانە سەرەتاییانەی کە ئێستا بە زمانی کوردی ئەخوێنن.

١١- کردنەوەی قوتابخانەی مامۆستایانی کوڕ و کچ لە کـەرکووك و دهـۆك، وە قوتابخانەیەکی مامۆستایان بۆ کوردەکانی دیالـەو کـوت و عـەمارە و بەغدا لـە خانەقین.

١٢- لەبەر ئەوەی کـە خوێنـدنی ناوەنـدی بەرەبـەرە لـەم سـاڵانەی ئاینـدەدا ئـەبێ بـە کـوردی، پێویسـتە هـەر لـە ئێسـتاوە بـە وردی بیربکرێتـەوە لـە ئامادەکردنی مامۆستایانی کورد بۆ ئەم قوتابخانانـە، وە ئەمـەش پێویسـت بـە کردنەوەی کـۆلێجی بـەرزی کـوردی دەکـا بـۆ مامۆسـتایان (كلیـة التربیـة)، کـە هەموو دەرسەکانی بە زمانی کوردی ئەبێت. ئەمەش نابێت بـەبێ ئامـادەکردنی

مامۆستای کورد بۆ ئەم کۆلێجە، لەبەر ئەمانە کۆنگرە پێشنیاز پێشکەش وەزارەتی زانیاری ئەکات، کە بەردەوام بیّ بۆ ناردنی مامۆستایانی کورد بۆ دەرەوە بۆ ئامادەکردنی کادری تایبەتی بۆ ئەم کۆلێجە.

١٣- بەستنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری کوردی ڕاستەوخۆ بە وەزیری زانیارییەوە بێت.

١٤- کۆنگرە پێشنیاز پێشکەش بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتیی کوردی ئەکات، کە بەردەوام بیّ لەسەر کردنەوەی دەورە بۆ ماوەی کورت و درێژ بۆ مامۆستایانی کوڕ و کچی کورد بۆ بەرزکردنەوەی توانایان لە دەرس وتنەوەدا بە زمانی کوردی.

١٥- کۆنگرە پێشنیاز پێشکەش ئەکات، کە هەموو نووسراوەکانی لەبەینی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی کوردی و ئەوناوچانەی کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گرتوویەتیەوە بە زمانی کوردی بێت.

### ٢-٣-٥-٨ لیژنەی ویژە

بە ئەندامێتیی (١٠) کەس و بڕیاردەری لیژنە، مامۆستا عیزەدین فەیزی[١].

لیژنـەی وێـژە لـە کـۆنگرەی دووەمـی مامۆسـتایانی کـورد لـە شـەقڵاوە ڕۆژی ١٩٦٠/٨/١٦ لە سەعات ٨ تا ١٢ وە لە ٤ تا ٧ و ڕۆژی ٨/١٧ لـە سـەعات ٨ تـا ١٢ کۆبوونەوە.



پاش لێکۆڵینەوە و لێدوان دەربارەی ئـەدەبی کـوردی و ئـەو کۆسـپانەی لەبەریدایە لەگەڵ ئـەو گیروگرفتانـەی کـە بۆتـە هـۆی پێشـنەکەوتنی، لـە ئەنجامـدا بـۆ پێشخسـتن و پەرەپێسەندن و گەشـەدانی ئـەدەبی کـوردی، ئـەم بڕیارانـەی خـوارەوە لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی باس ئەکرێت بڕیاری لەسەردرا:

---

[١] لەسـاڵی ١٩١٧ لـە هـەولێر لـەدایکبووە، قۆنـاغی سـەرەتایی و ناوەنـدیی لـە هـەولێر و خانـەی مامۆستایانی سەرەتایی لە بەغدا تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٣٩ بووە بە مامۆسـتا. لـە سـاڵی ١٩٥٠ وەك یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر هەڵبژێردا.

ڕۆژنامەی (هەولێر) ی بە هەردوو زمـانی عـەرەبی و کـوردی دەرکـردووە. بووەتـە سەرپەرشـتیاری پـەروەردەیی. لـە ١٩٨٥/١٢/٢٢ کۆچـی دوایـی کـردووە. بڕوانـە: کـەریم شـارەزا، ئینسـکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، ل٤٥٣١.

١- دووبارە بڕیاردانەوە لەسەر ئەوەی کە لێژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ دانانی «مێژووی ئەدەبی کوردی» لەسەر بناغەیەکی زانیاری ڕاست بەو مەرجەی ئەو لێژنەیە لە نوێنەرانی هەموو هەرێمەکانی کوردستانی عێراق پێکبێت وە بە چاوێکی وردبین لە شاعیران و نووسەرانی هەمووناوچەکانی کوردستان ورد ببێتەوە لە هەموو سەدەکاندا.

٢- بۆ چەسپاندنی بڕیاری یەکەم، لێژنەی ئەدەب ئەم دوو پێشنیازە پێشکەش ئەکات:

أ- لێژنەی دانانی مێژووی ئەدەبی کوردی پێویستە کۆبوونەوەیان پێکەوە لە یەك شوێندا بێت لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی گشتی بۆ خوێندنی کوردی.

ب- لێژنەی ناوبراو کە کۆئەبێتەوە بۆ ئەم نیازە لەو شوێنەی بۆی دائەنرێ مووچەی پێویستی بدرێتێ (وەك ئەرکی هاتوچۆ و مانەوەو ئەرکی ڕەنجی خۆشی).

٣-

ا- پترکردنی ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوەی عێراق بۆ پسپۆڕی لە وێژەو زمانی کوردیدا.

ت- ناردنی شارەزایان و ڕۆشنبیرانی کورد بۆ دەرەوەی عێراق بۆ ماوەیەك بۆ پترکردنی شارەزاییەتی لە وێژەو زمانی کوردیدا.

٤- دەربارەی یارمەتیدانی ئەدیبانی کورد کۆنگرە ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

أ- پێویستە ئەدیبان و نووسەرانی کورد یارمەتی بدرێن بە پارەی پێشەکی بۆ چاپکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان.

ب- پێویستە وەزارەتی زانیاری بەرهەمی ئەدیبانی کورد بکڕێ وەك کڕینی هەموو جۆرە کتێبێکی تر.

ب- بۆ جێبەجێکردنی برگەی (أ وب) لە بڕیاری چوارەم پێویستە نوێنەری کورد دابنرێت لە لێژنەی پەڕاوکڕین ولێژنەی خەلآت پێدان لە وەزارەتی زانیاری.

پ- رێکخستنی پێشبڕکێی ساڵانە لە نێوانی ئەدیبە کوردەکاندا وتەرخانکردنی خەلآت بۆ باشترین بەرهەم لە هەموو جۆرەکانی ئەدەبی کوردیدا.

ج- وەزارەتی زانیاری هەموو ئەو پەڕاوانەی کە بە کوردی چاپ کراون وەیا چاپ ئەکرێن، وە ئەو پەڕاوانەی کە دەربارەی کورد و مێژوو و ئەدەبی کورد ئەدوێن لە ناوەوە و لە دەرەوەی عێراق بییانکڕێت، هەروەها وێنەی ئەو پەڕاوە دەستنووسانە وەربگرێت، کە لە نامەخانەکانی ولآتانی دەرەوەدا هەیە وە کەلەسەر کورد دوابێ و تا ئێستا بە دەستنووسی مابێتەوە بۆ ئەوەی لەناو نەچن وە دابەشیان بکات بەسەر نامەخانە گشتییەکاندا بۆ سوود لێ وەرگرتن.

٥- دامەزراندنی چاپخانەیەکی تازەی لاینۆتایپ تایبەتی بۆ نووسینی کوردی و بلآوکردنەوەی چاپەمەنی کوردی، بەو مەرجەی چاپخانەکە هەموو جۆرە لقێکی هونەری چاپی تێدا بێت وەك ((هەڵکەندن و بڕین و زەنگغراف و ڕەنگ کردن وە باشتریش وایە کە جگە لە پیتە کوردییە تازەکان پیتی لاتینیشی هەبێت.))

٦– هانـدانی ڕۆژنامـەو گۆڤـاره وێژەییـە کوردییـەکان لـە لایـەن وەزارەتـی زانیارییەوە بە کڕینیان و دابەشکردنیان بەسەر نامەخانەی قوتابخانەکاندا.

٧– لێژنەکەمان بڕیاری لەسەر ئەوەیە کە وەزارەتی زانیاری گۆڤارێکی وێـژەیی و خوێندەواری و زانیاری و پەروەردەکردنی مانگانە دەربکات بە زمانی کـوردی بۆ مامۆستایانی کورد وەك گۆڤاری ((المعلم الجدید))

٨– کۆکردنەوەو چاپکردنی فۆلکلۆری کوردی بەم جۆرەی خوارەوە:

أ– لە هەموو لقەکانی نەقابەی مامۆستایاندا لە کوردسـتان لێژنەیـەکی تایبـەتی دابنرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بـە فۆلکلـۆری کوردییـەوە هەیە، دوای کۆکردنەوە هەموویان چاپ بکرێن.

ب– دانانی لێژنەیەکی تایبەتی لە لقەکانی نەقابەی مامۆستایاندا لە کوردستان، ئـەم لێژنەیـە دێ بـە دێ و شـوێن بەشـوێن بگـەڕێ بـۆ تۆمـارکردنی ئەفسـانەو چـیرۆك وفۆلکلـۆری کـوردی چـۆن دەمـاو دەم بیسـتراوە هـەروا تۆمـار بکـرێ و بپارێزرێ.

ت– هەر شـتێك، کـە پەیوەنـدیی بـە فۆلکلـۆرەوە هەیـەو لـە لای هـەر کەسـێك دەستئەکەوێ، بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کـوردی لـە ڕێگـای نەقابەوە کۆیانبکاتەوە و چاپیانبکات و بلاَویانبکاتەوە.

پ– کردنەوەی بەشێك بۆ فۆلکلۆری کوردی لە ئێسـتگەی ڕادیـۆی جمهوریـەتی عێراق ـ بەشی کوردی.

٩- کۆنگرەی دووەم بڕیاری لەسەر ئەوەیە کە پێشنیازی کۆنگرەی یەکەم دووبارە بکاتەوە دەربارەی خوێندنی وێژەی کوردی لە قوتابخانەکانی عێراقدا بۆ پتەکردن و بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب.

١٠- کۆنگرەی دووەم پێشنیاز ئەکات کە کۆزمانێك دابمەزرێنرێت بۆ کاروباری زمانی کوردی و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وە پێشکەوتنی ئەم کۆزمانەش سوود وەربگیرێ لە هەموو شارەزایان و ڕۆشنبیرانی کورد چ لە عێراق و چ لە دەرەوەی عێراق بن.

راسپاردەکان:

١- کۆنگرە پێشنیاز ئەکات کە ئەو زاراوانەی دانرا لەلایەن لێژنە تایبەتییکانەوە وە کە پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی کرا، بە زووترین کات چاپ بکرێن و بلاّو بکرێنەوە.

٢- هەروەها کۆنگرە پێشنیاز ئەکات کە هەفتەی دووجار بەشی ئەدەب لە بەرنامەی ئێستگەی کوردیدا دابنرێت.

٣- زۆر بەداخەوە لای ئێمە تا ئێستا ئەدیبانی کورد ئەو جێگەیەیان نەدراوەتێ، کە شایانی خۆیان بێت، لەبەر ئەوە لێژنەکەمان ڕاسپاردە ئەکات، کە یارمەتی ئەدیبانی کورد بدرێت لە کاتی نەخۆشی و هاتوچۆکردن وپەك کەوتندا.

## ٢-٣-٥-٩ لیژنەی قوتابخانەکان

بڕیاردەری لیژنە: مامۆستا محەمەد حەوێز

١- گیروگرفتی خانووی قوتابخانەکانی شار و گوندەکان

أ- زۆرکردنی دروستکردنی بینا بۆ قوتابخانەکان بۆ ڕزگاربوون لە دەوامی دوو قوتابخانە (الدوام المزدوج) وە دوور کەوتنەوە لە خانووی بەکرێ بە ڕەنگێک لەم شتە سەرەکیانەی خوارەوە چاو نەپۆشرێت:

١- ڕووبەری قوتابخانە: ئەبێ ئەوەندە گەورەبێ تاوەکو ساڵ بەساڵ ئەو شتانەی کە پێویست ئەبێت تێیدا دروست بکرێت.

٢- پێویستە گۆڕەپانی قوتابخانە بە ئەندازە گەورە بێ وە باغچەیەکی باش هەبێت وە ئاودەست و پێویستییەکانی تەندروستی لەگەڵ قاعە و گەنجینە بۆ خواردەمەنی وە جێگای تایبەتی بۆ کێشان. هتد...

٣- پێویستە دوای تەواوبوونی بینای قوتابخانە شوورەی بەدەورەدا بکێشرێ.

ب- لەکاتی دروستکردنی بینای قوتابخانەدا ئەبێ گوێ بدرێتە ئاو و هەوای ئەو هەرێمەی کە تێیدا دروستئەکرێ، وەپێویستە دروستکردنی لەکاتی وەرزی بێ بارانیدا بێ.

ت- ڕاسپاردەی لیژنە ئەوەیە، کە دروستکردنی بینای قوتابخانەکان ڕاستەوخۆ لەژێرچاودێری زانیاری ئەو جێگەیەدا بکرێ، بۆ ئەوەی سوودی گشتی تێدا بهێنرێتە جێ بە فرمانی شیرین.

پ– لێژنە وای بەباش ئەزانیٚ، کە تەعمیراتی خانووی قوتابخانەکان بسپێردریٚ بە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانە، وەبۆ یارمەتیش لێژنەیەك لە مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە پێکبهێنریٚ بۆ جێبەجێکردنی ئەو تەعمیراتە بە سپاردە بۆ ئەوەی بە گورجی ئەو ئیشە بکرێت.

ج– پێویستە بە زوویی ئەوەندەی بەش بکات خانووی میری لە لیوا وقەزا و ناحیەکاندا دروستبکریٚ بۆ ئەوەی مندالأنی ئەو هەرێمە ببیٚ بە داخلی و تێیدا بحەوێنەوە.

٢– ئازمونگەکان(المختبرات)

أ– بەپێی پێویست ئەبیٚ ئازمونگە بدرێت بە قوتابخانە سەرەتایی و ئامادەییەکان بەبیٚ کەموکوڕی بە پێی بەرنامەی بڕیار لەسەر دراو، کە لەگەلٚ پێویستیی ئێستای قوتابخانەکاندا بگونجیٚ.

ب– ئەبیٚ لە قوتابخانەکاندا قاعەی تایبەتی بۆ ئازمونگە دروست بکرێت، بە جۆرێك کورس و مێزەکان قایم کراو بیٚ.

ت– ئەبیٚ ئازمونگەکان مەکینەی غازیان تێدابێت.

پ– یارمەتی دەرانی ئازمونگە ئەبیٚ بۆ قوتابخانە ئامادەییەکان دابنرێت.

٣– هۆی والأکردنەوە

أ– ئەبیٚ هۆی ڕوونکردنەوەی پێویست لە هەموو باسە جیاجیاکاندا بدرێت بە قوتابخانەکان بۆ تەئمینی ئەمەش وا جوانە ناوەندی هۆی ڕوونکردنەوە دابمەزرێنرێت وە لەلایەن پسپۆڕی تایبەتیەوە ببرێت بەڕێوە، تاوەکو هەموو

قوتابخانەکانی لیوا ئەوانـەی کـە پێویسـتیانە لـە نەخشـەو وێنـەی جـوێ جـوێ بیاندرێتێ.

ب- پێویستە لێژنەیەك پێکبێت لـە شـارەزایان و پسـپۆڕان بـۆ ئامـادەکردنی نموونــەی هــۆی والآکردنــەوە بــۆ هــەموو وانــەکان بــۆ یەکخســتنیان وە بلاوکردنەوەیان بەسەر قوتابخانەکاندا.

ت- کردنەوەی دەورە لە مەرکەزی لیواکاندا بۆ مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردن و پیشاندانی ئەو هۆیانە وە سوود لێ وەرگرتنیـان وەکو کردنەوەی کۆمەڵێ لەوانە بۆ مانەوە وەك نموونە لە قوتابخانەکاندا.

پ- هاندانی ئەو مامۆستایانەی کە ئەم جۆرە هۆیانە دائەهێنن وە بەرامبەر بەو ئەرکەیان خەلاتیان بۆ تەرخانبکرێ، لەگەڵ دابەشکردنی بەرهەمەکانیان بەسـەر قوتابخانەکاندا.

ج- نـاردنی سەرپەرشـتیکەرانی ناوەنـدی هـۆی والآکـردن لـە شـارەکاندا بـۆ دەرەوەی عێراق بۆ پسپۆڕی و شارەزایی ڕێ پێـبردن بـە تـازەترین شـتی ئـەم بابەتانە.

٤- خواردەمەنی و پۆشین:

<u>خواردەمەنی:</u>

أ- بلاوکردنــەوەی چەشــنی خواردەمــەنی تــەواوی جــێگیر بەســەر هــەموو قوتابخانەکاندا بە تایبەتی ئەوانەی لە لادێ دان، بەو مەرجەی کە خواردەمـەنی

ناوخۆ زیاتر بە گرنگی بگیرێت لە خواردەمەنییەکانی تر ئەمەش بەپێی خشتەیەك بێت، کە لێژنەی خواردەمەنی لە قوتابخانەکاندا ڕاستەوخۆ دایبنێ.

ب- لێژنەکەمان ڕاسپاردە پێشکەش ئەکات دەربارەی مووچەی ڕۆژانەی هەر قوتابییەك، کە لە (٣٠) فلس کەمتر نەبێت لەگەڵ تێبینی جیاوازی نرخ بە پێی ناوچەکان.

ت- بەڕێوەبەرایەتیی خواردەمەنی: پێویستە یەکێك دابنرێ بۆ کاروباری خواردەمەنی، کە خوێندەواری بزانێت (واباشترە لە دەرچوانی قوتابخانەی سەرەتایی بێت) بۆ هەر قوتابخانەیەکی سەرەتایی تەواو کە ژمارەی قوتابیانی لە (٢٠٠) کەمتر نەبێ، بۆ ئەوەی کاروباری خواردەمەنی و ڕێکخستنی خشتەیی و ئامادەکردنی بەڕێوەببات لەیەك کاتدا.

پ- تەرخانکردنی شوێنێکی تایبەتی لە هەر قوتابخانەیەکدا بۆ ئامادەکردن وبەڕێوەبردنی کاروباری خواردەمەنی بەو مەرجەی کە هەموو ئامرازێکی خواردەمەنی تایبەتی تێدا بێت.

<u>پۆشین:</u>

أ- لێژنە وا ڕائەسپێرێ، کە پۆشین هەر قوتابییەك بگرێتەوە وەك خواردەمەنی لەبەر زۆری هەژاری ناو زۆربەی زۆری میللەتەکەمان بە تایبەتی لە دێهاتەکاندا.

ب- لێژنە وا ڕائەسپێرێ قوماشەکە لە باشترین چەشن و لە چنینی نیشتمانی بێت.

ت- وای بـەباش ئـەزانین، کـە قوماشـەکە لەگـەڵ کرێـی دورینیـدا بـدرێت بـە قوتابییەکە خۆی بۆ ئەوەی خۆی بیدورێت بە بەری خۆی وە ڕزگارمان بێـت لـە کەموکوڕی وە لەو گێرو گرفتانەی لەم ڕووەوە بینراوە.

٥- پێداویستیی (اثاث) ی قوتابخانەکان:

لێژنەکـەمان وا ڕائەسـپێرێ، کـە کاربەدەسـتانی وەزارەتـی زانیـاری پـێش کردنەوەی قوتابخانەکان هەموو جۆرە شتێکی پێویستی قوتابخانە لەم ڕووەوە دابەش بکا بەسەر قوتابخانەکاندا.

٦- بنکەی فێربوون لە لادێکاندا:

لەم ڕووەوە، لێژنە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

کردنەوەی بنکەی فێربوون لە ناوەڕاستی کۆمـەڵێك دێ، بـۆ ئـەوەی قوتابیـانی ئەو دێهاتانـەی تێدا کۆبکرێنـەوە و فێـری خوێنـدەواری بکـرێن تێیـدا بـەم دوو ڕێگەیەی خوارەوە:

أ- یـان ئەوەتـە ئـەبێ هـەموو ڕۆژێـك بـە ئۆتـۆمبێلی تایبـەتی ئـەو قوتابیانـە بهێنرێن بـۆ ئـەو بنکەیـە و ببردرێنـەوە شـوێنی خۆیـان لـە کاتێکدا کـە ڕێگـای هاتوچۆ هەبوو لەو ناوچانەدا.

ب- یـان بەشـی نـاوخۆ بکرێتـەوە لـەو بنکانـەدا بـۆ ئـەوەی قوتابیـان تێیـدا بمێننەوە ئەمە لە کاتێکدا، کە ڕێگەی هاتوچۆ لە تواناد نەبێت.

بە یەکێك لەم دوو ڕێگایەی باسمان کـرد، ئـەتوانین ژمارەیـەکی زۆر لـە منـداڵان فێری خوێندەواری بکەین، ئەمـە لەلایـەك وە لـە لایـەکی تریشـەوە ژمارەیـەکی

کەمتری ئـەویٚ لـە مامۆسـتایان وە لـە بینـای قوتابخانـە، جگـە لـە گەڕانـەوەی گەلێك مەسرەفی تر.

## ٢-٣-٥-١٠ لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری

(٩) ئەندام، بڕیاردەر: مامۆستا عبدالاحد المالح

دوای لێکۆڵینەوە لە هەموو ڕوویەکەوە، لیژنە وای بەباش زانـی کـە بڕیارەکـانی کـۆنگرەی یەکـەم بچەسـپێنیٚ لەگـەلٚ گـۆڕین و دەسـتکاریکردن و زیـادکردنی هێندێك پێویستی، کە لیژنە پێی هەستاوە، بڕیارەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١- کۆنگرە ڕائەسپێرێت:

أـ لە جەرگەی لیواکاندا لقێك پێکبهێنرێت کە نوێنەرانی نەقابەی مامۆسـتایان و نوێنەرانی ڕێکخراو و نەقابەکان، کە شـارەزایان تێـدا بەشـداربێت، وە هـەروەها نوێنـەرانی بەڕێوەبەرایـەتیی زانیـاری لیـواو بەڕێوەبەرایـەتیی نـاوخۆ وەزارەتـی بەرگری و کاروباری کۆمەلایەتی و تەندروستی کشتوکاڵیشی تێدا بەشـدار بێـت. هەروەها کۆنگرە ڕائەسپێرێت، کە لقی ئەم دەستەیە لە جەرگەی قەزاو ناحیە و دێکانیشدا پێکبێت بە بەشداربوونی ئەو شـوێنانەی کـە لەسـەرەوە نـاوبران بـە پێی توانا.

ت- ئەم دەستەیە پرۆژەی قەلاچۆی نەخوێندەواری لەو هەرێمانەی کـە لـەژێر دەستی دایە ئەبات بـەڕێوە وە سەرپەرشـتی ئـەکات ئـەوەی پێویسـت بـیٚ بـۆ ئاسانکردنی هێنانەدی پرۆژەکە ئەیکات.

پ-   قەلاچـۆکەری بـۆ ئـەکا وە جەرگـەی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری بـۆ ئەدۆزێتەوەو پڕوپاگەندەی بۆ ئەکات.

ج- هەروەها پەڕاو و هەرچی پێویستییەکی تری پێ بوێت بـۆی پەیدا ئـەکات وەسەرچاوەی دەرامەتی بۆ پێکەوە ئەنێت.

٢-   سەرژمێرکردن: کۆنگرە ڕائەسپێرێت:

أ-    کـە دەسـتەکانی لـەناوبردنی نەخوێنـدەواری بـە یارمـەتی کاربەدەسـتان سەرژمێرێکی گشتی تەواوی نەخوێندەوارەکان بکـەن بـە نێـر ومـێ وە، لەسـەر ئەو سەرژمێرە بنچینەی پرۆژەکە دابنێن بۆ ئەوەی مانـدوو بونەکـە بـە کـەڵك و بەرهەم داربێت.

ب-   ژمـارە و نـاوی ئـەو نەخوێندەوارانـە بنووسـێت، کـە ئەیانـەوێ فێـری خوێندەواری ببن تا چی پێویست بێت بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکە بـۆی ئامـادە بکرێت.

٣-   دەرامەتی پرۆژەی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری:

أ-    ئەو کۆمەك و پارانەی حکومەت و ئیدارەی ناوخۆیی بۆی تەرخان ئەکات.

ب-   باربوی خەڵکی وە پشتگیرانی ئەم پرۆژەیە.

ت-    پارەی تایبەتی، کە نەقابەی مامۆستایان ولقەکانی بۆی تەرخان ئەکات.

پ-   قـازانجی ئـەو ئاهـەنگ ومیهرەجـان وپـەڕاو و نەشـرانەی کـە دەسـتەی قەلاچۆی نەخوێندەواری پێی هەڵئەستێت و دەریئەکات.

ج- لە هەرلایەك دەرامەتێکی تایبەتی بۆ ئەو پرۆژەیە بدۆزێتەوە لەلایەن حکومەتەوە و ئەوەی لە حکومەت بچێ.

بە دەرکردنی پوولی بیرەوەری، یان پرۆژەیەکی وەکو پرۆژەی فلس تایبەتی بێ بۆ ئەم ئیشە.

ح- هەر دەرامەتێکی تر کە هەبێ.

٤- پەڕاو و پرۆگرام:

دەربارەی ئامادەکردن و پەڕاوی پێویست کۆنگرە ئەم ڕاسپاردانەی هەیە:

أ- لێژنەیەك پێکبهێنرێ لە چەند مامۆستایەکی کوردی شارەزا کە ئامادەکردن و پەرەپێدانی هۆی وانە ڕوونکردنەوە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ سروشتی ناوچەی کوردەواریدا بگونجێ، بگرێتە ئەستۆی خۆی.

ب- کۆنگرە بە پێویستی ئەزانێ، کە برا داسینەکان(یەزیدیەکان) بەشداربن لەم لێژنەیەدا.

ت- کۆنگرە ڕائەسپێرێ، کە ئەم لێژنەیە ببەسترێت بە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی گشتیی خوێندنی کوردییەوە بۆ هەڵبژاردنی لە مامۆستا کوردە شارەزاکان.

پ- کۆنگرە ڕائەسپێرێ کە بەرنامەی لەناوبردنی نەخوێندەواری بە جۆرێکی فراوان بێت، واتە ئەم وانانە بگرێتەوە:

(٦) بەش بۆ خوێندن و نووسین.

(٦) بەش بۆ سەرەتایی ژمارە.

(٦) بەش بۆ زانیاری گشتی.

(٦) بەش بۆ ئاینی و پەروەردە.

ج- کـۆنگرە ڕائەسـپێریّ، کـە ئـەو نووسـینانەی لـە پـەڕاوی قەلاّچـۆی نەخوێندەواری دا ئەنووسرێت بە گوێرەی شوێن و جێگا دابنرێت.

٥- ناوچەکانی قەلاّچۆکردنی نەخوێندەواری

کۆنگرە ڕائەسپێریّ، کە کەڵك لە:

أ- خانووی قوتابخانەکان وەربگیرێت لە هەر شوێنێکدا بێت.

ب- کەڵك لە پەرستگاکان وەربگیرێت ئەگەر هیچ بەرهەڵستییەك نەبێت.

ت- کەڵك لە سەربازگە و ژووری پۆلیسخانەکان وەربگیرێت.

پ- نیشتەجێی نەقابە و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان وە یەکێتییەکان و کۆمەڵی جوتیاران بۆ جەرگەی قەلاّچۆی نەخوێندەواری بەکاربهێنرێت چەند لە توانادا هەبێت.

ج- کەڵك وەربگیرێت لەو خانوو و ژوورانەی خەڵکی ئەیبەخشن بۆ ئەم ئیشە.

ح- کۆنگرە ڕائەسپێریّ: ئەگەر جێگا دەست نەکەوت لەوانەی لە سەرەوە وتمان، خانو و ژوور بەکریّ بگیریّ بۆ شوێنی قەلاّچۆی نەخوێندەواری.

خ- کەڵك وەربگیریّ لە شوێنە گشتییەکان وەك یانەو سینەما و هۆڵ و جێگای کۆبوونـەوەکان. بـۆ وتـار و واتەیـەك کـە تایبـەت بـیّ بـۆ ڕاژەی قەلاّچـۆی نەخوێندەواری.

٦- کات(موسم) ی دەورەی قەلاچۆی نەخوێندەواری پاش ئەوەی لەباری ناوخۆی نەخوێندەوارەکان نێر و مێ کۆلدرایەوە و دەرکەوت کە ئەوکاتی بێ فرمانییەی ئەتوانرێت کەلکی لێ وەربگیرێت لە قەلاچۆی نەخوێندەواری لە دێ یەکاندا جیایە لە هی ناو شارەکان لەبەر ئەوە کۆنگرە ڕائەسپێرێ:

أ- دەورەی هاوینەو زستانە لە جەرگەی قەزاو لیواکاندا بکرێتەوە.

ب- بەلام ئەشێ لە ناحیەکان و هەموو لادێکان بە تەنها دەورەی زستانە بکرێتەوە، چونکە خەلکی لەم کاتانەدا بە کشتوکالەوە خەریك ئەبن وە ئەمەش ئەبێتە تەگەرەیەکی گەورە. وەهەر بەم بۆنەیەشەوە کۆنگرە ڕائەسپێرێ، کە دەورەکە لە تشرینی دووهەمەوە تا دوای مارت بێ.

ت- کۆنگرە ڕاسپێری وەزارەتی زانیاری ئەکا، کە پەروەردەی ئەساسیی دێیەکان و لادێیەکان بگرێتەوە، ئەوەیش بە تەرخانکردنی مامۆستایان بۆی بۆ ئەوەی ئەرکی قەلاچۆی نەخوێندەواری لە هەموو هەرێمەکان بگرنە ئەستۆی خۆیان بۆ ئەم پرۆژەیە.

ج- کۆنگرە ڕائەسپێرێ بە کردنەوەی دەورەی پەروەردەکردنی قەلاچۆکەر بۆ ماوەی سێ مانگ لە دەرچوانی پۆلی شەشەم بەرەو ژوورتر لە کوڕ و کچ، کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ بەرەوژور بێت. بەناوی قەلاچۆکەرانی نەخوێندەوارییەوە بە ڕۆژانە دابمەزرێن لەو شوێنە دوورانەی، کە قوتابخانە وتەربیەی ئەساسیشی تێدا نییە، موچەکەشیان لە لێژنەی قەلاچۆی

نەخوێندەوارییــەوە بــدرێتێ. بــۆ ئەمــەش کــۆنگرە ڕائەســپێرێ کــە وەزارەتــی زانیاری و ئیدارەی ناوخۆی ونەقابەی مامۆستایانیش لەم یارمەتییە بەشداربن.

<u>پێشنیازی گشتی</u>

أ- دەســـتەکانی قەلاچــۆکردنی نەخوێنــدەواری ئاهـــەنگ و میهرەجـــان و کۆبوونەوە بگێڕن و پڕوپاگەندەی باش بکەن چ بۆ هاندانی قەلاچۆکەران، چ بـۆ هانەهانــەی خوێنــدەوارانی نێــر و مــێ، کــە بچــنە جەرگــەی قەلاچــۆکردنەوە، هــەروەها پاداشــت دابنــێن بــۆ قەلاچــۆکەرە گــورج و گۆڵــەکان و دەرچــووە سەرکەوتووەکانی تازە فێربوو.

ت- دەستەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری دەورەی کورت و تایبــەتی بـۆ ئەوانە بکاتەوە کە مامۆستایانی نوێ ئەتوانرێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ لـە بردنـە سەر و هێنانەدیی ئەم پڕۆژەیە.

پ- کۆنگرە وا ڕائەسپێرێ، کە ژمارەیەکی باش لە قەلاچۆکەرە شـارەزاکان، کە شارەزاییەکی باشیان هەیە بنێردرێنە دەرەوەی عێڕاق بۆ ئەوەی کـەڵك لـە شارەزایی ئەو گەلانە وەربگرن کـە بـەم قۆناغـەی ئێمـەدا تێپـەڕبوون وە پـێش ئێمە کەوتوون.

د- کــۆنگرە ڕائەســـپێرێ، کـــە شـــەهادەی دەورەی قەلاچـــۆکەرەکانی نەخوێندەواری بە چـاوێکی تایبــەتی سـەیربکرێ لەلایـەن کاربەدەسـتانەوە لـە کـــاتی دامەزرانـــدنی کرێکـــار و بـــەکرێ گـــیراو و پۆلیســـیدا. وەپـــێش نەخوێندەوارەکان بخرێن لە دامەزراندن و زیاد بوونی مووچەیاندا.

**٢-٣-٦ ئەو بروسکانەی کۆنگرە ناردوویەتی**

بەناوی کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، چەند برووسکەیەك وەك سوپاس و پێزانین ئاڕاستەی هەندێك کەس و لایەن کراون، کە ڕۆڵیان لە بەستن و سەرخستنی ئەو کۆنگرەیەدا هەبووە، سەرجەم برووسکەکانیش لە دانیشتنی ڕۆژی کۆتایی کۆنگرەدا، بۆ ئەندامانی کۆنگرە خوێندراونەتەوە و بە ئیمزای (جەلال شەریف) نێردراون، دەقە کوردییەکان، لە (کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد) [١] وەرگیراون.

هەرچەندە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە، برووسکەکانیان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی ئاڕاستەکراون، بۆیە لەکاتی وەرگێڕان و کردنە کوردییاندا، جیاوازی لە دەربڕین و بەکارهێنانی زاراوەدا هەیە، دەقە عەرەبییەکان، لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاوکراونەتەوە، بۆیە لە نووسینەوەی دەقە کوردییەکان و لەکاتی بەراوردکردنییان لەگەڵ دەقە عەرەبییەکاندا، بەپێی پێویست دەستکاریمان لە هەندێك دەستەواژەی نێو دەقە کوردییە وەرگێراوەکاندا، کردووە.

---

[١] کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، لە بڵاوکراوەکانی لقی سلێمانیی، نەقابەی مامۆستایان، زنجیرە (٧)، سلێمانی ١٩٦٠.

**بۆ/ سیادەی سەرەك وەزیران و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان**

**سەرۆك عەبدولکەریم قاسمی بەڕێز**

ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستا کوردەکان، کە لە شەقلاوە گیراوە. گەرمترین سلاو پێشکەش سیادەتتان ئەکات، ئاواتەخوازی سەرکەوتنی هەمیشەییتانن لە پەرەپێدانی کۆمارە دیموکراتییەکەماندا، کۆماری کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانی تر، لەپێناو گەشەپێدانی زانست و بلاوکردنەوەی زانیاری بەناو گشت ڕۆڵەکانی گەلدا.

مامۆستا کوردەکان تەواو دڵنیان، کە سیادەتتان هەمیشە بەتەنگ مافی ڕۆشنبیری گەلی کوردەوە دێن، وە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەممان کە بەڕاستی ئاوێنەیەکی تەواوی ئاواتی ڕۆشنبیرانی کوردە فەرامۆش ناکرێت وە لە ئاراستەو پارێزگارییەکانی سەرۆکی ولاتدا دەرئەکەوێت. ئەو سەرۆکەی کە هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە مادەی سێیەمی لە دەستووری موەقەتدا بۆ دیاری کردین وە کۆنگرەکەمان ئەمە بەهەل ئەزانێت کە ویستن و ئارەزووی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد دەربڕێت دەربارەی پاراستنی یەکێتی ڕاستی عێراق و کۆمارە دیموکراتییە نەمرەکەمان بە سەرکردەیی سیادەی سەرۆك کاکە عەبدولکەریم قاسم.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستا کوردەکان لە شەقلاوە

جەلال شەریف

.١٩٦٠/٨/١٧

نیقابەی ماۆستایان لە کۆماری عێراقدا

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستا کوردەکان لە شەقلاوە

## بۆ/ سیادەی سەرۆك عەبدولکەیم قاسمی بەڕێز

کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد، پشتگیری هەڵوێستی حکومەتە نیشتمانیەکەمان ئەکات بەرامبەر کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت، کە دەیان ساڵە فەرخۆری خاکەکەمانن.

کۆنگرەگێڕەکان بە مامۆستاو ڕۆشنبیرانی کوردەوە پشتگیریی هەڵوێستی خۆڕاگرانەی بەرەی عێراقی ئەکات بەرامبەر بە پێچ و پەنای کۆمپانیاکانی نەوت. هەروەها پاڵپشتی حکوومەتە نیشتمانییەکەمان ئەکات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافی زەوتکراومان و وەرگرتنەوەی هەر بەشێکی فەڕی خاکە شیرینەکەمان، کە ئەرکی بەرزکردنەوەی ڕاژەی ڕۆشنبیری جەماوەری گەلی عێراق ئاسان دەکات وە بووژاندنەوەی ڕۆشنبیری نەتەوایەتی هەردوو گەلەکە کورد و عەرەب مسۆگەر ئەکات لە سایەی کۆمارە دیموکراتییەکەمان و سەرکردەیی سەرۆك عەبدولکەریم قاسمدا.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

جەلال شەریف

١٩٦٠/٨/١٧

**بۆ/ سیادەی وەزیری زانیاری زەعیم ڕوکن ئیسماعیل عارف ی بەڕێز**

ئێمە کە ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی ناوخۆی مامۆستایانی کوردین لە شەقلاوە، گەرمترین سلاو پێشکەش بە سیادەتتان ئەکەین، سوپاسی چاودێری و ئامادەبوونتان دەکەین لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکەمان، ئێمە لە کاتێکدا کە پڕ بەدڵ وتەکانتان بەرز دەنرخێنین دەربارەی پێشخستنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی خوێندنی کوردی، هیوامان وایە، کە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەممان جێی بایەخی سیادەتتان بێت، وە سالی داهاتووی خوێندن پێشکەوتنێکی دیار و دەرکەوتوو ببینێ لە مەیدانی خوێندەواریی کوردیدا و گەشەپێدانێکی زانستیی فراوان بەناو هەموو گەلی عێراقدا بلاو ببێتەوە، سیادەتتان ڕاستەوخۆ بارودۆخی خوێندنتان لە ناوچەکانی کوردەواریدا بەدیکرد، بێگومان بۆتان دەرکەوتووە کە چەند پێویستیمان بە یارمەتیدانەو چەند پێویستمان بە مامۆستایانە، هیوادارین کە وەزارەتە بەڕێزەکەتان زیاتر هەولبدات بۆ پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵ و جێگیرکردنی میلاك و پاراستنی لە گواستنەوەی ئیداری، کە بەرژەوەندیی ڕاژەی خوێندنی تێدانەبێ. لە کۆتاییدا سوپاسی مامۆستایانی کورد و سلاوی دلسۆزانەیان دووبارە ئەکەینەوە بۆ سیادەتتان.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

جەلال شەریف

١٩٦٠/٨/١٧

نیقابەی ماۆستایان لە کۆماری عێڕاقدا

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستا کوردەکان لە شەقلاوە

**بۆ/ سیادەی وەزیری زانیاری بەڕێز**

ئەو مامۆستا کوردانەی کە لە شەقلاوە کۆبوونەتەوە بە ئاشکرایی بێزاریی خۆیان دەر ئەبڕن بەرامبەر  ئەو تاوان و کوشتار و  ڕووداو و دەستدرێژییانەی چەند خوێڕییەك پێی هەڵ ئەستن لە دژی مامۆستایان، لەسەراپای کۆماری عێڕاقدا.

کۆنگرە گێڕەکان  ڕوو ئەکەنە سیادەتتان لە کاتێکدا ڕووەو ساڵی تازەی دەرس خوێندن ئەڕۆن، داواکارن کە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی تۆکمە هەوڵبدرێ بۆ بەربەست کردنی ئاژاوەگێڕی و تاوان،  پڕ بڕواشین کەوا حکومەتە نیشتمانییەکەمان لە توانایدا هەیە ئاسایش و دڵنیایی بەرپا بکا، کە مەرجی بنەڕەتییە بۆ هەموو پێشکەوتنێکی خوێندەواری و پەروەردەکردن.

سلاَوی خۆمانت پێ ئەگەیێنین وە داواکارین کە سەرکەوتووبیت لە فرمانە گرنگ و بەرزەکەتدا.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

جەلال شەریف

١٩٦٠/٨/١٧

نیقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێڕاقدا

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستا کوردەکان لە شەقڵاوە

**سیادەی مەتەسەریفی لیوای هەولێر**

**مامۆستا عەلائەدین مەحموود ی بەڕێز**

بەبۆنـەی دوایـی هـاتنی ئـیش وکـاری کـۆنگرەی نـاوخۆیی دووەممانـەوە سلاّوی گەرم و ڕێزمان پێشکەش بە بەڕێزتان ئەکـەین سـەبارەت بـە هەڵوێسـتە ڕاستەقینەکانتان بەرامبەر کۆنگرەکەمان و لقی نەقابە لە هەولێر.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی

مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە

جەلال شەریف

١٩٦٠/٨/١٧

نیقابەی ماۆستایان لە کۆماری عێراقدا

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستا کوردەکان لە شەقلاوە

**نەقابەی مامۆستایانی ناوەند ـ بەغداد**

ئێمە بەستنی کۆنگرەکەمان لەشەقلاوە بە دەرفەتێکی دەگمەن دادەنێین، بۆئەوەی گەرمترین سلاوی خۆمانتان ئاراستە بکەین و هەولی راستگۆیانەتان بەرز بنرخێنین لە پێناو بووژاندنەوەی رۆشنبیری لە عێراقی خۆشەویستماندا، بەچاوی رێزەوە لەکۆششی دلسۆزانەتان دەروانین ،لە پێناو بەستنی کۆنگرەی دووەممان، کە ئامانجی زیندووکردنەوەی کەلتووری کوردییە لە کۆمارە خۆشەویستەکەمان، رایدەگەیێنین، کە پشتگیرییەکی تەواوی بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی مامۆستایانی ولاتانی عەرەبی دەکەین.

بژی یەکێتیی راستەقینەی عێراق

بژی کۆمارە نەمرە دیموکراتییەکەمان

بژی برایەتی کورد و عەرەب و کەمەنەتەوایەتییەکان

بژی نەقابەی مامۆستایانی تێکۆشەر لە پێناوی بوژاندنەوەی فێرکردن و رۆشنبیری لە عێراقە خۆشەویستەکەمان.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

جەلال شەریف

١٩٦٠/٨/١٧

نیقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە

## ڕۆژنامەکانی عێراق

کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، بە گەرمییەوە لایەنگیری گەلانی عەرەبی لە جەزائیر وعەمان و فەلەستین ئەکات لە ڕێگەی سەربەستی و سەربەخۆییاندا، هەروەها لایەنگیری خەباتی نەتەوەی کورد ئەکات لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لە ئێران و تورکیادا.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی

مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە

جەلال شەریف

١٩٦٠/٨/١٧

نیقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

**رۆڵە قوتابیەکانمان**

**ئەندامانی کۆنگرەی ناوخۆیی یەکەمی قوتابیانی کورد لە شەقلاوە**[1]

کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە بە شانازییەوە سلاوی راستەقینەی خۆتان پێشکەش ئەکات و سەرکەوتنێکی تەواوتان بۆ ئەخوازێ بۆ راژەی خوێندەواری گەلی کورد. ئێمەی مامۆستایانی کورد کە ئیش ئەکەین بۆ پێشخستنی زمان و وێژەو مێژووی کوردی و هەوڵئەدەین بۆ نەهێشتنی کۆسپەکانی رێگەی پێشکەوتنی خوێندنی کوردی هیوامان وایە، کە کۆنگرەکەتان بگاتە بریار و پێشنیازی راستی سەرکەوتوو، کە رێگەی ئیشکردنی بە کەڵکتان بۆ روون بکاتەوە. هیوامان وایە کەڵك لە خێری خۆتان و بریار و پێشنیازەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەممان وەربگرن.

بژی کۆنگرەی یەکەمی ناوخۆی قوتابیانی کورد

بژی یەکێتی قوتابیانی گشتیی کۆماری عێراق.

گەشەداربێت خوێندەواری لە کۆمارە دیموکراتییەکاندا بە سەرۆکایەتی سیادەی عەبدولکەریم قاسم.

[1] بریاربوو کۆنگرەی یەکەمی قوتابییانی کورد لە شەقلاوە، دوای پێنج رۆژ، لە ٢٢/ئاب/١٩٦٠ ببەسترێ، بەلام رۆژ ێك بەر لەبەستنی کۆنگرە، مۆڵەتی بەستنی کۆنگرەکە رەتکرایەوە، لەبەشی چوارەمی ئەم کتێبە، زانیاریی زیاتر خراوەتە روو.

## بۆ/ هەموو ڕۆژنامەکان

ئەندامانی کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کارەکانی کۆنگرە، شانازی و پێزانینی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە هەڵوێستی پشگیریی گەرمی بەرە نیشتمانییەکان وڕێکخراوە دیموکراتییەکان و ڕۆژنامە نیشتمانییەکان و کەسایەتییە زانستی و وێژەییەکان، کە لە ڕێگەی برووسکەو نامە، پیرۆزباییەکانیان گەیاندۆتە کۆنگرە.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە

جەلال شەریف

١٩٦٠/٨/١٧

## بۆ/کۆنگرەی زمانی کوردی ـ بەرلین

ئەندامانی کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد ، سڵاو لە ئەندامانی کۆنگرەکەتان ئەکات و هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازێت لە کارەکانتان بۆ خزمەتکردنی کێشەی زمانی کوردی و پەرەپێدانی.

کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە

جەلال شەریف

١٩٦٠/٨/١٧

نیقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

## کۆنگرەی پێنجەمینی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا

بەناوی کۆنگرەی ناوخۆیی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، سلاوێکی گەرم ئاراستەی کۆنگرەکەتان ئەکەین و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ کارەکانی دەخوازین. گومانی تێدانییە، کە ئەوبڕیارانەی کۆنگرە مێژووییەکەتان دەریدەکات، بەشدارییەکی گەورە لە خزمەتکردنی دۆزی نەتەوەی کورد دەکات و کار بۆ بووژاندنەوە و گەشەکردنی وێژە و زمان و کەلتوورەکەی دەکات، ئەمەو کۆنگرەکەتان تێدەکۆشێ بۆ پشتگیریکردن لە کۆمارە دیموکراتییەکەمان لە عێراق، کۆماری کورد و عەرەب و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتە شۆڕشگێڕییەکانی.

بژی کۆنگرەی پێنجەمینی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا.

بژی کۆماری عێراقی ئازادی دیموکراتی سەربەخۆ

بە سەرکردایەتی پێشەوای کورد و عەرەب عەبدولکەریم قاسم .

با ببوژێتەوە کەلتووری کورد.

نیقابەی مامۆستایان لە کۆماری عێراقدا

کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

**مامۆستایانی کورد  پشتگیری لە دووەمین کۆنگرەی ناوخۆییان دەکەن**

ئێمە بەستنی کۆنگرەکەمان لە شەقلاوە، بە دەرفەتێکی دەگمەن دەزانین، سلاوی گەرمی خۆمانتان ئاراستە دەکەین، هەولی راستگۆیانەتان لە پێناو گەشەسەندنی رۆشنبیری لە عێراقەکەماندا بەرز دەنرخێنین، هەروەها دەستخۆشی تێکۆشانی دلسۆزانەتان دەکەین لە پێناو بەستنی کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی بۆ زیندوکردنەوەی کەلتووری کوردی لە کۆمارە خۆشەویستەکەماندا، وە پشتگیریی تەواوی خۆمان دەخەینە روو سەبارەت بە بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی گشتیی مامۆستایانی ولاتانی عەرەبی.

بژی  یەکێتیی راستگۆیانەی عێراق

بژی کۆمارە دیموکراتییە نەمرەکەمان.

بژی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان.

نەقابەی مامۆستایانی تێکۆشەر لە پێناو گەشەسەندنی خوێندەواری و رۆشنبیری لە عێراقی خۆشەویست.

بژی یەکێتیی مامۆستایان

لە جیاتی کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە

جەلال شەریف

# بەشی سێیەم

## بابەتەکان

### ٣ -١ ئەو بابەتانەی بەر لە کۆنگرەی یەکەم نووسراون:

ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتە، لەسەر چەند پرسێك و بەر لە بەستنی کۆنگرەی مامۆستایان، بەمەبەستی دروستکردنی گوتارێکی ئاراستەکراو، لەسەر چەند تەوەرێك، بە چڕی بابەتیان بڵاو کردۆتەوە، چ ئەوانەی وەك سەروتار، چ ئەوانەی لەلایەن نووسەرانەوە نێردراون. لێرەدا نموونەی هەندێکیان پۆلێن دەکەین:

### ٣-١-١ پرسی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاریی کوردستان

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد، کە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی مەعارفی کوردستان ببوە خەمی کەسانێکی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و بەتایبەتی چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداران. هەر لە سەرەتای گەلاڵە بوونی ئەو بیرۆکەیە و تا بڕیاردران لەسەر دامەزراندنی و دواتر پەلە کردن لە جێبەجێکردنی بڕیاری دامەزراندنی و خستنە ڕووی پێشنیاز و بیرۆکە و تێبینی بۆ لەدایکبوونێکی باشتر و کاراتری بەڕێوەبەرایەتییەکە، چەندین بابەتی بەپێز و دەوڵەمەند، لەلایەن نووسەر و کەسایەتیی دیاری بوارە جیاجیاکان، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوە، بێگومان لە ناوەرۆکی ئەو نووسینانەدا چەندین لایەنی گرنگی ئەو سەردەمە دەخوێندرێنەوە، بە پێویستمان زانی گوڵبژێرێك لەو بابەتانە، بەپێی پێشینە، بخەینە دووتوێی ئەم کتێبە.

لە ڕۆژنامەی ژیندا هاتووە:

## مدیریەتی مەعارفی کوردستان لە کۆنگرەی گشتی قوتابیاندا[1]

لەم هەفتەیەدا قوتابیان یەکەم کۆنگرەی گشتییان گرت لە عێراقدا لەو کۆنگرەیەدا باسی خوێندنی زمانی کوردی وە دانانی مدیریەتی مەعارفی کوردستان کراوە قوتابی حسن علی غالب (لەسلێمانی) داوای کرد، کە بکرێ بە دوو بەشەوە:

١- دان بنێ بە مافی نەتەوایەتیی قوتابییە کوردەکان.

٢- مدیریەتێکی گشتی بۆ مەعارفی کوردستان دابنرێت، کە سەرپەرشتی خوێندنی کوردستانی عێراق بکات وە دەرسی خوێندن لە قوتابخانە کاندا بکرێت بە کوردی و مێژوو و ئەدەبی کوردی بکرێت بە دەرسێك بە تایبەتی لە کوردستاندا وە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو عێراقدا وە هەروەها خەباتی گەلی کورد لە دەوری کۆنەوە هەتا ئێستا بخوێنرێ وە کورسییەك دابنرێ لە جامعەی بەغدادا بۆ ئەدەبی کوردی وە جامعەیەك لە کوردستاندا بکرێتەوە وە مافی کەمایەتیەکانی تریش بپارێزرێ.

وە لەپاش گفتوگۆیەکی زۆر کۆنگرەکە هەموو بڕیاریان لەسەر ئەم  پێشنیارەدا هەر یەکێك نەبێت وە ٣ سێ کەسیش دەنگی نەدا.

وە وەکو ئەزانین بێجگە لە کۆنگرەی یەکیەتی قوتابیانی عێراق لە کۆنگرەی نەقابەی مامۆستایانی عێراقدا دیسانەوە هەمان باس کراوە و هەموو داوایان

---

[1] - ڕۆژنامەی ژین: ژ/ ١٣٤٢

کردوە کە مدیریەتی مەعارفی کوردستان دابمەزرێ و بێجگە لە مانەش ئەم داوایە بووە داوایەکی میللی وە بە هەزاران هاولاتی کورد داوای ئەکات وە هەموو برا عەرەبەکانمان لەگەڵ برا کوردەکانیان دان بۆ ئەم باسە، وە هیوامان وایە، کە لە پاشەڕۆژێکی زۆر نزیکدا بێتەدی لە سایەی جمهوریەتی خۆشەویستەوە وە بە پێی پەیڕەوی جمهوریەت.

هەر لە ڕۆژنامەی (ژین) بابەتێك لە ژێر ناوی (مدیریەتی مەعارفی کوردستان) لە ڕۆژنامەی اتحادی شعبی ژمارە (١٧) ڕۆژی ٩٥٩/٢/١٢ وەرگرتوە و (دلشاد) ناوێك وەریگێڕاوەتە سەر کوردی:

### مدیریەتی مەعارفی کوردستان

پێکهێنانی مدیریەتێك لە وزارەتی زانیاری (لەو شوێنەدا کە کوردی تیا دائەنیشێ) یەکێك بوو لەوانەی کە لە کۆنگرەی مامۆستایاندا بڕیاری لەسەر درا پێك هێنانی ئەم مدیریەتە شتێکی تازە داواکراو نییە لەلایەن کۆنگرەی مامۆستایانەوە، بەڵکو پێویستییەکی کۆنی گەلی کورد بوو، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٣دا لە وزارەتی نوری سعیدی خوێن ڕێژ کرابوو، بەڵام ئامانجی ئەو داواکردنە لە کاتی خۆیدا جیاوازیەکی تەواوی هەبوو لەگەڵ ئەم داواکردنەی کۆنگرەی مامۆستایاندا، چونکە لەوەختی خۆیدا لەلایەن جەماعەتێکی ڕەگەزپەرستی کۆنەپەرستەوە داواکرابوو، کە بە هیچ جۆرێك لە نیازیا نەبوو، کە دەستی برایانە درێژبکات بۆ برا عەرەبەکانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئامانجی

لەو داواکردنە هەنگاونانێك بوو بۆ جیابوونەوە و خۆ دوورخستنەوەی کورد لە برا عەرەبەکانی.

ئەو ئیقتڕاحانەی کە لەلایەن کۆنگرەی مامۆستایانەوە پێشکەش کرابوو زۆر دیموقراتیانە و داخوازییێکی ڕاست بوو بۆ بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب، داواکردنێکی ئەوتۆ، کە جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئامانجی داواکردنەکەی جارانا. تەنها ئەوە بەسە، کە بوترێت کە ئەم ئیقتڕاحە (پێشنیار) لەلایەن یەکێك لە وەفدەکانی کوردستانەوە پێشکەشنەکرابوو، بەڵکو لەلایەن وەفدی بەصرەوە داواکرابوو، کە ئەمەش مانایەکی تایبەتی ئەبەخشێ لە پەیوەندی برایەتی کورد و عەرەبدا وە بەدان نانێکی تەواو ئەژمێررێ بە بوونی گەلی کورد لە عێراقدا، هەروەها چاودێری کردنی هەموو مافێکی نەتەوایەتی کوردی بە پێویست خستۆتە بەرچاو ئەم کۆنگرەیە، زۆرباش زانیویەتی، کە باشترین ڕێگە بۆ بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب  ئەوەیە، کە عەرەبەکان وەکو برا گەورەیەك دان بە مافەکانی گەلی کوردی برایاندا بنێن، وە باشترین ڕێگە بدۆزرێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی زانستی گەلی کورد، پێکهێنانی مدیریتی مەعارفی کوردستان بە یەکەم هەنگاوێك ئەژمێررێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کۆسپ وبەرهەڵستییانەی کە دێتە سەر ڕێگای بەرێوەبردن و پێشخستنی زانیاری و خوێندەواری لە کوردستاندا. کۆنگرەی مامۆستایان باش بۆی ڕوون بۆتەوە، کە بوونی مدیریەتێکی وا، هەموو جۆرە دەسەلاتێکی ئەبێ بۆ چارەسەرکردنی کۆسپ وتەنگوچەڵەمەی ناوچەی کوردستان.

ڕاستی و دیموقڕاتییەتی ئەم ئیقتڕاحە لەوەدا دەرئەکەوێ، کە مافی ئەو نەتەوە کەمانەش خراوەتە بەر چاو، کە لەناوچەکانی کوردستاندا جێگیربوون، وەك ماوەدان بە پێکهێنانی چەند قوتابخانەیەکی ئەهلی بۆ ئەو نەتەوانە، وەك برا تورکمانەکان و براکانی تری، ئەم هەنگاونانە دیموقراتییانە لەلایەن کاربەدەستانەوە مانای بەجێهێنانی مادە(٣) دەستووری وەخیتە، کە لەو مادەیەدا مافی نەتەوایەتی کوردی پاراستووە، هەروەها مافی زانیاری و ماوەدان و هاندانی پەرەسەندنی زانستی بۆ گەلی کورد بەو مافانە ئەژمێررێ کە پێویستە بدرێت بە گەلی کورد، تا بتوانێ ڕادەی زانیاری و خوێندەواریی خۆی پێش بخا و پلەی بەرزبکاتەوە[١].

دوای ئەوەی بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی مەعارفی کوردستان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دەرچوو، ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکرد و هەواڵەکەیان بە ڕازاوەیی بە خوێنەرەکانیان گەیاند، ڕۆژنامەی خەبات، کە تازە چاوی هەڵێنابوو، لە ژێر ناونیشانی (جەژنانەی پێشەوای مەزن) لە نێو چوارچێوەیەك سەرنجی خوێنەرانی بۆ ئەمە ڕاکێشا:

---

[١] ڕۆژنامەی ژین: ژ/ ١٤٣٧، ٩٥٩/٤/٢

## جەژنانەی پێشەوای مەزن

## بۆ

## نەتەوەی کورد[1]

## مودیریەتی گشتی زانیاری کوردستان

((بڕیاردرا، بە چەشنێکی سەرەتایی، کە مودیریەتێکی گشتی دابنرێت بۆ کار و باری زانیاری کوردستان، لە بارەگای دیوانی وەزارەتی پەروەردەکردن و فێرکردندا. وە چونکە وەزارەتی پەروەردەکردن خەریکی پێکهێنانی گۆڕینە لە نیزامەکەیدا بەم زووانە، دامەزراوەکانی ئەم مودیریەتە گشتییەش بەو بۆنەیەوە دائەنرێت.

فرمانی ئەم هەڵسوڕێنەری یە سەرپەرشتیکردنی کاروباری هەڵسوڕێنەری و هونەری و کۆڵینەوەی پرۆگرامی خوێندن و بەرزکردنەوەی تا عاستێکی لایق، وە دانانی کتێبی خوێندن و پاڵاوتنی فێرکەر و مامۆستایان و هەموو شتێکی کەی کاروباری فێرکردنە. هەموو شتێك، کە پەیوەندیی بە زانیاری کوردستانەوە هەیە لە سەری ساڵی داهاتووی خوێندنیەوە جێبەجێئەکرێت.

وە ئێمە هاونیشتمانیان دڵنیا ئەکەین، کە وەزارەتی پەروەردەکردن بە هەموو گورجی و چالاکییەوە خەریکی پێکهێنانی کار و دەسکەوتیانە.))

ئا بەم چەشنە جەمهووریەتەکەمان دەمی ناحەزان سوێر ئەکات وە بە کوێرایی چاوی ئیمپریالیزم و تۆکەرە کۆنەپەرستەکانی، برایەتی کورد و عەرەب

---

[1] ڕۆژنامەی خەبات: ژ/ ٢ ی ٨/٤/١٩٥٩، ٧

هـەتا دێـت (لـە) سـنووری یەکیـەتی عێراقـدا، وە بـە سـەرکردەی پێشـەوای قارەمان، کاکە کەریم قاسم، بەرەوە پتەوی و خەملێن و گەشەکردن ئەڕوا.

ڕۆژنامـەی (ژیـن) یـش دوای بـڵاو بوونـەوەی بڕیارەکـە لـە نـزیکترین ژمارەیـدا هەواڵەکەی بڵاو کردۆتەوە:

**دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان**

**سەرکەوتنێکە بۆ دیموکراتیەت و گەلی کورد لە عێراقدا**[1]

حکوومەتی جمهوریەت بڕیاری دا بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیـاریی کوردسـتان بـۆ ناوچـەی کوردسـتانی عێـراق وە ئەمـەش سـەرکەوتنێکە لەسەرکەوتنە دیموکراتیەکانی گەلی کورد وە هاتنە دی ئاواتێکە، کە گەلی کـورد بەتایبەتی هەوڵی بۆ ئـەدا وە گـەلی عێراقـی بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە عـەرەب وکەمایەتیـەکانی تـرەوە داوایـان ئـەکرد و حکوومـەتی جمهوریەتـە دیموکراتیەکەمان لەسەر ئەو ڕێ و شوێنە دیموکراتییـە، کـە گرتوویـەتی وە بـە پێـی پـەیڕەوی کردنـی دەسـتوور وە بـە جێهێنـانی بەرهەمـەکانی شۆڕشـی چواردەی گەلاوێژ ئەم ئاواتەی هێنایەدی.

وە بەجێهێنانی ئەم ئاواتە، نەك سەرکەوتنێکە بۆ گەلی کورد، بەڵکو سەرکەوتنە بۆ دیموکراتییەت لە عێراقدا وە هۆیەکـە بـۆ پتـەوکردن و بـەهێزکردنی برایـەتی کورد و عەرەب و هەموو دانیشتوانی عێراق وە هۆیەکـە بـۆ یـەکگرتنی خـەبات،

---

[1] ڕۆژنامەی (ژین) : ژ/ ی ١٩٥٩/٤/٩

خەبات لە ڕێگای پاراستنی جمهوریەتەکەماندا، کە بەرهەمی تێکۆشانی گەلی عێراقە وە قەلاّی ئازادی خواهانی جیهانە وە بە جێهێنانی ئەم ئاواتە ئەوەی لە دوایە، کە گەلی کورد لە عێراقدا زیاتر دەوری جەمهوریەت بدات وە فداکاری زیاتر بکات بۆ پێشکەوتنی وە پاراستنی وە دەم کوتکەری ئەوانەیە، کە دەهۆڵی تێکدانی برایەتی کورد و عەرەب لێئەدەن وە ئەیانەوێ دووربکەونەوە لە جمهوریەت وە بەرەو پێشەوە نەڕۆن.

وە ئەم هەنگاوە دیموکراتییەی، کە جمهوریەت نای، بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی چواردەی گەلاوێژ، هیوای ئەوەی لێئەکرێ، کە هەنگاوی تری لە دوا بێت بۆ بەجێهێنانی داوا نەتەوایەتیەکانی گەلی کوردی تێکۆشەر، کە ساڵەهای ساڵە خەباتی بۆ ئەکات وە کە جەماهیری گەلی عێراق بە دڵ تەئیدی ئەکات وە مادەکانی دەستووری جەمهوریەت دانی پیا ناوە.

بێگومانین، کە ئەو ڕێگا دیموکراتییەی جمهوریەت گرتوویەتی وە لەسەری ئەڕوا وە پشت گرتنی گەل بۆ جمهوریەت وە تەئیدی لەو هەنگاونانەدا بەسە بۆ بەجێهێنانی ئەو داوا نەتەوایەتییانە. ئیتر پیرۆزبایی لە گەلی کوردی تێکۆشەر بە تایبەتی وە گەلی عێراق هەمووان بۆ ئەم دەسکەوتە دیموکراتیە وە سلاّو بۆ حکومەتە دیموکراتییە سەر بەخۆکەمان بۆ ئەو بڕیارەی کە دای بۆ دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە.

لەهەمان ژمارەی (ژین) دا، ( محرم محمدامین) بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی (بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستانی عێراق پیرۆزت بێ ئەی گەل) بابەتێکی نووسیوە:

**بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستانی عێراق پیرۆزت بێ ئەی گەل**[1]

محرم محمدامین

پیرۆزت بێ ئەی گەلی کوردی تێکۆشەر بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان، کە لە سایەی جمهوریەتە دیموکراتییەکەتا هاتە دی، ئەو جمهوریەتەی بە خەباتی خوێناوی تۆ و گەلی عەرەبی نەبەز لە چواردەی گەلاوێژی نەمردا لەدایکبووە، بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان داخوازییەك بوو برا عەرەبەکانمان لە ئێمە زیاتر بۆی بە پەرۆش بوون بێتە دی و بە یەکێ لە داخوازییەکانی هەموو گەلی عێراقیان ئەزانی، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەو پەڕی گیانی برایەتی و یەکگرتنی گەلی عێراق بە هەموو نەتەوەکانیەوە لە چوارچێوەی جمهوریەتەکەماندا، کە قوڕ ئەدا بە دەمی ئەو دوژمنانەی ئەیانەوێ دووبەرەکی بخەنە ریزی گەلەکەمانەوە، وە بۆ ئەو کەسانەشی ئەسەلمێنێ کە، هێشتا بە دوو دڵییەوە سەیری برایەتیی کورد و عەرەب ئەکەن، کە داخوازییەکانی نەتەوایەتی، هی هەردوو نەتەوەکە لە دەروونی هەردووکیانا وەکو یەك دەنگئەداتەوە و دەست لەناو دەست پێکەوە بۆی تێئەکۆشن.

[1] ڕۆژنامەی ژین: ژ/ ١٤٣٨، ٩/٤/٩٥٩

لــە ژێــر ســێبەری ڕژێمــی دیموکراتییــەتێکی ڕاســتدا، وەکــو ڕژێمــی جمهوریەتەکەمان، کە پێی ناوە لە هەموو مافە دیموکراتییەکانی گەل، وە لە بەندی سێیەمی دەستووره موەقەتەکەی دا بەبێ پێچوپەنا دانی ناوە بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دا، جمهوریەتێکی وا، کە ئاوێنەی ویستی گەل و بۆ سوودی گەل تێبکۆشێ، گومانی تیانییە، کە هیچ داخوازییەکی گەل ناخاتە پشتگوێ، بۆیە لە ڕۆژی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی پیرۆزەوە، هەموو کاتێ دەنگە دلێرانەکەی پێشەوای نەبەزمان بەرزئەبێتەوە، مژدەی شۆڕشێکی نوێمان ئەداتێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان و بەرزکردنەوەی ئاشتی و ئابووری و سەقافی و کۆمەڵایەتی گەلەکەمان، هەر لە چاککردنی یاسای کشتوکاڵ، کە چینی دەرەبەگ ئەخاتە سەر ڕەفەی مێژوو، وە تەئمیمکردنی کۆمپانیای نەوتی خانەقین و گۆڕکردنی موئامەرەکانی ئیمپریالیستەکان و نۆکەرەکانیان لە وێنەی (رشید عالی، عبدالسلام، شواف) وە ڕێگا دان بە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان ئیش بکەن بە سەربەستی، وە دەرچوون لە پەیمانی شوومی بەغدا، وە پێك هێنانی نەقابەی مامۆستایان و کرێکاران و پاککردنەوەی بنکەی حەبانیە لە سوپای ئیمپریالیزمی بەریتانیا، وە بەستنی پەیمانی ئابووری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی و پەیدا کردنی دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتە سۆشیالیزمیەکان و گەلانی ئاشتی خوازدا، وە لە پاشا دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان، ئەمانە هەمووی یەك لە دوای یەك شۆڕشن بۆ دامەزراندن و پێشخستنی گەل، کە بێگومان گەلێ شۆڕشی تری لەمانە گەورەتری لە دوا ئەبێ

وە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ژیانێکی خۆشتر ئـەڕۆین. وە ئومێـدەوارین، کـە یـەکێ لـە شۆڕشەکانی هاتوومان ئیجازەدان بە لاوانی دیموکراتی کوردستان، کە لە هەموو بۆنەیەکدا دەریانخستووە پیشتوانی بە هێزی جمهوریەتەکەمانن و هـەموو وزەو تواناکانیان تەرخان کردووە بۆ بەرگری ڕژێمە دیموکراتییەکەمان، شان بەشـانی لاوانی دیموکراتی عێراق، وە چالاکی و فیداکارییان لە شـاری موصـلی قارەمـان زدی (دژی) هەراکەی شەوافی خائین وە پاسـەوانیان بـە ڕۆژ و شـەو لـە هـەموو گۆشەیەکی کوردسـتاندا لـە کـاتی ئـەو تـەنگو چـەڵەمە دوا بڕاوەکـانی دوژمنـی جمهوریەت نایانەوە، ئەمەش دەری ئەخات ئەو ئامانجانەی کە بـۆی دامـەزراوە چـالاکی و کۆششـێکی دڵسـۆزانەی بـێ ووچـانی ئـەوێ، چـونکە ئـەو بـارەی نەتەوەی کـورد پـێش شۆڕشـی گەلاوێـژ تیـا ئـەژیا لـە سـەقافەتدا زۆر هـەژاری کـردووە وە ماوەیـەکی ئـەوێ تـا بتـوانێ بنـەپیتێکی ئـەوتۆ پێکـەوە بنـێ بناغەیەکی زانیاری پتەوی  لەسـەر دابمـەزرێنرێ. ئـەم پێویسـتییە نیشـتمانییە گرنگەش بـە ڕادەی یەکـەم ئەکەوێتـە ئەسـتۆی ئەدیبـەکانمان و زاناکانمـان لـە مێـژوو، لــە زمــان، وە لــە هــەموو کــوردێکی زانیاریـدا وە پێویســتمان بــە بزووتنەوەیـەکی گـورج و گـۆڵ  هەیـە لـە وەرگێڕانـدا (ترجمـە) ئـەم ئیشـە گەورەیەش بە یەك و دوو ناکرێ، پێویستە هـەموو ئەوانـەی شـتێکیان لـە بـاردا هەیە بە جۆرێکی هەرەوەزی  بێنە کۆڕی ئیشەوە وە لـە پێنـاوی ئـەم کـردەوە پـیرۆزەدا، هـەموو کینـەو ڕقەبـەری و خـۆ پەرسـتییەك بخەنـە ئـەولاوە. جـاران

بەهانـە ئـەوەبوو ڕێگـا گـیراوە، خـۆ ئێسـتا وا ڕێگـا کرایـەوە گـەل چـاوەڕوانی چنینەوەی بەرهەمتانە ئەی ڕەوشەنبیرانی کورد.

نەقابــەی مامۆســتایانی ســلێمانی سوپاســێکیان لــە ڕۆژنامــەی (ژیــن) بلاوکردۆتەوە:[١]

**نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی**

**سوپاسی دامەزراندنی زانیاری کوردستان دەکات**

تاقە سەرۆکی بەڕێز کاك عبدالکریم قاسم

بــەناوی نەقابــەی مامۆســتایانەوە لــە ســلێمانی، سوپاســی بــێ پایانمانتــان پێشکەش ئەکەین بۆ ئەو هەنگاوە پیرۆزەی کە ناتان بە پێکەوەنانی (مدیریەتی زانیاریی کوردستانی عێراق) ئەمەش بـووە هـۆی دەمکـوتکردنی کۆنەپەرسـت و جیاوازی کەرەکان، بەم بۆنەیەوە پەیمانی خۆمانتان بـۆ تـازە ئەکەینـەوە، کـە هەموو توانایەکمان بۆ پاراستنی جمهوریەتە دیموکراتییەکـەمان تەرخانئەکـەین لــە ژێــر ســەرۆکایەتی قارەمــانی کــورد و عــەرەب ڕوخێنــەری ئیمپریــالیزم و کۆنەپەرست، کاك عبدالکریم قاسم.

محمد علی محمود

سەرۆکی لقی نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی

---

[١] – ڕۆژنامەی ژین: ژ/١٤٤٠، ١٩٥٩/٤/٢٣

## دواکەوتنی جێبەجێکردنی بڕیاری
## دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی مەعارفی کوردستان

دوای دەرچوونی بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی مەعارفی کوردستان، له ناوەندە پەیوەندیدارەکان و قبوولکردنی بەم ناوەی کە هەیەتی، هەندێك کەس و لایەنی قەڵس کردووە و لە بیری تەسك و لە ناخی تاریکی ئەواندا هەڵگیرساندنی ئەو مۆمە بۆتە مایەی سوتان و ئازارێکی دژوار، کەوتوونەتە هەوڵی پاشەکشە و پەکخستنی ئەم هەنگاوە دیموکراتییە و ویستوویانە بە هەر شێوەیەك بێت ڕێگە لە دامەزراندنی بگرن.

دیارە ترس لە پیلانی ناحەزان و ترس لە پاشەکشەی بڕیارەکە، بەتایبەتی، کە سستی لە جێبەجێکردنیدا هەستیپێکراوە و ماوەی چەند مانگێکی بەسەردا تێپەڕیوە، بێ ئەوەی هەنگاوێکی کردەیی بۆ بنرێ. ڕووناکبیران و نووسەرانی کوردی هێناوەتە دەنگ و کەوتوونەتە هەوڵی زوو جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، بە بڵاوکردنەوەی بابەت و داواکاری، ئەو پرسەیان وروو‌ژاندوە و وەك نامەی کراوە، ئاڕاستەی عەبدولکەریم قاسم و ئەو کەس و لایەنانەیان کردووە، کە خاوەن بڕیارن، بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوەی دامەزراندنی مدیریەتی مەعارفی کوردستان، لە ڕێچکەی خۆیدا بمێنێتەوە و لەژێر کاریگەریی فشاری کۆنەپەرستان، بەلاڕێدا نەبردرێ.

نموونەی چەند نووسینێك دەخەینە ڕوو:

## زوو جێبەجێکردنی پرۆژەی مودیریەتی زانیاری کوردستان پێویستییەکی مێژووییە[1]

لـە شۆڕشــی (١٤) ی تــەمووزی پــیرۆزە، دانــانی مودیریــەتی زانیــاریی کوردستان وێردی سەر زمانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.

لە هەموو لایەکی کوردستانی عێراقەوە خەڵك پەیتا پەیتا بە نامە و تەلـەگراف، وە مەزبەتە پشتوانیی ئەم داوایەیان کرد، کە هێنـدێ لـە رۆڵـە تێکۆشـەرەکانی کوردستان پێشکەشیان کرد بوو بە سـەرۆکی وڵات، کـاك عەبدولکـەریم قـاسمی قارەمان، تا وای لێ هات ئەم داخوازییە نەتەوایەتییە هەقەی نەتەوەی کورد بوو بە داخوازیەکی جـەماهیری وڵات، کـە لەلایـەن هـەموو هێـزە نیشـتمانی یـەکانی دیکەی عێراقیشە وە پشتیوانی لێ بکرێت.

کۆششـی هـەڤاڵانی ئێمـە و هێنـدێ رۆڵـەی دڵسـۆزی دیکـەی کوردسـتان وە پشتوانیی هەموو خەڵکی کوردستان درێژەی پێدرا، وە تـا دەهـات عەدالـەت و چاکەی ئەم داخوازییە بـۆ جمهوریـەت و بـەهێزکردنی برایـەتی کـورد و عـەرەب باشتر روون دەبووەوە، ئینجا لە هەموو لایەکەوە پشتوانیکرا وە لە کۆنگرێسـی مامۆستایان وە هەروەها هی یەکیەتی قوتابیانیشدا بڕیاری لەسەر درا.

سەرۆکی هەڵکـەوتووی وڵات کـاك کـەریم قـاسمیش، کـە دڵسـۆزی هـەموو گـەلی عێراقە بەبێ جیاوازی، وە کە خـۆی گوتوویـەتی: ((مـن نەتەوایـەتی کـورد وەك

---

[1] رۆژنامەی خەبات: ژ/ (١٥) ی  رۆژی ١٩٥٩/٧/٢١ لا/١

نەتەوایەتی عەرەب دەپارێزم) ئەم داخوازییەی گەلی زۆر بە خۆشی یەوە وەرگرت وە بڕیاری لەسەردرا، کە مودیریەتی زانیاریی کوردستان دابمەزرێنرێت وە نیمچە بەیانێك لەم بابەتەشەوە بلاّوکرایەوە لەلایەن وەزارەتی مەعاریفەوە.

شتێکی ئاشکرایە، کە دانانی مودیریەتی زانیاریی کوردستان، نەك هەر هێنانەدییەکی بە جێی داخوازیەکی جەماهیری نەتەوەی کورد بوو، وە نەك هەر جێبەجێ کردنێکی بە کردەوەی مادەی سێ (٣) ی دەستووری جەمهوریەت بوو، کە تیایا کورد و عەرەب بە هاوبەش دانراون و مافەکانی نەتەوایەتی کورد سەلماندراوە، بەڵکو هەنگاوێکی زۆر گەورەش بوو، کە جەمهوریەت هاویشتی بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەب، ئەو برایەتییەی کە بەردی بناغەی هەموو سەرکەوتنێکی گەلەکەمانە.

هەروەها دانانی مودیریەتی زانیاریی کوردستان، هەنگاوی یەکەمە بۆ بوژاندنەوەو پێشخستنی زانیاری و مێژوو و زمان و ئەدەبی خەڵکی کوردستان و بەجێبەجێکردنیخوێندەواری و بلاّوکردنەوەی وشیاری و زانیاری و عیلم لە بۆ خەڵك لەسەر پشت دەکرێتەوە، چونکە هەر بە مودیریەتی زانیاریی کوردستان ئەکرێت کە لە هەموو لایەکی ولاّت دا بە زمانی زکماکی شیرینی کوردی قوتابخانەو زانستگا بکاتەوە، وە بەگژ نەخوێندەواریدابچێ وە کۆششێکی بایەخدار تەرخانبکات بۆ بووژاندنەوە و پێشخستنی ئەدەب و زمان و سەقافەتی کوردی، مێژووی میراتی خوێندەواری کورد بژیێنێتەوە و دەورێکی باش بنوێنێ لە پێشخستنی خوێندەواریدا لە کوردستان، وە لە دروستکردنی کادرێکی

صناعی و زراعیی بە کەڵك دا بۆ گـەل وە لـە دانـانی بـەردی بناغـەی جامیعـەی کوردستاندا، کە کردنەوەی پێویستییەکی نیشتمانی و مێژووییە.

لەگەڵ ئـەم هـەموو گرنگییەشـدا، کـە دامەزرانـدنی ئـەم مودیریەتـە هەیـەتی وە لەگەڵ ئەوەشدا، کەوا ساڵی خوێندن ئەوەندەی نەماوە نـوێ ببێتـەوە، کەچـی هێشتا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە کە، ئەم بڕیاری دامەزراندنەی مودیریەتی زانیـاری چەند هەنگاوی هاویشتووە لە مەیـدانی جێبەجێبوونـدا. لێـرەدا هـیچ گومانمـان نییـە، کـە کاربەدەسـتان ئـەم فرمانـە گرنگـەیان بـیر نەچـووەتەوە، بـەڵام بـە پێویستی سەرشانی خۆمانی ئەزانین، کە پێیان بڵـێین دامەزرانـدنی مودیریـەتی زانیاریی کوردستان بە زوویەکی زوو شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە هـیچ گومـانی تێـدا نییـە، کـە بڕیـاری دامەزرانـدنی مودیریـەتی زانیـاریی کوردسـتان هەرچەندە خۆی لە خۆیا هەنگاوێکی زۆر پیرۆز و باش  بێت، وە بەجێگەیاندنی هەنگاوێکی زۆر پێویستر و پیرۆزتر و باشـترە، چـونکە ئـەم مودیریەتـە  ـ وەکـو هـەموو ئـەزانین  ـ دایەرەیـەکی بەتـەواوی تازەیـە، لـە بنچـینەوە دروسـتکردنی گەرەکە، ئـەرك و تێکۆشـانێکی زۆری پـێ ئـەوێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا سیاسـەتی دوژمنانەی حوکمی دوابڕاوی پاشایەتی بەرامبـەر بـە نەتـەوەی کـورد میراتێکـی زۆر بێ فەڕی بۆ بەجێهێشتووین بۆ پێکهێنانی ئەم فرمانـە بـە ئەندازەیـەك، کـە ئـەتوانین بڵـێین لەگـەڵ ئـەو هـەموو تەقـەلا وە هەوڵـە دڵسـۆزانەیەدا، کـە چاوەڕوانئەکەین کاربەدەستان بیدەن وە لەگەڵ ئـەو هـەموو یارمەتیەشـدا، کـە پێشکەش بەم مودیریەتە تازەیە ئەکرێت لە لایەن وەزارەتی مەعاریفـەوە، ئـەم

مودیریەتە تا چەند ساڵێك ناتوانێت فرمانی خۆی بەتەواوی وەکو پێویستە جێبەجێبکات. بۆیە زۆر بە پێویستی ئەزانین، کە بە گورجی نیزامی ئەم مودیریەتە دەربکرێت وە بخرێتە مەیدانی کار وە بە زوویی دەست بکرێت بە دانانی میلاکی هەڵسوورێنەران و کارگێڕانی، بۆ ئەوەی هەر کەسەیان لە سنووری دەسەلاَت و فرمانیدا و هەموو پێکەوە لە چوارچێوەی نیزامەکەیاندا بکەونە دانانی پرۆگرام و کتێب و نامیلکەی پێویست بۆ خوێندن و چاپکردنی ئەم شتانە لە داهاتنی ساڵ.

هەروەها پێویستە پلانێکی دوور و درێژ بەدەست و بردی بۆ ئەم مودیریەتە دابنرێ، پلانێکی واقیعی گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی نەتەوەی کورد. لەم ڕووەوە وەهەر لە ئێستەوە مودیریەتی زانیاری بە پێی ئەم پلانە عیلمییە ڕاستە بڕوات بەڕێوە، نەوەکا هەروا لە خۆیەوە دەستبکا بە ئیش.

ئەبێ زوو دەستووبردێ بکرێ لە جێبەجێ کردنی مودیریەتی زانیاریی کوردستان، ئەگینا بەو ساڵەشا، کە دادێت ڕاناگا، وە ئەکەوێتە ساڵێکی تر وە ئەمەش زەرەرێکی زۆری هەیە، نەك هەر بۆ مەسەلەی پێشخستن و زۆرکردنی خوێندەواری وە ئەدەب وە زمان و مێژووی کورد و کوردستان کەوا ساڵێکی تریش دووا ئەکەوێت، بگرە بۆ ناوبانگی جەهوریەتەکەشمان کە وا ئیمپریالیزم و ناحەزانی لە هەموو لایەکەوە خەریکی پڕوپاگەندەی خراپن لە زددی، بەتایبەتی لەو ڕادیۆیانەوە، کە بە کوردی درۆ و دەلەسە بلاَو دەکەنەوە، وە بوختان ئەکەن بە جەمهوریەتەکەمان وە مەوقیفە باشەکانی بەرامبەر بە کورد بە

تەفرەدان لێك ئەدەنەوە. بۆیە داواکردنـی جێبـەجێکردنی مودیریـەتی زانیـاریی کوردستان بە زوویی و بە گورجو گۆڵی، نەك هـەر تەبیعـەتی ئیشـەکە خـۆی وە تەبیعەتی قانونەکە گەرەکیەتی، بەڵکو پێویستی بـەهێزکردنی برایـەتی کـورد و عـەرەب و دەم کـوتکردنی نۆکـەرانی ئینپریـالیزمیش گەرەکیـەتی، بۆیــە داوا دەکەین، کە دەستوبردێ بکرێت  چـیدیکە دوانەکـەوێ بـۆ ئـەوەی ئـەم فرمانـە نیشتمانییە گەورەیە دوا نەکەوێت. ئیتر چاوەڕوانین.

**هەڵسوڕێنەری زانیاری کوردستان**

**مودیر یەتی مەعاریفی کوردستان**

زۆر و ستەمی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە سەردەمی لەناوبراوا، هەموو سوچێکی ژیانی کۆمەلآنی گەلی عێراقی، بە گشت نەتەوە و کەمایەتی و چینە زۆرلێکراوەکانییەوە، بە باڵە ڕەشە پیسەکانی گرتبووەوە، ڕۆژی ئەم ولآتە خۆشەویستەی کردبوو بە شەوە ـ زەنگ. بێگومان گەلی کورد بەشێکی زۆری لەم ستەم و زۆردارییە پێ بڕابوو، چونکە سەرەڕای بێبەشبوونی لەگەڵ گەلی عەرەبی برا گەورەیا لە مافە دیموکراسییە گشتییەکان، هەموو مافێکی نەتەوایەتیشی لێ سەندرابوو، کە یەکێك لەم مافە سەرەتاییانە، مافی خوێندن و نووسین بەزمانی خۆی و شارەزابوونە لە ئەدەب و مێژوو و میراتی نەتەوایەتیی خۆی.

داخی زەوت کردنی مافەکانی گەل و مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە دڵی هەموو نیشتمانپەروەرێکدا پەنگی خواردبووەوە و تۆوی شۆڕشێکی نیشتمانی - دیموکراسی لەگەڵ خۆیا هەلگرتبوو، تا لە چواردەی تەمووزی پاردا، بە سەرکردەی ڕۆڵەی جوامێری گەلی عێراق، ئەو شۆڕشە مەزنە هەلگیرسا و ڕژێمی ئیمپریالیستی، پاشایەتی لە ڕیشە دەرهێنا و گەلی عێراقی ئازاد کرد.

جا چونکە شۆڕشەکە لەناو جەرگەی گەلی عێراقەوە هەڵقولآبوو، هەموو ئاوات و ئێش و ئازار و هیوای گشت نەتەوە و ڕەگەز و ئاین و چینە نیشتمانییە

زۆرلێکراوەکانی بەگەڵ خۆی لولدابوو، وە بە سەرکەوتنی هەمووی خستە ڕوو، وە زۆریشیانی هێنایە دی.

وە لەبەر ئەوەی کە دان نان بە مافە نەتەوایەتیەکانیا، لە سنووری یەکێتی عێڕاقدا یەکێك بوو لە ئاواتە گەورەکانی گەلی کوردی عێڕاق، بوو بە دەستووری مووەقەت، لە مادەی سێیەمدا دانیپیانا ، وە بەم چەشنە ئەوەندەی تر ڕەگی برایەتی و یەکێتی لەگەڵ گەلی عەرەبی برایا قووڵ تر و بەهێزتر و چەسپاوتر کرد.

وەك هەنگاوی یەکەم بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە، مافی زانیاری لە ڕیزی پێشەوەی مافە نەتەوایەتی یەکانی کوردا هاتە ڕوو، لەبەر ئەوە هێندەی پێ نەچوو، نەك تەنیا لە کوردستاندا، بەڵکو لە سەرانسەری عێڕاقدا کۆمەڵانی گەل پێخۆشبوونی خۆیان لەم ڕووەوە دەربڕی و پشتگیری ئەم داخوازییەیان کرد، نیقابەی مامۆستایان و یەکێتی گشتی قوتابیانی عێڕاق لە کۆنگرەکانیاندا بە گەرمەوە بڕیاری پێویستی زوو هێنانە دیی ئەم پرۆژەیەیان دا، وە لە پرۆگرامی تێکۆشانی خۆیاندا جێگایەکی دیاریان بۆ جێبەجێکردنی مودیریەتی مەعاریفی کوردستان تەرخانکرد.

ئەوەندەی نەخایاند پێشەوای مەزن وەك هەموو داخوازییەکی گشتی گەل ئەم پرۆژەیەی گرتە ئەستۆی خۆی وە بەم چەشنە هاتە مەیدانەوە، وە تا ئێستا ئەم پرۆژەیە لەلایەن دەزگای حکومەتییەوە هەندێك هەنگاوی هاویشتووە، تا گەیشتۆتە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بێ بە تایبەتی

لەم ڕۆژانـەدا، کـە قوتابخانـەکان نزیکـی کردنـەوەن و سـاڵی خوێنـدن خەریکـە دەسـتپێئەکا و بڕیـاردانی ئەنجوومـەنی وەزیرانـە، چـونکە ئەگـەر وەزارەتـی مـەعاریف لـە ئێسـتاوە نەکەوێتـە خـۆی بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەو کـارە زۆر و فراوانـەی لـەم پرۆژەیـە گەرەکیـەتی، هەمیسـان ئیمسـاڵیش دوا ئەکـەوێت و دواکەوتنیشی زیانێکی گەورە ئەگەیەنێت بـە پرۆژەکـە، چـونکە دام و دەزگـا و کتێب و زانا و ئەرکێکی قورسی ئەوتۆی ئەوێت، کە تا سێ چوار ساڵی تر ئینجـا پێی بکەوێتە سـەر پـێ، ئەمـە سـەرەڕای زیـانی سیاسـی لـە دوا خسـتنیدا، کـە ئەکرێتــە بنێشتەخۆشــەی بــن ددانــی دوژمنــانی جەمهوریەتەکــەمان، ئــەو ئیمپریالیسـت و کۆنەپەرسـت و ڕیزتێکدەرانـەی بـۆ نانـەوەی تـۆوی نـاکۆکی و نـاڕەزایی و پڕوپاگەنـدەی درۆ لـە نـاو گـەلی کـوردا دژی جەمهوریـەتی عێـڕاق و ڕێڕەوە دیموکراتییەکەی.

لەبەر ئەم کەمییەی وەخـت وە پێویسـتی زوو دامەزرانـدنی مودیریەتەکـە، گـەلی کـورد بەتایبـەتی لـە پێشـەوای مـەزن دڵسـۆزی عـەرەب و کـورد کاکـە کـەریم داوادەکـەن، کـە بـەم زووانـە مودیریەتەکـە بکەوێتـەکار، وە مـاوە نـەدەن بـە دواکەوتنی[1].

[1] ڕۆژنامەی خەبات، ژ٣٣٢ ی ڕۆژی شەممە ١٨/ئاب/، ١٩٥٩، ل١.

لەسەر ئاستی تاکە کەسیش، کەسایەتییە ڕووناکبیرەکان، ویستوویانە هەوڵی خۆیان بدەن و دەست باوێنە نێو دەستباری هەلگرتنی ئەو ئەرکە مێژووییە، ئەوەتا کەسایەتییەکی وەك (بەشیر موشیر) لە ڕۆژنامەی (خەبات) دا نامەیەکی کراوەی ئاڕاستەی وەزریی زانیاری کردووە:

## وتارێکی کراوە بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری زانیاری دەربارەی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردستان[1]

پێش ماوەیەك، هێندە دوور نییە، جەنابتان لە ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی قەشەنگ، ڕەزامەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکانتان ڕاگەیاند لەسەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان و پێداگریتان لەسەر ئەوەکرد، پێش دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن بیهێننە بوون، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ خواستەکانی گەلی عێراق بە عەرەب و کوردەوە و بۆ بەهێزکردنی برایەتیی کورد و عەرەب و وەك دەسکەوتێکی گەلەکەمان لە بەشداربوونی لەم وڵاتە پیرۆزە و کردنەوەی بوار بۆ ئەوەی بە ماف و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی سەربەرزانەی خۆی بگوزەرێ لە خوێندن بە زمانی نەتەوایەتی و چێژ لێ وەرگرتنی بۆ ئەوەی هەست بە کەسایەتیی و بایەخی خۆی بکات، وە بەهرەو زیرەکیی خۆی بنوێنێ.

[1] ڕۆژنامەی خەبات: ژ ٣٤، ١٩٥٩/٨/١٩

ئێمە کە ئەو بەڵێنەتان بیردەهێنینەوە، پێزانینی خۆمان بۆ هەوڵەکانتان نوێ دەکەینەوە باوەڕمان بە خواستی پتەوتان هەیە لە هێنانە دیی ئەو داواکارییەی گەل کە هەردەم هەستتان پێ کردووە، کە لە دڵی هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان بەکوڵ لێدەدا، کە بەو پەڕی لە خۆبوردەیی لە چاوەڕوانیی هاتنەکایەی دان.

داوا لە بەڕێزتان دەکەین درێژە بە تێکۆشانتان بدەن و پەلە لە هێنانە دیی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان بکەن بەر لە دەستپێکردنی ساڵی داهاتووی خوێندن بە کاتێکی گونجاو بۆ ئەوەی دەرفەتی ئامادەکاریی پێویست هەبێت بۆ ئامادەکردنی هەرچیی پێویستە بکرێ کە بەدڵ چاوەڕێی ئەکەین.

خودا سەرفرازتان بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەڕۆشنبیرییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ فێربوون و چێژوەرگرتن لە هونەرەکان بۆ ڕۆڵەکانی گەلی هاوبەش لەم وڵاتەدا بە سەرکردایەتی تاکە پێشەوای وڵات، کاکە کەریمی خۆشەویستی ملیۆنان عەرەب و کورد.

دڵسۆزتان

بشیر موشیر

ئەو لایەنانـەی بـەدوای پەکخسـتنی پرسـی دامەزرانـدنی بەڕێوەبەرایـەتیی زانیاریی کوردستانەوە بوون، بەلایەنی کەم توانییان کـار لەسـەر لابردنـی نـاوی کوردستان بکەن و  بە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری بـۆ خوێنـدنی کـوردی) بیگـۆڕن، دیـارە ئەمـەش نـاڕەزایی و دلگرانیـی لای خوێنـدەوار و نووسـەران و ڕۆشنبیرانی کورد دروستکردوە.

**مودیریەتی مەعاریفی کوردستان لە بارێکی کەیەوە**

**سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بناغەی کۆمارەکەمان بەهێز دەکات**[1]

لەو ڕۆژەوەی کە بیری دامەزراندنی مودیریـەتی مـەعاریفی کوردسـتانی تیـا بلأوبۆتەوە، دوژمنانی کۆمارەکـەمان هـەر کاتـە بـە چەشـنێك و هـەر جـارە بـە ڕەنگێك بەرگریدەکەن و بە گژیا دەچن، نـەك هـەر ئەمـە هـەتا بیرەکـە نـزیکتر دەبێتەوە لـە جێبـەجێبوون، بەرگرییەکەشـیان توندوتیـژتر و ئاشـکراتر دەبـێ. لامـان وایـە ئەمـەش شـتێکی زۆر تەبیعییـە، وە هـەموو کەسـێك کـە ئەهمیـەتی پتەوکردنی برایەتی کورد وعـەرەب بـە ڕاسـتی هەڵبسـەنگێنێت لـە چەسـپاندنی بنچینەی کۆمارەکەماندا، وە نرخـی ڕاسـتەقینەی دامەزرانـدنی ئـەم مودیریەتـە بزانێت لە پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەبدا، بە تایبەتی لەبـەر تیشـکی ئـەو هیـواو ئاواتانـەی کـە کـوردی عێراقـی بـە دامەزرانـدنی ئـەم مودیریەتـە بـەوە بەستووە، زۆر چاك بۆی دەردەکەوێت، کە بۆچی دوژمنـانی کۆمارەکـەمان دژی ئەم پرۆژەیەن، وە تا چ ئەندازەیەك لەم دوژمنایەتییەدا دەڕۆن.

[1] ڕۆژنامەی خەبات: ژ/ ٤١، ٩٥٩/٨/٢٧ لا/١

دوژمنانی کۆمارەکەمان هەندێکیان شلی ئەو کوتەکە بوون، کە شۆڕشە پیرۆزەکەمان دابووی لە موورەگەی پشتیان، هەندێکی کەشیان سەرمەستی خەیاڵی ئەو ئیمپڕاتۆرییەتە بوون، کە سەرکەوتنی کوتووپڕی شۆڕشەکەمان لە مێشکیاندا ژیاندبوویەوە، ئەگینا ئەم بەرگرییەی ئێستە هی دامەزراندنی ئەم پرۆژەیەی دەکەن، بە سەدان ئەوەندە توندی و تیژی و دڕییەوە بەرامبەر بە دانانی مادەی سێیەمی دەستوورەکەمان دەیانکرد، کە بناغەیەکی پتەوی لە جوولە نەهاتوو، نەك هەر بۆ ئێستە، بگرە بۆ دواڕۆژی درێژی برایەتیی لە پچڕان نەهاتووی کورد و عەرەب دادەمەزرێنێت.. ئەو مادەیەی کە نەك هەر بە وردی و قووڵی و فراوانی ناوەرۆکەوە بەرزە دیموکراسییانەکەی بگرە بە هەڵبژاردنی لەناکاوی کاتی دانانیشی بلیمەتیی پێشەوا مەزنەکەمان پیشانئەدات.

دوژمنەکانی کۆمارەکەمان، کە هاتنەوە سەر خۆ، خۆیان بەرامبەر بە دەوڵەتێکی بەهێزی لاو و گەلێکی بەکگرتووی یەك دڵ و یەك زمان و یەك ئامانج دییەوە. هەر کردارێکی حکومەتە نیشتمانیەکەمان کوتەکێکی تر بوو، دەیدا لە بەندی جگەریان، بەلاّم شتێکی ئاشکرایە، کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی نۆکەری وا بە ئاسانی گیان نادەن بە دەستەوە، تا لەشیان زامدارتر و دەردیان گرانتربێت دڕ و هارتر و فێڵبازتر دەبن، بۆیە کە دییان وا کار لە کار ترازاوە و گەلی عێراق ئەو سەرکەوتنە گەورانەی دەسکەوتووە، کەوتنە پیلان و تەگبیر بۆ ئەوەی لە بەری ئەم سەرکەوتنانەی بێبەشیکەن، بۆ ئەوەی، هەر هیچ نەبێ نەهێڵن، ئەم سەرکەوتنانەمان بە دڵەوە بنووسێت.

ئـەوەبوو وەکـو دیمـان کەوتنـە موئامـەرەکردن و دەسـتدرێژی ڕاسـتەوخۆ بـۆ ڕمانـدنی کۆمـارە خۆشەویسـتەکەمان، بـەڵام هـەموو ئـەم تەقـەلا و هەوڵانـەیان لەسەر تاوێری یەکیەتی گەل و سـەرکردەییەکەی، وە گـەل و لەشـکرەکەی، وە عەرەب و کورد و کەمایەتییەکانی کەی عێـڕاق وردوخـاش بـوون. بـەم شـکانانە دوژمن باشتر لەوە گەیشت، کە هەتا ئەم یەکیەتییانە لەناو نەبات هیچ پـیلان و تەگبیرێکی بچووکترین سەرکەوتن بە خۆیـەوە نـابینێ، ئینجـا بـۆ گەیشـتن بـەم ئامانجە بەشی زۆری تێکۆشانی خۆیـان لـە هـەموو شـتێکی تـر زیـاد ئاڕاسـتەی یەکیەتییەکەمان کرد، ئێمـە لێـرەدا لەبـەر تـەنیا کـەمی جێگـا. باسـی چـەند و چۆنی ئەو تەقەلایانەی دوژمن دەکەین، کە بۆ تێکدانی برایەتیی کورد و عەرەب بە گشتی، وە کورد و حکومەتە نیشتمانییەکەی عێڕاقمان بە تایبـەتی داویـەتی و دەیـدا، ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە دامەزرانـدنی مودیریـەتی مـەعاریفی کوردستانەوە هەیە. لە نێو موحاکەمەکانی لەمەڕ موئامەرە پیسـەکەی شـەوافی خائیندا لێرەدا موحاکەمەکەی تەبەقچەلی و دەسـتەکەی ئەهمیـەتێکی تایبـەتی زیـادی هەیـە لامـان نـەك هـەر لەبـەر ئـەوەی - وەکـو ڕەوتـی موحاکەمەکـە لـە مەحکەمەی بەڕێزی گەلدا دەریخست، نموونەیەکی نایـابی دەسـت تێکـەڵکردنی هـەموو دوژمنـەکانی جەمهورییەتەکەمانـە، هـەر لـە ئیمپریـالیزمی جیهـانی و کۆنەپەرستی ناوخۆ، عەبدولناصری بە تەماوە تا تورانییـەتی سـەر بـە بێگانـە. بگـرە لەبـەر ئـەوەش، کـە نموونـەی هەڵکـەوتووی ئـەو چەشـنە هـەوڵ و

تەقەلایانــەمان پیشــاندەدا، کــە دوژمنــەکانی کۆمارەکــەمان تێکــڕا داویانــە و دەیدەن بۆ بنکەندکردنی برایەتیی کورد و عەرەب.

ئیمپریالیزم و کلکەکانی هەرگیز لە تەقەلای خۆیان ناکەون و وەڕس نابن، بگرە وەکو قومارچی تا دەورانیان زیاتر بێت، هەوڵی بردنەوەی زۆرتـر دەدەن، واتـە ئەیانــەوێت ســەرکەوتن لــە گــەرووی ژێرکــەوتن دەربهێــنن، بۆیــە کــە دییــان دەستووری  عێراقی بنچینەی دوا ڕۆژی کۆشکی برایـەتیی کـورد و عـەرەبی بـە چەشنێك دارشـتووە، کـە لـە تێکـدان نەیـەت لـە دوای نـەختێ خـەم بـەباکردن کەوتنە پیلان و تەگبیر بۆ ئەوەی ئەم مادەیە هەر خۆی بکەن بە مایەی ناکۆکی و دوژمنایەتی لە بەینی کورد و عەرەبدا. بـەوەی کـە هـەموو هـەوڵ وتەقەلایـەك بدەن، کە مادەکە ((ببەستێنن))، واتە نەهێڵن کـە گـەلی کـورد هـیچ بـەرێکی لێ بخوات، یان کەڵکێکی لێ وەربگرێت. بەم چەشنە نەك هەر بوونی مادەکـە وەکـو نەبوون لێ بکەنەوە، بگرە لە نەبوونیش خراپتری بکەن، چونکە ئەگەر  مادەکـە نەبوایە، وەکوو پێش شۆڕش بـە گـەلی کوردمـان دەوت،  کـە خـەبات بکـات بـۆ چەسـپاندنی هـەقی خـۆی لـە دەسـتوورا وە لـە مـەدا گـەلی عـەرەبی براشـی پشتیوانیەتی، بەڵام تەقەلای دوژمـن بـۆ (بەسـتاندنی) مـادەی سـێ لـە ڕێگـەی ئامانجێکی تردایە، کە پڕە لە ژەهر، لە ڕێگەی ئەوەدایە، کە ئەو درزە بخاتەوە نێـوان، کـە شۆڕشـی ١٤ی تـەمووزی پـیرۆز لێـی کـونبڕ کـردووە، ئـەو هەلـە دەستخۆی خاتەوە، کە مادەی سێیەمی دەستوور لە دەستیداوە، ئەیەوێت ئەو دەنگە ناسازە دلێر کاتەوە، کە بانگی برایەتیی عەرەب و کورد  کپی کـردووە..

ئەیەویَ بچێتە ژێر کلێشەی کوردی دڵپاك و نیازچاکەوە و شیوەنی برایەتی بـێ بەرو خەباتی  بێ فەڕی لەگەڵ برای عەرەب تێکەڵی خۆی بـۆ بکـا و بەتەقـەلای بێ سوودی ڕەنجی با بردوویا هەڵدات و دڵی لـە بـرا عەرەبـەکانی کرمـێ کـات و جەمهوریەتـە خۆشەویسـتەکەی لا ڕەش کـات، نـەك هـەر ئەمـە لـەو  پارتییـە پێشڕەوەش دایبڕێت، کە ڕێگەی برایەتیی عەرەبی پیشـانداوە و ڕایکێشـاوەتە مەیدانی پێکەوە ژیان و پێکەوە خەباتکردنەوە لە تەك گـەلی عەرەبـدا، وە بـەم جۆرە، بە درزییەوە، بـەناوی چـاکەوە، ئـەم ژەهـرە بتکێنێتـە دڵیـەوە...جا بـۆ گەیشـتن بـە م ئامانجـە پیسـە، بـۆ هەڵتەکانـدنی بنچـینەی برایـەتیی کـورد و عـەرەب، بـۆ ((بەسـتاندنی مـادەی سـێیەمی دەسـتوور)) دوژمنـانی دەخاتـە خەتەرەوە ؟ کوردی چی؟ کوردستانی چی، هەمووما‌ن عێـراقین؟ کۆمارەکـەمان ڕووی هێرشیان ئاراستەی پرۆژەی مودیریـەتی مـەعاریفی کوردسـتان کـرد، کـە نۆبەرەی جێبەجێکردنی مادەی سێیەمە. لە پێشەوە هەرچی لە توانایانـدا بـوو کردیـان بـۆ ئـەوەی لـە لانکـدا پرۆژەکـە بتاسـێنن، بـەوەی، کـە بـەناو بـرا عەرەبەکانماندا بلاوی بکەنەوە، کەوا ((ئەم مودیریەتە هەنگاوێکی پڕ مەترسییە کورد بەرەو جیابوونەوە دەبا، یەکیەتی عێراقی هەڵدەوەشێنێتەوە)).

ئـەم پرۆژەیـە لـە مێشـکی جیاکەرەکانـەوە هـاتووە ئـەبێ سـەرنەکەوێت؟ ئـەم پرۆژەیـە دەرگایـەکی خەتـەر دەخاتـە سـەر پشـت، تورکمـانیش ئەیانـەوێت، ئەرمەنی و ئاشوریش داوای دەکەن؟ ئەمانەو هەزاران قسـەی بـێ سـەر و پـێ و ژەهراوی تر. یا جارجارە ئەکەوتنە دڵسووتان بۆ حـاڵی منـاڵی کـورد ئـەیانووت

((ئـەی منداڵـەکانتان چـۆن فێـری عـەرەبی ئـەبن؟ ئـەی لـە جامیعـەدا چـۆن لـە خوێنـدن دەگـەن؟ بێگومـان کەسـیان دەرناچـن، خۆتـان زەرەر ئەکـەن))، کـە بینییان ئەم قسە و بەند و باوەیان بە سایەی هۆشیاری عـەرەب وکـوردەوە بـۆ نەچووە سەر، کەوتنە ئەوەی هەندێك تووڕانی هانبدەن، کە بـەدرۆ بـەناوی بـرا تورکمانەکانمانەوە هەندێ ڕۆژنامەی بەکرێگیراویشیان دەنگبدەن، کە گوایـا لـە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ یەکیەتی عێراقی هەڵکوتنـە سـەر پرۆژەکـە و لایـەنگرانی، بەڵام ئەم هەوڵ و تەقەلایەشیان وەکوو ئەوانیتریان بێ بەر بوو، چـونکە گـەل و حکومەت و پێشەوا بڕیاری دامەزراندنیان دابوو... بەڵام وە نەبێت بەرامبەر بەم بڕیـارەش جـاڕس بـووبن و کۆڵیـان دابێـت ئـەمجا بەربوونـە سـەر و پۆتـەلاکی پرۆژەکە وەکو بڕیاری لەسەر دراوە. بەو هیوایەی هەر هیچ نەبێت نـەختێکی لێ داتاشن، یان هەوڵبدەن بخرێتە شێوەیەکی واوە، کە لەدڵی گەلی کوردا جێگـەی پرۆژە پێشینەکە پـڕ نەکاتـەوە. چـەکی دەسـتیان لـەم هێرشـە دواییـەدا، کـە تازەکردنەوەیەکی ئەو هێرشـەیە، کـەوا پـار سـاڵ لـە کۆنگرێسـی مامۆسـتایاندا دەستی پێکرد، دیسانەوە هەر چەکە کۆنەکەیە، واتە ناوی پرۆژەکەیـە، کـە بـە باشی نازانن بە ناوی کوردستانەوە بێت.

بەلای ئێمەوە. لەگەڵ ئەوشدا کە، ئەوی بایەخـدارە لـە شـتێکدا ناوەرۆکـە نـەك ناو، بەڵام دیسان لەبەر هەندێ ئیعتبار نـابێ حکومەتـە نیشـتمانیەکەمان نـاوی ئەم دامەزراوە بگۆڕێت چونکە:

١- ئـەو لیژنەیـەی پـار لـە وەزارەتـی مەعاریفـدا دروسـتکرا، کۆنگرێسـی مامۆسـتاکان، وە کۆنگرێسـی بـەکگرتنی قوتابیـانی عێـراقیش وە هـەروەها وەزارەتی مەعاریفیش لەو بەیاننامەیەیدا، کە دەریکرد چەند ماگێك لەمـەو بـەر هەموو، ناوی ئەم دامەزراوەیان ناوە (مدیریە معارف کردستان) وە هەموو ڕەئی گشتی عێراقیش بە عەرەب و کورد و هـەموو تایەفـە و تیرەیەکیـەوە بـەم نـاوە ڕاهاتووە هیچ هەق نییە لەسەر قسەی چەند گێرەشێوێنێك ئەم ناوە بگۆڕدرێ.

٢- ناوی ((کوردستان)) ووشەیەکی پڕ لە جوانی و خۆشی و سیحر و پیرۆزییـە لە دڵی هەموو کوردێکدا، چونکە ناوی ئەو شوێنەیە، کـە نەتـەوەی کـوردی تیـا دانیشتووە لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە تا ئێسـتا، هـەقی برایـەتی و هاوبەشـی ئەمەمان پیێ ڕەوا دەبینێت، کـە ئـەم نـاوە خۆشـە پـیرۆزە لـە نۆبـەرەی مافـە نەتەوەییـیـەکانمان بنـێین، کـە لـە ئـەنجامی شۆڕشـە پیرۆزەکەمانـدا بەسـەرکردایەتی پێشـەوا خۆشەویسـتەکەمان لـە ژێـر سـێبەری جەمهوریەتەکەماندا، جمهوریەتی کورد و عەرەب پێمان ئەبرێت.

٣- ئەم ناوە خۆشە شیرینە بـە پێچـەوانەی قسـەی گێرەشـێوێن و دوژمنـان نەك برایەتیی کورد و عەرەب، بـەهێز، بگـرە دە چـەندانەی جـاران بـەهێز تـری دەکـات، چـونکە بـە کـردەوەی برایـەتی و وەکیـەکی کـورد و عـەرەبی لـە چوارچـێوەی یەکیـەتی خۆشەویسـتیی عێراقـدا ئەخاتـە دڵـەوە، بۆیـە برایـەتی بـەهێزتر و چەسـپیوتر دەکـات. وە بـەم ڕەنگـە بـەکارهێنانی ئـەم نـاوە بـە سەربەستی و ڕەسمی هەستی پێکەوە ژیان و هاوبەشی پتەو دەکات، نـەك هـی

جیابوونـه‌وه، كـه لـه دڵـی دوژمنـانی كـوردا هه‌یـه، نـه‌ك دڵـی كـورد. وه بـه پێچه‌وانه‌وه، سڵه‌مینه‌وه له‌و ناوه، بێ باوه‌ڕییه‌كی بێجێ و ناخۆش ده‌رخستنه به‌رامبه‌ر به گه‌لی كورد، كه له به‌ره‌به‌یانی ١٤ ی ته‌مووزه‌وه جگه لـه وه‌فـاداری و دڵسۆزی به‌رامبه‌ر به شـۆڕش و پێشـه‌وا و یه‌كیـه‌تی عێـراق و جه‌مهوورییـه‌ت، هیچ شتێكی كه‌ی لێ ڕوو نه‌داوه، كه‌وا كه‌مترین به‌هانه بدات به‌م سڵه‌مینه‌وه‌یه.

٤- كوردستان ناوێكی دیار و ئاشكرایه، هه‌ق نییه كه‌س تووڕه بكـات، نـه لـه ده‌ره‌وه‌ی عێراق و نه له ناوه‌وه‌ی، ئه‌وه حكوومه‌تی ئێران، كه‌وا دانی نه‌ناوه به هـیچ مـافێكی نه‌ته‌وایـه‌تی كوردیشـدا، كه‌چـی یـه‌كێك لـه (ئوسـتان) واتـه، ولایه‌تـه‌كانی ئـه‌وه‌ی به‌ده‌سـت ئێرانه‌وه‌یـه هـه‌ر نـاوی كوردسـتانه، وه لـه‌م دواییـه‌دا، بـۆ به‌ربـه‌ره‌كانی سیاسـه‌تی عێـراق لـه شـاری تـاران گۆڤـارێكی هه‌فته‌ییش به‌و ناوه ده‌ركرا. وه ئێران ئه‌یه‌وێت ئـه‌م نـاوه خۆشه‌ویسته بـه‌كار بهێنێت بۆ ڕاكێشانی دڵی كورد. هه‌ڵه‌یه‌كی گه‌وره‌یه له جه‌مهوریـه‌تی عـه‌ره‌ب و كورددا، له جه‌مهوریه‌تی عه‌بدولكه‌ریم قاسم و گه‌لی عه‌بدولكه‌ریم قاسمدا ئێمه له ناوی كوردستان بسڵه‌مینه‌وه. نه‌ك هه‌ر ئه‌مـه، سـه‌یر ئه‌وه‌یـه نـووری سـه‌عیدی خائینیش، كه ڕۆژێ ئیشی به كورد بوو وه‌كو ئێرانـی ئیمـڕۆ ((مفتشـیه معـارف كردستان)) ی دروست كرد، كه ناوه‌نده‌كه‌ی شاری كه‌ركووك بوو.

له پاشا عێراق وه‌كو ده‌وڵه‌تێكی سـه‌ربه‌خۆ چ ده‌وڵـه‌تێك هـه‌قی هه‌یـه قسـه لـه كاری ناوحۆییدا بكات؟

لەبــەر ئــەم هۆیانــەی باسمــان کــرد وە بــۆ ئــەوەی هــەموو ڕێیــەك لــە دوژمــن ببەستینەوە و ماوەی هیچ  گێرەشێوێنێکی نە ئێستە و نە دوا  ڕۆژی نــەهێڵین، داوا ئەکەین، کە مودیریــەتی مــەعاریفی کوردســتان بــە زوویــی وە هــەر بــەناوی خۆشــیەوە دابمــەزرێت بــە خۆشــی دڵــی کــورد و عــەرەب و کــوێرایی دوژمنــانی کۆمارە خۆشەویستەکەمان.

لە ڕۆژنامەی (ژین) [1]یش ئەو بێزارییە لەم بابەتەیدا هەیە:

جێبــەجێکردنی مــەعارفی کوردســتان بــە زوویــی داوای هــەموو گــەلی عێراقــە وە یەکەم هەنگاوە بۆ پەیڕەوکردنی مادە(٣) ی دەستوور.

بێزاری دەربڕین بەرامبەر هێرش بردنە سەر مەعارفی کوردستان.

بێزاری مامۆستایانی کەرکووك.

بێزاری کرێکارانی نەوتی کەرکووك.

بێزاری هاوولاَتیان لە بەغداوە.

دەنگی داواکردن لە هەموو لایەکەوە.

بێگومــان هــەمووان ئــەزانن، کــە وزارەتــی معــارف بڕیاریــدا بــە دانــانی مــدیریتی مــەعارفی کوردســتان وە نەقابــەی مامۆســتایان هــەموو بڕیاریــان لەســەر داوە یەکیەتی قوتابیــانیش لــە کۆنگرەکەیانــدا بــە کۆمــەڵ داوایــان کــرد وە جگــە لــە مانــەش هــەموو گــەلی عێــراق داوای کــرد و بڕیارەکــەی وزارەتــی مــەعارفی بــە خۆشییەوە وەرگرت،   کە لەسەری ساڵی تازەدا جێبەجێبکرێت.

---

[1] ڕۆژنامە ژین: ژ/١٤٤٦، ٢٠/٨/٩٥٩ لا ١٧

وە دانانی مەعارفی کوردستانیش پێویست بەوە ناکات قسەی لەسەر بکرێ، چونکە هەموان ئەوە ئەزانن، کە ئەمە یەکەم هەنگاوە، حکومەتە نیشتمانییەکەمان ئەینێت بۆ پەیڕەویکردنی مادە (٣) ی دەستووری وەقتی وە بچووکترین مافێکە لە مافەکانی نەتەوەی کورد، کە ئەیدرێتێ وە کە هیوا وایە هەموو مافێکی بدرێتێ لە ژێر سایەی جمهوریەتدا وە لەناو یەکیەتی نیشتمانیی عێراقدا. نەتەوەی کوردیش لە عێراقدا، بڕیاری دانانی مەعارفی کوردستانی بە دڵ ڕەحەتیەکەوە وەرگرت و ئاهێکی پیا هاتەوە دوای ئەوەی کە لەگەڵ برا عەرەبەکانیا ساڵەهای ساڵ بوو ئەچەوسێنرایەوە وە بێبەش کرابوو لە هەموو مافێکی خۆی، جگە لەمەش برا عەرەبەکانمان بە چاوێکی پڕ لە خۆشی وە بە ڕەزامەندییەوە سەیری دامەزراندنی ئەم مەعارفی کوردستانەی کرد، چونکە ئەزانێ داننان  بە مافی نەتەوایەتی کوردا، مانای بەهێزبوونی برایەتیی کورد و عەرەبە وە بەرزبوونەوەیە بۆ نەتەوایەتی عەرەب وە پاڵ پێوەنەرە بۆ پتەوکردنی جمهوریەت. وە بەبۆنەی نزیکبوونەوەی ساڵی خوێندنی تازە وپێویستی جێبەجێکردنی بڕیاری دامەزراندنی مەعارفی کوردستانەوە، دەنگی گەل لە هەموو لایەکەوە بە گەرم بەرز بۆتەوە وە بەدڵ داوای نەخستنە پشتگوێی ئەو بڕیارە ئەکات، کە گەلی کوردی لە عێراقدا هەموو هیوایەکی بەو مدیریەتەیە لەم کاتەدا، وەکە ساڵەهای ساڵە لە پێناویدا تێئەکۆشێ، وا لێرەدا وێنەی ئەو داوایانە بلاو ئەکەینەوە، کە بۆمان هاتووە[1]:

---

[1] ژین، ژ ١٤٤٦، ٢٠/٨/٩٥٩،ل٧.

**لە مامۆستایانی کەرکووکەوە**

سیادەی قارەمانی (١٤) ی تەمووز ڕۆڵەی گەل عبدالکریم قاسم

هەموو ڕۆژنامەکان و نەقابەی مامۆستایان  و یەکێتی قوتابیان، وزیری مەعارف

ئێمە، کە مامۆستایانی کەرکوکین وە هەڵگری مەشخەڵی ڕووناکی و بیری سەربەستین، بە توندی ئیستنکاری ئەو هێرش بردنە ئەکەین، کە لەلایەن ڕۆژنامەی بەغدادی بەکرێگیراوەوە برایە سەر مەعارفی کوردستان وە کە پڕ بوو لەداخ لە دڵی و ڕق و کینەوە وە دووبەرەکی خستنەوەی ناو گەل. ئەی سەرۆکی خۆشەویستمان وشەیەکە و بە ئاشکرا ئەیڵێین، کە دانپیانەنانی کورد لە جمهوریەتی عێراقدا، مانای ڕاوەستانە بەرامبەر ئەو سەرکەوتنانەی، کە ڕۆڵەی گەل عبدالکریم قاسم دەستی خستووین وە هێرش بردنە سەر مەعارفی کوردستان مانای شالاوبردنە سەر ئەو کردەوانەن، کە هەتا ئێستا سوڵتەی تەنفیزی کردوویەتی بە سەرۆکایەتی عبدالکریم قاسم وە گوێنەدانی دەستوور و هەموو یاسایەکی تری حکومەتە نیشتمانییەکەمانە، بەناوی سەربەستی و بەناوی منداڵێکی بچووکەوە، کە ئەبێت زمانی دایکوباوکی فێربێت وە بەناوی زانیارییەوە، کە ڕێگا ڕۆشنکەرەوەیە بۆ جمهوریەتەکەمان بۆ دواڕۆژێکی پڕ کامەرانی داوا ئەکەین، کە ئەو زمانە ببڕن بۆ ئەوەی بەرەی ناو گەلەکەمان تێکنەچێت وە داواتان لێ ئەکەین، کە بە زوویی مەعارفی کوردستان بخەنە ناوەوە.

ئیتر بژی جمهوریەتەکەمان وە شۆڕشگێڕی (١٤) ی تەمووز عبدالکریم قاسم.

بژی برایەتیی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتییەکانی تر.

مردن بۆ ئیستعمار و ئاژاوە گێڕانە.

بە ئیمزای (٥٥) مامۆستای کەرکووك.

**بێزاریی کرێکارانی نەوتی کەرکووك**[1]

ئێمە، کە کرێکار و مستخدەمەکانی نەوتی کەرکووکین، بە توندی بێزاریی خۆمـان دەرئـەبڕین بەرامبـەر ئـەو هێرشـانەی، کـە هەنـدێ لـە ڕۆژنامـە بەکرێگیراوەکان، وەکو ڕۆژنامەی بەغدا ئەیبەنە سەر گەلی کوردی تێکۆشـەر وە کە کۆنەپەرستان لە دوایانەوە ئەیانەوێ ژەهری دووبەرەکی بلاوبکەنەوە وە یەکیەتی نیشتمانی تێکبدەن وە ڕێگا بکەنەوە بۆ دەستدرێژی بێگانە لە کاروباری جمهوریەتەکەماندا. ئەو نووسینەی، کە ڕۆژنامەی بەغدا بلاویکردەوە هەولدانی بۆ ئەوەی خەتای کارەساتی کەرکوك بخاتە سەر گەلەکەمان، هەر تەبیعەتی گەلەکەمان بەدرۆی ئەخاتەوە، کە هەرگیز ئاشتی ویستووە و کە لە کۆنەوە لەگەڵ برا تورکمانەکانماندا لەسەر خاکی کوردستان ژیاوین بە خۆشی وە هەرگیز دوژمنی دووبەرەکی بووین. وە بە دڵ داوای داخستنی ئەو ڕۆژنامەیە ئەکەین وە داوای سزادانی کاربەدەستانی ئەکەین وە داوای دامەزراندنی مەعارفی کوردستان ئەکەین بە زوویی.

(١٠٣) کرێکار و مستەخدەمی نەوتی کەرکووك.

---

[1] ژین، ژ ١٤٤٦، ٢٠/٨/٩٥٩،ل٧.

هەوڵی مامۆستایان و دڵسۆزان لە جەختکردنەوە لەزوو جێیەجێکردنی پڕۆژەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان بەردەوامە و شێوازی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە، دەبینین چەند کەسایەتییەکی دیار، وەك هاولاتی داوا پێشکەش بە لووتکەی دەسەلات دەکەن، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری بە مافێکی بچووك و لەهەمانکاتدا بە سەرەتایەکی گەورەی دەزانن، بۆ پێشخستن و بووژاندنەوەی زانیاری کوردی.

## چاومان لەو ڕۆژەوەیە، کە مەعارفی کوردستان بێتە کایەوە[1]

گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا وە هەموو گەلی عێراقی لە پشتیەوە بەیەکدەنگ داوا ئەکەن، کە مەعارفی کوردستان جێبەجێبکرێ، بەتایبەتی وردە وردە وا ساڵی تازەی خوێندن هات وە وا بڕیار درابوو، کە بۆئەم ساڵە هەموو پێویستییێکی مەعارفی کوردستان جێبەجێبکرێت.

گومانی تیا نیە کە حکومەتە نیشتمانییەکەمان بە سەرۆکایەتی ڕۆڵەی گەل ئەم شتە بچووکەی، کە بۆ گەلی کوردی دڵسۆز بۆ جمهوریەت ئەیکات، بە شتێکی ڕاستی دائەنێت. بەلام دواخستنی یا نەکردنی ئەبێتە هۆی دلگیربوون و دڵتەنگیی هەموو گەل بەتایبەتی گەلی کورد، لەبەر ئەوەی لەهەموو لایەکەوە لەم ڕۆژانەدا وە بەبۆنەی نزیك بوونی ساڵی تازەوە، دەنگی داواکردنی جێبەجێکردنی مەعارفی کوردستان لە گەلەوە هەڵئەستێت.

[1] ژین، ژ ١٤٦٧، ٢٤/٨/٩٥٩، ل١.

وێنەی ئەو داوایەی کە هەندێك لـە هاوولاٚتیـان لـە بەغـدا داویانـە بـە سـەرۆك عبدالکریم قاسم و کاربەدەستان:

**سیادەی زعیم عبدالکریم قاسم**

**سیادەی وزیری ئیشغال و ئیسکان**

**سیادەی وەزیری دەولە**

دەستووری عێراقی وەقتی، دانی بەوەدا ناوە، کە عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا، وە دانی بەوەدا ناوە، کە عـەرەب و کـورد دوو نەتـەوەی گـەورەی ئـەم خاکـەن و هـەموو مـاف و پێویسـتییەکی سەرشـانیان یەکسـانە وە یەکـەم ماف، کە بدرێ بە نەتەوەیەك هەتا کەمایەتییـەکانیش مـافی زانیارییـە و مـافی خوێندنـە بـە زمـانی خـۆی، مـافی خوێنـدنی مێـژووی ئـەو نەتەوەیەیـە لەگـەڵ هەڵسان و دانیشتنیا لە ولاٚتەکەیدا، بۆ ئەوەی ببێتـە ئەنـدامێکی ئیشـکەر، پـاڵ بدا بە پاڵی کەمایەتییەکانی ترەوە بۆ بەرزکردنەوەی نیشتمان:—

وەیەکەم بەری مادە(٣)ی دەستووری وەقتی بیرکردنـەوە بـوو بـۆ دامەزرانـدنی مـەعارفی کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی گـەلی کـوردی بـرا، لەگـەڵ عەرەبـدا بتـوانێ مافـەکانی خـۆی بـەکار بهێنـێ وە بەپێویسـتیی سەرشـانی هەڵسـێت لـەناو چوارچێوەیەکی گشتیی وادا، کە بتوانین (ئێمەی کورد) زمانی خۆمـان بخـوێنین و شـارەزایی پەیـدا بکـەین لـە مێـژوو و زانیاریمانـدا، بـە مـەرجێك رایـەڵی و پەیوەندیی ئێمەو نەتەوەکانی تر تێکنەدات، کـە لەگەڵمانـدا ئـەژین. وە ئێمـەی کورد لەگەڵ هەموو گەلی عێراقدا چاومان لەو رۆژەیـە، کـە مـەعارفی کوردسـتان

چاوی هەڵبێنێت و بێتە کایەوە، بەلاّم چاومان ڕوا و کات تێپەڕی وە (خەریکە شـایی و هەڵپەرکێکـەمان تـەواوبێت وە خەوەکـەمان نەیەتـە دی) وە خەریکـە پشـووی هـاوینی بەسـەر بچـێ وە جێبـەجێکردنی مـەعارفی کوردسـتان بۆتـە شتێکی دوودڵی سەری لە سـاڵی خوێنـدنی تـازەدا وە ڕۆژ بـە ڕۆژ چـاوەڕوانین، کەچی هیچ دەرناکەوێ. وەهەموو بەداخییەوە ئەتلێینەوە.

سیادەتی زەعیمی خۆشەویست.

مێژووی نەتەوە بەسـەزمانەکەمان، پـڕە لـە کارەسـاتی نـاخۆش و برینێـك، کـە تێمانئەبێت چاکنابێتەوە هەتا یەکێکی ترمان تێئەبێت وە ئێمە ڕووناکییـەك لـە ئێوەدا ئەبینین، کە دوا ڕۆژمان ڕووناکبکاتەوە و هیوایەکمان هەر بە ئێوەیـە وە ئێوە بە پاڵپشت دائەنێین بۆ هێنانە دیـی خەوەکـەمان وە ئێمـە ئـەی زەعیمـی خۆشەویست ئێوە بە دەرمانکەری برینەکانمان دائەنێین.

ئیتر تەمەن درێژی بۆ ئێوە

بەرزی بۆ گەلی عێراقی سەربەست بێت.

لەجیاتی (٧٠) هاولاّتی لە بغداوە

پاکیزە ڕەفیق حلمی و عابد شێخ محمد و صاحب عبود و جمال خورشید و

دکتۆر جمال حاجی شفیق و شوقی ڕەفیق حلمی.

دوای ئـــەوەی ترســـی پیلانگێڕیـــی ناحـــەزان زیـــادیکردووە، ڕۆژنامـــە و گۆڤارەکـــان، تـــەنها بـــە بلاّوکردنـــەوەی ســـەروتار و بابـــەتی نووســـەرانەوە نەوەستاون، بەڵکو بەناوی خوێنەرانیشەوە داخوازییـان بـلاّو کردوونەتـەوە، بـۆ نموونە:

## داخوازی هاونیشتمانان[1]

تیپی خەبات لە قەلاّدزێ نامەیەکی نـاردوە (٢١) ئیمـزای پێوەیـە تیایـا ((زۆر بەگەرمەوە پێشوازی ئەو هەنگاوە پیرۆزە ئەکەن کـە مامۆسـتایانی کـورد ئەینێن بـە گرتنـی کۆنگرەکـەیان لـە شـەقلاّوە)) وە ئـاوات دەخـوازن، کـە لـەو کۆبونەوەدا چـی پێویسـتە بـۆ جێبـەجێ کردنـی پـرۆژەی مودیریـەتی زانیـاریی کوردسـتان بخرێتـە پـێش چـاو. وە هیوایـان وایـە، کـە زوو بـە زوو پـرۆژەی مودیریـەتی زانیـاریی کوردسـتان بێتـەدی، لـە سـایەی جەمهوریـەت و پێشـەوا قارەمانەکەیەوە کاکە کەریم قاسـم. هـەروەها زۆر بـە تونـدی تـووڕەیی خۆیـان دەردەبڕن لەو پڕوپاگەندانەی دوژمنانی جەمهوریـەت دژی مودیریـەتی زانیـاریی کوردسـتان دەیکـەن. ئـەم مودیریەتـەی، کـە دانـانی، سـەلماندنی مـادە (٣)ی دەســـتووری جەمهوریەتەکـــەمان و پـــەرژینێکی ئاســـنینە بـــۆ پاراســـتنی جەمهوریەتەکەمان و برایەتیی کورد و عەرەب.

[1] خەبات : ژ/٤٨، ١٩٥٩/٩/٤، ل٢

(٤٦) قوتابی کوردستانیش لە قەلادزەوە نامەیەکیان بۆ ناردووین زۆر بە توندی تورەیی خۆیان لە ناحەزانی مودیریەتی زانیاریی کوردستان دەر ئەبرن وە داوا دەکەن ئەو ئامانجە خوێندەوارییەی گەلی کورد بە زوویی بێتەدی، چونکە دانانی مودیریەتی زانیاریی کوردستان بناغەی جەمهوریەتەکەمان پتەو بەهێز تر دەکات، هەروەك مادە (٣) سێی دەستووریش لەم ڕووەوە بەکاردێت.

لە شارێکی نەخشینی کوردستانی عێراقەوەش ـ پێنجوین ـ نامەیەکی ترمان لە (٧٥) قوتابییەوە بۆ هاتووە، ئەوانیش پڕ بە دڵ داوای دانانی مودیریەتی زانیاریی کوردستان دەکەن، کە ئەبێتە هۆی بەهێزکردنی برایەتیی کورد و عەرەب و چەسپاندنی جەمهوریەتە نەمرەکەمان، وە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار قوتابی کوردی عێراق بە زمانی زگماك بخوێنن وە ئەوانیش وەك قوتابیانی هەموو نەتەوەیەك لە مێژووی باوکو باپیرانیان بگەن، هەروەها دەریدەخەن، کە دانی هەموو مافێکی کورد لە کوردستانی عێراق، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ناوبانگی جەمهوریەتەکەمان و پێشکەوتنی گەلی کورد، کە ئیمڕۆ کوردستانی عێراق بۆتە پێشرەوی بەشەکانی تری نیشتمانی پچڕ پچڕ کراوی، وە کە لە بەشەکانی تری کوردستان دا، واتە کوردستانی داگیرکراوی بەزۆر بە تورکیا و ئێران و سوریە بەستراودا، بێبەشە لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی.

هەروەها لە خوێندەوارە گەلیەکانیشەوە کە ژمارەیان(٢٠٠) کەسە نامەیەکمان بۆ هاتووە، دەربارەی ئەمانەی پێشەوە، ئەوانیش بە توندی پشتوانی دانانی مودیریەتی زانیاریی کوردستان دەکەن و داوا دەکەن، کە دەستوبردی لێبکرێت.

## جەماوەری هەولێر

## داوای مودیریەتی زانیاریی کوردستان دەکەن[١]

ئێمەی جەماوەری هەولێر داوای بەپەلە جێبەجێکردنی پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان دەکەین، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی، کە پێشەوای دەستپاك گرتیەخۆ، گورزێکی وردکەرە بۆ پشتی ئیستعمار و نۆکەرانی ئەوانەی درز دەخەنە ڕیزەکان، ئەوانەی پڕوپاگەندە بلاّودەکەنەوە دژی ئەوپڕۆژەیە، کە جێبەجێکردنێکی کرداریی مادەی سێیەمی دەستوورە کاتیەکەمانە و برایەتی تا هەتایە لە نێوان هەردوو نەتەوەی برا، عەرەب و کورد و تەواوی کەمایەتییەکان لە کوردستانی عێراق دەستەبەر دەکات.

بژی پێشەوای تاقانە عەبدولکەریم قاسم.

لە بری (١٢٠٢) واژوو :

دارەوان نامق، کامەران عبدالقادر.

[١] – خەبات: ژ/٥١، ٩/٩/ ١٩٥٩.

**٣-١- ٢ خوێندن**

مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد هەر زوو پێویستیی خوێندنی کوردییان وەك هەنگاوی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردستان زانیوە، بۆیە ڕاو بۆچوونەکانی خۆیانیان خستۆتە ڕوو.

## خوێندن بە زمانی کوردی[١]

نووسینی: بێ باك

بێگومان خوێندن لە هەرچی شوێنێکا بێت، ئەگەر بە زمانی زکماکی ئەوانە بێت، کە لەو ناوچەیە، یان ئەو شوێنە ئەژین زۆر زیاتر سوود بەخش ئەبێت. ئەم خوێندنە بە زمانی خۆ چەندەها سوود ئەگەینێت، کە لە باسێکی دوور و درێژدا ئەتوانرێت پیشانبدرێت، بەڵام بە کورتی ئەڵێم: خوێندن بە زمانی نەتەوایەتی هێزێکی نەتەوایەتی ئێگجار بەهێز پەیدا ئەکات و پەیوەندییەکی توند دروستئەکات لەناو گەلدا و زمانەکەی خۆی پێشئەکەوێت و پەرە و گەشە ئەسێنێت. هەروەها ئەم زمانی خوێندنە، بوونێك (کیانێك) ئامادە ئەکات بۆ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان، کە توانای دامەزراندن هەبێت، دابمەزرێت.

لەم چەندانەدا وا بڵاوە، کە لە کوردستانی عێراقدا (مدیری معارف ی) دائەنرێت بۆ ئیشوکاری کوردستانی عێراق. بێ گومان ئەمە هەنگاوێکی پیرۆز و جوانە،

[١] ڕۆژنامەی ژین: ژ/ (٩٥٩/٢/٥)

كە ئەنرێت بۆ ئەوەی خوێندن لـە هـەموو ناوچـەكانی كوردسـتاندا و لـە ٣ سـێ پلەی خوێندندا بكرێت بە كوردی.

بەلاٌم لێرەدا شتێك سەرنجی منی ڕاكێشا ئـەویش ئەوەیـە.. گـەلی كـورد لەسـەر ئەم هەموو نەگبەتی و دابەش كراوی و هەژارییەوە، زمانێكی پوختـەی تایبـەتی نووسین و خوێندنی نییە...

زمانێكی تایبەتی بێجگە لەوە هەر ناوچەیە زاراوەی (لهجە) خۆی هەیە وەكو عەرەبی، نەبوونی ئەم زمانە چەند هۆیەكی هەیە. جـارێ بـەهۆی شـەڕو شـۆڕی دەوڵەتانـەوە، لـەزۆر كۆنـەوە ئـەم كوردسـتانە هـەر دەمـەی پارچـەی لەگـەڵ دەوڵەتێكدا بـووە و هـیچ كاتێـك پێكنـەنراون و بەیەكـەوە نـەبوون و ئەگـەر بـە یەكیشـەوە بـوون، لـە كاتێكـا چـەند هۆیـەكی نـاوخۆیی بەرهەڵسـتی ئـەوەی كـردووە، كـە زمانیـان وەك خۆیـان بەیـەك بمێنێتـەوە، بـەم هۆیـەوە جیـاوازی پەیدابووە لەناو زۆر وشە و ناوی كوردیـدا. دوای ئەمـە نەخوێنـدەواری كـارێكی گرانی كردۆتە سەر دوورخستنەوەی زمانەكان، چونكە كەمیی خوێنـدەواری وای لەخەڵك كردووە، كە هیچ كەس لە ناوچەكانی تر نەناسێت و تێكـەڵی نـەبێت لـە گەڵیدا، بێجگەش لە كرداری نەبوونی هۆی هاتووچـۆ لـە بـەینی ئـەم شـوێنانەدا ئەگەر هۆیەكیش بووبێت ولاٌخ بووە، كە بەڕۆژێك بۆ وێنە (لەسلێمانی چـووە بـۆ هەڵەبجە). بەلاٌم هۆی هەرە گەورەی ئەم پەرێشـانییە ئەوەیـە، كـە هێزێـك یـان توانایـەك كـە زاراوێـك (لهجـە) داسـەپێنێت بەسـەر ئـەوانیتردا، نـاڵێین نـەبووە هـەبووە، بـەلاٌم بـڕی نـەكردووە، چـونكە بـە مێـژوویی دانـی پێـدا نـراوە، كـە

(زرادشت) لە نەتەوەی (مادی) باپیری کوردە و ئـەو فرمانـەی (ئاوێسـتای) پـێ نووسیوە، نووسینی کۆنی کوردی بووە، ئەگـەر بهاتایـە لەسـەر ئـەو ڕێوشـوێنە بڕۆیشتنایە وە ئەو نووسینە بچەسپێنرایە، ئێستا زمـانێکی یـەکگرتووی پوخـت ئەبوو لە کوردستاندا.

کەواتــە زمــانێکی یــەکخراوی (فــەرز) کراومــان نییــە.. جــا دانــانی (مــەعارفی کوردستان) و کردنی زمانی کوردی بە زمانی خوێندن ئـەو مەترسـییەم ئەخاتـە پێشچاو، کە لـەم دەورەدا، دەوری (ئـەتۆم و مـانگی دەسـتکرد) هەنـدێ کـەس ئاسـۆی بیریـان لـە ناوچـەیەکی تەسـکدا بمێنێتـەوە و نەچـێتە دەرێ، چـونکە بێگومان توانا نییە، کە لە هەر ناوچـەیەك خوێنـدن بـەو زاراوە (لهجـە) کوردیـە بێت، کە خەڵکەکـەی قسـەی پـێ ئەکـەن، ئـەبێت یـەکێك لەمانـە ببێتـە زمـانی خوێنـدن و نووسـین، جـا ئـەی کـوردی خۆشەویسـت ئـەی خوێنـدەواران ئەمـە گەورەترین و باشترین هەلە بۆ کوردانی کوردستان، کە زمانیان بکەوێتـە یـەك و نزیکببێتەوە لەیەك و زمانێکی یەکخراو دروستبێت بۆ هەموولایـەك، لـە کاتێکـدا کە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی، کە زاراوەکـان بفـەوتێن، بـەڵکوو بێجگـە لـە کـاتی خوێندن و نووسین، هەموو لە ناوخۆیانـدا هـەر بـە زاراوەی ئـەو شـوێنە قسـە و گفتوگۆ لەگەڵ یەکئەکەن وەکوو عەرەبەکان، کە زمـانی خوێنـدن و نووسـینیان یەکە، بەڵام زمانی قسەو گفتوگۆ لە هەر ناوچەی چەشنێکە.

ئێمـە هـەرگیز ڕازی نـابین و نامانـەوێت زاراوایـەکی کـوردی بفـەوتێت، بـەڵکو مانەوەی ئەمانە لازمە، چونکە ئەمە سەرمایەیەکە بۆ زمانی کوردی.

دوا قسەم ئەوەیە، کە ئەبێت لە ڕێی (مصلەحەتی) گشتیدا چەند (مصلەحەتێکی) ناوچەیی بڕوخێت و ئەبێت (مصلەحەتی) گشتی بە چاوێکی زۆر بەرز و بەڕێز سەیر بکرێت و ئەبێت داسەپێنرێت بەسەر مەصلەحەتی ناوچەیەك، یان دوو ناوچەدا، کەواتە ئەی کوردی خۆشەویست ئەی برای بارزانی و کۆیسنجەقی، ئەی برای عەقرەیی و زاخۆیی، ئەی برای هەولێری و ئەی برای خانەقین، هەموو ئێوە ئەی برایان لە هەموو کوردستانی عێراقی خۆشەویستدا، چاو و دڵ و دەروون و بیرتان لە ئاسۆی گشتی پیرۆز، ئەمجارە ئەمەندەم توانی بنووسم، هیوادارم جارێکی تر بەیەك بگەین، ئیتر بۆ پێشەوە.

### ٣-٢ ئەو بابەتانەی دوای کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان بلاۆکراونەتەوە

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە، چەند پرسێکی گرنگ بوونەتە جێە سەرنج و بەدواداچوون و لەسەر نووسین. نموونەی چەند نووسینێك پۆلێندەکەین:

### ٣ – ٢ -١ پرسی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی

کۆتایی هاتن بە کۆنگرە و بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی، ئەو پرسەی بە کۆتا نەهێنا، بۆیە ئەو بابەتانەی دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرە لەسەر ئەم پرسە نووسراون، کەمتر نین لەو بابەتانەی، کە پێش کۆنگرە لەسەری دەنووسران.

نموونەی چەند نووسینێك دەخەینە ڕوو:

مامۆستایەك بە ناوی (هاوار)[١] بابەتێکی سەبارەت بە مدیریەتی زانیاری بۆ کاروباری کوردی بلاۆکردۆتەوە و بێزاریی بەرامبەر هەڵوێستی ناحەزان دەربڕیوە بەرامبەر بە بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکە:

---

[١] مەبەست مامۆستا محەمەد ڕەسووڵ (هاوار)ە. لە ١٩٢٣/٩/٣ لە سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتا لە حوجرە و دواتر لە قوتابخانەی فەیسەڵییە دەستی بەخوێندن کردووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، ساڵی ١٩٤٤، لە بەڕێوەبەرایەتی ئینحساری توتن لە سلێمانی دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٦١، ڕاژەکەی بۆ بەغدا گواستراوەتەوە.لەساڵی ١٩٦٩ کۆلێژی ماف و ڕامیاریی لە زانکۆی موستەنصرییەی بەغدا تەواوکردووە.

لە ساڵی ١٩٧٤ دەچێتە ڕیزی شۆڕش و دوای نسکۆ گەڕاوەتەوە بەغدا.

لە ساڵی ١٩٨٠ بەماڵەوە دەچێتە لەندەن و لە ساڵی ٢٠٠٧ لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

## مدیریەتی زانیاری بۆ کاروباری کوردی

**هاوار**

گەلی کورد لەژێر ئەم ناوەدا یا بەهەر ناوێکی تر کەڵکی ببێ بۆ زمانی کوردی یا مێژووی کوردی یا ئەدەبی کوردی ویستوویەتی کە مدیریەتێکی زانیاری پێکبهێنرێت. ئەم باسە لە سەرەتا زۆر بە گەرموگوڕی هاتە کایەوە و لەلایەن هەموو مرۆڤێکی بە شەرەفی نیشتمان پەروەری عێراقەوە چە (چ) عەرەب بێ چە(چ) کورد پەسەند کراو شایانی سوپاسێکی بێ پایان بو بە تایبەتی ئەوی مایەی شانازی بوو، ئەوەبوو کە یەکەم جار نەقابەی مامۆستایانی بصرە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەم باسەیان خستە ڕوو، جگە لەوانیش وە جگە لە ڕۆژنامە کوردیە دڵسۆزەکان ـ کە ئەوە پێویستیەکە لەسەر شانیان ـ جگە لەوانیش ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) زۆر دڵسۆزانە بارەها (چەندین جار) ئەم داخوازیەی گەلی خستۆتە پێش چاوی کاربەدەستان.

پاش ئەوەی کە بڕیاری پێکهێنانی ئەم مدیریەتە درا ئیمپریالست و کۆنە پەرستی پاڵی بە شۆڤێنیەکان و ڕۆژنامە چەپەڵەکانی بەغدادەوە نا، کە هەرچی لەناو دڵ و دەروونە پیسە کەیانا بوو، دەری بڕن و بوغز و کینەیەکی ئاشکرایان بەرامبەر بەم دادخوازیەی گەلی کورد خستە ڕوو.

سەرەتای کاریگەری ئەم هێرشە ناڕەوایانە لە کۆنگرەی مامۆستایانەوە دەرکەوت، چونکە بەر لەوە ئیمپریالست و سەگ وەڕی دەور و پشتی بە هەموو

لايــەكا ژەهريــان بــلاو كردبــووەوە و تــا رادەيــەك توانييــان دلّــى هەنــدێ لــە كاربەدەستان دەربارەی پێكهێنانى ئەم مديريەتە كرمێ بكەن.

وا ماوەيەكی زۆر بەسەر بڕیارەكانى كۆنگرەى مامۆستايانى شـەقلاوەدا تێپـەڕى كرد، بەلاّم هێشتا هيچ هـەنگاوێكى ئـەوتۆ نـەنراوە، كـە نيشـانەى ئـەوەبێ ئـەم دادخوازييە بە جۆرێكى تەواو گورجوگۆڵ بێتە دى.

هێشتا مديرێكى تايبەتى دانەنراوە بۆ ئەم باسە گرنگە ! !

بێگومـان ئەگـەر لـە سـەرەتاوە مـديرێكى تايبـەتى دانـەنرێ وە مـاوەى نـەدرێ بـەگوێرەى پێويسـتييەكانى هەڵسـوڕێ و شـوێنى ئـەو مديريەتـە و مـەئمووراني تايبــەتى وە بودجــەى تايبــەتى دانــەنرێ، وا مانــاى ئەوەيــە لــە ســەرەتاوە زيندەبەچـاڵ ئـەكرێ، تـا ئێسـتا جگـە لـەوەى باسمـان كـرد، گـەلێ كۆسـپ و بەرهەڵستى هاتۆتـە سـەر ڕێگـەى ئـەو مديريەتـە، ئەگـەر هـەموو كاروبـارى ئـەو مديريەتــەى كــە پێكهــاتووە، هــەمووى هاتبێتــە ســەر قبــووڵكردنى ئــەو چــەند قوتابيـەى، كـە لـە كوليـەى ئادابـدا قبـووڵ كـراون، ئەمـە مانـاى ئەوەيـە تـەنها بەشـێكى بچـووكى داخـوازى گـەلى كـورد بەجێئـەهێنرێ، چـونكە گـەلى كـورد چاوەڕوانى گەلێ هەنگاوى لەوە گرنگترە.

بێگومان ئەو هەنگاوانە بـە دوور و درێـژى لـە كـۆنگرەى شـەقلاوەدا باسـكراون، جگە لەوەش هەندێ هەنگاوى ترى گرنگ هەيە، كە پێويستە لێيبكۆڵرێتەوە. بـە كورتى نامانەوێ جارێكى تر وەك زەمانى سەيد نورى بەرزنجى، كـە بـە مفتشـى

مەعاریفی کوردستانیان دانابوو، تەنها هەر ناوی هەبوو و هیچ، نامانەوێ شتێکی کەی وا ڕووبداتەوە.

گەلی کورد بە تایبەتی خوێندەوارانی کورد، ئەم هەنگاوە پیرۆزە بە داخـوازییێکی بە نرخی گەلی کورد ئەژمێرن بۆ هێنانەدیی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن.

ئەبێ بە هەموو جۆرێك ماوەی کۆنەپەرستان و شۆڤێنیەکانی هیچ لایەك نـەدرێ، کـە دەمدرێـژی بکـەن، وە نـابێ لـە ڕووی پێکهێنـانی ئـەم ئامانجـەوە هـیچ کەمتەرخەمییـەك بنـوێنرێ، ئەمـە داخـوازی گـەلی کـوردە، مـافێکی نەتـەوەیی کـوردە، کـە یاسـای دەسـتووری موەقـەت داوێتـی بـە کـورد، نـابێ کـەس لێـی بسڵەمێتەوە و مەترسی لێبکا. نابێ بە ڕێی خوار و خێچا لێی لابدرێ.[1]

وەنەبێ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، وەك بوونێکی بێ گیان جووڵـەی تێـدا نـەبووبێ. لە سەرەتادا چەندین هـەنگاوی گـەورەی نـاوە، لـە هـەمان کاتـدا، سسـتیی لـە بەرامبەر هەندێك پرسی گرنگدا نوواندووە، بۆیە ڕۆژنامە کوردییـەکان، هەنـدێك جـار بـەهۆی دواکـەوتنی دەرچـوونیان، یـان بـەپێی هەلومـەرج و پێویسـتیی دەربڕین، شـێوازی و خسـتنە ڕووی بابـەتی بەڕێوەبـەرێتی زانیـاریی کوردییـان جیاواز بووە، مەبەستمان ئەوەیە، لەکاتێکدا ڕۆژنامەیەك گلەیی لـە دواکـەوتن و سستیی کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییـە دەکـات، هاوکـات ڕۆژنامەیـەکی دیکـە

[1] ڕۆژنامەی (ژین): ژ/١٤٩١ ی ١٩٥٩/١١/٣٠

هەواڵی مژدەبەخش سەبارەت بە هەمان بابەت بلاّو دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەم بابەتەی ڕۆژنامەی ئازادی:

### بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی گشتی بۆ خوێندنی کوردی کەوتەکار[1]

ئەو مەبەسەی، کە لە سەرەتای شۆڕشەوە گەلی کوردی عێراق هەوڵی بۆ ئەدا و داوای ئەکرد، کە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی زانیاریی کورد بوو، لەم هەفتەیەدا کەوتە کار و پلەیەکی گەورەی نا بۆ دامەزراندن، ئەویش پاش ئەوەی لە بەغدا خانووی تایبەتیی لە پشت بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقافەوەوە بۆ گیرا و دەستکرا بە دانانی کاربەدەست و فەرمانبەر بۆی. ئەوەی ئێستا دانراون، دوو یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی (معاون مدير عام)ن.

دکتۆر جەمال شەفیق: بەڕێوەبەری خوێندنی بازرگانی و عەمیدی مەعهەدی بازرگانی و کاك صادق بەهائەددین: مامۆستای قوتابخانەی غربیە لە بەغدا، وە هەروەها بڕیاردرا بە گواستنەوەی کاك عزەددین مستەفا ڕەسوڵ مامۆستای عەرەبی لە سانەویی سلێمانی بۆ ئیعدادیەی مەرکەزی لە بەغدا و دانانی (تەنسیب) لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا، وە لە مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە سلێمانی و بەغدا و هەولێر ئەمانە بۆ ئیش کردن و

[1] ڕۆژنامەی ئازادی ژ٣٩ ساڵی ١ ٢/١٢/١٩٥٩، ل١.

فەرمانبەرایەتی: کاک ڕەشید محەمەد عەل کۆیی، کاک عومەر کەریم عەزیز، کاک مالکۆ زێڕۆ، کاک فەرهاد ئەحمەد، کاک فەرەیدون عەلی.
ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە، کە سیادەتی دکتۆر صدیق ئەتروشی بەڕێوەبەری گشتی خوێندن لە عێراقا خۆی بە وەکالەت ئیشی بەڕێوەبەری گشتی ئێرەش هەڵئەسوڕێنیێ.

نووسەرانی کورد لە خەمخۆری و دڵسۆزییانەوە، جەختی بەردەوامییان کردۆتەوە و فشاریان خستۆتە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆزەمینەسازیی کاراکردنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاریی کوردی، بەڕادەیەك، ئەو فشارکردنە بێزاریی لای ئەو لایەنانەوە دروستکردووە، کە لە هەوڵی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی دامەزراندن و خستنە کاری ئەوبەڕێوەبەرایەتییەیان لە ئەستۆ گرتووە، ئەم نووسینەی پاکیزە ڕەفیق حلمی بە نموونە دێنینەوە، کە پەلەکردن و خستنەوە بەرباسی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی مامۆستایانی کردۆتە هەوێنی نووسینەکەی. خاتوو(پاکزە ڕەفیق حلمی)، کە دوای بڕیاری کۆنگرە و کردنەوەی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی بەغدا، کراوەتە سەرۆکی بەش، دوای سێ مانگ لە بڕیاری کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان بە دامەزراندن و ناولێنانی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری بۆ خوێندنی کوردی)، نووسەر ئەم بابەتەی لە ڕۆژنامەی (التقدم) ی ڕۆژی ٩٥٩/١٢/٨ بڵاو کردۆتەوە و دواتر ڕۆژنامەی (ژین) یش بۆ خوێنەرانی خۆی بڵاویکردۆتەوە :

**((باوەڕپێکراوی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی))** [1]

ســالێکی ڕەبــەق بەســـەریا ڕابــورد و خەریکــە ســالێکی تریشـــی لێ ئەچێتەســـەر، هـــەر چـــاوەڕوانی بەڕێوەبەرایـــەتیی زانیـــاری کوردســـتانین، بەڕێوەبـــەری بـــۆ دانـــراوە و بەڕێوەبـــەر ونـــە، فەرمانبـــەری بـــۆ تـــەرخانکراوە، شـوێنیان دیـار نییـە، هـەر وەکـو خـەیاڵ هـەتا لێیـان نزیـك ببیتـەوە و بتـەوێ لەگەڵیان بدوێی و هەستیان پێبکەیت، ون ئەبن و خۆیان ئەشارنەوە لە چاو هەر وەکو ((سراب)).

نەقابەی مامۆستایان ئەم ئەرکە گرنگەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی بەو نیازەی کـە پێـی هەڵسـێت، بـە ئـارەزووی خۆیـەتی وا پیشـان بـدات، کـە هـەموو جـۆرە پێویسـتی و داخوازییـەکی دانیشـتوانی ئـەم وڵاتـەی لـە ئۆباڵایـە، هـەر وەکـو کۆنگرەی مامۆستایان لە شەقڵاوە کردییە گوپچڕی دەستی خـۆی و نـاوی لێنـا ((کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لـە شـەقڵاوە)، وە ویسـتی لـە پـاڵ ئـەو نـاوەی ئەوانا چەند بڕیار و پێشنیارێك بدات، کە هیچ سـوود و پەیوەندییـەکی ئـەوتۆی بە زانیاریی کوردییەوە نەبێت، وە مامۆستا دڵسۆزەکان چەند بڕیارێکی بە نـرخ و ئاڕاسـتەی زانیـاری لـە ناوجەرگـەی سـوودی گـەلی کـوردەوە خسـتە بەرچـاو وسـوور بـوون لەسـەر چەسـپاندنی، هەرچـەندە نەقابـە بـەرەنگاریان بـوو و دەستەیەکی جیاوازی لەناو مامۆستایاندا لێ ڕاستکردنەوە و کردنی بە پێشەنگی

[1] - ڕۆژنامەی ژین: ژ/ ١٤٩٧ ی ٩٥٩/١٢/٢٤، ل٧.

خۆی بۆ بەربەرەکانی و سەرکەوتنی داخوازییەکانی خۆی بەسەر دڵسۆزەکاندا، بەلاّم بۆی نە گونجا و نەیتوانی بەسەریانا زاڵ بێت، وە کۆتایی بە کۆنگرە هێنرا بە دانانی ئەو بڕیارە بە نرخ و بەجێیەی ڕاست و ئاراستە بوو، بەرەو بەغدا کەوتە ڕێی، کەوتە بەردەم کۆمەڵی هەڵسوڕێنەری کار و باری نەقابەو پەسەند کردنیان، بەم جۆرە بوو بەژێر لێوەوە چەند مانگێك و لێیان نەپرسییەوە، هەتا نیوەی ساڵێکی تەواوی بەسەرا تێپەڕنەبوو  هیچ بەرهەمێکی نەبوو، تەنانەت بەندێکیشی لێ نەکەوتە کایەوە، هەتا لەناکاو کۆمەڵی بەڕێوەبەرایەتیی نەقابە هەموو بڕیارەکانی کۆکردەوە، کە کۆنگرە چەسپاندبووی و بڕیاری لەسەر پێکهاتبوو هەروەکو ئەو مامۆستا دڵسۆزە کوردانە بە بیروباوەڕیانا هاتبوو، کە لەناو جەرگەی کوردستانەوە لە بن و بێخی زانیاری چەسپاوە، ئەم بڕیارانە پەسەند نەکراو گەڕانەوە بۆ ئەو بڕیارانەی خۆیان بۆ هەڵکردبوو بە ئەنجام نەگەیشتن، وە لەوەش پاشگەز بوونەوە، بە ئێکجاری، کە هیچ جۆرە بڕیارێکی تریان لەو کۆنگرەیەدا بەرگوێ نەکەوتووە لەوەی خۆیان زیاتر، ئەبێ ئەوەش چاوپۆشییەکی ئەوتۆ پیشان درا لەو هەموو بڕیارە پڕ سوود و بەنرخانەی زانیاریی کوردییەوە، ئاوا هەموو بڕیارەکانی بێسەر و پێ کرا. هەروەها بلاّوکرایەوە، کە نەقابە کردەوەیەکی پاڵەوانانەی پەسەندکراوە، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات، کە هەیە چاك لە درۆ و ڕاستی ئامۆژگارییە بناغەییەکان و بە کەڵکەکان بە پەسەندیان  ئەزانێت.

لێرەدا بۆم هەیە پرسیار بکەم صفەتی نەقابەی مامۆستایان دەربارەی زانیاریی کوردی وە چییە؟ وە بە شێوەیەکی گشتی تەئسیر وتوانای چییە بە سەقافەتی کوردەوارییەوە؟! لە کاتێکا خۆی نەقابەیەکی پیشەیی (مهنی) مامۆستایانە وە پێکهاتووە لەوە زیاتر، کە تەنیا بۆ مامۆستاکان تێ بکۆشێت بە شێوەیەکی یەکی (فردی)، یاخود بۆ یارمەتی زانیاری (علم) لە کاتی گیروگرفتی خۆیدا! بەلاّم کار و کردەوەیەکی هونەرمەندی و فێرکردن(التعلیم) بە وەزارەتی زانیاری سپێرراوە وە ئەو فرمانانەی، کە پەیوەندیی بە خوێندەواریی کوردیەوە هەیە، بە شێوەیەکی تایبەتی نەك هەر تەنها کار و فرمانی وەزارەتی زانیارییە، بەڵکو ڕاست و ڕەوان لەناو دڵی  ئیشە سیاسیە گرنگەکانەوەیە، کە بەستراوە بە بڕیاری چارەنووسی (تقریری مصیر) سەقافەتی کوردەوە، نەك بەدوا ڕۆژی مامۆستایەك و مامۆستایەکی ترەوە.

ئایا لەکوێیە زانیاریی کوردستان؟! هێشتا لە لێ پرسینەوەی داین.))

دیارە ئەم نووسینەی (پاکیزە ڕەفیق حلمی) نەقابەی مامۆستایانی عێراقی سەخڵەت کردووە و بە ڕوونکردنەوەیەك وەلاّمی ئەم بابەتەیان داوەتەوە، (ئەوە بیر خوێنەر دێنینەوە، کە پێشتر باوکی پاکیزە (ڕەفیق حلمی) جێگری نەقابەی مامۆستایانی عێراق بووە).

ئەمەی خوارەوە دەقی ڕوونکردنەوەکەی نەقابەی مامۆستایانی عێراقە سەبارەت بە نووسینەکەی (پاکیزە ڕەفیق حلمی) کە لە ڕۆژنامەی (ژین) بلاّوکراوەتەوە:

((لە نەقابەی مامۆستایانی جمهوریتی عێراقەوە لە بەغدا ئەم باسەمان بۆ هاتووە دوابەدوای ئەم نووسینە، کە ڕۆژنامەی ژین بڵاوی کردەوە لە مەڕ (بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردەوە، لە نووسینی پاکیزە ڕەفیق حلمی وە بەپێی سەربەستیی بڵاوکردنەوە و نووسین بڵاوی ئەکەینەوە.

لە ڕۆژنامەی (تقدم) دا ڕۆژی ٨ ـ ١٢ ـ ٩٥٩ پاکیزە ڕەفیق حلمی نووسینێکی بڵاو کردەوە بە ناوی (( کوا بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی خوێندنی کوردی)) وە لەبەر ئەوەی لەو نووسینەدا گەلێ قسەی نا ڕەوا  وترابوو بە نەقابەی مامۆستایان (کە هیچ دەلالەتێکی جێبەجێکردنی نییە) وە گەلێ ڕاستی تیا خرابووە پشت گوێوە، ئێمە وای بەباش ئەزانین کە هەندێ شتی لێ ڕوون بکەینەوە:

١- نەقابەی مامۆستایان شانازە بەوەی، کە گیروگرفتی زانیاریی گەلی کوردی باسکردووە لەیەکەم کۆنگرەیدا، وە گەلێ ڕاسپاردەی و چارەکردنی خستە بەرچاو پێش ئەوەی کە پاکیزە ڕەفیق حلمی ئەم باسە بکات، یا لەسەری بنووسێ.

٢- نەقابەی مامۆستایان خۆی بە بەختیار ئەزانێ، چونکە دەستپێششخەریی کرد بۆ گرتنی موئتەمەرێکی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە وە لەسەر داواکردنی وەفدی بەصرەش.

٣- نەقابەی مامۆستایان سەربەرزە بەوەی، کە توانی لە کۆنگرەکەدا ئەو پەڕی سەربەستی بدات بۆ دەنگدان لەسەر بڕیارەکان، کە پاکیزە یەکێك بوو لە دەنگدەرەکان.

٤- بە گەیشتنی بڕیارەکان بۆ بەغداد کۆمەڵی بەڕێوەبەرایەتیی کۆبووەوە و دەرسی کرد، ئەمەش لەبەر ئەوەبوو، کە ئەو کۆنگرەیە خۆی بەناوی کۆمەڵی بەڕێوەبەرایەتییەوە کۆبووەوە، یا لەبەر ئەوەی، کە لقەکانی لە سلێمانی و هەولێر ئەم کاروبارەیان خستبووە سەر شانیان.

لەبەر ئەوە کۆمەڵی بەڕێوەبەرایەتیی بە پێویستی زانیوە کە چاودێری و سەرپەرشتی هەموو جۆرە شتێك بکات کە بەناوی نەقابەوە دەر ئەچێ، چونکە خۆی بە مەسئولێکی تەواو ئەزانێ وە لەبەر ئەوەبوو ئەوانەی، کە پێویست بوون دەمودەست کران، بە جۆرێکی ئەوتۆ، کە سیادەتی وەزیری مەعاریف لەسەر ڕۆیشتن بوو بۆ دەرەوەی عێراق، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوای بڕیاری کۆمەڵی بەڕێوەبەرایەتیی کرد و دەست بەجێ موافەقەتی لەسەر بەجێهێنانی پێکهێنراوەکان کرد (التشکیلات) بۆ ئەمە تاقمێك بە ناوی نەقابەوە چاویان بە سیادەی وەزیر کەوت، سیادەتی (وەزیریش) زۆر بە گەرمی باسی گرنگی وە پێویستی جێبەجێکردنی پرۆژەی (مدیریەتی زانیاریی کوردی دراسەی کوردی) کرد.

پاش ئەوەی، کە سیادەتی وەزیر گەڕایەوە بۆ عێراق هەندێکی تر لەو شتانەی، کە بڕیاری لەسەر درابوو جێبەجێکرد وە بڕیارەکانی تری لێژنەکان (پێنج

لێژنە) بوون بەرەو ڕووی کۆمەڵی بەڕێوەبەرایەتیی کرد، بۆ ئەوەی لێی ورد ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە کەمێك دواکەوت، بەڵام بڕیار لەسەر هەمووی درا، جگە لەیەك (فەقەرە) نەبێ، کە ئەویش بریتی بوو لە بەکار هێنانی پیتی لاتینی لەجیاتی پیتی عەرەبی، کە کۆمەڵی بەڕێوەبەرایەتیی بە کۆمەڵ بڕیاری لەسەر نەدا.

٥- هەندێ لە کاربەدەستانی نەقابە هەرچی بڕیارەکان هەبوو دایان بە وەزارەتی زانیاری و داوایان کرد کە لە لقی (ملحقی) گۆڤاری ((المعلم الجدید)) بە عەرەبی بڵاو بکرێتەوە، وە هەروەها لە گۆڤاری بڵێسە کە نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی دەری ئەکەن بە زوبانی کوردیش بڵاو کرایەوە.

٦- لە کۆبونەوەی جاری دووهەمی نەقابەی مامۆستایانا گەلێ شت باسکراوە بڕیاردرا، کە پێویستە بە گورجترین کات پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی بهێنرێتە دی، لە کاتێکا، کە سەرۆکی وەفدەکانی لواکان چاویان بە سیادەتی وەزیری زانیاری کەوت و لەو بابەتەوە دوان و وەزیر بە تەواوی دەربڕی، کە ئاگای لە هەموو شتێك هەیە وە بڕیاریدا، کە هەرچی پێویستە و جێبەجێنەکراوە هەمووی جێبەجێئەکرێت وە وتی ئیتر نووسین و نێردراو لە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی سلێمانی و هەولێرەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاریی کوردی ئەبێ، کە ئەمەش هاتە دی.

٧- کۆمەڵی نەقابە لەو کۆبوونەوەی دووهەمدا بڕیاریدا، کە لێژنەیەك پێکبێنێ بە ناوی (لێژنەی زانیاری گرفتی زانیاری کوردستانەوە ئەوان چارەسەری بکەن

وە لەیەکـەم کۆبونـەوەی کۆمـەڵی بەڕێوەبەرایەتیـدا ئەنـدامی ئـەو بەشـە هەڵئەبژێرن).

٨- نەقابـە لـە کولیـەی ئادابـدا، لقێکـی کردۆتـەوە بـۆ خوێنـدنی کـوردی و هەوڵێداوە بۆ کردنەوەی لقێکی تر و پەرەپێدانی ئەو لقە.

٩- نەقابە ئیتصالی کردووە بە وەزارەتی زانیارییەوە وە داوای لێ کردووە، کە لەمەو دوا نێرراو بۆ کوردی پەرەی پێبدرێ وە لە ئـەنجامی ئـەوەدا تـوانرا سـێ کەس بنێردرێت بۆ دەرەوە، نەقابە داوای ئەوە ئەکات، کـە ژمـارەی نێردراوانـی کورد بۆ دەرەوە بە گوێرەی ژمارەی کورد بێ لە عێراقدا، بە پێی ئەو بڕیـارەی کە لە شەقڵاوە درا.

١٠- ئێمە زۆر سەرمان سوڕماوە لەو ئیحتجاجەی، کە خوشکە پـاکیزە ڕەفیـق حلمی کردوویەتی، کە گوایا نەقابـەی مامۆسـتایان دەسـتی خسـتۆتە کاروبـاری زانیاریی کوردییەوە.؟ ئایا نەیئەویست، کە کۆنگرەی مامۆسـتایان لـە شـەقڵاوە پێکبێت؟ وە لە شوێنێکی وەکو مصیف صلاح الدين دا.؟ نەقابەی مامۆسـتایان بە پێی یاسای نەقابە بە پێویسـتی ئـەزانێ، کـە تێبکۆشـێ بـۆ زانیـاریی هـەموو نەتەوەکانی عێراق، لەبەر ئەوە نەقابەی مامۆستایان بـە پێویسـتی ئـەزانێ، کـە هەوڵبدات بۆ پێشکەوتن و سەرخستنی زانیاریی گەلی کورد.

ئەبوایە خوشکە پاکیزە نرخی بدایە بەو هەوڵ و تێکۆشـانەی نەقابـە وە خۆشـی دەستی یارمەتی درێژ بکردایە، چونکە ئەو نەقابەیە خزمەتی هەموو گەلی عێـراق

ئەکات، نەك پەلاماری نەقابە بدات بەو شێوەیە لە کاتێکا، کە هەموو دوشمنـانی گەل لە دەرەوە و ناوەوە خەریکی پەلاماردانی گەل و جمهوریەتەکەمانن. [1]))

ئەو هەوڵانەی، کە پێشتر بۆ پەلەکردن لە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشـتیی زانیـاری لەلایـەن مامۆسـتا نووسـەرەکانەوە دەدران، لـە ئێسـتادا گـۆڕاوە بـۆ کـاراکردنی ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـەی، کـە دامـەزراوە و باڵاخانـەی بـۆ گـیراوە و کەسانێك وەك مووچەخۆر کـاری تێـدا دەکـەن و بـەپێی دەسـتووری وەزارەتـی زانیـاری، کۆمـەڵێك دەسـەڵاتییان پێـدراوە بـۆ جێبـەجێکردنی هـەنگاوەکانی پێشخستنی کاروباری زانیاریی کورد، بـەپێی بڕیـار و ڕاسـپاردەکانی کـۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە.

نووسەری هەندێك لە بابەتەکان، لە ڕوانگـەی ئەرکـە گـران و بـەربڵاوەکانی ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە لـە هـەنگاو و چـالاکییەکانیدا دەڕوانـن، لەگـەڵ خسـتنەڕووی بێزاری لە سستی و هەندێك جار بە کەمتەرخەمی ناساندن، پێشنیاز و بیرۆکـەی تـازەش دەخەنـە نێـو بابـەتی نووسـینەکانیان. لـەم نووسـینەی خـوارەوەدا، مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی، لەگـەڵ باسـکردنی پێشـینەیەکی مێـژوویی، پرسـی کاراکردنی بەڕێوەبەرایەتیی و پرسی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری دەخاتە ڕوو:

---


[1] - ڕۆژنامەی ژین: ژ/ ١٥٠٢ ی ١٩٦٠/١/١٤، لا٣٧.

## بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری

وە کۆگای زانینی کوردستان

به خامەی: جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی[١]

لــەو کاتــەوە، کــە نەتــەوەی کــورد، لــە دیلــی وە ژێردەســتەیی((دەوڵەتی عوسمــانی)) ی گۆڕپــەگۆڕ ڕزگــاری بــووە، وە هۆشــی نیشــتمان پــەروەری وە نەتــەوە شونـاسـی لــە مێـشــکی ڕۆڵــەکـانـیدا گـەشـاوەتـــەوە وە تیـشــکی



پەخشــاندوەتــەوە، کوڕ گـەلی وریـای نەبـەزی ئـەم خاکە، بێوچان، لە هەوڵ و تەقەلاّ و شۆڕش دا بوون، بۆ بەدەستهێنانی ئەو نیاز و ئاواتانەی کە سەدەهای ساڵە لێی بێبەش بوون، جا هەروەك هەموو لایێ ئەیزانین، وە مێژووش گــەواهی (شایـەتی) ئــەدا.

---

[١] جەمیل ئەحمەد بـەکر، لـە١٩١٣/٨/٢ لـە دێـی (فورقـان) ی ناوچـەی قەرەحەسـەن لـە کـەرکووك لەدایکبووە، لە حوجرەدا خوێندوویەتی، لەماوەی خوێندندا بـەهۆی نووسـین و هەڵوێستەکانییەوە چەندین جار دەستبەسـەر و زینـدانی کـراوە و بەناچـاری بـۆ خوێنـدنێکی پچڕپچڕ چـەندین شـوێن گەڕاوە. لە ساڵی  ١٩٤٠ لە دەستەی دامەزرێنەرانی (حزبی هیوا) بووە. لەساڵی ١٩٦٣ چووەتە ناو شۆڕشی ئـەیلوول و کـراوە بـە قـازیی شـۆڕش. شـەوی ٢٨/٢٧ ی ئـاداری ٢٠٠١، لەماڵەکـەی خـۆی غافڵگوژ کراوە.

مەلاجەمیل لە پاڵ زمانی کوردی، زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسیی بەباشی زانیوە و چەندین بەرهەمی وەرگێڕدراوی لەو زمانانە هەیە. نموونـەی هەنـدێك لەبەرهـەکانی: (گاڵتـە و گـەپی مـەلای مەزبووره، چل وەزیر، فەرمانڕەوایی موکریان، مدن کردیە قدیمە، ...).

پەیمانی (سیڤەر) ئەو مزەی (حەق)دا بوو بە گەلی کورد، کە بتوانن ئازادی خۆیان وەربگرن وە سەربەخۆ و پیاوانە بژین، بەلاّم هەر وەکو ژیر و هونەرمەندانی جیهان وتوویانە ((ئازادی وە سەربەستی، گولێك نییە بە خەلاّتی ببەخشرێ، بەڵکو کۆشش و خەباتە، بەبێ ڕەنج و تەقەلاّدان، نایێتە بەرهەم)).
هاوپەیمانانی (حلفا) ئەو حەلە، کە چارەنووسی گەل و نەتەوەکانیان ئەخستە چوارچێوەی ئاوێنەی ژیانەوە، وە سرنجی وریای هەموو هۆزێکیان ئەدا، وا دیارە (جوولەکە) کانیان لەلا زۆر لە ئێمە گرنگتر بوو، کە هیچ لەوان نەدوان، چییریان بەسەر مزی (حەق) ژیانیاندا نەکێشا، بەلاّم بۆ ئەوەی کە (تورکیا)ی ئازادی ئەو حەلیان لەدەستنەچێ، نەوەك خۆی بخاتە باوەشی(بۆلشەویکی) وە، لەگەڵ (یەکێتی سۆڤیەت) دا بڕوا (هەروەکو گومانیان ئەکرد) و هەروا بۆ ئەوەی (شەریف حوسەین) وە نەتەوەی و هاوەڵەکانی تریان لێ نەتەکینەوە، ئەم مزەیان لە نەوەی کورد داڕنی، وە لە (ئەنجومەنی لۆزان) دا، بەجارێ ژێر پێیان کرد. !

تەنها لە عێڕاقدا لەلایەن (مەندووبی سامیی ئینگلیز) ئەوەندە هەنگاوە هاویشترا، کە فەرمان کرایە سەر دەوڵەتی عێڕاق، کە ددان بەوەدابنێ: کە کوردەکان لە دوو ئالای (لیوا) سلێمانی و هەولێر وە هەندێ ناوچە و هەرێمەکانی ترا مزی ئەوەیان هەبێ، کە بەزمانی خۆیان بخوێنن، وە زمانەکەیان لە کاروباری دیوانی (ڕەسمی)دا بەکار بهێنن! !.

بـەلاَم ئـەم مـزە، هـەموو هەرێمـەکانی کوردسـتانی نـە ئەگرتـەوە وە تـەنها بـۆ نەتەوەی کوردیش نـەبوو، بـەڵکو کەمایـەتیی (تورکمـانیش) ئـەم مزەیـان هـەر هـەبوو.. تـەنها ئەوەنـدە هـەبوو، کـە شـاری کـەرکووك — کـە زلتریـن شـاری کوردستانی عێراق، وە کانگای زێڕی ڕەش وە بەپیت و بڕشتترین هـەرێمیێتی— کرا بە ناوچەی زانیـاریی زمـانی کـوردی وە بـەناوی (موفەتیشـیەتی مـەعاریفی مەنتیقەی کوردستان)ەوە بارەگا و ساختمانێکی تیـا دامـەزرا. هەرچـەندە ئـەم ساختمانە هەر تەنها ناو بوو، ناوکی نەبوو، بـەلاَم تـا سـاڵی ٩٣٠ هـەر مایـەوە. وادیارە تا ئەو حەلە، کار بەدەستەکانی دەوڵەتی عێراق و ئینگیلیـزی ئاغایـان، هێشـتا گۆشـتی نەتـەوەی کوردیـان نـەدابوو بـە دەمـا وە ئاژاوەچـی وە زۆڵـە کوردەکان، ئەوەندە خۆیان نەفرۆشتبوو، کە نرخـی خۆیـان وە گەلەکـەیان بـێ فـەڕ و بـێ سـوود بمێنـێ . بـەلاَم هەرکـە (جەوهـەری ئـاخون) دەرکـەوت، ئـیتر نەباسی زانیاری کورد لە ناوا ما، نە هی زمانی! ئنجا کەم کەس مایەوە کە چاك نەکاتە دارا بۆ خزمەت وە پێشوازی وە قەڵەم بـازی نـەکا لـەڕێی سـەرخواردنی گەلەکەیـدا. هەرکـە شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز(٩٥٨)، ڕۆژی ئـازادیی لـە ئاسـۆوە هــەڵهێنا، وە کۆمــاری عێــراق دامــەزرا، وە نەتــەوەی کــورد بــوو بــە قــەلاَی پشتیوانیی شۆڕش، وە بیری جیـاوازی وە سـەربەخۆیی وە خودسـەری لەسـەر کرد وە دڵی خۆی بەوە شاد کرد، کە هەموو ئاواتەکانی دێتەجێ، کـە سـاڵەهای ساڵ وە ڕۆژگاری دوور و درێژە خەباتی لە ڕیدا ئەکا و تەقـەلاَی بـۆ ئـەدا، لـەپڕ هەنـدێ لــە جگــەر گۆشــەو وە پــەروەردەکانی بێگانــە، کــە ســاڵەهای ســاڵ

ئامادەکرابوون بۆ ئەم ڕۆژە، خۆیان خستە کۆڕی نیشتمان پەروەرەوەکانەوە، وە کەوتنە بەرەنگاریی ئەو مزانە (حقوق)، کە بڕیاردرابوو بۆ کورد.

بەڵێ :- دەستووری دووەمی (موەقەت) زۆر بەڕوونی دانی بەوەدا نابوو، کە کورد و عەرەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن وە ئەبێ بە هەموو مزەیەکی دیموکراسی کامیاب بن. یەکێ لەو مزانە، کە نەتەوەی کورد بە تەمای بوو، بەڕێوەبەری زانیاریی کوردستان بوو، لە کاتێکا، کە ئەم خەوە ئەهاتە دی، وادیار بوو هەندێ لەو دێو و درنجانە، وەکو (هال) وە شەوە گەیشتن بە (مەلۆتکە) کەدا وە هەر لە قونورکما تاساندییان، لە سەرەتادا ناوەکەیان گۆڕی ئنجا بردیانەوە سەر ئەو سنوورەی، کە مەندووبی سامیی ئینگلیزی ئاغایان دایمەزراندبوو.. ! کەچی هێشتا هەر ناوە، وە ناوکی نییە، پاش ئەوەی ساڵێ لە تەمەنی جمهووریەت ڕابرد، ئنجا بارەگای بۆ دامەزرێنراوە، چەند مووچەخۆرێکی بۆ جێبەجێکرا، ئایا ئەبێ کەی بکەوێتە خۆی وە بەهانای زانیاریی کوردا بگات؟ ئا ئەوە قوتابییەکان سەرگەردانن، نە نامیلکە هەیە نە (سیپارە) نە قوتابی ئەزانێ چی بکا نە مامۆستا؟ ئێستە بیر لەوە ئەکرێتەوە کە کۆگایەکی زانین (مجمع علمی) هەبێ بۆ ئەوەی ئەرکی دانانی نامە وە نووسراو بگرێتە مل، لە گەڵ یەکخستنی شێوەکانی زمانی کوردی. واش بڕیار دراوە، کە (سلێمانی) بکرێ بە ناوچەی (کۆگای زانین) ەکە.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەو بیرە زۆر پەسەندە، لەو ڕووەوە، کە لە سلێمانیدا گونجاییشی ئەدەبی زۆرە، نووسەر و ئەدیبانی کورد بەشی زۆریان لەوێن..

بەلأم پێویستە لقی ئەم کۆگا زانینـە لـە هـەموو سوچـێکی کوردسـتاندا هـەبێ، تەنانـەت (کـەرکوك) ، بـۆ ئـەوەی کـە لەسـای ئـەم کۆگایـەوە، زانینـی پـتر بتەنێتەوە، بەلأم ئەوەی سەیربێ ئەوەیە، کە تـەنها (هـەولێر) بڕیـار دراوە، کـە بەم بەهرەیە بگا، کە گونجاییشی ئەوە بێ، وە کەرەسەی ئەدەب وە نووسەر و ئەدیبی زۆر کەمترە، لـە جێگەیـەکی وەکـو بەغـدا، یـا کـەرکووك، کـە زۆربـەی خوێنـدەوارانی باشـی کـورد لـەوێن .. وادیـارە دیسـان جنۆکـە وە دێوەکـان پەنجەیان تێ خستووە، بۆ ئەوەی، کە بەرنامەکەی (منـدوبی سـامیی ئینگلیـز) پێکبێت، لەگەڵ ئاوات وە نیازی (تورانی) یەکانی پشت سـنوور، کـە وا ئەدەنـە قەڵەم، کە لە وڵاتی کەرکووکدا کورد نییە. وا دیارە ئەو (دێو) و درنجانـەی، کـە بـە شـێرەی دراوی بێگانـەی وڵات داگیرکـەر گـۆش کـراون وە بـە پەروەرشـی تەڵەکەبازی ئەو بووژانەوە، ئەتوانن هەموو دەورێ بگێـڕن، وە لەهـەموو کاتێکـا فەرمانەکانی ئەو و نیازەکانی ئەو هەر بەجێبهێنن، هەمیشە دەسـەلأت بەسـەر هەموو قوڕنەیەکی ژیانا وەربگرن ! ! بێگومـان هـەر ئەوانـەی، کـە لەسـەردەمی نابووت کراوا لە بنەوە دەلأڵی (یەکیەتی هاشیمی) بوون و نۆکەری ڕاستەقینەی (کۆمەڵەی دەستووری) وە هاوسوینی بەغدا، هەر ئەوان ئەیانـەوێ کـەرکووك — واتا خاکی زێڕی ڕەش بکەوێتە دەرەوەی کەوانەی کوردستان.

بەڵێ ! ئەوەی ئێمەی لـە هـەموو سـەردەمێکا دواخسـتووە، ئەوەیـە، کـە ئێمـە هەمیشە پشت بەستەی خزمەتکاری وە نۆکەرییـن، وە کوڕی خۆمان ئەکەین بـە

قوربانی کیژی خەڵك.. ناڵێم: ((وەك دێز واین، تۆپینی خۆمان ئەوێ وە زیانی خاوەنمان))[1].

سستیی و ساردی و سرپی کارو چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردی، لە ئاستی گەرموگوڕیی چاوەڕوانیی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد دا نەبووە، هەروەك ئاماژەمان پێکردووە، گەلی کورد هیوا و زۆربەی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا دەبینییەوە، بۆیە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان، پەرۆشەوە بابەتی سەروتارێك یان زیاتریان بۆ ئەم پرسە تەرخان کردووە، بۆ نموونە:

## زانیاریی کوردی گەیشت بە کوێ؟[2]

ئەوەی لای هەموو خوێندەوارێك ئاشکرایە ئەوەیە، کەوا زانیاریی کوردی نەك تەنها شتێکی پێویستە، بەڵکو شتێکە ئەبێ پەلەی تیا بکرێ، هەموو کەسیش ئەزانێ، کەوا ئەم داخوازییە گرنگە، داخوازییێکی ئەو تۆیە، کە پەیوەندیی بە نەوەی ئێستا و دوا ڕۆژمانی هەیە. بێجگە لەوەی، کە هۆی هەرەگەورەی پێشنەکەوتنی سەقافەت و ئەدەب و هونەری کوردی نەبوونی زانیاریی کوردی بووە. ئەوەی بە وەدەست کەوتووەکی بەنرخ زانراوە لە وەدەستکەوتووەکانی شۆڕشی چواردەی تەمووز، پێڵێنانە بە مافی میللەتی کورد، کە بەزمانی

[1] ژین، ژ ١٥٠٠، ١٩٦٠/١/٥، ل١.

[2] گۆڤاری شەفەق، ژ٢، ساڵی(٣)، ٢٠ نیسان ١٩٦٠، ل١. بڕوانە: شەفەق ئامادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵلا زەنگەنە، بەرگی یەکەم، ل٦١٥.

زکماکی خۆی بخوێنێ و ئەم مافەش لە زۆر لاوە پەسند کراوە، بەتایبەتی لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، بەلاَم ئەوەی جێگەی لێ پرسینەوەبێ ئەو حەقیقەتەیە، کە زانیاریی کوردی، تا ئێستا لەچوارچێوەی بالاَخانەیەك دەرنەچووە، کە لە بەغدا دانراوە، ئەو بالاَخانەیەی، کە بە سارد و سڕی ماوەتەوە و گورجوگۆڵییێکی ئەوتۆی تیا نابینرێ، کە شایانی باسبێت.

هەر چۆن لێ وردبینەوە، ناتوانین بڵێین تەگەرییێکی ئەوتۆ هەیە بەرامبەر تەتبیق کردنی زانیاریی کوردی، کە لە توانادا نییە بەسەریا زاڵ بین، ئەبێ لە چیمان کەم بێ، لەو کاتەی کە حکوومەتی نیشتمانی پاڵپشتی ئەم داخوازییەی کردووە، ئەگەر چەند تەگەرییێکی فەنی و کەمی ئیشکەران هەبێ، ئایا ناتوانرێ جێبەجێبکرێ؟ ئەبێ گلەیی بکرێ لەو کاربەدەستانەی، کە ئەم ئەرکەیان خستۆتە سەر ئەستۆی خۆیان، کەچی هەر بێدەنگن، ماوەی ڕەنجیان بلاَوناکەنەوە، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێ زانیاریی کوردی گەیشت بەکوێ؟

هەموومان ئەزانین، کەوا ساڵی مەکتەب لەسەر تەواوبووندایە و بۆ ساڵی تازە سێ مانگ ماوە، ئەگەر بێتو کاروبار هەروا لەسەرخۆ بڕوا بۆ ساڵێکی تریش شتێکی ئەوتۆ ناکرێ، کە جێگەی دیار بێ.

مناڵەکانمان پێویستییان بە کتێبی کوردی هەیە، پێویستییان بەوەیە، کە بە زمانەکەی خۆیان دەرسیان بۆ بگوترێتەوە، کەچی ئێستا لەم ڕووەوە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، کە بتوانین بڕواییمان هەبێ، کەوا لەساڵی داهاتوودا مناڵەکانمان ئەحەسێنەوە لە سەرلێ شێواوی و کەم بڕوای بەزیرەکی خۆیان.

شـتێکی تـریش هەیـە زۆر شـایانی باسـە، ئـەویش ئەوەیـە، کـەوا حکوومـەتی نیشـتمانیمان بڕیـاری داوە، کـە دەس بەۆلـەناو بردنـی نەخوێنـدەواری بکـا لـە سەرەتای ساڵی تازەوە. تا ئێستا بۆمان دەرنەکەوتووە ئایا زانیاری کوردی لەم ڕووەوە دەوری چـۆن ئـەبێ و چـی ئـەکا بـۆ لـەناوبردنی نەخوێنـدەواری لـەناو کوردەواریدا.

مەبـەس لـە دامەزرانـدنی زانیـاریی کـوردی، هـەر ئـەوە نییـە، کـە دەرس بـۆ مناڵەکانمان سـانا بکەینـەوە، بـەڵکو بـەلای زۆری مەبـەس ئەوەیـە، کـە ڕادەی زانیاریی میللەتی کورد بـەرز بکرێتـەوە، لـە ڕێگـەی زمـانی کوردییـەوە عـیلم و تەتەوری دونیا بگەیێنین بە زۆربەی کورد و ڕادەی سەقافەتی بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە خێرایی لە پاشکەوتن ڕزگاری ببێ.

سەبارەت بە تەتبیق نەکردنی  زانیـاریی کـورد، مناڵـەکانمان بێبـەش بـوون لـە وەلأمدانەوەی سـاناترین شـت بـە زمـانی زگمـاکی خۆیـان و ئەمـە و خەتایـەکی گەورەیــە بەرامبــەر نــەوەمان و بەرامبــەر دوارۆژی کــورد. داوای هــەموو خوێندەوارێك ئەوەیە، کە زانیاریی کوردی لەچوار دیواری باڵاخانەکەی زانیاریی کـوردی لـە بەغـدا دەرچـێ و بخرێتـە سـەر  زاری مامۆسـتا و قوتابییـەکان لـە کوردستان.

((شەفەق))

ڕۆژنامەی ژین یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی کەوا، چەندین سەروتاری بۆ ئەو پرسە گەرمانە تەرخان کردووە، بەتایەتی پرسی سستیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی دوای دامەزراندنی، سەرباری بوونی بارەگاو بەڕێوەبەر و ستافێکی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان، کەچی لە مەیدانی کار و چالاکی نواندا، نەیتوانیوە بەو ئاڕاستەیە هەنگاو بنێ، کە لێی چاوەڕوان دەکرا. بۆیە بە ئەرکی ڕۆژنامەوانیی خۆیانییان زانیوە بە نووسین ڕوو لە کاربەدەستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن. بۆ نموونە:

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری کوردی هەروا ئەمێنێتەوە؟**

وا ئەچێت بۆ دووساڵ، کە بڕیاردرا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاری کوردی دابمەزرێ لە جەمهوریەتی عێڕاقدا. جەمهوریەتی کورد و عەرەب، ئەو جەمهوریەتەی، کە لە ڕۆژی چواردەی تەمووزی ٩٥٨ دا دامەزرا لە سەر شانی سوپا و گەلی عێراقی بەسەرۆکایەتی ڕۆڵەی گەل عبدالکریم قاسم. وە ئەو جمهوریەتەی، کە یەکەم بەرهەمی دەستوورێکی موەقەتی دیموکراتی بوو وە سێهەمینی ماددەی ئەو دەستوورە بە ئاشکرا و ڕەوانی ئەڵێت ((کورد و عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەدا)). وە بڕیاری دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە وەنەبێت شتێکی بەخەیاڵاهاتووی یەکێك بێت، یا پێویستییەکی کتوپڕ بێت هاتبێتە کایەوە. یا بۆ ناو دانرابێت..!؟ بەڵکو دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئەنجامی خەباتی چل ساڵە و بگرە (٤٠٠) ساڵە، کە گەلی کورد کردوویەتی، ڕووداوێکی مێژووییە، کە لە ئەنجامی شۆڕشێکی مێژوویدا پەیدا

بووە و پەیڕەوکردنی دەستوورێکە، کە بەرهەمی ئەو شۆڕشـەیە، بـەڵکو یەکـەم هەنگاوە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو دەستوورە، کە ئەو ئەگەر پەیڕەوی نەکرێ وەکو زەرفێکی بەتاڵ وا ئەبێت. وە جگە لەمانەش بچووکترین مافـە، کـە ئـەدرێت بـە کورد (مافێکی زانیاری) لـە سـایەی جەمهوریـەتی چـواردەی تـەمووز، خـاوەنی ماددە (٣) لە دەستووری موەقەتدا.

بەکورتی ئەمەیە ئەنجامی دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، کە بـۆ گـەلێك دامەزراوە و ئەهێنێ هەموو شتێکی بۆ بکرێت... گەلێك، کە لـەژێر بـاری زوڵـم و زۆرداری و ئیستعماردا ئەینالآند و ئێستاش بەشێکی زۆری ئـەناڵێنێ وە نـاوێرن دەنـگ بەرزبکەنـەوە ... گـەلێك، کـە شانبەشـانی بـرا مێژوورییەکـەی خـەباتی کردووە و قوربانیی داوە هەتا ئەم هەنگاوەی ناوە. هەروەکوو وتمـان وا ئـەبێت بە دووساڵ، کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دامەزراوە، بەڵام ئەتوانین بڵێین لە یەکەم ڕۆژەوە چۆن دامەزراوە ئێستاش هەر لـەو قاڵبەدایـە وە لـەوە زیـاتر نییـە، کـە خـانوییێکی دوو سـێ نهـۆمیی بـۆ گـیراوە و چـەند ژوورێکـی پڕکـراوە لـە مێـز و کورسی، کە مێزەکان هیچی لەسەر نییە و چەند فەرمانبەرێکی بۆ دانـراوە، کـە هێشتا ئیشیان نەدراوەتێ وە بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەرایەتییەکە، خـۆی هیچ دەستەڵاتێکی نییە بیکات..!؟

لـە کاتێکـدا ئەبوایـە، گورجوگـۆڵ وە دوای دامەزرانـدنی کاروبـاری زانیـاریی کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و خانەقین و قەزاکانی موصلیان بدایەدەسـت بـە هەموو دەستەڵاتێکی پێویستە و بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کاروبـارە، هـەر داوایـەکی

ببوایە گورجوگۆڵ بۆیـان جێبـەجێ بکردایـە وە دەسـتی بکردایـە بـە گـۆڕین و دانانی کتێب وە کردنەوەی دەورە بۆ فێربونی زمانی کوردی و دەرس وتنەوە و کردنـی دەرس وتنـەوە لـەو ناوچـانە بـە کـوردی و سەرپەرشـتی کردنـی، ئـەو قوتابخانە کوردییانەی لە ناوچە عەرەبییەکاندا هەن... هتد.

وردە وردە لەپاڵ ئەمانەشدا، هـەر گیروگرفـت و کۆسـپ و کەنـدێك ئەهاتـە بـەر بەڕێوەبردنی ئەم کاروبارە، بە هێمنی وە لەسەر خۆ چار ئەکرا وە ئێستاش بـە پوختی وە ڕەوانی ئەبرا بەڕێوە، بێ قسە و باس و بێ گیر و گرفت. وە گومـانی تیانییـە، کـە ئەمـەش هـەمووی پێویسـتە بکرێـت وە نـەکردنی، یـا کردنـی بەشێوەیەکی ناتەواوی و پڕ لە کەموکوڕی مانای ئەوەیە، کە مـادە (٣) وەکـوو زەرفێکی بـەتاڵ دائـەنرێت، کـە ئەوانـەی ئەبنـە هـۆی ئەمـەش مەسئولیەتێکی مێـژووییان دێتـە سـەر وە دوا ڕۆژ لێپرسـینەوەیان ئـەبێت. وەلـەجیاتی لـەم دووساڵەدا ئەمانە جێبەجێبکرایە، تازە دەنگ لەم لاو لەولاوە بـەرز ئەبێتـەوە و ڕۆژنامـەکان ئەنووسـن وە ئـەڵێن پێویسـتە بەڕێوەبەرایـەتیی زانیـاریی کـوردی ئیشـی پـێ بکرێـت...!؟ دوای ئـەوەی دوو سـاڵە دامـەزراوە. وە ئـەم هـاوار لێهەسـتانەش لەبـەر ئەوەیـە، نـەوەك ئەمسـاڵیش هـەر وای بهێڵنـەوە!!. وە گومانی تیانییە، کە هێشتنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییـە بـەم جـۆرە، تـاوانێکی گەورەیە لەگەڵ گەلی کوردا ئەکرێت وە گوناهێکی گەورەیە، کـە ئەوانـەی ئەبنـە هۆی، پێویستە سزایان بدرێت[1] .

---

[1]سەروتاری ڕۆژنامەی ژین، ژ١٥٤٩ ساڵی ٣٥ ، ٤/٨/١٩٦٠، ل١

نووسین لەم بابەتانەدا بەردەوام بووە، دەبینین تەنانەت چەند ڕۆژێکی کەم، بەر لە بەستنی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، ڕۆژنامەی (ژین)، بابەتێکی بۆ مامۆستا (محەمەد سالْح سەعید)  بلاْوکردۆتەوە. نووسەر باس لە بایەخی بەستنی کۆنگرە و هەنگاونان بە ئاڕاستەی جێبەجێکردنی بڕیاری دەستکەوتەکان دەکاتەوە و چەند سەرنجێکیشی لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەم خستۆتە ڕوو.

## کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد

نووسینی: محمد صالح سعید

کۆنگرە وەکوو نەقابەی مامۆستایان  بڕیاری داوە، سەر لە بەیانیی ڕۆژی ١٥ـ١٩٦٠/٨/١٧ ئەگیرێت.

یەکێك لەو هەنگاوە گەورانەی، کە نەتەوەی کورد لەم دەمەیەدا ناویەتی لە بارەی خوێندەواری کوردییەوە، کۆنگرەی ناوخۆی مامۆستایانی کوردە، کە پار لە شەقلاْوە گیرا و ئەمسالْیش لە هەولێر ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرە و لە شەقلاْوەش کۆبوونەوەکانی ئەم کۆنگرەیە بۆ دووەم جار دەگیرێتەوە.

نەقابەی مامۆستایان، یەکەم نەقابە و ڕێکخراو بوو، کە ئەم هەنگاوە گەورە مێژووییە بەنرخەی نا. وە ئەم کارە گرنگە هەمیشە جێی شانازییەتی. کۆنگرەی یەکەم، مامۆستایان و شارەزایانی ئەدەب و زمان و مێژووی کوردستانی عێڕاقی تیا بەشدار بوو، لەبەر ئەوە دیمان ئەو بڕیار وپێشنیازانەی، کە لەسەر ئەنجامی لێکۆلْینەوە و دوانێکی زۆر، بە گیانێکی فراوانی دلْسۆزییەوە دایان و

پێشکەشیان کرد، هەست و داواکاری و ئامانجەکانی ئێستەی نەتەوەی کوردی بە چاکی خستە ڕوو، بۆ ئەوەی حکومەتە نیشتمانی‌یەکەمان بیخاتە کۆڕی بەجێهێنانەوە، بۆ نەتەوەی کوردی هاوبەشی عێراقی خۆشەویست.

ئەو بڕیارانە دوولای زوو دەرکەوتووی هەبوو، یەکەمیان ئەوە بوو، کە بڕیار و پێشنیازەکان تەواو جێی خۆی گرتبوو وە کاڵ و کرچ نەبوو، بەڵکو لە پێویستی تەواوی باری خوێندەواریی نەتەوەکەمانەوە سەری دەرهێنا بوو، جگە لەوەی، کە دوای شیکردنەوە و لێ دوانێکی زۆر هێنرایە کایەی بوون و شێوەی دانانیەوە، کە ئەمە وای کرد، ئەو بڕیارانە بە درێژایی مێژووی نەتەوەکەمان نرخێکی دیار و تایبەتی هەبێت وە جێگەیەکی تایبەتی و بە نرخی بۆ خۆی داگیر کرد لە مێژووی ژیانی نەتەوەی کورددا.

دووەمیش ئەوەبوو، کە ئەو بڕیار و پێشنیازانە لە هەندێ سەرەوە بە پێی باری ئێستەی نەتەوەی کورد و دەستەڵاتی فەرمان ڕەوایی کۆمارەکەمان خرایە ڕوو، کە بۆی هەیە لە هەندێ سەرەوە جۆرە گۆڕانێکی لەم لایەنەوە پێ پەیداکردبێت، کە ئەمەش نرخێکی تایبەتی مێژوویی خۆی دەبێت.

لە لایەکی ترەوە، تەنها گرتنی کۆنگرەکە بێ ئەوەی بێتە سەر بڕیار و پێشنیازەکانی، ئەوە ئەگەیەنێت، کە ڕۆشنبیری و جووڵانەوەیەکی بە توانا هەیە بۆ چارەی ئەو کەموکوڕی و نەبوونیانەی، کە نەتەوەکەمان تا ئێستە نەیتوانیوە بە سەریا زاڵ ببێ و لێ ی ڕزگاری بێت، ئەم جووڵانەوەیەش ڕادەی تێ گەیشتن و پێگەیشتنی نەتەوەکەمان دەر دەخات لەبارەی هەستی نەتەوایەتی و

نیشتمانییەوە، ئەمە دەری ئەخا هەر هەوڵدان بۆ گرتنی کۆنگرەکە نرخێکی تایبەتیی خۆی هەیە لەم دەمەدا.

ئەمانە کۆنگرەکەی دەرخست لەشێوەی تایبەتی خۆی دا، سەبارەت بە نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد، شێوەی گشتی کۆنگرەکەش ئەوەیە، کە یەکێکە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی پیرۆز، بەڵکو یەکێکە لەو هۆیانەی، کە مادە سێی دەستووری وەختیی کۆماری عێراق، کە ئەڵێ کورد و عەرەب هاوبەشی ئەم نیشتمانەن، ئەخاتە کارەوە وە ئەنجامی بە کەڵکی پێدەدا لە ئەنجامی ئیش پێکردنیدا وە ئەو ماددەی دەستوورە لەم جۆرە کارانەدا، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ نەتەوەکەماندا هەیە، نرخەکەی دەرئەکەوێت، ئەگینا هەر نووسین ئەبێ لەسەر پەڕە کاغەز.

کەوابوو یەکێك لە خستنەکاری ئەم ماددەی دەستوورە، دانانی بوو بە مافی نەتەوایەتیمان لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، تا ڕێ بە گرتنی ئەم کۆنگرەیە بدرێ و جۆرەها ئیشی تری وا بەکەڵکی پێبکرێت، لە مەشی گرنگ تر ئەوەیە، کە ئەو پێویستییانەی بەم جۆرە کارانە بڕیاری لەسەر ئەدرێ و بەرێگاکانی تری هەوڵ و خەبات دەخرێتە ڕوو، کار بەدەستان بڕیاری لەسەر بدەن و بەجێیبهێنن و بە هەموو شێوەیەکی توانای کۆمارەکەمان یارمەتی و پشت گیریمان بکرێت، لە پێشنیاز و بڕیار و داواکارییەوە بێتە ئیش کردنی ڕاستەوخۆ، لە واقیعی ژیانی نەتەوەی کورددا، ئەوسا ئەمە دەبێتە نموونەیەکی دەرکەوتووی بە جێهێنانی

ئامانجــەکانی مــادە ســێی دەســتووری وەختــی کۆمــارە دیموکراســییە خۆشەویستەکەمان.

بێگومان ئەمە هۆیەکی تریش ئەبێ بۆ پتەو کردنی برایەتیی نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانی عێراق، بەڵگەیەکی ڕاستە و ڕاستی بەتین ئەبێت بۆ لە دەمپێدانی دوژمنانی کۆمارەکەمان و دوژمنانی ژیانی دیموکراسی و سەربەستیی نیشتمانی[1].

[1] ژین، ژ ١٥٥٠ ی ڕۆژی ١٩٦٠/٨/٩، ل١.

**٣ – ٢ – ٢ دەربارەی خوێندن بە زمانی کوردی**

یەکێك لەو پرسە گەرمانەی مامۆستایان و کەسوکاری قوتابیان و خەڵکانی دڵسۆزی کوردی نیگەران کردووە و ڕۆژنامەکانیان سەرقاڵ کردووە، پرسی پرۆسەی خوێندن و ئامادەکردنی کتێبی کوردی بووە لەو قوتابخانانەی کەوا خوێندنی تێدا بەکوردی بووە، یان ئەو قوتابخانانەی کە بڕیاربووە خوێندنی تێدا بکرێت بە کوردی، لەلایەکی دیکەش پرسی سنووری جوگرافیی ئەو ناوچە کوردییانەی کەوا سستی لە جێبەجێکردنی بڕیاری خوێندن بە زمانی کوردی و دواتر ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم پرۆسەی خوێندنی کوردی لەم ناوچانەدا و چەندین پێشهاتی دیکە، کە بوونەتە بابەتی گەرمی ڕۆژ و رووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان داگرتووە، هەروەها دامەزراندن و کاراکردنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری لەو لیوایانەی، کە کورد تیایدا زۆرینەن، یان ڕێژەیەکی زۆر کوردی تێدا نیشتەجێن، بەتایبەتی لە کەرکووك و موسڵ و دیالە و چەند وردەکارییەکی دیکەی پێویست..

ئەوەی جێی سەرنجە، سەرباری بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە، ڕاسپاردەی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ لە کۆڕ و کۆبوونەوە و لەلایەن خودی دانیشتوانی ناوچەکانەوە خراونەتە ڕوو، بەمەبەستی ئاسانکاری لەبەردەم جێبەجێکردنی بڕیارەکانی تایبەت بە پرۆسەی خوێندن، کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی لە ئەستۆی گرتووە.

بۆ نموونە:

## بۆ بەرچاوی بەرپرسان[1]

بەڕێز وەزیری زانیاری

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی

ئێمە، کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە، هاولاتیی کوردی بەری چەپی نەینەواین، ئەم داوایەتان بۆ بەرزدەکەینەوە و تکا دەکەین قوتابخانە بۆ منداڵەکانمان بکەنەوە، کە ئێستا لە قوتابخانەکانی (نینوی ، نعمانیە، المأمون) ی کوڕان و (نینوی ، زبیدە) بۆ کچان و (الافلاز ، العزە)ی ئەحداس دەوام دەکەن، کە تیایدا خوێندن بە کوردی بێت و بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی ببەسترێتەوە، لاریمان لەوەش نییە ئەگەر قوتابیانی کوڕ و کچ تێکەڵبکرێن، بە مەرجێك لەگەڵ قوتابخانەی (النعمانیە) ڕیکبخرێت، چونکە لە ناوەڕاستی ئەو قوتابخانانەدایە، بۆ زانیاریتان بەشی ئەوەندە مامۆستای کورد لە قوتابخانەکانی موسڵدا بوونیان هەیە، کە بتوانن میلاکی ئەم قوتابخانەیە پڕ بکەنەوە.

هەر بۆزانیاریتان ژمارەی قوتابیانی کورد (١٨٥) کوڕ و (٤٨) کچ و (٦٠) قوتابیی قوتابخانەکانی ئەحداسن. کە بەهەموویان دەکەنە (٢٩٣) قوتابی، هەروەك ژمارەی مامۆستا کوردەکان (٩) کەسن.

بە واژووی (٦٢) کەس.

---

[1] دەقی ئەم داواکارییە بەزمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی خەبات، ژ١٠٢، ٢٠/١١/٩٥٩، ل٢، بلاوکراوەتەوە.

## خوێندن وە خوێندەواری

## لێژنەی زایاری کوردستان[1]

بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەمی نەقابەی مامۆستایانی کۆماری عێراق

١- لێژنەی زانیاریی کوردستان لەگەڵ ئەو لێژنانـەدا، کـە نەخراونەتـە ڕژێمـی ناوخۆییەوە، بخرێتە ناویەوە وە بۆ ئەو ڕژێمە بگۆڕێت.

٢- کـۆنگرەی نـاوخۆیی مامۆسـتایانی کـورد، هـەموو هاوینێـك بگیرێـت لـەژێر چاودێری نەقابەی مامۆستایاندا.

٣- یارمەتی (معاونیە) زانیـاری خوێنـدنی کـوردی لیـوای موصـل و کـەرکووك بکرێـت بـە بەڕێوەبەرایـەتی، تـا بڕوانێتـە ئـەو شـتانەی، کـە پەیوەنـدیی بـەو قوتابخانانەوە هەیە، کە لەم دوو لیوایەدان.

٤- ئەو قوتابخانانەی لە لیوای دیالە و کووت و عـەمارە و بەغـدادا هـەن، بـە بەڕێوەبـەرێتی زانیـاریی گشـتیی خوێنـدنی کوردییـەوە ببەسـرێت. هـەر وەکـو قوتابخانەکانی لیوای کەرکووك و موصل.

٥- بەڕێوەبەرێتی زانیاریی گشتیی خوێندنی کوردی پـەرەی پـێ بـدرێت بـەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- شیرازەی وەزارەتی زانیاری بگۆڕدرێت و دەستکاری بکرێت بە جۆرێك، کـە بتوانرێت هەموو ئـەو لکانـەی لـە وەزارەتـدا هەیـە بـۆ بەڕێوەبـەرێتی زانیـاریی گشتیی کوردی دابنرێت.

[1] ژین، ژ١٥٨٩، ٢/٢/١٩٦٠،ل٣.

ب- بەڕێوەبەرێتی زانیاریی گشتیی خوێندنی کوردی، یەکسەر بە وەزیر خۆیەوە ببەسرێت، نەوەك بەجێنشینی وەزارەتەوە (وكيل الوزارة).

٦- وەرگرتن لە دانیشگەی بەغدا و ناردنی قوتابخانە بۆ دەرەوە بۆ خوێندن بە پێی ژمارەی کورد بێت لەچاو ژمارەی گشتیی دانیشتوانی عێراقدا.

٧- کۆلیجێکی پەروەردە لە کوردستانی عێراقدا دابمەزرێنرێت، تا ببێتە ناوەرۆکی دانیشگەی کوردستان.

٨- لیژنەیەك لە شارەزایانی مێژووی کورد پێکبهێنرێ، بۆ دانانی پەڕاوێکی تەواو دەربارەی مێژووی کورد.

٩- هەوڵبدرێت بۆ بەهێزکردن و بنجبەستنکردن و فراوانکردنی بەشی کوردی لە کۆلێجی ئاداب، هەروەها بەشێکی ناوخۆیی بۆ بکرێتەوە.

١٠- دامەزراندنی چاپخانەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبەرێتی زانیاریی گشتیی خوێندنی کوردی بۆ چاپ کردنی هەموو چەشنە پەڕاوێکی کوردی.

١١- ناوی بەڕێوەبەرێتی زانیاریی گشتیی خوێندنی کوردی، بگۆڕێ و بکرێت بە (بەڕێوەبەرێتی زانیاریی گشتیی کوردستان).

١٢- کۆ زانستێکی تایبەتی بۆ خوێندنی کوردی دابمەزرێ.

١٣- دەستوبرد بکرێت لە گۆڕین و دانان و چاپ کردنی پەڕاوی قوتابخانە بە کوردی، پەڕاوی هەموو قوتابخانەکان، کە لەوەپێش پێشنیازکراون. وە لە پێش دەستکردن بە خوێندنی ساڵی تازە، پەڕاوی پێویست بە قوتابخانەکان بدرێت.

١٤- لە جەرگەی هەموو لیوایەکدا، قاعەی تایبەتی دروستبکرێت بۆ پێکهێنانی گورجوگۆڵیی (چالاکیی) ڕۆشنبیری.

١٥- پێکەوەنانی(جەرگــەی کۆمــەڵێکی خوێنــدەوار) لــە یــەکێك لەناوچــە کوردییەکاندا. لەگەڵ دامەزراندنی تاقیگەیەکی تەواودا.

١٦- مەنحەیەکی ساڵانە بدرێت بەگۆڤاری (بڵێسە) و ئەو گۆڤارانەی، کە لە لقی نیقابەکاندا دەرئەچێت، لەگەڵ گۆڕینی ئەو باسە گرنگانەی لە بڵێسە و گۆڤـارە کوردییەکانی تردا بڵاو دەکرێنەوە، وە بە پێچەوانەیشەوە.

١٧- دەورەی تایبەتی هاوینەیی بـۆ مامۆسـتایانی کـورد بکرێتـەوە، بۆئـەوەی وتنەوەی وانە بە کوردی باش فێربن، بە تایبەتی لە لیوای موصلدا.

١٨- قوتابخانــەی ئامـادەکردنی مامۆسـتایان بکرێتـەوە، کـە خوێنـدن تێیـدا بـەکوردی بێـت، هـەروەها دەورەی پـەروەردەیی بـۆ دەرچـووانی قوتابخانـەی ئامادەیی بکرێتەوە بۆ پێگەیاندنی مامۆستا، کە بەکوردی وانە بڵێتەوە.

١٩- نامەخانەی قوتابخانەکان وە نامەخانە گشتییەکان پڕ بکرێن لـەو پـەڕاوە کوردییانەی سوود بەخشن.

٢٠- جەرگـەی خوێنـدنی گـەورە گـەورە لەناوچـە شـاخاوییەکاندا بکرێنـەوە، لەگەڵ بەشی ناوخۆییدا، بۆ ئەوەی خوێندن لەناوچەکەدا باشتر و ئاسانتر بـڵاو ببێتەوە.

٢١- ژمارەی ئەو پەڕی ئەندامانی هـەموو لێژنەیـەك لـە لێژنـە جێگیربووەکـانی شیرازەی ناوخۆیی نیقابەی مامۆستایان، (١٥) بێت نەك (٩) ئەندام.

٢٢- بڕیارەکانی کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد، کە لەشەقڵاوەدا گیرا لەرۆژی ١٠-١٣/ئەیلوول لە گۆڤاری (المعلم الجدید) هەروەها بڕیارەکانی کۆنگرەکانی دواییش بڵاوبکرێتەوە.

٢٣- هەموو ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەی یەکەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورددا درا، کە لە شەقڵاوە لە ڕۆژی ١٠- ١٣/ئەیلوول دا گیرا، کە هێشتا نەخراوەتەوە کایەوە وە نەخراوەتە پاڵ ڕاسپاردەکانی ئەم لێژنەیە، بخرێتە کارەوە.

## خوێندن بە کوردی لە موصل و کەرکووك

### داوای گەرمی هاوڵاتیانە

گەلێ لەدانیشتوانی لیوای موصل و کەرکووك بە زۆری لەم دواییەدا داوایـان لەکار بەدەستان کرد، کە خوێندن لە قوتابخانەکانیاندا بکرێت بـە کـوردی و بـە زمانەکەی خۆیـان ، وەکـو دکتـۆر صـدیق ئەتروشـی وەکیلـی مـدیری خوێنـدنی کوردی گشتی وتوویەتی، کـە خـەریکن ... ! داوای هاولآتیـان جێبەجێبکـەن وە خوێندن بکەن بەکوردی وە معاونێکی مدیری مەعاریفی کوردی دانێن لە موصـل هەر وەك لە کەرکووك دا دانراوە وە هەروەها دکتۆر صدیق ئەتروشی وتوویەتی، کە خەریکن چەند لێژنەیەك دابنێن بۆ دانان و تەرجەمەکردنی کتێبی کوردی بـۆ قوتابخانەی ئیبتدائی وە سانەوی وە هەتا ئێستا چاپکردنی (قرائـەتی کـوردی) تـەواو بـووە و نێـردراوە بـۆ قوتابخانـەکانی موصـل و کـەرکووك وە لـەدوای (تەعتیل) دابەش ئەکرێت بەسەر قوتابیان وە قوتابخانەکاندا، بێگومـان ئەمانـە وە گەلێ شتی تر ئەبوایە دەمێك بوایە بیان کردایە .. وە ئەمە ئێمە دای ئەنێین بە هەنگاوی یەکەم لە جێبەجێکردنی مەعارفی کوردستاندا، بگرە یەکەم بەردی بناغەیەتی، کە هیوامان وایە هەمووی وە بێ وەستان و دوودڵی جێبـەجێبکرێت وە لە هەموو شارەکانی کوردستانی عێراقدا، چونکە داوای هەموو گـەلی عێراقـە و سیاسەتی حکوومەتی نیشتمانییەکە دایناوە لەسەری بڕوات[1].

---

[1] ژین، ژ١٥١٣، ٢٥/٢/٩٦٠، ل١.

وێڕای بڵاوکردنەوەی سەروتار و بابەتی نووسەران، ڕۆژنامەی (خەبات)یش، خستنەڕووی بابەتی خوێندن و فراوانکردنی سنووری جوگرافیی پەیڕەوکردنی بەرنامەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردییان، لە ڕێی بڵاوکردنەوەی داواکاریی کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچانەیە، کە ناوچەی کوردستانین و بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی خوێندن بە زمای کوردی، سستی و ئاستەنگیان کەوتۆتە ڕێ. ورووژاندووە، چەند نموونەیەك وەردەگرین، کە بەزمانی عەرەبی بڵاوکراونەتەوە.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٤) مانگ بەسەر داواکاریی کوردەکانی دانیشتووی موسڵ، جارێکی دیکەش لە ڕێی ڕۆژنامەی خەبات، داخوازییەکانی خۆیانیان دووبارە کردۆتەوە و ڕۆژنامەی خەباتیش لە گۆشەی (داواکاریی هاونیشتمانییان)دا، لە پاڵ داواکاریی چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان، داواکاریی بادینانی بڵاوکردۆتەوە:

## بادینان داوای جێبەجێکردنی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی دەکات

بەڕێز وەزیری زانیاری

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی

بەشێکی زۆری بەری چەپ لەشاری موسڵ کوردن، جگە لەوانەی گەڕەکی (ئەحمەدییە) و (مەکاوی)، بەناوی جەماوەری کورد لە شاری موسڵ، بەپەلە، داوای کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی کوردیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی

گشتیی خوێندنی کوردی دەکەین، بۆ ئەوەی لە سایەی کۆماری عێراقە نەمرەکەمان، بە سەرۆکایەتیی کاك عەبدولکەریم قاسم، مافە ڕەوا دیموکراسییەکانمان پارێزراوبن.

لەجیاتیی (٩٨) واژوو: صبغەتوڵڵای مزووری، نوری خەلیل بامەڕنی، ڕەمەزان موحسین، خالید عەلی یوسفی، سەعید عەبدوڵڵا حەللاق، خزەیر یونس، ئیبراهیم عیسی، زوبێر صوبحی، سۆفی حەسەن، محەمەد عەلی، ئەحمەد یوسف، عەبدوڵڵا عوسمان، عوبێد محەمەد، محەمەد یوسف، یەحیا حەمید، محەمەد فەتۆ، حوسێن سولەیمان،، سولەیمان ئەلیاس، ئەحمەد ڕەشید، جەمیل خەلیل، سەفەر محەمەد، عەلی صالح، ئەحمەد حەسەن، شاکر عەلی، ئەمین محەمەد بەرزنجی، ڕەسوڵ محەمەد، محەمەد یوسف، خەلیل شەمسی، ئەمین عەلی، صالح کالی، ئەحمەد حوسەین، صوبحی حەصا، فارس نوعمان،محەمەد سەلۆ، صادق سولەیمان، حوسامەددین محەمەد، شێخ موسا جاسم، عوسمان محیەددین، عەبدوڵڵا سەلیم، شلجۆ عوسمان، شلجۆ عەبدۆ، مەحموود ئەحمەد، علی عوسمان، عومەر ئەیوب، موراد حەسەن، عەلی ئەحمەد، شێخ محەمەد، داود ئیبراهیم، یونس محەمەد نیسان کەکۆ، تۆفیق عەبدوڵڵا، خەلیل ئیسماعیل، سەلمان عیسی، جیهانگیر ڕەشید، عەبدی زیاب، عابد مستەفا)[١].

[١] بڕوانە: خەبات، ژ ١٨٤، ٩/٣/٩٦٠، ل٣.

بڵاوکردنەوەی داواکاریی ناوچە کوردییەکان بەردەوام بووە:

**داواکاریی شەنگار**

بەڕێز وەزیری زانیاری

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی

زانیومانـە، کـە قەزاکـەمان نـاوی لـە نێـو سیسـتەمی بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتیی خوێندنی کوردیدا نەهاتووە، لە کاتێکدا زۆربەی زۆری دانیشـتوانەکەی کـوردن، بۆیە بە ناوی هـەزاران کـوردی قـەزای شـەنگار داواتـا لێدەکـەین، کـە هەرچـیی زووە، قەزای شەنگاریش بخرێتە نێو چوارچێوەی سیسـتەمی بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتیی خوێنـدنی کـوردی، وەك مـافێکی ڕەوا و بـۆ پتـەوکردنی یەکیـەتیی برایـەتیی کـورد وعـەرەب لـە ژێـر سـێبەری کۆمـاری عێراقـی نـەمرمان، بـە سەرۆکایەتیی تاکە سەرۆکمان، عەبدولکەریم قاسم.

لە جیاتیی (٧٧) واژوو: (حەسەن حوسـەین، عـەلی حـاجی خـدر، عەبدولحەمیـد عـەلی، سـولەیمان ئـەلیاس، جـەردۆ سـوڵتان، محەمـەدی حـاجی خـدر، عـەلی سوڵتان، محەمەد یەحیا، موسا حاجی خـدر، عـەلی صـەنۆ، سـولەیمان حـاجی، ئەلیاس حەیدەر، شوکر عەلی، قاسم عەلی، عیسا بەکر، خەلەف ئـەلیاس، ڕەفـۆ مەتۆ، خەنوش سوڵتان، ئەلیاس وێردۆ، موراد شڤان، محیّ عەلی ئاسـوور خـدر، عەلی صالح، ئیبراهیم عـەلی، صـالح بـەدەل، مەجیـد بـەدەل، عەفـدۆ خەڵـەف، شوکری بەرواری، ناجی شوکری، ڕەشید خەلیل، ئیسـماعیل خـەلیل، عەبـدوڵلا ئەحمەد، ئەحمەد خدر، یوسف هەمزە، شڤان عەمۆ.

**داواکاریی بامەڕنی**

بەڕێز زەعیم عەبدولکەریم قاسم

بەڕێز بەڕێوەبەری زانیاری

بەڕێز بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی

ئێمە جەماوەری کوردین لە بامەڕنی، پێشتر بە دەیان برووسکە و مەزبەتەمان دەربارەی جێبەجێکردنی داواکارییە دیموکراسییە ڕەواکانمان لەبارەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردستان، پێشکەشکردوون بۆ خوێندن بەزمانی کوردی لە تەواوی قوتابخانەکانی کوردستان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی کەمە نەتەوایەتییەکان، تا بە کەرەمی ڕەزامەندیی  ئێوە داواکەمان گیرابوو و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی دامەزرا و کۆنگرەی مامۆستایانی کوردی لە شەقلاوە بەدوادا هات، بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنگرەیە بوونە جێی ستایش و پێزانینی جەماوەر بۆ دڵسۆزیی پێشەوایەتی نیشتمانیی بوێرانەی بەڕێزتان.

بەڵام بەرنامەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە و بڕیارەکای کۆنگرە لە قەزاکانی لیوای موسڵ جێبەجێ نەکراون، کە ئەمەش لەگەڵ ئەو ئامانجانە یەکناگرنەوە، کە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەیان لە پێناودا دامەزراوە، هەروەك پێچەوانەی پەیڕەوی دیموکارسییەتی کۆمارەکەمانە، کە جەخت  لەسەر ڕاستەقینەی برایەتیی کورد و عەرەب دەکاتەوە.

بۆیــە داوای جێبــەجێکردنی داواکارییــەکانمان دەکــەین و داوای جێبــەجێکردنی خوێندنی کـوردی و جێبـەجێکردنی بڕیارەکـانی کـۆنگرەی مامۆسـتایانی کـورد دەکەین، داوا دەکەین لایەنە پەیوەندیدارەکان ناچاربکەن بۆ جێبەجێکردنیان.

ئێمە سەربازی پێشەنگی گیانبـازین بـۆ کۆمـارە بەنرخەکـەمان، بـە تۆکمـەیی و دووربینیی سەرکردایەتیی ئێوە.

بە (١٠٥) واژوو.

## خوێندن بە کوردی

## وە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاریی کوردی[1]

بۆمان هەیە جارێکی تریش لەسەر خوێندنی کوردی و بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردی بنووسین و خۆزگە ئەم باسە پێویستی بە دووبارە نە ئەکردەوە و هەر وەکو چۆن بۆی نەخش کرابوو وا جێبەجێ ئەکرا و چۆن داواکرابوو و بڕیاری لەسەر درابوو لەسەر ئەو ڕێ و شوێنە ئەڕۆیشتن. لەجیاتی نووسین لەسەری و داواکردن لە هەموولایەکەوە ڕەزامەندی و سوپاس پیشانئەدرا. بەڵام ساڵی یەکەم ڕۆیی بەسەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردیدا وە گەلێك جار داواکرا و نووسراو خرایە بەرچاو، کە هیچ بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نەکراوە، یا گیانی نەکراوە بە بەرا وە وامان زانی داوا ونووسینەکان جێی خۆی ئەگرێ، هیچ نەبێت بۆ ساڵی دووهەم کار ئەکا، بەڵام وا ساڵی دووهەمیش خەریکە ئەڕوا، خوێندن دەستی پێکرد و قوتابخانەکان کرانەوە و قوتابییان بێ ئەوەی کتێبیان بێت، ڕوویان کردە قوتابخانە و ئەو بڕیارەی درابوو، کە کتێبی کوردی دابنرێت، هەروا مەرەکەبەکەی لەسەر کاغەز وشکبۆتەوە و ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلاّیەی، کە درا بۆ گۆڕینی عەرەبی بۆ کوردی و دانی زاراو هەمووی خرایە پشتگوێ. دیسانەوە بۆمان هەیە بپرسین ئایا بۆچی حەز ئەکەن بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی هەر بێ گیان بمێنێتەوە و بێ دەسەلاّت بێ وە هیچی پێنەکرێ.؟

[1] ژین، ژ١٥٧١/ ٢٧/١٠/٩٦٠

ئایا دەسەڵاتدان بە بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دراوە وە پەیڕەوی دەستوور کردن، شتێکی پڕ مەترسییە.

ئایا بڕیاری تەواوی نەدرابوو، کە خوێندن لە هەرچوار لیواکە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بکرێ بە کوردی وە کتێبیان بۆ دابنرێت؟.

ئایا بڕیار نەدرا، کە معاونی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری لە کەرکووك و موصل و بەعقوبە دابنرێت؟ ئەی بۆچی دانەنرا وە بۆچی لەکەرکووك دانرا و لەپڕ لابرا! ؟

ئایا بڕیار نەدرابوو، کە وردە وردە خوێندنی ناوەندی و سانەوی، لەو چوار لیوایە بکرێت بە کوردی؟ ئەی بۆچی گوێی لێ کەڕکراوە.

ئایا جێبەجێکردنی ئەمانە بە شتێکی زۆر ئەزانرێ؟

لای هەمووکەس ئاشکرایە، کە جێبەجێکردنی ئەمانە، یەکەم هەنگاوە بۆ پەیڕەوکردنی مادە (٣) وە بچووکترین مافە، کە ئەدرێ بە گەلی کورد لە عێراقدا. هەموو کەسێك لەو باوەڕەدایە، کە جێبەجێکردنی ئەو داوایانە وە زیندووکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری کوردی وە دەسەلاَت پێدانی خزمەتێکی گەورەی یەکێتیی نیشتمانی ئەکا و هۆیەکی گەورەیە بۆ پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەب لە عێراقدا و یەکەم هەنگاوە، کە حکوومەتی جەمهوریەت ئەی نێت بۆ دان نان بە مافی گەلی کورددا وە پەیڕەویکردنی ماددە (٣) لە دەستووری موەقەت.

وە ئەگەر بە پێچەوانەوە کاروبار ڕۆیشت وا هەموو ئەنجامێکیشی هەر پێچەوانە ئەبێت.

**هاتنی وەزیری زانیاری بۆ سلێمانی**

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٤/١٢/١٩٦٠ زەعیم ڕوکن ئیسماعیل عارف وەزیری زانیاری بە یاوەریی دکتۆر عەباس تەها نەجم بەڕێوەبەری گشتیی زانیاری و مامۆستا عەزیز قادر بەڕێوەبەری گشتیی زانیاریی کوردی، گەیشتە شاری سلێمانی، ناقەبای مامۆستایانی سلێمانی ئامادەکارییەکی بە بەرنامەیان ڕێکخستبوو و توانییان ئەو دەرفەتە بۆ بەرژەوەندیی داوا ڕەواکانی نەقابەکەیان بقۆزنەوە و هەلی ڕاگۆڕینەوە و خستنە ڕووی پرسەکان بڕەخسێنن و وا لە وەزیر بکرێت لە بواری خوێندن و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی، چەندین بەڵێنی دیکەی بە بایەخ بدات.[١]

نەقابەی سلێمانی ئەم دەرفەتەی بەهەلزانی، بۆ ئەوەی یاداشتنامەیەك دەربارەی پرسە گرنگەکانی بواری خوێندن و پەروەردە پێشکەش بە سیادەی وەزیر بکەن[٢].

[١] بۆ وردەکاریی زیاتری سەردانەکە، بڕوانە  ژمارەکانی ١٥٧٥، ١٢/١٢/٩٦٠ و ١٥٧٦ ، ١٥/١٢/٩٦٠ی ڕۆژنامەی ژین.

[٢] ئەگەرچی زۆربەی ئەو خاڵانەی لەیاداشتنامەکەدا هاتوون، بڕیار و ڕاسپاردەی هەردوو کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایان و چەند جارێکی دیکەش لە پێشتردا، ئاڕاستەی وەزیری زانیاری کراون و لە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی خراونەتە بەردیدی بەرپرسان و خوێنەران، بەڵام بەهۆی نەدرانەوەی وەڵامێکی کردەیی، لە هەردەرفەتێکدا، وەك پرسێکی زەق، خراونەتەوە ڕوو.

## یاداشتی لقی نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی

که درا به سیادەی وەزیری زانیاری[1] لە گەڕانەوەی بۆ بەغدا:

سیادەی وەزیری زانیاری بەڕێز

سلاوێکی گەرمتان پێشکەش

هاتنتان بۆ شارەکەمان وە تەشریف هێنانتان بۆ کردنەوەی سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکەمان وە دابەشکردنی خەلاتی نەقابە بەسەر ئەو مامۆستایانەی، کە چوار یەکە سەدەیەك یا پتر ڕاژەی مامۆستایەتییان هەیە، خۆشییەکی تەواوی دا بە دلمان، هەروەها، کە لە ئاهەنگەکەدا فەرمووتان((من هەولی پێشخستنی خوێندەواری و فراوانکردنی دەسەلاتی بەڕێوەبەرێتی گشتیی زانیاریی کوردی ئەدەم)) هیوای خستە دلمانەوە، کە بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو هەنگاو ئەنێت بۆ پێشەوە، تا بتوانێت پێویستیی سەرشانی خۆی بەجێبهێنێت لەو کاتەی، کە سوپاسی هاتنتان دووبارە ئەکەینەوە وە بەم بۆنەیەشەوە پێشنیاز و داواکاریی ئەندامانی لقی نەقابەتان بە کورتی پێشکەش ئەکەین بەو هیوایەوە، کە بخرێتە بەرچاوتان بۆ بەجێهێنانی بەوەی، کە ڕاژەی گشتیی تێدایە.

١- پشتگیریکردنی دەسگای بەڕێوەبەرێتی گشتی زانیاریی کوردی بۆ بەڕێوەبردن وە هلسووڕاندنی کاروباری بە شێوەیەکی باش وە دەسەلاتی

---

[1] ژین، ژ ١٥٨٤، ١٩٦١/١/١٦، ل٢.

تەواوی بدرێتیٚ، هەروەها یارمەتیدەری بەڕێوەبەری زانیاریی لیوای کەرکووك و موسلٚ دابنرێت بۆ خوێندنی کوردی ،کە تازە پێکهاتووە بۆ دانانی ڕادەی دەسەلاٚتی بەڕێوەبەرێتی گشتیی زانیاریی کوردی، تکاشمان وایە، کە دەسەلاٚتی لەسەر ڕۆشنایی پێشنیاز و بڕیارەکانی هەردوو کۆنگره ناوخۆییەکەی مامۆستایانی کورد له شەقلاٚوه بۆ دابنرێت.

٢- خێرا چاپکردن و بلاٚوکردنەوەی ئەو پەڕاوه دانراو و وەرگێڕدراوانەی ئەو (لێژنانەی وەزارەتی زانیاری، کە لەڕێگەی بەڕێوەبەرێتی گشتیی زانیاریی کوردییەوه پێکیهێنابوون، دایان ناوه بۆ ئەوەی له تاقیکردنەوەی تەواوکردنی بەرنامەی سالٚدا، کەلکی لیٚ وەربگیریٚ و فریا بکەوێت.

٣- بەردەوام بوون و زۆرکردنی کردنەوەی دەورەی تایبەتی بۆ مامۆستایانی کورد، بۆ پتەوکردنی شارەزایی لە زمانی کوردیدا وه بۆ فێربوونی وتنەوەی زمانی کوردی وه درێژکردنەوەی ماوەی ئەم دەورانە، کە لە (٤٥) ڕۆژ کەمتر نەبێت.

٤- زۆرکردنی کردنەوەی قوتابخانەی مامۆستایانی کوڕان و کچان و وەرگرتنی زۆرترین ژمارەی قوتابیانی کوڕ و کچ ، بۆ پڕکردنەوەی کەمیی ژمارەی مامۆستایانی لیواکەمان.

٥- زۆر کردنەوەی بەشی ناوخۆیی (الاقسام الداخلیه) لە لیواکەماندا، بۆ وەرگرتنی قوتابیان له هەموو سالێکدا.

٦- پاراستنی مافی ئەو مامۆستایانەی، کـە لـە دەرچـووی قوتابخانـە (ریفـی و ئەوەلی) یەکانن، کە بەڕێوەبردنی قوتابخانە بدرێت بەوانەی بەتوانان، بێئـەوەی سەیری شەهادەیان بکرێت.

٧- بەرزکردنەوەی موحازەرات بۆ لەسەدا ٧٥، هەروەك ساڵی پێشوو.

٨- هاتنە قوتابخانە لە مانگەکانی کانوونی یەکەم ودووهەم و شوبات دا بکرێتە یـەك دەوام، لەبـەر سـارد و سـەرمای ئـەم ناوچـەیە، کـە ڕێ لـە خوێنـدنی دوو دەوامی ئەگرێت.

٩- کردنەوەی قوتابخانەیەکی ئامادەیی و ناوەندی تـر لـە شـاری سـلێمانیدا و کردنەوەی قوتابخانەی ئامادەیی قەزای پێنجوین.

١٠- دانانی بودجەیەکی تایبەتی بۆ قوتابخانەکانی شەو، کە هی بەڕێوەبـەرێتی زانیـاری لیواکـانن، لـەکاتی ڕێکخسـتنی بودجـەی سـاڵانەی گشـتی، هـەروەکو قوتابخانـەکانی ڕۆژ، بـۆ ئـەوەی ئـەمانیش هـەر لـە سـەری سـاڵەوە، یەکسـەر بکرێنەوە.

١١-    تکایـە هـەوڵی گوێزانـەوەی بەشـە کوردییەکـەی گۆڤـاری (الاجیـال) ی نەقابەی مامۆستایانمان بۆ بدەن بۆ سلێمانی، لەبەر ئەوەی، کە توانای تایبەتی و هەموو مەرجەکانی هونـەری و خوێنـدەواری لـە بـەینی شـارەزایانی کـوردی و بوێژ و نووسەرەکانی دا هەیە، کە ئەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕادەی زانیارییـان و پەروەردەیی گۆڤارەکە و ئەبێتە هۆی ڕاژەی بەرەی مامۆستایان و فێرکردن و خوێندەواریی کوردی.

١٢-     خێراکردن لە زیادکردنی مووچەی ئەو مامۆستایانەی، کە بە ڕێگەی پێشخستن (قدم) مووچەکانیان زیاد ئەکات، ئەوانیش وەکو هاوڕێ مووچەخۆرەکانی تریان.

١٣-     پاراستنی مافی مامۆستایان و نەهێشتنی هێرش بردنە سەریان و کۆڵینەوە لە مەسەلەی مامۆستا گیراوەکان وە سەیرکردنی ئیشەکانیان بەپێی گونجانیان لەگەڵ ڕاژەی گشتی، هەروەها تکامان وایە مامۆستایان بە ئیداری نەگوێزرێنەوە، کاتی ئەم گوێزانەوەیەش چاکتر وایە، کە هۆیەکانی پێویستی ئەم گوێزانەوەیە دەربخرێن.

لێژنەی ئیدارەی لقی نەقابەی مامۆستایان

لە سلێمانی.

## خوێندەواری و زانیاری

## پێشخستنی بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردی[1]

نەقابەی مامۆستایان لەم دواییەدا، یاداشتێکیان دا بە سیادەی وەزیری زانیاری دەربارەی خوێندنی کوردی وە پێشخستنی بەڕێوەبەرایەتیی زایاریی کوردی وە دەسەلاّتەکانی، وا لێرەدا بلاّوی ئەکەینەوە:

بۆبەڕێز سیادەی وەزیری زانیاری

کۆنگرەی مامۆستایانی کورد، کە ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٩دا لە شەقلاّوە بەسترا، کارێکی گەورەی کردە سەر دڵ و دەروونی گەلی کورد لە عێراق دا. هاتنی ئێوەش بۆ کۆنگرەی دووهەم لە هەولێر لە ئابی ٩٦٠دا وە گەیاندنی سلاّوی سەرۆك عەبدولکەریم بە ئەندامانی کۆنگرەکە وە ئامادەبوونی وەزارەتی زانیاری بۆ پێشخستنی بەڕێوەبەرێتی زانیاریی کوردی، دووبارە کارێکی گەورەی کردە سەر دڵ و دەروونی ڕۆشنبیرەکانی کورد لە ڕۆڵەکانی گەلی عێراقی بەڕێز، ئەم دوو کۆنگرەیە دەستپێشکەریی وەزارەتەکەتان بۆ پێکهێنانی بەڕێوەبەرێتی گشتی ناوبراو، کارێکی باشیان هەبوو بۆ چەسپاندنی برایەتی لەنێوانی گەلی عێراقدا، بە جۆرێ ،کە لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشەکەی چواردەی تەمووز و ئاواتەکانی گەلی عێراقدا بگونجێ، کە ڕزگاربوونی نەتەوایەتی و دەرچوونی لە کۆت و پێوەندی دەوری گۆڕبەگۆڕکراوە.

مامۆستایان زۆر دڵشادبوون بەو هەنگاوانەی، کە وەزارەتی زانیاری لەپاش شۆڕش نای وە مافی ڕۆشنبیرییدا بە نەتەوە هاوبەشەکانی عێراق،

---

[1] ژین، ژ ١٦٨٧، ١٩٦١/١/٢٦، ل١.

کوردەکانیش هەر بەهیوا بوون، کە ئەم مافەیان زیاتر پەرە بسێنێ و فراوانتر بێت، هەرچەندە کۆمارەکەمان خێراتر لەسەر ڕێبازی دیموکراتی و ئازادیی نەتەوایەتی بڕوا بەرەو پێشەوە، ئەوەبوو ئێمەش بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کوردمان گەیاند بە وەزارەتەکەتان، وە بەڵێنتاندا، کە کەڵك لەو بڕیار و پێشنیازانە وەربگرن، وە هەندێکیانی جێبەجێکرا و هەندێکی تریشیان دوا خرا، تا بە شێنەیی ئەوانیش جێبەجێبکرێ بە گوێرەی توانا ماددی و پەروەردەکاری. وە هەروەها بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمیشمان پێ گەیاندن، بەلاَم هیچ نیشانەیەکی پێشکەوتنمان لەم ڕووەوە نەدی بۆ پێشخستنی خوێندەواریی کورد، وەك بەشێك لە خوێندەواریی عێراق. بەداخەوە بینیمان بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی کوردی، دەسەلاَتی هونەری و هەڵسووڕاندنی لێ سەندراوە، لەبەر ئەوە مەسەلەی پێدانەوەی ئەو دەسەلاَتانەی، کە بەگوێرەی پەیڕەوی وەزارەتی زانیاری دراویەتیێ، خواستێکی زۆر گرنگە سەبارەت بە مافی خوێندەواریی نەتەوەی کورد. هەروەها دووبارە داواکردنەوەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەو دوو کۆنگرەیە، بێ سوودە ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی ناوبراو و لقەکانی دەسەلاَتی تەواویان نەدرێتێ. بەم بۆنەیەوە، ئێمە داوا ئەکەین لە سیادەتتان زۆر بەتەنگ  ئەم مەسەلەیەوە بێن، بە جۆرێ، کە لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشەکەی چواردەی گەلاوێژ  ئەو گفت و بەڵێنانەدا بگونجێ، کە ئەڵێ کۆمارەکەمان سوورە لەسەر پێشخستنی ڕۆشنبیریی نەتەوە هاوبەشەکان لە عێراقی نوێدا. ئیتر چاوەڕوانی وەلاَمی سیادەتتانین لەگەڵ سلاَو و سوپاس دا.

دەستەی بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایان.

## زمانی کوردی، هۆی پێشکەوتنی چین؟[1]
## پێویستەکان چین؟ بۆئەوەی کە دەرسەکان لە قوتا بخانە بەکوردی بخوێنرێت.

هێمن

لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی ژینی خۆشەویست ژمارەی (١٦٠٩)ی نوسراوێك سەرنجی ڕاکێشام سەبارەت بەوە، کەوا دەرسەکان بەکوردی ناخوێنرێن لە قوتابخانەکاندا؟ ڕوونە لە هەمووان، کە خوێندەوارانی کوردی بەشەرەف لە دەربارەی لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی هەموو کەموو کوڕیی کەوا هەیە، لە ڕێبازەکانی زمانی کورد هیچ دریغی نەنوێنراوە، چونکە بەرزبوونەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردی ئاواتی هەموو کوردێکی بەشەرەفە، ئەوەش یەکێکە لە ئەرکە مێژوویەکان، کە لەسەر شانی هەموانە، کە ئەو ئاواتە لە جۆری قسە و باس و نووسین دەرچێت و بێتە کۆڕی کردارەوە، بۆ قەلاچۆی سوپای نەزانین و نەخوێندەواری.

زمانی کوردی لەو زمانانەیە، کەوا پاش چەرمەسەری و چەوسانەوەی سەدەها ساڵی پڕ مەینەتی و سزا وچەوسانەوە پاش چەندەها داگیرکردن و قەلاچۆکردن ڕاوەستاوە.

ئەو هەموو هێزە، کە بریتی بوون لە زوڵم و زۆردرای و چەوسانەوە و ئاوارەبوون و ناهەمواری و بێبەش بوون لە خێر وبەرەکەتی ولاتەکەی، نەیتوانیوە کەلێن بخەنە زبانی کوردییەوە و بگرە وەك کێوێکی بەرزی سەخت،

[1] ژین، ژ١٦١٣، ١٩٦١/٥/١٥، ل٣.

بەربەستی ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلاّ و دڕاندانەی کردووە، کە ویستوویانە زمانی کوردی بگۆڕن، یا لە ڕەگوو ڕیشە دەری بێنن، یان بیتوێننەوە.

ڕاستە، کە ئەڵێن ئەوەندەی غەیرە بەتو خەریکە خۆت بەکاری خۆتەوە خەریك نیت. زمانی کوردی زمانی مەزن و پڕ هەست، خاوەن مێژووی دەوری شێرانە، جێی شانازی و باسی مەزنی لەلایەن زانا و موستەشریقەکانی ولآتانی گێتی.

ئەو زمانە کەوا بەو دەورە سەختەدا تێپەڕیوە و بەسەری زاڵ بووە و ماوەتەوە، چۆن تەنها تۆزی لەڕەنگ و بۆی نەگۆڕیوە، ئەمڕۆ، کە ئێمە ئەرکی مێژووییمان بەسەر شانەوەیە بەرانبەر بە گەلەکەمان، ئەمڕۆ، کە ڕۆژی ڕیشەکێشی ئیمپریالیزم و ولآتفرۆشانە، ڕۆژی زانیاری و پشکنینی گەدوون. پێویستە تێکۆشانمان بەو جۆرە بێت، کە زمانەکەمان بگەیێنینە ڕیزی زمانەکانی گەلانی گێتی و شوێنی خۆی مستکەوێتەوە.

دڵسۆزان: هەموو ئەزانین، کە ئەنجامی شۆڕی نیشتمانی دیموکراتیی ١٤ی تەمووزی نەمر، کە قەلاّی ئیمپریالیزمی ڕماند، هەر لەو ڕۆژەوە، بۆ یەکەمجار گەلی کورد و عەرەب مافە لەدەس چووەکانیان مستکەوتەوە، هەموو ڕوویەکی ژیانەوە و هەروەك لەیاسای شۆڕش یاسای موەقەت، کە ئاشکرا و ڕوونە لە هەمووان، کە گەلی کورد و  گەلی عەرەب لە کۆمارە مەزنەکەدا هاوبەش و هاوکاری یەکن، لە هەموو ڕوو چەشنی هەنگاوەکانی کۆمارەوە. ئەوەی شایانی باسە یەکێ لەو ئاواتە مەزنانە، کە ساڵەهاساڵە گەلەکەمان چاوەن داری بووین،

ئاخافتـدانێکی بـێ هـەمتا بـە زمـانی کـوردی بـدرێت، بـە جۆرێـك کـەوا شـوێنی ڕلستەقینەکەی خـۆی لـە مستچـوو بـۆ بگێڕدرێتـەوە، بـەڵێ دان و دامەزرانـدنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاریی کوردی، غونچەی تازە پشـکوت و گەشـایەوە، بەڵام بەداخەوە ئەڵێن هەرچەندە ئەرکێکی مەزنـە لەسـەر شـانی، بـەڵام هێشـتا لەسەرەتای هەنگاونانایە، کاری بنچینەیی، کە لێی چاوەڕوان ئەکرا، تـا ئێسـتا بەجێنەگەیشــتووە و نــەبینراوە، ئــەویش هەڵســانە بــە بڕیــاردانی خوێنــدنی دەرسـەکان لـە قۆناغـەکانی قوتابخانـەکانی لـە کوردسـتانی عێـڕاق، کـە ئەمـە هەنگاوێکی گەورەی زانیارییە و لەلایەکی تریشەوە وەك ڕوونە لێمان، زۆر لێژنە پێکهێنرا لە ڕووە پێویستییەکان، سـەبارەت بـە دانـانی پرۆگرامـی قۆناغـەکانی قوتابخانە، کە تا ئێسـتا هـیچ بەرهـەم هاتوویـەکیان نەهاتۆتـە کایـەی کـردار و پەیڕەویەوە بێتەوە سەرەو کارری ئەو هۆ مەزنە، کەوا پێویستە کەڵك لە زانـا و خوێندەوارە مەزنەکانی کـورد وەربگـیرێ و یاریگایـەکی فـراوان  جێگیربێـت لـە نێوان ئەوان و بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی گشتیی کوردییەوە، سەرەڕای ئەوەش دڵنیاین لەوە، کە کاربەدەستانی کۆماری، هۆی هەرە گەورەن و  بەردەوامن لـە هەنگاونانی پڕ کەڵك و سوود پڕ مەبەس و هیوای ئەومانە، کەوا هۆکـانی کـەموو کوڕی و کەمتەرخەمی و سستی نەهێڵرێت لە نێـوان بەڕێوەبەرایـەتیی نـاوبراو و ئاخفتدانێکی فراوان بدەن بەم بەشە کەوا کـەڵکێکی مـەزنی هەیـە چـی لـەڕووی گەل و نیشتمان و کۆمارەوە، چونکە هەر خوێندنە گەل ئەگەیێنێت بە هـەنگاوە پێشکەوتووەکانی گەلانی جیهان.

### ٣ – ٢ – ٣ دەربارەی زمانی یەکگرتوو

لـه نێـو وتووێـژەکانی لێژنـەی زمـان لـه کـۆنگرەی یەکـەمی نـاوخۆیی مامۆستایانی کورددا، یەکخستنی زمانی کوردی خاڵێکی گرنگ بـووه، لێژنەکـه به ئەرکێکی نەتەوەیی گرنگـی زانیـوه، کـه ئاڕاسـتەیەك دەستنیشـان بکـات بـۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت، هەر لـەو کـۆنگره مێژووییـەدا، پێشـنیازی یەکـەمی لێژنەی زمان، که دەنگـی لەسـەر دراوه، ئەوەیـه، کـه زمـانی خوێنـدنی کـوردی شێوه سۆرانیەکەی بێت، بـه مـەرجێك بـه وشـەو زاراوەی شـێوەزارەکانی دیکـه دەوڵەمەنـد بکرێـت و بەیاسـاکانی ئـەوان ڕێکبخرێـت، کراوەتـه بڕیـار و بەرزکراوەتەوه بۆ وەزارەتی زانیاری و لەوێشەوه پەسەند کراوه.

لـه کـۆنگرەی دووهەمیشـدا، دیسـان دوای مشـتومڕ و بۆچـوونی جـودا لـەبارەی زمانی نووسین و خوێندن، بڕیار لەسەر ئەوه دراوەتەوه، که شێوەزاری سـۆرانی بکرێته زمانی ستاندەر و به شێوەزارەکانی دیکه موتربه بکرێت.

دوای بڕیاری هـەردوو کـۆنگره و دوای دامەزرانـدنی بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتیی خوێندنی کوردیش، ئەم بابەته بووەته جێی مشـتومڕی نووسـەر و ڕۆشـنبیرانی کورد، هەوڵی هەمەلایەنه دراوه، ئێمـه لێـرەدا هەنـدێك لـەو تێبینـی و سـەرنج و نووسینانه دەخەینه ڕوو، بۆچوونی خۆشمان تێکەڵ به بابەتەکان ناکەین، بەڵام پێمـان وایـه ئـەم باسـانه دەرهاویشـتەی بەسـتنی هـەر دوو کۆنگرەکـانی مامۆستایانی کوردن، که لەشەقلاوه بەسـتران و لـەو ڕۆژانـەدا نووسـراون، یـان باسکراون، بۆیه خستنەوه ڕوویان، به پێویست دەزانین.

ڕۆژنامەی ئازادی لە گۆشەی (دەنگی بادینان) دا، ئەم بابەتەی بلاو کردۆتەوە:

## لسەر خواندنا ئەزمانی کوردی[1]

چە شك تێدا نینە ئەڤ پێنگاڤا حکمەتا شورەشامە هاڤیتی، پینگاڤەکا بەرکەفتی بوو. بدرست کرنا مدیریەتا معارفا ـ ئەزمانی کوردی . ئو ئەم حسێب کەین شوان دەستکەفتا بدەست ملەتی ئێخستن.

ئو دیسا دبیتە تأکیدك لسەر بنەجهکرنا مادێ ٣ ژ دەستوورێ جمهوریەتا مە یێ موقت. درست کرنا ڤێ مدیریەتی، حەقەك ژ حقوقێت ملەتێ کورد ێت قەومی ئەو ژی خواندنە بئەزمانێ خۆ پێش چاڤ گر. ئو ئینا دحالی دا.

بەلێ ڤێجا تشتەکی دی یێ هەی دبێت ئەم ژ بیرا خۆ نەبین: پێك ئینانو جێ بجێ کرنا ڤێ مدیریەتی ژ ناحیا ئازادی ڤە گەلەکا بساناهیە، لێ بەلێ جێ بەجێ کرنا خواندنێ بخۆ ـ من ناحیة التطبیق ـ نەوەسا ب ساناهیە ئو پیچەکا زەحمەتی یا تێدا هەی. ئو هندە تشتێت هەین دڤێت ئەم دانینە بەر چاڤێت خۆ ئو هزر تێدا بکەین. ئەو ژی ئەڤەنە:

١ـ ئەم هەمی دزانین کو ئاخافتنا کوردە هەمی نە وەك ئێکە . گەلەك تخمن. هەر هندەك بلەهجەکی د ئاخڤن. ئەڤە سۆرانیە، واهنی بادینینە ، یادی بوتانیە ئو فەیلی ئو ..

تشتێ مە دڤێت ئەم بێژین ئو دانینە بەر چاڤێت خواندەڤانا ئەڤەیە:

[1] ڕۆژنامەی ئازادی: ژ/٣٢ لا/٥ ١٩٥٩/١٠/٢٥

ئاخافتنا كوردی گەلەك لەهجەنە، ئەڤ لەهجەیت پەیدا بوین ژ بەر هندە رویدانو زروفێت ئابوری ـ اقتصادی ـ تاریخی و سیاسی .. رژێما دەرەبەگی ـ نظام الاقطاع ـ كوردستان هەمی ڤی گرتبو ڤێجا ڤان دەرەبەگا، حاكم و میرا ئو دا هەر ئێك جهیٚ حكمیٚ خو ژ ییٚ دیٚ پارێزیت، ئو نەهێلیت حاكمی دی ئان میریٚ دی دەستیٚ خۆ درێژ كەتە ناڤ جیٚ ئەو حكمیٚ لیٚ دكەتن.

ئو كوردستان هەمی لەبن حوكمیٚ سلطانی عوسمانی ئو شاهنشاها عەجەمی بو، ئەم حكمێت ژی رژێمی دەرەبەگی بو ئو گەلەك پاش كەفتی بو.

ئو دیسانەكی ڤەگرتنا ئیمپریالیزما ئینگلیزی ئو حكمیٚ مەلەكی ییٚ هاشمی بن گۆر، كوردستانا عێراقیٚ پشت گوهیٚ خۆ ڤەهاڤیتبو. ماتی ژی نە دگر رێكێت ئۆتۆمبیلا نە ڤە كرن لنا بینا رۆژهەلات و رۆژئاڤا كوردستانا عێراقیٚ ئو هەر هوصا هەردو  پارچە مانە ژ ئێك دویر تیٚ كەلیا ئێك نە دكر.

ڤێجا هوصا یا مای تاكو ئەڤرۆ ئو كورتیامە گۆتی خلاصا ئاخاڤتنامە كری ئەڤەیە: نوكە دڤیٚ دەمی دا ئاخافتنا كوردی گەلەك لەهجەنە جە ڤێجا ژ بەر چە بیت ئان چە سەبەب.

٢– ڤێجا پشتی مە ئەڤە دیاری كری واقعی ئەزمانی كوردی ئەڤەیە ئو دارستا ڤی چەندی دا دیٚ هێتە هزرا مرۆڤی كو مرۆڤ ڤیٚ پرسیاریٚ ژ خۆ بكەین باشە ئەم چە بكەین؟ چاوا دی ئەزمانیٚ خو دەینە خواندن برەنگەكی وەصا كو هەمی تیٚ بگەهن ئو فایدەی ژی بكەین؟

وەلاما ڤی پرسیاری ئو جا بـا ڤـی چـەندی ئەڤەیـە: هـەمی تـێ گەهشـتنی ئـو خاندەوار هەمی نڤیسەر ئو ئەدیب د گازی کرینە د خوازتینە کـو دەسـتی ئێکـو دو بگرین هاریکاریا ئێك بکەین ئەڤ چەندە یا لسەر ملێت هەمی کوردا بتایبـەتی برەنگـەکی ـ خـاص ـ موسـەقەف و ئـو نڤیسـەرا ێـت کـو د مەلـەفان جـە چـە بلەهجەکی ئان بهەردو لەهجا سۆرا دا ئاخافتنەکا پەتی یا خاص درسـت بکـەن، بوی ئاخافتتی بهێتە خواندن. ئو دا هەمی تێ بگەهن ڤێجـا ژ بـەر چـەندی ئـەم ناڤ د هەمی ئەدیبا بوێژا ـ شاعرا ـ نڤیسەرا دەین کو هندی ژی بیت هاری کاری بکەن  بۆ تێ کەڵکرنا لەهجێت ئەزمانی کوردی.

٣- تشتەکی دیێ هی دڤێت ئەم ژ بیر نەکەین ئو دڤێت دانینە بـەر چـاڤێت خۆ لدەمێ جێ بەجێ کرنا ئەزمانی کوردی لخواندنێ، ئەو تشت لـەهجا سـۆرایە هندیکە لەهجا سۆرایە گەلەکا پێش کەفتیە ژ رەخێ مفرەداتـا ڤـە ئـو ژ رەخـێ مصتەلەحاتێت سیاسی، ئابوری ئو علمی ڤە پاشـی یـا بویـە ئاخاڤتنـا ئـەدەبو سیاسەتی دڤان پێنجێ (٥٠) صالێت چوی دا. ئو گەلەك رۆژنامە ئـو گۆڤـار ئـو کتێب ێت پێ دەرکەڤتین ڤێجا ژبەر ڤێ چەندێ  دڤێت ئەهمیەت بە ڤـێ لەهجـە بدەین و بۆ خواندنا ئەزمانی کوردی ئو بهیننـە پێـك کـرن تامـدان تێکـەل کـرن بلەهجێت دی، چونکی ئەڤ لەهجە یا پێشکەڤتی ئو کوید تـرە ژ هـەمی رەخاڤـە هە چەکوە کە بەری نوکە مە گۆتی.

ئویا ژ مە دهێتە خوازتن ئەوە ئەم بزاڤێ بگەین ئو بخەبتیتنین دا ڤـێ لـە هجـێ تێ کەل بکەین بلەهجێت دی ئو بەلاڤکەین لناڤ کوردا بهەمی رەنگێت بەلاڤکرنێ

برۆژناما بگۆڤارا بکتێبا براديوى ... ئو چه زەحمەت نەڤێت هەمی صالەك دو نەدى بيته تشتەكى عادەتى ئو هەمی کەس دێ فێربن دى زوى هو يبن.

٤- ئو بدوماهيك ڤە ئێکێتى ئو تێکەل کرنا لەهجا لئەزمانێ کوردى دى هاریکاریا بەلاڤکرنا زانينا ملەتێ ئو سەقافەتو زانستيا عالمى ل ناڤ هەمی چينێت ـ طبقات ـ ملەتێ کورد لهەمی پارچا لولاتی جەنی شخو ئێکێتيا لەهجا پێنگاڤەکه بۆ پێش کەفتنا ئەزمانی کوردى بخۆ، ئو دى بەريك ڤەهێت پێش کەڤيت دا ئەڤ ئەزمانه بشێت مصتەلەحاتێت علمی ئو ئەدەبى ئو فنى يێت نوى ڤەکريت ئو دا ئەزمانێ مه بشێت دگەل پێشکەڤتنا ئەزمانێ هەمی ملەتا بدەته رێ ئو دا زانينو تێ گەهشتنا ملەتێت بيانى بۆ ملەتێ کورد وەرگريت ئو دى بيته ئەساس ژى نەهێلانا همده بيرەباوەرێت بەر تەنگ ئەگر هەبن يێت کو رويداين ژ درێژيا حکمێ دەرەبەگ واقطاعيا ئو کەفنەپەريستا ئو استعمارى لسەر ملەتێ مه ئز ڤان هەریسيا نیر کیت خۆدانابونه سەر ستۆى ملەتێ کورد هەمی دەما ژ يێك دوير ئێخست ئو پارچەك ژ پارچا دى جدا د کر، ئيدى بۆ پێشڤەيو تێ کەل کرنا هەمی لەهجێت ئەزمانی کوردى بۆ پێك کرنا لەهجا سۆرا بلەهجێت دى.

لە گۆڤاری بڵێسەدا، ئەم بابەتەی مامۆستا کامل بەصیر بڵاوکراوەتەوە:

**دوا ڕۆژی زمانەکەمان و چۆنیەتی لێ کۆڵینەوەی**[1]

فراوانی ناوچەی کوردستان و ڕەنگاو ڕەنگی سروشتی خاکەکەی و تێکەڵ بوونی بێگانە لەگەڵ دانیشتووەکانی، بە هۆی هەڵکەوتنی چەند زاراوەیەك (لهجە) لە زمانە ڕاستەقینەکەماندا.

ئەم هەڵکەوتنی زاراوە جیاوازانە وای لە هەندێ زانای زمان کرد، کە بکەونە ئەو هەڵەیەی بڵێن:ـ (کورد زمانێکی تایبەتی یەکگرتووی سەربەخۆی نیە)، لە ڕاستیدا ئەو زانایانە ڕاست ناکەن، چونکە لە هۆی هەڵکەوتنی ئەو زاراوانەیان نەکۆڵیوەتەوە، ژیان و بەسەر هات و گوزەرانی سیاسی میللەتی کورد، بەتایبەتی لە دوای بڵاو بوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا، هۆیەکی هەرە گرنگی کردە سەر قووڵ کردنەوەی جیاوازی نێوان زاراوەکانی کوردی.

کورد لە دەمێ ساڵەوە بارێکی سیاسی یەکگرتووی سەرانسەری کوردستانی بەخۆیەوە نەدیوە، بە جۆرێك، کە بتوانێ زاراوەیەك بەسەر هەموو زاراوەکاندا بسەپێنێ، ئەوەش یا بە ڕێگای تەسقیفێکی گشتی، یان بە هەڵسوڕانێکی ناوەندی، (الادارە المرکزیە) وە گەلێ ڕێگای کەش، کە تا ئێستا میللەتان گرتوویانەتە بەر، لە پێناوی یەکخستنی زاراوەکانیاندا.

لەم ڕۆژانی دوایی یەدا، لە کوردستانی خواروودا (کوردستانی عێراق) باری سیاسی لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و پان کردنەوەی میللەتی کوردەوە سەرەو

[1] گۆڤاری بڵێسە: ژ/ ٩، ١٩٦٠، لا/ ١٢

نخونبووەوە و زروفێکی سەربەستی و بەختیاری بۆ گەلی کورد هاتە کایەوە، لە بەرەبەیانی چواردەی گەلاوێژدا، دان نرا بە مافی ساڵەهای ساڵ لەخوارووی کورستاندا.

پێویستە لەسەر ڕۆشنبیرانی کورد، کەڵك لە تیشکی ئەم ڕووناکییە وەرگرن لە پێناوی هێنانەدیی یەکخستنی زمانەکەمان و گەلێ ئامانجی نەتەوایەتیی ترماندا.

کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، کە لە ئەیلولی ١٩٥٩ دا گیرا، هەنگاوێکی نەزەری نا لە ڕێی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەدا، ئەویش بە بڕیاری لێژنەی زمان، کە ئەڵێت (پێویستمان بە یەکخستنی زمانی کەلچەری کورد هەیە، بەوەی زاراوەی سۆرانی بکەین بە بناغە و بە زاراوەکانی موتوربە بکەین).

من لەم نووسراوەمدا، ئەمەوێ هێڵە گشتییەکان بکێشم، بۆ هێنانە دەستی ئەو زمانە کەلچەرییە یەکگرتووە.

لە ژێر تیشکی ئەو بەرنامە زانیاریانەی، کە بۆ خوێندنی زمان دروستکراون، وەکوو ئەزانین بەرنامەی خوێندنی زمانەکەمان زۆرن، بەقەد تەنگ و چەڵەمە لە زمانەکانی گشتیدا، سەرەڕای زۆریی ڕۆشنبیران، کە گرنگییان داوە بە لێکۆڵینەوەی زمانەکان، لەبەر ئەوە وام بەباش زانی، کە منیش نووکە پێنووسێك بدەم لە جیاوازیی نێوان زاراوەکانی زمانی کوردی، لە ژێر ڕۆشنایی گرنگترین بەرنامە دانراوەکاندا، بۆ ئەوەی یەکەم: باوەڕ پتەوبێت، کە ئەم

جیاوازییانە سروشتین، دووەم بۆ ئەوەی بە پێی توانا، کورتە ڕێزمانێکی گشتی دانێم بۆ یەکگرتنی زاراوەکان.

هەموو زانیارێکی زمان بەش ئەبێ بە سێ کەرتەوە

١- زانیاریی فۆنەتیك، واتە (دەنگ).

٢- زانیاریی فەرهەنگ (معاجم).

٣- زانیاریی دەستووری زمان (نەحو).

تازەترین بەرنامەی خوێندنی زانیاریی دەنگ نیشانمان ئەدا، کەوا پیتەکانی هیجا پێك هاتوون لە بڕین و کەرتکردنی ئەو هەوایەی لە هەر دوو سییەوە بە بۆڕیەکانی سیدا بەرەو بۆشایی دەم بەرەو ژوور ئەبنەوە، بەهۆی ئەندامێك لە ئەندامەکانی دەمەوە، کە لە کۆتایی قوڕگەوە دەستپێئەکات، تا سەری لێوەکان.

لەڕاستیدا، تیپەکانی هیجا هیچ جیاوازییەکیان نییە لە دەنگدا، تەنها بە شوێن و ناوچەی  بڕینی هەواکە نەبێت، لە شوێنێکی بۆشایی دەمدا، لەبەر ئەوە تیپەکانی هەر زمانێك بەش ئەکرێن بە چەند کۆمەڵێکەوە.

١- تیپەکانی قوڕگ: ئەویش بەو پیتانە ئەوترێ، کە بڕینی هەواکە لە قوڕگدا پێکدێت، وەکو (ئە، ه، خ).

٢- پیتەکانی لێوەکان: ئەویش بەو تیپانە ئەوترێت، کە بڕینی هەواکە لە نێوان دوو لێودا پێکدێت وەکو (ب، م).

لێرەدا بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، کە تیپەکانی هەر کۆمەڵێك لە هیجا لەیەك ئەچن لە دەنگا وە زۆر جار بۆمان دەرئەکەوێ لە کاتی قسەکردندا ئەو جۆرە تیپانە لە یەك کۆمەڵن شوێن گۆڕکێ ئەکەن لەگەڵ یەکتری، بێ ئەوەی قسەکەر هەستی پێ بکا.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بنکە زانیاریانەدا، ئەتوانین جیاوازیی نێوان تیپەکانی زمانی کوردی هەست پێ بکەین، لە زاراوەکاندا.

هەمزە (ئە) لە زاراوی لوڕی (فەیلی) دا ئەگۆڕێ بۆ (ه) لە سۆرانیدا، وەکو (ئەور) ئەگۆڕێ بۆ (هەور)، هەروەها تیپی (خ) ئەگۆڕێ بۆ (ه) وەکو (خەویر) ئەبێ بە (هەویر) لەبەر ئەوەی (ه، خ، ئە) هەمووی لە تیپەکانی (قوڕگن) وە (نون) ئەگۆڕێ بۆ (لام) لە سۆرانیدا وەك (نەوت) ئەبێ بە (لووت) ئەوەش دیسان لەبەر هۆی ڕابردوو، هەروەها تیپی (و) لە زاراوی لوڕیدا ئەگۆڕێ بۆ (ب) لە سۆرانیدا وە بۆ (ڤ) لە کرمانجیدا.

بەڵگەم (وەفر) ئەبێ بە (بەفر)، ٠(ئاو) ئەبێ بە (ئاڤ).

ئەمە جگە لەوەی چۆنیەتی دەم، درێژی هەناسە ئەبنە هۆی گۆڕینی تیپەکان. چۆنیەتی دروستبوونی دەمی لوڕیەکان، لەگەڵ درێژی هەناسەیان، بوەتە هۆی ئەوەی (وو) بە (ئیو)، بۆمان دەرکەوت ،کە زانیاریی فۆنەتیك (دەنگ) ئەتوانێ ڕێزمانێکی گشتی دابنێت، کە میللەتی کورد کەڵکێکی گرنگی لێ ببینێت، لە تێگەیشتنی جیاوازی نێوان زاراوەکانیدا.

دووەم: زانیاریی فەرهەنگ (علم المعاجم)

وەکو ئـەزانین فەرهەنگـەکانی زمانـەکان نـەیانتوانی بـە پێویسـتی سەرشـانیان هەستن، تەنها لەم چەند سـالآنەی دوایـی یـەدا نـەبێت، ئـەویش لـەپاش ئـەوەی بەرنامەی مێژوویی دانرا بۆ دروسـتکردنی فەرهـەنگ، ئـەو بەرنامەیـەش لـە سـەر دوو بنکەی گرنگ دروست ئەبێت:

١- خوێنـدنی هـەر وشـەیەك بـە خوێنـدنێکی مێـژوویی، ڕێ ئەکـەوێ وشـە مانایەکی تایبەتی بووبێت لە سەدەیەکی تایبەتی دا، ئنجا ئەو وشەیە گۆڕابێت، تا لە پاش ماوەیەك بە تەواوی قالب و مانای تێکچووبێت.

٢- کۆکردنـەوەی هـەموو وشـەیەك و بـەراورد کردنـی لەگـەڵ چـۆنیەتی ناوچەکەیدا.

تا ئێستا ئەو تاکە تاکانەی فەرهەنگی کوردییـان دانـاوە، لەسـەر هـیچ جـۆرێکی ئـەم بەرنامەیـە نـە ڕۆیشـتوون، ئەگـەر لەسـەر ئـەم ڕێ و شـوێنە زانیاریانـە بڕۆیشـتنایە، لـە دوو تـەنگ و چـەڵەمە ڕزگاریـان ئـەکردین، یەکـەم: ڕزگاریـان ئەکردین لە گرفتی ئەو وشانەی دوو مانا ئەبەخشن، دووەم: لە گرفتی ئەو چەند وشەیەی بۆ مانایەك بـەکار دێنرێت، لـە زاراوەکانـا، بـۆ بەڵگـە لوڕەکـان ئـەڵێن (خەفتن) سۆرانیەکان ئەڵێن (نوستن). لوڕەکان ئەڵێن (مل) سـۆرانیەکان ئـەڵێن (ئەستۆ).

ئەم جیاوازییە چارەسەر ئەکرا، چونکە هەردوو وشـەکە، یـەك مانـا ئەبەخشـن، هـەورەها وشـەی (ڕق) لـە لوڕیـدا مانـای (ترسـە)، لـە سـۆرانیدا، کـە (ڕق) لـە سۆرانیدا بەمانای حەزنەکردن بەکار دێنرێت، یە کالآکردنـەوەی ئـەم وشـانە لـە

فەرهەنگی مێژووییدا، هەموو جیاوازییەکانمان لێ ڕوون ئەکاتەوە، ڕەنگە وشەی (ڕق) لە سۆرانیدا پەرەی سەندبێ و گۆڕابێت، لای لوڕەکان نە گۆڕابێت، یان بەجۆرێکی، کە پەرەی سەندبێ.

داوا لەو مرۆڤە دڵسۆزانە ئەکەم، کە ئەیانەوێ فەرهەنگ بۆ زمانەکەمان دانێین، لەسەر ئەم بەرنامەیە بڕۆن، بەڵکو ئەم گیر و گرفتانەی زمانەکەمان چار بکرێت و ڕزگارمان بێ لێیان، ئەبێ فەرهەنگ نووسەکانی زمانی کوردی شارەزایی تەواویان هەبێ لە زمانە ئیسلامیەکاندا (عەرەبی، فارسی، تورکی) بۆ ئەوەی فەرهەنگەکانیان بپارێزن لە وشەی بێگانە، گومانی تێدا نییە هەر زاراوەیەك لە زاراوەکانی زمانی کوردی وشەیەکی لێ بزر بووبێ، یان لە بیری چووبێتەوە، خێرا وشەی زمانێکی دراوسێیان جێ نشین کردووە، کرمانجیەکان بە دەریا ئەڵێن (دکنز ـ دنیز) کە ئەمەش وشەیەکی تورکی یە، لە هەمان کاتدا موکریان و زۆری کوردەکان ئەڵێن (گۆڵ ئاوە).

٣- زانیاریی دەستووری زمان و زاراوەکانی زمانی کوردی:

جیاوازی نێوان ڕێزمانەکانی دروستکردنی ڕستە لە زاراوەکانی کوردی دا زۆر کەمن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر مامۆستایانی دەستووری زمانی کوردی، کە سەرنج بدەنە ئەو جیاوازییانە و نەیان خەنە پشتگوێ.

تەنانەت هەموویان لە پەڕاوەکانیاندا بهۆننەوە.

نیشانەی کۆکردنەوە (جمع) لە زاراوی سۆرانیدا بە (ان، یان) ئەبێ لەهەمان کاتدا (ئیل) یەنن لە زاراوی لوڕیدا، بێ گومان ئەگەر مامۆستا نەحویەکانی کورد

(ئیـل) یـش بدەنـە پـاڵ دوو نیشـانە کۆکردنەوەکـەی، ئـەوا باشـترە بـۆ زمـانی کوردی ئاسان تر و فراوانتری ئەکات.

ڕەنگـە خوێنـدەواری خۆشەویسـت لـە پـاش کێشـانی ئـەم هێڵـە گشـتییە زانیاریانە، ئەوەیان بۆ ڕوون بووبێتەوە، کە هەر تەنگ و چەڵەمە و گیروگرفتێك هەیە لە زمانەکەماندا، بە ئاسانترین ڕێگا چارەسەر ئەکرێ، ئەو ڕێگایانەش لەم دووانەی خوارەوە بەدەر نییە:

١- بەینـدنی تـەواوی بـەرزترین زانیـاری زمـان وە قـووڵ بوونـەوە لـە هـەموو پلەیەکیدا.

٢- نووسـینی پـەڕاو لـە بـارەی زمانـەوە لـە لایـەن کۆمـەڵ و کـۆ زمـان و مامۆستایانی زمانی کـوردی، کـە سـەرجەم ڕۆڵـەکانی هـەموو زاراوەیـەکی تێـدا بەشدارین.

هیوامان وایە، کە کۆمـارە دیموکراتییەکـەمان ڕێمـان بـۆ فـراوان کـا و یارمـەتی مادیی ئەو مرۆڤە دڵسۆزانە بدات، کە بەم پێویستە گرنگە هەڵئەستن.

دوای ئەوەی لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە و لە برگەی یەکەمی بریارەکانی لێژنەی زمان، بریار لەسەر شێوەزاری سۆرانی درا وەك زمانی گشتی و بە شێوەزارەکانی دیکە موتربە بکرێت، مشتومڕ و خوێندنەوەی جیاوازی لە نێوەندی نووسەر و ڕۆشنبیراندا دروستکرد، بەتایبەتی لە نێو مامۆستا و نووسەرانی شێوەزاری کرمانجی و ئەو بریارەی کۆنگرەیان بە پشتگوێ خستن و پاشەکشە پێکردنی شێوەزاری کرمانجی دەبینی.

چەند مانگێك دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، کە چەندین لێژنە سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکی دانانی زاراوەی زانستی بوون و وەزارەتی زانیاری خەریکی پێکهێنانی لێژنەکانی دانانی کتێبی کوردی بوون. (عصمت شریف الوانلی)، لە ئەورووپا، بابەتێکی لەژێر ناونیشانی (مسألە توحید اللغە الکردیە)دا نووسی، کە دکتۆر صدیق ئەتروشی وەریگێڕاوەتە سەرعەرەبی و لە کوردستانی عێراقدا، بە نامیلکە بڵاوی کردەوە. لەبەر هەستیاریی بابەتەکەش، فاتح کەریم وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و لە گۆڤاری هیوادا بڵاوی کردۆتەوە.

ئێمەش وەك ڕاستییەکی مێژوویی، وەك ئەوەی لە گۆڤاری هیوا دا هاتووە، بڵاوی دەکەینەوە:

## یەکخستنی زبانی کوردی[1]

به پێنوسی مامۆستا عیسمەت شەریف وانلی ـ سویسرە

وەرگێڕی بۆ عەرەبی: دکتۆر سدیق ئەتروشی

وەرگێڕی بۆ کوردی: فاتح کەریم

بۆ یەکەم جار ئەم نامیلکەیەم کەوتە بەر چاو، کە هەندێ چاری داناوە بۆ یەکخستن ((توحید)) ی زبانی کوردی، جا لەبەر ئەوەی، کە زۆر گرنگ و پەیوەندیی بە خوێندەوارانی کوردەوە هەیە، بە شێوەیەکی تایبەتی وە بەنەتەوەی کوردی بەش بەش کراوەوە، بە شێوەیەکی گشتی.

به پێویستم زانی وەریبگێڕمە سەر کوردی و لە لاپەڕەکانی گۆڤاری ((هیوای)) خۆشەویستدا، بیخەمە پێش چاوی خوێنەرە کوردە دڵسۆزەکان، هەتا ئەوانیش بتوانن سوودی لێوەربگرن و ڕای خۆیان لەم بابەتەوە دەر بڕن، چونکە ئەوی ڕاستی بێ ماوەیەکی زۆرە ئەم مەسەلەیە ئەسووڕێتەوە لە مێشکی هەموو کوردێکی سرنج  ووردا و ئەیانەوێ هەر هیچ نەبێ چارێکی ((نظری!)) بۆ بدۆزرێتەوە...

وەرگێڕ

---

[1] گۆڤاری هیوا: ژ٣٠، تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ ل١٥ — ٣٥. بڕوانە: ڕۆژنامەوانیی کوردی، لێکۆڵینەوە: د.هیمدادی حوسێن، گڤاری هیوا ١٩٥٧–١٩٦٣، بەرگی پێنجەم، ل٢٥–٤٥.

## پێشەکی

هەلێکی بەختیارانەیە، کە لە چەرخی کۆمارە پڕشنگدارەکەماندا، ماوە کراوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوەو دەمەقاڵە لە کاروباری نەتەوایەتی و زانیاریمان، لە زروفێکی پڕ لە ئازادی و گیانی هاوکاریدا.

گەلی کورد گەلێ ئازار و چەوسانەوەی دی، لەسەر دەستی حکومەتەکانی چەرخی ڕووخاودا، ئەوەندەی نەمابوو، کە سامانی نەتەوایەتیی و نیشانەی ئاوەدانیی لەناو بچێ و ناونیشانی نەتەوایەتیی بتوێتەوە، لە کورد برابووە بەست، کە خەریکی سادەترین مافی ئادەمیزادیی خۆی ببێ، وەکو بەکارهێنانی زبانی خۆی لە خوێندن داو، بلاوکردنەوەی زانیاری و ئەدەبی خۆی، وەکو ئێستەی ئێران و تورکیا و سوریا.

بە هۆی شۆڕشی نەمری تەمووزەوە، کوردستانی عێراق ڕزگار بوو، مافی هاوبەشییان لە نیشتماندا، لەگەلّ عەرەب جێگیر کرا، بەم جۆرە گەلی کورد ڕێگای بۆ کرایەوە، کە هەولّ بدا لە پێناوی هێنانەدیی مافی نەتەوایەتی و قۆشمەیی (مسابقە) لەگەلّ چەرخا بۆ هێنانەوە دەستی ئەوەی لە چەرخی ڕووخاوی تاریکدا، لە کیسی چوو بوو، بە جۆرێ، کە بگات بە بارگەی جیهانی پێشکەوتوو، دەستی یارمەتی درێژ بکا بۆ بۆ براکانی تری لە هەموو لایەکی کوردستانی داگیرکراودا، هەتا ئەوانیش خۆیان ئازاد بکەن.

شتێکی ئاشکرایە، کە زبان هۆیەکی کاریگەرە بۆ بەرز بوونەوەی ڕادەی زانیاری و سیاسی، چونکە زبان هۆی لەیەکگەیشتن و گفتوگۆیە لە بەینی

خەڵکی نیشتماندا و هۆی پەیوەندی ڕابوردوو و ئێستای نەتەوەیە، هەتا زبانی نووسینی نەتەوە یەکنەخرێ، زۆر گرانە یەکبگرن و ڕێگای پێشکەوتن و بەرزبوونەوەیان ئامادە بکەن.

هەر لەبەر ئەمەیە، زبان زۆر بە گرنگی سەیر ئەکرێ لە لایەن ئەوانەی کە خەریکی کاروباری سیاسی و بیرین، لە هەموو نەتەوەیەکدا، هەروەها گەلەکان لە قۆناغی دواکەوتنیاندا، بە چەند زاراو (لهجه) یەکی جیاجیا گفتوگۆ ئەکەن، ئیتر زۆر یا کەم، بە پێی سروشتی خاکەکەیان و ڕادەی گۆشەگیری (انعزال) یان لە جیهان، وە پێویستییان بە زبانێکی نووسینی تێکڕایی هەیە.

زبانی کوردیش، وەکو هەموو زبانێکی تر، لە چەند زاراوێکی جیاجیا پێکهاتووە و ئەم سروشتەی خۆی ڕاگرتووە، بە هۆی سەختی خاکی کوردستان، کە بووە بە هۆی کەم هاتوچوویی لەناو بەینی بەشەکانیا، بێجگە لەو کۆسپە سیاسییانەی، کە لە دابەش کردنی کوردستانەوە لە بەینی چەند دەوڵەتێکدا پەیدا بووە !..

ئێستا پاش ئەوەی، کە کوردستانی عێراق ڕزگار بووە و ماوە کراوەتەوە لە بەردەم کوردەکاندا بۆ ئەوەی، کە زمانی خۆیان بەکار بێنن لە خوێندن و نووسین و بڵاوکردنەوەدا، شتێکی پێویست و گرنگە لەسەر هەموو ڕەوشنبیرە کوردەکان، کە هەوڵ بدەن بۆ پەیداکردنی زبانێکی تێکڕایی نووسین بۆ نەتەوەی کورد.

کورده‌کان له هه‌موو لایه‌کی کوردستاندا چاوی هیوایان بڕیوه‌ته بـرا کورده‌کـانی عێراقیان بۆ هێنانه‌دی ئـه‌م ئامانجـه نه‌ته‌وایه‌تییانـه، چـونکه زرووفـی سیاسـیی عێراق ئاماده‌یه بۆ ئه‌م هـه‌نگاوه، بـوونی هـه‌موو زاراوه‌کـانی کـورد لـه عێراقـدا، ڕێگا ئاسـان ئـه‌کات بـۆ دۆزینـه‌وه و هه‌ڵبـژاردنی چـاکترین زاراو، یـا تێهـه‌ڵکێش کردنی به جۆرێ، که که‌ڵکی به‌کارهێنانی پێوه‌بێ له هه‌موو لایه‌کی کوردستاندا.

جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی زانیاریی گشتی دامه‌زراوه بـۆ خوێنـدنی کوردی و گرتویه‌تیه ئه‌ستۆی خۆی پـه‌ڕاوی خوێنـدن دابنـێ و بیگێڕێتـه‌وه سـه‌ر کـوردی و پشـتگیری بکـات لـه نووسـین و بلاوکردنـه‌وه‌ی زبـانی کـوردی بـه شـێوه‌یه‌کی فـراوان، مه‌سـه‌له‌ی زبـانی نه‌ته‌وایـه‌تی نووسـین بـووه بـه شـتێکی پێویست، که قازانجی به‌رزی نه‌ته‌وایه‌تی ئه‌یه‌وێ، به تایبه‌تی ئه‌گـه‌ر وردبینـه‌وه له‌وه‌ی، که کورده‌کانی عێراق به‌هۆی وه‌زعی گونجاویانه‌وه مه‌سئولیه‌تی گـه‌وره که‌وتۆته سه‌رشانیان بۆ پێشخستنی زبان و زانیاریی کوردی.

هه‌روه‌ها کورده‌کان له هه‌موو لایه‌که‌وه زۆر به گرنگـی سـه‌یری یه‌کخسـتنی زبـانی کـوردی ئه‌کـه‌ن و داوا لـه خوێنـده‌واره کورده‌کـان ئه‌کـه‌ن، کـه زۆر بـه گورجی ده‌ستبکه‌ن به لێکۆڵینه‌وه و گه‌یشتن به ئه‌نجامێکی په‌سه‌ند.

زۆرمان پێ خۆشه، که ئه‌م کورته لێکۆڵینه‌وه‌یه بخه‌ینه به‌رده‌می خوێنه‌ره بـه‌ڕێزه‌کان، کـه بـه پێنوسـی کـاك ((عصـمت شـريف وانلـی)) نووسـراوه، ئـه‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه ئه‌گه‌رچی لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی گشتییه‌و مه‌به‌ستی ئه‌وه نییه چارێکی تایبه‌تی دابنرێ بۆ ئه‌م گیر و گرفته، به‌لام گه‌لێ شتی ده‌رخستووه، که لام وایـه

شاراوەبوون لـە زۆرکـەس، لـە خوێنـەوارە کوردەکـان و زۆر جـوان و بـە کەڵکـە بیـزانین و بـە گرنگـی گـوێی بـدەنێ، هیـوادارین ئـەم لێکۆڵینـەوە، ببێتـە هـۆی بەرپاکردنی دەمەقاڵـە و ڕەخنـەگرتنێکی دامەزرێنـەر لـەناو ڕیـزی خـاوەن بـیرە کوردەکاندا، بە جۆرێ، کە مەسـەلەی یەکخسـتنی زمـانی نووسـینی کـوردی بـە تەواوی پێ بگا و ڕۆشنبێتەوە و لەسەر چەند بناغەیەکی زانیاری جێگیر بکرێ.

بەم ڕێگایە هەندێ لە نامەی نەتەوایەتیمان ئەهێنێتەجێ و ڕێگـا خـۆش ئەکـەین بۆ یەکخستنی ئەم نەتەوەیەو بەرزکردنەوەی پایەی.

وەرگێڕ بۆ عەرەبی:

دکتۆر صدیق ئەتروشی

## مەسەلەی یەکخستنی زبانی کوردی:

## کرمانجی، یا سۆرانی؟

عصمت شریف وانلی[1] ـ سویسرە

هەندێ لە براکانم لەوانەی بە زاراوی سۆرانی ئەدوێن، ڕەنگە سەریان سوڕبمێنێ لە کاتی خوێندنەوەی ئەم باسەدا، کە لەژێر ئەم ناونیشانەدا نووسراوە !.



عصمەت شەریف وانلی

چونکە سەبارەت بە زبانی نووسینی کوردی تا ئێستە لەم گێرو گرفتەیان نەکۆڵیوەتەوە لە چوارچێوەی پێویستی نەتەوایەتیدا. زاراوەی سۆرانیی مۆسیقادار، کە بەکارئەهێنرێ لە شاری سولەیمانیدا و، زۆربەی نووسراو و چاپەمەنی کوردی عێراقی پێ ئەنووسرێ. لای ئەوان ئەوەیە زبانی کوردی. ئەم برایانە بەم ڕێگایەی گرتوویانە، ڕەنگێکی ناوچەیی پەتی ئەهێنن بەسەر مەسەلەیەکی نەتەوایەتیی بەرز و فراواندا، ئەم باسە لە چوارچێوەی تەنها ناوچەیەکدا بەرپاناکرێ، کە بەیەك زاراو گفتوگۆ بکەن، ئیتر زاراوە کوردییەکانی تر، ئەوانەی بەکار ئەهێنرێن لە نووسیندا، یا

---

[1] لەو کاتەدا سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەورووپا.

پێدوینا، له ناوچەکانی تری کوردستانی تورکیاو  ئێران و سوریا و تەنانـەت لـەو ناوچانەی لیوای موسڵ، که بەکرمانجی ئەدوێن، به چاوی گرنگی سەیر ناکرێن!.
بەڵام له لایەکی تریشەوه هەندێ له براکانمان، که بەسۆرانی ئـەدوێن و خـەریکی کاروباری  کوردایەتی ئەبن به شێوەیەکی گشتی، له چوار چێوەی نەتەوایەتیدا، ئەمانه ئەم گێر و گرفتەیان بەرپاکردووه، بەڵام زۆر لەمانەش هێشتا لەسـەر ئـەو باوەڕەن ،که زاراوی سۆرانی پێویسته ببێ به زبانی کـوردی، وه ئـەم بـاوەڕەی خۆیان لەسـەر ئـەو بناغەیـە دامەزرانـدوه، کـە گوایـا  ڕووداوه سیاسـییەکان تـا ئێسته له بـاری قـازانجی زاراوی سـۆرانی دا بـووه و توانیویـەتی پێشـکەوتنێکی گەوره وەربگرێ له مەیدانی نووسیندا، لەبەر ئەوەی زاراوی کرمانجی ئەم بەهره سیاسـییەی دەسـتنەکەوتووه، نـاتوانێ ئـەو پێشـکەوتنه بەرێتـەوه، ناشـێ بـۆ ئەوەی ببێ به زبانی نووسینی کوردی.

بێگومان  ئەو کوردانەی، که بەزاراوی کرمانجی ئەدوێن له تورکیا و سـوریا و یەکیەتی شوورەوی، لەگەڵ ئەو برایانەدا ناکەونه یەك  لەم باوەڕەدا، وه هـیچ گومانم نییه لەوەی، که لای ئەمانه زاراوی کرمانجی به کـوردی دائـەنرێ، دیـاره له کاتێکه کرمانجی و سۆرانی لەم مەسەلەیه بدوێن و لێیبکۆڵنـەوه هـەر یەکـەی زۆر به گورجی ئەیەوێ بەوی تری بسەلمێنێ، که زاراوەکەی خۆی جوانـەو گـەلێ باشەی تێدایه، کرمانجی ئەڵێ: زاراوی کرمـانجی زاراوی زۆربـەی گـەلی کـورده و بەشی زۆری کورد بەم زاراوه ئەدوێ، وه گەلێ بنکەی (نحوی) ئاشکرای هەیه که لێی کۆڵراوەتەوه و جێگیرکراوه، له گەلێ پەڕاوی بنکەکان له یەکیەتی سـۆڤیەت

و سوریا و پاریسدا، وە ئەم بنکانەش لەلایەن چەند شارەزایەکی تایبەتییەوە دانراوە، کە هەندێ لە زبانەکانی هیند و ـ ئەورووپی تر ئەزانن، وە لای چەند کەسێکەوە دانەنراوە، کە ئاگایان لە زبانەکانی هیند و ـ ئەورووپی نەبێ، (کە زبانی کوردیش بەکێکە لەوان)، هەتا لەوانەبێ کوێرانە بکەونە دوای بنکەکانی زبانی عارەبی، کە شتێکی ئاشکرایە زۆر جیایە لە بنکەکانی زبانی کوردی. هەروەها کوردی کرمانجی ئەڵێ: زاراوی کرمانجی لە هەندێ شوێنا بە پیتی لاتینی نووسراوە، کە زۆرباش ئەگونجێ لەگەڵیدا، کەچی زاراوی سۆرانی بە پیتی عەرەبی ئەنووسرێ، کە هەرگیز ناگونجێ لەگەڵ دەنگی کوردیدا..

خۆ ئەگەر ئەو کرمانجە شارەزای مێژوویش بێ، ئەوا ئەڵێ: کرمانجی، لای زۆری نزیکترین زبانێکی زیندووە بە زبانە ئارییە کۆنەکان، بە تایبەتی زبانی (زەند ـ ئاڤێستا Zend – Avesta). بێگومان کوردی سۆرانیش لە وەڵامی ئەمەدا جوانیی زاراوی خۆی پیشان ئەدا، مۆسیقای ئەم زاراوە ئەخاتە ڕوو، پیشانی ئەدا، کە بنکە نەحوییەکانی ئاسانە، هەروەها ئەڵێ: زاراوی سۆرانی بە درێژایی (٣٠)ساڵ گەلێ پێشکەوتووەو تاقیکردنەوەی نووسینی هەیە لە عێڕاقدا.

باسکردنی ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە دەمە قاڵەیە، باس کردنێکی بێ سووچە و چاری گیروگرفت ناکات، تا ئێستە دوو کۆنگرەی کوردی گرنگ بەسرا بۆ لێکۆڵینەوەی زبانی نووسینی کوردی، یەکەمیان لە ((ئەریوان)) ـ ئەرمەنستانی شوورەوەی ـ بەسترا، هاوینی ١٩٣٤ چەند شارەزایەکی بەناوبانگی

کورد و ئەرمەن و سۆڤیەت حازر بوون، کە هەموویان مامۆستا بەناوبانگەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی بوون.. ئەمەش بە چاودێری کاربەدەستە ڕەسمی یە سۆڤیەتیەکان.. وە لەم کۆبونەوەیەدا بڕیار درا تەنها زاراوی کرمانجی، ئەوەی، کە کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەت پێی ئەدوێن، بکرێت بە زبانی نەتەوایەتیی نووسین، چونکە ئەم زاراوە لە بەشی هەرە زۆری کوردستاندا بڵاو بوەتەوەو، شێوە وێژەییە کلاسیکییەکانی بەرزە. هەروەکو لە نووسینەکانی (ئەحمەدی خانی) دا دەرئەکەوێ..

کۆنگرەی دووهەم، کۆنگرەی مامۆستایانی کورد بوو، کە لەم دواییەدا لە شەقلاوە، کوردستانی عێراق بەسترا، مامۆستا کوردەکانی عێراق حازر بوون... ئەم کۆنگرەیە خۆی ڕووداوێکی گرنگ بوو .. هەر وەکو و کۆنگرەی پێشوو، وە بڕیاریدا، کە تەنها زاراوی سۆرانی ببێتە زبانی نووسینی نەتەوەی کورد، بەلاّم ئەبێ سوود لە زاراوەکانی تریش وەربگرێ...

شتێکی ئاشکرایە بڕیارەکانی ئەم دوو کۆنگرەیە، دوو بڕیاری بەیەك دژ و لەیەك دوورن... بێجگە لەوەی پێویستە بڵێین، کە ئەم دوو بڕیارە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە گرنگن، هیچ کامیان نوێنەری نەتەوەی کورد نین بە شێوەیەکی تێکڕایی، چونکە یەکەمیان تەنیا بۆ کوردی شوورەوی بوو، دووهەمیشیان بۆ کوردی عێراق، بەلاّم هیوامان بەهێزە ئەم دوو کۆنگرەیە هەنگاوێك بن بۆ هێنانەدی و بەستنی کۆنگرەیەکی کوردی لە چوارچێوەی نەتەوەی کوردا هەمووی. هیچ گومانی تێدا نییە، کە زبانی کرمانجی لە هەموو زاراوەکانی تر

بلاوتر و فراوانتره، جا ئەگەر سەیری ئەوه بکەین، که ژمارەی کوردان هەمووی بریتیه له ١٣ ملیۆن، ١٢٥٠٠٠٠٠ له کوردستاندان، بێجگه له ٥٠٠٠٠٠ کورد له ناوچەی کوجان ـ بوجنرد له خوراسان، سەرووی ڕۆژهەلاتی ئێران، بۆمان دەرئەکەوێ ئەم کوردانەی خوارەوه به زاراوی کرمانجی گفتوگۆ ئەگەن:—

| | |
|---|---|
| ٦,٠٠٠,٠٠٠ | کورد، له تورکیا (به کورده زازاکانەوه، که نزیکەی دوومليۆن ئەبن و زاراوه تایبەتیەکەیان نزیکه له زاراوه هەورامی، بەلام له ئیش و کاری ڕۆژانەیان دا به کرمانجی ئەدوێن)). |
| ٨٠٠.٠٠٠ | کوردی ئێران له ئازربایجانی خۆرنشین له شنر هەتا سوڤیەت له خوراسان |
| ٦٥٠.٠٠٠ | کورد له ناوچەی (بادینان) له کوردستانی عێراق، له ناوچەی کوردەکانی لیوای موصل و هەندێ ناوچەی لیوای هەولێر، واته ٣/١ی کوردی عێراق. |
| ٤٠٠,٠٠٠ | کورد له سوریا. |
| ١٥٠.٠٠٠ | کورد له یەکیەتی شورەوی. |
| ٨.٠٠٠.٠٠٠ | هەموو ئەو کوردانەی که به کرمانجی قسه ئەکەن واته٦٢٪ ی نەتەوەی کورد. |

کوردەکانی تر که بریتین له (٥) ملیۆن، هەموویان به زاراوەی سۆرانی قسه ناکەن، چونکه نزیکەی ١.٥٠٠.٠٠٠ به لوڕی بەختیاری ئەدوێن (زاراوەی کوردی

هەرە خواروو) ئەو ۳.٥۰۰.۰۰۰ یشی کە ماونەتەوە، بەشی زۆری لە کوردستانی ئێران دان و بەتایبەتی لە ناوچەی ئەردەلان و موکری دائەنیشت، ئەوانیش بە سۆرانی نادوێن، ئەوەی ڕاستی بێ تەنها کوردەکانی عێڕاق بە سۆرانی گفتوگۆ ئەکەن، ئەوانەی کە بە کرمانجی یا لوڕی ، فەیلی نادوێن واتە ۱.۲۰۰.۰۰۰ کورد یاخود ۹٪ی گەلی کورد هەمووی، بەڵام ئەبێ ئەوە لەبیر نەکەین، کە ئەو زاراوی کوردییەی لە بەشی زۆری کوردستانی ئێران چاپەمەنی سۆرانییەکانی عێڕاق بە ئاسانی ئەخوێننەوەو لێی تێ ئەگەن، ئەتوانین سۆرانی بە زبانی نووسینی ئەو کوردانە دا بنێین، ئەوی ڕاستی بێ تاقە ڕۆژنامەیەکی کوردی کە لە ئێران دەرئەچێ، بە زاراوی سلێمانی ئەنووسێ بە تەواوی وەکو عێڕاق، ئەمەش شتێکی جوانە...

بەم جۆرە، کە زۆربەی کوردەکانی ئێرانمان بە لوڕیەکانیشەوە خستە پاڵ کوردە سۆرانییەکانی عێڕاق، ئەتوانین زاراوی سۆرانی دابنێین بە زاراوی نزیکی (٥) ملیۆن کورد، واتە ۳۸٪ ی نەتەوەی کورد..

بێگومان، بێجگە لە چەند جیاوازییەکی کەمی ناوخۆ، کە چارنیە هەر ئەبێ، ئێستە دو زاراوی کوردی سەرەکی لەبەردەماندایە :

١- زاراوی کرمانجی، یاخۆ زاراوی باکوری ـ شمال ـ وەکو باسمان کرد، کە زاراوی ٦٢٪ ی میللەتی کوردە.

٢- زاراوی سۆرانی، یاخود، زاراوی خواروو (جنوب) کە ۳۸٪ ی نەتەوەی کورد گفتوگۆی پێ ئەکەن...

ئێستە بۆ ئەوەی نەکەوینە دوای خەیاڵ!، پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە جیایی ئەم دوو زاراوە زۆر گرنگە، بە ڕادەیەك، کە بەگران نەبێ لەیەکتر ناگەن، لەم زروفەدا، هەروەها لەبەر ئەوەی، کە لە یەکیەتی سوڤیێتدا، کرمانجی بە تیپی ڕووسی، وە لە سوریادا بە تیپی لاتینی ئەنووسرێ، وە لە تورکیادا، کە لاتینی ئەزانن کەم و زۆر کوردی نانووسرێ، وە لە عێراق و ئێراندا کرمانجی نانووسرێ، بەڵکو سۆرانی ئەنووسرێ و بە تیپی عەرەبی.. لەبەر ئەمانە بەداخەوە ئەڵێم جیاوازی زیاتر و فراوانتر ئەبێ، وە ئەم گیروگرفتە زیاتر گرێ گۆلاوی ئەبێ..

بۆچارکردنی ئەم گیروگرفتە، بەلای منەوە زۆر هەڵەیە، کە لەم کاتەدا بڵێین تەنها یەکێ لەم دوو زاراوە زبانی نووسینە، یا پێویستە زبانی نووسینی هەموو کوردێك بێ، چونکە بە چاوپۆشی لە چاکەی زاراوەکان، هەرگیز ناتوانرێ یەکێ لەم دوانە بەزۆر بسەپێنرێ بەسەر میللەتی کوردا هەمووی.

زاراوی سۆرانی بەو چاوەی، کە زبانی نووسینی کوردییە لە عێراقدا، توانیویەتی پێشبکەوێ، چونکە وەزعی سیاسی ماوەی ئەو کوردانەی داوە، کە ڕۆژنامە و پەڕاوی کوردی دەربکەن، هەروەها کوردەکانی سوریاش، سەبارەت بە زاری کرمانجی، ماوەیان هەبوو بەڵام تەسکتر، هەروەها کرمانجی لە یەکیەتی شورەویدا ئەنووسرێ و وەکو ئەڵێن نزیکەی ١.٥٠٠ پەڕاوی کوردی هەیە، کە لە ماوەی (٣٠) ساڵی ڕابردوودا بلاوکراونەتەوە، بەڵام داخەکەم، ئەم چاپەمەنییانە زۆر سوودیان نەگەیاندووە بە کرمانجی، لەو ڕووەوە، کە زبانی نووسینی

نەتەوایەتییە، چونکە تیپی ڕووسی تێدا بەکار هێنراوە، هەروەها لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی ئەم چاپەمەنییانە نەگەیشتوونەتە دەستی ملیۆنەهای کورد لە تورکیا و شوێنەکانی تردا... وە لەبەر نەبوونی پەیوەندیی ڕۆشنبیری لە میانی زۆربەی نەتەوەی کورد و ئەو کۆمەڵە بچووکەی یەکیەتی سۆڤیێتدا، بەلاَم ئەو چاپەمەنییانەی، کە لە سوریادا ڕێگایان دراو شێوەی ئەدەبییان گەیشتوەتە ڕادەیەکی بەرز لە جوانیدا، بەڵێ ئەمانە لەگەڵ کەمیشیاندا سوودیان گەلێ زیاترە، چونکە هەندێکیان بە تیپی لاتینی نووسراون. لە کوردستانی تورکیا ئەتوانرێ بخوێنرێتەوە و سوودی لێ وەربگیرێ.

نووسراوە ئەدەبییە کوردییەکانی یەکیەتی سۆڤیێتیش لە تواناداییە، بگاتە دەستی هەموو کوردێك و سوودی لێ وەربگرن، ئەگەر بە تیپی لاتینی بنووسرایە و ئەگەر وەزعی سیاسی بگونجێ، بەلاَم داخی گرانم، ئەم مەرجانە ئێستەنین!.. لە کاتی خۆیدا هەندێ  لە پەڕاوە قوتابخانەییەکانی کوردەکانی سۆڤیێت لە هەندێ نامەخانەکانی سوریادا خرانە ڕوو بۆ فرۆشتن، پێش پێکهێنانی کۆماری یەکگرتووی عەرەب، بەلاَم پاش دامەزراندنی ئەم کۆمارە، یەکسەر یاساخ کرا!!، بێجگە لەوەی، کە کوردەکانی سوریا لەکاتی خۆیدا دادیان بوو لە دەستی تیپە ڕووسییەکان، وەلەگەڵ ئەوشدا، کە زاراوی کوردەکانی سوریا هەر ئەو زاراوەیە، کە لە سۆڤیێت و لە تورکیا بەکار ئەهێنرێ، بەلاَم ئەو شێوە نووسینانەیان زۆر بەلاوە بەنرخ نەبوو، چونکە ئەیان وت بەزبانی هەرەمە (عامی) نووسراون سەیری پایەی ئەدەبی یان تێدا نەکردوە، تەنانەت خۆیان

هەڵئەکێشاو ئەیان وت، کە ئەتوانن لەوانە باشتر بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر بەختیار و شادمان بوون بەوەی، کە لە ئەرمینیای سۆڤیێتدا ئەنووسرێ، بێجگە لەوەش، وادیارە، لەو پەڕاوانە بە ئێك جاری باسی نەتەوەی کورد و کوردستان نەکراوە وەلەباتی ئەوە وشەی ((ئەرمینیا))، ((یەکیەتی سۆڤیێت)) دانراوە.

بێبەشترین زاراو لە پێشکەوتن و گۆڕانی تازە، بریتییە لە زاراوی کرمانجی، کە زبانێکی میدیایی کۆنە. هەروەکوو ئەرمەنەکان لە تۆمارە مێژووییەکەی خۆیاندا نووسیویانن، ئەم بێبەشییە بە تەواوی لە تورکیادا بەدیار ئەکەوێ، بەڵێ لە تورکیای بەناو ((دیموکراتی ئازاد)) دا نیوەی هەموو نەتەوەی کورد ئەژیێت، کە بەزاراوی کرمانجی  قسە ئەکەن و هیچ مافێکی نەتەوایەتییان نییە، تەنانەت بە تەواوی چاپەمەنی کوردییان لێ قەدەغەکراوە، هەر جۆرە چاپەمەنییەك بێ! !، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە زبانی کرمانجی ((ئەدەبیات)) ی نییە ! چونکە بێگومان ئەدەبی کلاسیکی، کە بەزاراوی کرمانجی دانراوە گرنگترە لە لایەنی ((چەندیەتی))یەوە، لەوانەی، کە بەزاراوەکانی تر دانراون، چونکە ئەو کوردانەی، کە بە کرمانجی گفتوگۆئەکەن، ژمارەیان  زۆرترە ، بەناوبانگتر و دیاریترین  خاوەن هەڵبەستێکی کلاسیکی کوردو، ئەوەی، کە ئێستە لە هەموویان زیاتر بە گەلی ((شعبی)) بدرێتە قەڵەم، چ لای کوردەکان و چ لای پرۆفیسۆرە تایبەتییە بێگانەکان، ((ئەحمەدی خانی)) یە، کە بەڕاستی  بە باوکی بیرو باوەڕی نەتەوایەتیی کوردی دائەنرێ! ، هەروەها شێوەی نووسینی، کە بە کرمانجی یە، نموونەی نەتەوایەتی و بێ عەیبییە، جا ئەگەرچی زاراوی

کرمانجی بە هۆی ئەو بارە سیاسییانەوە، که باسمانکرد نەیتوانیبێ تا ئێستە لەسەرخۆ، لە مەیدانی بەرهەمی ئەدەبیدا پێشبکەوی، بەلام بێگومان باری سیاسی پێویستە بگۆڕێ و بەپەلەش بگۆڕێ و بە جۆرێ، کە هەندێ کەس پێیخۆش نییە بیری لێ بکاتەوە ! !

ڕۆژێ کە تورکیا زیاتر دیموکراتی بێ ! وە دەزگای حکوومەتی تورکیا، لای کەمی دان بنێ بە مافی خوێندەواری ((ثقافي)) نەوەی کوردا، ئەو شەش ملیۆن کوردەی کە لەوێن، بێ گومان زبانی خۆیان بە کرمانجی ئەنووسن، وەکو سێ سەد سالْ لەمەو پێش ئەحمەدی خانی نووسیویەتی، وەکو کوردەکانی سوریا و ئەدیبی گەلی بەناو بانگ ((جگەرخوێن)) ئێستە ئەنووسێ کە هەلْبەستە نیشتمانییەکانی جێگای بەرێزیان هەیە لە قولایی دەروونی کوردەکانی تورکیاش دا، هەروەها گومانی نییە ئەو کاتە زاراوەکەی خۆیان بە تیپی لاتینی ئەنووسن، وەکو کوردەکانی سوریا و، وەکو تورکەکان، کە زبانی خۆیانی پێ ئەنووسن.

جا لە کاتێکدا کە، تورکیا گۆڕانێکی دیموکراتی بەسەردابێت ، گۆڕانێکی وەها، کە داننان بە مافی نەتەوایەتی و خوێندەواریی نەتەوەی کوردا مسۆگەر بکات، هیچ گومانی نییە، کە کوردەکانی تورکیا زاراوی سۆرانی ناکەن بە زبانی نووسینی خۆیان ! چونکە نە کوردەکانی سوریا و نە کوردەکانی سۆڤییێت ئەمەیان نەکردووە و ئەمانیش ناتوانن بیکەن، لەسەر ڕۆشنایی ئەم زرووفە شتێکی پووچ و بێ کاکلْ و بەلْکو هەلْەیە، کە هەندێ لە براکانی سلێمانیمان

سـووربن لەسـەر ئـەوەی سـۆرانی ببـێ بـە زبـانی نووسـینی نەتـەوەی کـورد هەمووی!

تەنانەت ئەگەربێت و هەر لە کوردستانی عێراق بیر بکەینـەوە، بـێ ئـەوەی لە چوارچێوەی نەتەوایەتی ورد بینەوە!، ئەو چارەی کە دایئەنێن، تەنانەت بـۆ کوردەکانی ناوچەی بادینانیش ناگونجێ، کە بە کرمانجی گفتوگۆئەکەن...

بۆیە پێویستە بە شـێوەیەکی نەتەوایـەتی ڕاسـتەقینە لـەم باسـەدا بکۆڵینـەوە، نەیترنجێنینە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیار، هـەروەها تێکـەڵکردنی کوردسـتانی عێـراق و نیشـتمانی کوردسـتان هـەمووی، واتـە ٧/١ یـا ٨/١ ی نەتـەوەی کـورد لەگەڵ نەتەوەی کوردا هەمووی، ئەم مەسەلەیە ئەگۆڕێ و هەرگیز ناخرێتە کار و ئیشی پێ ناکرێ!.

ئەبێ سەیری ئەوە بکەین، کـە لەسـەرەتای  ١٩٥٩ وە حکوومـەتی سـوریا ڕێگای لە هەموو جۆرە گورج و گۆڵییەکی خوێندەواریی کـوردی بردووەتەبەسـت لەو ولاتەدا، بەلام مافی نەتەوایەتی و خوێندەواری، لە ئێـران و تورکیاشـدا، زوو بێ، یا درەنگ، ئەبێ بە شێوەیەکی دیموکراسی دانی پیابنرێ، چونکە زۆرگرانـە ئیتر لەمەو پاش مافە شەرعییەکانی نەتەوەی کوردی نەبەز بخرێتە پشت گـوێ، وە ئەو ڕۆژە ڕۆیشـت، کـە ئیمپریالیسـت و نۆکـەرانی لـە ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتدا بتوانن بەبێ ئەوەی کەس پێیان بزانێ، نەوەی کورد بچەوسێننەوە.

خۆ ئەگەر مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردی گشتی کتوپڕ بە شـێوەیەکی بنـەڕەتی چار کراو دەوڵەتێکی کوردستانی یەکگرتوو هاتەدی، ئەتوانین بڵێین، کە سۆرانی

هــەرگیز  لەلایــەن ئاکادیمیایــەکی گشــتی کــوردی، یــا لەلایــەن پەرلــەمانێکی کوردییــەوە دەستنیشـان نـاکرێ بـۆ ئـەوەی بکرێـت بـە تاقـە زبـانی نووسـینی کوردی، چونکە زۆربەی گەلی کورد و دەزگاکەی  بـەزاراوی سـەروو ((کرمـانجی)) ئەدوێن، نەك بە زاراوی خواروو ((سۆرانی))، بـەم جـۆرە چ لـەکاتی پێشـکەوتنی دیموکراسی سست و چ لەکاتی پەیدابوونی چارێکی گورج و کتـووپڕی مەسـەلەی نەتەوایەتی ، زبانی  سۆرانی هەڵنابژێردرێ بۆ زبـانی نووسـینی گشـتی، چـونکە زۆربەی کورد بە کرمانجی گفتوگۆ ئەکات، بـەلاّم لەلایـەکی تـرەوە هـیچ گومـانی نییە، کە پێویستە جوولانەوەی ئەدەبیی سـۆرانی ڕێچـکەی خـۆی وەربگـرێ لـە عێراقدا، هەروەها لەبەشی زۆری کوردەکانی ئێرانیشدا ئەگەر باری سیاسییان بۆ ڕێککـەوت، وە پێویسـتە زبـانی نووسـینی کرمـانجی دانەسـەپێنرێ بەسـەر ئـەو کوردانەدا، کە بەسۆرانی ئەدوێن، وە هـەروەها سـۆرانیش دانەسـەپێنرێ، وەکـو زبانی نووسین بەسەر کرمانجەکاندا..

ئایـا ئەمـە ئـەوە ئەگـەیێنێ  کـە نەتـەوەی کـورد زبانەکـەی خـۆی بـە دوو زاراو بنووسێ، زاراوی سەروو و خواروو، کرمانجی و سۆرانی؟

زۆر لە کوردەکان ڕووبەڕوی ئەم بیرە ئەوەستن، بـەلاّم زۆر ئاشـکرایە کـە زبـانی کوردی ئێستە بە دوو زاراو ئەنووسرێ، وە لەمەو پاشیش، هەتا ماوەیـەکی زۆر، کە ناتوانین دیاری بکەین، هەر بەم دوو زاراوە ئەنووسن: سۆرانی و کرمانجی.

لەم ڕۆژەدا زۆر هەڵەو ناڕەوایە بـیر لـەوە بکەینـەوە، کـە تـەنها زاراوێـك دابـبڕێ بەسەر گەلی کورد هەمووی، چونکە وەکو باسمانکرد ئەمە هەرگیز ناگونجێ..

گیر و گرفتی ئێستەمان بریتی نییە لەوەی، کە گوایا پێویستە زاراوێك دیاری بکرێ، بەڵکو ئەبێ بە دوای ئەوەدا بگەڕێین، کە ڕێگایەك بگرین بۆ زۆر نەکردن و پەرە نەسەندنی ئەو جیاوازییانەی، کە هەیە لە میانی کرمانجی و سۆرانیدا، چ ڕێگایەك بگرین، بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییانەو یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی بکەین بە شتێکی وەها نەك تەنها لە توانادابێ، بەڵکو لەوانەبێ کە بەزووترین کات بهێنرێتە دی...

بێگومان مەسەلەی یەکخستنی زبان لە پاشە ڕۆژدا چار ئەکرێ، ڕێبازی ڕێ و شوێنێکی پێش کەوتووی وەها، کە بە شێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری قووڵ وردەکاری تیابکرێ...

لە وڵاتی ((نەرویج)) دا، کە ئەوانیش دوو زاراوی جیاوازیان هەبوو، وەکو ئێمە توشی گیر و گرفت هاتن، بۆ ئەوەی خوێندەواری و زانیاری بخەنە دەستی هەموو ڕۆڵەکانی گەل، تەنها چارێ، کە دۆزییانەوە ئەوەبوو، کە زبانی نەتەوایەتییان لەیەك کاتدا بەدوو زاراو ئەنووسی، وە ئێستە هەر بەشێك و هەر زاراوێك چاپەمەنی تایبەتی خۆی هەیە، بەلاّم ماوەیەکە، کاربەدەستان هەوڵیاندا زاراوێك یا زبانێکی سێهەم بێننە کایەوە، کە لە هەردوو زاراوەکە وەرگیرابێ و هەموو لایەك لێی تێبگەن، بە جۆرێ، کە ئێستە زبانی نەرویج بە سێ زاراوی جیاجیا ئەنووسرێ، ئەم گۆڕانە هێشتا تەواو نەبووە، بەلاّم هەر بەڕێوەیە و بەردەوامە و هیچ کۆسپێ ڕێگای لێ ناگرێ، وە ڕۆژێ ئەبێ کە هەموو نەتەوەی نەرویج بەم ڕێگا تازەیە بخوێنن و بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەم سێ

زاراوە جیاجیایە، هیچ کارێکی نەکردە سەر یەکیەتیی نەتەوە، وە ئەمە ڕێگای تازە و ڕاست و دیموکراتییە بۆ چارەکردنی ئەم تەنگ و چەڵەمەیە.

ڕێگای کۆن و نادیموکراتی ئەوەبوو، کە یەك زاراو دا ئەسەپێنرا: ((زاراوی خێزانی پاشا)) و، ئەکرا بەزبانی ڕەسمیی میری، وە لە ماوەی چەند چەرخێکدا ئەم زبانە ئەبوو بە زبانی هەڵبژاردە و زبانی نەتەوایەتی و، نەتەوە هەمووی بەکاری ئەهێنا ! !.. بەلاَم دەردی گران ئەوە بوو کە گەل ((جماهیر)) ئەوانەی کە بە زاراوی جیاجیا ئەدوێن بە درێژایی ئەم چەند چەرخە، بە نەخوێندەواری و نەزانی ئەمانەوە، چونکە توند توند هۆگری زاراوە ناوچەییەکانی خۆیان ئەبوون و نەیان ئەتوانی و، نەیان ئەویست فێری زاراوی ڕەسمی ببن!، بۆیە ئەم زاراوە ڕەسمییانە لە چوارچێوەی کاربەدەستاندا دەر نەئەچوو، بەلاَم لەم چەرخەدا خوێندەواری و زانیاری ئەبێ فراوان بکرێ بۆ گەل هەمووی.

با بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق، کە کوردەکان لەسایەی شۆڕشی نەمری تەمووزەوە ڕزگاربوون و ئازادن لە لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی گیروگرفتی نەتەوایەتیی خۆیان، جا، هەروەکو باسمان کرد، ئێستە هەرگیز نابێ کە تاقە یەك زاراو دیاری بکرێ بۆ زبانی نووسینی کوردی بۆ نەتەوەی کورد هەمووی، زۆر هەڵەو ناڕەوایە هەوڵی ئەوە بدەن زاراوی سۆرانی دابڕێ بەسەر کوردەکانی عێراق ئەوانەی کە بە کرمانجی ئەدوێن لە دوو لیواکەی موسڵ و هەولێردا...

شایانی باسە کە لە چەرخی پاشایەتی ((گۆڕبەگۆڕا ـ وەرگێڕ)) لەبەر چەن هۆیەکی سیاسی زاراوی سۆرانی بە ڕەسمی بەکار ئەهێنرا، کاربەدەستە

ئینگلیزەکان، دوا بەدوای ئەوان حکومەتە کۆنە پەرستەکانی بەغدا، بەتایبەتی ئەو ناوچانەیان خستبووە پشت گوێ، کە لە کوردستانی عێراقدا بە کرمانجی قسەیان ئەکرد، لەلایەن زانیاری و ئابوورییەوە، چونکە ڕاستەوخۆ دراوسێی کوردستانی کرمانجی بوون، ئەوانەی کە لە تورکیادا ئەچەوسێنرێنەوە، ئەمەش بە پێی ڕێکەوتنی پەنهانی لە بەینی ئەندامەکانی پەیمانی سەعدئاباد و پەیمانی بەغدای (ئەوسا ـ وەرگێڕ) وە ئەو کوردە عێراقییە کرمانجانە لە قوتابخانە عەرەبییەکاندا ئەیانخوێند، جا لەبەر ئەوەی چاپەمەنیی کوردی لە عێراق دا هەمووی سۆرانی بوو، وردە وردە زاراوی سۆرانی، یا زبانی عەرەبی بوو بە زبانی ئەدەبی کوردە کرمانجە خوێنەوارەکانی عێراق ! ! پێی ناوێ بڵێین کە ئەم خوێنەوارانەش زۆر کەم بوون، وە وردە وردە ڕەنگی سۆرانییان بەسەرا کرا، ئەگەر نەبووبن بە عەرەب ! ، بەڵام بەشی هەرە زۆری کوردە کرمانجەکان لەم (عەمەلیانە دوور و ڕزگار بوون ! ) وەهەتا بنا گوێیان نوقمی دەریای گۆشەگیری و نەخوێندەواری بووبوون ! .

جا کە ئەمە وەزعی چەرخی ڕووخاو بێ، زۆر مایەی دڵگرانییەو، زیان گەیاندنە بە قازانجی نەتەوەی کورد، کە لە سایەی کۆماری تازەشدا وەزع هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە ! .

ئەمەش کە باسمان کرد، شتێکی ناوخۆیەو بەتایبەتی هی کوردەکانی عێراقە و ئێمە لەو باوەڕەداین، کە یاسای تازە دەس ناخاتە ئەم جۆری کارە ناوخۆییانەی کوردەکانەوە، چونکە شۆڕش مافی ڕادەربڕین و خوێندنی بە

زبانی نەتەوایەتی داوە بە کوردەکان و پێویستە وازیان لێ بهێنرێ هەتا فێری خوێندەواری بن بە زاراوەی کە خۆیان ئەیانەوێ...

وە وەکو ئەڵێن: حکوومەتی عێراق ڕێگای هەندێ ڕۆژنامەی کوردی داوە بە زاراوی کرمانجی..

شتێکی ئاشکرایە، کە پێویستە کوردە کرمانجەکانی عێراق قوتابخانە و ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان ببێ، بەزاراوی خۆیان، نەك بە زاراوە جۆربەجۆرە ناوخۆییەکانیان، بەڵکو وەکو ئەوەی کە لە نووسینەکانی ئەحمەدی خانیدا هەیە، وە وەکو ئەوەی کە لە یەکیەتی سۆڤییێت و سوریادا ئەنوسرێ و کوردەکانی کوردستانی تورکیا پێی ئەدوێن.

چارکردنی گیرو گرفتی زانیاری کوردەکانی بادینان، بەو جۆرەی کە باسمانکرد، لەبەر پێنج هۆی بنەڕەتی پێویستە:

١- لەبەر نەهێشتنی ئەو ناڕەواییە، کە لەم کوردە کرمانجانە کرا، کە بێبەش بوون لە مافی قوتابخانەو ڕۆژنامە بە زاراوی تایبەتی خۆیان، ئەو ناڕەواییەی، کە ئیمپریالیست دروستیکردبوو...

٢- هەتا خوێندەواری بگاتە دەستی گەل هەمووی، ئەمەش تەنها بەوە ئەبێ کە لەو ناوچانەدا بە کرمانجی بخوێندرێ.

٣- چونکە ئەو زاراوەی، کە لە بادینان دا هەیە، زاراوێکی بچووك و گۆشەگیر (منعزل) نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا گەورەترین زاراوێکی فراوانی نەتەوایەتییە.

٤- بۆ ئەوەی هەتا ئەتوانین جێگای نەبوونی چاپەمەنی کوردی لە کوردستانی تورکیا پڕ بکەینەوە، بۆ پینەکردنی بیٚ بەشی زاراوی کرمـانجی لـە پێشـکەوتن، لە سایەی ڕەشی دەسەلاٚتی کۆنەپەرستی تورکیـا، مـن ڕام وایـە ئـەم هـەنگاوە پێویستە ئامانجێکی نەتەوایەتی و پێویستییێکی نیشتمانییە لەسەر شانی هەموو کوردەکـانی عێـراق چ سـۆرانی و چ کرمـانجی، چـونکە بێگومـان تاقـە چاپەمەنییەك، کە کوردەکانی تورکیا لێی تێبگەن، بریتییە لە چاپەمەنی زاراوی کرمانجی...

٥- لەبەر ئەوەی کە ئەم دوو زاراوە ئێستە لە عێراقی ئـازادا بـاوە، لـە توانـادا هەیە ئەو چارە پێش کـەوتووەی کـە باسمـان کـرد، جێبـەجێبکریٚ بـۆ ئـەوەی زبانی نووسینی کوردی بکریٚ بەیەك لە چوارچێوەی نەتەوایـەتی ڕاسـتەقینەدا، چونکە لەم کاتەدا بەراوردکردن لە بەینی ئەم دوو زاراوەدا لە توانـادا هەیـە. وە بۆ ئەوەی ئەم یەکخستنە لـە پاشـەڕۆژدا لەوانـەبیٚ بێتـەدی، پێویسـتە هـەردوو زاراوەکە بە یەك چەشن تیپ بنووسریٚ..

شـتێکی زۆر گرانـە کـە بـیر لـەوە بکەینـەوە کرمـانجی بـە تیپـی عـەرەبی بنوسـریٚ، لەبـەر کوردەکـانی تورکیـا کـە تـەنها لاتینـی ئـەزانن، وە لەبـەر کوردەکانی سوریا، کە لە دەمێکەوە زبانەکەی خۆیان بە لاتینی ئەنووسن، ئـەو گەنجانەش کە بەسۆرانی ئەدوێن ئەوانیش بیر لە نووسین ئەکەنەوە بـە لاتینـی، هەروەها کۆمەڵی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بـە گـەرمی لایـەنگری ئـەم ڕێگایـە ئەکات و، ئەندامەکانی بانگ ئەکات بۆ بلاٚوکردنەوەی تیپی لاتینی، چونکە تەنها

ئەم تیپانە، کە ئەبێتە هۆی یەکخستنی زبانە کوردییە خۆشەویستەکەمان لە پاشەڕۆژا.

پێویست ناکا کە بڵێین مەسەلەی نووسینی لاتینی مەسەلەیەکی هونەری پەتییە، وە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە و هەرگیز کار ناکاتە سەر یەکیەتی و برایەتیی کورد و عەرەبی عێڕاق، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە باسی (اعتباراتی سیاسی) ببێتە هۆی تەگەرە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەم تیپانە لە لایەن کوردەکانەوە، وە لەوانەیە وردە وردە، تیپی لاتینی لە کوردستانی عێڕاقدا، هەر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە هەتا قوتابخانە بەرزەکان و هەتا ڕۆژنامەش بەکار بهێنرێ...

بە کورتی لە کوردستانی عێڕاق دا پێویستە:-

١- جولانەوەی ئەدەبی سۆرانی ئێستە ئەبێ لە عێڕاق بەردەوام بێ.

٢- پێویستە لەو شوێنانەدا کە بە کرمانجی گفتوگۆ ئەکەن جولانەوەی ئەدەبی کرمانجی شان بەشانی جولانەوەی ئەدەبی سۆرانی هان بدرێ و ڕێگای بۆ خۆش بکرێ، بەو مەرجەی، کە بە پیتی لاتینی بنووسرێ، وەك ئەوەی کوردەکانی سوریا بەکاری ئەهێنن (بێگومان تاقی کردنەوە و شارەزایی ئەوانیش لەم بابەتەوە یارمەتیدەرێکی باشە).

٣- وردە وردە دەسبکرێ بە نووسینی سۆرانیش بە لاتینی.

٤- ئەنجا بەدڵ و بەگیان و بە زانست بکۆڵرێتەوە لە چۆنیەتی کەم کردنەوەی جیاوازی ئەم دوو زاراوە سەرەکییانە.

ئیتر لە کوردستانی عێراق دا هەر چارێکی تر دابنرێ بۆ ئەوەی کوردە کرمانجەکان فێری سۆرانی بکرێن، ئەنجامی ئەوە ئەبێ، کە خوێندەواری پەرەنەسێنێ و پێگەیەکی فراوانی نەبێ و هەرگیز خوێندەواری ناچێتە ناو جەرگەی ناوچە ئاوەدانەکانەوە، وە مانای ئەوەیە بە چاوی نرخ سەیری بەشەکانی تری نیشتمان ناکرێ، بەتایبەتی کوردستانی تورکیا، هەروەها مانای ئەوەیە بیر لەم گیر و گرفتە ناکرێتەوە لە چوارچێوەی نەتەوایەتیدا و بۆ هەموو نەتەوە !..

بێگومان کوردە کرمانجەکانی عێراق، کە لە چەرخی یاسای گۆڕ بە گۆڕا ڕێگای گورجوگۆڵی خوێنەوارییان لێ گیرابوو، ئەمڕۆ هەقی خۆیانە و پەیوەندیی بەوانەوە هەیە، کە داوا لە کاربەدەستانی عێراق بکەن بۆ ئەوەی قوتابخانەو ڕۆژنامەیان بە زاراوەی خۆیان ببێ، زۆریش شایستەو جوانە، کە برا کوردە سۆرانیەکانیش ئەمە تێبگەن وهانیانبدەن بۆ ئەم داخوازییە.

کوردە عێراقییەکان سەر بەرزن، بەرێزن لەوەدا، کە لە پێش هەموو بەشەکانی نەتەوەی کورد دا ئازادبوون.. پێویستی ئەمڕۆیان تەنها ئەوە نییە، کە لەم هەلە بەکارەدا هەنگاوی گەورەتر و زۆرتر بنێن، بەڵکو مەسئولیەتێکی گەورە کەوتووەتە سەریان بۆ ئەوەی بیر لە کوردەکانی تریش بکەنەوە، مەسئولیەتێکی وەها، کە پێویستە پاك بکرێتەوە لە هەڵە و چاری نیوە و ناتەواو، واتە: بەرژەوەندیی گشتیی کوردایەتی پێویستە هەمیشە لە مێشك ودڵ و دەروونی خۆیاندا بێ!

(بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی) کە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە دامەزرا، ماوەیەکی فراوانی لەبەردەمدا هەیە بۆ ئیش کردن و مەسئولیەتێکی گەورەی لەسەر شانە.

من تا ئێستە باسی ئەوەم نەکردووە، کە چۆن ئەم دوو زاراوە ئەکرێت بەیەك، چونکە ئەمە گیروگرفتی هونەری (فیلۆلۆژی) دژوارە، بە لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری قووڵ نەبێ و لە پرۆگرامی دوور و درێژ ئامادە کراودا نەبێ چار ناکرێ، پرۆگرامێ، کە لەلایەن دەستەیەکی خاوەن ئیختصاصی بەرزەوە دابنرێ، کە نوێنەری هەردوو زاراوەکە بن: سۆرانی و کرمانجی.

## سۆرانی یا کرمانجی

دوای بلاوبوونەوەی نامیلکەی (مسألة توحید اللغة الکردیة) ی مامۆستا عصمەت شەریف وانلی، (ص.هەژار)[1] نامیلکەیەکی لە ژێر ناونیشانی (سۆرانی یا کرمانجی) وەرامی (مسأله توحید اللغه الکردیه)[2]، بلاوکردۆتەوە.

لە نامیلکەکەیدا نووسەر جگە لە (پێشەکەش)، بابەتەکەی بەسەر دووبەشدا، دابەشکردووە، بەشی یەکەمی (پێشەکی) و بەشی دووەمی (وەرامی نووسینەکەی کاك عصمت شریف)ە، هەردوو بەشەکە هێندەی یەکدی درێژن، هەر بەشەیان (١٨) لاپەڕەی نامیلکەکەی پڕکردۆتەوە.


هەرچەندە پێشەکییەکەش چەند لایەنێکی گرنگی مێژوویی تێدایە و لەگەڵ تەوەری باسەکەدا یەکانگیرە، بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی مەبەست بە پێویستمان نەزانی ئەو بەشە بنووسینەوە و پێمان وابوو بەشی وەلاّمەکە بەس بێت بۆ خوێنەری ئەو کتێبە، دوای ئەوەی بە کورتی مەبەستی نووسەر لە پێشەکییەکە بە چەند دێرێك بخەینە ڕوو:

---

[1] مەبەست (ساڵح هەژار)ە، ناوی (ساڵح کوڕی سەعید کوڕی باپیر کوڕی مەڵەك)ە، بەپێنج پشت دەچێتەوە سەر(ئەحمەد بەگی کۆماسی). لەساڵی ١٩٢٧ لە گوندی (تریفە)ی بناری هەڵەبجە لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٨٣، کۆچی دوایی کردووە.

[2] دەقی ئەم نووسینە لە نامیلکەیەکدا و لەساڵی ١٩٦٠، لە سلێمانی لەچاپخانەی ژین چاپ و بلاوکراوەتەوە. جارێکی دیکەش لە کتێبی بەشێك لەبەرهەمەکانی ساڵح، ئامادەکردنی: سەریاڵ ساڵح هەژار،لەساڵی ٢٠٠٨ لە هەولێر، ل١٤٠، بلاوکراوەتەوە.

**هەژار پێی وایە، پێویستە ئەو هەلومەرجەی ئـەمڕۆ لـە بەشـی کوردسـتانی عێـراق دا، هاتۆتـە پـێش، وەك ئـەوەی لـە واقعـدا بـوونی هەیـە مامەڵەیـەکی تەندروستی لەگەڵدا بکرێ.**


صالح هەژار

**پێـــی وایـــە لـــەو کاتـــەدا دروستکردنی مشـتومڕ و کردنـەوەی ڕێچکەی ململانێ، نـە لـە ئێسـتادا و نە لە ئایندەدا، خزمـەت بـە کـورد و کوردستان ناکات.**

**پێیوایـە پلـەی قۆناغـەکانی پێشکەوتنی پارچـەکانی کوردسـتان هاو ئاست نین.**

**ناکرێ لەو دەرفەتە ناسکەدا، وەك یەك ئاسـت کـار لەسـەر هـەموویان بکرێـت، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی عێڕاق دا ئاسانە، لەبەشـەکانی دیکـەدا زۆر دژوارە، بۆیـە ڕوانـین بـۆ ئـەو پرسـە گرنگـە، تـەنها لـە گۆشـەی ناوچـەگەرایی، خزمەت بە زمانی زانیاریی کورد ناکات و خزمەت بەهیچ بەشێکی کوردسـتانیش ناکات.**

**نـابێ ئـەوەشمان لـەبیر بچـێت، کـە ئـەو نووسـینەی ص.هـەژار و عصـمت شەریف وانلی، لە ساڵی (١٩٦٠)دا نووسراون.**

## وەرامی نووسینەکەی

## کاك عصمت شريف

لە لاپەڕە (٧)دا، کە یەکەم باسە لـە کتێبەکـەیا بـۆ دەسـتپێکردنی، وەهـا نیشانی ئەدا، کە گوایە کوردەکانی سلێمانی، یا سۆرانیەکان، ئەیانەوێ شێوەی سۆرانی زاڵ بێ و ببێ بە زمانی گشتی بۆ کوردستانی گەورە، کـە ئەمـەیش زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە تا ئێسـتا هـیچ نووسـەر و بوێـژ و مێژوونووسـێکی خەڵقی سلێمانی، یا بڵێین سۆرانی، داوای ئەوەی نەکردووە، کە بڵێـت شـێوەی سۆرانی ئـەبێ زمـانی گشـتی بـێ بـۆ کوردسـتانی گـەورە، بـەڵام بـەبێ ئـەوەی خۆییاتی بکەین (اقلمیەت)، ئەبێ هەموو کوردێکی کرمانجی چە لە تورکیا، چـە لە سوریە، دان بنێ بەوەدا، کە جووڵانەوەی نیشتمانی لـە کوردسـتانی ئێـران و عێڕاقدا بـە هێـز و پێشـکەوتووترە، بـە تایبـەتی کوردسـتانی عێـڕاق، ئەمـەیش کۆنەپەرست و ئیستعماری جیهـان دانـی پیـا ئـەنێ و هـەروەها دیموکراتیـەت و هێـزە نیشـتمانییەکانی نـاو بـرا عەرەبـەکانیش دانـی پێدا ئـەنێن.. هـەروەکو سـەرۆکی دادگـای گـەل (سـیادەی مەهـداوی فـەرمووی، کوردسـتانی عێـڕاق مەشخەڵی کوردستانی گەورەیـە)، کەچـی کـاك عصـمت تـەنها ڕەگـی خۆییـاتی (اقلمیەت) ی جووڵاوە، بە بڕوایـەکی نیشـتمانییەوە داویەتیـە بـەرەو ژوور، کـە هەڵدێرکەیەکی سەخت و دوور لە بوونەوە(واقعە) وە لەباتی بگـەڕێت بـۆ ڕەگ و هۆی پەیدابوونی و چارکردنی بە گوێرەی گۆڕانی مێژووی چۆنیێتی و جۆری ئەو قۆناغـەی، کـە کوردسـتانی تێدایـە و بـۆی ئەچـێت... دەربـارەی یەکخسـتنی

کێشـەی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەلآیـەتی و زانیـاری بـۆ کوردسـتانی دابـەش کراو... بەتایبەتی لەبابەت نووسین و زمانەکەیەوە کەچی ئەڵێت: (غیر ان مـنهم یعتقد ان سورانیة یجب ان تصبح اللغة الکردیـة وهـم یبنـون اعتقـادهم هـذا علـی اساس ان الاحداث السیاسیة التي کانت ولا تزال في صالح اللهجـة السـورانیة الـتي اسـتطاعت ان تحقـق تقـدما عظیمـا في المجـالات الکتابیـة، ولمـا کانـت اللهجـة الکرمانجیة لن تتمتع بمثل هذة الظروف الملاعه و بالتالي لیس بأمکانها ان تحقق تقدما فلا تصلح ان تکون اللغة الکردیـة)! !بـەڵێ کـاك عصـمت وا ئـەڵێت، بـەلآم بەڕاسـتی ئەمـە زۆر دوورە لـە بـیروڕای خوێندەوارێکـەوە، کـە بیـەوێت بچـێتە مەیدانی باسی کێشەی زانیاری، بۆ چاری زمانی میللەتی کوردی پارچەپارچە و بەش کراو، کە ڕۆژی (ظروف) هەر پارچەیەکیان جیـاوازی تێدایـە لەگـەڵ ئـەوی تریان لە بارەی چۆنێتی دواکەوتن و پێش کەوتنیەوە، چە لە ڕوی سیاسییەوە ە چە لە ڕووی ئابوری و کۆمەلآیەتییەوە، .. هەر وەکو کاك عصمت خۆی دووبارە وەرامـی خـۆی ئەداتـەوە ئـەڵێت: (و بطبیعـة الحـال یحـالف الاکـراد المتکلمـون باللهجة الکرمانجیة في ترکیا و سوریا و الاتحاد السوفیاتی هذا التفکیر ..)!

جارێ وەکو وتمان جیاوازی هەیە لـە چـۆنییێتی ژیـانی کۆمەلآیـەتی کوردەکـانی کوردسـتانی گـەورەدا.. هەریەکـە بـە گـوێرەی قۆنـاغی خـۆی، واتـە کـوردی سۆڤیەتی و کوردی تورکیا ژیان و زانینیان ئەرز و ئاسمانـە.. لەبـەر ئـەوە هـیچ هێزێك نییە، کەوا بتوانێت کوردی ئـەرمینیای سـۆڤیەتی یـەکبخات، دەربـارەی ئەوەی کە ئەوانیش بڵێن ئەبێ مەکتەبیشمان بۆ بکەنەوە و ئەبێ ڕێگامان بدەن

بە زمانی خۆمان بخوێنین ..هەروەها بیٚ ئیشـین ئـەبیٚ کارگـەو کارخانـەمان بـۆ دروست بکەن با ئیشی تێدا بکەین، چونکە ئەوە هیچ بەڵگەی ناویٚ، کە کـوردی سۆڤیەتی وەکو کاك عصـمت خـۆی نووسـیویەتی، ژمارەیـان نزیکـەی (صـەد و پەنجا هەزار کەسن، کەچی خاوەنی هەزار و پێنج صەد کتێبن) وە منیش ئەڵێم خاوەنی پەیمانگا و(معاهد) کۆمەڵگا و (جامعە) و کارگە و کارخانە و وەزارەتـی زانیارین وە خاوەنی دەسەلاٚتێکی خۆبەخۆیشن (الحکم الذاتی) ئـیتر نـازانم ئـەم کوردانە لەکویٚ و هەولۆتەقەلاٚ و ئەبیٚ وەکو هەشت ملیۆن کوردی تورکیـا بێـت، کە ئەمان بە زەبری قەمچی و کۆتی زیندان کردویانن بـە تورکمـان و نایـەڵن بـە ئاشکرا بە زمانەکەی خۆیان قسە بکەن و خاوەنی ڕۆژنامەیـەکی خۆیشـیان نـین ... نازانم گوایە کاك عصمت ئەمە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەوان ناویان کـوردە و پێیان ئەڵیٚ کرمانجی .. وا ئەم تێکەولێکـەی بەرهـەم هێنـاوە؟ یـان تـەنها هـەر ئەوەنـەی لیٚ ئـەزانێت! ئـەی گوایـە هـیچ نـەبیٚ نەئـەبوو ئەوەنـەی بـیر لیٚ بکردایەتەوە، کەوا لە کاروانا ئەوی سوارەبیٚ و ئەوی پیـادەبیٚ، فـەرقیان هەیـە بۆ تینویەتی و برسییەتی و هیلاکی، چە جای بۆ ڕۆیشتن بە ڕێگاوە... گەرچـی سوارەکەیش کـوردە و پیادەکـەش هـەر کـوردە، لەگـەڵ ئەوەیشـا هیچـیان لـە کوردایەتیەکـەی خۆیـان ناکـەون، بـەلاٚم سـوارە و پیـادە نـابن بەیـەك، کەواتـە سەیرکردنی ئەو قۆناغە کە تیـا ئـەژین بـە چـاوێکی تیـژ و(بەسـرنجێکی علمـی) ئەنجا ئەمانگەیەنێتە بنجو بنەوانی ڕلستییەکەوە، لەبەر ئـەوە، لـە پێشـکەوتنی وێژە و چیرۆك و نامیلکە و پەڕاوی (کتێب) شێوەی سۆرانی ڕادەیەکی مێژووییە

ئەویش پێگەیشتنی سەرمایەداریی نیشتمانییە لە ناو کوردی سۆرانا، بەتایبەتی کوردستانی عێراق، ئەویش لە ناوچەی سلێمانی و کەرکووك و هەولێرا .. ئنجا سەرمایەداریی کوردی سۆرانی لە کوردستانی ئێرانا وە بۆ ئەمەیش بەڵگەمان پێکهێنانی حکوومەتی شێخ مەحموودی نەمرە لە سلێمانی و کۆماری کوردستانی ئێرانە بە سەرکردەی قازی محەمەدی شەهیدی نەمر ..

بەڵێ کاك عصمت خۆی زۆر هیلاك کردووە، بەڵام بە ڕاستی هەرچەند باسەکەی هەمووی لە دڵسۆزییەوەیە، لەگەڵ ئەویشا وەکو وتمان وەختەکەی یەکجار ناتەواو و ستەمە، چونکە ئێستە لەم کاتەدا، نە کوردی کرمانجی نە کوردی سۆرانی پەکیان لەسەر ئەوە نەکەوتووە، کە چۆن بنووسن و چۆن بخوێننەوە، بەڵکو هەردوو لایان، شێوەی خۆیان هەیە و ئەیش توانن زۆر باش بەشەکەی خۆیان پێبگەیەنن و تێیان بگەیەنن بۆ مەبەستی بەرزی نیشتمانی، کە ئەویش یەك گرتن و ئازادی کوردستانی گەورەیە .. بە تایبەتی کوردی تورکیا و سوریا ژیان و شێوەی نووسینیان وەکو یەك وایە و نزیکە لە یەکەوە، بەڵام کوردی سۆڤیەتی نە بەکەڵکی کوردی تورکیا دێت، ئەمڕۆ لەم قۆناغەدا وە نەبەکەڵکی ئێمەیش دێت، چونکە کە ئەڵێم بە کەڵك نایەت، لەبەر ئەوەیە، کە ئەوان پێویستی ژیان و زانینیان چوار قۆناغ لە پێشە.. واتە ئەوان وەکو لە پێشەوە وتمان بە ژمارەیەکی کەمەوە خاوەنی جێگا و ڕێگا و دەسەڵاتێکی خۆبەخۆیین، هەموو نووسین و ئاوات و ئامۆژگاریەکانیان بە جۆرێکە و لەڕادەیەکدایە، دەردی ئێمە ناخوات .. واتە ئەوان باسی مانگی دەسکرد و (کۆلخۆزات) و مەکینەی

گـەورە و زەڕڕە و هایـدرۆجین و تراکتـۆر و ..هتـد ئەکـەن، جگـە لـەوەی هـیچ ئــەوەیان بەســەرەوە نــەماوە، کــە هــیچ تــاقمێکی تــری نەتەوەیــەکی تــر بیانچەوسێنێتەوە، بەڵام کوردی تورکیا ئەتوانین بڵێین وان لە سەرەتای (ئەلف و بادا)، چونکە هێشتا نایەڵن  بە زمانی کوردی بنووسن و بخوێننـەوە و هێشـتا ڕۆژنامەیەکیان نییە و پێیان ئەڵێن تـورکی شـاخ! ! سـوریاش تـۆزێ کـەمتر لـە تورکیا، ئەوانیش ئەتوانین بڵێین هیچ کەمتر نین و هەر هەمان دەردیانە... لەبەر ئـەوە شـتەکە زۆر ئاشـکرایە، کـەوا نـابێ کـوردی تورکیـا و  سـوریا و (اتحـادی سۆڤیاتی) بنووسێنین بەیەکەوە بۆ چۆنیەتی ژیانیـان وە هـیچ وەختێـك ئـەوان خۆیان ناکەن بە ئێمە و بە کوردی تورکیـا، بـەڵکو ئێمـە ببین بـەوان و بگەینـە ڕێزی ئەوان، ئەمە لەلایەکـەوە، لەلایـەکی تریشـەوە ئـەوە کـوردی سـۆرانی ... وەکو باسمان کرد لە پێشەوە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە بەینی کوردی سۆرانی و کرمانجیـدا تــەنها لەبــەر چــۆنیێتی ژیــانی کۆمەڵایــەتی و شــێوەی نووســین و خوێندەوارییــەوە، کــە ئــەم خــۆی پێشخســتووە بــە گــوێرەی پێشــکەوتنی سەرمایەداری نیشتمانی وە جوولانەوەی نیشتمانیی خۆی و دراوسێکانی، هـۆی تەواوەتی ڕاستەقینەیەتی. جا لێرەدا بۆ وێنەی ڕاستیی قسەکەمان کاك عصمت شـەریف خـۆی دوو بەڵگـەی هێناوەتـەوە لـە بابـەت دوو کـۆنگرەی گـەورەوە، سەبارەت بە ڕێکخستن و یەکیەتی شێوەی سۆرانی و کرمانجی، کە یەکەمیان لە ساڵی ١٩٣٤ دا گـیراوە لـە ئـەرمینیای سـۆڤیەتی لـە پـاش تـەواوبوونی بڕیـاری کۆنگرەکە ئـەوەبوو کـە شـێوەی کرمـانجی ببـێ بـە زمـانی گشـتی.. کـۆنگرەی

دووەم لەساڵی ١٩٥٩ بوو، کە لە شەقلاوە گیرا. لەلایەن مامۆستایانی کوردستانی ئازادی عێراقەوە، ئەمیش لە ئەنجامدا بڕیاریدا، کە شێوەی سۆرانی زمانی گشتی بێت.

جا ئایا بەڵگە لەمە بەرزتر و بەهێزترمان دەس ئەکەوێ بۆ ڕاست و دروستی هەموو قسەکانی پێشوومان.. ئایا مانای ئەوە نییە، کە هەرکەس بەچاوی ژیان و قازانجی پێشکەوتن و پاشکەوتنی وڵاتی خۆی ئەڕوانی بۆ وڵاتەکەی..

گەرچی ئەویش هەرکوردە و کوردی تورکیاش هەر کوردە و ئێمەیش لە عێراق هەر کوردین. هەروەها ئەی گوایە بڕیاری کۆنگرەی مۆستایانی شەقلاوە دووبارە مانای ئەوە نییە، کە ئەمیش ئاوێنەی بینینی حاڵی کوردی سۆرانی و کوردستانی عێراقن، لەگەڵ ئەوەیشا کۆنگرەکە هەموویان بریتی بوون لە ئازادیخواز و لە نیشتمان پەروەر و بوێژ و نووسەری کوردستانی عێراق، زۆر باش دڵیشیان ئەسووتێ بە کوردی تورکیا و سوریا وکوردی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام بڕیاریشیاندا، کەوا بە شێوەی سۆرانی بنووسن و بخوێنن.. لەبەر ئەوە ئێمە نابێ بڵێین نە ئەم ڕاست نییە و نە ئەو ناتەواوە.. چونکە بە گوێرەی ڕۆیشتن و پێویستیی چۆنێتی ژیان و زمان ونووسین قسەی قۆناغی کۆمەڵەکەی خۆیان بڕیاریان داوە، کەواتە ئەبێ بڵێین کوردی کرمانجی و کوردی سۆرانی، کە هەردووکیان یەکی هێزێکی گەورە و زۆرن پێویستە هەر یەکەی بە شێوەی خۆی بنووسێ و بخوێنێ و خۆی پێشبخات هەتا ئەگەنە ئامانجی

گەورەیان، کە ئەویش ئازادی و یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەیە جا لە کاتی پێکهاتن و گەشەپێدانی دەسەلاتی سیاسیدا، کە سەربەخۆیی نیشتمانە (الاستقلال الوطني) ئەتوانین ئەوسا ئەویش بەگوێرەی ئارەزووی هەردوولا بەهۆی دەسەلاتی زانیاری و زۆربوونی خوێندەواری و لەیەکگەیشتن و ئالوگۆڕی گەنجینەی وێژە و نووسین و چیرۆك و هەڵبەست و مێژووی هەردوولاوە، لایەکیان هەڵبژێرین و شێوەیەکیان پەسەند بکەین، ئەگینا ئێستا جگە لە دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە و دوورکەوتنەوە لە ڕاستییەوە، هیچ قازانجێکمان دەستناکەوێ و ناگەینە مەبەستی بەرزمان، ئەنجا وابزانم کاك عصمت دێتە سەر قسەکەمان و پەشیمانیش ئەبێتەوە لەو ڕایەی خۆی، چونکە لە قازانجی میللەتی کورد و کوردستاندا نییە لەم ڕۆژەدا بەو جۆرەی کە ئەیەوێت..! بەڵکو لە دوا ڕۆژیشا هەر ستەمە.

بەڵێ لەپاش ئەوەی، کەوا گەیشتینە ئەوەی کەوا کوردستانی گەورە هەر چەند، کە هەر نیشتمانی کوردە، ئیتر چە سۆرانی بێ و چە کرمانجی بێت، بەلام هەر جێگایە لە شوێنە بەش بەش کراوەکانی کوردستان، گەرچی لە زۆر شتی نەتەوایەتییان یەکئەگرنەوە، بەلام بۆ چۆنییێتی قۆناغی ژیانی کۆمەلایەتی جیاوازیان هەیە، کە ئەوەیش هۆی چەوسانەوە و زەبری دووسەرەی کۆنەپەرست و دەرەبەگی میللەتی کورد و کۆنەپەرستانی شوێنەکانی دراوسێیان واتە وەکو خائنی کورد و دەرەبەگی کوردی تورکیا بەرامبەر بە میللەتی کورد و سەرەڕای ئەوانیش خائن و کۆنەپەرستی کار بەدەستانی

تورکمان بە چەشنی (جەلال بایەر و مندریس) لە تورکیا دیسانەوە لە عێراق و ئێرانیشا ئەوە بەڵگەی ناوێ، کە هەر لەم بابەتەیە... هۆی چەرمەسەری ژیانی کوردەکان لەگەڵ ئەم هەموو ناتەواوی و ئێش و ئازار و هەرچی دەستی دار بگرێ و دەستی قەڵەم بگرێ دەستبکەن بە هاوار و نووسین بۆ یەکیێتی خەباتی نەتەوایەتی و بۆ یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە، سۆرانی لە شوێنی خۆی و کرمانجی لە شوێنی خۆیەوە، بەبێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێکی تر بکاتەوە، کەچی کاك عصمت شریف وانلی زۆر ئالۆزە لەوەی، کەوا شێوەی سۆرانی پێشکەوتووە و بووەتە جێگای باوەڕ وهیوای ئازادی کوردستانی گەورە... لە نووسینەکەیا زۆر خۆی ماندوو کردووە بۆ ئەوەی کەوا بەهەموو لایەکی بسەلمێنێ، کە کوردی سۆرانی شێوەی زمانەکەیان دوا ڕۆژی نییە و بەڵکو دوا ڕۆژ هەر بۆ شێوەی کرمانجییە، چونکە کرمانجی زۆرترە و سۆرانی کەمترە...! واتە ئەڵێت (نزیکەی ملیۆنێك کوردی زازای تورکیا قسەکردنیان وەکو هەورامانی وایە)!! بەو مەرجەی هەورامی هەموویان وان لە بەینی سۆرانی ئێرانی و عێراقدا و هەموویشیان ئێستە نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس و خوێندەواریان بە شێوەی سلێمانییە، هەر وەها بەشی ئێرانیش هەروەها نووسین و قسەی گشتییان هەر شێوەی سۆرانییە، لەبەر ئەوە پێویستی بەم ڕقەبەرقەی نەئەکرد، تەنها بۆ کەمکردنەوەی نرخی شێوەی سۆرانییە، واتە دوبارە ئەڵێت: (یمکن اعتبار اللهجة السورانیة لغة خمسة ملاین کردی تقریبا یمثلون ٣٨ بالمائة من مجموع الشعب الکردی)!! ئەمە ئەڵێت

بـەبێ ئـەوەی ئەنجامەکـەی سـەیر بکـا و بـیر لـەوە بکاتـەوە ئەمـە خۆییانـە (اقلمیانـە) وە دەوری هۆزایەتییـە (عشـائری)، چـونکە خـەڵقی لـە ڕەگەزایـەتی ئەترسـێت ئـەمڕۆ، کەچـی ئێمـە لـەناوخۆمانا هـۆزە هۆزینـەمان بـۆ زینـدوو ئەکرێتەوە.. دیسانەوە بۆئـەوەی بەتـەواوی کـاك عصـمت وریـا بکەینـەوە، کـە جارێکی تر ئاگاداری نووکی قەڵەمەکەی بێت، کە لە خۆیەوە تاو نەدات، چونکە هەموو تاودانێك سوارچاکی نییە. ئەگینا نەیئەوت ... (من العبث بل ومن الخطـأ ان یصر بعض اخواننا السلیمانین کما هو واقع ان تکـون السـورانیة وجوبـا، لغـة الکتابة الکردیة الامة جمعاء)!! وابزانم ئەمانە بەڵگەیەکی کەم نین لە ڕووی کاك عصــمت و خوێنەوارانــدا، بــۆ ئــەوەی، کــە نووســینەکەی ڕووی جیــاوازی و دووبــەرەکی  زیــاتر تێدایــە تــا دۆزینــەوەی ڕێگــا بــۆ یــەکێتی زمــانی کــوردی کوردستانی گەورە، کە بریتییە لە سۆرانی و کرمانجی بە زۆری...

کاك عصمت تـەواو خـۆی هیلاککـردووە بـۆ ئـەوەی، کـە لـە هـەموو لایـەکی بگەیەنێت، کەوا کـوردی سـۆرانی بایـەخێکی ئـەوتۆی نییـە و بـە توانـای خـۆی پێشـنەکەوتووە، لـە پێنـاوی ئەمەیشـا نووسـاوە بـە بـیر و ڕای زۆر سـەیر و سەمەرەوە، کە هەمووی لاوەکییە هێناویـەتی، کـە لـە هـیچ کاتێکـا بـاری لار و کەوتووی کورد ڕاست ناکاتـەوە و بـاری ناکـات، ئەمـەیش قسـەکەیەتی، کـە لـە لاپەڕە (١٨) دا ئەڵێت (ان اللهجة السـورانیة لاعتبـارات سیاسـیة کانـت تسـتعمل رسمیا في عهد النظام الملکي ولقد اهمـل الحکـم البریطـانی ومـن بعـده حکرمـات بغداد الرجعیة قصدا المناطق التي تتکلم الکرمانجیة من کردستان العیَـراِق.. مـن

الناحيتين الثقافية و الاقتصادية، وذلك تجاورها المباشر لكردستان الكرمانجية المضطهدة في تركيا و بموجب اتفاقية سرية بين اعضاء معاهدة ((سعد اباد)) و حلف بغداد)!!

تێناگەم کاك عصمت چۆن وێراویەتی ئەم بڕیارە بدا و بەم جۆرە بداتە لایەنی جیاوازی و دووبەرەکی لە کوردستانا بەناوی سۆرانی و کرمانجییەوە، کاك عصمت چووەتە ژێر بارێکی یەکجار گران وشکستە، بەو مەرجەی ناوی لێ ناوە کوردایەتی و خزمەتی زمانی کوردی، بەلاّم ئەمە یەك، کە لەم جۆرە کوردایەتیەم دیبێ و بیستبێ، چونکە کوردایەتی و کورد پەروەر ئەو کەسەیە، کەوا کوردی تورکیا و عێراق و سوریە و ئێران و سۆڤیەتی، وەکوو یەك سەیر بکا و داوای هەقی ژیانی بەرز و سەربەخۆیی بۆ هەمووی وەکوو یەك بکات، گەرچی پاش و پێش هەبێت لە هەندێ ڕووەوە لەم شوێنانەی کوردستانا، نەك بڵێت کوردی سۆرانی سیاسەتی بریطانیا و دەوری پاشایەتی گۆڕیەگۆڕ و کۆنەپەرستان ڕێگای داونەتێ کەوا پێشبکەون...!! بۆچی کاکم کوردی سۆرانی عێراق بە خەتەر و ترسناك نازانێت بۆ سەر ئیستعمار و کۆنەپەرستان وا دیارە کاکم زۆرباش ئاگادار نییە لە سیاسەتی ئیستعمار و کۆنەپەرستانی دوشمنی کوردستانی گەورەی پارچەپارچەکراو، کە بریتیە لە ئێران و تورکیا و عێراقی دەوری پاشایەتی بۆگەن.. بێگومان ئەگەر ئاگاداری پەیمانی (سعد اباد) و پەیمانی بەغدای ڕووخا و ببوایە، نەیئەوت ئەو پەیمانە بەتایبەتی پەیمانی نهێنی (سعد اباد) بۆ ئەوەیە، کەوا تەنها کوردی کرمانجی پێ بکوژن و

ڕێگا بدەن بە کوردی سۆرانی لە عێراق، چونکە پەیمانی (سعد اباد) ئیستعمار و کۆنەپەرستانی تورکیا و ئێران و عێراقی دەوری پاشایەتی زۆر باش زانیویانە، کە چی ئەکەن و چی ڕێك ئەخەن بۆ کورد، هەروەکو چۆن لە بەیانی عێراق و ئێران و تورکیا و ئەفغانستانا ساڵی ١٩٣٧ لە تاران پەیمانی سعد ئابادیان بەست و ئەمەیش نموونەی مەبەستەکەیانە، کە لەبەندی دووەمدا ئەڵێت: (یتعهد الفرقاء .. المتعاقدون السامون تعهد صریحا بمراعاة حرمة حدودهم المشترکة) ئەمەم بۆیە نووسی، کە نیشانی کاك عصمت شەریفی بدەم، کە کۆنەپەرستانی کوردی کرمانجی و سۆرانی ئەو جیاوازیانەیان نەکردوە لە مەبەسەکانیاندا بەرامبەر بە کوردستانی گەورە بە سۆرانی و کرمانجییەوە، چونکە لە پەیمانەکەدا لە دووەم بەندی پەیمانەکەوە، هەر خەمی سنوورەکانی خۆیان خواردووە، کە بریتییە لە نیشتمانی کوردەکان، تا بەتەواوی لە بەندی حەوتەمی پەیمانەکەیاندا مەبەستی یەکجاری خۆیان ئەخەنەڕوو و ئەڵێن لە بەندی حەوتا (المادة السابعة ... یتعهد کل من الفرقاء .. المتعاقدین السامیین کل داخل حدوده بعدم اعطاء مجال تالیف العصابات المسلحة و الجمعیات، او کل ترتیب غایته قلب المؤسسات القائمة او قیامها باعمال لغرض الاخلال بالنظام والامن العام في ای قسم من بلاد الفریق الاخر ي سواء اکان في منطقة الحدود أو في غیرها او الاخلال بنظام الحکم السائد في بلاد الفریق الاخر..)

جا نازانم کاك عصمت هێشتا هەر بەردەوام ئەبێت لەسەر ئەو بیر و ڕایەی خۆی، کە بریتییە لە خۆیاتییەکی تەسکی تاریك، هەر چاوی کوردی کرمانجی

ئـەبینیٚ و بـە کـوردی دائـەنێت. خـۆ پـەیمانی بەغـدای ڕووخـاویش ئـەوە هـیچ پێویست بە نووسینەوە ناکـات، ئاشـکرایە، کـە لـە ڕووخانیـدا کوردەکـان گـەلیٚ زیاتر شادمانی و لایەنگیریی خۆیان نیشـاندا و دەربـڕی بەرامبـەر بـە شـۆڕش و سەرۆکی شۆڕش، سیادەی عبدالکریم قاسم...

چونکە بە تەوق و داوی ملی کـوردی سـۆرانی ئـەزانرا لەلایـەن کوردەکانـەوە بەتایبەتی لە کوردستانی عێڕاقدا، ئەنجا بە هەموو کوردستانی گـەورە تەنانـەت شەڕی عبدالناصر و نوری سەعید لە دوای هاتنی صلاح سالم بۆ هاوینەهـەواری سەرسەنگ لە کوردستانی عێڕاقدا بـۆ لای (وەصـی و فیصـل) هـەمووی لەسـەر چۆنییێتی بەستنەوە و پێوەنکردنی کوردی عێڕاق و سوریە و شوێنەکانی تر بوو بە زۆری، هەر وەکو چۆن نوری سەعید لە نوقتە بەناوبانگەکەیا دەری بڕی، کـە وتی (بیت السـید مأمونـە)!! لەگـەلٚ ئەوەیشـا سـەراپای نوقتەکـەی تـری بـوو یەکەم لە ترسی شیوعیەت... دووەم ترسی کوردستانی ئێران و عێڕاق، کە نـەك کوردەکـانی عێـڕاق و ئێـران شـۆڕش بکـەن و کوردەکـانی یـەکێتی سـۆڤیەت بگەڕێنەوە لەگەلٚ تێکۆشەری نیشتمان پەروەر، مەلا مستەفا بەرزانیا..

بەلیٚ فەیلەسوفی کۆنەپەرستی و دار دەستی ئیستعماری بریتانیا نوری پاشا ئەمە ڕای بوو بۆ کوردستانی عێڕاق و ئێـران .. کەچـی کـاکم ئـەلێت سیاسـەتی بەریتانیا وپەیمانی سعد ئاباد و پەیمانی بەغدای ڕووخاو ڕێگای ئەدا بە کـوردی سۆرانی و ڕێگـای ئـەگرت لـە فێربـوون و پێشـکەوتنی کـوردی کرمـانجی، ئـەی گوایـــە تێکـــدانی (کۆمـــاری کوردســـتانی ئێـــران و خنکانـــدنی ســـەرۆکی

جەمهوریەتەکەی پێشەوای نەمر قازی محەمەدی شەهید لەگەڵ کوشتن وبڕینی صەدەها تێکۆشەری کوردی ئێران لەگەڵ خنکاندنی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کوردستانی عێراق عیزەت و خیرالله وقدسی و خۆشناو، کە لە یارمەتی کوردستانی ئێران وکۆمارەکەی گەڕانەوە لەگەڵ (حکمی ابدی) بەندیخانەی تا مردن بۆ ڕۆڵەکانی کوردستانی عێراق و بەرزانیەکان کە ئەوان کوردی کرمانجین، ئایا ئەمانە هەمووی لەسەر بڕیاری بەندی حەوتەمی پەیمانی سعد ئاباد نەکراوە، یاریدەی کۆنەپەرست و سیاسەتی بەریتانیا وئەمریکیەکانیش نییە بۆ ئەوەی نەیەڵن کوردەکانی هەردولایان بجوولێنەوە و ئەگەر جووڵایشنەوە وەکوو گورگ پەلاماریان بدەنێ و زوو تێکیان بشکێنن، بە گوێرەی پەیمانی سعد اباد و پەیمانەکانی تری بەینی تورکیا وعێراق و بەینی بەریتانیا و عێراق، بەتایبەتی پەیمانی (١٩٣٠) کە لە دوای شۆڕشی (١٩٢٠)ی عێراقییەوە دێت و دروستکرا بۆ کوژانەوە و پێوەنکردنی میللەتی عێراق بە تایبەتی دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی کوردستانی عێراق و ڕاپەڕینەکانی میللەتی کورد، هەتا لایەکیان بەربەست ئەکرد لە چوار لای ترەوە کوردەکان هەرای خۆیان بەرپا ئەکرد، دەمێك لەگەڵ سیاسەتی بەریتانیادا، دەمێك لەگەڵ سیاسەتی دڕندانەی کۆنەپەرستانی پاشایەتی گۆڕ بەگۆڕا، تا بە پەیمانی (١٩٣٠) هەموو شتێکیان جێبەجێکرد، ئەویش بە کڕینی چەند خائینێکی دەرەبەگی کورد و چەند خائینێکی دەرەبەگ و قاسە پڕی عەرەب، بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕی نەمر قارەمانی کورد شێخ مەحمودی نەمر نەجوولێتەوە و جارێکی

تر، چونکە ئیمپڕاتۆریەتی بەریتانیا و کۆنەپەرستانی ولآتانی عەرەبی خستە مەترسییەوە، چە جای کۆنەپەرستی عەرەبی عێراقی بەردەسانی فیصلَ و دەس و پێوەنەکانی (بیلاط) بە دروس کردنی حکومەتە بەناوبانگەکەی کە یەکسەر لە دوای  شەڕی (سەفەر بەر)، کە جەنگی یەکەمە سەری کوردی بەرز کردەوە و ئالآی حکوومەتی کوردی داکوتا لە سلێمانیدا،  بێجگە لە ڕاپەڕینەکانی بەینی ١٩٢٧ وە ١٩٢٨  کە بە قارەمانی  بەرەنگاری  پیلانەکانی (بیلاط) وە ئینگلیز بوویەوە، بۆ سەربەخۆیی میللەتی کورد.. ئیتر تێناگەم چۆن ئەبێ بتوانین بە ئارەزووی نووسەرێك، یان ڕای کوردێکی کرمانجی، کەوا نەچووبێتە بنەوانی مێژووی کوردستانەوە، ئەم هەموو تۆماری شۆڕش و مێژووی نەتەوایەتییە، کە کوردی سۆرانی هەیەتی بە وێژە وهەڵبەست وچیرۆك وپەراوی مێژووییەوە، کە هینی ئەم هەموو  ڕۆژگارە دوور و درێژەی کوردستانی عێراق و ئێرانە.. چۆن هەمووی ڕاوەستێ و وەرگێڕدرێ بۆ شێوەی کرمانجی و لە کوێ ئەم کوردی سۆرانیە، کە شێوەی سۆرانی زمانی سکماکییێتی بە خوێندەوار و نەخوێندەوارییەوە بە لادێیو بە شارستانیەوە .. ئێستە هەمووی فێری لاتینی ئەبێ و واز لەم گەنجینە بەنرخە ئەهێنێ»، بەو مەرجەی، هیچ سەرەتایەکی شۆڕش و پێشکەوتن و جولانەوەیەکی وەها ڕووی نەداوە لەناو کوردی کرمانجیا، چە لە تورکیا و چە لە سوریاوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کوردی تورکیا بەزۆر کراون بە تورکمان و مەگەر بە دزییەوە خۆبەحۆی خێزانەکەیان بە زمانی کوردی قسە بکەن..  بە تایبەتی لەدوای

خیانەتی شۆڕشی (کەمالی) یەوە، کە بەتەواوی کوشتارێکی بێ ژمارەی لە کوردەکان کرد و سەرۆکەکانی لەناوبردن و خنکاندن، هەروەها یانە و کۆمەڵ و تاقم، چی هەبوو، هەموویان داخستن.. لە کوردستانی تورکیا و لەئەستەمبۆلاْ.. ئیتر لەو ماوەیە، کە ماوەی کۆتایی جەنگی یەکەمە، تا ئێستا کوردی تورکیا ڕۆژنامەیەکیشی نییە، کە بینێرێ بۆ شوێنەکانی تری کوردستانی گەورە، کە باقیەکەی بریتیە لە کوردی سۆرانی.

جا هەر وەکو لە پێشەوە باسمان کرد، وتمان پێشکەوتنی زمان بەسراوە بە پێشکەوتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانیارییەوە، بەتایبەتی لە دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی(السلطة السیاسیة)، کە جڵەوی ژیان بەدەس خۆمانەوە بێت، ئەوسا هەر ناتوانین ئەوی ئەتەوێ بیکەیت یا ئەوی ئەتەوێ نەیکەیت..

تەنانەت لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسیشدا... هێشتا هەر ناتوانین پەلە بکەین لەوەی، کە وەختی نەهاتووە، یا واز لەوە بێنین، کە وەختی هاتووە، چونکە وەکو وتمان گۆڕانی مێژووی کۆمەڵ خۆی.. خۆی ئەسەپێنێ بەسەر کۆمەڵا وجێی خۆی ئەکاتەوە، نەك قسەی بەر سێبەر و بڕیاری ناو تەلار.. واتە ئێمە لە پێش جەنگی دووەمەوە، زۆر شت هەیە ناومان نەئەزانی بە کوردی، یا ناویان بۆ نەدۆزرابوویەوە، کەچی شەپۆلی جولانەوەی نیشتمانی و ئازادیی میللەتانی جیهان و ڕۆژ هەلات، کە میللەتی کوردیش لەو شەپۆلە توونـد و تیژەداو لەو پێشکەوتنەدا بەشدار بوو، بەتایبەتی کوردستانی ئێران و (کۆماری

کۆمەڵە) وە کوردستانی عێراقیش بەهۆی هێزە نیشتمانیەکانییەوە و وریـایی و ڕاپەڕینی بەرکەوت، وەکو هەرای گاورباخی و ڕاپەڕینەکـەی (١٩٤٨) ی پـیرۆز و ڕاپەڕیەڕینەکانی تری میللەتی عێراقی، کە میللەتی کوردی تێدا بەشدار بووە... بوو بە هۆی ئەوەی شێوەی زمانەکەیش پێشبکەوێ، بەبێ ئـەوەی زۆر لـەخۆی بکا و هەنگاوی زیادە بنێت.. چونکە پێویستیی ژیان و پێشـکەوتنی ئـابووری و زانیـاری بـە گـوێرەی ڕۆژ ئـەو گەلـە پێشـئەخا و وشـە و نـاو بـۆ ئـەو شـتانە ئەدۆزێتەوە، کە نییەتی بەرامبەر بەو شـتەی ڕووی تێئـەکا و دروسـتی ئـەکات، واتە لە پێش جەنگی دووەمەوە زۆر ناو نەبوو لە کوردیدا، گەرچی وشەکە خۆی هەر کوردییە و دروسـت نـەکراوە لـە نەبوونـەوە، بـەڵام بـەکاریش  نەئـەهێنرا.. وەکو (محطة) ئێستگە.. (طیارة) فڕۆکە.. (سـفیر) بـاڵوێز .. (اقتصـاد) ئـابوری (طبقـة) چـین .. (نضـال) .. خـەبات، (اسـتقلال) سـەربەخۆیی (اسـتعمار) یـا (محتل) داگیرکەر.. (مظاهرة) خۆپیشاندان.. هتد ...

لەم جۆرە قسانە، کە هینی دوای جەنگی دووەمە، زۆرە پێویست بـە نووسـینی هەمووی ناکات، لەبەر ئەوە داوا ئەکەم لە کاك عصمت وە هاوبیرەکانی، کـە بـە هەڵەدا نەچن بۆ خزمەتی زوبـانی نەتەوەکـەیان، بـۆ ئـەوەی خـەریك نـەبین بـە شتێکەوە، کە پێویست ناکـا ئێسـتا خۆمـانی پێـوە خەریکبکـەین، بـەڵکو ئێمـە ئەمڕۆ پێویستیمان بەم چەند سەرنجە کەمەی خـوارەوە هەیـە.. یەکـەم: ئـەبێ هـەموو کـوردێکی کوردسـتانی گـەورە ئاگـاداری ئـەوە بێـت، کـە جووڵانـەوەی

نیشتمانی لە کوردستانی سۆرانیدا پێشکەوتووترە و ئەبێ پشتگیری بکرێت بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا..

دووەم: جولانەوەی نیشتمانی دیموکراتی لە کوردستانی گەورەدا لە هەر بەشێکیدا پەرەبسێنێ و لە پێشکەوتن و سەرکەوتندابێ  لەگەڵ خەباتی گەلانی دراوسێیدا ئەبێ پشتگیری بکرێت وە یاریدەبدرێت، ئیتر سا کرمانجیە یا سۆرانییە نابێ جیا بکرێتەوە وە لە قازانجی دوا ڕۆژی کوردستانی گەورە و ئاشتی جیهان..

سێهەم: پێویستە هەوڵ بدەین بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ کوردستانی گەورە لەگەڵ  یاریدەی میللەتانی دراوسێمان، ئەنجا بۆ ئەم مەبەستە هەر لایەك بوو بە پێشڕەوی وەرگرتنی، نابێ بیر لەوە بکەینەوە، ئەمە سۆرانییە ئەو کرمانجیە، چونکە کورد هەر کوردە و ڕۆژی جیاوازیش نییە چە جای کورد لەگەڵ کوردا..

چوارەم: پێویستە هەر کامێکیان لە پێشەوە بن هەوڵبدەن، کەوا توانا لەوی تریاندا دروستبکەن و یاریدەیان بدەن، بە نووسین وئامۆژگاری، بە شێوەی خۆی ڕێگای بۆ ڕۆشنبکرێتەوە، واتە سۆرانی بکرێ بە کرمانجی و کرمانجی بکرێ بە سۆرانی بۆ ئالۆگۆڕی بیر وڕای یەکتر، ئیتر نەك مشتومڕی شێوەی زمان و نووسینی ئەم بۆ ئەو، چونکە دوامان ئەخات لە ئیشی ڕاستەقینەی خۆمان، کە سەربەخۆییە بۆ ولآت..

پێنجەم: گەلی کورد نابێ چاوەڕوانی دەستی کەس بێت، ئەبێ بـڕوای بـە هێـزی بازووی کرێکار و جووتیار و کاسبکار و سەرمایەداری نیشـتمانی خـۆی بـێ، بـە یاریـدەی بـرای عـەرەب و فـارس و تـورك و هـەموو نەتـەوە بچـوکەکانی تـر، ئەگینە.. مەگەر هەر بڵێین ئەم نانە بەو ڕۆنە..

لەبەر ئەوە تکام ئەوەیە، کەوا ئـەم تـۆزە نووسـینەم جێگـای خـۆی بگرێـت لـە دیواری کۆشکی زانیاری و نیشتمانپەروەریی ڕاستەقینە و خاوێندا، بـۆ ئـازادیی کوردستانی گەورە و ئاشتیی جیهان.

(تەواو)  ٥ ـ ٨ ـ ١٩٦٠

ئەم نووسینانەی مامۆستا عیسمەت شەریف وانلی و ساڵح هـەژار ، مشـتومڕیان لەنێو خوێندەواراندا دروستکردووە، ئەمەش وایکردووە، جگە لە خاوکردنەوە و پەکخســتنی هەنــدێك هــەنگاوی گــرنگ، لــەبارەی ئــاژاوەی شــێوەزارەکان، نووسەران بێنە دەنگ و لەم بارەیەوە، بابەت بڵاو بکرێنەوە.

وەك نموونە، ئاماژە بـەم بابەتـەی مامۆسـتا عەبدولسـەتار کـازم دەکـەین، کـە دوای ئەم دوو نووسینەی پێشوو، لە گۆڤاری (هیوا)دا بڵاوی کردۆتەوە:

## ئاژاوەی زاراوەکان[1]

بەغدا: عبدالستار کازم

ئـەوەی جـێ شـانازییە، ئـەو هەسـتە پـیرۆزەی کـە لـە گیـانی لاوە خوێندەوارە دڵسۆزەکانمان دەرئەچێ، بۆ پێویستیی چاککردنی زمانەکەمان، هەر دڵسۆزە لە لایەکەوە بەپێی توانای خۆی لچکی چالاکی لێ هەڵکردووە بۆ لێکۆڵینەوە و دوان و پشکنین و نووسین لەبارەی سەرکردنی ئەم هەموو دەردەسەرییەی بەسەر شێوە کوردیەکاندا هاتووە، بەڵام لام وایە هەندێ لەم نووسەرە بەڕێزانەمان بە هەڵەچوون، چونکە تەنیا لەسەر ئەو شێوەیە ئەنووسن و چارەی بۆ دائەنێن، کە خۆیان قسەی پێ ئەکەن. سەرەڕای ئەمەش ئەیانەوێ بە هەموو کوردێکی بسەلمێنن، کە ئەو شێوەیەی خۆیان پێوە بەستۆتەوە و چارەسەری ئەکەن، لە هەموو شێوەکانی تری کوردی پێشکەوتووترە و پێویستە ببێتە زمانی نووسین و زانیاری و هونەر... بۆ ئەمەش گەلێ بەڵگەی وا ئەهێننەوە، کە لایان وایە، ئیتر هەموو کورد و بیر و باوەڕەکەیان سەلماند.. ئەم نووسەرانەش سێ بەشن، هەندێکیان لەو باوەڕەدان، کە شێوەی سۆرانی بووەتە زمانی نووسین و دانان و هونەر و زانیاری، وە ئیتر پێویست ناکا خۆمان بە شێوەکانی ترەوە ببەستینەوە. ئەما دەستەی دووەمیان داوای بڵاوبوونەوەو پەرەسەندن و پێشکەوتن و زلبوونی شێوەی بادینی ئەکەن، بەڵام ئەو دەستە

---

[1] گۆڤاری هیوا: ژ/٣٤ ئەیلول/١٩٦١ لا ٢٣

تازەیەی کە داوای ((موتوربە ـ تعطیم)) ی شێوەکانی کوردی ئەکەن.. زۆر بە گەرمی هەوڵئەدەن، بە زووترین کات و بە نزیکترین ڕێی ڕاستی بیر و باوەڕیان بچەسپێنن..

ئەوانەی ئەیانەوێ بادینانی بەسەر شێوەکانی تری کوردیا زاڵ ببێ.. ئەڵێن: شێوەی بادینانی سەرەڕای زمانی زۆربەی  نەتەوەی کوردە، گەلێ شتێکی وا ڕیکو پێکیشی هەیە، کە وامان لێئەکات بیکەینە زمانی گشت گەلی کورد، بۆ ڕاستی ... دەرخستنی جیاوازی لە بەینی نێر و مێدا لە قسەکردن.

وا دەرئەکەوێ ئەم مامۆستایانە ئەوەیان لەبیربردۆتەوە، کە ئەوە مەرج نییە ئەو شێوەیەی زۆربەی کوردی زمان قسەی پێبکا، ببێتە زمانی زانیاری و هونەر و ئەدەب.. بێ ئەوەی بگەڕێنەوە و تەماشای ئەوە بکەین، وە بزانین چەند گۆڕینی بەسەر پیتەکانیا هاتووە. چاویان لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە پۆشیوە لە بەینی وشەی هەموو شێوەکانی کوردی. ئەم مامۆستایانە، بە تەواوی لەوانە ئەچن، کە ئەیانەوێ زمانی ((جلفە ــ بە نسبەتی عەرەبەوە)) بکەنە زمانی ئەدەب و زانیاری و زانستی لە جیاتی زمانی  ـ فصحی  ـ  بەلاّم ئەو مامۆستایانەی، کە خۆیان بە شێوەی سۆرانییەوە بەستۆتەوە، ئەڵێن: هەر چەندە سۆرانی بەشێك لە کوردی ئێرە قسەی پێئەکەن، بەلاّم دەمێکە بەو شێوەیە ئەدەب ئەنووسرێ و گرامەرێکی ڕێکوپێکی بۆ دانراوە، کە خەریکە جێگای خۆی بگرێ. وە هەروەها ئەم شێوەیەش وەك شێوەی بادینانی گەلێ

شـتی ڕێکـوپێکی  تێدایـە، بـەلاّم وا دەرئەکـەوێ ئـەم نووسـەرە بەڕێزانـەمان سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوەیان خستۆتە پشتگوێ، لە خۆیان باییبوون.

خۆ ئەگەر تەنیا چاوێك بەسەر ئەو زاراوانـەدا بخشـێنین، کـە ئـەم مامۆسـتایەنە دایان ناوە بۆمان، دەرئەکەوێت چـەند بـە نـاڕێکی دانـراون وە چـۆن تەماشـای گرامـەری کـوردی  نـەکراوە و گـوێ نـەدراوەتێ، وە بـەم کردەوانـە نـەك تـەنیا زیانیـان لـە زمانەکـەمان داوە، بـەڵکو ئـەم چەشـنە دووچـاری ئـاژاوەی زاراوە بووین، بەلاّم شێوەی لوڕی، کە بە هەڵە بە ـ فەیلی ـ ناو ئەبرێ، وا دەرئەکـەوێ خۆی دوور گرتووە لەم کەین و بەینـە، چـونکی زۆربـەی ئـەو کوردانـەی قسـەی پێئەکەن چ لێرە وەیا لەو دیو دووچاری نەخۆشیی نەخوێنـدەوارین. وە بۆیـە ـ بەداخەوە ئەڵێم ـ هەندێ لـە کوردەکـان داوای ئـەوەیان کـرد، کـە (جنسـیە)ی کـوردی لێ وەرگرنـەوە، چـونکە گوایـا ((لـوڕی  ـ شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی فارسی))!! بەلاّم با ئەو مامۆستایانە بیزانن، کە کوردی و فارسی دوو خوشکن لە یەك دایك، ئەگەر یەکێکیان دایکی ئەوی تریان نەبێ.

ئەنجا با بێینە سەر موتوربە: پـێش هـەموو شـتێك، خوێنـدەواری خۆشەویسـت موتوربە مانای کـە شـوەیەك ـ بەتایبـەتی سـۆرانی ـ وەك داری لیمـۆ لقـی داری تری بۆ ببڕێ و موتوربەی لەسەر بکەن. ئەمـەش وا دەرئـەخا، کـە ئـەو لقانـەی بۆی ئەهێنرێ، گەلێ گەلێ لێك جیاوازن، تەنیا ئەوە نەبێ، کە لەوەختی خۆیا لە یەك (فصیلە) بوون.

بەم پێیە، وا دەرئەکەوێ ئەم مامۆستایانە، هەر شێوەیەکیان بە زمانێك داناوە، وە تەنیا ئەوە هەیە، کە لە کۆندا هەموویان لەیەك دایك بوون، بۆیێ، داوا ئەکەن، کە وشەیەك لە شێوەیەکی ترەوە بێنن وموتوربەی بکەن لە شێوەی سۆرانی.. وە ئیتر شێوەکانی تریش بخرێنە پشتگوێ. وە یا هەر بەیەکجاری لەناویان بەرین.

ئەم ڕێگەیەش زیانێکی زۆر ئەدا لە زمانەکەمان، سەرەڕای ئەوەی، کە پشتمان سارد ئەکاتەوە لە چاککردن و یەکگرتنەوەی هەموو شێوەکانی کوردی، بێ جیاوازی.

خوێندەواری بەڕێز: هەموو وشەیەکی کوردی لە هەموو شێوەکانا، کە یەك مانا ئەدا لەیەك سەرچاوەوە هاتووە، بەس هەندێ گۆڕینی تێدا ڕوو داوە، بە هۆی جیاوازی سروشتی و بەر هەڵستە دروست کراوەکانی بەردەمی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لێك نزیك بوونەوە و تێکەڵ بوونمان لەگەڵ نەتەوە و گەلەکانی دراوسێمان. وە بۆ ئەم ڕاستییەش با چاو بە هەموو وشەیەك بخشێنین، کە یەك مانا ئەدا لە هەموو شێوەکان.

تەنیا بەچاو پیا خشانێك، بە هەموو شێوەکانی کوردیا، ڕاستی لێك دوور نەبووی شێوەکانمان بۆ دەرئەکەوێ، وە ئەوەمان بۆ ڕوونئەکاتەوە، کە لە توانامانـدا هەیە بیکەینە زمانی ئەدەب و زانیاری و لەگەڵ پێویستیی شارستانییەتی ئەم سەدەیە بڕوا.

ئێمە ناتوانین بڵێین زمانی کوردی گۆڕانی تێدا ڕوو نەداوە، وەیا وشەی بێگانەی تێدا نییە، بەڵام ئەوەی جێگای شك نییە ((ئەو وشە بێگانانە، لە جێگای وشەیەك دانراوە، کە یا لەبیرچووەتەوە وە یا بەرەو لەبیرچوونەوە ئەچێ)) لەبەر ئەوە، پێویستە بە شوێنیاندا بگەڕێین، نەوەك بکەوینە دارشتنێکی بەرەڵایی.

بۆ ئەمەش پێویستمان بە خۆ لێبوردن هەیە، چ بە ماڵ، چ بە ((ئیسراحەتی)).

مامۆستایان: ئەوەندەی پێویستمان بە لێکۆڵینەوە و پشکنین هەیە لە ڕەگ و ڕیشەی وشەکانی کوردی، لە هەموو شێوەکانیدا، ئەوەندە پێویستمان بە بلاوکردنەوەی نووسراو نییە لەسەر جیاوازی بەینی شێوەکان.

ئەگەر بە نیەتێکی ڕاست و گیانێکی پڕ لە هیواو دڵسۆزانە و چالاکانە، تێبکۆشین و خۆپەرستی و براوی گوێرانەکردن لە ناوماندا ڕەگ ببڕین، ئەم کارە گرانە زۆر سووك و ئاسان ئەبێ، وە بەرهەمێکی نوێمان دێتە دەست، کە ئەویش (زانیاری زمانە - علم اللغە) . ئەو زانیارییەی، کە هەموو شێوەکانمان بۆ شیئەکاتەوە و بێ کەموو کوڕی ڕێکیئەخاو پەرەی پێئەسێنێ... ئەوسا گرامەرێکی کوردی چەسپاوی ئەبێ و پەلوپۆ بۆ ئەدەب و نووسینەکانمان ئەدا.

ڕاستە، لەم ماوەی دواییەدا، هەست بە جوڵانەوەیەکی ئاشکرا کرا، بۆ دانانی گرامەر و فەرهەنگی کوردی، بەڵام سەرەڕای کەمیی ئەم دڵسۆزانە، کارەکەشیان بێ کەموکوڕی نەبوو، وە هۆی ئەمەش لە سەرێکەوە چونکە کاری تەنیا کەسێکە، وە هەروەها نووسەرە بەرێزەکانمان شارەزاییان نەبووە لە

هەموو شێوەکانی کوردی، بێجگە لەوەی شارەزاییشیان لە زمانەکانی ڕۆژهەڵات نییە، بە تایبەتی فارسی و تورکی وعەرەبی، کە کاریان کردۆتە سەر شێوەکانی کوردی، جگە لەوەی کە پێویستە لاتینی بزانن لەگەڵ زمانە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات وەك سانسکریتی.

شتێکی ئاشکرایە ئەم کارە گرنگە ـ دانانی زانیاری زمان ـ بەچەند کەسێك نایەتە بەرهەم، کە هەر یەکە لە قۆلێکەوە ئیش بکا، لەبەر ئەمە زۆر پێویستمان بە (کۆ زمانێکی زانیاری کورد ـ مجمع العلمی اللغوی الکردی) هەیە، کە دەستەیەکی داناو دڵسۆز لە کورد، سەرپەرشتی بکا و تیایدا بجوولێتەوە.

تەنیا بەم ڕێگەیە زمانەکەمان لەم ئاژاوەیە ڕزگاری ئەبێ و جێگای خۆی ئەگرێ لە تەك زمانە گرنگەکانی بێگانە.

ئیتر هیوامە ئەم کارە گرنگە بکەوێتە سەر زمانی هەموو دڵسۆزێك، بۆ دوان لێی.. تاکو بە زووترین کات ئەم بیرە گەلاڵە ببێ و دەستی پێبکرێ.

**٣ – ٢ – ٤ کۆڕی زانیاری بۆ زمانی کوردی**

بوونی کۆڕی زانیاری (المجع العلمی) بۆ زمانی کوردی وەك پرسێکی گرنگ، جێی بایەخی زمانزان و مامۆستاو نووسەرانی کورد بووە، هەر لە کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانەوە، وەك خاڵێکی سەربەخۆ لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەی زمان خراوەتە ڕوو، بەلآم وەك زۆربەی پێشنیازەکان لە کاتی خۆیدا کاری بۆ نەکراوە، لە کۆنگرەی دووهەمیشدا، هەمان پێشنیاز دووبارەکراوەتەوە.

لە خاڵی چوارەم لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەی زماندا هاتووە: ((کۆنگرە پێشنیاز ئەکات، کە لقێك لە کۆزانیاری (المجمع العلمی) تەرخان بکرێت بۆ کاروباری خوێندنی کوردی))[١].

دیارە دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، لە ئەیلولی ١٩٥٩، کەسانێك کەوتوونەتە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردەیە، ئەوەتا دوای (٣) مانگ بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی بە وەکالەت، لە وەکالەتی ئاژانسی عێراقییەوە، هەواڵی دامەزراندنی (کۆڕی زانیاریی بۆ زمانی کوردی) بلآوکردۆتەوە و دواتر لە ڕۆژنامە کوردییەکانیش هەواڵەکە بلآوکراوەتەوە، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی ژین هەواڵەکە بەم جۆرە بلآوکراوەتەوە:

((دکتۆر جلال شفیق وەکیلی بەڕێوەبەری گشتیی زانیاریی خوێندنی کوردی بلآوی کردەوە، کە نیاز وایە مەجمەعێکی علمی بۆ زمانی کوردی دابمەزرێنرێ

[١] بگەڕێوە بۆ ماددەی چوارەم، لە بڕیارەکانی لیژنەی زمان، لە کۆنگرەی یەکەمدا.

لە سلێمانیدا، هەروەکو چۆن لە بەغدا دا مەجمەعێکی علمی هەیە بۆ زمانی عەرەبی، وە هەروەها وتی ئەمە بناغەیە بۆ چەسپکردنی خوێندن  و زمان و ئەدەبی کوردی وە بەرزکردنەوەی رادەی وە بەم بۆنەیەوە نووسرا بۆ بەرێوەبەرایەتیی زانیاریی هەولێر و سلێمانی !!؟

بە تەنها ...؟ وە هەروەها لەسەر بەرێوەبەرایەتیی گشتیی زانیاریی خوێندنی کوردی قسەی کرد و وتی، کە ئەم بەرێوەبەرایەتییە لە دروست بووندایە، وەزیری زانیاری زۆر هەوڵئەدات بۆ چەسپ بوونی و نەقابەی مامۆستایانیش یارمەتییەکی زۆری داوە وە ئەمە یەکەم بەرهەمی جمهوریەتە بۆ گەلی کورد، کە لەگەڵ برا عەرەبەکانیدا خەباتی کردووە لە رێی نیشتماندا و بۆ گەیشتن بەم رۆژە.))[1]

دیارە، کە هەوڵدراوە ئەم داواکارییە بە رێچکەی یاساییدا تێبپەرێنرێت، بۆیە بە دەزگای تەدوینی قانوونی گەیشتووە و ئەویش گرفتی لەبەردەم داواکارییەکەدا دروستکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی دەنگ بەرزکردنەوە و نارەزایی دەربرین لەلایەن مامۆستا و رۆشنبیرانی کورد و لاپەرەی گۆڤار و رۆژنامەکانیشی گرتۆتەوە. هەر یەك لە تەدوینی قانوونی و ئەوانەیش کە بوونی کۆری زانیاریی کوردییان بە پێویست زانیوە، پاساو و هۆکاری خۆیان هەبووە و پێداگرییان لە هەڵوێستی خۆیان کردووە. نموونەی چەند نووسینێك دەخەینەروو:

[1] رۆژنامەی ژین ژ/ ١٤٩٥ ١٩٥٩/١٢/١٧

## تدوینی قانوونی ئەڵێ (مەجمەعی) زمانی کوردی پێویست نییە .. بۆچی؟[1]

لەم ڕۆژانەدا هەواڵی ڕۆژنامەکان وای گەیاند، کە دیوانی تدوینی قانونی (ڕەفز)ی ئەو (نیزام)ەی کردووە، کە بەپێی ئەوە مجمعێك دائەنرا بۆ زمانی کوردی وە کە لە دەمێکەوەیە هەمووان بەتەماین و لە هەموولایەکەوە پەسەند کراوە، چونکە شتێکی پێویستە.

وە دیوانی تدوین وتوویەتی، کە پێویست ناکات مجمعێك بۆ (کورد) بە تەنها هەبێت، چونکە مەجمەعێکی عێراقی هەیە و ئەتوانرێ بۆ کورد و زمانی کوردیش ئیش بکات وە ئەمە باشترە بۆ پتەکردنی یەکیەتی نیشتمانی..!!؟

بێگومان دیوانی تدوین ئەم ڕایەی حساب ناکرێت، کە ڕایەکی قانوونییە، چونکە قانوون ڕێی ئەوەی نەگرتووە، کە مەجمەعێکی (علمی)، یا (لغوی) بۆ کورد دابنرێت، بگرە بە پێچەوانەی دەستوورەوەیە، کە گەلێ مافی فراوانی تیایە بۆ گەلی کورد وە ئەمە ڕایەکە بەم و بەو ئەگۆڕێ، بە بیروڕای ئەو کەسە ئەگۆڕێ، کە ڕاکە ئەدات. ئەگەر هاتوو ئەوکەسەی لە دیوانی تدوین دانیشتووە یەکێکی دیموکراتی بوو و بیروباوەڕی وابوو، کە ئەبێت هەموو گەلی عێراق مافی خۆی هەبێت، نەك ما فی سەربەخۆیی یا سەربەستی یا .. بەڵکو بچووکترین ماف، مافی دامەزراندنی (مەجمەعێکی) بچووك، کە لەلایەکەوە بە هێمنی و بێدەنگ بۆ زمانی کوردی هەوڵبدات، وا بێ وەستان وە بێ دوودڵی ئەڵێ پۆیستە مجمعێك دابنرێت بۆ زمانی کوردی، هەر وەك مجمعێك هەیە بۆ زمانی عەرەبی

---

[1] ژین، ژ ١٥١٢، ٢٢/٢/٩٦٠، ل١.

بۆ ئەوەی ئەم زمانە کاولەی کورد برەو بسەنێت وە پاك بێتەوە وە تۆزێك بچێتە قالبی خۆیەوە وە ئەڵێ (ئەمە هۆیەکە بۆ پتەوکردنی یەکیەتیی نیشتمانی عێراق و هۆیەکە بۆ بەهێزکردنی برایەتیی کورد و عەرەب وە پاداشتێکە بۆ گەلی کورد لە عێراقدا، کە هەموو کاتێك خۆی بەختکردووە لە ڕێگەی جمهوریەت و زەعیم و برایەتی و یەکیەتیی کورد و عەرەبدا).

بەلاّم ئەگەر ئەندامی تدوینی قانوونی یەکێك بوو (بێ تاقەت) یا (بێ مەبەست) یا بەزۆری بزانێ ئەگەر کورد تۆزێك مافی خۆی بدرێتێ، یا یەکێك بوو لەگەڵ بیرو باوەڕی دیموکراتیدا لە شەڕابێت، وا هەرگیز ڕای ئەوە نادات، کە مەجمەعێکی علمی، یا لغوی بۆ کورد دابنرێت وە ئەتوانێ ئەم ڕایەی کە ئەیدا گەلێ هۆی بۆ بدۆزێتەوە و بڵێ (پێویست ناکات، خۆ مەجمەعێکی عێراقی هەیە ئەتوانرێ بکرێت بە دووبەشەوە و بەشێکی بۆ کورد و بەشێکی بۆ عەرەب بێت ووو...) و گەلێ شتی تر وە هەر ئەوجۆرە کەسانەش، کە ئەڵێن یا ئەتوانن بڵێن (خۆ کورد ناوی هەر هەیە لە عێراقدا و هەر بەکوردی قسە ئەکات، کە لەدەستووردا  بڵێ هاوبەشن لەگەڵ عەرەب ...وو)!!؟

گومانی تیا نییە، کە کورد یەکەم پارێزەری جمهوریەتە وگیان فیدای زەعیم بووە و ئەبێت وە ئیمانی زۆر بەهێزە بە یەکێتی نیشتمانی وە هەرگیز هەوڵی پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەبی داوە و ئەیدا وە بۆیە ئەمانەشی کردووە و ئەیکا، بۆئەوەی بگات بە ئامانجی و هەموو مافێکی دەسبکەوێ لە پاڵیا، ئیتر پێویست ناکات ئەمو ئەو بڵێن فلان شت یان (فیسارشت) بۆ برایەتی و

یەکیەتیی نیشتمانی باشە و لەپاڵ ئەوەدا زیان بگەیەنن لە کورد و چونکە کورد خۆی پارێزەری ئەو برایەتی و یەکێتیەیە وە نابێت کەس لەمە دەمکوتی بکات وە ئەبێت هەڵبدرێتیٚ بۆ دامەزراندنی ئەو (مجمع)ە، چونکە زۆر پێویست و گرنگترین شتە بۆ کورد وزمانی کوردی وە نابێت ماوە بدرێت بەو جۆرە کەسانە، کە ڕای وا بدەن، چونکە ماوەدان ئەبێتە هۆی ئەوەی کە لەمەودواش لە هەموو مافێکی گەلی کورددا، بەو جۆرە ڕای خۆیان دەربڕن وە بەو جۆرەش ڕایەکەیان بخەنە ئەو جۆرە قاڵبانەوە.

## (المجمع العلمي الكردي)

ڕۆژنامەی خەبات (النظال)، کە بەزمانی عەرەبی دەرچووە، لە سەروتاری یەکێك لە ژمارەکانیدا[1] دەربارەی (المجمع العلمي الكردی) بابەتێکی پڕبایەخی بلأوکردۆتەوە، باس لە هەنگاوی ئەرێنیی وەزارەتی زانیاری دەکات، کە لەبەر ڕۆشناییی ئامانجەکانی شۆڕش و بە پشتبەستن بە ماددەی سێ لە دەستووری کاتیی کۆمار، وەك مافێکی سادەی ڕۆشنبیری، پرسی دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاریی بۆ کورد خستۆتە بەر دەستی کۆڕی زانیاریی عێراقی، لە هەمان کاتدا باس لە ڕۆڵی نەرێنیی (دیوانی تدوینی قانونی) دەکات، کە بوونی کۆڕی زانیاری عێراقی وەك کۆڕێك بۆ هەموو عێراقییەکان بە پاساوی دانەمەزراندنی کۆڕی زانیاریی کورد هێناوەتەوە، لە کاتێکدا ئەم کۆڕە عێراقییە، تا ئێستا هیچ هەنگاوێك و هیچ دەسپێشخەرییەکی نەنواندووە سەبارەت بە خزمەتکردنی کەلتوور و زمان و ئەدەبی کوردی.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ خوێنەرانی بخەینە ڕوو، ئەو چەند خالأنەن کە لە کۆتایی نووسینەکەدا (خەبات) وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی هەموو گەلی کوردەوە وەك هەنگاوی پێویست خستوویەتیە بەر دیدی کۆڕی زانیاری عێراقی بۆ جێبەجێکردن:

[1] ڕۆژنامەی خەبات: ژ/٢٧٣/ ١٩٦٠/٧/٢٨ لا/١

١- دەستنیشانکردنی هەندێك ڕۆشنبیری کورد لەوانەی شارەزاییەکی فراوانیان هەیە لە زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردی بۆ ئەوەی بیانکاتە ئەندام لە کۆڕی زانیاری عێراقی.

٢- کردنەوەی لقی کوردی لە کۆڕی زانیاری تایبەت بە کاروباری کوردی.

٣- هاندانی چاپکراوی کوردی و یارمەتیدانی دانەر و نووسەرانی کورد بۆ بەچاپگەیاندنی بەرهەمەکانیان و دەستییان بگیرێ و هاوکاری بکرێن بۆ پێشخستنی ئەدەبی کوردی.

٤- تێکۆشان بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپووری زانیاری کوردی.

٥- تەرخانکردنی پاداشت و دیاری بۆ نووسەر و ئەدیبەکانی کورد.

لە کۆتاییدا پارتی هیوا خوازە، کە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەستەبەربکرێن و نیازپاکی کۆڕی زانیاری عێراقی و سەرجەم دامودەزگا حکومییەکانی دیکە ببینن.

## مەجمەعی عیلمی عێراقی

مەجمەعێکی کورد و عەرەبە[1]

لەمانگی شوباتی ڕابردوودا، (نیزام) ێك دانرا بۆ دانانی مجمعێك بۆ زمانی کوردی، هەتا بتوانێ برەو بە زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی بدات وە پێشی بخات وە لەم گێروگرفتەی کە ئێستا تیایەتی، ڕزگاری بکات.

بەلأم هەر لەو نۆ مانگەدا (دیوانی تدوینی قانوونی) بڕیارێکی داوە لە بڕیارەکەیدا وتی: (لە عێراقدا مەجمەعێکی عیلمی هەیە، ئەم مەجمەعە بۆ کورد و عەرەبە ! ئیتر پێویست ناکات، کە مەجمەعێکی تایبەتی بۆ زمانی کوردی دابنرێت).

وە لەکاتی خۆیدا لەسەر ئەو بڕیارە نووسیمان وە باری چەوتیمان خستە ڕوو، چ بەپێی یاسا و دەستوور وە چ بەپێی (واقع) ی ئێستای عێراق. لەبەر ئەوە پێویست بە دووبارە ناکاتەوە.

وە ئەگەر واز لە چەوتی و بێ مانایی بڕیاری تدوینی قانوونیش بێنین و بڵێین ڕاست ئەکات..!

وە مجمعێك هەیە لە عێراقدا پێیئەڵێن (مەجمەعی علمی عێراقی) وە عێراقیش جمهوریەتی کورد و عەرەبە و هاو بەشن تیایا بە پێی ماددەی (٣) لە دەستووری موەقەتدا، ئەبێ ئەو مەجمەعە بۆ عەرەب و بۆ کورد بەیەکسانی هەوڵبدات وە چەند هەوڵئەدات، کە زمان و ئەدەبی عەرەبی لەبارەی عیلمی

[1] ژین، ژ ١٥٤٣، ٩٦٠/٧/٧، ل١.

وئەدەبییــەوە پێشــبخات، ئــەبێت ئەوەنــدەش هەوڵبــدات بــۆ زمــان و ئــەدەبی کوردی، بەڵام لەم ڕۆژانەدا مەجمەعی عیلمی (عێراقی) بڕیارێکی داوە، بـە پێـی ئەو بڕیارە چەند خەڵاتێکی داناوە بۆ نووسـەر و ئەدیبـە عەرەبـەکان، ئەوانـەی باشترین نووسین ئەنووسن لەسەر زمان و ئەدەبی عـەرەبی لـە چـەند باسـێکدا، کە مەجمەعەکە دایناوە بیّ ئەوەی باسی زمـانی کـوردی بکـات، یـا خـەڵات بـۆ نووسەر و ئەدیبە کوردەکان دابنێت، کە باشترین ڕێگا بدۆزنەوە بـۆ یەکخسـتنی زمانی کوردی، یا نزیك خستنەوەیان، یا نووسین لەسەر مێژووی کورد .. هتد.

گومانی تیا نییە، کە لەکاتی خۆیدا، کە (نیزام) ی دانـانی مەجمـەعێکی عیلمـی بـۆ کـورد(ڕەفز)کرا، لەبـەر ئـەوەبوو، کـە ئـەم مەجمەعـە عێراقییـە هەیـە بـۆ هەردووڵا دانراوە و ئـیش ئـەکات، ئـەگینا ئێسـتا مەجمەعـە کوردییەکـەش لـەم باسـانە ئـەدوا و هـەوڵی پێشخسـتنی زمـان و ئـەدەبی کـوردیی ئـەدا، کـە زۆر پێویستی پێی هەیە.

وە بەمەدا دەرئەکەویّ، تدوینی قانوونی ئەو بڕیـارەی بـۆ ئـەوەدا، کـە نـەهێڵیّ مەجمەعەکـە بـۆ کـورد دابنرێـت وە هیچـی تـر، وە سـەرکەوت لـە گەیشـتن بـە ئاماجیدا، وە ئەم بڕیارەی دوایـی مەجمـەعی عیلمـی عێراقـی، کـە داویـەتی بـۆ خەڵات دانـان بـۆ نووسـەر و ئەدیبـە عەرەبـەکان، دەریئـەخات، کـە مەجمـەعی عیلمی عێراقی بۆ زمان و ئەدەبی کوردی نییە و هەوڵ نـادات وە سـەلماندی بـە هەموولایەك، کە بڕیارەکەی دیوانی تدوینی قانوونی لەکاتی خۆیدا کـە دای، بـە هەڵە داویەتی وە لەسەر بناغەیەکی ڕاست نییە.

مەجمەعی عیلمی (عێراقی) بوایە، ئەبوایە بۆ کورد و عەرەب بوایە بەبێ جیاوازی وە خەڵاتیش بۆ نووسەرانی کورد و عەرەب دابنایە بە یەکەوە، نەك هەر بۆ لایەك بێت.

بێگومان ئەم جۆرە شتانە خزمەتی یەکیەتی نیشتمانیی عێراقی ناکات، کە زەعیم عبدالکریم هەموو کاتێك هاواری بۆ ئەکات وە هۆیەکە بۆ لاوازکردنی برایەتیی کورد و عەرەب، کە پێویستە لەسەر کاربەدەستان وە دڵسۆزان بەزوویی چاری ئەم جۆرە شتانە بکەن وە ماوەی نەدەن لە هیچ بار و شوێنێکدا دووبارە بکرێتەوە.

**دیوانی تدوینی قانونی شتێك ئەڵێ: وەجمەعی علمی عێراقی شتێکی تر..!**[1]

هەموولایەك ئەزانن، کە لەکاتی خۆیدا بڕیار وابوو (مەجمەعێکی علمی بۆ زمـانی کوردی) دابنێین، هەتا شانبەشانی مەجمـەعی علمـی عێراقـی بـڕوات بـۆ گەشـە پێدان وە بەرزکردنەوەی زمـانی کـوردی و پێشخسـتنی وە ئـەم هەواڵـە هـەموو لایەکی دڵخۆشکرد، چونکە بەڕاستی هەنگاوێکی سەرکەوتوو و بە کەڵك بوو، کـە هیوای ئیشـکردن و بەرهـەمی زۆری لێ ئـەکرا، لـەڕێی پێشخسـتن و بـژار کردنـی زمانی کوردیدا، بەڵام پاش ماوەیەك وە لەپڕ، کـە کـەس چـاوەڕوانی نـە ئـەکرد دیوانی تدوینی قانوونی بڕیارێکی دەرکرد وتی، کە نابێت مەجمەعێکی علمی بۆ زمانی کوردی دابنرێت، چونکە مەجمەعی علمی عێراقی هەیە، بۆ زمانی کـوردی و عەرەبی ئیش ئەکات وە دامەزراندنی مانـای دووبـەرەکی نانـەوە و جیاوازییـە وە زیان بەیەکیەتیی نیشتمانی ئەگەیێنێ.

جارێ ئەبێ هەموولایەك و دیوانی تدوینی قـانوونی بـاش بـزانن، کـە ئامـانج لـە دامەزراندنی مەجمەعی علمی بـۆ زمـانی کـوردی وە داواکردنـی، پەیوەندییـەکی ئەوتۆی نییە بەهیچ شتێکەوە هەتا لەگەڵ دووبەرکی نانەوە و جیاوازیدا تێوەی گلێنن، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەیە، کە لە گۆشەی ئەدەب و زانیارییدا خزمەتی زمان بکـات وە هیچـی تـر، بەتایبـەتی زمانێك وەکـو زمـانی کـوردی، کـە پێویسـتی بـەوجۆرە خزمەتـە هەیـە و دواکـەوتووە بـێ خـاوەن ماوەتـەوە بـەڵام بڕیـاری تدوینەکە خـۆی ئـەبێت وە بـووە بـەهۆی نانـەوەی دووبـەرەکی و جیـاوازی وە

[1] ژین، ژ ١٦٢٨، ١٩٦١/٧/٢٧،ل١.

تێکدانی یەکیەتیی نیشتمانی، کە مافی کورد ئەخاتە ئەولاوە بەوەی، کە مەجمەعێکیان بۆ دابندرێت وە شانبەشانی مەجمەعی علمی عێراقی ئیش بکات بۆ زمان و بۆ ژیانەوەی زمانەکەمان بۆ پێشخستنی، وە پاککردنەوەی وە لەڕاستیشدا ئەو بڕیارە بێزاری و پەستییەکی زۆری نایەوە.

ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە دیوانی تدوینی قانوونی وا ئەڵێت، وە لەسەر ئەوە سوورە، کە مەجمەعێکی علمی بۆ کورد و عەرەب هەوڵ ئەدات، لەبەر ئەوە نابێت مەجمەعی زمانی کوردی دابنرێت، بەلاّم ئێمە ئەپرسین وە ئەڵێین هەتا ئێستا مەجمەعی علمی عێراقی چی کردووە بۆ زمانی کوردی. ئەو هەنگاوانە چییە کە ناویەتی لەڕێی پێشخستنی زمانی کوردیدا، یا ئەپرسین و ئەڵێین؟ لەچ کاتێکدا مەجمەعی علمی عێراقی کۆبوەوە و باسی زمان و ئەدەبی کوردی کرد، بەتایبەتی دوای بڕیاردانی دیوانی تدوینی قانوونی، لە کاتێکدا لەو کاتەوە هەتا ئێستا مەجمەعی علمی عێراقی چەند (مسابقە) یەکی پێشکەوتنی کرد لەناو ئەدیبەکاندا بۆ پێشخستنی نووسین و ئەدەبی عەرەبی وە چەند هەنگاوێکی تری لە ڕێی پێشخستن و بەرزکردنەوەی زمانی عەرەبی وە دانانی زاراوەی تازە وە گەلێ شتی تر لە کاتێکدا، کە هەر بەلای کوردی و زمانی کوردیدا نەڕۆیشتووە، کە ئەبوایە پەیڕەوی بڕیاری دیوانی تدوینی قانوونیی بکردایە وە ئیشکردنەکەی بۆ مێژوو بوایە، نەك بۆ ئارەزووی خۆیان، چونکە پێویستی سەرشانی مەجمەعی علمی عێراقی پێویستییەکی مێژووییە.

ئیتر نازانین مەجمەعی علمی عێراقی، کە وائەکات و گوێ ناداتە زمان و ئەدەبی کوردی پەیڕەوی دیوانی تدوینی قانوونی ناکات، کە بڕیارەکانی ئەبێت هەموو لایەك پەیڕەوی بکات، یا ئیشی مەجمەعەکە ئەوە نییە، کە خزمەتی زمانی کوردی بکات وە دیوانی تدوینی قانوونی بەهەڵەدا چووە؟

ئێمە نازانین کامیان ڕاستن وە ئەمانەوێ ڕاستیمان بۆ دەرکەوێ وە هەموو لایەك لەسەری بڕۆن، نەك دیوانی تدوین شتێك بڵێ وە مەجمەعی علمی عێراقی شتێکی تر، چونکە ئا ئەمەیانە، کە جیاوازی و دووبەرەکی ئەنێنەوە و زیان بە یەکیەتیی نیشتمانی ئەگەیێنێ، نەك دامەزراندنی مەجمەعێکی علمی بۆ زمانی کوردی.

## دامەزراندنی

## مەجمەعێکی علمی بۆ زمانی کوردی

## زۆر پێویستە[1]

گەلێ جار لەسەر ئەم باسە نووسراوە رۆژنامە و گۆڤارەکان هەموویان خستیانە بەرچاو و ڕوونیان کردەوە، کە دامەزراندنی مەجمەعێکی علمی بۆ زمانی کوردی پێویستیەکی گەورەیە و پێش ئەوەی کە خەڵق داوابکات و رۆژنامەوگۆڤارەکان لەسەری بنووسێ وە لە کاتێکدا، کە دکتۆر جمال شفیق لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی زانیاری کوردیدا ئیشی ئەکرد، بەهۆی وەکالەتی ئەژانسی عێراقییەوە بلاوی کردەوە، کە بڕیاردراوە مەجمەعێکی علمی بۆ زمانی کورد دابنرێت وە ئێستا لە لێکۆڵینەو و باسدایە، وە بەم هەواڵە گەلی عێراقی و بەتایبەتی گەلی کورد دڵخۆش بوو سوپاسی ئەوانەی کرد، کە بوونە هۆی ئەم هەنگاونانە.

بەلاّم زۆر بەسەر بلاّو بوونەوەی ئەم هەواڵەدا نەپەڕیی، کە لە رۆژنامەکاندا خوێندمانەوە، کە دیوانی تدوینی قانونی بەباشی نازانێ، کە ئەم مەجمەعە دابنرێت، چونکە مەجمەعێکی علمی عێراقی هەیە بۆ کورد و عەرەب هەوڵئەدات وە لەکاتی خۆیدا ئەم رۆژنامەیە دەریخست، کە ئەو بڕیارەی دیوانی تدوینی قانونی نییە، بەڵکو بەلای (واقع) دا ناڕوات وە زۆری پێ نەچوو، کە قسەی ئەم رۆژنامەیە دەرچوو و مەجمەعی علمی عێراقی بلاّوی کردەوە، کە

---

[1] رۆژنامەی ژین ژ/١٥٧٨  ١٩٦٠/١٢/٢٢

خەلأتی داناوە بۆ ئەو کەسانەی باشترین نووسین ئەنووسن دەربارەی عەرەبی و زمانی عەرەبی، بێ ئەوەی کە بەلای زمانی کوردیدا بچێت وە دوای ئەمەش هەر ئەم ڕۆژنامەیە ئەم هەلأنە وە ئەم ناتەواویانەی دیوانی تدوین و مەجمەعی علمی عێراقی خستە ڕوو وە داوای دامەزراندنی مەجمەعێکی علمی کرد بۆ زمانی کوردی وە هەروەها ڕۆژنامەکانی تر و دانیشتوانیش داوایان کرد، بەلأم ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەمانەدا تێ پەڕی وە لای هەمووان ئاشکرابوو، کە زۆر پێویستە مەجمەعێکی علمی بۆ زمانی کوردی دابنرێت بە تایبەتی، کە زمانی کوردی زۆر دواکەوتوو و هەژارە و پێویستیی بە لێ کۆڵینەو و باس کردن وپێش خستنی هەیە، بە تایبەتی کە ئەمڕۆ ماوە زۆرە لە سایەی جمهوریەتدا بۆ ئەم جۆرە ئیشانە وە ئەم ئیشەش هەر لەسەر دەستی ئەو مەجمەعەدا پێکدێت، کە پێکهێنانی هیچی تێناچێت، بگرە ئەبێتە هۆیەکی گەورە بۆ پتەوکردنی برایەتیی کورد و عەرەب و یەکیەتیی نیشتمانی وە پەیڕەوی کردنی دەستووری موەقەت.

ڕۆژنامەی ژین، دوای دە ژمارە، لە بلأوبوونەوەی ئەم باسەی سەرەوەیدا، جارێکی دیکەش، پێویستیی دامەزراندنی ئەو مەجمەعەی، هێناوەتەوە بەرباس و لە سەروتاردا، لەبارەیەوە نووسیویەتی:

## مەجمەعێكی علمی بۆ زمانی كوردی
## بۆچی زۆر پێویستە؟[1]

زمـانی كـوردی لـە هـەموو زمـانێكی تـر زیـاتر پێویسـتی بـەوە هەیـە، كـە مەجمەعێكی علمی بۆ دابنرێت، چونكە هەتا ئێستا كورد نـەیتوانیوە، كـە هـیچ گوێیەك بدات بە زمانەكەی وە پێشیبخات، لەبەر بـاری نالـەباری خـۆی وە ئـەم زمانە هەروا ماوەتەوە و هەر بەشەی بە زاراوەیەك لە زاراوەكانی قسەئەكات وە وشە و ڕستەكانی زمانەكـە لـە هـەر زاراوەیەكیـدا ئـەوەی كـە هـەبووە دەسـتی لێنەدراوە وە لە لایەكی تریشـەوە هـیچ گۆڕانێـك یـا دانانێـك، كـە پێویسـتە لـە هەموو زمانێكدا بێ بە پێی پێش كەوتنی ڕۆژ و داهـاتنی شـتی تـازە لـە زمـانی كوردی دا نەكراوە، لەبەر نەبوونی مجمعێك كە ئەم بارە بگرێتە ئەستۆی خـۆی، هەروەها زمانی كـوردی شـێوەیەكی تایبـەتی بـۆ زاراوەكـانی دا نـەنراوە وەكـو هەموو زمانێكی تر، كـە بـەكاربهێنرێ بـۆ نووسـین و خوێندنـەوە، هـەتا هـەموو كوردێك پێی بنووسـێ و بیخوێنێتـەو، كـە هـەر ئەمـەش بۆتـە هـۆی دواكـەوتنی نووسـین و خوێنـدن وە دواكـەوتنی ئـەدەبی كـوردی وە نەخوێنـدنی. ئـەبێت ئەوەش بزانین، كە بێ ئەمە ناتوانرێ ڕێزمـانێكی ڕێكوپێـك و گشـتی بـۆ زمـانی كوردی دابنرێت، كە بە هۆی ئەو ڕێزمانەوە، زمانەكەمان بناغەیـەكی خوێنـدن و نووسینی بۆ دابنرێت وە ڕێكوپێكبخرێت هەتا پێشبكەوێ. لەبەر ئەمانە وە گەلێ هۆی تـر، ئێسـتا دانـانی مەجمـەعێكی علمـی لـەپاڵ هەنـدێ كۆمـەڵ و هـەوڵ و

[1] ڕۆژنامەی (ژین) ژ/١٥٨٨، ١٩٦١/١/٣٠ لا ١.

تەقـەلای چـەند دڵسـۆزێکدا شـتێکی زۆر پێویسـتە، بـەڵکو دانـەنانی، مانـای دواخستن و فەوتانی زمانەکەیە و داواکردنی دانانی ئەم مەجمەعە لەسەر زمـانی هـەموو یەکێکـەوە مـافێکی بچـووکی زانیارییـە، کـە ئـەدرێت بـەکورد، هـەتا هەستبکەن بەوەی، کە بەرەو ئەوە ئەڕۆن هەموو مافێکی تریـان دەسـتبکەوێ. وە هـەروەهاش دانـانی مەجمـەعێکی علمـی بـۆ زمـانی کـوردی، هۆیەکـە بـۆ پێشخستنی زانیاری وە ئەدەب لە وڵاتەکەمانـدا وە هەنگاوێکـە بـۆ پێشـکەوتن، کە ئەنرێت لە یاسای جەمهوریەتدا، جگـە لـەوەی، کـە دانـانی ئـەم مەجمەعـە، هیچی وای ناوێت و زۆری تێناچێ وە لە هیچ کاتێکدا نابێتـە هـۆی پەیـدابوونی هـیچ گیروگرفتێـك، بـەڵکو بـە پێچـەوانەوە، ئەبێتـە هـۆی پتـەوکردنی هەسـتی نیشتمانیی عەرەب و کورد وە بەهێزکردنی یەکیەتیی نیشتمانی، وە گومانیشـی تیـا نییـە، کـە کاربەدەسـتانی دڵسـۆز لـە چ کاتێکـدا نایانـەوێ، کـە زانیـاری و خوێندن و زمان لە وڵاتدا دوا بکەوێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەوڵی ئەوە ئەدەن کە پێشیبخەن و گەشەی پێبدەن.

جگە لەوەی، کە دەرکەوتووە کە مەجمـەعێکی علمـی عێڕاقـی نـاتوانێ بـەهیچ جۆرێك گوێ بداتە زمانی کـوردی، بەڵکـە بـۆی نـاکرێ وە توانـای ئـەوەی نییـە لەبەر چۆنیەتی پێکهاتنی مەجمەعەکە، لەوەش زیاتر وەرن سەیری ئیشـوکاری مەجمەعی علمی بکەن لەماوەی ساڵێکدا، با لەمەو پێش بزانن بـە هـیچ جۆرێـك ناوی زمان یا ئەدەبی کوردیی هێناوە؟ کە ئەمانە پێویسـتی دانـانی مەجمـەعی علمی کوردی زیاتر دەر ئەخات وە ئەیچەسپێن.

گۆڤــاری (ڕۆژی نــویێ) بابــەتێکی گرنگــی ســەبارەت بــە (کۆزمــاێکی کــوردی) بڵاوکردۆتــەوە، کــە پێــی وایــە دامەزرانــدنی ئــەو کۆزمانــە، ڕیگەیەکــە بــۆ یەکخستنەوەی شێوەزارەکانی زمانی کوردی و پێیوایە بـەبێ بـوونی کۆزمانێـك بۆ کورد، هەوڵی یەکخستنەوەی شێوەکانی زمانی کـوردی، تـەنها بڕیـاری سـەر کاغەزن.

## شێوەکانی زمانی کوردی یەکناگرێ

## بێ ئەوەی کۆ زمانێکی کوردی پێکنەهێنرێ[1]

سلێمانی: باوکی تەنیا

چەند ساڵێکە، بەتایبەتی، دوای شۆڕشی چواردەی تەموز، باسی چۆنیەتیی یەکگرتنی شێوەکانی زمانی کوردی، هاتۆتە گۆڕێ، گەلێك لە نووسەران و زانایان و شارەزایانی زمانی کوردی، پێنووسیان خستۆتە کار، بۆ ئەوەی چارەیەکی ئەم دژوارە گرنگە بکەن، کەوا نەتەوەی کورد ساڵان ساڵە بەدەستییەوە ئەناڵێنێ، وەکو ئیمپریالیزم و داگیرکەران ئەم دژوارییەیان کردۆتە داردەستی خۆیان و جەزرەبەدان لە نەتەوەکەمان. ئەم تەقەلاَ و کۆششانەی نووسەران و شارەزایان کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم دژوارە. هەروەها لە ساڵی ٩٥٩ و ٩٦٠ دا دووجار نوێنەرانی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە کۆبوونەوە، بە دوور و درێژ لەم دژوارە دوان و چارەیەکیان بۆ دانا، بەڵام لەبەر ئەوەی، کە ئەو کۆنگرەیە دەستەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو، کە بتوانێ بڕیارەکانی لەم ڕووەوە بخاتە کار، وە خۆشی تەنیا کۆبوونەوەیەکی جارەکی (وەقتی) بوو، بڕیارەکان لەسەر کاغەز مایەوە.

بە کورتی چارەکردنی ئەم دژوارە تا ئێستا هەر بەنووسینی و دەرخستنی بیروڕا و پێشنیاز بووە، هیچ هەنگاوێکی تەتبیقی بەدوادا نەهاتووە، وە بەلای

---

[1] گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژ٢، ساڵی ٢، مایس/١٩٦١، ل٧٥. بڕوانە گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، بەرگی سێیەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٦٤٣.

منــەوە چــاکترین ڕێگــە بــۆ لابــەلاکردنی ئــەم دژوارە پێکهێنــانی (کۆزمــانێکی کوردی)یە، وە ئەم کارە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە کارێکی ئەوتۆ گران نییە:

١- لە کۆماری عێراقدا، بە ئاشکرا پــێ لــەوە نـراوە، کـە کـورد و عـەرەب لـەم کۆمــارەدا برابەشــن، وە کوردەکــان وەکــو عەرەبــەکان مــافی نەتەوایــەتییان پارێزراوە، کەواتە پێکهێنانی کۆزمانێکی کـوردی لـە کۆمـاری عێراقـدا مـافێکی بنچینەیی نەتەوەیی کوردە.

٢-  وا ڕێکەوتووە لـە کوردسـتانی عێراقـدا، گشـت شـێوەکانی زمـانی کـوردی هەیـە، وەکـو سـۆرانی و کرمـانجی (بادینـانی) و لـوڕی (فـەیلی) تـا تەنانـەت هەورامیش هەیە وە لەم شێوانەدا شارەزایانی ئەوتۆ هەیە، کە ئەتوانن پێکـەوە لەو کۆزمانەدا بە ئاسانی بەو کارە هەڵسن.

٣- لەبەر ئەوەی کوردەکانی سۆڤیەت سەربەسـتن، شـارەزاکانیان (لـە زمانـا) ئەتوانن هاوکاری ئەو کۆزمانە بکەن.

٤- هەنــدێك لـــە نووســـەران و شـــارەزایانی زمـــان لـــە کوردســـتانی ئێـــران و سووریاوە، هەڵاتوون وان لە عێڕاقدا پەنابەرن، ئەمانە زۆر بـە ئاسـانی ئـەتوانن هاوبەشی ئەو کۆ زمانە بکەن.

کەواتە پێویستە بێ سێ و دوو هەموو تەقەلای ئەوە بدەین، کە بەزووترین کات دەسگایەك پێکبهێنرێ بەناوی (کۆزمانی کوردی) یەوە، بە جۆرێکی وەهـا ئـەم مەرجانەی خوارەوەی تیابێ:

١- ئـەم کۆزمانـە دەسـگایەکی ڕەسمـی بێـت وە لەلایـەن کۆمارەکەمانـەوە بەڕێوەببرێ وە لە بودجە (میزانیە) دا، پارەی بۆ تەرخان بکرێت.

٢- ئـەم دەسـگایە دەسـتەلاتێکی ئـەوتۆی هـەبێت، کـە بڕیارەکـانی لـە کوردستانی عێراق و لەناو کوردەکانی سۆڤیەتدا بخرێتە کار و بەجێبهێنرێ.

٣- ئـەو پـەڕاو و پەرتووکانـەی، کـە لەمـەو دوا چـاپ ئـەکرێن، چـە پـەڕاوی قوتابخانەکان و زانستگەکان وە چە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی، کە لەکوردستانی عێراق و سۆڤیەتدا دەر ئەچێ، لەبـەر ڕۆشـنایی بڕیارەکـانی ئەنجوومـەنی ئـەو کۆزمانەدا بێت.

٤- ئەم کۆزمانە بۆی هەیە، کە بتوانێ جۆری نووسینی کوردی دابنێ، ئەمەیە باشـترین ڕێگـە بـۆ یەکگرتنـەوەی شـێوەکانی کـوردی و چارەسـەرکردنی ئـەو دژوارە گرنگە، پێویستە هەموومان لە هەموو لایەکەوە هەوڵی بـۆ بـدەین و ئـەو کۆزمانە پێکبهێنین.

# بەشی چوارەم

## پرسی بەردەوامیی بەستنی کۆنگرەکان

لەم بەشەدا، چەند بابەتێك دەخەینە ڕوو، کە پەیوەندییان بە تەوەرەکانی پێشووەوە هەیە و هەوڵی بەستنی کۆنگرە و پرسی پەروەردە و پرۆگرامی خوێندنی کوردی لەخۆ دەگرن:

### ٤ – ١ کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی کورد

بەستنی کۆنگرەی ساڵانەی مامۆستایانی کورد، یەکێك بووە لە بڕیارەکانی هەردوو کۆنگرەی پێشووی مامۆستایانی کورد، کە لە شەقڵاوە بەستران و لەلایەن وەزارەتی زانیارییەوە پەسەند کرابوون، یەکێك بووە لە بەرنامەی کاری لقی نەقابەکانی کوردستان و لە هەردوو کۆنگرەکانی پێشووشدا گەرم و گوڕی و هەماهەنگییەکی بەرچاوی نەقابەی مامۆستایانی عێراق هەستی پێدەکرێت، تەنانەت بیرۆکەی بەستنی کۆنگرەی تایبەت بە مامۆستایانی کورد، لە کاتی خۆیدا، لەلایەن وەفدی بەسرە، خراوەتە بەردەم نەقابەی مامۆستایانی ناوەند.

بەستنی کۆنگرە بۆ مامۆستا و ڕۆشنبیرانی کورد، جگە لە پرسی خوێندن و زانیاری، بەیەکگەیشتنێکی پڕ بەهرە بووە، بۆ لێکنزیکبوونەوەو ڕاگۆڕینەوە لە سەر چەندین پرسی پێویست بۆ بەرەوپێش بردنی ڕەوشی ڕامیاری و نەتەوەیی و زمان و کەلتوور و کەلەپوور و ئەدەب و مێژووی کورد، بۆیە وەك

دەسکەوتێکی مافەکانیان هەوڵدراوە بە باشترین شێوە سوود لەم دەرفەتە وەربگیرێ و ساڵ دوای ساڵ، کۆنگرەکە لەسەر ئاستێکی بەرزتر ببەستن.

دەبینین لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی نوێی  نەقابەی مامۆستایانی عێراق، لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٦١  لە بەغدا، ئەندامە کوردەکان، پرسی بەستنی (کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی کورد) یان خستۆتە بەردەم ئەنجومەن، دیارە جگە لە نوێنەرانی لقەکانی (هەولێر و سلێمانی و بەسرە و عەمارە)، نوێنەری لقەکانی دیکە بەرەنگاری درێژە پێدانی بەستنی کۆنگرەی ساڵانەی مامۆستا کوردەکان وەستاونەتەوە و دەنگیان لەسەر نەداوە[١]، ئەمەش وایکردووە، کە نوێنەرانی لقی (هەولێر و سلێمانی) یاداشتنامەیەك ئاڕاستەی ئەنجومەنی نەقابە بکەن و لە نەقابەش بکشێنەوە.

ئەم پرسە، لای نووسەر و مامۆستایانی کورد دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکرد، لێرەدا یاداشتی هەردوو لقی نەقابەی (هەولێر و سلێمانی) و چەند نووسنێك تۆمار دەکەین، کە لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەدا، بڵاو کراونەتەوە:

---

[١] ئەم هەڵوێستەی نەقابەی مامۆستایانی ناوەند، ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزیی پەیوەندیی نێوان حکومەتی ناوەند و  پارتی دیموکراتی کوردستان و  شیوعی و هێزە دیموکراتخوازەکانی دیکە بووە، کە لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٠دا، گەیشتە ئاستێك کە پەنا بۆ پشتیوانیی دەرەکی ببردرێ. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی دووەم ١٩٥٨ — ١٩٦١. ل١٢٣—١٢٥.

جگە لەمەش گۆڕانگاری لە دەستەی کارگێڕیی پێشووی نەقابەدا کراوە، کە بەشێکی زۆریان پشتیوانییان لە داواکاری و مافە ڕەواکانی مامۆستایانی کورد دەکرد، بەتایبەتی شیوعییەکان.

## یاداشتنامەی لقەکانی (هەولێر و سلێمانی)

لەبەر ڕۆشنایی بەندی سێیەمی دەستووری وەختی، نەقابەکەمان چەند کۆنگرەیەکی ساڵانەی بۆ مامۆستایانی کورد پێکهێنا، بۆ باسکردنی کاروباری زانیاری، بە تایبەتی بۆ گەلی کورد، وە ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کوردیش لە ئەنجامی بڕوای تەواویاندا، بە برایەتیی کورد و عەرەب، لەسەر ئەوە پێکهاتن، کە پشتگیری کۆنگرەی مامۆستایانی عەرەب بکەن، ئێمەش گەلێك بە تەنگ یەکێتی عێراق و پشتگیری و بەهێزکردنی برایەتی لە بن نەهاتووی کورد و عەرەب و کەمایەتی یەکانەوەین. وە ئەو ڕاستییەش، کە هیچ چەن و چوونی لەسەر ناکرێ ئەوەیە، گرتنی کۆنگرەی مامۆستایان سوودی زۆر گەورەی هەیە بۆ ڕاژەی باری زانیاری و پێشخستن، لە بەر ئەوە بڕیارنەدانی ئەمساڵتان لەسەر گرتنی کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی کورد، نیشانەیەکی تەواوی بەربەرەکانی کردنی زانیاریی کوردییە لە لایەن نەقابەوە، بۆیە ئێمەی نوێنەرانی لقی سلێمانی و هەولێر، زۆر بە توندی بێزاریی خۆمان دەر ئەبڕین بەرامبەر هەڵوێستی زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنەکەتان لەم باسەدا، وە پێتان ڕا ئەگەیەنین، کە ئەکشێینەوە لە ئەنجومەن وە لەسەر مافی خۆمان سوورین بۆ هەڵهێنانی هەنگاوی تریش لە پێناوی پارێزگاری ئەو مافە زانیارییانەمان، کە لە مافە گرنگەکانی گەلەکەمانن.

نوێنەری هەولێر نوێنەری سلێمانی

## کۆنگرەی مامۆستایانی کورد[١]

(ئاراس)[٢]

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی پیرۆز، گەل کەوتە هەنگاونانی فراوان و گورج و گۆڵ و سەرکەوت و لە بارەی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و خوێندەواری گەلی عێراقەوە بە هەردوو نەتەوە گەورەکەیەوە (کورد و عەرەب) ئەو کۆت و پێوەند و چوار چێوانە، کە سەپێنرا بوو بەسەر میللەتدا شکێنرا، کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان و مامۆستایان و ڕۆشنبیران و هەموو تاقم و بەرەکان کەوتنە خۆیان، وە بە خێرایی کەوتنە هەنگاونانی دڵسۆزانە و سەرکەوتوو، هەر پۆلە لەلای خۆیەوە لە ڕێڕەوی کاروانی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانیدا، شانیان دایە بەر کۆشش و هەوڵ و ئیشکردنی بێ پشوو، بۆ بەجێهێنانی ئەو پێویستییانەی لەسەر شانی هەمووانە و کە ساڵەهای ساڵ بوو

---

[١] هەرچەندە ئەم بابەتە بەر لە بلاّوکردنەوەی یاداشتنامەکەی لقەکانی (هەولێر و سلێمانی) لە ڕۆژنامەی ژین بلاّوکراوەتەوە، بەلاّم لە ناوەڕۆکی نووسینەکەدا دیارە، کە دوای ئەم هەڵوێستەی نەقابەی مامۆستایانی عێراق و دوای یاداشتنامەی لقی سلێمانی و هەولێر نووسراوە. بڕوانە: ڕۆژنامەی ژین: ژ/١٦١٤ ی ١٨/٥/١٩٦١ لا/٣

[٢] (ئاراس) یەکێکە لەو نازناوانەی مامۆستا (محەمەد ساڵح سەعید) بابەتەکانی خۆی پێ بلاّودەکردنەوە. بەڕێزیان ڕاستەوخۆ لە نێو پرسەکاندا بووە، بەو پێیەی سکرتێری لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان بووە و ئەندامی کۆنگرەکانی نەقابەی مامۆستایانی ناوەندیش بووە. بۆیە بەر لە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارێك زووتر ئاگاداری ئەم هەڵوێستەی نەقابەی مامۆستایانی ناوەند بووە.

بـە پـەرۆشـی دڵسـۆزییەوە خۆیـان بـۆ ئـەرەتان بـۆ گەیشـتن بـە ئاواتـە دوور و نزیکەکانی گەل و نیشتمان.

لەگەڵ هەنگاونانی گەل دا کاربەدەسـتانیش هاوکارییـەکی باشـیان دەکـرد و یارمەتی هەموو تاقم و بەرەکانیان ئەدا، ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەم هاوکارییـەی نێوانی گـەل و کاربەدەسـتاندا گـەلێك بـەروبوومی دەسـتکەوتی بـەنرخ و پـیرۆز هێنرایـە بەرهـەم، کـە هـەموو چـین و بـەرە و نەتـەوەکانی عێـراق هاوبەشـی بەدەسـتهێنان و پـەیـداکردن و گەشـەپێدانی بـوون وە بـە گشـتی شـانازییان پێوەئـەکرد و هەمیشـە و هـەتا هەتایـە شانازیشـی پێوەدەکـەن وە بەچـاوی رێزەوە سەیری ئەو دەستکەوتە گرنگانەی شۆڕشی چواردەی تـەمووزی پـیرۆز دەکـەن. چـونکە بەسـەر ئـەنجامی سـەرکەوتنی گـەلێك لـە هـەنگاوەکانی گـەلی ئـەزانن، بۆیـە ئـەبینین ئـەم دەسـتکەوتانەی شـۆڕش لـە لاپـەڕە ڕوونـاك و زێڕینەکانی مێژووی خـەباتی گـەلی عێراقـی ڕۆژانـی سـەرکەوتنی هێـزی گـەلمان دەخاتەوە یاد..

یەکێك لە هەرە دەستکەوتە گرنگەکانی مامۆستایانی کورد و باری زانیـاری و خوێندن و ڕۆشنبیری کوردی لە کوردستانی عێڕاقدا، گرتنی کۆنگرەی یەکـەم و دووەمی مامۆستایانی کورد بوو لە تەمەنی تا ئێستەی کۆمارەکەماندا.

ئەو دوو کۆنگرەیە مامۆستایان و شارەزایانی زمان و مێژوو و وێـژەی کـوردی و پەروەردە و خوێندن و ڕۆشنبیرانی کوردی کوردستانی عێڕاقی  تیا کۆ بووەوە، ئەوە بوو دوای کۆڵینەوە و وتووێژ و وردکردنەوە و لێ دوانێکـی دڵسـۆزانەی زۆر

لە هەردوو کۆنگرەکەدا گەیشتە دارشتنی گەلێك بڕیار و پێش نیازی بەنرخ و بەکەڵك بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفتەکانی باری زانیاری و ڕۆشنبیری و خوێندن و خوێندەواریی کوردی وە بۆ پنج بەست کردنی هەنگاوەکانی بەرزکردنەوە و پێشخستنی زمان و مێژوو وێژەی کوردی....

هەردوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد تاقی کردنەوەیەکی گرنگ بوو مامۆستایان و شارەزایان و ڕۆشنبیرانی کوردی کوردستانی عێڕاقی پیاڕۆیشت. ئەو سەرکەوتنەی لە ئەنجامی بڕیار و پێش نیازەکاندا هەستی پێکرا جارێکی تر سەلماندییەوە، کە کورد زمان و میژوو و وێژەیەکی پتەو و نەمری هەیە، ئەگەر بێت و ڕێگایەکی سەربەست و فراوان لەبەر دەمیا هەبێت، بە خێرایی ئەکەوێتە هەنگاونانی بووژانەوە و پێشکەوتن، جگە لەوەی، کە وزە و توانایەکی تەواوی هەموو ئەم لایەنانەی دەرخست..

لە سەرێکی ترەوە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد تەجروبەیەکی دەرکەوتووە لە ڕێڕەوی تازەی جوولانەوەی گۆڕان و پێشکەوتنی زمان و مێژوو و وێژە و ڕۆشنبیریی کورد، نەك هەر بۆ کوردستانی عێڕاق، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەی کورد. لەبەر ئەوەیە، کە کۆنگرەکانی مامۆستایانی کورد دوو ئەستێرەی گەش و پڕشنگدارن بەسەر لوتکەی چیا بەرزە ڕەنگینەکانی کوردستانەوە، وە بڕیار و پێشنیازەکانی نرخێکی مێژوویی ئەو تۆیان هەیە، کە جێی شانازیی هەمیشەیی هەموو کوردپەروەرێکە..

شتێکی ئاشکرایە، کە گرتنـی ئـەم کـۆنگرە گرنگـە لـە دەمکـەی ئیشـکردنی ئەندامانی لیستەی پیشەییدا بوو، وە شانازییان بەوەوە ئەکرد و ئەشیکەن، کە بتوانن هەڵسن بە کارێکی وا گرنگ بۆ ڕاژەی خوێندن و زمانی کـوردی وە ئـەوە بوو بە لەخۆ بوردنەوە بیٚ پشوو لە گەرمەی کارکردنی بە سـوودا بـوون بـۆ ئـەم مەبەستە پاك و چاکە.

لە کاتی خۆشیا کاربەدەستان ڕێزی خۆیان لەم هەنگاوە ناو پشتیان گـرت و یارمەتییاندا، ئەوە بوو سیادەی وەزیری زانیاری هات بۆ کۆنگرە و سلاّوی کاکە کـــەریمی گەیانـــدە کـــۆنگرە و بەشـــداربووەکانی و خۆشـــیی خـــۆی دەربـــڕی بەسەرکەوتنی کۆنگرەکە وە پەیمانی یارمەتیدانیدا بۆ پێشخستن و چـارەکردنی گیروگرفتــەکانی خوێنــدن و خوێنــدەواریی کــوردی، ئــەوەبوو لــەکاتی خۆیــدا هەمووان خۆشیی خۆیان بەرامبەر بەم هەنگاوەی کاربەدەستان و ئـەو پـەیمانـە دەربڕی.

گومانی تیا نییە، کە گرتنی ئەم جۆرە کۆنگرانە، یارمەتیدەرێکی یەکسەرییە بۆ وەزارەتی زانیـاری و کاروبارەکانیـان، وەرگـرتن و لەسـەر ڕۆیشـتنی بڕیـار و پێشنیازەکانیشـی بـەم جـۆرە ڕێکوپێـك ئامـادەکراوە ئاسـانییەکی تـەواوە بـۆ بەئەنجامهێنان و تەواوکردنی پێویستییەکانی سەرشانیان.

هـەموو سـاڵێکیش گرتنـی ئـەم جـۆرە کۆنگرانـە پێویسـتییەکی نیشـتمانی و نەتەوایەتییە لە بارەی پەروەردە و زانیاری و ڕۆشنبیرییەوە بۆ ئەوەی ساڵ بـە ساڵ لەسـەر ڕۆشـنایی تەجروبـەی ئـەو سـاڵەی  ئیشـکردن بڕیارەکـان پـوختتر

بکرێن ودەربخرێت لەو ساڵەی پێشوودا چی کراوە و چەندی لێ بەجێهێنراوە، ئەوەی کە نەکراوە، هۆی نەکردن و بەجێهێنانی چی یە، روونبکرێتەوە و هەوڵی لابردنی ئەو کۆسپانە بدرێت، کە هاتۆتە رێ، بەمە کاربەدەستان و ئیش بەدەستان و هەموو نەوەی گەل دێتە سەر راستی بنج و بناوانی ئەو هەڵە و خواری و کوورییانەی، کە هەیە، یان روویداوە لەبارەی رێرەوی زانیاری و خوێندەواریی نەتەوایەتی و نیشتمانی گەلی عێراقدا..

لە روویەکی تریشەوە، بۆ تازەکردنەوەی پرۆژە و دانانی بەرنامەی رێکوپێکی ساڵانە، یا بۆ چەند ساڵێك بۆ ئاراستەکردنی جوولانەوەی پێشکەوتن و پەرەپێدانی خوێندن و خوێندەواری و زانیاری و رۆشنبیریی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، کە ئەمەش هاورێیەکی ئاراستەکراو ئەبێت بۆ پتەوکردن و پێشخستنی خوێندن و خوێندەواریی هەموو نەتەوەی کورد، وە ئەبێتە هەنگاونانی بەدوادا رۆیی و لە کاروانی خەباتی نەتەوایەتیمان و دەستکەوتێکی پیرۆزی شۆرشی چواردەی تەمووز ئەبێ بۆ نەتەوەی کورد، کە هەمیشە جێی شانازیی هەمووان ئەبێت بۆ کۆمارەکەمان و کاربەدەستانی دڵسۆزی.

لەسەر رۆشنایی ئەم باوەرانەی پێشوو نوێنەری لقی نەقابەی مامۆستایانی هەولێر وسلێمانی لە ئەنجومەنی ئەم جارەی نەقابەی مامۆستایاندا پێشنیازی بریاردانی گرتنی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردیان کردووە، کەچی دە (١٠) نوێنەر بریاریان لەسەر نەداوە و بەرامبەری وەستاون وە تەنها چوار نوێنەری لیستەی پیشەیی چوار لیوا لایەنی ئەو پێشنیازەیان گرتووە.. ئەم بەرامبەری

کردنە نابەجێیەی نوێنەرانی لیستەی سەربەخۆ وای لـە نوێنـەری لقـی نەقابـەی مامۆستایانی سلێمانی و هەولێر کرد، لە ئەنجومەن بێنە دەرەوە، دوای ئەوەی، کە تەواوی ناڕەزایی خۆیانیان پێشکەش بە ئەنجوومەن کردووە و یاداشـتێکیان هەر لەم بارەیەوە پێشکەش کرد.

جێی داخە نەقابەی مامۆستایان بەرهەڵستی کارێك بکات، کە یەکێك بێـت لـە ئیشە هـەرە سـەرەکییەکانی خۆیـان، کـە بەرزکردنـەوەی بارسـتایی زانیـاری و خوێنـدەواریی گـەلی کۆمـاری عێڕاقـە و بووژانـەوەی کەلـەپووری نەتەوایـەتی و پاراسـتنی بەرهـەم هـاتووی مرۆڤایەتییـە، هـەروەك لـە یاسـای نەقابەکەشـدا تۆمارکراوە...

وە جێی سەرسوڕمان و بێزارییەکی تەواوە، کە لە ناوجەرگـەی پێویسـتییەکانی خۆیەوە بەربەرەکانی بەجێنەهێنانی بێت...

نەقابەی مامۆستایانی کۆماری عێڕاق پێویستە پارێزگـاری ڕەوشـتی پیشـەیی خۆی بکات و ئیش بۆ هـەموان بکـات بـێ جیـاوازی بـاوەڕ و نەتـەوە و ئـایین، چونکە نەقابەی گشت مامۆسـتایانی عێڕاقـە... هـەر لـەم باوەڕانەشـەوەیە، کـە ئەڵێم پێویست وابوو، کە ئەنـدامانی لیسـتی سـەر بـەخۆ و ئەنجوومـەنی نەقابـە بڕیاریـان لەسـەر گرتنـی بدایـە و بەرهەڵسـتی نەوەسـتانایە توانـای گـرتن و نەگرتنەکەشیان بەجێهێشتایە بۆ کاتی خۆی.

دوا بەدوای  هەڵوێستی لقی سلێمانی و هەولێری نەقابەی مامۆستایان، هەر زوو مامۆستا و نووسەرانی کورد بە نووسین پشتگیریی خۆیانیان خستە ڕوو.

## کۆنگرەی سێهەمی مامۆستایانی کورد پێویستییەکی مێژووییە!

مستەفا ساڵح کەریم[١]



لە ژمارەی پێشووی ئەم ڕۆژنامەیەدا، ئەو بیرخەرەوەیەم خوێندەوە، کە نوێنەری نەقابەی مامۆستایانی هەولێر و سلێمانی پێشکەش یان کردبوو بە ئەنجومەنی نەقابە دەربارەی گرتنی کرنگرەی سێهەمی مامۆستایانی کورد.

[١] لە ١٩٣٣/٩/٦ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە قۆناغی ناوەندییەوە، پەیوەندی بەڕیزەکانی حزبی شیوعی دەکات، لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەهۆی چالاکیی سیاسی  بۆماوەی ساڵێك لەخوێندن دەرکراوە، دوای تەواوبوونی ساڵەکە، لە ئامادەیی وەرنەگیراوەتەوە، بۆیە چووەتە خانەی مامۆستایان لە بەغدا، دوای دەرچوونی، بووەتە مامۆستا و لە ماوە ژیانیدا زۆرجار زیندانی کراوە و لە وەزیفە دوور خراوەتەوە، تا لە ١٩٨٤ بەبێ ویستی خۆی خانەنشین کراوە.
بەرهەمێکی زۆری نووسین و کتێبی هەیە، لەوانە: (شەهیدانی قەڵای دمدم،  زرەی زنجیر، ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم، باخێك لە وشە .....).

لە ئەنجاما بۆم دەرکەوت، کە نوێنەری سلێمانی و هەولێر لە کاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی مامۆستایان لە بەغدا پێشنیازێکیان پێشکەش کردوە دەربارەی پێویستی پێکهێنانی ئەم کۆنگرەیە. وە نوێنەری بەسرە و عەمارە لایەنگیریان بوون و نوێنەرانی لیستەکەی تر، کە (١٠) لیوای عێراقیان بە دەستەوەیە لە نەقابە بە توندی بەر هەڵستی ئەم پێشنیازەیان کردوە. ناچار نوێنەرانی سلێمانی و هەولێر لە ئەنجومەن کشاونەتەوە، بەلاَم بەردەوامن لە سەر داخوازی یەکەیان، کە داخوازی هەموو مامۆستایانی کوردە، لێرەدا کە ئەمانەم بۆ روون بووەوە تاس بردمییەوە و چاوم لێکنا هۆڵی قوتابخانەی شەقلاوەم هاتە پێش چاو، کە پار لە مانگی هەشتا مامۆستایان و شارەزایانی زمان و پەروەردە و ئەدیبان و شاعیران و هونەرمەندانی کورد لە هەموو سوچێکی کوردستانی عێراقەوە هاتبوون بۆ کۆنگرەی دووەم بۆ ئاڵوگۆرکردنی بیروڕایان بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگا، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی خوێندەواری و زانیاری لە کوردستانا، لەولاشەوە نوێنەری مامۆستایانی ((عەرەب)) لە هەموو لقەکانی نەقابەوە هاتبوون وە پڕ بە دڵ هەوڵیانئەدا، کە لە گیروگرفتی زانیاریی ئێمە بزانن وە لەسەر بناغەیەکی ڕاست بناغەی برایەتی و یەکیەتی و هاوبەشیی ئێمەو ئەوان، لەکانی دڵەوە ئەیانویست، کە کۆنگرەکەمان سەرکەوتوبێ، وا ئەزانم ئێستا، کە بۆ جاری دووەم ـ لە کاتی کۆتایی هاتنی کۆنگرەکەدا، دکتۆر (صفا حافز) سکرتێری گشتی نەقابەی مامۆستایان (پار) چووە بەر مایکرۆفۆنەکە و وتی: مامۆستایان و شارەزایانی کورد، زۆر شادمانم، کە چەند

ڕۆژە ئــەمبینی چــەند دلێرانــە هــەولێتان ئــەدا بڕیارەکانتــان ڕێکوپێــك و سەرکەوتووبێ، منیش لەولاوە ـ وەك هەموو عەرەبێکی ڕۆشنبیری دیموکراتی ، کە ئاواتە خوازە گەلی کوردی برای لـە هـەنگاونانی قارەمانانـەدابێ ، ئـاوا بـیرم لەوە ئەکردەوە، کە پاش چەند سالێکی تر (جامیعە) ئەبێ لە کوردستانا وە من ئێستا لەم کاتە بەختیارییـەما، پایـە مەڕمەڕییـەکانی دانشـگای کوردسـتانم لـە پێش چاوە، کە لاوانی کوردستان لە ڕاڕەوەکانیا دێن و ئەچن..

خوێندەواری خۆشەویست: ئا منیش لەم خەیالأنەدا بـووم، کـە لـە پـڕ هاتمـەوە سـەرخۆم و بـیرم کەوتـەوە کـە فقـرە ((و)) لـە مـادەی دووەمـی نەقابـە ئـەڵێ (پێویسـتە نەقابـە بەشـداربێ لـە بووژاندنـەوەی سـامانی نەتەوایـەتی میللـەتی عێراق) ئایـا ئـیتر ئێمـە ناحەقمانـە، کـەوا بـە پـەرۆش بـین بـۆ پێکهێنـانی ئـەم کۆنگرەیە، ئایا بە پێی قانوونی نەقابەی مامۆستایان ئەم جۆرە فرمانانە یەکێك نییە لە هـەرە پێویسـتییەکانی سـەر شـانی نەقابـە ! ؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە شتێکی دیار و ئاشکرایە، بەڵام وەرە با پێکـەوە سـەیری مـاددەی سـێهەمینی قانوونی نەقابە بکەین، کـە ئـەڵێ ( پێویسـتە نەقابـە هەوڵبـدات بـۆ پێکهێنـانی ئامانجەکانی بە هۆی نووسین و ئێستگە و گرتنی (کۆنگرەی زانیاری) نـاوخۆیی وە مەرکـەزی جیهـانی، ئایـا ئـەم ماددەیـە باشـترین پـاڵێوەر نیـە بـۆ ئێمـەی مامۆستایانی کورد، کە بە کوڵ داوا بکەین، کە ئەبێ بێبەری نەکرێین لەم جۆرە کۆنگرانە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان، کـە کۆمـاری عێـراق بریتییـە لـە دوو میللـەتی گـەورە و دیـار، گـەلی عـەرەب و گـەلی کـورد، وە بـەژدار بـوون لـە

بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی گەلی عێراق، مانای ئەوەیە کۆششبکرێ بۆ بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی گەلی کورد. نابێ هیچ کاتێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، کە میللەتی کورد گەلێ پێویستی زیاترە بە پێشخستنی زانیاری و خوێندەواری وەك لە میللەتی عەرەب، بەڕاستی سەیرە، سەیرەکەش لەوەدایە نەقابەی مامۆستایان پار و پێرار بە ئەوپەڕی شانازییەوە هەوڵیئەدا بۆ بەستنی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد، کەچی ئەمساڵ بە ناشوکری نەبێ، دەسگای بەڕێوەبەری مەرکەزی تەقابەی مامۆستایان خۆی لە پێش هەموو کەسێکا بۆتە کۆسپ لە ڕێگای بەستنی کۆنگرەکەدا؟ ئایا لەمە سەیر تر ئیتر ئەبێ چی بێ، ئەمە لای خۆی ئەبێ بە یەکچاو سەیری هەموو مامۆستایانی عێراق بکەن، بەلام خۆ ئەبێ هیچ نەبێ بە پێی قانونی نەقابەکەی خۆیان ژمارە ٦٦ساڵی ١٩٥٨ بجوولێنەوە، کە بە ئاشکرا دان ئەنێ بەوەدا، کە گرتنی ئەم کۆنگرانە لە مافی مامۆستایانە، کەواتە ئەبێ مامۆستایانی کورد پشتگیری لقی نەقابەی سلێمانی و هەولێر بکەن لەم داواکارییەدا وە ئەبێ  بە هیچ جۆرێك سارد نەبینەوە لە وازهێنان بۆ بەستنی کۆنگرەی مامۆستایان وە هیوادارین ،کە نوێنەرانی لقەکانی تریش دان بەو هەڵەیەدا بنێن و ڕێنەگرن لە مامۆستایانی کورد، کە ئەیانەوێ گیروگرفتی خوێندەواری گەلی کورد چار بکەن.

مایەوە سەر شتێکی تر، کە ئەمەوێ لێرەدا باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە، کە جگە لەم کۆسپەی، کە خراوەتە سەر ڕێگای بەستنی کۆنگرەکەمان هەروەها تەیارێکی سپیش هەیە، کە هەندێ لە ئاوەڵە مامۆستاکانمان بە ناچاریکەوە

ئەڵێن: دەبا نەبێ کۆنگرەمان بۆ چیە؟ پار و پێرار چیمان لێ دەستکەوت، بەلای منەوە ئەم جۆرە رایانە هەڵەیە وە زیانی هەیە بۆ مەسەلەی پێشخستنی زانیاری کوردی، چونکە ئێمە ئەزانین، کە خوێندەواری چەند دواکەوتووە، جا ئایا ئەو دوو کۆنگرەیە، کە جگە لە مامۆستایان هەموو رۆشنبیرانی کورد، کە تیایا کۆ ئەبوونەوە بە نوێنەرانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراقەوە، بە نوێنەرانی هەموو شێوەکانی زمانی کوردییەوە ئایا یەکالا کردنەوەی گیروگرفتەکانی زانیاری کوردی و یەکخستنی پێشنیاز و بریارەکان و لێکۆڵینەوە دەربارەی زمان و دانانی بەرنامەی خوێندن و دەسکاریکردنی پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکانا، ئایا ئەمانە بێ سوود بوون؟!، وە هەر ئەم دوو هەنگاوەش بوون، کە ئەبێ ببن بە سەرچاوە و چارەسەری راستەقینەی مەسەلەی خوێندەواری کوردی لێوە هەڵێنجین، ئەوەندەی، کە لەو بریارانە هاتبێتەدی، کەم بێ یا زۆر، خزمەتێکی باشی خوێندەواریی کردوە لە کوردستانا، وە گومانی نیە کە جاری تر هەنگاوی باشتر ئەهاوێژرێ و زیاتر لێك نزیك ئەبنەوە لە تێ گەیشتنی گیروگرفتە زانیاریەکانمان، کەواتە با نەڵێین: بۆ چیمانە؟ ئەبێ بلێین ئەمانەوێ، چونکە بەراستی بەستنی کۆنگرەی سێهەمینە مامۆستایانی کورد پێویستیەکی مێژووییە وە لە دوارۆژا مێژوو گرنگی ئەم کۆنگرانە دەرئەخات.[1]

[1] رۆژنامەی ژین: ژ/١٦١٧ ی ١٩٦١/٦/٥ لا/١

پرسی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی کورد و هەڵوێستی سارد و نەرێنیی نوێنەرانی زۆرینەی ئەنجومەنی نەقابەی مامۆستایانی عێراق، جموجۆڵێکی گەرمی خستە نێو ڕای گشتیی مامۆستایان، لقی سلێمانیی نەقابەی مامۆستایان دوای گەڕانەوەی نوێنەری سلێمانی و پرسی کشانەوەیان لە ئەنجومەنی نەقابەی مامۆستایانی عێراق، مامۆستایان و ئەندامانی لقی سلێمانی لە دەوری لقەکەیان کۆبوونەوە و کەوتنە ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە، لە ئەنجامدا یاداشتێکیان بۆ ئەنجومەنی نەقابەی مامۆستایانی عێراق نووسی:

## یاداشتی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی
## بۆ دەسگای بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایان لە بەغدا
## دەربارەی گرتنی کۆنگرەی سێهەمی مامۆستایانی کورد [1]

ئێمە ئەندامانی لێژنەی بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایانی لقی سولەیمانی، پاش وردبوونەوە لە هەڵوێستی بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی نەقابە لە یەکەم کۆبوونەوەیا، وە دوای بینینی ئەو بڕیارەی کە ئەنجومەن دای دەربارەی گرتنی کۆنگرەیەکی ناوخۆیی بۆ مامۆستایانی کورد، لەبەر ڕۆشنایی ئەمانە ئەم یاداشتە پێشکەشئەکەین بەو هیوایەی، کە دەسگای بەڕێوەبەری گشتی و لێژنەی لقەکانی نەقابە چاو بخشێننەوە بە هەڵوێستە ساردەکەیدا، دەربارەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە.

[1] ڕۆژنامەی ژین: ژ/١٦١٨ ی ٨/٦/١٩٦١ لا/٣

دوای سلاّو:

ئەو پەیوەندییە مێـژوویی و ئـابووری و زانیارییـەی، کـە گـەلی کـورد و عـەرەبی پێکەوە بەستووە، بە پێی تێپەڕینی ساڵەهای ساڵ  فراوانتر بووە و گەشەدارتر بووە، لە بەرووبوومی ئەم پەیوەندییە شۆڕشی چواردەی تەمووز بـەرپابوو، کـە بەندی سێی دەستووری وەختی هێنایە ئـاراوە، ئـەو بەنـدەی، کـە دانئـەنێ بـە هاوبەشیی کورد و عەرەب لەم نیشتمانەدا، ئەو بەندەی کە زامنییـەکی تـەواوی تیایە بۆ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، بە تایبەتی مافی زانیاری.

بــەپێی ئــەم ڕاســتییە، جێبــەجێکردنی داخــوازی زانیــاری گەلەکــەمانی بــە پێچەوانەی ئەو پەیوەندییە بە هێزەی نێوانمان نییـە، بـەڵکو پتـەوتری ئـەکات. لقی (و) لە بەندی دووەمی یاسای نەقابەی مامۆستایان (ژمارە ٦٦ ساڵی ٩٥٨) بـە ئاشـکرا دەریئـەخات، کـە ئـەبێ نەقابـە (هەوڵبـدات بـۆ بەشـدار بـوون لـە بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتیی هەموو گەلی کۆماری عێراق و پێشخستنی..) هەروەها بەندی سێهەمی هـەمان یاسـا ئـەڵێ : (پێویسـتە نیقابـە هەوڵبـدات بـۆ جێبـەجێکردنی (ئامانجـەکانی) بـە هـەموو هۆیـەکی بلاّوکردنـەوە و ئێسـتگە و هەڵســوڕاندنی(کۆنگرەی) زانیــاری وکۆمەلاّیــەتی، وەك دەرکردنــی گۆڤــار و بلاّوکراوە و پەڕاو  و ڕێکخستنی محازەرە ولێدوان و بەستنی کۆنگرەی زانیـاری ناوچەیی و جیهانی، وە بەشدار بوون تیایا هەروەها لـە هـەموو هۆیـەکی تریشـا لەگەڵ ئاگاداری کردنی فەرمانەکانی یاسا.) ئەم جۆرە بەندە ڕاست و دروستانە باشترین پاڵ پێوەنەرن بۆ ئێمەی مامۆستایانی کورد کە، خێراتر داوای بەستنی

کۆنگرەی ناوخۆیی بکەین. بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان کە لە کۆماری عێراق دا دوو گەلی سەرەکی هەیە کە ئەوانیش کورد و عەرەبن وە هاوکاریکردن لە بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتیدا بۆ گەلی عێراق ئەکات بە پێویستییەکی گەورە ئەبێ هاوکاری بکرێ لە بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی گەلی کوردا، ئەو گەلەی کە بەڕاستی گەلێك لە گەلی عەرەبی برای زیاتر پێویستی بە پێشخستنی زانیاری و خوێندەواری هەیە، ئێمە لەگەڵتاناین، کە کۆنگرەی مامۆستایان(نەقابەی مامۆستایان) تێکڕا هەوڵیداوە و هەوڵیشئەدا بۆ گەشەپێدان و پەرەپێسەندنی زانیاریی گەلی عێراق، بەلاّم ئەبینین، کە مامۆستایانی کورد زۆر پێویستییان بە بەستنی کۆنگرەی تایبەتی هەیە، کە بتوانن تیایا لە گیروگرفتی خۆیان بدوێن و لەو کۆسپانە بکۆڵنەوە، کە دێتە ڕێگای خوێندەواریی گەلەکەیان.

وە بۆ دانانی چارەسەری باش، چونکە ئەمان لە هەموو کەسێکی تر باشتر لە دەردی خۆیان ئەزانن، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئەوەمان خستە پێشچاو، کە خوێندەواریی کوردی چەند دوا کەوتووە، هەرگیز نابێ ئەوە لەیاد بکەین، کە کۆنگرە ناوخۆییەکانی یەکەم و دووەم، چ سودێکی گەورەیان بوو، کە مامۆستایانی کورد لە هەموو ناوچەکان و لە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی تیا یەکانگیر ئەبوون و باسی گیر و گرفتی زانیاریی خۆیان ئەکرد و لە ئەنجامیشا بیر و ڕا و پێشنیازەکانیان و دەستخستنە سەر دەرد و ئازار و ڕێدانان بۆ چارەکردنی ئەرکەکانیان یەکئەخست و ئەیان خستە پێشچاو،

بێگومـان جێبـەجێکردنی ئـەو پێشـنیاز و بڕیارانـە لـە ڕێگـای نەقابەکەمانـەوە ڕاژەیەکی گەورەیە بۆ خوێندەواریی گەلی کورد.

ئـەوەی شـیاوی باسـە بەشـدار بـوونی مامۆسـتا عەرەبـەکان و مامۆسـتایانی کەمایەتییـەکان لـەم کـۆنگرە ناوخۆییانـەدا بـوو بـەهۆی ئـەوەی، کـە بۆیـان ڕوونبێتەوە گیروگرفتی خوێندەواری گەلی کورد لە کوردستانی عێراقـدا چییە و چـی نییـە، هـەروەها ڕۆشـنبیرە کوردەکـانیش هەسـتیان بـەوە کـرد، کـە بـرا عەرەبەکانیان پشتگیرییان ئەکەن لە چارکردنی گیر و گرفتەکانیانـدا. بێگومـان ئەم هاوکاری و ڕوون بوونەوەیە و ئەو پشتگیرییە زیاتر برایەتی کورد و عـەرەب پتەوتر ئەکەن لەسەر بنچینەیەکی ڕاست و قایم.

ڕێگەی پێکهاتن و لە یەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و ڕای برایانـە لـە نێـوان ئەو نەتەوانەی، کە برایەتییەکیان لە نێوانایە، تاقانە ڕێگای ڕاستە بۆ پاراستنی یـەکێتی ڕاسـتەقینەی عێـراق، ئێمـە لۆمـەی بەشـی هـەرە زۆری ئەنـدامانی ئەنجومـەن ئەکـەین لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتە نـا ڕەوایـەیان بەرامبـەر پێکهێنـانی کـۆنگرەی مامۆسـتایانی کـورد، چـونکە ئێمـە وامـان چـاوەڕوان ئـەکرد، کـە پاڵپشتمان بن و یاریدەدەرمان بن بەرامبەر بە داخوازییەکانمان، بە تایبەتی ئەم داخوازییە شەرعییەی، کە ڕێکوپەوان بۆ ڕاژەی خوێندەواری گەلی کوردە.

ئا لەبەر ئەمە، ئێمە دەنگی خۆمان دەرئەبڕین بە ئاشـکرا، کـە واز لـە داخـوازی زانیاریی گەلەکەمان ناهێنین هەتا هەتایە لە سنوور و دەسەڵاتی یاسادا، چونکە بە مافێکی ڕاستەقینەی خۆمانی ئەزانین و لە ناو جەرگەی یەکێتی ڕاستەقینەی

عێراقیشەوە هاتووە، لەبەر ئەوە لێژنەی لقەکەمان بە پێویستی زانی، کە دووبارە داواکەی تازە بکاتەوە دەربارەی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی کورد، چونکە ئەم کۆنگرەیە ڕاژەیەکی زۆر گەورەی تیایە بۆ زانیاری و خوێندەواری کوردی.

لە کۆتاییدا هیوادارین، کە هەڵوێست و فرمانەکانی نەقابە بگونجێ لەگەڵ بەرژەوەندی گشت مامۆستایاندا یەکانگیربێ لەگەڵ درکاندنی و دوانی کاربەدەستاندا، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان مامۆستایاندا بە هەموو نەتەوە و بیر و باوەڕێکمانەوە.

لێژنەی بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی.

## ٤ – ٢ کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە شەقڵاوە

شۆڕشی چواردەی تەمووز، گوڕ و تینێکی زۆری خستبووە نێو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای عێراقی بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی، بە ئومێدێکی زۆرەوە هەوڵی وەدەستهێنانی هەرچیی زۆرترە لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیانیان دەدا، شۆڕشیش تاڕادەیەکی باش ئەو دەرفەتەی ڕەخساندبوو بەتایبەتی لە بواری بەسەندیکاکردنی کاری پیشەیی و ڕێکخراوەیی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

دوای ئەوەی چەندین نەقابە لە سەر ئاستی عێراق بە بەشداریی نوێنەرانی کورد لە بەغدا دامەزران، خەمخۆرانی کورد توانییان بە قازانجی کورد گەلێك کاری گرنگ ئەنجام بدەن، بەستنی کۆنگرەکانی مامۆستایان نموونەی هەوڵە سەرکەوتووەکانی ئەو قۆناغەن.

قوتابیان توێژێکی هۆشیار و پڕ جموجۆڵ و توانا و چالاکین، هەوڵی ئەمانیش هیچی لە هەوڵی مامۆستایان کەمتر نەبووە، توانیویانە لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە ڕەزامەندیی یەکێتیی گشتی قوتابیانی عێراق وەربگرن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە قوتابیانی کورد.

ئەوەبوو لە کۆتا دانیشتنی خولی دووەمی لێژنەی تەنفیزی یەکێتی گشتی قوتابیان، (کەمال محیەدین) ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی گشتی قوتابیان، لە کاتی پێشکەشکردنی وتەکەیدا، پرسی بڕیاردانی لەسەر بەستنی کۆنگرەیەکی ناوخۆیی قوتابیان خستە ڕوو، هەر زوو نوێنەرانی سلێمانی و هەولێر و هەندێك

له ئاماده‌بووان، به گه‌رمی پێشوازی و پشتیوانییان له بیرۆکه‌که‌ی کرد، ئه‌وه‌ی جێگای مشتومڕی زۆرێك له ئاماده‌بووان بوو ئه‌وه‌بوو، که بیرۆکه‌که وه‌ك ڕاسپارده (توصیه) وه‌ربگیرێ، نه‌ك وه‌ك بڕیار.

له خولی سێیه‌می ئاسایی لیژنه‌ی ته‌نفیزیی یه‌کێتی گشتیی قوتابیان له ١٩٦٠/٧/١٦ داواکاریی به‌ستنی کۆنگره‌یه‌کی ناوخۆیی بۆ قوتابیانی کورد له‌لایه‌ن (سه‌لاح عه‌لی محه‌مه‌د) به‌رپرسی لیژنه‌ی کاروباری قوتابیانی کورد پێشکه‌ش به لیژنه کرا.

یه‌کێتی گشتیی قوتابیانی عێراق له دانیشتنی ڕۆژی ١٩٦٠/٧/٢٩ له وه‌ڵامی داواکاریی نوێنه‌ری قوتابیانی کورد ئه‌م بڕیارانه‌ی ده‌رکرد:

أ- به‌ستنی کۆنگره‌ی ناوخۆیی بۆ قوتابیانی کورد، به به‌شداریی (ئه‌ندامانی لیژنه‌کانی یه‌کێتی له هه‌ولێر و سلێمانی و مووسڵ و که‌رکووك وخانه‌قین) له ماوه‌ی ٢٣ تا ٢٥ی ئاب له شه‌قڵاوه، به‌پێی خشته‌ی کاری پێشنیاز کراو:

١- باسکردنی پرسی یه‌کیه‌تی برازاقی قوتابیان و یه‌کیه‌تی قوتابیانی کورد و قوتابیانی برا که‌مه‌نه‌ته‌وایه‌تییه‌کان.

٢- باسکردنی پرسی یه‌کیه‌تی برازاقی قوتابیانی عه‌ره‌ب و ئه‌و بنه‌مایانه‌ی له‌سه‌ریدا بونیاد ده‌نرێن و هه‌ڵوێستی قوتابیانی کورد له‌و باره‌یه‌وه.

٣- باسکردنی گرنگترین فاکته‌ر و ڕێگاکانی پێشخستنی لێکۆڵینه‌وه له ئه‌ده‌ب و که‌لتوور و زمان و مێژووی کورد و یه‌کڕیزیی قوتابیانی کورد له‌م باره‌یه‌وه.

٤- پرسی کاراکردنی کاری یەکێتی و بەهێزکردنی کار و ڕێکخستنی لێژنەکان.

ب – سکرتاریەت هەندێك لە هاوکارە کوردەکان و هاوکارەکانی دیکەش لەوانەی کە شارەزاییەکی تەواویان لە کاروباری قوتابیانی کورد هەیە وەك چاودێر لە کۆنگرەکە دەستنیشان دەکات.

ج – سکرتاریەت بانگهێشتی هەندێك لە هاوکارانی غەیرە کورد دەکات لە لێژنەکانی تەنفیزیی موسڵ و کەرکوك بە مەرجێك لە هەر پارێزگایەك ژمارەیان لە حەوت کەس زیاتر نەبێت، بۆ ئەوەی ئەرکی چاودێریی کۆنگرەیان پێبسپێردرێ.

د – پێکهێنانی لێژنەیەکی ئامادەکار، لە ئەندامانی لێژنەی کاروباری قوتابیانی کورد و لەوانەی کە لە سکرتاریەت دەستنیشان دەکرێن، ئەرکی ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەیان دەکەوێتە ئەستۆ. (سکرتاریەت، سکرتێری گشتی و سەرۆك و جێگری سەرۆکی لێژنەی کاروباری قوتابیانی کوردی دەستنیشان کرد).

هـ – ئەندامە کوردەکانی لێژنەکانی یەکێتی لە بەغدا وەك چاودێر لە کۆنگرەکە ڕاسپێردران.

هەروەك سکرتاریەتی گشتی داوا لە سەرجەم قوتابییە کوردەکان دەکات، کە چالاکانە کار بۆ سەرخستنی کۆنگرەکەیان بکەن، دەشڵێ لە تواناو هۆشیاریی برا کوردەکانمان دڵنیاین..

دوابەدوای بلاوبوونەوەی دەنگۆی بڕیاری بەستنی کۆنگرە، جموجۆلێکی خێرا کەوتە نێو توێژی قوتابیان و ڕۆشنبیران و نووسەرانیش لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بایەخی بەستنی ئەم کۆنگرەیەیان بۆ ڕای گشتی ڕوونتر دەکردەوە، لەو ماوە کورتەدا، بە چڕی بەدەیان بابەتی بەپێز بلاوکرانەوە و دەیان برووسکەی پشتگیری و پیرۆزبایی بۆ کۆنگرە بلاوکرانەوە، بە سەدان قوتابی لە شار و شارۆچکەکانی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی کەوتنە ئامادەکاری بۆ خستنە ڕووی بیرۆکە و پێشنیازی بەسوود بۆ سەرخستن و دەستکەوتی زیاتری مافی قوتابیان و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، ئەوەتا یەکێتی گشتیی قوتابیان لە سلێمانی لە ڕۆژنامەی (ژین) هەواڵێکی بۆ قوتابیان بلاوکردۆتەوە و تیایدا داوا لە قوتابیان دەکات: (( بە زووترین کات  چ پێشنیارێك یان گیروگرفتێکیان هەیە بینێرن بۆ یەکێتی بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی قوتابیانی کورد کە لە شەقلاوە ئەگیرێ باسبکرێ)). [1]

ڕۆژنامەی ژین لە هەمان ژمارەدا و لە گۆشەی بەشی قوتابیان، کە یەکێتی قوتابیانی گشتی لە سلێمانی  سەرپەرشتیی دەکات، هەفتەیەك بەر لەوادەی بەستنی کۆنگرەی ناوخۆیی قوتابیانی کورد لە شەقلاوە، بابەتێکی بە پێنووسی برای قوتابی بلاوکردۆتەوە:

---

[1] ڕۆژنامەی (ژین):  ژ/ ١٥٥٢ لا/٤.

## دەربارەی کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە ٢٣ ـ ٢٥ ی ئاب[1]

(برای قوتابی)

یەکێتی قوتابیانی گشتی، هەمیشە هەوڵیداوە و ئەیدا، بۆ هێنانەدیی ژیانێکی باشتر بۆ قوتابیان .. هەمووکاتێك تێکۆشاوە لە ڕێگەی بەهێزکردنی برایەتی و یەکیەتی قوتابیانی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتییە نەتەوایەتیەکانی ترا. هەر ئەو یەکیەتیەش ((لیژنەی تەنفیز)) ی بڕیاری کۆنگرەیەکی داوە، بۆ قوتابیانی کورد، کە لە شەقلاوە بگیرێ. بێگومان، ئەمە هەنگاوێکی سودبەخشە، لە ڕێگەی باشکردنی ژیانی قوتابیانی کورددا وە لە ڕێگەی بوژاندنەوەی مێژوو و وێژەی کورددا.. (بە شێوەیەکی تایبەتی) وە بە شێوەیەکی گشتی: هۆیەکە بۆ هێنانەدیی ئامانجی قوتابیان و، کۆکردنەوەیان لەژێر ئالأی یەکێتیە نەبەزەکەیاندا.

لە کاتێکا، کە قوتابیانی کورد ئەو قوتابیانەی کە لەژێر ئالأی ئەو یەکێتیە دڵسۆزەیانا کۆبونەتەوە بە گەرمەوە لایەنگری ئەم بڕیارە ئەکەن و، وە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەیان ئەکەن، لە هەڵسان بە پێویستییەکانی سەرشانیدا.

وە قوتابیانی کورد و ئەوانەی، کە یەکێتی نەتەوەکانی عێراقیان بەلاوە مەبەستە.. هیوا و بڕوایەکی زۆریان بەو کۆنگرەیە هەیە، کە گەلێك بڕیار و ڕاسپاردەی گرنگی لێوەدەربچێت ، کە ((گرنگتریش بێت لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد، کە پار لە شەقلاوە گیرا)) بۆ

[1] ڕۆژنامەی (ژین): ژ/١٥٥٢ لا/٤.

چارەسەركردنی گیروگرفتی قوتابیانی كورد، بۆ بوژاندنەوەی وێژە و مێژووی كورد، بۆ بەهێزكردنی یەكێتی و برایەتیی نێوان قوتابیانی كورد و عەرەب و كەمایەتییە نەتەوایەتیەكانی تر، بۆ پاڵپێوەنانی بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی كوردی بۆ هەڵسان بە گورجوگۆڵی بە پێویستییەكانی سەرشانی، وە بۆ فراوانكردنی كار و دەسەلاتی لێژنەی قوتابیانی كوردستان.

پێویستە، كۆنگرە ئەمانە بخاتە پێشچاوی و بە وردی لێی بكۆڵێتەوە وە ڕێگەی هەرە نزیكی بەجێهێنانیشی بۆ دەستنیشان بكات، كە ئامانجی قوتابیانی كورد و عەرەب و كەمایەتییەكانی ترە. سەركەوتن بۆ كۆنگرەكەمان.



دەستەیەك لە قوتابییە چالاكەكانی ئەو سەردەمە

ئەم وێنە لە شەقلاوە گیراوە و لە ئەرشیفی مومتاز حەیدەری وەرگیراوە

## دەربارەی بەستنی کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە شەقلاوە[1]

لەم کۆنگرەیەدا سەنجێك

٢٢ی ئاب ــ ٢٥ ی ئاب

ع. تینو

لەم ڕۆژانەدا کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە شەقلاوە ئەگیرێ، هەموومان ئەزانین بەستنی ئەم کۆنگرەیە هەنگاوێکی گەلێك گرنگە، کە یەکیەتی قوتابیانی گشتی ناویەتی بۆ پێشەوە وە ئاواتی ساڵە هایساڵی قوتابیانی کوردستانە، بێگومان بەستنی ئەم کۆنگرەیە هۆیەکی گەلێك گرنگە بۆ ئەوەی ئەو کۆسپ و بەرهەڵستانەی، کە دێتە پێش قوتابیانی کوردستان تەختی بکەن.

هەموو ساڵێك کۆنگرەیەك بگیرایە .. ژیانمان وا نەئەبوو.. چونکە بەستنی کۆنگرەیەك وەکو قوتابیان ئەبێتە هۆی ڕوون کردنەوەی گەلێ شت وە دەستگیربوونی گەلێ مافی نەتەوایەتیمان، کە شاراونەتەوە ودیارنین ...!

لەم کۆنگرەیەدا چەند سەرنجێك ڕائەکێشرێ بەرامبەری وە هەندێ شتی بە کەڵك هەیە پێویستە زۆر بە وردی لێی بکۆڵرێتەوە و ڕوونبکرێتەوە وە بهێنرێتە دی.

یەکێك لەوانە، کردنەوەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، کە ئەمە یەکەمین داوایە .. قوتابیان پێشکەشی ئەکەن .. وە هەرگیز ئەیلێینەوە، چونکە ئەمە

---

[1] ڕۆژنامەی دەنگی کورد، ژ٢٠، ٢٤/ئاب/٩٦٠.

ئەبێتە هۆی ئەوەی .. كە قوتابیان لەیەك تر نزیك ببنەوە و لـە ژێـر دروشمێكـا خەبات بكەن وە ئامانجەكانیان بهێننە دی.. وە چونكە كردنـەوەی یەكێتییـەك .. ئەبێتـە هـۆی ئـەوەی  كـە مـافی قوتابیـان بپـارێزرێ  ـ وە نەیـەڵێ مافیـان بخورێ.. وە ئەم داوایە لـە گـەلێك رۆژنامـە نیشـتمانیەكانا .. زۆر وتراوەتـەوە. وەكو (دەنگی كوردی بڵند گۆ) وە (خـەبات) ی كۆڵنـەدەر، وە ئێمـە هیـوادارین كـە بـە تـەواوەتی لـەم كۆنگرەیـەدا  ـ روون بكرێتـەوە و داوای بكرێـت .. وە هەروەها خوێندن بە زمانی كوردی لە قوتابخانەكانا ئـاواتێكی سـاڵەهای سـاڵی قوتابیانی كوردستانە .. چەند ساڵە داوای ئەكەن وە نەبوو.. بەلآم لەم دەورەدا .. گەلێك جار ئەمە باس كـراوە و لەسـەر لاپـەڕەكانی رۆژنامـەكان نووسـراوە و وەباس كـراوە، كـە پێویسـتە لـە قوتابخانەكانـدا دەرس بـە كـوردی بخوێنرێـت چونكە هەموو وولآتێك بە زمانی زگماكی خۆیان ئەدوێن وە لە قوتابخانەكاندا .. بە زمانی خۆیان ئەنووسن، وە ئەخوێنن.

ئەی باشە گەلی كورد بۆچی بێبەش بێت لـە زمـانی خـۆی.. ئایـا كـورد وێـژە و زەوی و مێژوویـەكی پـڕ ئەشـكەنجە و سـزای نییـە.. كـوردیش وەكـو هـەموو گەلەكانی سـەر ڕووی زەمـین خـاوەنی مـافی خۆیـەتی .. كەواتـە پێویسـتە بـە زمانی زگماكی خۆیان بخـوێنن، تـاكو تـامی سەربەسـتی لـە ئێمـەوە بچـێت بـۆ كوردستانی دەوروپشتمان..

هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی كوردستان، كـە ئـاواتێكی هـەرە گرنگمانـە هـەروەها پێویستە ئەوە باس بكرێ، كە كۆنگرەیەك هەموو ساڵێك ببەسترێ بۆ قوتابیانی

کوردستان: بۆ ئەوەی هەست و بیر و باوەڕ و ڕاز وخوازی خۆمانی تیاردەربڕین ئەمانەن بە کورتی ئەو سەرنجانەی کە لەم کۆنگرەیەدا پێویستە بە چالاکی بهێنرێتە دی .. نەك هەر قسە بێت و هیچی تر

ئیتر هەر بژی خەباتی قوتابیانی کوردستان

پایەدار بێ سەرۆکی کورد و عەرەب کاکە کەریم قاسم

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی بەستنی کۆنگرە، قوتابیانی شەقلاوە بە هاوکاریی ڕۆشنبیران و خەڵکی دڵسۆز، کەوتنە خۆ بۆ ئامادەکردنی هەوارگەیەك بۆ سازدانی کۆنگرە و ئامادەکردنی شوێنی مانەوەی ئەندامان و میوانانی کۆنگرە، چەندین چالاکیی هونەری لە ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی و نمایشی شانۆگەری و کۆڕی شیعرخوێندنەوە ئامادەکرابوون.

سەبارەت بەو ئامادەکارییانە، (عەبدولرەحمان مەلا حوتان) ئەندامی سەرپەرشتیاری ئامادەکارییەکانی کۆنگرە، باسی لەوە کرد، کە: ((باخچەیەکی گەورەمان لە گەڕەکی سەرگرد ئامادەکردبوو، سەکۆی چالاکییەکان و چەندین کەپر و ساباتمان تێدا دروستکرد، لافیتە و دروشمەکانی کۆنگرەشمان نووسیبوون، شوێنی مانەوەی میوانەکانمان لەو ئوتێلانەی شەقلاوە ئامادەکردبوو، کە میوانانی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردی تێدا دەمانەوە))[1].

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان مەلا حوتان شەقلاوە

**ڕەتکردنەوەی مۆڵەتی بەستنی کۆنگرەی ناوخۆیی قوتابیانی کورد**

دوای ئەوەی لێژنەی تەنفیزی سکرتاریەتی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق، پرسی بەستنی کۆنگرەی ناوخۆیی قوتابیانی کوردی لە بەرواری ١٩٦٠/٧/٢٩ خستە بەردیدی ئەندامانی یەکێتی و بڕیاری بەستنی درا و وادەکەی دیاری کرا و تەواوی ئامادەکارییەکانی بۆ ئەنجامدران، یەکێتی گشتیی قوتابیان لە بەرواری ١٩٦٠/٧/٣١ بە نووسراوێکی فەرمی و لە ڕێگەی ڕاگری قوتابیان داوای مۆڵەتی بەستنی (کۆنگرەی ناوخۆیی قوتابیانی کورد لە شەقلاوە) لە ڕۆژانی ٢٣ تا ١٩٦٠/٨/٢٥، پێشکەش بە حاکمی گشتیی سەربازی کرد.

فەرمانگەی حاکمی عەسکەری وەڵامی نووسراوەکەی دواخست تا دوو ڕۆژ بەر لە بەستنی کۆنگرە، بە نوسراوی ژمارە(٦٥١) و لە ١٩٦٠/٨/٢١ وەڵامی یەکێتی گشتیی قوتابیانی داوەتەوە و داواکەیانی بۆ بەستنی کۆنگرەکە ڕەتکردۆتەوە، بە پاساوی ئەوەی، کە ئەوەی قوتابیانی کورد دەیانەوێ باسی بکەن، هەمووی لە کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایاندا باسکراوە، کە لە ١٥ تا ١٩٦٠/٨/١٧ لە شەقلاوە بەسترا.

ڕۆژنامەی (ژین) لە گۆشەی بەشی قوتابیانـدا، هـەواڵی ڕەتکردنـەوەی مۆڵـەتی کۆنگرەی لە ڕۆژنامەی (البلاد)ەوە گواستۆتەوە:

**بەرپەرچ دانەوەی ئیجازەی**

**گرتنی کۆنگرەی قوتابیانی کورد لە شەقڵاوە[1]**

لێژنـەی ئامـادەکردنی کـۆنگرە بـڵاوی کـردەوە لـە بەغـداد، کـە لـە ڕۆژی ١٩٦٠/٧/٣١ دا یەکیەتی قوتابیانی گشـتیی کۆمـاری عێـڕاق، داوای لـە حـاکمی گشتیی سـوپا کـرد و بـە نووسـراوی ژمـارە (١٠) ،کـە ڕێگـەی بـدات بـە گرتنـی کۆنگرەیەکی ناوخۆ بۆ قوتابیانی کورد لە شەقڵاوە لە ڕۆژانی ٢٣ تا ٢٥ ی ئاب، بـەڵام دائـرەی حـاکمی گشـتیی سـوپا بـە نووسـراوی ژمـارە (٦٥١) لـە ڕۆژی ١٩٦٠/٨/٢١ دا، وەڵامی دایەوە کەوا گرتنی کۆنگرە نابێـت، گوایـا هەرچـی لـەو کۆنگرەیەدا باسبکرێت، لە کۆنگرەی مامۆسـتایانی کـورددا بـاس کـراوە، بـەڵام لێژنەی ئامادەکردن لە کاتێکـا کـە زۆر دڵ ناخۆشـیی خـۆی دەرئـەبڕی، ڕوونـی ئەکاتەوە، کە قوتابیـانی کـورد گیروگرفتـی تایبـەتی خۆیـان هەیـە و پێویسـتە کۆنگرە بگرن بۆ چارکردنی، کە جیاوازە لەگەڵ هینی مامۆسـتایاندا، سـەرەڕای ئەوەی، کە زۆر گیروگرفتیان هەیە کە دیسان لێژنەی ئامادەکردن داوای کردووە کە ڕێگـە بـدرێت بـۆ گرتنـی کۆنگرەکـە، کـە سـودێکی گرنگـی هەیـە لـە بابـەت ڕۆشنبیری و زانیاری قوتابیانی کوردەوە.

[1] - ڕۆژنامەی (ژین): ژ/١٥٥٨ ی ١٩٦٠/٩/٥ لا/٢

## ٤ – ٣ کۆڕی یەکەمی لێکۆڵینەوەی کتێبی کوردی قوتابخانەکان

دوای تێپەڕبوونی (١٣) ساڵ بەسەر کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد و لەبەر ئەوەی هێشتا گرفتە گەورەکانی بەردەم خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستان وەك خۆیان مابوونەوە، دوای هاتنەوە پێشی دەرفەتێکی دیکە بۆ کورد لە سایەی رێککەوتنی (١١) ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، جارێکی دیکە مامۆستا و دڵسۆزانی زمانی کوردی کەوتنە هەوڵی بەستنی کۆنگرەیەك، کۆڕێکی دیکە بۆ خستنە رووی گرفت و رێگاکانی چارەسەر و باس و راگۆڕینەوە لە پێناو پێشخستن و خزمەتکردنی بواری پەروەردەو فێرکردن لە ناوچە کوردنشینەکان.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لە وتەی ژمارەی گۆڤارەکەیاندا دەڵێن:
((یەکێتیەکەمان بەستنی ئەو کۆڕە بە یەکێك لە ئامانجەکانی خەباتی چەند ساڵەی خۆی دائەنێ، کە لە مێژەوەیە وەك رێکخراوێکی رۆشنبیری هەوڵی بۆ ئەدا))[1].

سەبارەت بە بیرۆکەی بەستنی ئەم کۆڕە، بەرێز مومتاز حەیدەری لە رێپۆرتاژێکی رۆژنامەی هاوکاریدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مامۆستا (کەمال ئەحمەد سەعید) سەرپەرشتیاری کۆڕ کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێ : ((لە پاش بەیاننامەی ١١ ی ئازار، دان بە مافە رۆشنبیرییەکانی میللەتی کورد نرا و ماوەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی درا بۆ ئەوەی بکەوێتە گەڕ و

[1] دەنگی مامۆستا: ژ/٩ ی ساڵی سێ یەم ، ئابی /١٩٧٣,لا/٣.

پەرەبسێنیّ و هەوڵی دەست نیشانکردنی ئەو کەم و کورپیانەی دێنە بەردەم ڕۆشنبیری کوردی بدات.))[1]

لە درێژەی وتەکانیدا مامۆستا کەمال باس لە ڕۆڵی (سامی عەبدولرەحمان) وەزیری کاروباری ژوورو دەکات لەپاڵپشتیی بۆ بەستنی کۆڕەکە.

لەو ڕیپۆرتاژانەی، کە ڕۆژنامەی هاوکاری بەر لە وادەی کۆنگرە بلاّوی کردوونەتەوە، تەنانەت تا ١٩٧٣/٧/٢٠ لە لاپەڕەی (ولاّت لە هەفتەیەکدا) مومتاز حەیدەری ڕیپۆرتاژێکی بە ناونیشانی (دەربارەی خوێندنی کوردی لە کۆڕی شەقلاوەدا چی چاوەڕوان دەکرێت) دا، ئاماژەی بەوە داوە، کە لە مانگی ئاب کۆڕەکە دەبەسترێ : ((ئەوەی زانراوە، لە مانگی ئابی داهاتوودا، کۆبوونەوەیەکی فراوان دەربارەی خوێندنی کوردی و کتێبەکانی لە شەقلاوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی ڕێکدەخرێ))[2]..

لەبەر ئەوەی ئێمە لەم پەڕتووکە، وەك بابەتێکی لاوەکی باس لەم هەنگاوە دەکەین، بە خێرایی تیشك دەخەینە سەر لایەنەکانی باسەکە..

بێگومان ئەو (کۆڕ)ەش هەنگاوێکی گرنگی مێژووییە لە بواری پەروەردەو خوێندن و خزمەتکردنی زمانی کوردی، هەولّ و کۆشش و ماندووبوونی کەسانێکی زۆری لە پشتەوە بووە، هیچی لە کۆنگرەکانی پێشوو کەمتر نییە، ماوەی (٣) ڕۆژ زیاتر لە (١٢٠) پسپۆڕ و شارەزا ی بواری خوێندن و زمان

[1] هاوکاری: ژ/١٧٩ ی ١٩٧٣/٨/١٠/ لا/٥

[2] هاوکاری: ژ/١٧٦ ی ١٩٧٨/٧/٢٠، لا/٥. بەستنی کۆڕەکە کەوتۆتە مانگی تەمووز.

بەشدارییان تێدا کردووە و بە بەرنامە، دەیان لێکۆڵینـەوەی پـڕ بایـەخ لەلایـەن کەڵە نووسەر و مامۆستایانی کورد پێشکەش کراون.




شانازیی بەستنی ئەم کـۆڕە بـۆ بەڕێوەبـەرێتی گشـتیی خوێنـدنی کـوردی دەگەڕێتــەوە کــە توانییــان لــە ژێــر چــاودێریی وەزارەتــی کــارو بــاری ژوورو ڕەزامەندیی بەستنی وەربگرن.

بڕیاردرا ڕۆژانی ٢٥ تـا ٢٧ ی تـەمووزی سـاڵی ١٩٧٣ لـە شـەقلاوە کۆڕەکـە بـە چاودێریی (سامی عەبدولڕەحمان) وەزیری کاروباری ژووروو ببەسترێ.

**٤-٣-١ بەستنی کۆڕ**

لـه سـەر بانگێشـتی وەزارەتـی کاروبـاری ژووروو ، ئێـوارەی ڕۆژی ٢٤ ی تەمووز، زیاتر له ١٢٠ پسپۆڕو شارەزای بواری کتێب و زمانی کـوردی گەیشـتنه هاوینەهەواری شەقلاوە، بۆ بەشداریکردن لەو کـۆڕە زانسـتییە بەرفراوانـەی کـه بۆ لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئـەو کێشـه و گیروگرفـت و کەموکورتیانەی دێنه بەردەم کتێبی خوێندنی قوتابخانـه بـه زمـانی کـوردی لـه قۆناغه جیاوازەکانی خوێندن سازی دەکات.

له ئوتێلی خانزاد (نوێترین ئـوتێلی ئـەو دەمانـه بـووە) شـوێن بـۆ حەوانـەوە و نـانخواردنی بەشـداربووان ئامـادەکرابوو، چـەند ئۆتۆمبێلێـك بـۆ گواسـتنەوە و گەڕاندنی میوانان تەرخان کرابوون.

## ٤-٣-٢ دانیشتنەکانی کۆڕ

### ٤-٣-٢-١ ڕۆژی یەکەم

#### ٤-٣-٢-١-١ دانیشتنی یەکەم

کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشـەممە ٧/٢٥، بەشـداربووان لـە هـۆڵی قوتابخانــەی شــەقلاوە، ئامــادەبوون بــۆ دەســتپێکردنی ڕێــوڕەسمی کردنەوەی کۆڕ:



وێنەی دیمەنێکی دانیشتنەکانی ڕۆژی یەکەم

ســەرەتا مامۆســتا شــوکر مســتەفا بــەناوی لێژنــەی سەرپەرشــتیی کــۆڕ، بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و باسی هەوڵ و کۆششی دڵسـۆزانەی ڕێکخـەران و باسی لە بایەخی سەرکەوتنی کۆڕەکە کرد.

ئینجا (ئـەنوەر عـارف) قائیمقـامی قـەزای مەرکـەزی هـەولێر، بـە نوێنەرایـەتی پارێزگار، وتەیەکی پێشکەشکرد و تیشکی خستە سەر ئـەم هـەنگاوە پـیرۆزە، کە ڕەنگدانەوەی یەکیەتی و برایـەتی گـەلانی عێراقـە و بەهـەنگاوێکی گـەورەی زانی بۆ پەرەپێدانی خوێندن و ڕۆشنبیریی کوردی.

دواتر بانگێشتی (محەمـەد مـەحمود عەبـدولڕەحمان ـ سـامی عەبـدولڕەحمان[1]) وەزیری کاروباری ژوورووی کـرا بـۆ پێشکەشـکردنی وتارێك، تیایـدا خۆشـحاڵیی خۆی دەربڕی کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم کۆڕەی پـێ سـپێردراوە، بگـرە شانازیشی پێوە کـرد. سوپاسـی بەشـداربووانی کـرد و هیـوای سـەرکەوتنی بـۆ خواستن.

دوای ئـەو، (کامـل خێـرۆ التکریتـی) لـە جیـاتی بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتیی پرۆگرامی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە، وتارێکی بە عەرەبی پێشکەش کرد، تیایدا هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆڕەکە خواست.

[1] ناوی محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمانە، لە ساڵی ١٩٣٢ لە شەنگار لەدایکبووە. لە زانکۆی موسڵ خوێندوویەتی و هەڵی چوونە بەریتانیای بۆ ڕەخساوە بۆ خوێندنی ئەندازیاری، دوای گەڕانەوەی بـە ئەندازیار لە وەزارەتی نەوتی عێراقی دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ کراوەتە وەزیری کاروباری ژووروو لە حکومەتی عێراق. سیاسـەتمەدارێکی دیاری کورد بووە، دوا پۆستی، جێگری سەرەك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـووە، لـە ١ی شوباتی ٢٠٠٤ لەگەڵ کوڕێك و چەندین هەڤاڵی دیکەی بە هۆی کردەیەکی تێرۆرستی لە هـەولێر شەهید کرا.

(محەمەد قادر لاجانی) وتارێکی بەناوی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەشکرد، باسی ڕۆڵی پارتیی کرد بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد  بە سەرۆکایەتی بارزانیی تێکۆشەر.

دواتر (قادر شۆڕش) بەرپرسی ناوچەی شەقلاوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەناوی جەماوەری شەقلاوە بە خێرهاتنی بەشداربووانی کرد.

دوا وتاری دانیشتنی یەکەم لەلایەن (سەلام عەبدولڕەحمان) پێشکەشکرا بەناوی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، تیایدا وتی کە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کتێبە کوردییەکان پێویستی بە هەڵوێستی بە جەرگ و ئازایانە هەیە.

ئینجا بوار بە پێشکەشکردنی دوو لێکۆڵینەوە درا:

یەکەم: گیروگرفتەکانی کتێبی خوێندنی کوردی لە کۆماری عێراق دا:  مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار ئامادەی کردبوو و پێشکەشی کرد.

دووەم: کتێبمان چۆن چاك دەبێ : لەلایەن (عەبدولڕەحمان  ـ هەژار) ئامادەکرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی ئامادە نەبوو، مامۆستا شوکر مستەفا ناوەرۆکی بابەبەتەکەی خوێندەوە.

ئینجا کۆتایی بە دانیشتنی سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکەم هات و  بەشداربووان بە کۆمەڵ ڕوویان کردە هاوینەهەواری سەلاحەدین بۆ ئامادەبوون لەو داوەتەی کە پارێزگای هەولێر بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ بۆی ئامادەکردبوون.

**٤-٣-٢-١-٢ دانیشتنی دووەم**

کاتژمێر (٥) ی ئێوارە دانیشـتنی دووەمـی ڕۆژی یەکـەم دەسـتی پێکـرد، لـەم دانیشتنەدا، (دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسول[١]) لێکۆڵینەوەیـەکی بـە ناونیشـانی (دیالەکتەکانی زمانی کوردی و گیروگرفت و چارەسەرکردنیان) پێشکەش کرد. دوای پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکە، بەشـداربووان بـۆ سـەر (٣) گـروپ دابـەش بوون بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە هـەر سـێ لێکۆڵینـەوەکان، کـە پێشکەشـکرابوون، بـۆ ئـــەوەی گفتوگـــۆ و ڕاگۆڕینـــەوەیان لـــەبارەوە بکـــرێ و چـــەند بڕیـــار و ڕاسپاردەیەکیان لێوە گەڵاڵە بکرێ .

---

[١] لە ساڵی ١٩٣٤ لە سـلێمانی لـەدایکبووە، کـوڕی (مسـتەفا صـەفوەت) ی شـاعیرە. قۆناغـەکانی خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لـە سـلێمانی بڕیـوە. لەسـاڵی ١٩٥٩ بەشـی زمـان و ئەدەبی عەرەبیی لە کۆلێژی پەروەردە لە بەغدا تەواوکردووە. دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایـەتیی گشتی خوێندنی کوردی، ڕاژەکەی بۆ بەغدا گواستراوەتەوە و بـە تەنسـیب بووەتـە کارمەنـدی ئـەو بەڕێوەبەرایەتییە. یەکێك بووە لەو قوتابییە کوردانـەی کـە دوای کـۆنگرەی یەکـەمی مامۆسـتایانی کورد لە شـەقڵاوە بـۆ خوێنـدنی دکتـۆرا، نێردراوەتـە زانسـتگای دراسـاتی شـەرقی لـە لینینگـراد، لەیەکێتیی سۆڤیەت. دوای گەڕانەوەی لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب لە بەغدا دەبێتە وانەبێژ. بە پلەی پرۆفیسۆری گەیشتووە. بڕوانە: جمال بابان، اعلام کرد العراق، ص٤٩٨.

### ٤-٣-٢-٢ ڕۆژی دووەم

#### ٤-٣-٢-٢-١ دانیشتنی یەکەم

ئامادەبوونی (سامی عەبدولڕەحمان) وەزیری کاروباری ژوورووی لە کۆبوونەوەکان، گوڕ و سەنگی دانیشتنەکانی پاڕاستبوو..

دانیشتنی سەر لەبەیانیی ئەم ڕۆژە چوار لێکۆڵینەوە پێشکەش کران، کە پێشتر لەلایەن بەشداربووانەوە، لەسەر تەوەری جیاوازدا، دەربارەی کتێب و خوێندن بە زمای کوردی لە قوتابخانەکان، ئامادە کرابوون.

بابەتەکان لەلایەن ئەم بەڕێزانە پێشکەشکران:



دیمەنێك لە دانیشتنی سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووەم، چوارشەممە ٧/٢٦

لە هۆڵی قوتابخانەی شەقلاوە

یەکەم: چەند سەرنجێك دەربارەی ڕێزمان و زمان و ڕێنـووس لەلایـەن (سـەعید ناکام)[1] پێشکەش کرا.

دووەم: گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی .. لەلایەن (مەسعود محەمـەد)[2] پێشـکەش کرا.

[1]- سەبارەت بەم بەشداریکرنەی، لە کتێبی (بیرەوەریەکانی سـەعید ناکـام) دا هـاتووە: ((سـێ مانگ پێش پێکهاتنی ئـەم کـۆڕە، بەشـدارەکان ئاگـادارکرابوون تـا خۆیـان ئامـادە بکـەن و چـیان لەباردایە بۆی بنووسن، منیش دە ڕۆژ پێش کاتی دیاری کراو کارت و بانگێشت نامەم پـێ گـەیی)) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ـ ٢٠٠٣ لا١٦١

سـەعید ناکـام، نـاوی: محەمـەد سـەعید حەسـەن، لەسـاڵی ١٩١٧ لـە دێـی (دەوەشـار) ی سـابلاغ لەدایکبووە، خوێندنی ئاینیی لە حوجرەکاندا خوێندووە، لـە ١٩٣٣ هاتۆتـە ڕوانـدز و دواتـر لەگـەڵ حوسێن حوزنی موکریانی هاتۆتە سلێمانی، لەچاپخانەی ژیـان کـاری کـردووە، لـەماوەی ژیانیـدا چەندین کاری کردووە، لەسەردەمی کۆمـاری مـەهاباد چووەتەچاپخانە و بـە سـەرۆکی نووسـینی ڕۆژنامەی کوردستان دانراوە، دوای ڕووخانی کۆمار هاتۆتەوە کوردستانی عێراق. چەندین جار لەبەر چالاکیی سیاسی گیراوە، دوای شۆڕی چواردەی تەمووز خەریکی کاری نەقابەی کرێکاران بـووە لـە سلێمانی، لە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاردا کاری کردووە، لە ٢٠١١/٢/١، کۆچی دوایی کردووە. چەندین بەرهـەمی لـەدوای خۆیـدا جێهێشـتووە، لەوانـە: (ئـاگری بـن کـا، سـیاحەتنامەی ئـەولیا چـەلەبی، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام ..).

[2] – لـە بیرەوەریـی ئـەم ڕۆژەدا، مەسـعود محەمـەد لـە کتێبـی (گەشـتی ژیـانم) چـاپی سـێیەمی کۆیە(٢٠٠٩)، لەلاپەڕە ٤٦٦ لە ئاڵقـەی هەژدەیـەم، ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە هـەموو ئەوانـەی بابەتیان پێشکەشکردووە، بە سەعاتێکی دەستی خەڵات کراون، بەڵام لە نێـو لێکۆڵینـەوەکان، (٣) لێکۆڵینەوە بە پلەی بەرز نرخێنراون و دیاریەکانیشیان سعاتی گرانبەها بووە، کە توسینەکەی ئـەو ئەگەر بۆ مجامەلەش بووبێ، لە نێو ئەو سێ لێکۆڵینەوە بەرزە بووە. بەڵام لەبـەر گلـەیی کەسـانی دیکەو بۆخۆیشی باوەڕی بەم جوداخوازییە نەبووە، خەڵاتەکەی بەر کەسێکی دیکە کەوتووە.

سێیەم: بنچینەی دانانی کتێبی کوردی بۆ غەیرە کورد، (ئەبو زێد سندی) بە زمانی عەرەبی ئامادەی کردبوو، بەلاّم لەبەر ئەوەی بۆ خۆی نەساغ بوو، (کەمال غەمبار) بابەتەکەی خوێندەوە.

چوارەم: بنەماکانی دانانی ڕێزمانی کوردی، (دکتۆر نەسرین فەخری) ئامادەی کردبوو، لەبەر ئامادە نەبوونی خۆی، (شوکر مستەفا) بابەتەکەی خوێندەوە.

### ٤-٣-٢-٢-٢ دانیشتنی دووەم

کاتژمێر ٥ ی ئێوارە دانیشتنی دووەم دەستی پێکرد، لەو دانیشتنەدا، بوار بە پێشکەشکردنی دوو لێکۆڵینەوەی دیکە درا:

یەکەم: سەرنجێکی بە پەلە دەربارەی ڕێزمان، (کەمال مەحمود) ئامادەی کردبوو و خوێندییەوە.

دووەم: هەڵبژاردنی زاراوەی کوردی، (کەمال جەلال غەریب) و (محەمەدی مەلاکەریم) ئامادەیان کردبوو، لەلایەن (کەمال جەلال غەریب) خوێندرایەوە.

دواتر بە مەبەستی گفتوگۆکردن و لێکۆڵینەوە لە شەش بابەتەکەی ئەو ڕۆژە (٣) لێژنە لە بەشداربووان پێك هێنران، پەرۆشیی بەشداربووان وای کردبوو، کە هەندێك لە لێژنەکان لە ئێوارەوە تا نزیکەی کاتژمێر دووی شەو لە گفتو گۆو ڕاگۆڕینەوە و دارشتنی ڕاسپاردەو بڕیارەکانیان بەردەوام بن.

### ٤-٣-٢-٣ ڕۆژی سێیەم

#### ٤-٣-٢-٣-١ دانیشتنی یەکەم

کاتژمێر (٩) کۆڕ، دەستی بە پێشکەشکردنی بڕگەو بابەتەکان کردەوە، لەم دانیشتنەدا، دوو لێکۆڵینەوە پێشکەشکران:

یەکەم: بنچینەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی بۆ قوتابخانە، لەلایەن (دکتۆر ئاوڕەحمان مارف) ئامادەکرابو و خوێندرایەوە.

دووەم: گیروگرفتی نەخوێندەواری و هۆی پەیدابوونی و ڕێگەی قەڵاچۆکردنی، کە (نوری عەلی ئەمین) ئامادەی کردبوو، بەڵام لەبەر درێژیی بابەتەکە، وا بەباش زانرا بدرێتە لێژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە.

#### ٤-٣-٢-٣-٢ دانیشتنی دووەم

کاتژمێر پێنج وەك دوا کۆبوونەوە، سەرجەم بەشداربووانی کۆڕەکە کۆبوونەوە و گوێیان لە بڕیار و ڕاسپاردەی لێژنەکان گرت.

دوای کۆ دەنگیی بەشداربووان لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەکان، بە وتنەوەی سرودی (ئەی ڕەقیب) کۆتاییان بە کۆڕەکە هێنا.

### ٤-٣-٣ ئە نجامەکانی کۆڕ

گومانی تێدانییە لەیەکدی کۆکردنەوەی هەر کۆمەڵە کەسێك، کە دید و بۆچوون و ئاڕاستەی لەیەکدی نزیك و هاو شێوەیان هەبێت، لە ئەنجامی ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆکردن لە بواری کارەکەیاندا سوود بەیەکدی و بە پرۆژەکە دەگەیێنن، چ جای ئەوەی ئەو کۆمەڵە کەسە ڕۆشنبیر و مامۆستا و پەروەردەکار بن..

دووبارەکردنەوەی ئەو دیدار و کۆبوونەوانە دەبێتە یەکەم هیوا و داواکاری، بۆیە بەشداربووانی ئەم کۆڕەش داوایان کردووە کە زۆر پێویست و زۆریش گرنگە بەستنی ئەم کۆڕانە بەردەوام بێت، تەنانەت هێشتا لە کۆڕی ئەمجارەیان نەبوونەتەوە، چەندین پێشنیاز و ڕینماییان لا گەڵاڵە بووە بۆ بەستنی کۆڕێکی دیکە.

لێرەدا هەندێك لە وەڵامەکانی ئەو بەڕێزانە دەنووسینەوە کە لە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەی هاوکاریدا  تۆمارکراون[١] :

سەرەتا لە پرسیارەکەی هاوکاری کە دەپرسێ: ((ئایا ئەم کۆڕە هەر ئەمجارەیە، یا بەردەوام ئەبێ وەك شتێکی دەوری؟))

مامۆستا (کەمال ئەحمەد سەعید) بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە: ((ئەم کۆڕە تاقانە نابێ بەڵکو هەوڵدەدەین بەردەوام بێت، بەلاّم دەوریش نەبێت.. هەمان

---

[١] هاوکاری: ژ/ ١٧٩ ی ١٩٧٣/٨/١٠

پرسیار بە بیرما هات کاتیٚ لە ئەندامە بەشداربووەکانم کردووە، ئایا کە کۆڕی تر گیرا هەر ئەم بابەتانە دووبارە ببنەوە یان شتی تر باس بکریٚ..

من بەش بەحاڵی خۆم وای بە پێویست ئەزانم، کە ئەم کۆڕە لە شتی تریش بدویٚ، نەك هەر کتێبی قوتابخانە .. چونکە گیروگرفتی کتێب بەشێکە لەم گرفتە گەورەیەی کە منهج ومامۆستا و بینایە و پێویستییەکانی تر وەك مختبر ولوازم ومکتبە و شتی تر ئەگرێتەوە .. هەروەها پەیوەندیی دایکان و باوکان بە مامۆستایانەوە، ئومێدم وایە، کە ئەگەر ئەم کۆڕانە پارەیەکی  بەقەد خۆیان بۆ تەرخان کرا بەردەوام بێت .. وە تەنیا بەم ژمارەیەش نەوەستین بەڵکو هەوڵ بدەین، کە ڕێکخراوە کوردستانیەکان و پیاوانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و مامۆستایان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە بەشداری تیا بکەن.))[1]

سەبارەت بەخاڵە ئەرێنییەکانی ئەم کۆڕە (مومتاز حەیدەری)، پرسیاری (تاچ ڕادەیەك ئەم کۆڕە سەرکەوتنی وەدەست هێناوە؟)) ی ئاراستەی بەڕێز، دکتۆر (عزەدین مستەفا ڕەسول) کردووە: لە وەڵامدا دکتۆر عزەدین دەڵیٚ: (( بەلای منەوە کۆڕەکە لە زۆر ڕووەوە سەرکەوتوو بوو:

یەکەم: وەك هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی تر کۆمەڵێك بیر ڕووناکی کورد چەند ڕۆژێك پێکەوە بن ئەبیٚ بەهۆی یەکترناسین و بیر و ڕای جیاواز ئاڵوگۆڕکردن.

دووەم: ئەم کۆمەڵە بیر ڕووناکەی بەشداری کۆڕەکە بوون جارێکی کە ئەو ڕاستییەیان سەلماندەوە، کە کتێبی کوردی قوتابخانە ئەبیٚ بەیەك جۆر

[1] هاوکاری: ژ/ ١٧٩ ی ١٠/٨/١٩٧٣، لا/٥.

بنووسرێ و بناغەكەی ئەو زمانە ئەدەبیە بێ كە لە دەوری بابانەوە تا ئێستا لە كوردستانی خواروودا زمانی خوێندن و نووسینە.

كۆڕەكە بڕیاری تەواوی لەسەر ئەمەدا.. جێی دڵخۆشییە، كە ئەو برایانەی لە پارێزگای دهۆكەوە هاتبوون زۆر بە گەرمیەوە دەنگیان لەگەڵ ئەم بڕیارەدا بوو.. وە هەموو هەوڵێكی كورد كردن بە دوویان، (دووبەش بوونی كوردیان) بە رێبازێكی ناواقیعی و ناعیلمی خراپ دانا..

سێ یەم: گەلێك بناغەی زانستی دەربارەی ئیملا و رێزمان و پەیوەندیی زمان و دیالێكت و فەرهەنگ راگەیانرا و داچەسپێندرا.

چوارەم: گەلێك رێ و شوێنی باش بۆ ئیشی لەمەودوای خوێندنی كوردی راگەیەنرا.

پێنجەم: هەندێ باسی تر لە كۆڕەكەدا خوێندرایەوە.. ئەمەش سوودی هەبوو، كە وا لە رێكخەرانی ئەم كۆڕانە بكات، كە لەمەو دوا ووردتر خەڵك هەڵبـژێرن و زووتر بڕیار لە باسەكان بدەن..

شەشەم: لەگەڵ ئەوەدا، كە رێكخستنی كاروباری كۆڕەكە لە رادەیەكی باشدا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی، كە ئەمە یەكەم كۆڕە بۆ باسی كتێبی كوردی تەرخان بكرێ، بوو بەهۆی ئەوە سوود لە كەم و كوڕی ببینرێ و تەجروبەیەك لە رێكخستندا دەستبكەوێت.)) [1].

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، لا٥.

## سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان:

کتێب:

١- ئەحمەد دڵزار: پاشکۆی بیرەوەرییەکانم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٨.

٢- د.هیمدادی حوسێن: ڕۆژنامەوانیی کوردی ـ گۆڤاری هیوا (٥) بەرگ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس ـ هەولێر ٢٠١٠.

٣- دڵزار: دیوانی دڵزار، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦.

٤- ساڵح هەژار: سۆرانی یا کرمانجی، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٦٠.

٥- سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە: چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦- سەریاڵ ساڵح هەژار: بەشێك لە بەرهەمەکانی ساڵح هەژار، وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم،٢٠٠٨، هەولێر.

٧- سەعید ناکام: بیرەوەریەکانی سەعید ناکام، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر ـ ٢٠٠٣.

٨- گۆران: دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بەغدا، ١٩٨٠.

٩- گۆڤاری بلێسە: ئامادەکردنی: سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، (٢) بەرگ، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١٠.

١٠- گۆڤاری ڕۆژی نویٚ: ئاکادەکردنی سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، بەرگی سێیەم، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١١.

١١- گۆڤاری گەلاوێژ، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵلا زەنگەنە، بەرگی یازدەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٦.

١٢- گۆڤاری هەتاو: ئامادەکردن: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵلا زەنگەنە، (١١) بەرگ، پڕۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریان وبنکەی ژین، چاپخانەی (باز) هەولێر ٢٠١٠.

١٣- کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە سەقڵاوە: لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، ژ/٧، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦١.

١٤- کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە: لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، ژ/٥، چاپخانەی کامەران ـ سلێمانی، ١٩٦٠.

١٥- مەسعود محەمەد: گەشتی ژیانم،چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، ٢٠٠٩.

١٦- مستەفا نەریمان: بیرەوەری یەکانی ژیانم، بەغدا، ١٩٩٤.

**گۆڤارەکان:**

**رامان:**

١٧- ژ/١٨٧: کەریم شارەزا: بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم، هەولێر ٢٠١٣/١٢/٥

١٨- ژ/١٨٨: کەریم شارەزا: بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم، هەولێر ٢٠١٣/١/٥ .

**رۆژنامەڤانی:**

١٩- ژ/٣: عەبدوللا زەنگەنە: دادگایی کردنی خەبات، بەشی دووەم، کانوونی یەکەم ٢٠٠٠.

**رۆژی نوێ**

٢٠-ڕۆژی نوێ، ژ٢، ساڵی ٢، مایس،. چاپخانەی کامەران سلێمانی١٩٦١.

**بلێسە:**

٢١- ژ/٢: ساڵی (١) ئەیلولی ١٩٥٩.

٢٢- ژ/٥: ساڵی (١) کانزنی یەکەم ١٩٥٩.

٢٣- ژ/٦: ساڵی (١) کانوونی دووەم ١٩٦٠.

٢٤- ژ/٩:ساڵی (١)، نیسانی ١٩٦٠.

٢٥- ژ/١٠: ساڵی (١) مایسی ١٩٦٠.

٢٦- ژ/١١: ساڵی (١) حوزەیرانی ١٩٦٠.

**هەتاو:**

٢٧- ژ/١٤٨: ساڵی (٥) ٣١/کانونی٢/ ١٩٥٩.

٢٨- ژ/١٥٣: ساڵی (٥) ١٥/نیسان/١٩٥٩.

٢٩- ژ/١٦٢: ساڵی (٦) ١٥/ئەیلولی ١٩٥٩.

٣٠- ژ/١٦٣: ساڵی (٦) ١٥/تشرینی یەکەمی ١٩٥٩.

٣١- ژ/١٦٤: ساڵی (٦) ٣١/تشرینی یەکەمی ١٩٥٩.

٣٢- ژ/١٧٧: ساڵی (٧) ١٤/مایسی ١٩٦٠.

٣٣- ژ/١٨٤: ساڵی (٧) ٣١/ئابی ١٩٦٠.

٣٤- ژ/١٨٥: ساڵی (٧) ١٥/ئەیلولی ١٩٦٠.

٣٥- ژ/١٨٦:ساڵی (٧) ٣٠/ئەیلولی ١٩٦٠.

**هیوا:**

٣٦- ژ/ (٢) و(٣) کانونی یەکەمی ١٩٥٩ و کانونی دووەمی ١٩٦٠. ساڵی (٣)

٣٧- ژ/(٣٠): ساڵی (٤) تشرینی یەکەمی ١٩٦٠.

**دەنگی مامۆستا**

٣٨- ژ/(٩) ساڵی (٢) ئابی ١٩٧٣,

٣٩- ژ/(١٠) ساڵی (٢) ئەیلولی ١٩٧٣.

## ڕۆژنامەکان:

### بڕوا:

٤٠- ژ/٦ ساڵی ١ ٢٠/٨/٩٦٠.

### ژین:

٤١- ژ/١٤٠٣، ساڵی (٣٣) ٧/٨/٩٥٨.

٤٢- ژ/١٤٠٨، ساڵی (٣٣) ١١/٩/٩٥٨.

٤٣- ژ/١٤١٠، ساڵی (٣٣) ٢٥/٩/٩٥٨

٤٤- ژ/١٤٢٩، ساڵی (٣٤) ٥/٢/١٩٥٩

٤٥- ژ/١٤٣١، ساڵی (٣٤) ١٩/٢/١٩٥٩.

٤٦- ژ/١٤٣٢، ساڵی(٣٤) ٢٦/٢/١٩٥٩.

٤٧- ژ/١٤٣٧، ساڵی (٣٤) ٢/٤/٩٥٩.

٤٨- ژ/١٤٣٨، ساڵی (٣٤) ٩/٤/٩٥٩.

٤٩- ژ/ ١٤٤٠ ی ساڵی (٣٤) ٢٣/٤/٩٥٩.

٥٠- ژ/١٤٧١ ی ساڵی (٣٤) ١٠/٩/٩٥٩.

٥١- ژ/ ١٤٧٢ی ساڵی (٣٤) ١٥/٩/٩٥٩.

٥٢- ژ/١٤٧٥، ساڵی (٤٣) ٢٤/٩/٩٥٩.

٥٣- ژ/١٤٨٠ ی ساڵی (٣٤)٢٢/١٠/٩٥٩.

٥٤- ژ/ ١٤٩١ ی ساڵی (٣٤) ٣٠/١١/٩٥٩.

٥٥- ژ/١٤٩٥، ساڵی (٣٤) ١٧/١٢/٩٦٠.

٥٦- ژ/١٤٩٧، ساڵی (٣٤) ١٩٥٩/١٢/٢٤.

٥٧- ژ/١٥٠٠، ساڵی (٣٥) ١٩٦٠/١/٥.

٥٨- ژ/ ١٥٠٢ ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/١/١٤

٥٩- ژ/ ١٥١٢ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/٢/٢٢

٦٠- ژ/ ١٥٤٩ ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/٨/٤.

٦١- ژ/١٥٥٠ ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/٨/٩

٦٢- ژ/ ١٥٥٢ ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/٨/١٥

٦٣- ژ/ ١٥٥٣ ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/٨/١٨.

٦٤- ژ/ ١٥٥٤ ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/٨/٢٢

٦٥- ژ/ ١٥٥٥ ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/٨/٢٥

٦٦- ژ/ ١٥٥٦ ی ساڵی (٣٥)٩٦٠/٨/٢٩

٦٧- ژ/ ١٥٥٨ ی ساڵی (٣٥) ٩٦٠/٩/٥.

٦٨- ژ/ ١٥٧١، ساڵی (٣٥) ٩٦٠/١٠/٢٧.

٦٩- ژ/١٥٧٢، ساڵی(٣٥) ٩٦٠/١٠/٣١.

٧٠- ژ/١٥٧٧، ساڵی (٣٥) ٩٦٠/١٢/١٩.

٧١- ژ/١٥٧٨، ساڵی (٣٥) ٩٦٠/١٢/٢٢.

٧٢- ژ/ ١٥٨٠، ساڵی (٣٥) ٩٦٠/١٢/٢٩.

٧٣- ژ/١٥٨٤، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/١/١٦.

٧٤- ژ/١٥٨٥، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/١/١٩.

٧٥- ژ/١٥٨٧، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/١/٢٩

٧٦- ژ/١٥٨٨، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/١/٣٠.

٧٧- ژ/١٥٨٩، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/٢/٢.

٧٨- ژ/١٥٩٠ز، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/٢/٦.

٧٩- ژ/١٥٩٦، ساڵی (٣٦)١٩٦١/٣/٢.

٨٠- ژ/ ١٦١٤، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/٥/١٨.

٨١- ژ/١٦١٦، ساڵی(٣٦) ١٩٦١/٦/١.

٨٢- ژ/١٦١٧، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/٦/٥.

٨٣- ژ/١٦١٨، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/٦/٨.

٨٤- ژ/ ١٦٢٠، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/٦/١٩.

٨٥- ژ/ ١٦٢١، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/٦/٢٢.

٨٦- ژ/١٦٢٨، ساڵی (٣٦) ١٩٦١/٧/٢٧.

**ئازادی:**

٨٧- ژ/ ١٤، ساڵی (١) ١٩٥٩/٩/١٦.

٨٨- ژ/١٥، ساڵی (١) ١٩٥٩/٩/٢٤.

٨٩- ژ/١٦، ساڵی (١) ١٩٥٩/٩/٣٠.

٩٠- ژ/٢٤، ساڵی (١) ١٩٥٩/١٠/٢٧.

٩١- ژ/٣٩، ساڵی (١) ١٩٥٩/١٢/٢.

٩٢- ژ/٤٠، ساڵی (١) ١٩٥٩/١٢/٤.

٩٣- ژ/٤٢، ساڵی (١) ١٩٥٩/١٢/٩.

٩٤- ژ/٤٣، ساڵی (١)١٩٥٩/١٢/١١.

## دەنگی کورد:

٩٥- ژ/١٦، ١٩٦٠/٨/١٥.

٩٦- ژ/٥٢ ی ١٩٦٠/١٠/٢

٩٧- ژ/٦٩، ١٩٦٠/١١/٢٣

## خەبات:

٩٨- ژ/ ٢، ١٩٥٩/٤/٨.

٩٩- ژ/٣، ١٩٥٩/٤/١٧.

١٠٠- ژ/٤، ١٩٥٩/٤/٢٢.

١٠١- ژ/١٥، ١٩٥٩/٧/٢١.

١٠٢- ژ/٢٥، ١٩٥٩/٨/٥.

١٠٣- ژ/٣٢، ١٩٥٩/٨/١٧.

١٠٤- ژ/٣٣، ١٩٥٩/٨/١٨.

١٠٥- ژ/٣٤، ١٩٥٩/٨/١٩.

١٠٦- ژ/٥٢، ١٩٥٩/٩/١٠.

١٠٧- ژ/٥٤، ١٩٥٩/٩/١٣.

١٠٨- ژ/٥٦، ١٩٥٩/٩/١٥.

١٠٩- ژ/٥٨، ١٩٥٩/٩/١٨.

١١٠- ژ/٥٩، ١٩٥٩/٩/٢٠.

**هاوكاری:**

١١١- ژ/١٧٥، ١٩٧٣/٧/١٢.

١١٢- ژ/١٧٦، ١٩٧٣/٧/٢٠.

١١٣- ژ/١٧٧، ١٩٧٣/٧/٢٧.

١١٤- ژ/١٧٨، ١٩٧٣/٨/٣.

١١٥- ژ/١٧٩، ١٩٧٣/٨/١٠.

**المصادر العربيه:**

**الكتب:**

١١٦- نةقابة المعلمين: مقررات المؤتمر المحلي الثانى للمعلمين الاكراد المنعقد في شقلاوة ١٥ ـ ١٧ اب ١٩٦٠،من منشورات نةقابة المعلمين المركزية في جمهورية العيَراقية، مطبعة الوفاء، بغداد ١٩٦٠

١١٧- انور المايي، الاكراد في بهدينان، الطبعة الثانية، دهوك، ١٩٩٩.

١١٨- جمال بابان، اعلام كرد العراق، مطبعة شفان، سليمانية، ٢٠٠٦

**المجلات:**

١١٩- المعلم الجديد: الجزء السادس، ايلول ١٩٦٠/ المجلد الثالث و العشرون، اصدرها وزارة المعارف في جمهورية العيَراق.

**الجرائد:**

**صوت الاكراد:**

١٢٠- عدد/١٠ ١٩٦٠/٨/١

١٢١- عدد/٢٠، ١٩٦٠/٨/٢٤.

**نوروز:**

١٢٢- عدد/ ٢١/١١/١٩٥٩. السنه الاولى.

**خەبات (النضال):**

١٢٣- عدد/٢٥، ١٩٥٩/٨/٥.

١٢٤- عدد/٣٢، ١٩٥٩/٨/١٧

١٢٥- عدد/٣٣، ١٩٥٩/٨/١٨.

١٢٦- عدد/٣٤، ١٩٥٩/٨/١٩.

١٢٧- عدد/٣٨، ١٩٥٩/٨/٢٤.

١٢٨- عدد/٤٠، ١٩٥٩/٨/٢٦.

١٢٩- عدد/٤١، ١٩٥٩/٨/٢٧.

١٣٠- عدد/٤٢، ١٩٥٩/٨/٢٨.

١٣١- عدد/٤٥، ١٩٥٩/٩/١.

١٣٢- عدد/٤٨، ١٩٥٩/٩/٤.

١٣٣- عدد/٥١، ١٩٥٩/٩/٩.

١٣٤- عدد/٥٣، ١٩٥٩/٩/١١.

١٣٥- عدد/٥٥، ١٩٥٩/٩/١٤.

١٣٦- عدد/٥٦، ١٩٥٩/٩/١٥.

١٣٧- عدد/٥٨، ١٩٥٩/٩/١٨.

١٣٨- عدد/٥٩، ١٩٥٩/٩/٢٠.

١٣٩- عدد/٦١، ١٩٥٩/٩/٢٢.

١٤٠- عدد/ ٢٣٦، ١٩٦٠/٦/١٠

١٤١- عدد/٢٥٠، ١٩٦٠/٦/٢٨

١٤٢- عدد/٢٥٤، ١٩٦٠/٧/٣.

١٤٣- عدد/ ٢٧٠،٢٥ ١٩٦٠/٧/

١٤٤- عدد/٢٧٢، ١٩٦٠/٧/٢٧

١٤٥- عدد/٢٧٣، ١٩٦٠/٧/٢٨

١٤٦- عدد/٢٨٥، ١٩٦٠/٨/١١.

١٤٧- عدد/٢٨٨، ١٩٦٠/٨/١٥.

١٤٨- عدد/ ٢٩٠، ١٩٦٠/٨/١٧.

١٤٩- عدد/ ٢٩١، ١٩٦٠/٨/١٨.

١٥٠- عدد/٢٩٢، ١٩٦٠/٨/١٩.
١٥١- عدد/٢٩٣، ١٩٦٠/٨/٢١.
١٥٢- عدد/ ٢٩٤، ١٩٦٠/٨/٢٢.
١٥٣- عدد/ ٢٩٥، ١٩٦٠/٨/٢٣.
١٥٤- عدد/٢٩٧، ١٩٦٠/٨/٢٥.
١٥٥- عدد/ ٣١٥، ١٩٦٠/٩/١٨.
١٥٦- عدد/٣١٨، ١٩٦٠/٩/٢١.
١٥٧- عدد/٣١٩، ١٩٦٠/٩/٢٢.
١٥٨- عدد/٣٢٢، ١٩٦٠/٩/٢٦.

**انترنیت:**

-www.ahwar.org

## چاوپێکەوتنەکان:

١- ئیسماعیل حوسێن، شەقلاوە، ٢٠١٢/٥/١١ .

٢- عەبدولڕەحمان مەلا حوتان، شەقلاوە، ٢٠١٢/١٠/٢٤.

٣- کەریم شارەزا، هەولێر ١، ٢٠١٣/١/٤.

٤- ئەحمەد دڵزار، هەولێر، ٢٠١٣/١/١٤.

٥- عەباس حوسێن، کەرکووك، ٢٠١٣/٣/٢٢.

٦- باکووری، هەولێر ٢٠١٣/١١/٢٨.

٧- حەمدیە سابیر، هەولێر، ٢٠١٤/٥/١٣.

٨- کەمال غەمبار، هەولێر، ٢٠١٤/٦/١٢.

٩- محەمەدی مەلاکەریم، سلێمانی، ٢٠١٤/٥/٨.

١٠- مومتاز حەیدەری، هەولێر، ٢٠١٤/٤/١٥.

١١- جەمشید حەیدەری، هەولێر، ٢٠١٤/٤/٢١.

١٢- مستەفا ساڵح کەریم سلێمانی، ٢٠١٤/١١/٢٠.

١٣- فەرهاد عەونی، سلێمانی، ٢٠١٤/١١/٢٠.

١٤- محەمەد ساڵح سەعید، سلێمانی ٢٠١٤/١١/٢٢.


١٥- عەبدولکەریم شێخانی، سلێمانی، ٢٠١٧/٢/٢٤.

١٦- کەریم زەند، سلێمانی ٢٠١٧/٢/٢٤.

١٧- د. عزەدین ستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی، ٢٠١٨/٣/١١.

١٨- ع.ع. شەونم، سلێمانی، ٢٠١٨/٧/٣١.

**ئەلبوومی وێنەی**
**ئەندامانی کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە**



ئەحمەد عوسمان



مستەفا نەریمان




نەسرین فەخری




مەسیح ئەسکەندەر



ناجی عەباس



حوسێن ڕەشوانی



تاهیر عەبدوڵلا



مستەفا شەعبان



گیو موکریانی



تاهیر سادق



عوسمان مستەفا



ئیبراهیم باڵدار



مەجید نورەدین


سامیە شاکر



ئەنوەر توفی


محەمەد ئەحمەد قەرەداغی


عوسمان ئیبراهیم


محەمەد عەلی مەحمود


موحەڕەم محەمەدئەمین



محەمەد ڕەشید


پاکیزە رەفیق حلمی


درەخشان عارف


شەوقیە ئەحمەد


نەیلۆڤەر وجدی



خەلیل خۆشناو



بەگۆک عەزیز




محەمەد ساڵح سەعید



شاکر فەتاح




خەیریە نادر



گۆران




ڕەشید محەمەد عەلی



ئەنوەر مایی



سدیق ئەتروشی



دڵزار



جگەر خوێن




ئامینە زێوەر


عەبدوڵڵا شاڵی


عەلائەدین سجادی



نووری ئەمین


حەیدەر عوسمان


عەبدوڵڵا میدیا


عزەدین فەیزی


حوسێن عارف



د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ


کامل بەسیر



مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی


موسی صمد


عەونی



ئیبراهیم رەمەزان



محەمەد تۆفیق وردی




ئیبراهیم ئەحمەد



عەبدولستار کازم



تەها ئەحمەد خۆشناو



مەجید ئاسنگەر




سادق بەهادین



مستەفا سالّح کەریم



ناهده شێخ سەلام




زەکی ئەحمەد هەناری



ئەبوبەکر شێخ جەلال



حەمدیە سابیر



موهیب حەیدەری



کەریم شارەزا



دارا تۆفیق




عەلائەدین مەحمود



عومەر ساقی



سەفا حافز




کةریم زةند




عزەدین مستەفا ڕەسول




یوسف حەداد



مەسعود محەمەد



محەمەدی مەلاکەریم



حەمە ساڵح دیلان



ئیسماعیل حوسێن



عەبدولمەجید لوتفی




نەجیب محیەدین



عەباس حوسێن




سابیر ئیسماعیل



مەعروف خەزنەدار




حەسیب شێخ ئەحمەد



کامەران ئەحمەد موکری



تاهیر ئەحمەد



عەبدولکەریم شێخانی




عەبدوڵلا ڕەزا




فازڵ محەمەد ڕەسول



کەمال عەبدولقادر



جەلال شەریف



فائیق جەمیل




نوری شاوێس



جەمال غەفوور




عەبدوڵڵا زێباری




غەفوور مەلا عەلی




سەفائەدین کاکە شێخ



محەمەد عەزیز فەتاح



جەلال مەحمود عەلی



کەمال غەمبار



محەمەد مەولود (مەم)



کەمال مەزهەر




سالّح قەفتان




موسا خەلیل



سەفائەدین کاکە شێخ




عەبدولقادر بەکر




نەجمەدین موفتی



کەمال جەلال غەریب




پەتروس گۆرگیس



بورهان نەجمەدین



هاشم عەبدوڵلا



ئەنوەر عەلی عەبدولڕەزاق



مەعروف عەبدوڵلا

## ئیندێکسی کەسایەتییەکان


ئـ

ئامینە زێوەر ٥٤

ئامینە محەمەد ٥٥، ١٤٨

ئاوڕەحمان مارف ٦٨٦

ئەبوبـــەکر شــێخ جــەلال ٥٥ ،٢٠٦، ٢٣٦، ٣٧٠

ئەبوزێد سندی ٢٣٤، ٦٨٥

ئەحمەد حەوێز ٥٣، ٢٢٩

ئەحمەد دلْزار ٥٣، ١٤٧، ١٥٠، ٢٣٣، ٣٦٤.

ئەحمەد زرنگ ٣٢٧

ئەحمەد سەعید مەولود ٢٣٠

ئەحمەد عەبدوڵلا ئەلیاس ٢٢٦

ئەحمەد عەبدوڵلا تاهیر ٢٢٦

ئەحمەد عەبدوڵلا محەمەد ٥٧، ٢٢٦

ئەحمەد عوسمان ٥٠، ٢٢٤، ٤١٦

ئەحمەد غەفوور ٤٩، ٥٦٠، ٢٢٢، ٢٢٥

ئەحمەد هەردی ٢٠١، ٢١٢

ئەسعەد حامد ٢٠٤

ئەنوەر تاهیر ٥٢، ٢٢٨، ٢٣٣، ٢٣٦، ٣٠٦

ئەنوەرعەلی ٢٢٩

ئەنوەرمایی ١٥٦، ٣٥٥

ئەمین حاجی سلێمان ٢٢٦

ئەمین عەلی ٢٢٥

ئیبراهیم باڵدار ٥٠، ٦٨١

ئیـــبراهیم ڕەمـــەزان ٤٣، ٤٩، ٥٧، ١٣٨، ٢٢٧، ٣٢٤

ئیـبراهیم ئەحمـەد (بلـە) ٢٦، ٤٨، ٥١، ٦١، ٦٢، ١٥٠، ٢٢٢أ ٢٣٣

ئیحسان عەبدولکەریم ٥٤، ٢٠٢

ئیحسان عەبدولحەمید ٥٦

ئیسلام محەمەد ناسر ٥٧، ٢٠٢

ئیسماعیل حوسێن ٥٤، ١٤٨، ٧٠٢

ئیسماعیل ڕەسول ٢٠٣

ئیسماعیل فەرەج ٢٠٤، ٢١٢

ئیسـماعیل عـارف ٢٣٥، ٢٣٩، ٢٦٨، ٢٨٣، ٣١١، ٤٥٢، ٥٤٩

ب

باکووری ٣٤٣، ٣٩٩، ٧٠٢

باوکی تەنیا ٦٤١

بەگۆك عەزیز ٥٣، ١٤٨، ٢٢٨، ٣١٦

بەشیر موشیر ١١٦، ٤٨٢

بەهجەت سەعید کابان ٢٠٠، ٢٣٠

بەهجەت محەمەد بابان ٢٣٣

بەهجەت مەعروف ٢٣١

بورهان عەبدوڵلا ٢٢٨

بورهان نەجمەددین ٥٢

بێ باك ٥٠٢

پ

پاکیزە ڕەفیق حلمـی ٥١، ١٤٧، ١٩١، ١٩٢، ٤٩٨، ٥١١، ٥١٤، ٥١٥، ٥١٦، ٥١٨

پەترۆس گۆرگیس ٥٢، ٦٨، ٢٢٨

ت

تاهیر تۆفیق ٣٤٣، ٣٩٩

تاهیر سادق ٥٦، ١٤٧، ٢٢٥، ٢٩٠
تاهیر سەعید ٥٣
تاهیر عەبدوڵلا ٥٤
تەقی سەڕاف ٢٣٤
تەها ئەحمەد خۆشناو ٥٤، ١٤٧
تۆفیق شەفیق ٢٠٣
ج
جابر عومەر ٢٩، ١٣٤، ١٨٩
جاسم محەمەد قوتبی ٥٨، ٢٢٤، ١٤١
جەلال سەعید خەیلانی ٢٢٨
جەلال شەریف ٥١، ٢٢٨، ٢٩٥، ٢٩٦، ٤٤٩، ٤٥٠
جەلال عەبدولڕەحمان ٥٦، ١٤٨،
جەلیل عەبدوڵلا ٢٠٢
جەمال ئیبراهیم ٢١٢، ٢٣٠
جەمال جەمیل ٢٢٨
جـــەمال شـــەفیق ٥١، ١٩٠، ١٩٣، ، ٢٣٣، ٢٦٤، ٥٢٠
جەمال محیەدین ٥٢
جــەمیل بەنــدی ڕۆژبــەیانی ٣٥، ٥٦، ١٤٧، ١٥٠، ٥١٢، ٥١٩
جەمیل بەهائەدین ٢٠٤، ٢٢٥
جەمیل ڕەشید العمادی ٢٠٣
جگەر خوێن ٥٠، ٧١، ٧٢، ١٤٧، ١٩١، ٣٩٠، ٥٧٨
جواد رەسول ٥٢
جیهان سەدیق شاوەیس ٢٣٢
ح
حافزی مستەفا قازی ٥٠، ٢٠٥، ٢٣٣
حەسەن سەیوانی ٥١
حەسەن ئەحمەد ٥٣
حەسیب شێخ ئەحمەد ٤٥، ٥٤
حەسیبە ڕوشدی ٢٣٤
حەمە سالّح دیلان ٥٥
حەمدیە سابیر ٥٢، ٦٩، ٧٠، ١٤٨، ٧٠٢
حەیدەر عوسمان ٥٢، ٦٨، ٩٨، ٣٣٠
حەیدەر محەمەد ئەمین ٢٢٨
حوسێن حەسەن عەقراوی ٢٢٦، ٤٠٠
حوسێن ڕەشوانی ١٤٧، ٢٢٩، ٣٩٨
حوسێن عەلی حەسەن ٢٢٦
حوسێن عارف ٥٥، ١٤٧، ٢٣٣، ٣٤٤، ٣٨٤
خ
خالص جواد ٥٢
خالد حەسەن ٥٧، ٢٢٦
خانە ئیسماعیل ٥٣، ١٤٨
خدر حاجی مادۆ ٢٢٧
خەلیل محەمەد خۆشناو ٤٥، ٥٣، ٥٣، ٦٩، ١٠١، ١٢٢، ١٤٨، ١٦٠، ١٦٣، ٢٠٧، ٢٢٨
خەلیل عەبدوڵلا ٥٧، ١٩٤
خەلیل محەمەد عەبدوڵلا ٤٥، ٢٠٠
خەیریە نادر ٥٢، ٢٢٨
د
داود صائغ ٢٧٢
درەخشان عارف ٥٤

ر
ڕەشـید جـەلال ڕۆژبـەیانی ٤٣، ٥٨، ١٤٠، ١٤٧
ڕەشید مەلا عەلی ٢٠٣، ٢٣١
ڕەشید محەمەد کۆیی ٢٢، ٤٩، ١٩٠، ٢٠١، ٥١١
ڕەفیـق حلمـی ٢٢، ٢٩، ٣١، ٣٤، ٣٥، ٤١، ٢٩٦، ٢٩٧، ٣٠٢
ڕەفیق فەتحوڵڵا ٢٠٥، ٢١٢
ڕەمزی قەزاز ٢٠٧، ٣٤٧
ز
زەکی ئەحمەد هەناری ٥٣، ١٤٧، ٢٢٩
زەنون پیریادی ٢٢٦
زەینەلعابدین محەمەد ٢٢٦
زینەت ئەحمەد موختار ٢٢٤
س
سابیر عەبدوڵڵا ٥٣
سابیر ئیسماعیل ٥٣، ٨٤، ٢٢٨
ساڵح قەفتان ٢٣٣
ساڵح. هەژار ٥٩٧، ٦١٦، ٦٩١
سامی حوسێن نازم ٢٠٤، ٢١٢
سامی سەبری سۆرانی ٢٢٧
سـامی عەبـدولڕەحمان ٦٧٦، ٦٧٧، ٦٨٠، ٦٨٣
سامیە شاکر ٥٤، ٢٢٩
سـەدیق ئەتروشـی ٢٩، ٣١، ٣٤، ٤١، ٤٣، ٥١، ٦٤، ١١٨، ١٥٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٣، ٢٩٧، ٣٠٢، ٥١١، ٥٤١، ٥٧١، ٥٧٦
سەدیق سادق ٢٢٨
سەفائەدین کاکە شێخ ٢٣٠
سەعید ناکام ٦٨٤،، ٦٩١
سەلاح سەعدوڵڵا ٢٣٤
سەلمان حاجی عوبێدی ٢٠١
سریە سلێمان ساحێبقڕان ٢٢٤، ٢٩٢
سلێمان حاج العبیدی ٥٧، ٢٢٧
سـادق بەهائـەددین ١٩٠، ٢٠٧، ٢٩٧، ٣٠٢، ٥١٠
ساڵح قەفتان ٢٠٦
ساڵح یوسفی ٣٣٢
سەبری داود ٢٠٦
ش
شـاکر فـەتاح ٥٥، ١٤٧، ١٥٧، ١٥٨، ٢١٢، ٢٣٣، ٢٦٢
شەریف عوسمان ٥٢، ٢٠٦
شـەفیق محەمـەد سـەعدوڵڵا ٢٠٦، ٢٢٧، ٤٠١، ٤٠٦
شەفیق مەحمودخان ٥٨، ١٤٨
شەوقیە ئەحمەد ٥٤، ١٤٧
شەوکەت غەفوور ٥٠، ٢٠٤
شوکر مستەفا ٦٧٩، ٦٨١، ٦٨٥
شوکریە سابیر ٢٠٥
شێروان عەلی ئەمین ٢٠٤

ص

صــفاء الحــافظ ٢٢، ٢١، ٢٣، ٢٤، ٤٠، ٤٨، ١٨٨، ٢٣٤، ٢٤٧، ٢٨٣، ، ٢٥٣، ٦٥٥

ع

ع. تینو ٦٧٠

ع.ع. شەونم ٨٦، ٧٠٢

عادل عەبدوڵڵا ٢٧

عادل مستەفا ٢٠٢

عارف خالد حەسەن ٢٢٧

عبدالاحد مالح ٥٠، ٢٢٥، ٤٤٣

عەباس حوسێن ٥٦، ١٢٢، ٢٢٦، ٧٠٢

عەبدولجەلیل شێخ مستەفا  ٢٢٤

عەبدولڕەحمان ڕەزا ٥٦، ١٤٧، ٢٢٥

عەبدولڕەحمان قاسملۆ ٥٠

عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا عەقراوی ٢٢٧

عەبدولڕەحمان مەلا حوتان ٦٧٢، ٧٠٢

عەبدولڕەزاق ڕەشاد ٢٢٤

عەبدولستار حاجی موسا  ٢٢١

عەبدولستار کازم ١٤١، ٣٠٢، ٦١٧

عەبدولصەمەد ئەحمەد ١٤٣، ٢٠٢

عەبدولقادر محەمەد بەرزنجی  ٢٢٤، ٢٨٥

عەبدولقادر بەکر ٥٣، ٢٢٩

عەبدولقادر قەزاز ٢٠٥

عەبدولقادر قڕگەیی ٥٢

عەبدولقادر مستەفا ٥٥

عەبدولکــەریم شــێخانی ٢٢٢، ٢٣١، ٣٠٤، ٣٨٠،٣٧٥، ٧٠٢

عەبدولکەریم قادر  ٢٠١

عەبدولعەزیز فەوزی  ٥٨

عەبدوڵڵا ئیبراهیم سەراج ٢٠٣

عەبدوڵڵا ڕەزا ٥٤

عەبدوڵڵا زێباری ٤٥، ٥٤،  ١٤٧، ٢٣٢

عەبدوڵڵا شاڵی ٥٥، ١٤٨، ٢٠١، ٢٣١

عەبــدوڵڵا گــۆران ٢٠٢، ٢٣٣، ٢٩٣، ٣٤٣، ٣٤٥، ٣٤٧، ٣٥٤

عەبدوڵڵا عەلی ٢٢٧

عەبدوڵڵا میدیا ٥٥، ١٤٨، ٢٠١، ٢٣٠، ٢٣١

عەبدولمەجید سوڵتان ٣٦

عەبدولمەجید لوتفی ٢٣٤، ٣٧٥

عەبدولمەجید میرزا  ٢٢٧

عەبدولمەجید نورەدین ٢٢٩

عەبدواوەهاب سەراج  ٢٣٢

عەزیز  محەمەد قادر ٣٣، ٢٠٤، ٢٦٤

عەزیز فەوزی ٥٨، ٢٢٤

عەلائــەددین ســجادی ٣٤، ٥١، ١٤٧، ١٥٠، ١٩١، ١٩٦، ٢٣٣، ٣٤٥، ٣٤٦

عەلائەددین مەحموود ٨٧، ٨٨، ٢٤٩

عەلی ئیحسان سابیر  ٢٢٥

عەلی خدر ٢٠٦

عەلی شوکر ٢٧٧

عەونی ٦٧، ١٤٧، ٢٣٣، ٣٤٣، ٣٧٦، ٣٦٩

عزەدین فەیزی ٥١، ١٤٧، ٢٢٩، ٤٣٣

عــزەدین مســتەغا ڕەســول ٥٠، ١٩٠، ١٩٣، ٢٨٩، ٥١٠،  ٦٨٢، ٦٨٨، ٧٠٢

عزیـز الشـیخ ٢٢، ٢٣، ٢٩، ٣١، ٤٩، ١٨٥، ١٨٨
عوسمان ئیبراهیم ٢٢٣، ٢٢٩، ٢٩٤
عوسمان سەعید ٢٠٣
عوسمان عارف ٢٠٣، ٢١٢، ٢٣٠
عوسمان مستەفا ٥١
عومەر جەلال ٣٢٦
عومەر ساقی ٥١، ١٤٧، ٢٢٩
عومەر عارف ٥٦، ٢٢٥
عومەر عەبدولڕەحیم ٥٤، ٢٠٠، ٢١٢، ٢٣١
عومەر كەریم عەزیز ١٩٠، ٢٠١، ٣٠٢، ٥١١
عومەر فەتاح ٢٢٦
عومەر مەحمود دەروێش ٢٠٥
عومەر مستەفا ٢٠٦
عیسا ڕەمزی ٢٢٤، ٢٩٢
عیسـمەت شـەریف ٥٧١، ٥٧٢، ٥٧٥، ٥٧٧، ٥٩٧، ٦١٦

غ

غەفور مەلا عەلی ٢٣٠

ف

فائق جەمیل ٢٠٦، ٢٢٨
فازڵ محەمەد عیرفان ٢٠٧، ٢٣٢
فاتح كەریم ٥٧١، ٥٧٢
فاتیمە عەبدوڵلا ٢٣٠
فەتاح تۆفیق ٥٣
فەخری سابیر ٥٦، ٢٢٥، ٢٩٠
فەرەیدون عەلی ئەمین ١٩٠، ٢٠٠، ٥١١
فـــەرهاد عـــەونی ٦٨، ٣٤٣، ٣٧٦، ٣٧٧، ٧٠٢
فوئاد بابان ٣٣٧
فوئاد تۆفیق ٣٢٩
فوئاد ڕەشید ١٤٧، ٢٣٠، ٢٣٧، ٤٠٥

ق

قادر شۆڕش ٦٨١
قاسم محەمەد ٢٠٥

ك

كازم فەرمان ١٩٣، ٢٩٧
كامەران ئەحمەد ٥٥، ١٥٠
كامل خێرۆ تكریتی ٦٨٠
كامـــل بەصـــیر ٥٥، ٧٩، ١٩٥، ٢٠٢، ٢٣٠، ٣٩٧، ٥٦٤
كاوەیس مستەفا ٥٥
كـــەریم زەنـــد ٥٥، ١٤٧، ٢٠٧، ٢٣١، ٣٤٥، ٣٨٠، ٧٠٢
كەریم سەعید دەولەت ٢٠٤
كەریم محەمەد باراوی ٢٠٦
كـەریم مسـتەفا شـارەزا ٤٤، ٥٣، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٨، ٨١، ١١٤، ١٢٢، ١٤٣، ١٤٧، ٢٢٨، ٣٧٨، ٧٠٢
كەمال ئەحمەد سەعید ٦٦٧، ٦٧٥، ٦٨٧
كەمال جەلال غەریب ٢٣٠، ٦٨٥
كەمال عەبدولقادر ٥١، ١٤٧، ٢٠٠، ٢٢٩
كەمال غەمبار ٥٣، ٦٨٥، ٧٠٢
كەمال مەحمود ٦٨٥

کەمال محیەدین  ۲۳٤، ٦٦٤
کەمال مستەفا ۲۰٤

**گ**

گیـــو موکریـــانی ٥١، ٦١، ٩١، ٩٧، ١٤٣، ١٤٧، ١٥٠، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣، ٢٠٦، ٢٣٣، ٣٧٣

**م**

ماجد عەبدوارەزا  ۲۳٤
مالکۆ زێڕۆ  ١٩٠، ٥١١
مەجید ئاسنگەر ٤٥، ٦٨، ٨٧، ١٨٥، ٢٣١، ٢٣٦، ٣١٢، ٣٣٠، ٣٧٦
مەجید عومەر ٥٢
مەحموود ئەحمەد ٥٥، ٢٠٢، ٢٣٠
مەزهەر حەسەن  ۲۳٤
مەسعود سەعید ٥٧، ٢٠٠، ٢٢٧
مەسعود محەمەد ٥٣، ١٤٣، ٦٨٤، ٦٩٢
مەسیح ئەسکەندەر  ٢٣٠
مەعروف خەزنەدار ٥٦، ١٤٧، ١٩٥
مەعروف عەبدوڵڵا  ٢٠١
مەهدی ناجی زەکوم  ۲۳٤
متی الشیخ ٢٢، ٢٣، ٢٣٤
محەمەد ئەحمەد ٥٤، ٢٢٤، ٢٩٢
محەمەد ئەحمەد قەرەداغی ٤٣، ٥٦، ١٢٦، ٢٢٥
محەمەد تۆفیـق وردی ٧٣، ٢٠١، ٢٠٥، ٢٠٦، ٢٢٤
محەمەد حەسەن بەرزۆ  ۲۳٤
محەمەد حەوێز ٢٢٦، ٤٣٨
محەمەد حەوێزی  ٢٠٥
محەمەد ڕەشـید مـەحموود ٥٤، ١٤٨، ٢٠٣، ٢٣٠
محەمەد ڕەشید مەلا عەلی ٢٠٣
محەمەد ساڵح بابان ٥٠
محەمـەد سـاڵح سـەعید  ١٩، ٢٧، ٢٩، ٣١، ٣٦، ٤٥، ٤٩، ٥٤، ١٢٢، ١٢٣، ١٦٣، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٦، ٢٢٧، ٢٣٠، ٢٣٥، ٣٢٧، ٥٣١، ٦٤٨، ٧٠٢
محەمەد سەعید ئەتروشی ٢٢٧
محەمەد شاتر تورسون  ١٩٥
محەمەد عەزیز  ٤٥
محەمەد عەلی دزەیی ٥٣، ١٤٨
محەمەد عـەلی مـەحموود ٢٧، ٣٦، ٤٥، ٤٩، ٥٤، ١٤٨، ٢٣٠
محەمەد عەلی مستەفا ١٩٣
محەمەد قادر لاجانی  ٦٨١
محەمەد مەلا حەسەن  ٢٠٥
محەمەد مەحموود ٢٧٧
محەمــەد مــەلا کــەریم  ٢٣٣، ٣٩٧، ٦٨٥، ٧٠٢
محەمـەد مـەولود مـەم ٥٢، ٤٩، ١٤٨، ٢٠٤، ٢٣٣
محەمەد نافع عەبدولفەتاح ٢٠٣
محەمەدەمین حەسەن ٢٣٠

محەمەدەمین عەبدوڵلا ٢٢٥
محیەدین عەبدولحەمید ١٨٩، ٢٣٩
مەحمود ئەحمەد ٥٥، ٢٠٢، ٢٣٠
مەحمود شاکر الخالدی ٢٣٤
مستەفا حەسەن شەعبان ٥٢، ١٤٨، ٢٠٧
مستەفا ساڵح کەریم ٢٠٢، ٢٣١، ٣٩٤، ٦٥٤، ٧٠٢
مستەفا سەید ئەحمەد (مستەفا نەریمان) ٥٦، ٢٢٥، ٣٢٠
مستەفا قادر ٥٤
موحەڕەم محەمەدئەمین ٥٥، ٣٩٤، ٤٦٩
موحسین حەسەن ٢٢٤، ٢٩٢
موراد عەزیز ٥٠، ١٩٣، ٢٠٦
موسا جاسم ٥٧، ١٤٨، ٥٤٣
موسا خەلیل ٢٢، ٢٩، ٣٦، ٥١، ١٤٨، ٢٢٨
موسا سەمەد ٤٥، ٥٦، ٢٠٧، ٤٢٩
موعتەسەم عەبدولمەجید ٥٣
ممتاز حەیدەری ٦٧٥، ٦٧٦، ٦٨٨
موهیب حەیدەری ٥٢، ١٠٩

**ن**

ناجی شوکری ٥٤٤
ناجی عەباس ٣٤، ٥١
ناجیە شەریف ٢٢٦
ناهیدە شێخ سەلام ٥٧، ٦٨، ١٤٧، ١٩٣، ٢٢٥، ٢٩٧، ٣٠٢، ٣٩٨
نەجمەدین موفتی ٢٠٤، ٢٢٨، ٢٣٦، ٢٣٩
نەجیب محیەدین ٢٣، ٤١، ٦٤، ٩١، ٩٧
نەسرین ساڵح زەکی ٢٣٢
نەسرین فەخری ٥٠، ١٤٧، ١٩٥، ٦٨٥
نەشئەت محەمەد صەفوەت ٢٠٣، ٣٤٣
نەوزاد نووری ٢٣٤، ٢٧٥
نەیلۆڤەر وجدی ٥٢
نووری عەبدوڵلا ٢٢٩
نووری عەلی ئەمین ٥٥، ١٤٧، ٢٠٢، ٢٢٥، ٢٩٧، ٣٠٢، ٦٨٦

**ه**

هاوار ٥٠٧
هەژار ٢٨٠
هێمن ٥٥٦

**و**

واحید مەرجان ٣٩٩

**ی**

یەحیا مەرجان ٣٩٩
یاسین عەباس ٢٢٧
یوسف حەداد ٢٣٤، ٣١٨
یونس تۆفیق ٢٠٣